# ڕامان


95


- گۆران بە مرای نەمری.................. عەتا قەرەداغی
- فانتازیای داخراو........... تەها ئەحمەد ڕەسوڵ
- چاوپێکەوتنێکی گۆران لەگەڵ هونەرمەند (ریا ئەحمەد)
- دیدانەیەک لەگەڵ چیرۆکنووس (عەتای نەهایی)..........
- دیاردەی نیوەڕووناکبیری.................. بەرز قادر
- گۆران بەدوای ناسنامەی ڕۆشنبیریدا... ئازاد عەبدولواحید
- ڕەوەندی مارکس و ململانێی نەتەوەکان.. یوسف عوسمان حەمەد
- با مێژووی کورد بە ڕاستی بنووسرێتەوە.... ئەحمەد شەریفی



گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ڕامان دەری دەکات



تابلۆ: تیێپۆلۆ - ئەمریکا

RAMAN

April ,2005

Issue, No.95

# رامان

**95**


گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە
بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات
خوولی دووەم - ساڵی نۆیەم
نیسان/ **2005**

**خاوەنی ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**داڕێژەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیڤ و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

**ناونیشان**
هەولێر - تەنیشت سینەما سەلاحەدین

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی**
www.raman-media.net

**تەلەفۆنی گۆڤاری ڕامان**
٢٢٣٠٥٨٢

**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر**
٤٤٩٤٦٦٢
٢٢٢٨٥٠٦

**چاپ**
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

**نرخ**
(٧٥٠) دینار

## ناوەرۆک


• **پێڕست** 2

• **سەروتار**

– کەی مەڵبەندێ بۆ پاراستنی کەلەپووری بەڵگەنامەیی دەکرێتەوە........ سەرنووسەر 3

• **لێکۆڵینەوە**

– گەڕان بە دوای نەمری و تەسکبوونەوەی ڕووبەری مەرگ........ عەتا قەرەداغی 4

– فانتازیای داخراو (ڕەخنە لە چیرۆکی کوردی دوای ڕاپەڕین)........ تەها ئەحمەد ڕەسووڵ 17

– تەکنیکا ڤەگێڕانێ د کورتە چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا........ نەفیسا ئیسماعیل 23

– سروش وەرگرتن لە ئاگری نەورۆز........ کەریم شارەزا 37

• **دەق و ڕەخنە**

– دەقی شیعری: ئەی ڕەقیب (دڵدار)........ ڕەخنە و خوێندنەوەی: نەجات حەمید ئەحمەد 42

• **چاوپێکەوتن**

– چاوپێکەوتنێکی فراوان لەگەڵ هونەرمەند (وریا ئەحمەد)........ ئا: ئازاد عەبدولواحید 46

• **دیمانە**

– دیمانەیەک لەگەڵ چیرۆکنووس (عەتای نەهایی)........ ئا: سلێمان دڵسۆز 66

• **وتار**

– دیاردەی بێڕووناکبیری........ سەرۆ قادر 74

– گەڕان بەدوای ناسنامەی ڕۆشنبیریماندا........ ئازاد عەبدولواحید 77

• **تۆمار**

– ژاک دریدا.. نووسین، جیاوازی، جێکەوت........ ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل 81

– هەندێ لە زاراوەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی........ ئا: سالار مەلا محەمەد گەلالی 100

– دریدا فەیلەسووفی هەڵوەشاندنەوە........ جەمال پیرە 106

– ژاک دریدا: کرۆنۆلۆژیا و بیبلۆگرافیا........ و/ لە ئینگلیزییەوە: کاوە شێروانی 109

• **ڕۆژنامەگەری**

– ڕۆڵی گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری) لە خزمەتکردنی ئەدەبی کوردیدا........ ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا 114

• **فەلسەفە**

– لە پەراوێزی فەلسەفە و لاهووتی مەسیحی........ د. حەمید عەزیز 126

• **کۆمەڵناسی**

– بواری ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی........ و/ دیار عەزیز شەریف 135

• **دەروونزانی**

– ڕووخانی باوک و ململانێی نەوەکان........ یووسف عوسمان حەمەد 141

• **هزر**

– کورتەیەک لە مێژووی هزری ڕامیاری لە سەردەمی ڕێنیسانسدا........ و/ لە فارسییەوە: ئازاد وەڵەدبەگی 145

• **شیعر**

– بریقەی زیوێک........ کەریم دەشتی 151

– لاوێک بە مریشکەوە........ عەباس عەبدوڵلا یووسف 153

– ئەو کوکوختیانەی بوون بە بەفر........ زانا خەلیل 154

– فریشتەکانی بەفر........ عوسمان هەورامی 155

• **چیرۆک**

– ڕۆژە ڕەش........ حوسێن شێربەگی 156

– پارک........ سەلام مەنمی 162

• **چیرۆکی بیانی**

– ڕوخسارمانگ........ و/ لە سویدییەوە: حەکیم کاکەوەیس 165

• **شانۆ**

– پرسیار لە ماهیەتی شانۆی کوردی........ گۆران عەلی کەریم 169

• **شێوەکاری**

– ڕەنگە ئاوییەکانی ئوسمان قادر........ حەمە هاشم 175

• **بەدواداچوون**

– با مێژووی کورد بە ڕاستی بنووسرێتەوە........ ئەحمەد شەریفی 178

• **کتێب**

– یۆکۆ.. فرستادەی مەلەکووتی بەفر و ئەڤین و جوانییە........ لێدوانی هاشم سەڕاج 184

– عەلی فەتاح دزەیی شاعیر و نووسەر و تێکۆشەر........ لێدوانی: جەلال سنجاوی 190

• **تیراژ**........ 193

• **دواپەنجەرە**

– ئەنتی شیعر؟........ د. موحسین ئەحمەد عومەر 208

## لە پەراوێزی کولتوورەوە

# کەی مەڵبەندێ بۆ پاراستنی کەلەپووری بەڵگەنامەیی دادەمەزرێ؟

**سەرنووسەر**

* به درێژایی مێژوو کەلەپووری بەڵگەنامەیی ئێمە تووشی فەوتان و زیانی گەورە هاتووە، چەند کوردستان وێران و خاپوور کراوە و سیاسەتی ئاگر و ئاسنی لەگەڵ بەکارهاتووە، ئەوەندە پتر ئەو کەلەپوورە زیانی بەرکەوتووە، ئەوەی دوژمنانمان بەو بەڵگەنامانەیان کردووە لەولا بوەستێ، خۆشمان لەبەر کزی و نەبوونی هۆشیاری پێویست لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا لە دوژمنەکانمان خراپترمان بەو کەلەپوورە کردووە.

* کەلەپووری بەڵگەنامەیی (دۆکیومێنت)، سامانێکی نەتەوەیی- زانستی بایەخدارە، کە بە بەشێکی زیندووی مێژووی هەر میللەتێک دەژمێردرێ، بۆیە میللەتانی دنیا لە زووەوە گرنگییان بەو کەلەپوورە داوە کە وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە نووسینی مێژووی خۆیاندا سوودی لێوەردەگرن. ئەم سوود وەرگرتنەش هەر بە تەنیا بواری مێژوویی ناگرێتەوە، بگرە لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریشدا ناکرێ پشتگوێ بخرێ، بۆیە هەرچەند باسکاران و لێتوێژەرەوەکان پشتی پێ ببەستن، ئەوەندە زیاتر باوەڕ و متمانە بۆ بیرورا و بۆچوونەکانیان بەدەست دەهێنن و هێز و قووڵبوونەوەی زیاتر بە باس و لێکۆڵینەوەکانیان دەبەخشێ.

* پێشینانی ئێمە شارستانییەتی خۆیان لەسەر بەرد پاراست، پاشان بە چەند قۆناغێک خستیانە سەر کاغەز. بە پێشکەوتنی ژیانی ئادەمیزاد بووە خاوەنی کتێبخانە، بەڵام ئەو کتێبخانەیەش هەموو شتێ نییە، چونکە هەندێ جار چەند دێڕێک لەسەر کوتە کاغەزێک تۆمار دەکرێ کە لەناو دووتوێی کتێبان جێگەی بۆ نەکراوەتەوە، بۆیە لەناو ڕەفە و خانەکانی کتێبخانەکاندا خنکاوە و تەپوتۆزی لەسەر نیشتووە، یان هەندێ جار خراوەتە ناو دۆسیەیەکەوە و دانراوە و فەرامۆش کراوە، کە لەوانەیە ئەو چەند دێڕە باری بابەتێک لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دی بگۆڕێ، یان ببێتە هۆی پشت ڕاستکردنەوەی بیروڕایەکی مێژوویی، یان تیۆری، یان بە درۆخستنەوەی بیروڕایەکی جێگیر و چەسپاو، ئەمەیە گرنگی بەڵگەنامە.

* بەداخەوە لەناو توێژی نووسەران و ڕووناکبیرانیشمان زۆر کەم بایەخ بە (بەڵگەنامە) دراوە و تەنانەت گرنگی بە نامەی نێوان نووسەران خۆشیان نادەن، لەلایەن زۆر لە بنەماڵەی زانایان و نووسەران و سیاسەتوانە بەنێوبانگەکان، کەسوکاریان دەستنووس و بەڵگەنامە و وێنە و نامە و بەجێماوەکانیان لە بەین براون و فەوتاوە و بە هۆی کزی و نەبوونی هۆشیاریی پێویست لەدەستیان داون و گرنگییان پێیان نەداوە.

* بۆ پاراستن و هەڵگرتنی بەڵگەنامە و وێنەی کۆن و ڕاپۆرتی بیانییەکان لە بارەی شوێنەوار و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییمان، دەبێ سوود لە هەر ڕێگە و شێوازێکی نوێ وەربگیرێ، هەرچەندە هەر داوودەزگا و وڵاتێک بۆ ئەو مەبەستە سیستمی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام دەبێ ئێمە سوود لە هەموویان وەربگرین، تا بتوانین ئەو بڕە بەڵگەنامەیەی ماومانە بەشێوەیەکی زانستیانە بیانپارێزین و بیانکەین بە ژمارە و بیانخەینە ناو ئامێرەکانی هەڵگرتنەوە، تا لەکاتی پێویستدا بە خێرایی بدۆزرێنەوە و سوودیان لێوەربگیرێ.

* لەبەر گرنگی و بایەخی (بەڵگەنامە- دۆکیومێنت)، دەبینین لە هەموو وڵاتانی دنیا مەڵبەندێک، سەنتەرێک بۆ پاراستن و پۆلێن کردنی داندراوە، بەتایبەتیش بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارەکان تەنیا بەڕێوەبەرایەتی و دەزگای (شوێنەواران) نابێ، بەڵکو (شوێنەوار) و (کەلەپوور) یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتییە، چونکە کارەکانیان تەواوکەری یەکدین و بە تەنیا کاری کنە و پشکنینی شوێنەوارەکان نییە، بگرە زۆر ئەرکی دیکە دێنە پێشەوە کە زۆر جێگەی بایەخ پێدانی زانایان و باسکار و لێتوێژەرەوەکانە.

* ئەو مەڵبەندەی بەڵگەنامەکان کە دەزگایەکی سەربەخۆیە، یان لەگەڵ (شوێنەوارەکان) دەبێ، کارمەندانی دەکەونە خۆیان بۆ کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەنووسین سەبارەت بەو بەڵگەنامە دێرین و مێژووییانە کە بەڵگەنامەکان دەکرێنە دوو بەش:

أ- بەڵگەنامەی زانستی.

ب- بەڵگەنامەی کارگێڕی.

ئەوانیش دەبێ سەرپەرشتی لەسەر ئەو لیژنە و بەش و هۆبانەدا بکەن کە لە هەموو شار و شارۆچکە و فەرمانگەکاندا دادەنرێن. تا ئەوانیش لەلای خۆیانەوە سەروکاری سەرجەم بەڵگەنامەکانی شارەکە و بەڵگەنامەکانی فەرمانگەکان و بەڵگەنامە کارگێڕییەکانیان بکەن بۆ جیاکردنەوەی ئەو نووسراوانەی دەچنە خانەی (بەڵگەنامە)وە، لەگەڵ ئەوانەی پێویستە لەناوببرێن. پاشان گرنگ و بەکەڵکەکان بە (مایکرۆفیلم) وێنە دەگیرێن.

* ئەوانەی لەناو دامودەزگا و دائیرەکان بۆ ئەو لیژنانە دادەنرێن، دەبێ کەسانی شارەزا و لێوەشاوەبن، تا بە وردی ئەرکەکەیان جێبەجێ بکەن، چونکە بە تەنیا دانانی کەسانی دڵسۆز بۆ ئەو کارە بەس نییە، بگرە بوونی هوشیاریی ئەرک و کارەکەیان زۆر گرنگە تا نرخ و بەهای بەڵگەنامەکان تێبگەن و دەست نیشانیان بکەن، بۆیە خراپ نییە ئەگەر سوود لە توانای نووسەران و داوودەزگا کولتوورییەکان وەربگیرێ.

نووسراو و بەڵگەنامەی هەر دائیرە و دامودەزگایەک مێژووی ئەو دائیرەیە نیشان دەدات، دوای ساڵانێک ئەو مێژووە دەگێڕێتەوە، هەروەها بەشێکیشە لە کەلەپووری بەڵگەنامەیی وڵاتێک، لەناوبردنی نەزانانەی ئەو کەلەپوورە، لەناوبردنی ئەو مێژووەیە، لەبەر ئەوە نابێ ئەو داوودەزگا و دائیرانە کۆنی و تێپەڕینی ساڵانی زۆر بەسەر نووسراوەکانیان وایان لێبکات لەناویان ببەن، چونکە لەناو ئەوانەدا هەیە زۆر گرنگە و بە تێپەڕبوونی ساڵان بەڵگەنامەکەی گرنگتر کردووە.

* لە ڕاستیدا دروست کردنی سەنتەرێک بەس نییە تا لە پاراستنی ئەو بەڵگەنامانە دڵنیابین، چونکە لە ڕووی زانستییەوە ڕاست نییە ئەو بەڵگەنامانە لە یەک شوێندا کۆبکرێنەوە، بگرە دەبێ لە هەر شارێ لقێکی هەبێ و ئەو بەڵگەنامانەش فۆتۆیان لەبەر بگیرێنەوە و لەسەر مایکرۆفیلم وێنەیان بگیرێ و لە هەموویاندا دانەیەکیان لەوێ دابنرێن باشە، تا لە مەترسی سووتان و لەناوچوون بە هەر هۆیەکەوە بێ دوور بکەونەوە، سەنتەرە سەرەکییەکەش سەرپەرشتی ئیشوکاری هەر هەموویان بکات، هەروەها دەبێتە هۆی کارئاسانی بۆ باسکاران تا لە گرفتی هاتوچۆ ڕزگاریان بێ.

* ئەرشیف و پاراستنی بەڵگەنامە هونەری شارستانییەتە، بۆ پاراستنی کەلەپووری نووسراوی میللەتێک و ئامادەکردنی تێزی زانستی، ئەکادیمی، ئەم کارەش بەهۆی ئەرشیف کردن و پاراستنی بەڵگەنامەکانەوە ئامادە دەکرێن و دەپارێزرێن. پێشکەوتنەکانی ئەو سەردەمە بۆ پاراستنی بەڵگەنامە و ئەو کاغەزانە تا بە زووترین کات بخرێنە بەردەستی باسکار و لێتوێژەرەوەکانەوە، ئەمڕۆکە بە هۆی خزمەتگوزارییەکانی کۆمپیوتەرەوە زۆر ئاسان بووە کە بەرزترین شێوەی بیرکردنەوەی ئادەمیزادە لە بواری تەکنۆلۆژیای هاوچەرخدا.

* جارێ تا ئەو ڕۆژەی ئەو سەنتەرە دروست دەکرێ بۆ کۆکردنەوەی «بەڵگەنامە»کان پێویستە لە بەرزترین دەسەڵاتی ئیدارییەوە کە (ئەنجوومەنی وەزیران)ـە تەعمیمێک بۆ هەموو وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی دامودەزگایەکانی سەر بە ئەنجوومەن بنێردرێ بۆ دەستکاری نەکردنی بەڵگەنامەی کارگێڕی ئەو شوێنانە، تا ئەو کاتەی لە هەر دائیرەیەک لیژنەیەکی تایبەتمەند بۆ جیاکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە دادەنرێ، پێش لەناوبردنیان.

* دەبێ لە بەشی شوێنەوار بێ، یان پەیمانگای هونەری/ بەشی ڕۆژنامەگەری قوتابیان ئەو لایەنە گرنگە بخوێنن، یان لە داهاتوودا بەشێکی سەربەخۆ و تایبەت بە (بەڵگەنامەکان) بکرێتەوە.

* پێویستە لە هاوینان خولی تایبەت بۆ قوتابیان بکرێتەوە تا لە گرنگی (بەڵگەنامەکان) تێبگەن، هەروەها لە فەرمانگەکانیشدا خولی تایبەت بکرێتەوە بۆ هوشیاریی زیاتر و هەناردنە دەرەوەی هەندێک لە بەتواناکانیان تا سوودی گەورەتر بەو بوارە بگەیەنن، بۆ ئەوەی ئەو پسپۆڕانە لە داهاتوودا لەو زانستەدا قاڵتر بکات تا دەوری شارستانێتی خۆیان ببینن.

* دەبێ بڵاوکراوەیەک- گۆڤارێکی تایبەت بۆ بایەخدانی زیاتر بە بەڵگەنامەی مێژوویی هەبێ کە زۆر خزمەتی مێژووی دێرین و شوێنەوارەکانمان دەکات، ئەمەش بە بەرزکردنەوەی هۆشیاری و بڵاوکردنەوەی ئەو دۆکیومێنت و ڕاپۆرتانەی لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئێمەوە نووسراون، بەتایبەتی لە بارەی شوێنەوارەوە کە بیانییەکان نووسیویانە.

* سەرەڕای بایەخدان بە گرنگی بەڵگەنامە، هەوڵیش بدرێ بۆ پێشکەش کردنی زانیاری پێویست بۆ هەر باسکار و لێتوێژەرەوەیەک کە لەکایەی شوێنەوار و مێژوودا کار دەکات، بە تایبەتی قوتابیانی دکتۆرا و ماستەر، کە باشترین شێوازیش بۆ هەڵگرتنی لە باری بەڵگەنامەکان پشت بەستنە بە (مایکرۆفیلم) بۆ پاراستنی زانیاری و بەڵگەنامەکان.

* لە کۆتاییدا دەڵێم: دامەزراندنی مەڵبەندی پاراستنی بەڵگەنامەکان پرۆژەیەکە قابیلی دواخستن و پشتگوێ خران نییە، دەبێ ئەو بایەخە شایانەی پێبدرێ، وەک ئەوەی لە هەموو دنیای ئەمڕۆدا پێی دەدرێ.. دروست کردنی ئەو مەڵبەندە بە کارێکی مێژوویی دەزانم بۆ ئەوەی ڕێگایەکی شارستانیی لە بە ئەرشیفکردنی بەڵگەنامەکانمان بگرینە بەر کە لەمڕۆکەدا نەک هەر لەسەر ئاستی وڵاتێک و میللەتێکدا گرنگی خۆی دەرخستووە، بگرە لە هەر فەرمانگە و دامودەزگایەکیشدا ڕۆڵی خۆی لە ڕێکوپێک خستنی دۆسییەکاندا هەیە، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە لە ماڵەوە کتێبخانەی تایبەتی خۆیان هەیە تا بتوانن نامە و دەستنووس و بەڵگەنامە و کتێبەکانیان بە ڕێگایەکی زانستی و لە ڕێگەی ئەرشیفێکی پێشکەوتووەوە بپارێزرێن.

# گەڕان بەدوای نەمری و تەسکبوونەوەی ڕووبەری مەرگ لە شیعری «نیاز»ی گۆراندا

عەتا قەرەداخی
(سلێمانی)

-١-

(نیاز) ناونیشانی شیعرێکی گۆرانە. لە ڕاستیدا (نیاز) بە مانای «مەبەست» یان «ئامانج» دێت، بەڵام کاتێ بۆ نێو جوگرافیای دەقەکە شۆڕ دەبینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە «نیاز» بە مانای «داواکاری» یان «تکا» یان جۆرێک لە پاڕانەوە بەکارهاتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمان لای گۆران لە ڕوانگەی هەڵگرتنی ماناوە پێناسە دەکرێت.

«داواکاری» یان «تکا» کە لەگەڵ خۆیدا شێوازی بنیادی پێکهێنەری دەقەکەش پێشکەش دەکات، سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە دوو ئاست یان دوو پلە لە دەقەکەدا ئامادەن. یەکەمیان ئاستی «تکا» کارە و دووەمیش ئاستی «تکا» لێکراوە. تاکو ئێستا سەرچاوەی تکاکردن، یان پاڵنەری تکاکردن لە دەستپێکی دەقەکەدا ئاشکرا نییە، هەرچەندە دواتر لە سنووری دەقەکەدا شوناسی تکاکار و شوناسی تکا لێکراو دەردەکەون، کە لەو ئاقارەشدا مەسەلەی دەسەڵات دێتە ئاراوە، دەسەڵاتێک کە لە ئاستی نادیاردا پیادە دەکرێت، بەڵام ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا کەسێتی تکاکار کە لێرەدا وەکو کەسێتی شاعیر دەردەکەوێت چی وای لێدەکات کە بگاتە ئاستی تکاکردن؟ ئایا کەسێتی تکالێکراو ئەو پێگە و زەمینە مادی و مەعنەوییەی هەیە کە تکای لێبکرێت؟ یان ئایا دەتوانێت وەڵامی تکاکردنەکە بداتەوە وەکو بکەرێک و لەبەرامبەر ئەوی تکا لێکراودا ببێتە بکەری ڕووداو دروستکەر؟ ئایا پێوەندیی نێوان تکاکار و تکالێکراو لە سنووری دەقەکەدا چ جیهانبینییەک بەرهەم دەهێنێت؟ ئایا ڕێکخستنی کات لە ڕابردووی بەردەوامەوە بۆ ئێستا و بۆ ئایندەش لە سنووری دەقەکەدا و لە ڕوانگەی ئەو ڕستانەوە کە ئەوی تکاکار دەریان دەبڕێت چ دەلالەتێکی هەیە و چ پێوەندییەکی بە مێژووی ئەو کەسێتییەوە هەیە و چی دەلالەتێکی هەیە و چ پێوەندییەکی بەمێژووی ئەو کەسێتییەوە هەیە و چی لەسەر ڕابردووی و ئێستا و داهاتووی دەخاتە ڕوو؟

-٢-

کەسی تکاکەر کە خودی شاعیرە لە دەقەکەدا ڕابردووی خۆی دەگێڕێتەوە، کە لەو گێڕانەوەیەشدا لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆمەڵێ ڕەگەزی سروشت و کۆمەڵێ پێکهاتەی دروستکراوی مرۆڤ خۆیەوە هەوڵدەدات باری ڕاستی خۆی نیشان بدات. گۆران هەر لە دەستپێکی


گۆران

دەقەکەوە خۆی دەشوبهێنێت بە سروشت و توخمەکانی و لە ڕێگای وەسفکردنی خۆیەوە وەکو سروشت بە توخمە جۆراوجۆرەکانیەوە بوون و ماهیەتی خۆی لە سنووری تەسکی تاکەکەسی خۆیەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاستێکی فراوانتر کە سروشتە. ئەمەش وای لێدەکات کە سەرجەم توخم و ڕەگەزەکانی سروشت وەکو بەشێک لە خۆی ببینێت و سەیر بکات. گۆران لەوەش بە ئاگایە کە توخم و ڕەگەزەکانی سروشتیش هەمان شێوەی پێکهاتە و بنیاد و ڕەگەزەکانی زیندەوەر بە مرۆڤیشەوە ملکەچی یەک جۆر یاسان کە ئەویش یاسای دروستبوون و گەشەکردن و پێگەیشتن و بەرەو کۆتایی هاتنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێت گۆڕانکاری لەو سووڕە سروشتییەدا بکات کە ئەوەش بۆ خۆی کارکردنە لە دەرەوەی دیالکتیکی بوون و گۆڕان.

**سەردەمێک بوو دنیای گیانم تاریک و چۆڵ بوو،**
**کام (بەڕۆچکە)ی گەرمە دڵم چەشنی سەهۆڵ بوو،**
**قەریحەم وشک، تەبیعەتم زەرد و ژاکاو بوو!**
**زەردەخەنەم ئاخی سەرلێو، فرمێسکی چاو بوو**

گۆران دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی و بە وردی ئامادەبوونی خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە ئاشکرا دەکات و لەوە دەدوێت کە چەند ڕابردوویەکی تاریک و بێ تروسکە و بێ هیوایی بووە. گۆران لە ئێستادا هەست دەکات چۆن لە ڕابردوودا بۆ سەردەمێک لە ڕووی ڕۆحییەوە مردوو و بێ جووڵە بووە، ئەو لە دەستپێکی شیعرەکەیدا دوانەیەک لەنێوان دنیای ڕۆح و دنیای فیزیکی خۆیدا دروست دەکات. ئەم دووانەیەش لە ئەزموونی شیعریی گۆراندا ئامادەبوونێکی بەردەوامی هەیە کە تایبەتمەندیی کەسێتییەکی شیزۆفرینی دەخاتە ڕوو، کەسێتییەک کە بە ئاشکرا هەست بە دابەشبوونی خۆی بۆ دوو دنیا دەکات، دنیای ڕۆح و دنیای فیزیک واتە جەستە. لە ئەزموونی شیعریی ئەم شاعیرەشدا هەمیشە ئاخاوتن لە بارەی دنیای ڕۆحەوە دەکەوێتە پێش ئاخاوتن لە بارەی دنیای فیزیکییەوە. دەشێ لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات ئایا پێشخستنی دنیای ڕۆح لای گۆران چ دەلالەتێک هەڵدەگرێت و چ لێکدانەوەیەکی بۆ دەکرێت؟

دنیای ڕۆحی گۆران بۆ سەردەمێک تاریک و چۆڵ بووە. بە واتا لە پانتایی ڕۆحی ئەودا زیندەگانی و چالاکی نەبووە، ڕۆح تەنیا و نامۆ بوو، مادەم وەها پێناسە دەکرێت کە دنیای ئەو چۆڵ بووە، مەبەست لە چۆڵ بوون بێ هاودەمی و بێکەسی دەنوێنێ کە لە ئاستێکی تردا دەتوانین بڵێین ئەگەر تاریکی و چۆڵی ڕۆح وەکو دالێک سەیر بکەین ئەو مەدلولی تەنیایی و بێکەسی و بێ هاودەمی بێ هاوڕازی هەڵدەگرێت. ئەمەش خاسیەتێکی دیاری شیعری گۆرانە، واتە تەنیا و گۆشەگیری وەکو دوو ڕەگەزی شیعری ڕۆمانسی هەمیشە لای گۆران ئامادەبوونیان هەیە. ئەم دوو حاڵەتەش تەنیا لە سنووری دنیای ڕۆحدا باس دەکرێن و بەرجەستە دەکرێن. بۆیە گۆران لەم شیعرەدا هەر لە دەستپێکەوە کە وەسفی دنیای ڕۆحیی خۆی دەکات دەیەوێت زەمینە بۆ وەسفێکی هەمەلایەنەی ڕەگەزەکانی ئەو دنیایە ئامادەبکات ئەویش بە مەبەستی سەلماندن و بە تەواوەتی بەرجەستەکردنی باری ڕۆحی خۆی، لە ڕاستیشدا ئەو ڕەگەزانەی کە ئەو وەکو ڕەگەزەکانی نێو پانتایی ڕۆحی خۆی باسیان لێوە دەکات و دەیاندوێنێ و وەسفیان دەکات بە گشتی ڕەگەز و توخمە ئامادەکانی نێو سروشتن، کەواتە لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە گۆران یان دەیەوێت لێکچوون لەنێوان پانتایی ڕۆحی خۆیی و سروشتدا بکات یان ئەو دنیا ڕۆحییەی کە ئەو لێی دەدوێت بۆ خۆی بریتییە لە سروشت بە هەموو ڕەگەزەکانیەوە. ئەگەر مەبەست لێکچوون دروستکردن بێت لەنێوان خۆی و سروشتدا ئەوا ئەوەمان بۆ

دەردەکەوێت کە گۆران خۆی وەکو هاوشێوەی سروشت سەیر دەکات. سروشتی دەوڵەمەند بە هەموو هاوشێوەی سروشت سەیر دەکات. سروشی دەوڵەمەند بە هەموو ڕەگەز و توخمەکانییەوە. سروشتی یاخی و ڕکێف نەکراو و تاکو ئێستا ئاشکرا نەکراو. یان ئەگەر مەبەستی لە دنیای ڕۆحیی خۆی ڕاستەوخۆ سروشت بێت ئەوا لەمەشیاندا مەبەست ئەوەیە کە گۆران بە ئەندازەی گەورەیی و جوانی و سادەیی و هارمۆنیایی بوونی سروشت خۆی وەکو سروشت بە گەورە و جوان و گونجاو دەبینێت، بەواتا ئەگەر گۆران لێکچوون لە نێوان دنیای ڕۆحیی خۆی و سروشتدا بکات، یان دنیای ڕۆحیی ئەو سروشت بێت لە هەردوو بارەکەدا شوناسی «ڕۆح»ی خۆی لەبارێکی زاتییەوە دەگوازێتەوە بۆ بارێکی مەوزوعی و لە حاڵەتی مرۆیی ئامادە بۆ لە نێوچوون و ونبوونەوە دەگوازێتەوە بۆ حاڵەتی سروشتی نەمر و هەمیشە لە گۆڕان و هەمیشە لەبەردەم زیندووبوونەوەدا. بەمانایەکی دی مەدلوولی قووڵی هاوشێوەکردن لەنێوان ڕۆح و سروشتدا بەخشینی تایبەتمەندیی نەمرییە بەو ڕۆحە، هەمان شێوەی سروشت کە لە گۆڕانی بەردەوام و زیندووبوونەوە و نوێبوونەوەی بەردەوامدایە. بە مانایەکی دی لەو هاوشێوەکردنەی نێوان ڕۆح و سروشتدا ڕووبەری نێوان مردن و ژیان تەسک دەبێتەوە، ڕووبەری مردن ئەوەندە تەسک دەبێتەوە کە ژیان لە ئەگەری ئەوەدایە کۆنترۆڵی هەموو ئەو پانتاییە بکات، بەڵام گۆران پێش ئەوەی بمانگەیەنێت بەو دەرئەنجامە وەسفێکی ورد و هەمەلایەنەی ڕەگەز و توخمەکانی نێو پانتایی ڕۆحی خۆی دەکات کە وەسفکردنەکەی هیچ جیاواز نییە لەوەی کە وەسفی خودی سروشت و توخم و ڕەگەزەکانی بکات، بەڵام وەسفکردنی دنیای ڕۆحیی ئەو بەپێی کاتی شکست و مردنی توخم و ڕەگەزەکانی نێو سروشت، لە وەسفکردنی سروشت دەچێت، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێت ئەوەیە سەرباری وێرانەیی و پڕ لە مەرگەساتیی دنیای ڕۆحیی ئەو هێشتا بکەرێک ماوەتەوە کە وەسفی ئەو کارەساتە دەکات، دیارە ئەو بکەرەش خودی «ڕۆح»ە کە ناشێت بمرێت، یان «ئەو»ی خاوەنی ڕۆحەکەیە کە زاتی شاعیر دەکات. هەرچەندە دەشێ لە ڕووی دەروونییەوە ئەم ئاستەی لێکدانەوە بە ئاقاری «من و بەرزەمن و ئید»دا ببرێت.

گۆران لەپاڵ هێنانی ناوی «گیان»دا ناوی «دڵ»یش دێنێتە پێشەوە کە مەبەست لەوەش ئامادەکردنی دنیای ڕۆح و دنیای فیزیکییە پێکەوە. واتە ئەم دوانەیە، ئەو بنیادە ئامادەیەن کە نەک تەنیا ئەم شیعرەی گۆران بەڵکو بەشێکی زۆر لە شیعری گۆرانیان لەسەر بنیادنراوە، بەڵام گۆران نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیانەی مارکسیزمەوە بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆح کە «بوون» لە دەرەوەی ئەو هیچ پێناسەیەکی نییە، بەڵکو لە ئاستێکی قووڵتردا لە پێوەندی دیالیکتیکانەی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە دەدوێت و هەریەکەشیان بەلای ئەوەوە دنیایەکی ئاڵۆز و پڕ لە نهێنییە واتە دنیای ڕۆح و دنیای جەستە.

-٣-

پێشتر گوتمان گۆران بۆ وەسفی ڕابردووی خۆی دەگەڕێتەوە و بە درێژی وەسفی ئەو ڕابردووە دەکات. لە وەسفکردنەکەیدا وەها وەسفی خۆی دەکات کە ئەم بریتی بێت لە سروشت. لە سەرجەمی وەسف کردنەکانیدا ئەو ڕەگەز و توخمانەی دەیانهێنێ و لێیان دەدوێت زیاتر ڕەگەز و توخمەکانی سروشتن کە لە باری ئاسایی خۆیاندا وەسفیان ناکات، بەڵکو بە گشتی لە باری نائاسایی و پڕ لە کەموکورتی و ناجۆریدا لێیان دەدوێت، بەو مەبەستەی کە فەزایەک ئامادە بکات تاریکی و چۆڵیی دنیای «گیان»ی لێ بەرهەم بێت. ئەمەش ئەوە بەرجەستە دەکات کە لای گۆران دەق بنیادێکی یەکگرتووە و سەرجەم توخم و ڕەگەزەکانی بنیادنانی ئەو دەقە پێکەوە بۆ بەرهەمهێنانی فەزای دەق و بۆ بەرهەمهێنانی مانا و جیهانبینی دەق کاردەکەن، بەڵام لای گۆران وەسفکردن ڕووبەرێکی فراوان داگیر دەکات و لە پێناوی بەرهەمهێنانی فەزا یان مانا و دەلالەتێکدا چەندین توخم و ڕەگەزی بەرهەمهێنانی شیعر دێنێتە نێو بنیادی دەقەکەیەوە کە بە گشتی ئەو ڕەگەز و توخمانەش لە سروشت و لە خودی مرۆڤ خۆیەوە وەردەگرێت و ئەم دوو ئاستەش بوونەتە پێکهێنەری بنیادی گشتی دەقی گۆران واتە دوانەی مرۆڤ و سروشت ئەو دوانە سەرەکییەیە کە گۆران لە ئەزموونی شیعریی خۆیدا کاری لەسەر کردوون و زیاتریش لە نێوان ئەم دوانەیەدا لێکچوون یان هاوشێوەبوون نیشان دەدات کە ئەوەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە مرۆڤ و سروشت پێکەوە بوون و مانایان هەیە و هارمۆنیای گەردوونیش لە پێکەوە بوونی ئەو دوانە و پێکەوە گونجانیان بەرهەم دێت.

گۆران ناتوانێت دنیای گیان و دنیای فیزیکی لێکتر جیابکاتەوە، ئەوەتا لە کاتێکدا دنیای گیان تاریک و چۆڵ دەبێت. دنیای «دڵ» بێ گەرمی و بێ هیواو بێ جووڵە دەبێت تا ئەو ڕادەیەی کە کام جێگای دڵ

گەرمترینە وەکو سەهۆڵی لێدێت. کەواتە مرۆڤ لە روانینی گۆرانەوە سەرباری ئەوەی لە دوو ئاستی جیاوازی «رۆح»ی و «فیزیک»ی پێکهاتووە و هەریەکەش لەو دوو ئاستە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام تەواوکەری یەکترین و هیچیان بێ ئەوی تریان بوونی نییە. ئەم پێکەوە بەستن و کارکردنەی دنیای گیان و جەستە (رۆح و فیزیک) لە سنووری شیعری گۆراندا لەگەڵ شێوازی بەرهەمهێنانی دەقدا هاوشێوەیە، هەرچۆن سەرجەم رەگەزەکانی دنیای گیان و جەستە پێکەوە کاردەکەن و پەیوەستن بۆ بەرهەمهێنانی ئەوەی پێی دەگوترێت ژیان، بە هەمان شێوە پێکهاتە و توخم و رەگەزەکانی شیعر پێکەوە بۆ بەرهەمهێنانی مانا و دەلالەت و جیهانبینی کاردەکەن کە کۆکردنەوەی زمان و جیهانبینیش پێکەوە شیعریەتی دەقەکە پێکدێنن کە لە ئاستێکی تردا دەتوانین بڵێین داهێنان بەرهەم دێنن. ئەگەر سەرنجی دەقی داهێنەرانەی گۆران بدەین لە راستیدا وا دەردەکەوێت کە جۆرە ئەفراندنێکە هەمان شێوەی ئەفراندنی ژیان، یان گەردوون بە گشتی و هەمیشەش لە شیعری گۆراندا لە سەرووی قسەکردن لە دنیای گیان و لە دنیای فیزیکییەوە کەسێک وەکو چاودێر راوەستاوە، ئەویش کەسی خوڵقێنەرە و دەوری خواوەند لە دروستکردنی گەردووندا دەبینێ کە لێرەدا خودی گۆرانی شاعیرە کە بەرهەمهێنی دەقەکانیەتی.

-٤-

گۆران لەسەر وەسفکردنی رابردووی خۆی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**سەردەمێک بوو بێ نەغمە بوو باغچەی ژیانم**
**بێ ورتە بوو ناو هێلانەی بولبولەکانم**
**لەرەی دەنگی شادمانی و نەشئەم خنکابوو**
**شەپۆلی بای بەهرە و جۆشم مەنگ راوەستابوو**
**تەلی عوود و کەمانم پس، کونی شمشاڵم**
**بەسرابوو وەک گرێی دڵ و زمانی لاڵم!**

دنیای رابردووی ئەو دنیایەکی خامۆش بووە، نە گۆرانی، نە دەنگ نە چالاکی، نە زیندەگانی، هیچی تێدانەبووە، بەڵکو دنیایەکی کپ و مات و خامۆش بووە، دنیایەک لە وێرانە. ئەوەش وای کردووە کە بای بەهرەی راوەستێت، گۆران بەم جۆرە وەسفی رابردووی خۆی دەکات کە تێیدا کەسێتییەکمان پێشکەش دەکات کە کەسێتییەکی نائەکتیڤ و ناکردەیە و دوورە لەوەی ببێتە بکەری رووداو دروستکەر، ئەم کەسێتییە هەمیشە لە حاڵەتی موناجاتی دەروونیدایە و لەبەر ئەوەی توانای رووداو دروستکردنی نییە دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو، بەڵام لە سنووری ئەم دەقەی گۆراندا رابردووش جۆرێکە لە وێرانە. ئەوەی ئەو باسی دەکات و وەکو تراژیدیایەک بەرجەستەی دەکات، رابردووە. بە مانایەکی دی گۆران لە کاتی هەستکردن بە شکستی ئێستایدا وای لێنەهاتووە بگەڕێتەوە بۆ رابردووی پیرۆز، یان رابردوو پیرۆز بکات، نەخێر بە پێچەوانەوە ئەو دێت بێ ئەوەی لە ئاستی گوتراودا شتێکی ئەوتۆ لەسەر ئێستای خۆی بڵێت دەگەڕێتەوە بۆ قسەکردن لەسەر رابردووی تێکشکاوی خۆی.

بێگومان لێرەدا جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان گۆران و کەسێتیی باوی کوردیدا دروست دەبێت. کەسێتیی کوردی کەسێتییەکە هەمیشە لەسەر بە پیرۆز سەیرکردن و پیرۆزکردنی رابردوو دەژی، لەکاتێکدا ئەوە ئاشکرایە کە بە گوێرەی کورد هەرگیز رابردووی پیرۆزی نەبووە، بەڵام هەستکردن بە شکست لە ئێستادا و نەتوانینی گۆڕانکاری دروستکردن لە ئێستا وا لەو کەسێتییە دەکات بگەڕێتەوە بۆ رابردوو، لەوێڕا بەدوای ئامادەبووندا بگەڕێت کە لە راستیشدا ئامادەبوونی نەبووە لە رابردوودا، چونکە ئامادەبوون لەسەر بنەمای بەرهەم هێنانی شارستانی پێناسە دەکرێت، لەو روانگەیەوە رابردووی کورد جۆرێکە لە وێرانە. کەواتە گەڕانەوەی گۆران بۆ وەسفکردنی رابردووی خۆی ئەگەر بە گوێرەی کەسێتی ئەو وەکو «تاک» جۆرێک لە راستی تێدا بێت، ئەوە گەڕانەوەکەی ئەگەر لە ئاستێکی تردا لێکی بدەینەوە- کە ئاستی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگا و نەتەوەیە بێت کە گۆران ئەندامێکە لێی- ئەوە گەڕانەوەکەی گەڕانەوەیەکی واقیعیانە و دەربڕینێکی راستگۆیانەیە لە باری کۆمەڵایەتی ئێمە لە رابردوودا.

ئەگەر وای نیشان بدەین کە ئەو دنیای گیان و دنیای جەستەیەی کە گۆران لە دەقەکەدا بەتاریک و چۆڵ و بێ تروسکە و بێ گەرمی نیشانی دەدات و سەرجەم ناکارایی و نا کردەیی و دوور لە چالاکی توخمەکانی سروشت ئەو دنیایەیان بەرجەستە کردووە و کە ئەوەش رابردووی ئێمە بێت ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هۆی ئامادەنەبوونی ئێمە لە رابردوودا بریتی بووە لەو ناکارایی و ناکردەییەی کە تاکو ئێستا و بۆ ئایندەش کاریگەری و ئاسەوارەکانی بەردەوامە. واتە نا کاریگەری و نا ئەکتیڤیی توخمەکانی سروشت کە ئەوی شاعیر لە هاوشێوەکردندا وەکو توخم و

ڕەگەزەکانی پێکهێنەری خۆی سەیریان دەکات. بە مانایەکی تر کاتێ گۆران دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو باسی شکست و نائامادەبوونی خۆی دەکات، مەبەستی خودی خۆی نییە وەکو زاتی گۆران، بەڵکو مەبەستی دەرخستنی مێژوویەکە کە ئەو بەشێکە لێی، بەواتا گۆران لە دواندنی مەسەلەی زاتی خۆیشیدا هێشتا مەبەستیەتی بارێکی گشتیتر بەرجەستە بکات و پانتاییەکی فراوانتر بدوێنێ کە پانتایی مێژوو و ئامادەبوونی کۆمەڵگایە.

**لەرەی دەنگی شادمانی و نەشئەم خنکابوو**
**شەپۆلی بای بەهرە و جۆشم مەنگ ڕاوەستابوو!**

گۆران وێنەی ڕابردوویەکمان بۆ دەکێشێت کە شادمانی تێدا نەبووە و نەشئەی تێدا خنکاوە، لە پشتی ئەم ڕوانینەوە وەستانی مێژوو ئامادەیە، مێژوویەک کە سیمای گۆڕانکاری پێوە دیار نییە. مێژوویەک کە پاڵنەری داهێنان و بەهرە تیایدا وەستاوە. ئەگەر لەسەر ئاستی خودی گۆران لێکدانەوەی ئەم بۆچوونە بکەین ئەوە دەشێ بڵێین گۆران گوزارشتی باری تایبەتی ژیانی خۆی دەکات کە لە شادمانی و نەشئە بێبەش و ڕووتکراوە بووە، کە دەشێ هەر ئەوەش هۆکارێکی سەرەکی گەڕانی بەردەوامی گۆران بوو بێت بەدوای یەقیندا. یەقینی دۆزینەوەی وێنە ونبووەکان کە پێشتر ئێمە بەوێنەی باوک و وێنەی ئافرەت لێکمان داوەتەوە و بێ ئومێدبوون لە دۆزینەوەی ئەو دوو وێنەیە گۆرانی خستۆتە سەر گەڕان بەدوای ئەلتەرنایتیڤی ئەو وێنانەدا کە ئەویش لە سروشت و پاشانیش لە یەقینی ئایدیۆلۆژیادا بەرجەستەبووە.

ئەگەر لە سنووری خودی گۆرانیش وەکو زات بچینە دەرەوە و لەسەر ئاستێکی گشتیتر لێکدانەوەی ئەم بۆچوونە بکەین ئەوا لە ژیاندا بەگشتی یان بەلایەنی کەمەوە لەو کۆمەڵگایەی کە گۆرانی تێدا دەژی شادمانی و نەشئە و بەهرەی داهێنان نادیار و کوژراون. لە کاتێ کە پاڵنەری شادمانی و داهێنان بکوژرێت یان بمرێت یان لە بنەڕەتدا بوونی نەبێت ئەوا ئاخاوتن لەسەر دروست کردن و بنیادنان شتێکە لە سنووری وەهم و خەیاڵدایە، ئەگەر داهێنان بریتی بێت لە بنیادنان و بەرهەمهێنانی ئەو ڕەگەزانەی کە شوناسنامەیان لەسەر بەدەست دێت و ئامادەبوونیان لەسەر فەراهەم دەکرێت ئەوا لەو زەمینەیەی کە گۆران بەرجەستەی دەکات پانتاییەک بۆ بەرهەمهێنانی ڕەگەزەکانی خۆ سەلماندنی تێدا ئامادە نییە، ئەوەش وادەکات کە بکەری خاوەن شوناس بەو مانایەی کە بکەری ڕووداو دروستکەربێت دروست نەبووە یان دەرنەکەوتووە. هەربۆیە شەپۆلی بای بەهرەی گۆران وەستاوە، دەشێ لێرەدا گۆران هەست بەوە بکات کە داهێنان و بەرهەمهێنانی شیعری بە ئاسانی فەراهەم نابێت. یان بەهەرەی داهێنان مۆتیڤ و پاڵنەری خۆسەلماندن و بەرهەمهێنانی شارستانی بێت و ئەو هەست بە قەیران و نەبوونی ئەو پاڵنەرە بکات.

**تەلی عوود و کەمانم پس، کونی شمشاڵم**
**بەسرابوو وەک گرێی دڵ و زمانی لاڵم!**

گۆران خۆی دەشوبهێنێ بە عود و کەمان و شمشاڵ واتە خۆی دەشوبهێنێ بە ئامرازەکانی مۆسیقا، بەلام کۆمەڵە ئامرازێک کە هیچیان ئاواز بەرهەم ناهێنن لەبەر پسانی تەلی عوود و کەمان و گیرانی کونی شمشاڵ، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەوی شاعیر وەکو خودێکی ناکارا خۆی نیشان دەدات خودێک کە نەیتوانیوە ببێتە بکەرێکی بەرهەمهێن. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ترەوە بڕوانین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوی بکەری شیعرەکە دەنگ بەرهەم ناهێنێت، بەرهەم نەهێنانی دەنگ بەڵگەی نەبوونی کەسێتییەکە کە گوزارشت لە بوونی خۆی بکات، دیارە سەرباری ئەوەی کە دەنگ بەرهەم نایەت بەپێی ئەو وەسفەی کە لە سنووری بنیادی دەقەکەدا بۆ کەسایەتیی ئەو دەکرێت، ئەوی شاعیر بێدەنگی ئامرازە مۆسیقییەکان دەشوبهێنێ بە زمانی لاڵی خۆی، ئەمەش بەشێوەیەکی ئاشکراتر باری سروشتی ئەو دەردەخات کە کەسێتییەکە نەیتوانیوە دەنگ بەرهەم بهێنێت، کاتێک دەنگ یان باشتر بڵێین زمان تایبەتمەندیی زمانی هەیە کە هەڵگری مانا بێت، کاتێکیش مانا دەناسرێت کە گوێگر یان وەرگر هەبێت. ئەو زمانەی کە لە سنووری دەقەکەدا بەرهەم هاتووە هەر لەو سنوورەدا ماوەتەوە و نەیتوانیوە مانا و دەلالات و جیهانبینی دەقەکە بگوازێتەوە بۆ ئەوی وەرگر یان خوێنەر. دەشێ وەهاش لێکبدرێتەوە کە ئەوی وەرگر یان خوێنەر ئامادەبوونی نەبووە هەر لەبەر ئەوەش زمان دەوری خۆی نەبینیوە لە دروستکردنی پێوەندی لەنێوان بەرهەمهێن و وەرگردا.

دەشێ لە سنووری دەقەکەدا زمان ئەرکی زمانی بینیبێت و هەڵگری «مانا»ش بووبێت، بەلام نەیتوانیبێت پانتاییەکی فراوانتر کۆنترۆڵ بکات و دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت، ئەمەش زیاتر لە گواستنەوەی ئەم لێکدانەوەیەوە بۆ واقیعی دەرەوەی دەقەکە ئاشکرا دەبێت. ئەگەر مەبەست لە منی شاعیر منی نەتەوەبێت و

زمانیش زمانی کوردی بێت، ئەوا لە دەرەوەی جوگرافیای منی کورد ئەم زمانە بوونی نییە، بەو مانایەی کە ئەم زمانە نەبۆتە هەڵگری مانا و ڕوانین و بۆچوون و دیدی کورد بۆ ئەوانی تر، واتە زمانی کوردی لە دەرەوەی جوگرافیای خودی کورد و کەسێتیی کوردی خۆی نەیتوانیوە ببێتە ئامرازی نمایش کردنی کەسێتی کوردی، واتە زمانی کوردی نەبۆتە دەنگێک کە لەدەرەوەی سەرچاوەی بەرهەمهێنانیدا کەس بیبیستێت، هەربۆیە ناشێت خاسێتی دەنگی هەبێت. دیارە ئەوەش بەندە بە ئاستی ئامادەبوونی کولتووری و شارستانێتی و مێژوویی بەرهەمهێنی ئەو دەنگەوە. کەسێتییەک ئەگەر نەتوانێت لەسەر بنەمای ئامادەبوون و خۆ سەلماندن ئەوی دی ناچار بکات بۆ ئەوەی بیناسێت و گوێی لێبگرێت ئەوە مانای وایە بوونی ئەو کەسێتییە مانایەکی ئەوتۆی نابێت. نزمی دەنگی ئەوی بکەری شیعرەکە تەنیا گوزارشتکردن نییە لە خودی کەسێتی ئەو، بەڵکو گوزارشت کردن و بەرجەستەکردنی کەسێتی نەتەوەیی ئەوە لە مێژوودا، نەبوونی دەنگ مانای لاوازی ئاستی ئامادەبوونە.

گۆران لەسەر وەسفکردنی ڕابردووی خۆی بەردەوام دەبێت و لە ڕێگای ئەو وەسفکردنەشەوە زیاتر بوونی خۆی لە ڕابردوودا ئاشکرا دەکات و شوناسی خۆی دەخاتەڕوو وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد بە گشتی گۆران وەسفی ڕابردووی خۆی وەکو سروشت دەکات بە مانایەکی دی ئەوەی دەدوێت لەوە دەچێت سروشت بێت، ئەمەش زەمینەی هاوشێوەکردنی لە شیعرەکەدا بەهێز کردووە.

**سەردەمێک بوو: نەتریفەی مانگی هاوینم**
**نە گزنگی هەتاوی سەر لووتکەی بەفرینم**
**نە لەرزینی چینی سەر ڕووی گۆماوی شینم،**
**نە بریقەی دووری چەمی پاش زۆر بارینم،**
**نە ورشەی گیای مێرگی سەوزی دەمەو بەهارم**
**نە شنەی بای دارستانی چڕی نزارم...**
**چەشنی جاران دای ئەخورپان ناخی دەروونم**
**ئەیهێنایە سەر هەڵقوڵێن سەرچاوەی ڕوونم!**

ئەگەر سەرنج بدەین توخمێک یان ڕەگەزێک نامێنێتەوە لە ڕابردووی ئەودا لە باری سروشتی و ئاسایی خۆیدا بووبێت. نە تریفەی مانگ، نە گزنگی هەتاو نە بریقەی چەمی پاش باران، نە ورشەی گیای دەمەو بەهار. نە شنەی بای دارستانی چڕ... هیچ کام لەمانە لە باری ئاسایی خۆیاندا نەبوون و وەکو خۆیان

دەرنەکەوتوون و نەجوولاون. لێرەدا ئەگەر ئەو وەسفەی گۆران بۆ سروشتی دەکات مەبەست خودی سروشت خۆی بوایە ئەوا دەشیا وای لێکبدەینەوە کە باری ڕوانینی گۆران نائاسایی بووە و ئاستی بیستن و بینین و چێژوەرگرتنی شێواوە بۆیە سروشتی وەها بینیوە، یان دەشیا وای لێکبدەینەوە کە هارمۆنیای سروشت تێکچووە و هیچ کام لە توخم و ڕەگەز و پێکهاتەکانی لە باری ئاسایی خۆیاندا دەرناکەون و کارناکەن.

بەڵام وەک دەزانین ئەوەی وەسف دەکرێت خودی شاعیرە نەک سروشت، بەڵام لە هاوشێوەکردندا ئەم خۆی خستۆتە شوێنی سروشت و ئەو ڕەگەز و توخم و پێکهاتانەی سروشت هەموویان ڕەگەز و توخم و پێکهاتەی ئەمی شاعیرن. بەمانایەکی دی گۆران لە بری ئەوەی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ بکات وەکو لە شیعری ڕۆمانسیدا باوە، لە ڕێگای دواندنی سروشتەوە باری دەروونی کۆمەڵایەتی و ئەنتۆلۆژی خۆی نیشان دەدات، بەم کارەیەش لە رووکەشدا وای دەردەخات کە لەبری زاتی خۆی لە مەسەلەی مەوزوعی دەدوێت، یان لە بری زات مەوزوع دەدوێنێت، دەشێ وەهاشی لێکبدەینەوە کە ئەوی شاعیر لە حاڵەتی بڵندبوون (تسامی) دایە و خۆی لێ بۆتە سروشت و هەموو ڕەگەز و پێکهاتەکانی سروشتیش وەکو بەشێک لە خۆی سەیر دەکات و دەبینێت.

هەموو ئەم توخم و ڕەگەزانەی پێکهێنەری ئەو کە لە باری ئاسایی خۆیاندا نەماون و توانای بەرهەمهێنان و کارکردن و چالاکی ئاسایی خۆیانیان لە دەست داوە لە ئاکامدا بوونەتە هۆی وشکبوونەوە و بێ بەرهەمیی ئەو. ئەم ڕەگەز و پێکهاتانە ئەوسا دایان دەخورپان و ناخی دەروونی ئەو و سەرچاوەی ڕوونی ناخی ئەویان دەهێنایە سەر هەڵقوڵین. گۆران مەسەلەی بەرهەمهێنان کە دەشێ بەرهەمهێنانی شیعر بێت یان لە ئاستی قووڵتردا بەرهەمهێنانی «بوون» بێت دەبەستێتەوە بە کۆمەڵێک هۆکار و بنەمای مادیانەوە، چۆن لە سروشتدا باران بارین لە ئەنجامی هەڵمی دەریاکان و دروست بوونی هەور و نزم بوونەوەی پلەی گەرمیدا دروست دەبێت و بارینی بارانیش بەسەر زەویدا کانی و سەرچاوەکان دەژێنێتەوە، هەمان شێوە وەسفی هەڵقوڵینی ناخی خۆی دەکات، بە واتا دەیەوێت بڵێت بەبێ کارکردنی هەموو توخم و ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعر ناتوانرێت، شیعر بەرهەم بهێنرێت، هەروەک ئەمەش لە ئاستێکی قووڵتردا ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە بەبێ کارکردن و چالاکی نواندنی هەموو توخم و ڕەگەزەکانی بوون ناشێت

«بوون»ی خاوەن مانا پێکبێت، هەروەک بەبێ بوون و کارکردنی سەرجەم توخم و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی سروشتی ناشێت شارستانێتی و ئامادەبوون بەرهەم بێت.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ترەوە بڕوانین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت ئەوی شاعیر لە ئێستادا پەی بە شکست و ئامادەنەبوون و وشک بوونەوە و تێکشکاندنی خۆی دەبات لە ڕابردوودا، ئەمەش حاڵەتێکە پێچەوانەی کەسێتی کوردییە لە مێژوودا. گۆران بێ ترس و بە ڕاستگۆیانە لە ڕابردووی خۆی دەدوێت. ڕابردوویەک کە وەکو وێرانە دەیخاتە ڕوو، ئەو وێرانی و شکست و تێکشکاندنەش ناخاتە ئەستۆی کەسی تر، بەڵکو هۆی سەرەکی بۆ کارنەکردن و لاوازی و ناکردەیی ڕەگەز و توخم و پێکهاتەکانی خۆی دەگێڕێتەوە. بە مانایەکی دی ئەو پێمان دەڵێت هۆی شکست و نائامادەبوون و تێکشکانی ڕابردوو پێوەندی بەخۆیەوە هەیە، کە ئەمەش پێچەوانەی ڕوانینی باوی ئێمەیە لە دەرەوەی دەقەکەدا، ئێمە لەسەر پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسی و کولتووری خۆمان هەموو هۆکارەکانی تێکشکاندن و شکست هێنان و نائامادەبوون و لەدەستدانی ناسنامەمان دەخەینە ئەستۆی ئەوانی تر، بە واتا لە بری خۆمان خەڵکی تر دەکەینە بەرپرسیاری ئەو شکستانەمان، بەڵام ئەوی شاعیر بەرجەستەی پێچەوانەی ئەم ڕوانینە باوەی ئێمە دەکات و دەڵێت هەموو هۆکارەکانی شکستی پێکهاتەیەک لە بوون و قەوارەی ئەو پێکهاتەیە خۆیدان.

گۆران لێرەدا دوو ڕوانینی گرنگمان بۆ بەرجەستە دەکات: یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو لە باس کردنی ڕابردووی شکست و نائامادەی خۆی ناترسێت و ئازارەکانی ئەو شکستە لە یادەوەریدا زیندوو دەکاتەوە بە مەبەستی گۆڕینیان بۆ پاڵنەر و جووڵێنەری خۆ دروستکردنەوە و خۆ بنیادنانەوە.

دووەم ئەو ڕوانینە پووچ دەکاتەوە کە ئێمە خاوەنی ڕابردووی زێڕین و پیرۆزین و خاوەنی بوون و شارستانێت بووین و ئەوانی دی بوون و ڕابردووی زێڕینی ئێمەیان ڕووخاندووە. کە ئەم دوو ڕوانینەش ڕوانینی کەسێکە کە بڕوای بە واقیعی ئامادەبوون و خۆسەلماندن هەیە نەک ئەفسانەی بوون. بە مانایەکی تر گۆران سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە ئەوی نەتوانێت بە واقیعانە ڕابردووی خۆی بخوێنێتەوە و هەموو شکست و برینەکانی خۆی دەستنیشان بکات ناتوانێت لە ئێستادا بنیادی خۆ دروستکردنەوە و خۆبنیادنانەوە و بە دەست هێنانی ناسنامە بکاتە پرۆژەی خۆی.

**سەردەمێک بوو، سەردەمێکی دوور و درێژ بوو،**
**نوێنی ئارام بۆ من لەسەر چەرپایەی لێژبوو،**
**نە خەوم خەو، نە خەیاڵم وەک خەیاڵ وابوو،**
**هەستیم وێنەی ئۆقیانووسی ژێر ڕەشەبابوو،**
**لەشم بێ هێز، گیانم بێزار، دڵم غەمگین بوو،**
**هیوام تاریک، مەیتی عەشقم تابووتی ژین بوو،**
**ناهومێد بووم، وام ئەزانی دەردێکە کاری**
**بەرەو پیری چوون هێناویە دیاری هێجگاری!**

گۆران باسی سەردەمێکی  دوور و درێژ لە مێژووی خۆی دەکات، دیارە تەمەنی گۆران بۆ خۆی تەمەنێکی کورت بووە، هەرچەندە ئەوە ئاشکرایە کە بۆ کوێرەوەری زەمەن چەند کورت بێ، درێژە و نابڕێتەوە، بە پێچەوانەشەوە بۆ بەختەوەری تەمەن زۆر کورتە. بۆ گۆران سەردەمێکی دوور و درێژ بووە کە نوێنی ئارام لەسەر چەرپایەی لێژبووە، هەڵبەت ئەگەر ئاگاداری ژیانی گۆران بین ئەوا دەزانین کە ژیانێکی سەخت و دژوار ژیاوە و کەمتر جێگیری و حەوانەوە و ئاسوودەیی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش دەشێ وای لێکردبێت کە لە ڕووی دەروونیشەوە لە بارێکی شلۆق و ناجێگیردا بێت، ئەمە سەرباری ئەوەی کە مرۆڤی داهێنەر بە سروشتی مرۆڤێکی ناجێگیر و پڕ لە نیگەرانی و پڕ لە پەشێوییە و هەمیشە لە تێڕامان و جووڵەدایە و کەمتر ئارامی بەخۆیەوە دەبینێ. بۆ مرۆڤی داهێنەر سەقامگیری نییە. سەقامگیری ئەو چرکە دەروونیانەیە کە لە پشتی دەلالات و جیهانبینی بەرهەمەکانیەوە حەشار دراون، نابنە زەمەنێکی مێژوویی ناسراو و پێناسەکراو. هەر ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی ئەوی شاعیر هەست بکات ئارامترین بارێک کە ئەوی تێدایە بریتییە لە بارێکی شلۆق و لێژ و ناجێگیر. لێرەدا ئەوەی گۆران گوزارشتی لێدەکات باری دەروونی و ڕۆحیی کەسی داهێنەرە کە ئەوەش دەربڕینێکی ڕاستەقینەی کەسێتی گۆرانە وەکو شاعیر.

هەر ئەو بارە شلۆق و ناجێگیرە دەبێتە هۆی ون کردنی ناسنامەی شتەکان یان بە جۆرێکی دی لە ڕوانینی کەسی نیگەران و هەستکەر بە ناسەقامگیری و ناجێگیرییەوە گەوهەری شتەکان وەکو خۆیان یان وەکو ئەوەی هەن دەرناکەون. خەون خاسیەتی خەو لەدەست دەدات، خەیاڵ شوناسی خەیاڵی نابێت، هەستیش دەشێوێ و دەورووژێ وەک ئۆقیانووسی ژێر ڕەشەبا. تاکو ئێستا شاعیر وەسفی

ڕابردووی خـۆی دەکـات، بەڵام لەوە دەچێت سـروشت بدوێنێت و وەسـفی سروشت بکات ئەویش لە بنیـادی هاوشێوەکردندا، هاوشێوەکردن لەنێوان خودی شاعیر و سروشتدا.

ئەگەر یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی شیـعر خەیاڵ بێت، ئەوا گـۆران لە ڕێگای وەسفکردنی خـەیاڵی خۆیەوە، نائاسایی بوونی ئەو ڕەگـەزە دەخـاتە بەردەم پرسـیـارەوە، هەر لێـرەشـەوە ئەو لێکدانەوەیە سەرهەڵدەدات ئایا گۆران بە مەودا و کارکردنی خەیاڵی خـۆی لە پرۆسـەی داهێنان و بەرهەمـهێنانی دەقـەکـانی نارازییە و ئەوەش دەگێڕێتەوە بۆ باری نائاسایی خەیاڵی خۆی. یان لە ئاستـێکی تردا خـەیاڵ سـەرچاوەی هەمـوو بنیادنان و داهێنانێکە و بەو پێیەش ئەگەر لێکدانەوەمان لە زاتی گـۆران و خـەیاڵ داهێنانیـەوە بگوازینەوە بۆ سـەر ئاستی کۆمەڵایەتی و خەیاڵی کۆمەڵایەتی و لەوێشەوە بۆ تێـڕامـانی کـۆمـەڵایەتی و بنیـادنانی پرۆژەی داهێنان و بنیادنان کە مەبەست لەوەش بەرهەمهێنانی شارستانیەت و دەسـتـەبەرکـردنی شـوناسـە کە ناڕاسـتـەوخـۆ خـەیاڵ ڕەگـەزێکی سـەرەکـیـیـانە، ئەوا ئەوە ئاشکرا دەبێت کـە نائاسـایی بوونی خـەیاڵی کـۆمـەڵایەتی کـوردی و بەو پێـیـەش لاوازی ڕووبەری یادەوەری کـۆمـەڵایەتی بۆ تۆمـارکـردن و لەوێشـەوە بە پەیبـردن بە هۆکـارەکـانی نائاساییکردنی خەیاڵ و ئاستی تێڕامـان و بیرکـردنەوە هۆیەکی دیاری ناکارایی و لاوازی ئاستی بەرهەمهێنانی بوون و شـارسـتـانیـیـەت بووە لەو سـەردەمـەدا کـە ئەوی شاعیر وەکو سەردەمی شکست و نائامادەبوون وەسفی دەکات.

گـۆران لەسـەر وەسـفکردنی خـۆی بەردەوام دەبێت و بەگـشـتی لاوازی و ناکـارایی بوونی خـۆی لە ڕێگای وەسفکردنی بەش و ئەندامەکـانیـەوە دەخـاتە ڕوو، لەشی بێ هێز و گیانی بێزار و دڵی غەمگین و هیوای تاریک و مەیتی عەشق بەگشتی پێکهاتەیەک پێشکەش دەکەن کە لە بەردەمی مەرگدا ڕاوەسـتاوە و پێوەندییەکی ئەوتۆی بەژیانەوە نەماوە. ئەمە وەسفی ئەوی شاعیـرە بۆ خودی خۆی، بەڵام تاکو ئێستا لەو هۆکارانە نادوێت کە ئەویان گـەیاندووە بەم حـاڵەتە، بۆیە لێـرەدا ئەو پرسـیـارە سەرهەڵدەدات ئایا لە ڕاستیدا هۆکاری ئاشکرا هەیە بۆ ئەوەی ئەوی شـاعـیر بگەیەنێـتە ئەو ئاسـتـەی بەو جـۆرە وەسفی خـۆی بکات یان ئەو هەست بە شکست کـردنەی ئەو حاڵەتێکی دەروونییە و هۆی ئاشکرای نییە، یان لە شێوەیەکی تردا ئەوە باری ئاسایی کـەسی داهێنەرە وەک کـەسێکی هۆشیـار و لە هەمـوو سـاتێکدا هەست دەکـات دەستەوەستان و ناکارایە لەبەردەمی ژیان و کێشەکانیدا، یان لە بارێکی تردا ئەم بەرجەستەکردنەی گۆران بەرهەمی ملمـلانێی ڕاسـتـەوخـۆی ترسـە لە پیـربوون و بەرەو مـردن چوون، بە مـــانایەکی دی ملمــــلانێی توندوتیـــژ و ڕاسـتـەوخـۆی ژیان ویسـتی و ژیان دۆسـتـیـیـە لەگـەڵ مـەسـەلەی مـردندا، واتە ملمـلانێی نێـوان ئیـرۆس و تاناتۆس.

**ناهومێدبووم، وام ئەزانی دەردێکە کاری،**
**بەرەو پیری چوون هێناوییە دیاری هێجگاری!**

چەمکی نائومێد بوون بە گشتی لە ئەزموونی شیعری گـۆراندا چەمکێکە ئامـادەبوونی نیـیـە، ئەو وەکـو شاعیرێک لە گەڕانی هەمیشەییدایە بەدوای یەقیندا، لە ون کـردنی هەر وێنەیەکـدا بەدوای وێنەی جـێگرەوەیدا دەگەڕێت. لە ون کردنی وێنەی باوکدا بە دوای سۆزێکی جێگرەوەدا دەگەڕێت و ئەو سۆزەش لە قۆناغی یەکەمدا لە جوانی ئافـرەتدا دەبینێـتـەوە، کـاتێ ناگـات بە ئاسـتی تێربوون و قایل بوون لە جوانی ئافرەت کە ڕەنگە ئەوەش لە ژن هێنانیـدا دەربکەوێت، بە دوای جێگرەوەیەکی تردا دەگەڕێت و لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ سروشت بۆ لای جوانی لەبن نەهاتووی سروشت، هەرکە ڕۆحی پڕ لە جووڵەی ئەو لە جـوانیـەکـانی سـروشت و لە ئیـسـتـاتێکای سـروشت مـــەست نابێت و ناســرەوێت ڕوودەکـــاتە یەقـــینی ئایدیۆلۆژیا، تەنانەت یەقینی ئایدیۆلۆژیاش ناتوانێت بە ئاسانی کۆنترۆڵی ڕۆحی زیندووی ئەو بکات و لە گەڕانی بخات و بە حەقیقەتی مەرگ قایلی بکات، چونکە ئەو پێی وایە مەرگی «زات» حەقیقەتێکە جەمسەری دووەمی ژیانە و لە پشـــتی هەر مـــەرگـــێکەوە بۆ زاتی زیندوو ئامـادەبوونێکی مـێـژوویی هەیە و بەجێ دەمـێنێت کـە ئەوەش نەمـرییـە بە تایبـەتی بۆ تاکی داهێنەری وەکـو گۆران. سەرباری ئەوەی کە دەزانین لە جیهانبینی گشتی شیعری گۆراندا ترس لە مردن ڕووبەرێکی ئەوتۆی داگیر نەکردووە، بەڵام لەم شیعرەدا کە ئەوی شاعیر بە درێژی و لە هاوشێـوەکـردنی خۆی لەگـەڵ سروشـتدا ڕابردوویەکی وێران و پڕ لە شکسـتـمـان بۆ ئاشکرا دەکـات و ڕابردووی خـۆی وەکـو وێرانە دەخـاتە ڕوو، هۆکـاری ئەم ڕوانینەی خۆیمان بۆ دەردەخات، ئەویش بریتـیـیـە لە هەستکردن بە پیـری و دیارە پیـریش لەگـەڵ خـۆیدا مـەرگ دەهێنێت، بە مـانایەکی دی دەتوانین بڵـێین ئەو هێـزەی لە پشـتی هەستکردنی ئەوی شاعیـرەوەیە بە وێرانی و نائامادەبوون

و ناکارایی خۆی لە ڕابردوودا هێزی ترسێنەری مردنە. کەواتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە بوونی ئەودا هێزی مەرگی دۆستی واتە تاناتۆس بە جۆرێک باڵادەست بووە کە پێش مردنی حەقیقی فەزای مردنی بۆ ئەو ئامادەکردووە، مردنی کاروچالاکی و بەرهەمەکانی زیندەگانی، هەڵبەت ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە بەلای کەسی داهێنەرەوە مردنی جەستە لە پلەی یەکەمدا نایەت بەڵکو مردنی داهێنان و بەرهەم هێنان و ئامادەبوون و خۆ سەلماندن مردنی ڕاستەقینەیە و لە پلەی یەکەمدا دێت، واتە لێرەدا هۆکاری ئەو هەموو بێزاری و هەست بە شکست کردن و نائامادەبوونە دەردەکەوێت کە هەستکردن بە پیری و ترسە لە مردن، هەرچەندە لە واقیعدا نەک لە ساتەوەختی بەرهەم هێنانی ئەم شیعرەدا بەڵکو گۆران لەو کاتەشدا کە بەنەخۆشی کۆچی کرد هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە ئاستی پیربوون، کەواتە دەشێ مەترسیی مردن لەم ڕوانگەیەوە پێوەندی بە تەمەنەوە نەبێت. هەرچەندە ڕاوەستانی ئەوی شاعیر لە سنووری ئەم دەقەدا لەبەردەم مەترسی مردندا جیاوازە لە ڕوانینی گشتی ئەو بۆ مردن و بەڵام لێرەدا هەست کردن بە مەترسیی مردن لەگەڵ خۆیدا فەزای مردنیش دێنێ، هەر ئەوەش دەبێتە هۆکاری سەرەکی هەست کردن بە لاوازی و ناکردەیی و نائامادەبوون کە ئەو لە ڕێگای وەسف کردنی توخمەکانی سروشت و هاوشێوە کردنی سروشت لەگەڵ خۆیدا بەرجەستەی دەکات.

**ئیتر ئەبێ کونجێ بگرم، دۆش دابمێنم،**
**لەسەر مەرگی عومری جوانیم یاسین بخوێنم!**
**چاوەنواڕبم ساکەی گەردوون، گەردوونی بێباک،**
**جانەوەری گۆڕ هان ئەدا بمکاتە خۆراک؟!**

مەترسی مردن بە هێمنی زەمینەی مردن ئامادە دەکات، ئەویش لە ناکارایی و لاوازی و بێ ئومێدی و گۆشەگیریدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام ئەوی شاعیر لە وەسف کردنەکانیدا دەردەکەوێت کە ئەو مەترسیەی ئەم وا دەزانێت مەترسی پیربوونە، وادەرناچێت چونکە خۆی دەڵێت «وام ئەزانی دەردێکە کاری، بەرەو پیری چوون هێناویە دیاریی هێجگاری». دیارە دەربڕینی «وام ئەزانی» ئەو مانایە هەڵدەگرێت کە پیرنەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی ناکارایی و ناچالاکی خۆیدا گەیشتۆتە ئەوەی کە وابزانێت ئەو حاڵەتەی پێوەندی بە پیربوونەوە هەیە، دیارە پیربوونیش لە مەترسی مردن جیا ناکرێتەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی پیریدا سوپای تاناتۆس لە هێرشی بەرەو سەرکەوتندایە و سوپای ئیرۆسیش لە پاشەکشەدایە و بەرەو بەزین دەچێت.

دیسان گۆران باسی «مەرگی عومری جوانی» خۆی دەکات کەواتە دیسان دەردەکەوێت کە ئەو لە ڕووی فیزیکییەوە پیر نەبووە، بەڵام دەشێ لە ڕووی هەست و مەعنەوییەوە پەی بەوە ببات کە قۆناغی جوانی و زیندەگانی و چالاکی و دنیاویستی ئەو کۆتایی پێهاتووە و ئەوەش لەلایەک هەنگاونانە بەرەو پیربوون و مردن، هەر ئەوەش وای لێدەکات لەبەردەم مەترسی مردندا ڕابوەستێت و چاوەڕوانی بڕیاری گەردوون بکات بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی. لێرەدا و لەپشتی ئەم لێکدانەوەیەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە هێزێک لەسەرووی تواناو دەسەڵاتی مرۆڤەوە هارمۆنیای ژیان و مردن ڕێک دەخات و مرۆڤ خۆی بوونەوەرێکی بێ دەسەڵات و قەدەرییە و هەموو بڕیارێکی چارەنووسسازییە پەیوەست بەو لە دەرەوەی خۆی و لەسەرەوە دەدرێت و ئەم نەک بەشدار و بە ئاگانییە لەو بڕیارە، بەڵکو پرسیشی پێ ناکرێت، هەربۆیە کات و شوێنی مردنی خۆی نازانێت، ئەوەش وای لێدەکات کە هەمیشە لەبەردەم ترسێکی چاوەڕوانکراودا بێت.. ترس لە مردن، ئەوی شاعیر گەردوون دەکاتە بەرپرس لە چارەنووسی خۆی و ئەوەش دەردەبڕێت کە گەردوون بێ باکە لە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە ئامێزی ئەودا ڕوو دەدەن و لە ڕوانگەی تێڕوانینی واقیعیانەی ئەوەوە زیندەوەران جیاوازییان نییە، هەموویان بە مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و ڕووەکەوە ملکەچی یەک یاسان، ئەویش یاسای ژیان و مردنە واتە هەموو زیندەوەرێک، لە دایکبوون و مردنیشی هەیە و ئەوەش لە ڕاستیدا ڕێکخستنی هارمۆنیای سروشت بەرهەم دێنێت.

تاکو ئێرە ئەوی شاعیر وەسفی ناکردەیی و ناکارایی خۆی دەکات و ئەنجامیش وادەردەکەوێت کە ئەو هەست بە مەترسی پیربوون و لەوێشەوە هەست بە مەترسی مردن دەکات، بەڵام دەردەکەوێت کە ئەو مەترسییە لە ڕاستیدا بوونی نییە، چونکە دەربڕینی «وام ئەزانی.. بەرەو پیری چوون هێناویە دیاریی هێجگاری» دەری دەخات کە لە ڕاستیدا ئەو وا تێگەیشتووە کە مەترسی مردن هاتۆتە پێشەوە و چاوەڕوانی دەکات ئەگینا ئەو مەترسییە بوونی نییە، بەشی دوایی شیعرەکەش ئەم بۆچوونە زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

**بەڵام ئەی یار، یاری نازدار، شۆڕەژنی شۆخ**
**بەلێوی ئاڵ! بە چاوی ڕەش، چاوی ڕەشی تۆخ**

**بە باڵای بەرز، بە ئەندامی نەرم و شل و جوان**
**ڕەوتی شیرین، عیشوەو نازی گفتوگۆ و جووڵان**
**بەم جوانییانە کە زینەتی بەهەشتی دنیان،**
**بەم جوانییانە کە لە تۆدا هەموویان پەیدان**
**لەو ڕۆژەوە دیومە سیحری زەردەخەنەی تۆ**
**دنیای دەروون مەلەکانی هاتوونەوە گۆ،**
**سەرچاوەکەی عومری جوانیم هاتۆتەوە قوڵ**
**باغچەی ژینم پڕبۆتەوە لە نەمامی گوڵ.**

لە سەرەتای ئەم بەشەی شیعرەکەوە کۆتایی بەو سەردەمە دەبێت کە ئەوی شاعیر لە ڕێگای هاوشێوەکردنی خۆیەوە لەگەڵ سروشت و توخمەکانیدا ناکارایی و تێکشکاوی و نائامادەبوونی خۆی نیشان دەدات، واتە سەردەمی ئەوسای نائامادەبوون بەسەر دەچێت، بەشی یەکەمی شیعرەکە کە بەگشتی وەسفی ئەو حاڵەتی نائامادەبوونە دەکات، لە هۆکاری ئەو بارە نائاساییە نادوێت هەتا لە ڕێگای وەسف کردنەکەیەوە دەگاتە بەرزترین ئاستی بەرجەستەکردنی ئەو حاڵەتە، بەڵام لەو خاڵەوە ڕاستەوخۆ دەری دەخات کە واتێگەیشتووە پیری و مەترسی مردن هۆکاری ئەو حاڵەتی ناکارایی و تێکشکاندنەی ئەون، واتە وادەردەکەوێت کە ترس لە مردن ئەو فەزایەی دروست کردووە، لە کاتێکدا وەک پێشتر گوتمان لە ئەزموونی شیعری گۆراندا مەسەلەی مردن و چەمکی مردن ترس بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو وەکو دیاردەیەکی پەیوەست بە سەرجەم دیاردە و گۆڕانکارییەکانی سروشتەوە لێی دەڕوانێت و پێی وایە هەموو ڕووخاندن و لەناوچوونێک لە منداڵدانی خۆیدا کۆرپەلەی لە دایکبوونێکی نوێی هەڵگرتووە و لە پشتی هەر بێئومێدی و ڕەشبینییەکەوە ئومێدێکی ئاشکرانەکراو و ڕووناکییەکی پڕشنگدار هەیە کە ئەویش بەندە بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوونی مێژووەوە.

ئەوی شاعیر لە چرکەساتێکدا هەست بە کۆتایی هاتنی قۆناغ و سەردەمی بێزاری و ناکارایی و شکست و نائومێدی دەکات و سەرتاپا چالاکی زیندەگانی باڵای بەسەردا دەکێشێت، واتە لە بوونی ئەودا هێزی مەرگ دۆستی شکست دەهێنێت و هێزی ژیان دۆستی باڵادەست دەبێت، بەڵام دەبێ مۆتیڤ و پاڵنەری ئەم گۆڕانکارییە لە ناکاوە چی بێت؟ دیارە گۆران بە ئاشکرا لە سنووری دەقەکەیدا باسی ئەو پاڵنەرە دەکات کە ئەویش بریتییە لە ئەوی ئافرەت بە هەموو سیفات و خاسییەت و نهێنی و سیحری جوانییەوە. واتە هێزی زیندووکەرەوەی ئەوی شاعیر کە لەبەردەم دەروازەکانی مەرگدا ڕاوەستابوو ئەوی ئافرەتە. کە ئەویش دەتوانین لەسەر دوو ئاست لێکدانەوەی بۆ بکەین، یەکەمیان: ئافرەت لە ڕوانگەی گۆرانەوە وەکو ڕەگەزی بەرامبەر و پێداویستی و پانتایی سەرەکی بۆ خاڵی کردنەوەی حەز و غەریزەی سێکسی، کە ئەمەیان لە ئاستی دیار و گوتاراوی شیعرەکەدا ڕووبەرێکی ئەوتۆی نەگرتۆتەوە.

دووەمیان: ئافرەت لە ڕوانگەی گۆرانەوە وەکو ئەفریدەبوویەکی جوان و ناسک کە هەڵگری هەموو ماناکانی جوانی و چێژی ئێستاتیکییە. لە وەسفکردنی ئەوی ئافرەتدا زیاتر ئەم لێکدانەوەیان بەهێزتر دەبێت، گۆران بە وردی و بەشێوەیەکی جوانناسێک کە دەزانێت چێژی بینین و بیستن و هەست کردن چییە وەسفی خاسییەت و بەش و پێکهاتەکانی ئەوی ئافرەت دەکات. وەسف کردنی جوانی ئافرەت لای گۆران هەر هەمان شێواز و بنەمای وەسف کردنی سروشتی هەیە لای ئەو، ئەمەش دەری دەخات کە گەڕانی بەردەوامی گۆران بەدوای یەقینی جوانیدایە، لە جوانی سروشتەوە بۆ جوانی ئافرەت. هەندێ جاریش ئەم ڕێکخستنە پێچەوانە دەبێتەوە و لە جوانیی ئافرەتەوە بەرەو جوانیی سروشت دەچێت. دەست پێکردن لە هەر کامیانەوە بێت لای ئەو جۆرێک لە هاوشێوەکردنی ئاشکرا یان هەندێ جار لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەماندا جۆرێک لە لێکچواندنی نادیار لەنێوان سروشت و ئافرەتدا هەیە لە پشتی ئەم وەسف کردن و گەڕان و بەدواداچوونەی سروشت و ئافرەت لە شیعری گۆراندا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە ئەوی شاعیر بەدوای گەوهەر و ماهیەتی جوانی و بە دوای چێژی ئێستاتیکادا دەگەڕێت، ئەگەر لە بەشی یەکەمی ئەم شیعرەدا هۆکاری سەرەکی هەست بە بێزاری و نائومێدی کردن لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە توخم و ڕەگەزەکانی پێکهێنەری سروشت لە باری ئاسایی خۆیاندا نەبوون و هارمۆنیای پێکەوە گونجاندن و کارکردنیان تێکچووبێت ئەوەش وای کردبێت کە ئێستاتیکا بەرهەم نەیەت و لە ئاکامی ئەوەشدا ئەوی شاعیر وا هەست بکات کە ئەم هەستی جوانی پەرستی و هەستی چێژوەرگرتنی لە جوانی شێواوە، ئەوا لە بینین و هەست کردنیدا بە «جوانی» ئەوی ئافرەت دەستبەجێ زیندوو دەبێتەوە و قۆناغێکی نوێ لە ژیان دەست پێدەکاتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مۆتیڤی زیندووبوونەوەی ئەو لە سنووری ئەم دەقەدا گەوهەر و ماهیەتی جوانییە، ئەو

جوانییەی کە لە سروشتدا نەیدۆزیوەتەوە و لە ئاکامی ئەوەشدا هەستی بە بێزاری و ناکارایی خۆی کردووە و وای بۆچووە لە ئاکامی پیریدا وای لێهاتووە کە نە پەی بەو جوانیەی سروشت ببات نە چێژی لێوەربگرێت، بەڵام کاتێ جوانی ئەوی ئافرەت دەبینێت هەموو مێژووی بێزاری و نائامادەیی و ناکارایی کۆتایی پێدێت و سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە.

**لەو رۆژەوە دیومە سیحری زەردەخەنەی تۆ.**
**دنیای دەروون مەلەکانی هاتوونەوە گۆ**
**سەرچاوەکەی عومری جوانیم هاتۆتەوە قوڵ،**
**باخچەی ژینم پڕ بۆتەوە لە نەمامی گوڵ!..**

ئەگەر هۆکاری بێزاری و ناکارایی ئەوی شاعیر لە سەردەمێکدا بۆ هەستکردن و بە پیری و ترسی مردن بگەڕێتەوە، ئەوانە ناشێت سیحری زەردەخەنەی ئەوی ئافرەت گەنجی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر لە پیرییەوە ئەوی شاعیر جارێکی دی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لاوی و سەرچاوەی جوانی و زیندەگانی جارێکی دی بژێنەوە، ئەوە مانای وایە گۆڕانێک لە رەوتی ئاسایی و سروشتیی قۆناغەکانی ژیاندا ڕوودەدات کە ئەوەش شێواندنی دیالێکتیکی سروشت و تێکدانی هارمۆنی ژیان و سروشتە پێکەوە. مرۆڤ تاکو ئێستا ناتوانێت ئەو هارمۆنیایە بشێوێنێت و ڕووبەری کارکردن و چالاکی تاناتۆس تەسک بکاتەوە و ڕووبەری کارکردن و چالاکی ئیرۆس فراوان بکات.

بەڵام بە گوێرەی تەمەنی گۆران خۆی ئەم لێکدانەوەیە ئەگەرێکی لاوازی هەیە و لێکدانەوەی شیاو ئەوەیە کە بەرهەم نەهێنانی جوانی و چێژی ئێستاتیکی لە سروشت و توخمەکانی سروشت بۆ ئەوی شاعیر بوونەتە دروستکەری فەزایەکی پڕ لە بێئومێدی و زەمینەیەکی وشک و دوور لە چالاکی و ئامادەبوون بە جۆرێک واهەست بکات هەڵچوونی تەمەن و نزیکبوونەوە لە مردن ئەو باری ناکارایییەی خوڵقاندووە، بەڵام سیحری جوانی ئەوی ئافرەت ئەو مێژووە دەگۆڕێت، بە واتا پەیبردن بە جوانی ئافرەت و بینینی ئەو جوانیە و چێژ لێوەرگرتنی لە بوونی ئەمدا دەبنە مۆتیڤی زیندەگانی و ڕووبەری گەڕانەوە بۆ ئامێزی ژیان دۆستی و بۆ ژێر سایەی عەساکەی ئیرۆس فراوان دەکەن.

**قەسەم بەتۆ! قەسەم بەناز! قەسەم بە جوانی!**
**هەموو هەستیم ئەچێتەوە دۆخی جارانی!..**

ئەوی شاعیر دەگاتە ئەو ئاستەی کە بە بڕواوە پێ لەسەر گەڕانەوەی خۆی بۆ ئەوسای سەردەمی لاوی دابگرێت و تەنانەت سوێند دەخوات، هەمیشە سەرچاوەی سوێند پێخواردن لە ئاستێکی بەرز و پیرۆزی ئەوتۆدایە کە بوار بۆ پاشگەزبوونەوە و پەشیمان بوونەوە نەمێنێتەوە، لای بڕواداران سوێند بە خودا دەخورێت، چونکە ناشێت پەیمان شکێنی لەگەڵ ڕۆحی بەرزی خودادا بکرێت، بە گوێرەی ئەوی شاعیر سوێند بەوی ئافرەت دەخوات، سوێند بەناز دەخوات، سوێند بە جوانی دەخوات، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە نموونەی باڵا لای ئەو ئافرەت و ناز و جوانییە. هەڵبەت ناز بریتییە لە خاسیەتی ئافرەت و جوانیش لە ڕوانینی گۆرانەوە سروشت و ئافرەت بەرهەمی دێن، کەواتە نموونەی باڵا بۆ سوێند پێخواردن لای ئەوی شاعیر ئافرەت و سروشتە. ئەم دوو ڕەگەزەش لەلایەک لە پایە سەرەکییەکانی بەرهەم هێنانی شیعرن لای گۆران، لەلایەکی تر ئەو ئامانجەن کە گۆران لە دوایان دەڕوات و وەکو ئەو یەقینە دەردەکەون کە دڵنیایی و سەقامگیری و ئاسوودەیی بۆ دەستەبەر دەکەن. بە مانایەکی تر ئافرەت و سروشت ئەو دوو ڕەگەزەن کە دەبنە ئامێز بۆ حەوانەوەی ڕۆحی و جەسەدی ئەو، هەر ئەوەش وای کردووە نموونەی باڵای گۆران بۆ سوێند خواردن ئەو وێنانە بن کە هەمیشە لە بوونی ئەودا ئامادە بوونیان هەیە. گۆران بۆ سوێندخواردن مەرجی هەیە ئەویش مەرجێکە بۆ زیندووبوونەوەی خۆی یان گەڕانەوە بۆ سەردەمی لاوێتی، یان بە لایەنی کەمەوە مانەوەی بە زیندوویێتی. ئەگەر هەڵوێستی ئەوی ئافرەت لەباربێت و وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ داواکەی ئەمی شاعیر ئەوا ئەمیش دەچێتەوە باری جارانی:

**ئێستا ئەگەر بێت هیچ نەبێ لوطفی تۆ جار جار**
**بملاوێنێ ئەی ژنی شۆخ، ئافرەتی نازدار.**

کەواتە هێزی جووڵێنەر و گێڕەرەوەی ئەوی ڕاوەستاو لەبەردەم مەترسی مەرگدا بۆ ژیان و بۆ سەردەمی لاوێتی پڕ لە چالاکی ئەوسای، لوتف و لاواندن و مەیلی ئەو ئافرەتە، ئەگەر ئەو لوتف و لاواندن و مەیلەی پێببەخشرێت ئەوا سوێند بەخودی ئەوی ئافرەت و بە ماهیەتی جوانی دەخوات کە دەگەڕێتەوە بۆ تافی لاوێتی، لێرەوە دەردەکەوێت نموونەی باڵا و هێمای پیرۆزی لای گۆران ئافرەت و جوانییە و ڕۆحی بزوێنەر و زیندەگانیش هەر ئافرەتە.

**ئیتر ڕابوورد من پیر ببم، یان دڵم بمرێ؛**
**یا بلووری شادمانیم هەرگیز گەرد بگرێ!**

بێ ئومێدبوون لە دۆزینەوەی جوانیی سروشت و جوانیی ئافرەت و نەگەیشتن بە چێژی ئێستاتیکی جوانی لە ڕابردوودا هۆکاری بێزاری و ناکارایی ئەوی شاعیر بوون و ئەوەش فەزای هەرەس و مردنی ئامادەکردووە، بەڵام بینینی ئەوی ئافرەت و هەست کردن بە جوانی و چێژی جوانی وای لێدەکات کە سەرلەنوێ بژێتەوە و بە ژیان ئاشت بێتەوە، واتە لە بینینی جوانییدا بەو ئاستە دەگات کە هەست بکات ئیتر ئەو پیرنابێت دڵی نامرێت، ئەمەش ئەو مانایە هەڵدەگرێت کە لە ئاستی نەگوتراودا ویست و ئومێدی نەمری هەیە. نەمری چ لە ئاستی فیزیکی واتە جەسەدیدا بێت یان لە ڕووی مەعنەوییەوە، هەروەک بانگەشەش بۆ ئەوە دەکات کە شادمانی هەتا هەتایی بەدەست دێنێت کە ئەوەش دیسان دەلالەتی نەمری هەڵدەگرێت.

لێرەوە لە ئاستی نادیاری دەقەکەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەوی شاعیر لە سەرەتادا هەست بە پیری دەکات و ئەوەش دەیخاتە بەردەم مەترسی مردنەوە لەبەر ئەوە لە ترسێکی خنکێنەردا دەژی و هەست بە جوانی و چێژی جوانی و بەهای ژیان ناکات، بەڵام لە چرکەساتێکدا ئەم مێژووە هەڵدەگەڕێتەوە و هەست کردن بە دەربازبوون لە پیری و مەترسیی مردن بریتییە لەسەرهەڵدانی هەست کردن بە نەمری لە بوونی ئەودا. بە مانایەکی تر لە نیوەی یەکەمی شیعرەکەدا گۆران وەکو هەر کەسێکی ئاسایی لەخۆی دەڕوانێت و لەگەڵ هەڵچوونی تەمەنیدا هەست دەکات بەرەو پیری دەڕوات ڕووبەڕووی مەترسیی مردن دەبێتەوە، هۆی ئەوەش بۆ هەستکردن بە ناکارایی و نائامادەبوون دەگەڕێتەوە، بەڵام لەنیوەی دووەمی شیعرەکەدا هەست دەکات قۆناغی پیری کۆتایی دێت و جارێکی تر بۆ هەتاهەتایە زیندوو دەبێتەوە و جارێکی دی پیر نابێت و دڵی نامرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەنیوەی دووەمی ئەم دەقەوە تا کۆتایی ئەوی شاعیر باس لە دروستبوونی فەزایەکی نوێ دەکات پەیوەست بە بوونی خۆی کە ئەویش فەزای نەمری و مانەوەی هەمیشەییە. ئەگەر ئەم دەقە بە ژیانی گۆران خۆی بشوبهێنین ئەوا دەتوانین بڵێین گۆران وەکو برهەمهێنی ئەم دەقە تا ناوەڕاستی ژیانی زیاتر وەکو کەسێکی ئاسایی سەیری خۆیی کردووە و وەکو هەر کەسێکی ئاساییش لەبەردەمی مەترسی پیربوون و مردندا بووە، ڕەنگە لەو قۆناغەشدا هێشتا پەی بە ماهیەتی جوانی و چێژی ئێستاتیکی نەبردبێت، بەڵام کاتێ دەگاتە ئەوەی پەی بە ماهیەتی جوانی ببات و هەست بە چێژی ئێستاتیکی بکات مانای وایە لە مرۆڤی ئاساییەوە گواستراوەتەوە بۆ مرۆڤی باڵا، کە داهێنانیش بەرهەمی مرۆڤی باڵایە. لەوکاتەشدا واتە لە بەشی دووەمی ژیانیدا ناسین و پەیبردن بە گەوهەر و ماهیەتی جوانی و چێژوەرگرتنی لە ئێستاتیکا سیحری داهێنانی لای ئەو بەرەوپێداوە و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بزانێت و تێبگات کە پەیبردن بە ماهیەتی جوانی و چێژی ئێستاتیکی نەک هەر بزوێنەری ژیان و هۆکاری زیندووکردنەوەن، بەڵکو ڕۆحی داهێنانیشن، دیارە «نەمری»یش تەنیا لە داهێناندا فەراهەم دەبێت، کەواتە بانگەشەکردنی ئەوی شاعیر بۆ زیندووبوونەوە و گەڕانەوە بۆ تافی لاوێتی هەمیشەیی لە ڕاستیدا بانگەشەکردنە بۆ نەمریی خۆی.

**ئەمجا ئەی یار، ئەی خوا ژنی عەشقم، ئەی ڤینووس**
**ئەی هەیکەلی بەدەن لەعاج، توالێت ئابنووس،**
**هیچ نەبێ بۆ خاتری جاهی ئەپۆلۆ،**
**مەلی شیعرم مەیدان مەدە بکەوێ لە گۆ!**

لە کۆتایی شیعرەکەدا ئەوی شاعیر لە شێوەی داواکاریدا، داواکارییەک کە لە بنەڕەتدا پاڕانەوەیە پێشکەش دەکات دەپاڕێتەوە لەوی ئافرەت کە لە مەیل و سۆزی خۆی بێبەش نەکات، چونکە مەیل و سۆزی ئەو مۆتیڤی بەزیندوویی مانەوەی ئەوی شاعیرە، هەر کاتێ ئەو مۆتیڤە نەمێنێت ئەوا ئەوی شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش زیندووبوونەوە واتە بۆ ئەو سەردەمەی کە بێزار و ناکاراو نائامادەبوو، هەستی بە پیری دەکرد و مەترسیی مەرگ هەڕەشەی لێدەکرد و بێبەرهەم بوو، زیندووبوونەوە لای ئەو بە پێوانەی بەرهەم هێنان دەپێورێت، بەرهەم هێنانیش بۆ ئەوی شاعیر بەرهەم هێنانی شیعرە، واتە ئەگەر توانای داهێنانی نوێی هەبێت و شیعر بەرهەم بهێنێت ئەوا زیندوو و ترسی پیرێتی و پیربوون هەرەسی پێناهێنێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پیربوون و ترس لە مردن لای گۆران ئەوکاتەیە کە توانای بەرهەم هێنانی شیعری نەمێنێت، ئەم لێکدانەوەیەش لەگەڵ بەهێندوەرگرتنی ژیان و تەمەنی گۆراندا کە تەمەنێکی کەم بووە و کەچی ئەو خۆی بە ناکاراو نائامادە نیشان دەدات و وا دەزانێت پیری یەخەی گرتووە ڕاست دەکەوێتەوە. واتە هەست کردن بە ناکارایی و نائامادەبوون کە لە مەترسی مردنی نزیکی کردۆتەوە،

لەبەر ئەوەیە کە سەرچاوەی زیندەگانی و بەرهەمهێنانی وشک بۆتەوە، بەڵام کاتێ ئەوی ئافرەت دەبینێت و پەی بە جوانی و چێژی ئێستاتیکی دەبات زیندوو دەبێتەوە و دەکەوێتەوە بەرهەمهێنان، لە کۆتاییشدا داوا لەوی ئافرەت دەکات کە سۆز و خۆشەویستی پێببەخشێت بۆ ئەوەی سەرچاوەی ئیلهامی وشک نەکات و لەبەرهەم هێنانی شیعر نەکەوێت.

کەواتە لای گۆران مردنی مەعنەوی و مردنی ئامادەبوون دەکەوێتە پێش مردنی فیزیکییەوە، کاتێ بۆ ئەوی داهێنەر بوون و ژیان مانای بەرهەم هێنانە، کەواتە کاتێ توانای بەرهەمهێنانی نامێنێت ئەوە پیربوونی ڕاستەقینە دەست پێدەکات و مەترسی مردن دێتە پێشەوە، واتە لە ڕوانینی گۆرانەوە ژیان بەپێی بەرهەم هێنان و ئامادەبوون دەپێورێت، ئەوی توانای داهێنانی هەیە ئەوە زەمەنی مێژوویی ئاسایی بەجێدەهێڵێت و لە مێژووی دەقەکانیدا دەژی، مێژوویەک کە کۆتایی نییە، هەر لێرەوە جیهانبینی شیعری گۆران لەم دەقەدا دەردەکەوێت کە پێکەوە بەستنی داهێنان و نەمرییە، واتە ڕۆحی نەمری بریتییە لە داهێنان. هەوڵی گۆران بۆ بەرهەم هێنانی دەقی داهێنەرانە کە ڕۆحی ئەو دەقانەش جوانی و پرسیارە گەوهەرییەکانی پەیوەست بە بوونە، لە پێناوی بەدەست هێنانی نەمریدایە، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە لای گۆران ڕووبەری زیندەگانی و ژیان دۆستی ڕووبەرێکی فراوانە واتە چەمکی ژیان چەمکێکە لە دەرەوەی مێژوو، هەربۆیە ڕووبەری لەنێوچوون و مردن و ونبوون ڕووبەرێکی تەسکە و چەمکی مردن دەبێتە چەمکێکی مێژوویی بەو واتایەی پەیوەستە بەکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیهانبینی شیعری گۆران بانگەشە بۆ ژیان دۆستی و ئامادەبوون و مانەوە و نەمری دەکات، هەر ئەوەش مۆتیڤی جووڵە و گەڕانی بەردەوامە بەدوای ماناکانی بوون و جوانی چێژی ئێستاتیکا و ڕۆحی داهێناندا کە ئەویش لە جوانی ئافرەت و جوانی سروشت و یەقینی نەمریدا دەدۆزێتەوە، ئێستا ناونیشانی دەقەکەش «نیاز» ئاشکراتر دەبێت کە هەڵگری دەلالەتی نەمرییە.

**زستانی (٢٠٠٥) سلێمانی**

# فانتازیای داخراو
# ڕەخنە لە چیرۆکی کوردی
# دوای ڕاپەڕین

**تەها ئەحمەد ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**

مێژووی چیرۆکی کوردی و ڕێڕەوی بەرەو پێشچوونی، هەر لە سەرەتاکانییەوە تاوەکو کۆتایی هەشتاکانی سەدەی پێشوو لای هەمووان ئاشکرایە و بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە ڕیالیزمی و ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە و کۆمەڵایەتی و هێماخوازی و بەرگریدا دەبینێتەوە کە ڕەنگە هێشتان لە تاووتوێکردن و شرۆڤە و تۆژینەوەیدا لایەنی ڕۆشنتر و تایبەتمەندییەکانی تەواوی یەکالا نەکرابنەوە و لە گۆشەنیگای جیاجیاوە سیماو ئەدگارێکی جیاوازتر بەدەستەوە بدات، یان خوێندنەوەی هەوڵە تایبەتییەکانی چەندین جیهانی تر و ڕووبەر و ڕوانینی دیکەی لێوە بەرهەم بهێنرێت.

ئەمە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی تەماشای بکەین و بەشێوە تایبەتییەکەی، ڕێژەیی فەزاو پانتایی دیکە بوونیان هەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا و لە دوای ڕاپەڕینەوە، لەژێر کاریگەریی (کە پێشتریش هەبووە) ئەدەبی ئەمەریکای لاتینی کە پەلهاویشتنی نەک لای ئێمە بە تەنیا، بەڵکو لە هەموو جیهاندا نەشونمای دەکرد، ئەویش بەو شێوازە ڕیالیزمییەی کە بە ڕیالیزمی ئەفسوونگەرا و جادوویی نێوی دەرکردبوو و بوونی بۆ منداڵدانی پڕ بەرهەم و دەوڵەمەندیی ئەدەبی ئەو کیشوەرە دەگەڕایەوە، لە ساتەوەختێکی وادا، لە پێناوی وەرچەرخان و نوێبوونەوەیەکی دیکە، جوێبوونەوە لە بەردەوامبوون لەسەر ئەو جۆرە شێوازە باوانە، چیرۆکی کوردی و تەنانەت ڕۆمانیشی چوونە سەر ئەو ڕێیە نوێیە و ڕەگەزێکی تۆکمە و باڵادەستیان بە هەند وەرگرت کە ئەویش ڕەگەزی فانتازیایە، ڕەگەزی ئەندێشە و خەونی تایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوە و بە خۆدا چوونەوە لە بەرامبەر کۆپیکردنەوەی واقیع و خولقاندنی فەزا و جیهانی سەیر و سەمەرە و پەنهان.

ئەو ئەرکانەی کە پێشتر کەوتبوونە سەر شانی ئەدەب، ڕووەو ئەرکێکی تر گۆڕان و کاری سەرەکی بووە گەڕان و پشکنین، گەڕان بەدوای نادیار و نەوتراوەکاندا و بە مەئلوفکردنی ئەوەی لە نهێنییەکانی کەینوونەدا هێشتان نەگەیشتبووە سەر ڕووپەڕ.. پەردە هەڵماڵین لە ڕووی دیوە شاراوەکانی تر و هەر لێرەشەوە مەبەست و مەرامەکانی خۆی بەیان دەکرد، لە بەراییشدا لە چەند هەوڵێکدا کە بە هەوڵی باش و سەرکەوتوو قبووڵ کران لەنێوەندی ڕۆشنبیریدا، هاتنە ئاراوە و دەرگای تریان لە پاش خۆیان دەکردەوە. یەکێک لەو هەوڵانەش نۆڤلێتی (پایزە خەون)ی محەمەد مەولود مەم بوو کە سەرەڕای ئەو کاریگەرییە بە ڕیالیزمی جادوویی، پشت ئەستوور بوو بە کولتووری کوردی و تۆوەکانی لە هەناوی خۆیدا چاندبۆوە. نموونەی دیکە و هەوڵی دیکە لە پاش ئەوەوە

زۆرن و بە بەرهەمی هەندێک لە چیرۆکنووسان ناوزەد دەکرێن نەک بە شێوەیەکی بەربڵاو لای سەرجەمیان، ئەوەی لێرەدا جێی وەستان و سەرنج و وردبوونەوەیە، ئەو تەوژمە دەرپەڕیوەیە کە گشتگیر لای زۆرینەی چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمانی کوردی شوێنێکی دیکەی داگیرکردووە و پەل بۆ شتێکی دیکە و جۆرێکی دیکە دەهاوێژێت، ڕووەو ئاراستەیەک مل دەنێت کە نەک خۆ جوێکردنەوە لە رووبەرە تەقلیدییەکان مەرامی سەرەکی بێت، بەڵکو جوێبوونەوەیەکی لە تەک خوێنەریشدا سازداوە، بەڵکو لەنێوان ڕەگەزەکانی ناوەوەی دەقێک خۆیشیدا کە نادروست و گۆشەگیر ماوەتەوە.

بۆ ئەوەی ئەم ڕاستییەش بخەینە پێش دەست پێویستمان بە ڕاوەستانێک هەیە لەسەر ڕەگەزی فانتازیا، ئەو ڕەگەزەی تاقە هۆکارێکی ئەوتۆیە لە پشتەوە بەرهەمهێنەری ئەو جۆرە تێڕوانینەیە.

چیرۆک و ڕۆمان کە گێڕانەوەیەکی پەخشانیی ئەندێشەیین و زادەی بیر و لێکدانەوە و خەیاڵی چیرۆکنووسان و ڕۆماننووسانن، جگە لە تەکنیک و ڕەگەزە هەمە جۆرەکانی، کە لە جیهانی هەر یەکێکیاندا چەشنە ئاراستەیەک دەگرێتە بەر و بۆ خۆی جیهانی ناوەکیی خۆی بەرهەم دێنێت، بەڵام لە ساتەوەختی پێزانین و ئاشکراکردنیدا، لای تۆژەرەوە و خوێنەران مەڵبەندە ئەمبارکراوەکان دەکاتەوە و چۆنێتی بەکارهێنانیان دروست و نادروست دەدا بەدەستەوە. ئیدی یەکانگیری لەگەڵ ژیاندا هەست و وردبوونەوە و پەرچەکردارە خودییەکان بنەڕەتی خولقاندنیانن، ئەندێشەش کە بە ڕای بۆرخێس گەورەترین بەهرەی مرۆییە و لەوێوە هێنانەدی خەون و خولیاکان دەستەبەر دەکرێن، لە چ هەوڵێکی مرۆییدا بەدەر نییە و لە ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکاندا زێتر ڕەنگی داوەتەوە.

کەواتە بێ ئەندێشە، بێ فانتازیا و خەون بینین، ئەو جیهانە ڕۆنانرێ و نایەتە دی.. ئەمەش ئەوە یەکالادەکاتەوە کە ئەم ڕەگەزە پێشتریش بوونی هەبووە و لە بەرهەمە مرۆییەکانی پێش شارستانییەتیشەوە ڕۆڵی یەکەمی گێڕاوە لەو پێشکەوتن و گەشەسەندنەی کە ئێستا لە ئارادایە، هەموو هیوا و ئومێدە پێشینەکان لە خەون و خەیاڵ و ئەندێشەدا بەرجەستە بوون و فانتازیاش بیری یەکەمی مرۆڤایەتییە، پێدەچێت لە ڕیالیزمی ئەفسوونگەرادا پانتاییەکی بەرفراوانتری وەبەرکەوتبێ و پێ بەپێی تەوژمەکانی هۆش و ئاگایی، ڕێگەدان بە ئاوێتەبوونی نائاگایی کارلێکی هەستە ڕاستگۆ و دەست لێنەدراوەکان ڕێڕەوێکی خێراتری بڕیبێت.

دوای ئەم ئیستە، پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەوەی بە ئەدەبێکی واقیعی و کۆپیکردنەوەی واقیع ناسراوە بەرەوی کەمتر دەبێتەوە وەختێک پێ لەسەر ئەندێشە و فانتازیا دابگرین، چونکە جگە لەگێڕانەوەیەکی کتومتی ڕووداو و شتە واقیعییەکان، تۆمارکردنەوەی واقیعیش بارگاوییە بە هەستە تایبەتییەکان و ڕوانینی تایبەتی و ئەندێشەی نووسەر.. ڕەنگە لەمەشدا ئەوە دەستنیشان بکەین کە ئەدەبێک نەدۆزینەوە پڕاوپڕ لە چوارچێوەی ڕیالیزمی ڕووت و پوختدا، بە واتای ئەوەی لە واقیعدا بوونی هەیە و ڕوودەدا و واقیعییە لە هیچ نووسراوێکدا بوونی نەبێت، چونکە تەواوێ ناتوانرێ پەی بە هەموو لایەنە ورد و بەشە جیاجیاکانی بووندا ببرێ و وەکو خۆی کە هەیە بگوازرێتەوە بۆ سەر ڕووپەڕ، هەر لە جووڵەیەکی خاوەوە کە فیزیکی پلە بە پلەی تۆمار بکرێت بۆ ڕەفتار و خاسییەتێک و چ جای پەیبردن بە کونج و کەلێنە هەمە جۆرەکانی دەروون و لێکدانەوە و ڕوانین. ڕەنگە ئەمەیان زیاتر لە شتە بابەتی و بینراوە گشتییەکاندا ئەو نازناوەی چنگ کەوتبێ کە ڕاوی ڕووداوی ڕاستەقینە و ژیان دەکات کە لای هەمووان ئاشکرا و دیارە، یان ئەوەی کە خوێنەر پێی ڕاهاتووە و دەق و ژیان لای خۆی وەک یەک ببینێت.. لەسەرێکی دیشەوە بۆچوونێکی تر خۆی دەسەپێنێ کاتێک بڵێین هەموو ئەو تۆمار و کۆپیکردنەوەیە دیسانەوە دروست نییە، چونکە بەکارهێنانی فانتازیاش پێویستی بە زەمینە و بونیادێک هەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی لۆژیک نابێتە بوونێکی هەستپێکراو، فانتازیا ئەگەر شانبەشانی لۆژیک زەمینە بۆ خۆی دروست نەکات ناتوانێت ئەو دۆخ و بونیاد و فەزایەش بخولقێنێ کە جیهانەکەی لێپێکدێت، ڕاوەستانەوە و جەختکردنەوە لەو لۆژیکە هێندە کاریگەرە هەندێک جار بەدەر لە خوێنەر نووسەر خۆشی دەخاتە گومانەوە کە ئەوەی بەرهەمی هێناوە ڕاستەقینە بێت و ژیانی کاغەزین لەلای دروستکراو نەبێت.

چەندە ئەو فانتازیایە زەمینەی بۆ بڕەخسێ و لۆژیکی بێت، لۆژیکیش نەک تەنیا بە شتە لۆژیکییەکانی دەرەوەی دەق و ژیانی ڕاستەقینە، بەڵکو لۆژیکێک بێت بە هەموو ڕەگەز و لایەنە تایبەتمەند و دۆخی گونجاوی ناوەوەی دەقەکەشەوە، ئەوا ئەو کاتە بەو چەشنە لای خوێنەر دەکەوێتەوە کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە کۆپیکردنەوەی ژیانە و ئەندێشەمەند نییە... لە کاتێکدا هێزی نووسین و بزاوتنی جووڵە و ژیان و زیندوویێتی و سیحری ئەو ئەندێشەیەیە وا دەکات ئەو هەستە ببەخشێتە وەرگر، بە مانای وێناکردن و دروستکردنەوەی جیهانێک

لە خۆیدا هێندە تۆکمە و سەرنجڕاکێش و سەرسوڕمان بەخشە لەژیانی ڕاستەقینە نزیک دەبێتەوە و بەڵکو خۆی بووەتە ژیانێکی تایبەتی و چۆن تەماشا بکرێت لە بار خەملیوە، ئەگەر فانتازیاش نەتوانێت ئەوە بکات پێدەچێت فانتازیا نەبێ، چونکە فانتازیا خۆی لە خۆیدا جووڵەی هەڵگرتووە و خەیاڵ بۆ خۆی چیرۆکێک بەرجەستە دەکات، چ ئەندێشەیەکیش نییە کورت بێ یان درێژخایەن لە هەناویدا ڕێڕەوی چیرۆک نەگرێتە بەر و لە ڕاستیدا خۆی چیرۆکە لە ساتی دەست پێکردنیەوە تا دەگاتە کۆتایی ئەندێشەکە هەمیشە لۆژیک شانبەشانیەتی و لە لەمپەرەکاندا پاساو ئامادەگی هەیە.

ئەو غەفڵەتە لە کۆپیکردنەوەی واقیعدا (جگە لە ڕواڵەتە بابەتییەکان) دوچاری ئەو ڕەخنەگرانە دەبێت کە پێناس و سیمای ژانرەکانیان بیردەچێتەوە کاتێک ئەو حوکمە دەدەن. بێگومان ئەوەش لە چیرۆکنووسێکەوە بۆ چیرۆکنووسێکی تر دەگۆڕێت و کردەکە لە بنەڕەتدا کردەیەکی گێڕانەوەی پەخشانیی ئەندێشەییە و ناکرێت لە ژێر سێبەرێکدا هەموو ئەو چیرۆکنووسانە گرد بکرێنەوە. هەر لەم ڕاستییەوە یەکانگیری و پێوەندی واقیع و خەیاڵ پتەوتر دەبێتەوە کاتێک ئەدەب خۆی بەسەریاندا دابەش دەکات. وەک چۆن ئەدەبێک نییە پڕاوپڕ و بە مانای تەواوی خۆی واقیعی بێت، هەرواش ئەدەبێک نییە تەواوێ ئەندێشەیی بێ و دوور لە ژیان لە ڕۆخە تەریکەکانی خۆیدا بگیرسێتەوە. خەیاڵ و ئەندێشە لە بنەڕەتدا بەرهەمی ویست و پێداویستییە مرۆڤایەتییەکانە و لە پێناوی باشتر و خزمەتگوزەرانیدا بیری مرۆیی تەنیوە.. لە چەشنی دووەمیان کە ئەدەبێکی خەیاڵییە، پاش ئەفسانە و داستانەکان کە بۆ پەیامێکی نوێ و دۆزینەوەیەکی نوێ تێدەکۆشا، ئەدەبی خەیاڵی زانستی هەیە کە ئەویش بەرەنجامی ڕوانین و پێشکەوتنی زانستی و گریمانە زانستییەکانە و بەپێی پەیڕەو و ئاماژەکانی ئەو بەرێوە دەچێت، لە ئاکامیشدا گەڕانێکی سوودبەخش و هەمەلایەنە (شانبەشانی لۆژیک بەپێی زانستی دیاریکراو) کاتێک بە ڕووی ژیاندا دەکرێنەوە، وەلێ ئەدەبێک لە پێناوی ئەدەب خۆیدا ئەو کارە بە ئەنجام بگەیەنێ پێدەچێت شتێکی سەیر و لادانێکی نادروست بێت، نادروست بێت بەوەی ئامانجی خۆی دیاری نەکات، شێوازێک بێت بۆ گەیشتن بە نەگەیشتن و داخران بەسەر دروست نەبوون و وەهمی خۆیدا.

ئەم جۆرە ئەدەبە فانتازیا ئامێزە کە چیرۆک و ڕۆمانی زۆرینەی دەنگەکانی دوای ڕاپەڕینە، ئەو دەنگە نوێیانەی ئەمڕۆن و هەڵبەتە ئێمە لە سەرەتاوە تاوەکو دوایی هێنان بەم نووسینە مەبەستمان هەموو چیرۆکنووسان و ڕۆماننووسان نین بەشێوەیەکی گشتی باسی دەکەین کە وەک دیاردەیەک زۆرینەی تێکستەکانی داگیرکردبێت و لەو نێوەندەشدا هەوڵە تایبەتی و باشەکان (کە هەرچەندە ون نابن) ون بووبن و خوێنەران و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە یەک جۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و داهێنانەکانیان لەو لێشاوە یەک کلێشەیی و قاڵبەندییەدا بە هەند وەرنەگرن، کە تێشیاندایە خاوەنی هێزێکی ئەوتۆن و لەگەڵ ئەدەبی دەرەوەی خۆماندا شانبەشان دەوەستنەوە.

هۆیەکی سەرەکی و بنەڕەتیش بۆ تێنەگەیشتن و قاڵنەبوون لە بەکارهێنانی فانتازیا دەگەڕێتەوە، یاخود نەبوونی کەرەسەیەکی شیاو و هەڵبژاردنی بابەت بێت، یان بە بابەتکردنی فانتازیا نەیتوانیبێت ئەو جیهانە ناوەکیەی خۆی بپارێزێت، بە مانای نەبوونی بابەتێک (بیرۆکەیەک) کە بکرێتە چیرۆک (چ جای ڕۆمان) و خۆ حەشاردان لە پشت فانتازیایەکی نەخەملیو و لێڵەوە کە نە سەری دیار بێ و نە بنی، پۆشینی ئەو دەمامکەی بە زۆر کەشوهەوا بخولقێنێ و لە سەرگەرمیدا چیرۆکنووس بیەوێت خۆی ڕەزامەند بکا و لەنێوەندەکەشدا ئیکتیفا بەو ئامادەگییەی بکات. دەبینین تێکڕا ئەو چیرۆکانە تەلیسماوین و ئەفسوون و هێزی بێهاوتایان تێدایە، زۆر بە سانایی شتەکان لەژێر ڕکێفی چیرۆکنووسدا هەڵدەسوورێن و نووسەری دەرەوەی دەق چۆن بیەوێت، بێ سنوور گەمە دەکا و شتەکان لە خۆیشی و ئێمەش گەورە دەکاتەوە. ئەمەش بەبێ ڕەچاوکردنی لۆژیکێک کە پێوەندییەکانی نێو دەق پێکەوە کۆ بکاتەوە، زەمینە خۆشنەکردنیش بۆ ڕووداو و کارەکتەر و شتەکان تا سەقامگیر بن و ئازاد لە جووڵەدابن، پرۆسەی ڕۆڵی خۆیان بکەن و هاوگونجان یان دژایەتی خۆیان بنوێنن. چیرۆکنووس لە دەسپێکی چیرۆکەکەیدا گەشتێک دەگرێتە بەر، هەموو ڕواڵەت و بوونەکانی نێو ئەو گەشتە ئاسایی نانوێنن و هەر شتەی تەلیسمێک، خەرمانەیەک تەنیوبەتی و شەبەنگ ئاسا کارەکتەرەکان دەجوولێنەوە، هەوا سیخناخە لە سیحر و تەفرەدانی وشە. شتەکان هەموو لە ناکاودا ڕوو دەدەن و ئەو ڕووداوانەش هیچیان لێناکەوێتەوە، ڕاتەکانێک پێشکەش ناکەن و وەک کەسی چیرۆکنووس کە خۆی سەرمەست کردووە بەو ترس و کەشەی لە دەڵەمەییدایە خوێنەر مێش میوانی نییە.

کارەکتەرەکانی نێو ئەو گەشتە- بێ گەشتە- سانا بەدەستە هەموو جادووکەرن و بەنیگایەک کەسانی نێوەندی و ڕواڵەت و شتە ئاساییەکان دەکەنە شتی

ناڕواڵەتی و پێوەندیشیان هیچ پێوەندییەکی تۆکمە نییە، زۆرینەی ئەو چیرۆکانەش بە خەون، یان وا پیشان دەدرێن کە ئەوە خەون بوون کۆتاییان دێ و ئیدی خەون وەک ئەوەی تێکڕا پاساوبێ و لۆژیک و زەمینەکان بڕەخسێنێ، داردەستی یەکەمی بە ئەنجام گەیاندنەکانە.. لە کاتێکدا، نەک هەر ئەندێشە کە خاوەنی سەرەتا و گەشتی خۆبەتی و لە سنوورێکدا ڕادەوەستێتەوە (ئەوەش بەپێی سنووری چیرۆکەکە) هەروا خەونیش لەو زەمینەیە بە دەر نییە و لۆژیکێکی ناوەکیی تایبەتی دەیبات بەڕێوە.

لێرەدا ئەگەر زەبرێک لە لێکدانەوەی خەون و شیکردنەوەی دەروونی دەروونناسێکی وەک فرۆید نەدەین، ئەوا ئاشکرایە کە مێشک و چاو لە بلوورێکی شل پێکهاتوون و ئەو پێکهاتەیەش زۆر لە کۆمپیوتەر و ئامێرە ئەلکترۆنیەکان ئاڵۆزترن و سیستمێکی ئێجگار وردیان هەیە، لە تیشک پێدان و گەڕان بەدوای خانە و مەڵبەندە ئەمبارکراوەکاندا زۆر خێرا کار دەگرنە ئەستۆ. ڕەنگە خەون هەموو ئەو شتە بینراو و هەستپێکراوانەی ژیانی ڕاستەقینەبن و لەوێدا یەکانگیرببنەوە، بەڵگەی ئەمەش لە پەیوەستی بە بینراو و ژیانی ڕاستەقینەوە ئەزموونی نابیناکانە (ئەوانەی کە زگماک کوێرن و نابینن) دەبینین خەونەکانیان لە خەونی ئێمە جیاوازترە، وەک چۆن ژیانیان جیهانێکی دیکەیە، هەرواش خەونیان پەیوەستە بەو جیهانەی خۆیانەوە.. خەونی ئەوان دیسانەوە بینراوی تێدا ونە و تەنیا دەنگ و هەستەکانی دیکە تیایاندا جێی دەبێتەوە، ئەو ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانەیدا ئەندێشمەندی شتەکان بە تەرزی خۆی لێکبداتەوە، لە خەونیشدا بەو چەشنە شتەکانی لا بەرجەستەیە، مەڵبەندە ئەمبارکراوەکانی زانین و دەرکپێکردن و یادەوەریی ئەو کەسە ڕۆڵ دەگێڕێ لەو پێناوەدا، شتی ئایندەیی و پێشبینی کردنیش دەچێتە خانەی لێکدراوێکی بەرهەمهاتوو و ڕەنگە هەستەکانی دیکە بیبەن بەڕێوە، یاخود ئەمە دەرگا لەسەر زانستی وەک پاراسایکۆلۆژیا بکاتەوە، لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ خەون، ئەوا ئەگەر لەو خەونەدا دوو شت هەبن و ببنە لێکدراوێکی نالۆژیکی بەپێی ژیانی ڕاستەقینە، ئەوا لەو پێکهاتە نوێیەیاندا هەمیشە لای کەسی خەوتوو پاساوێک ئامادەگی هەیە، خەون پێ بەپێی خۆی لۆژیک تەریب دەکاتەوە لەگەڵ خۆیدا، ڕوودانی لە بنەڕەتیشدا- بەپێی جیهانی خۆی- سەراپا لۆژیکییە، لێرەوە ڕەنگە ئەوە کەشف بکەین کە ئەوەی بە شپرزەیی و نائارامە و نا سیستمی و فەوزای (میکانیکیة الکم) ناسراوە پووچەڵ ببێتەوە و لە جیهانی خۆیاندا بەو چەشنە ئاڵۆز نەبێ و ئارامیی تاڕادەیەک لەنێو خۆیاندا دەسەڵات بسەپێنێ، بۆ ئەو لۆژیکەی خەون، بۆ نموونە ئەسپ کە گیانلەبەرێکی ڕووەکییە، لەگەڵ ئاگردا یەک بگرنەوە لە خەونێکدا، پێدەچێت ئەسپێکی یاڵ و کلک گڕاوی بێنێتە بەرهەم، پاساو لەو جیهانە نامەحکومەشدا بە یاسای لۆژیکی دەستبەجێ حازرە و وەختێک ئەو گیاندارە سەیرە دەگۆڕێتە سەر فیلێک ئەوا دیسان پاساو قبوڵکردن ئامادەگی هەیە، ئەو گۆڕان و میتامۆرفۆسییە ئەگەر سەرەتاش سەیر بکەوێتەوە لای کەسی نووستوو، لە خاڵی پاساودا لۆژیکی بۆ پەیدادەبێ و لایەنە سەیرەکەی نامێنێ، کەسی خەوتوو کە ڕادەبێ لەو خەونە بەپێی ژیانی ئاسایی ناماقوڵی و نالۆژیکی بەو خەونە دەبەخشێ و سەرمەستی خۆی بەیان دەکات، ڕەنگە سستی هاتوچۆی خوێن لە ساتەوەختی خەوتندا بەرپرس و هۆکاری یەکەمینی ئەو حاڵەتە بێت! ئەوەی پێی دەڵێن ئاگایی لە مێشکدا، بلوورە شلەکە تەنۆچکەکانی سەربەستی یاخود تێرنەبوون، ساردبوونەوە و کەمبوونەوەی جووڵە بیانخاتە ئەو دۆخەوە!!

ئەی چی دەربارەی ئەندێشە کە ڕوودانی لە ئاگایی تەواودایە و کەسی ئەندێشمەند بێدار بێت؟! ئایا پێویست بە زەمینەی تایبەتی خۆی ناکات کە پشت بە لۆژیکە تایبەتییەکانی خۆی دەبەستێ! هەمیشە ئەگەر مەرجەعیش لەناوەوەی ئەو جیهانەدا بێت، ئایا پێوەندییەکان و کارلێکە فیزیکی و ڕۆحییەکان نابێت بوونیان هەبێت!

لە کاتی ڕەخنەیەکمدا لە تێکستی نووسەرێک، یەکێک لەو دەنگە نوێیانە بەوە لۆمەی کردم کە ناتوانم ڕەخنە لە فانتازیا بگرم و فانتازیا بەرپرس بکەم، سنوور بۆ خەیاڵ و ئەندێشە دابنێم، یاخود لەپێکهاتەکانی ئەو فانتازیایە بکۆڵمەوە... وەک ئەوەی فانتازیا هەسارەیەکی سەربەخۆ بێ یاسا و ڕێساکانی لە بەرگی گازی خۆیدا، خۆی بە تەنیا لێپرسراوی یەکەمی خۆی بێ و هیچ شتێک کاریگەریی لەسەر نەبێت!! ئەی کە پێوەندییە نادروستەکانی شلۆق بن، چۆن هەمان فانتازیا دەتوانێت فەزایەک و جیهانێکی سەربەخۆ وێنا بکات؟!

دۆن کیخۆتەی سێرڤانتس کە بە نێوەندێکی داستان و ڕۆمان دەژمێردرێت، بەوەی خاڵی جیاکاری نێوان دوو ژانری وەک ڕۆمانس و ڕۆمان بێت.. کاتێک دۆن کیخۆتە لە دید و ڕوانینی خۆیەوە شتەکان بەو چەشنە دەبینێت کە خۆی دەیەوێت، لەوەشدا بەپێی نغرۆبوونی لەنێو ئەندێشە تایبەتیەکانیدا، سانکۆ پانزای هاوەڵی

هەمیشە ئەو هەستانەی لێ پووچدەکاتەوە و دەیهێنێتەوە بۆ سەر ئەرزی واقیع.. (لێرەدا کاریگەریی ئەم تێکستە لەسەر بیری باو و گۆڕانکارییەکان مەبەستمان نییە) بەڵکو مەبەستی سەرەکی لێرەدا بۆ ئەوەیە کە لەو کارەدا کێشمەکێشی نێوان خەیاڵ و واقیع دەستنیشان کراوە. چەندە جیهانی دەرەکی دژایەتی تێڕوانینی پاڵەوان دەکات، هێندە پاڵەوانیش- دۆن کیخۆتە- پابەند دەبێتەوە بە جیهانی ناوەوەی خۆیەوە، پێوەندییەکان و ململانێی ڕواڵەتەکانی ئەو جیهانە زیندوویێتی و گەرمی هەیە لە ناویاندا و چیرۆکێکە زەمینەی بۆ خۆی چێکردووە.

لە یەکێک لە چیرۆکە بە پێزەکانی گابریل گارسیا مارکێزدا کە بەسەرهاتێکە و ڕەنگدانەوەی قۆناغی منداڵی مارکێز خۆیەتی، ئەوەش بەپێی یاداشتەکانی، یان هێزی بەرجەستەکردنی خەیاڵ لە هێنانی پاڵەوانێکدا کە شارەزایی دەسەڵاتی یەکەمینە، دەبینین فانتازیا گرێدانی خەون و خولیای کارەکتەری مێردمناڵ و ڕەوتی گێڕانەوەی گێڕەوەی چیرۆک بەرجەستە دەکات. لەو چیرۆکەدا (دوایین گەشتی کەشتییەکی خەیاڵی) کە تەنیا ئەگەر ناونیشان لەو چیرۆکەدا لابرێ وشەی (خەیاڵی) نەهێنینەوە بیری خۆمان، ئەوا دەکەوینە گومانێکی بەردەوامەوە کە ئەوەی دەیخوێنینەوە ڕاستەقینەیە و تەواوێ ڕوودەدات، لە دیدی پاڵەوانەوە گۆشەکان دەبینرێن و ئەوەی لە چوارچێوەی ئەندێشەدایە ڕووەو واقیعبوون دەکشێ و ڕوودەدات، نەبینراوەکان دەبنە بینراو و لۆژیک لە پەرەپێدانی ڕووداودا ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت و لەو چیرۆکەشدا ململانێی بۆچوونەکان و بەرەنگاربوونەوەی ئەندێشەی خودیی سەراپا هەموو ڕووداوەکەیە و کارەکتەرانی گوندێک تیایدا بەشداری دەکەن، هەندێ جاریش ئەوانیش لەو ئەندێشە تایبەتییە دەکەونە گومانەوە و فریو دەخۆن، مارکێز کە هەمیشە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێتەوە کە لە نووسینەکانیدا دێڕێک نییە پێوەندی بە ژیانی خۆیەوە نەبێت، لە پاڵ ئەوەشدا فانتازیا دۆخی گشتی چیرۆک و ڕۆمانەکانی دەتەنێتەوە، ئەمەش بەڕای من لەو سەرچاوەیەوە سەرهەڵدەدات کە تێگەیشتن و قاڵبوون لە بەکارهێنانی ڕەگەزەکاندا لەپشتەوە ئامادەیە.

کەواتە نائاگایی و پەینەبردن بە ڕەگەزەکان ئەو حاڵەتە دروست دەکات، پاشان خۆ ماندوونەکردن لە پێناوی پێزانینیاندا و لەسەرێکی تریشەوە نەبوونی بیرۆکەی خەملێنراو وا دەکات ئەو ژانرە زیندووانە بەو ئاقارەدا تێپەڕبن.. جلەو شلکردن بۆ خەیاڵێک کە هێشتان پێنەگەییبێ و بە چیرۆککردنی ئەستەمە شتێکی جوان و سەرکەوتووی لێ بکەوێتەوە، پلان دانەنان و زەمینە خۆشنەکردن لەو پرۆسەیەدا و بە تەنیا گیرسانەوە لە بەدواداچوونی ئەندێشەی بێ بەرنامەدا ڕووەو نشێوی پەلدەکوتێ.. ئیتر لەو جیهانەدا کە ڕەهەندەکانی دیاری نەکرابن و هیچ ڕواڵەتێکی زانستی و باوەڕپێکراوی لەخۆ نەگرتبێ، ئەوەی کە بەدیار و ئاشکرا دەناسرێت هێشتا نەخرابێتە بەر تیشک و وردبوونەوە، ئەی کامەیە گەڕان بەدوای نادیارەکاندا؟! وتراوەکان نەگەیشتبنە ئاستی ڕەوای خۆیان، ئەی هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی نەوتراوەکان چیی؟!

پێم وایە لایەنێکی دیکەی ئەو نشوستییە بۆ لاساییکردنەوە دەگەڕێتەوە، هەم لەنێو نووسەران خۆیاندا و هەم لە دووپاتکردنەوەی ئەزموونی نووسەرانی جیهانی و تارادەیەکیش پەلکێشکردنی بیرۆکەی پچڕپچڕ و ڕووداوی وەرگێڕاو، پارچە گواستنەوە و گرتەی تەلیسماوی ک بە ئاشکرا بە کارەکانەوە دیاری دەدەن. ئەمانە هەموو وادەکەن ئەو نووسەری چیرۆکانە نەبنە خاوەنی شێوازی تایبەتی و زیندوویێتی. لە کارەکانیاندا سستی و پەشێوی جێی بگرێتەوە. هەروەها بەهەند وەرنەگرتنی تەکنیک و فۆرمی نوێ کە فەزای تر و وێناکردنی دیکەی لێوە بەرهەم دێت، ئیدی کارێک کە خۆی لەخۆیدا گەڕان و پشکنین نەکاتە خەمی سەرەکی، لەوێشەوە ئیشکردن لە زماندا نەبێتە جێی وەستان و کەشفکردنی ئەو لایەنە هەستپێنەکراوانەی لە هزری مرۆدا دزە دەکەنە مەڵبەندەکانی دییەوە، یاخود دەستنیشانکردنی ئاوێتەبوونی کاتە جیاوازەکان بەپێی شوێن و مامەڵەی شتەکان، دەبێت ئەو گەڕان و ئیشکردنە لەسەر چ شتێک بوەستێتەوە!

خاڵی هەرە گرنگیش کە خۆی لە داهێنان و نوێگەریدا دەبینێتەوە، پێوەندی بەوەوە هەیە کە ئەو چیرۆکنووسانە خاوەنی تێڕوانینی نوێ نەبن، چونکە هەموو نوێگەرییەک ئەگەر هەڵگری تێڕوانینێکی نوێ نەبێت ناتوانێت ببێتە نوێ و هەر لە سەرەتاشەوە مەیلی لادان لە ڕەوت و شێوازی باو بۆ تەریکبوون بێت لەو ژیانەی تیایدا دەژی و بورجێکی وەهمی بۆخۆی چێ بکات، تەنیا خۆ خەریککردنێکی بێ بەرە و هیچی لێ ناچنرێتەوە.. بەنووسینی دەیان و بگرە زۆرتریش لەو جۆرە چیرۆکانە نەک چیرۆکنووسەکە ناتوانێت تینوویێتی خۆی بشکێنێ، بەڵکو مەیل و ئارەزووی خوێنەرانیش تێکدەدا و قەیرانێک دروست دەکات کە ناوی نێوەندەکەش لەکەدار دەکات.

ئەو فانتازیایە کە ئەڵقەکانی هێندە تۆکمە نەبن و بەر لە دایکبوونیان لە یەکتری جویێ ببنەوە، بەشەکانی پێکەوە کۆک نەبن و لەخۆوە بگۆڕێنە سەر شتێکی دی، بێئەوەی کارتێکەربن لەسەر هەست و لێکدانەوە و لە جیهانی دروست نەبووی خۆیاندا بەسەر خۆیاندا داخرابن، نەبوونیان باشترە و بەرلەوەی لەبەردەمیدا وەچەی نوێش تێوەبگلێنن، باشتروایە بەریان لێبگیرێ تا خاڵێکی وەرچەرخان ڕووبەڕوویان ببێتەوە.

ڕۆمان، ئەو ژانرەی لە یەکالاکردنەوە و بڕینی قۆناغەکانیدا، لە بەرجەستەکردنی کۆمەڵگای سەرمایەداری، ئەوەی بۆی ماوەتەوە لە ئێستادا تەواوکردنی سوورەکەی خۆیەتی و بەرەو داستانەکان کشاوەتەوە.. لێکۆڵەرەوانیش بانگەشەی مەرگی ڕادەگەیەنن و هیچ پێوەندییەکی بە ژیان و گۆڕانکارییەکانەوە ئیدی نابیننەوە، بەڵکو وەهاش تەماشای دەکەن کە سەرقاڵی کێشە داخراوەکانی خۆی بێ و بەسەر خۆیدا شکابێتەوە، ئەی بۆ ژانرێکی وەک چیرۆکی ئەم دواییە ئێمە دەبێ چی بوترێت کە ناچێتە خانەی داستانیشەوە، بەڵکو ئەو هەقایەتۆکانەی داپیرە دەیگێڕانەوە و بە ڕووداوە سامناکەکانی منداڵانی دەخستە ترس و لەرزێکی ڕاستەقینەوە!!

سیحری نووسین، خوڵقاندن و هەوڵدان نییە بۆ دروستکردنی دۆخێکی سیحری و تەلیسماوی، کارەکتەری بێ هاوتاو (فانیی) کە شتەکان بگۆڕێ و لە گۆڕینی خۆیشیدا دەستەوسان بێت، سیحری نووسین لە جوانیەکەیدایە، لە هێزی خەملاندنی ئەو فەزایەدایە کە ژیانی تێدابێ و چرکەکانی ڕاتەکاندن و سەرخستنی هەستەکان مەرامیەتی، لەو زمانەدایە کە دۆزینەوەی نوێ دەکاو گەورە خۆمان پیشان دەداتەوە، مانا مرۆییەکان بایەخ پێدەدا و بەهایان بە بەردا دەکات.. لەو ڕوانینەدایە کە پەی بە شتە فەرامۆشکراو و لەبیرکراوەکان دەبات، ئەو نادیارانەمان دەخاتە پێش چاو کە لە پاڵ بینراوەکاندایە و کەسێکمان پێشتر نەبینیوە و هەستی پێنەکردووە، لەو گومانەدایە کە پێمان دەبەخشێ و پێ بەپێی ژیان لەگەڵماندا ڕێدەکا و دەمێنێتەوە.

* دەکرا ئەم نووسینە پراکتیک لەسەر چەند چیرۆکێک بکات و وەک نموونەی بەرچاو کاری لەسەر هێندێکیان بکردایە، بەڵام بە بەشداریکردنی خوێنەر ئامادەگی ئەو لایەنانەی هاتوونە بەر باس بەڕوونی دیاری دەدەن و بەشێوەیەکی گشتی لای خۆیەوە نموونەی ئەو جۆرە چیرۆکانە دەستنیشان دەکات.

# تەکنیکا ڤەگێڕانێ د کورتە چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا

نەفیسا ئیسماعیل
(دهۆک)

(٢ - ٢)

### ٤-٣-٢ بێهنڤەدان: راوەستان

ئەوە دەمێ ڤەگێڕانا رویدانا بەرەف پێش رادوەستیت، ئەوژی تەکنیکەکا دەمی یە، دهێتە ئەنجامدان دەمێ «ڤەگێڕان بەرەف سالۆخدانێ دچیت» (٨٦)، بەلێ دگەل هندێ ژی دبیت سالۆخدان راوەستانێ ئەنجام نەدەت، دەمێ (سالۆخدان ل سەر راوەستیانەکا هزرتێکرنێ ل نک کەسان دهێت، و بۆمە هەست و داخباریا وی بەرامبەر دیمەنەکێ خۆیا دکەت» (٨٧)، ل ڤێرە دیاردبیت ئەگەر هات و سالۆخدان بابەتی بوو، دەمێ ڤەگێڕ پێ رادبیت بۆ راگەهاندنا هندەک پێزانینان بۆ خویندەڤانی، بێهنڤەدان ئەنجام ددەت، بەلێ ئەگەر سالۆخدان خوەیی بوو دگەل هندێ کو ڤەگێڕ پێ رادبیت، بەلێ سالۆخدانێ گرێدەت ب چالاکیا دیتنێ ل دەف قارەمانی، بۆ دیارکرنا کارتێکرنا دەرونی یا وان دیتنا ل سەر وی؛ ئەڤە بێهنڤەدانێ ئەنجام نادەت.

بکارئینانا (فازل عومەری) بۆ سالۆخدانێ ب رەنگێ دروستکرنا بێهنڤەدانێ، کێم دهێتە دیتن، بۆ نموونە ئەم د چیرۆکا (دیمەنەک سوریالی ژ فلمەک راپورتی)دا، وەکی مە دیارکری ئەڤ چیرۆکە ب تەکنیکا مونتاجا میکانیکی هاتیە ڤەگێڕان ب رێکا چاڤێ کامیرێ و چیرۆک ژ چەند وێنەیەکان پێک دهێت، وێنێ ئێکێ ب سالۆخدانا باژێری دەستپێدکەت کو ئەڤ باژێرە هێمایە بۆ کوردستانێ «باژێرەکە، نەسەر دیارە نەبن، د مژ و مۆرانێ را هندایە، ئەڤ باژێرە هێژ کەسێ سینۆر نەدایە..» (٨٨)، دیسان د وێنێ دویێ ژێدا سالۆخدان تێدا هاتیە، کو ڤەگێڕ سالۆخدانا وێنەی دکەت و ئێکو ئێک ئەو کەسێن کو هێما بۆ داگیرکەرێن کوردستانێ، سالۆخدان دکەت ب ڤی رەنگی (کراسەک دانگ و دانگ د بەرە هلدایە سەر چوکێن خوە تاکو ناڤرانێن وی رووسە ب دەستێ راستێ قەت وەربس ل پێ خوە ددە، یێ دی شالوالەک دپی یە و قەمیسەک رەش دبەرە، رێدینەک رەش هیلایە دێ بێژی شاگردێ خەییامە، یێ سێیەم شەفقەک د سەری یە و بەرچاڤکەک زیڤەکی بەرچاڤانە و دەستەک برین بۆ سالۆخدانا کەسەکێ، کو دیار دبیت (چەتە)یە، ب ڤی رەنگی سالۆخدانا وی دکەت «دەستەک شەل و شەپکان دبەرە، جۆتەک دەرسۆکا د سەری یە، شووتکەک د پشتێ و کالکەک دپێ ی» (٩٠)، ئەڤ سالۆخدانە ژلایێ ڤەگێڕی ڤە هاتیە ئەنجامدان، سالوخدانەکا بابەتی یە راوەستانەک ئێخستی یە بەرەف پێشچوونا رویدانان.

ب راستی بێهنڤەدان د چیرۆکێن (فازل عومەری)دا وەکی مە گوتی کێم دهێتە دیتن؛ ژبەرکو گەلەک جاران سالۆخدان خوەیی یە، دیسان ب گشتی بیردانکا چیرۆکێ ل دەف ڤەگێڕێ وی، د گەلەک چیرۆکاندا بیردانکەکا کریاری یە نەک تێفکرینە؛ لەوما ژێکجوداکرنا سالۆخدانێ و ژ ڤەگێڕانێ د چیرۆکێن ویدا گەلەک ب زەحمەتە وەکی د چیرۆکا (تۆلڤەکرنا خودایی)دا، کەسێ چیرۆکێ ب خوە سالۆخدانا خوە دکەت، دەمێ دبێژیت:

«ترسا دنیایێ د چاڤێن من دا کۆم ببوون و هەستدارێن من هند نازک ببوون، دەنگێ پێن مێرویەکێ ل بەر دیواری دهات» (٩١)، دیسان د چیرۆکا (قیڤیا ئەبەدی)دا، سالۆخدانا خوەیی دهێتە دیتن ب ڤی ڕەنگی «دەڤەکێ بەش، ل هیڤیا هەناسەیەکێ لەشەکێ پڕی ئاڤلدانکێن ئاڤەکا زەرپەتخی چەرمەکێ گوژیشک و هلوەریای هەردوو چاڤ ببوونە دو ئاڤلدانکێن زەلال... هتد» (٩٢). وەکی دیار ئەڤ سالۆخدانە خوەیی یە، ژ ئەنجام ڕاوەستانەک هزرتێکرنێ یە ل دەڤ ڤەگێری کۆ کەسێ چیرۆکێ یە و کارتێکرنا وی دیمەنی ل سەر دیار دکەت.

دیسان سالۆخدان ل دەڤ (فازل عومەر)ی ب تەکنیکا هەلبژارتن هاتیە بکارئینان واتە هەلبژارتنا هندەک پشک و ساخلەتێن دەستنیشانکری دناڤبەرا هندەک پشک و ساخلەتێن تشتی، واتە سالۆخدان ب کورتی، هەرچەندە دبیت سروشتێ کورتە چیرۆکێ ڤێ چەندێ دخوازت، چونکو بیاڤێ وێ تەنگە.

### ٤-٣-٣ دیمەن

ئەڤ تەکنیکا ڤەگێرانێ بەروڤاژی کورتکرنێ یە، د کورتکرنێدا ڕویدانێن لاوەکی دهێنە پوختەکرن؛ واتە ڕویدان بلەز دهێنە بوراندن، بەلێ ڕویدانێن گرنگ ب هەمی هوور هوورکێن خوەڤە دهێنە ڤەگێران؛ دبیتە ئەگەرێ هندێ قەبارێ تێکستێ- چیرۆکێ- نێزیکی دەمێ سەرهاتییێ بیت، ڕویدان تێدا سەرەکی نە، و بەرچاڤکرنا وان گرنگی یا خوە هەیە د بریڤەبرنا چیرۆکێدا(٩٣).

ب ڕاستی ئەڤ چەندە ب ڕێژەیەکا باش دناڤ چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا دهێتە دیتن، بۆ نموونە د چیرۆکا (کەسانێ دی)دا ڤەگێر کو کەسێ چیرۆکێ یە، دیمەنێ (جوامێر)ی دناڤ دەستێن هەڤالادا ڤەدگێریت، هەرچەندە ئەو دیمەنە هەستا وی یە، و ئەو چەندە ل دەڤ وی ڕوددەت و دهێتە پێشچاڤێن وی، وێ چەندێ ب هووری ڤەدگێریت؛ چونکو هەر ژ ناڤێ چیرۆکێ دیارە، کو مەبەست ژ نڤێسینا ڤێ چیرۆکێ ئەڤ دیمەنیە، ئەڤێ دهێتە پێشچاڤێن (بەنگین)ی، دەمێ جوامێر دکەڤیت دناڤ لەپێن هەڤالاندا بۆ ترانە، هەرچەندە دیمەن د چیرۆکێدا بەری وێ چەندێ دەستپێدکەت ب ڤی ڕەنگی «هەر سێ بەزینێ، چو ب م نەما ژبلی بگرنژم! یەکی هەردو پێن وی گرتن و هەریەک دی کەفشەک وی و پێکۆل کرن پنتەلون د پێیان دا بینن خوار و جوامێر، دنێڤ لەپێن وان دا دلەپتی.. و ئەز ل تەماشێ، ژ نشکێڤە، دەنگێ جوامێرێ کەسک بوو کەڤزێ گرت، گرگرک کەڤتن پیستێ وی، لەپێن وی کو ل دۆر (سەمیر) و (سەردار) بوون، درێژبوون، و تلێن وی گرێک کەڤتنێ و پەنج پێڤە هاتن، لنگێن وی کو (جەلال) دابوونە تەنشتێن خوە، پەرماسی پێڤەچێ بوون، یان بون و کێخ کەڤتنێ، نینوک وەکی چەنگالان لێ هاتن، من هو چاڤێ خوە گێڕا من سەرێ وی دیت! سەرێ وی مەزن بوو دناڤ مالان دا چۆ بوو خوار، دو شاخێن بچووک پێڤەبوون..» (٩٤)، وەکی دیاردبیت کو هەمی هوور هوورک دهێنە ڤەگێران، و هەتا ڕادەکێ قەبارێ تێکستێ نێزیکی دەمێ سەرهاتییێ دبت، ئەڤ نێزیک بوونە دناڤ چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا پتر ب ڕێکا دیالۆگێ هاتیە ئەنجامدان، وەکی ئەم د چیرۆکا (دەنگ)دا دبینین، کو ب دیالۆگی دناڤبەرا دوو کەسان دا دەستپێدکەت، کو یێ ئێکێ کەسەکێ هۆشیار و های ژ دەنگی هەیە، و یێ دوێ نەهوشیارە یانژی خوە د خاپینیت، و ب ڤێ چەندێ ب ڤی دیمەنی یان دیالۆگێ قەبارێ تێکستێ دگەل دەمی یەکسان دبیت یان ژی نێزیک دبیت، چیرۆک ب ڤێ ڕەنگی دەستپێدکەت:

«- تە های ژڤی دەنگی هەیە؟

- دەنگی چی؟

- ئەڤ دەنگێ تیژ و دڕ و نەدلۆڤان.

- چو دەنگێن هۆسا ناهێنە گوهێ من، چاڤێن خوە ل من زیق کرن و گۆت:

- ما هندەک داستان ل ڤر هەنە دا ئەڤ دەنگێن تو ژێ دبێژی هەبن؟

- تە ژ دل های ژێ نینە؟

...... هتد» (٩٥).

و هۆسا دیمەنی ئێکێ ب ڤی ڕەنگی یە، کو چیرۆک پارچەک دیالۆگە و پارچەک دی مۆنۆلۆگە.

کەواتە دیار دبیت لڤینا دەمی کێمە دناڤ کورتە چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا، دیسان کورتکرن و بوراندن ژی و ل ڤێرێ وی خالبەندییا لابرنێ بکارئینایە، هەروەسا چونکو ڕاوەستان ب ڕێکا سالۆخدانێ دهێتە ئەنجامدان و ئەو سالۆخدانە خوەیی یە؛ لەوما ڕاوەستان ژی کێمە ل دەڤ، تەکنیکا دیمەن ژی ب ڕێژەیەکا باش بکارئینایە.

### ٥- مۆنۆلۆگ (٩٦) Monologue

ئێکە ژوان تەکنیکێن د بوارێ چیرۆکێدا هاتیە

بکارئینان، ژبۆ دیارکرن و دیتنەڤەیا کووراتیا کەسانێن وێ، دیسان رێکەکە کو (غەریزە) و نەستێ وان پێ بهێتە دیارکرن، د چیرۆکا کوردیدا پشتی سالێن حەفتێیان بەلاڤ بوویە «مۆنۆلۆگی ناوەوە وەکو تەکنیکێکی نوێ ل ئەدەبی کورتە چیرۆکی کوردیدا، لە حەفتادا بە چڕی و پڕی و زۆری بەکارهێنرا» (٩٧) د ئەدەبێ ئەورووپیدا پشتی جەنگی جیهانی یێ ئێکێ هاتیە بکارئینان.

(روبرت هیمفری) چەند تەکنیکەکا دیاردکەت کو نڤیسەر ب رێکا وان دەربڕینێ ژ (شەپۆلی هۆش) دکەت، ئەوژی چوارن: [مۆنۆلۆگا راستەوخۆ، مۆنۆلۆگا نەراستەوخۆ، سالۆخدان ب رێکا زانیاریێن پڕ، خۆ دواندن (موناجات)] (٩٨)، بەلێ دڤی بواریدا (ئیبراهیم قادر محەمەد) شەپۆلی هۆش ب جۆرەک ژ مۆنۆلۆگێ دانیت، و چوار جۆران بۆ مۆنۆلۆگێ دەستنیشان دکەت، ب ڤی رەنگی «ئەوەی لە چیرۆکەکانی حەفتادا بینراوە، بەکارهێنانی سێ جۆری مۆنۆلۆگی ناوەوەیە بە زۆری، کە (مۆنۆلۆگی ناوەوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆیە) لەگەڵ (تەداعی)؛ بەڵام جۆری چوارەم لە شەپۆلی هۆش- تیار الوعی- زۆرکەم بەکارهێنراوە» (٩٩).

مۆنۆلۆگ ب ڤی رەنگی دهێتە پێناسەکرن: «ئەو تەکنیکە یا د چیرۆکێدا دهێتە بکارئینان؛ بۆ دیارکرنا پێکهاتنا دەروونی یا کەسێ چیرۆکێ و ئەو کریارێن دەروونی ل نک بێی کو ب شێوەکی تمام یان پارچەیی ل سەر بئاخڤن ل وێ چرکەیا کو ئەڤ کریارە ل ئاستێن جوداییێن دەستهەلاتا هوشمەندی بن، بەری دروست بوونێ، کو دەربڕین ب ئاخفتن ب مەبەست ژێ بهێتەکرن» (١٠٠)، هەروەسا هاتیە «ئەم تەکنیکە مەبەستی خستنەڕووی دیوی ناوەوەی کەسانی چیرۆکەکە واتە دیوی نەستی- لاشعوری- کەسەکە بەکاردێت کە لە ئەنجامی تیۆرەکانی فرۆیدەوە دەربارەی شی کردنەوەی دەروونی هاتەکایەوە» (١٠١)، ل ڤێرێ دێ گەهنە وی ئەنجامی کو گرنگترین مەرجێن مۆنۆلۆگێ ئەوە:کو ئەو دەربڕینا ب مۆنۆلۆگێ دهێتە ئەنجامدان، دڤیا نەگەهشتبیت ئاستێ ئاخفتنا ئاسایی ب گشتی ئەم دشێین چەند لقەکا بۆ مۆنۆلۆگێ دەستنیشان بکەین:

### ٥-١ مۆنۆلۆگا ڕاستەوخۆ

مۆنۆلۆگا راستەوخۆ: «ئەو جۆرە یێ کو گرنگییێ نادەتە مایتێکرنا نڤیسەری، دیسان هەبوونا گوهداری ل بەر چاڤ نەگرت» (١٠٢)، ل بەر ڕوناهیا ڤێ پێناسێ (حسێن عارف) و (ئیبراهیم قادر محەمەد) سێ مەرجان بۆ مۆنۆلۆگا ڕاستەوخۆ دەستنیشان دکەن:

«١- حازرنەبوونی هیچ گوێگرێک کە گوێ لەو قسانە بێ کە، کەسانی چیرۆک لەگەڵ خۆیاندا دەیکە واتە نەبوونی هیچ خوێنەرێکیش کەوا فەرز بکرێ لە کایەدایە و موعلوماتێکی پێ رادەگەیەنرێ.

٢- حازرنەبوونی نووسەر، واتە خوێنەر دەبێ لە کاتی خوێندنەوەدا هەست بە بوونی نووسەر نەکا..

٣- دەربڕینێ ئەوەی لە دەرووندایە دەبێ بە لێشاو بێ و پەیوەندییەکی مەوزوعی توندیش لەنێوان ئەو شتانەدا نەبێ کە دەریاندەبڕێ..» (١٠٣).

### ٥-٢ مۆنۆلۆگا نەڕاستەوخۆ

ژ سەخلەتێن ڤێ تەکنیکێ: «مۆنۆلۆگا نەڕاستەوخۆ هەستی ب ئامادەبوونا نڤیسەری ددەتە خویندەڤانی، بەلێ د مۆنۆلۆگا راستەوخۆدا ئەڤێ ئامادەبوونێ تمام ژ دەست دهێتەدان.. جهناڤێ تاکێ نەدیار ل جهێ جهناڤێ تاکێ ئاخفتنکەر د مۆنۆلۆگا نەڕاستەوخۆدا بکار دهێت» (١٠٤).

### ٥-٣ خۆدواندن (موناجات)

دەربارەی ڤێ تەکنیکێ هاتیە: «هەر لە دڵەوە گۆتن و لە ناخەوە قسەکردنە پێش دەرڕین بە قسە؛ بەڵام هەست بە بەزەیی بە خۆدا هاتنەوەکردن و، و دورەبە بەرخۆداکردنەوە و، دڵدانەوەی خودی پێوە دیارە... ئەم خۆدواندنە ئارامی بەخشەبە کەسێتی و دەروونی کارەکتەر» (٥-١).

### ٥-٤ ڤەگێران ب (تەداعی)

ئەڤ تەکنیکە گرێدایی یە ب بیرهاتن و پێزانینێن د بیردانکا کەسان دا، چ وێنە بن، یان ڕەنگ، یان بهێن.. هتد؛ چونکو ئەڤ هەمی پێزانینە ب رێکا هەستێن مرۆڤی هاتینە کۆمکرن، و ب ئەگەرێ وێنەیەکێ ژ دەرڤە یان بێهنەکێ، یان ڕەنگەکێ، یان دەنگەکێ دهێنە ئازراندن؛ رویدانەکا ڕابردوو یا عونبارکری دهێتە بیرا مرۆڤی، و ل ڤی دەمی گرێدان دناڤبەرا هەردوو ڕویدانێن کەڤن و نویدا دروست دبیت» (١٠٦).

### ٥-٥ شەپۆلی هۆش

ل دویف وان پێزانینێن مە دەربارەی مۆنۆلۆگی زانین؛ ئەم دگەهنە وی ئەنجامی کو شەپۆلی هۆش پلەیەکێ ژ

مۆنۆلۆگا ڕاستەوخۆ زێدەترە، شۆڕ دبیتە ناڤ ناخێ كەسان ژبلی مەرجێن مۆنۆلۆگا ڕاستەوخۆ هندەك مەرجێن دی بۆ ڤێ تەكنیكێ هەنە ئەوژی ئەڤەنە «هەڵەی زمانی كردن و، پەیرەونەكردنی دەستووری ڕێزمانی و بەكارنەهێنانی خالبەندی و تێكەلكردنی بیرەكانە بەسەریەكدا» (١٠٧).

ب ڕاستی مۆنۆلۆگ دناڤ چیرۆكێن (فازل عومەر)ی دا دهێتە دیتن، بەلێ نە ب شێوەكی زۆر، بۆ نموونە ئەم مۆنۆلۆگا نەراستەوخۆ د چیرۆكا (گورگ و رەخت و تڤەنگ)دا دبینین وەكی «دێ كیڤە هەرە؟ خوە باڤێژەبەختێ؟ دێ چ ل جەنبەلی كە؟» (١٠٨)، وەكی دیار كو ب جهناڤێ نەدیار هاتیە دارێتن، دیسان د چیرۆكا (هەریەك خەونێن خوە دبینە) دەمێ كەسێ چیرۆكێ ب سەر بانی دكەڤیت، دبینیت هەر مالەكێ ئالایەك بلندكریە و چ مالێن بێ ئالا نابینیت؛ لەوما ڤەگێر دبێژیت كو وی ددلێ خودا گۆت: «ئەڤی خەلكی خێرە! دین بونە؟» (١٠٩)، هەر د هەمان چیرۆكدا هاتیە، مەژێ وی دگۆتێ: «تو بەرخی» (١١٠)، وەكی دیار ئەڤ مۆنۆلۆگە نەڕاستەوخۆیە و ب جهناڤێ دوێ (تو) هاتیە، ب ڕاستی ل ڤێ جوداكرنێ دناڤبەرا مۆنۆلۆگا ڕاستەوخۆ و یا ناراستەوخۆ من پتر پشتبەستن ب جۆرێ جهناڤی كریە، هەرچەندە من هەوڵدایە جیاوازیێن دی ژی- ئەوێن من ل بەراهیێ ئاماژە بۆ كری- ل بەرچاڤ بگرم؛ بەلێ چونكو ئەو جیاوازی یە هەتا رادەكێ لاواز بووینە؛ لەوما من پتر جهناڤ ل بەرچاڤ وەرگرتینە.

هندەك نموونێن مۆنۆلۆگا ڕاستەوخۆ بەرچاڤ دكەڤن وەكی د چیرۆكا (دەین)دا ب ڤی ڕەنگی «من گۆتە خوە، هەكە من شەكرۆك كرین، دێ خۆم و خلاس، بەس پارە هندی مرۆڤ چو پێ نەكریت، دێ وەكی خوە مینە» (١١١)، بەلێ ئەڤ ڕەنگێ مۆنۆلۆگێ ب شێوەیەكی بەرفرەهـ د چیرۆكا (دەنگ)دا هاتیە بكارئینان كو چیرۆك پارچەكریە، پارچەك ب دیالۆگێ و یا دی ب مۆنۆلۆگا ڕاستەوخۆ هاتیە دەربڕین و ل ڤێرێ ب دروستی مرۆڤ هەست ب هەبوونا نڤیسەری ناكەت، دیسان دیار نینە كو بۆ كەسەكی دهێتە ڤەگێڕان؛ چونكو د دیمەنیدا ب تنێ كەسێ چیرۆكی یە، و هیچ كەس پشكدار نینە، بۆ نموونە «ئەز نزانم چ بكەم.. هەكەر چی خەلكێ ڤێ دنیایێ هەمی دبێژن: مە های ژێ نینە، لێ ئەز پشتراستم هەمیان وەكی من های ژێ هەیە... لێ پرسیار ئەوە، بۆچی ئەز دەرەهی دكەم و ئەو نە؟! نەكو ژڤی دەنگی بزدای بت؟... هتد» (١١٢). چیرۆك ب ڤی ڕەنگی بەردەوام دبیت، پشكەك دیالۆگ و ئێك مۆنۆلۆگا ڕاستەوخۆ.

تەكنیكا خۆ دواندن ئەم د چیرۆكا (مێڤانێ نەوەخت)دا دبینین دەمێ (شێرزاد) كەتیە ترس و نەئارامییێ، دەمێ دایكا وی بۆ ڕاگەهاندی كو (ئەمن)ا بەعسیا جابا وی فرێكریە، ژبۆ خوە ئارامكرنێ ل ئەگەرەكێ یان كریارەكا خوە دگەڕیت كو ژبەر وێ جابا وی ڤرێكر بیت، بۆ نموونە (من چ كری یە؟ من چ گوتی یە؟ ئەز دگەل كێ گەڕامە؟ دگەل كێ ئاخفتیمە؟ من بەرێ خوە دا یەكێ؟ ئەز چۆمە كیڤە؟ ئەز دبەر كێ رابوریمە؟ كی دگەل من ئاخفتی یە؟» (١١٣).

د چیرۆكا (دەین) ژی دا، ئەڤ جۆرە بەرچاڤ دكەڤیت، دەمێ كەسێ چیرۆكێ دەلیڤا داخوازكرنا دەینێ خوە ژ (خەلۆ)ی ژ دەست ددەت ژبۆ خوە رازیكرن و ئارامكرنا خوە دبێژیت: «بۆچی من نەگوتێ؟ من بۆچی نەگۆتێ؟ ئو هۆ ئەز چەند شەرمینم» (١١٤).

تەكنیكا ڤەگێڕان ب (تەداعی) كێم بەرچاڤ دكەڤیت، بۆ نموونە د چیرۆكا (تولڤەكرنا خودایی)دا هاتیە، دەمێ قارەمانێ چیرۆكێ چاڤێن وی دهێنە پەشاندن ب دەستێن رژێمێ و دكەڤیتە جیهانا تارستانییێ، ئەڤ چەندە رویدانەكێ ل بیرا وی دئینیت؛ ژنوی ئەگەرێ وێ رویدانێ ل نك ڕۆن دبیت «زەلامەكێ سمبێل بوق، تفەنگ ل ملی و رەخت و فیشەك گرێ دای.. سەگی دبتە نوهالێ و تڤەنگەكێ لێ ددەت، مێش و مۆر ددەنێ، بێهنەك گەنی ژێ دهێت، پاشی درزت و هەستی ژێ دمینن.. ژنوو من زانی ئەڤێ هەمییێ بۆ نەهێلانا كۆراتی یێ دكەن!» (١١٥).

كەواتە بۆمە دیار دبیت كو ئەڤ تەكنیكێن مۆنۆلۆگێ ل دەڤ چیرۆكنڤیسی هەنە هەرچەندە كێم ژی بن، بەلێ شەپۆلی هۆش ب ڕەنگەكێ ئاشكرا دناڤ چیرۆكێن ویدا بەرچاڤ ناكەڤیت.

### ٦- چاپتەرەكرنا چیرۆكێ (مونتاجا میكانیكی)

ئەڤە ژی ئێكە ژوان تەكنیكا ئەوێن د چیرۆكا كوردیدا بكارئینان، ئەڤ تەكنیكە سەربەستییێ ددەتە چیرۆكنڤیسی بۆ گوهوڕینا جهی و دەمێ چیرۆكێ، دەمێ چیرۆكنڤیسی بڤێت بێهنڤەدانەكێ بكەت و هەناسەیەكێ بكێشیت، بۆ ڤەگوهاستنا رویدانان و دەستپێكرن بڤەگێڕانا لایەنەكێ دی ژ ڕویدانێن سەرەكی(١١٦). ئەڤ چەندە ب تەكنیكا (مونتاجا میكانیكی) دهێتە

ناڤکرن و ژ مونتاجا دەمی وجهی جودایە «لە ئەنجامی دانی مونتاجی کات و مونتاجی شوێن دا دەست تێوەردانی چیرۆکنووس پێویست نییە و پاڵەوانی خۆی لە ڕێی مەنەلۆجەوە جێ بەجێیان دەکا، بەڵام مونتاجی میکانیکی بە پاڵەوان خۆی ئەنجام نادرێت و ئەمەش وا پێویست دەکا چیرۆکنووس، خۆی ئامادە بێت و خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کارەکە ئەنجام بدات» (١١٧) چەند نیشانێن دیار بۆ ڤێ تەکنیکێ هەنە وەکی: دانانا ژمارا (١، ٢، ٣... هتد) نیشانێن چاپەمەنی (خال، ستێر،...هتد)، دانانا ناڤونیشانێن لاوەکی بۆ چیرۆکی، ئەڤ پشکە ب هێز پێکڤە گرێدداینە و لادانا هەر ئێکێ کارتێکرنێ ل چیرۆکێ دکەت، بەلێ مەرج نینە ژلایێ قەبارەی ڤە هندی ئیک بن. دبیت دڤێ تەکنیکێدا دەم، جه، ڤەگێڕ، یان تەکنیک.. هتد، یان پتر ژ ئێک ژڤانا بهێتە گوهرین(١١٨).

ئەڤ تەکنیکە ب ڕەنگەکێ بەرفرەهـ دناڤ بەرهەمێ چیرۆکنڤیسیدا دهێتە دیتن، وەکی د چیرۆکا (دیمەنەک سووریالی ژ فلمەک ڕاپورتی)دا (١١٩) بەرچاڤ دکەڤیت، چیرۆکنڤیس تێدا یێ سەرکەفتی بوویە؛ چونکو دەربرینێ ژ دابەشکرنا کوردستانێ دکەت دناڤبەرا چەند وەلاتاندا و هەلویستێ هەر ئێکێ دگەل مللەتێ کورد ب هێما ئێخستی یە بەرچاڤ، دیسان ئاماژە بۆ هندەک کوردێن خوە فروش تێدایە، چیرۆک هاتیە پارڤەکرن بۆ چەند پشکان، هەر پشکەکێ ژمارەک بۆ هاتیە دانان ژ(١-٥) کو چیرۆک پێنج پشکە دگەل هندێ چیرۆکنڤیسی ناڤ ژی بۆ دانانە، ئەڤ پشکە ب کامیرێ هاتینە وێنەکرن؛ لەوما ئەو وێنە هاتینە ناڤکرن ب: [وێنەیێ دوور، وێنەیێ نێزیک، ژیان کەفتە دیمەنی، وێنێ دوماهیکێ، وێنەیێ کامیرێ نە گرتی (چونکی شەڤ بو و فلاش نەبو)]، ئەڤان ناڤان واتایا خوەیا ڕەمزی هەیە و ب هێز گرێداینە ب ناڤەرۆکا چیرۆکێ ڤە، دیسان هەمی پشک تمام کەرێن یەکدینە و لادانا هەر ئێکێ کارتێکرنا ب هێز دکەتە سەر چیرۆکێ.

هەروەها ئەڤ تەکنیکە د چیرۆکا (زینێ ددەسێ مەمۆی دا بەفرە)(١٢٠) بکارئینایە، چیرۆک پارڤەکریە سەرچەند پشکان ژبۆ ژێک جوداکرنا دەمی، و هەر پشکەک ناڤەک بۆ دانایە ئەوژی: (ئەور، باران، تاڤی، ئاڤ و گەمی، وەرگوهێزکێن مەمۆی، گژلۆک)، پشکا وەرگوهێزکێن مەمۆی پارڤەبوویە بۆ چوار پشکان و ژمارە بۆ هاتینە دانان ژ (١-٤) ب ڕێکا ڤێ پارڤەکرنێ چیرۆکنڤیسی (مەمۆ) هەر جارەکێ ب کراسەکێ ئێخستی یە بەرچاڤ، واتە گوهورینا قارەمانی ب هەمان ناڤ، هەر پشکەک ژ چیرۆکێ دەمەکە و ئەو بارێ مەمۆ و زینێ تێدا بەرچاڤ کریە.

چیرۆکا (چارچوڤە و دژ چارچوڤە)(١٢١) ب هەمان ڕەنگ هاتیە پارڤەکرن، بەلێ د چیرۆکا (دەنگ)دا (١٢٢) چیرۆکنڤیسی ستێر بکارئینایە بۆ ڤێ پارڤەکرنێ ب ڤێ ڕەنگی (* * *) و ب ڤێ چەندێ چیرۆکنڤیسی شیایە ب دوو ڕەنگا چیرۆکێ بڤەگێڕیت، پشکەک دیالۆگە و پشکەک مۆنۆلۆگا ڕاستەوخۆیە و ب هەمان ڕەنگ چیرۆک بەردەوام دبیت.

دیسان چیرۆکا (تولڤەکرنا خودایی)(١٢٣) هاتیە پارڤەکرن بۆ سێ پشکا ئەوژی: (ڕۆژا ئێکێ، ڕۆژا دوییێ، پشتی سێ دەمێن ستران گوتنێ)، ڕۆژا ئێکێ ب دیمەنێ قارەمانی و بابێ وی دەستپێدکەت، دەمێ بابێ وی لەزێ دکەت دا تەسلیمی ڕژێما بەعس بکەت، ڕۆژا دوێ ب گوهورینا جهی دەستپێدکەت، دەمێ ژمارەکا زیندانی یان ڤەدگوهێزن بۆ جهەک دی، پشکا سییێ ب ئەشکەنجەدانا قارەمانی ب دەستێن ڕژێمێ دەستپێدکەت.

کەواتە ئەڤ تەکنیکە ب بەرفرەهی دناڤ چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا دهێتە دیتن، ئەوژی بۆ گوهورینا دەمی بکارئینایە و ب وێ چەندێ دەمەکێ درێژ بەرچاڤ کریە، و هندەک جارا ژی بۆ گوهورینا قارەمانی و بەرچاڤکرنا وی ب گەلەک تەرزان، و هندەک جارێن دی شیایە تەکنیکا چیرۆکێ پێ بگوهوریت، و ئەڤ چەندە پتر د کۆمەلا چیرۆکێن وی یا دوێدا (وەرگوهێزکێن مەمۆی)دا بەرچاڤ دکەڤیت.

## ٧- تێبینی نڤیسین

ئەڤ تەکنیکە پشتی کو د ئەدەبێ جیهانیدا هاتیە بکارئینان، د ئەدەبێ کوردی ژیدا چیرۆکنڤیسا پەنا بریە بەر «ئەم تەکنیکە لە پەراوێز یان لەپێش دەست پێکردنی چیرۆک دەنوسرێت کە چیرۆکنووس بەهۆیەوە ڕەوتی گێڕانەوە بەرەو پێش دەبات یاخود زانیاری سەبارەت بە چیرۆکەکە پێشکەش دەکات» (١٢٤).

ل دەڤ چیرۆکنڤیس (فازل عومەر)ی ئەڤ چەندە ب ڤی ڕەنگی ناهێتە دیتن واتە تێبینی، بەلکو شێوەیەک دی بکارئینایە، ئەوژی نڤیسینا گوتنەک کورت ل دەستپێکا چیرۆکێ کو دبیتە کلیلک بۆ هزرا چیرۆکێ، وەکی د چیرۆکا (خەونا چامەبێژەکی) ل دەستپێکێ ئەڤ گوتنە هاتیە «هەکەر خەون هیڤی بن ب جهـ نەهاتینە

ئەریٰ ئەو تشتێن ب سەهم تێدا چ دکەن؟!»(١٢٥) واتە ب رەنگێ پرسیاریٰ چیرۆکنڤیسی چیرۆک پێشکێشکریە، بۆ ئازارندنا مێشکیٰ خویندەڤانی. گرێدانەک دناڤبەرا خەونێن راستەقینە دگەل خەون رۆژکان (احلام اليقظه) یێن کو پێدڤیٰ هەردەم دخۆش بن، پەیداکریە و ب ڤیٰ چەندیٰ دبیت ئەوی ڤیا بیت بێژین گەلەک جاران خەون رۆژک ژی پڕی ترسن ژبەر کاودانێن دەوروبەر.

د چیرۆکا (زینێ ددەستیٰ مەمۆی دا بەفرە) دیسان چیرۆکنڤیسی ل دەستپێکا چیرۆکێ گوتنەک ب ڤی رەنگی نڤیسی یە «شێر ژ سباتا سالێ رابوو، دەرکەفت ناڤ باژێری نێچیریٰ و ئەم ل هەرد رەخێن جادیٰ دەستان بۆ دقوتین»(١٢٦)، ب ڤیٰ چەندیٰ نڤیسەری هزرا چیدۆکێ دڤیٰ گۆتنێدا بۆ خویندەڤانی کورتکریە و مەرەما چیرۆکێ رۆن دکەت بەری مرۆڤ چیرۆکا بخوێنیت لەوما؛ ئەڤ چەندە ئەنجام نەدابا باشتر بوو، هەر ب هەمان شێوە د چیرۆکا (چارچوڤە دژ چارچوڤە)دا، نڤیسەری پێشگوتنەک دایە ئەوژی ئەڤەیە: «کەس قوماریٰ ب یارا خوە ناکەت، مەمۆ تێ نەبت»(١٢٧)، دیسان ب ڤیٰ چەندیٰ کلیلکا دەقی دایە دەستیٰ خویندەڤانی، و مەبەست رۆن و ئاشکرا کریە، هەروەکی چیۆکنڤیس (حەسەن سلێڤانەیی) ژی بۆ ڤیٰ چەندیٰ چووی، و ب دیتنا وی ئەگەر نڤیسەری ئەڤ چەندە پێشکێش نەکربا باشتر بوو ژبەرکو؛ «پێدڤی یە خوەندەڤان ژی دگەل نڤیسەری پشکداری ییٰ بکەت»(١٢٨)، ئەز ژی دگەل بۆچوونا وی مە.

واتە ئەم دگەهنە ویٰ چەندیٰ کو بکارئینانا چیرۆکنڤیسی بۆ ڤان گۆتنان هندەک جاران د جهێ خوەدایە بۆ پتر رۆنکرن و ئاشکراکرنا هزر و بیرێن خوە- یان چیرۆکیٰ- بەلیٰ دگەل هندیٰ گەلەک جاران ئەو رونکرنە نەهێتە ئەنجامدان و بۆ خویندەڤانی بهێتە هێلان باشترە؛ چونکو چیرۆک دەقەکیٰ هونەری یە، و یا باشتر ئەوە وەسا ل خویندەڤانی بکەت، مێشکیٰ خوە بدەتە کاری.

**٨- خەون (١٢٩)**

خەون رەنگەکیٰ دی ییٰ ڤەگێڕانا ڕویدانایە، چیرۆکنڤیس پەنایێ بۆ دبن، داکو ژ دەمیٰ ئاسایی رزگار ببیت یان ژبۆ شرۆڤەکرنا هێمایان، دیسان بۆ پێشبینی یا ڕویدانان «و هەکەر خەون وێنەیەکێ ئاشوپی بیت و ئامانج ژیٰ تێرکرنا غەریزێن خەونبینی بیت، ب ریٰ یا وەرگوهاستنا هزران بۆ وێنەیێن دیتی یێن بەرهەستکری و رویدانێن وەسا کو یا ژییٰ نڤستی ڤە راستن، و ییٰ ڕوی ددەن، بەلیٰ د کاریٰ ئەدەبیدا دبیتە خودان ئاستەکیٰ زەنگینتر و تیرتر و ب (ئیحائی) تر، پشتی دبیتە پارچەک ژ کاریٰ ئەدەبی واتەیا خوەیا نوی ژیٰ وەردگریت»(١٣٠).

د ئەدەبیٰ کوردیدا (جەمیل سائیب)ی ئەڤ تەکنیکە د چیرۆکا (لەخەوما)دا بکارئینایە، تایبەتیێن ڤیٰ تەکنیکیٰ «کارەکتەر لە خەوندا دوو کاتی هەیە: کاتێکی فیزیکی، ئەوەیە کە وەکو لەشێک لە کاتی خەوتنەکەدا، کارەکتەر لە کاتی سەر زەوی دا دەژی (خەوتووە)؛ بەڵام ئەوکاتەی کە خەونەکەی تیادا دەبینین و ڕووداو ریٰ دەکات و لەش هەر لە کاتە فیزیکییەکەی سەر زەوی دایە؛ لە گەڵ ئەمەدا، کاتە زەینی بە دەروونییەکە، گۆڕانێکی تری سەردادێت و دەبێتە دەریایەک و دابڕاو لەکاتی فیزیاوی و تەنانەت ئەو کاتەش کە لە (مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆی ناوەوە)دا ڕوودەدات؛ چونکە لەویٰ دا، کارەکتەر (بە خەبەرە، نەخەوتووە) چاو، گویٰ، هەستەکان، کاردەکەن، تەنیا ئەوەندەیە کارەکتەر قسە ناکات و نووسەر ناخی دەخوێنێتەوە..»(١٣١).

خەون ژی ژوان تەکنیکانە یێن د ڤەگێڕانا چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا هاتیە بکارئینانا، چیرۆکا (دوبارە مراربونە)(١٣٢) ب خەونیٰ دەستپێدکەت، کو چیرۆکنڤیسی ب رێکا ویٰ بیرا سەرەکی یا چیرۆکێ ڤەدگێڕیت، ئەوژی جوداهیا دناڤبەرا ژیانا ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاڤایدا، جڤاکیٰ مە مژویلی (دومینیٰ)یە کو کارەکە مرۆڤیٰ بەتال خوە پیٰ موژیل دکەت، هەروەها ئاماژەیە بۆ ژیانا مەیا (روتینی) و نەگوڕ، بەرامبەر ژیانا ڕۆژئاڤایی یا هەردەم مژویلی زانست و زانینیٰ، چیرۆک ب خەونا (روستەم)ی دەستپێدکەت، کو دیمەنیٰ دومینیٰ یە و هەر ب خەونا وی بدوماهیک دهێت، دەمیٰ دبینیت پوول ژ ئاسمانی دبارن، ول دوماهیکا خەونا وی ب دیتنا من چیرۆکنڤیسی ڤیایە بێژیت ئەنجامیٰ خوە موژیلکرنیٰ ب دومینیٰ؛ ڤەمانا مرۆڤی یە دناڤ تاریستانا نەزانینیٰ دا.

چیرۆکا (هەریەک خەونێن خوە دبینە)(١٣٣)، تەکنیکا خەونیٰ تێدا هاتیە بکائینان، دبیت چیرۆکنڤیسی مفا ژ هندیٰ دیتبت، دەما دبێژن خەون دەربڕینە ژ تشتێن کپ کری و نەستیٰ مرۆڤیدا، ئەو تشتیٰ مرۆڤ نەشێت ب ئاسایی دەربریت ب خەونیٰ دەردبریت، هەروەها کارتێکرنا کاودانێن دژوار ل سەر مرۆڤی دبیت د خەونێدا دەرکەڤیت، چیرۆکنڤیسی ب

تەکنیکا خەونێ دەربڕینێ ژ بیرا سەرەکی کریە، واتە خەون ڕۆلێ سەرەکی د ڤەگێرانا چیرۆکێدا دبینیت کو دەربڕینێ ژ مرۆڤی دکەت دەمێ دناڤ کۆمەلەکێدا بژیت، ل دەوروبەر هەمی پارتن و هەر کەسە وی بۆ خوە ڤەدکێشیت و ئەو نەچارە ئێکی ب هەلبژێریت ل وی دەمی قارەمان خوە (بەرخ) دبینت د لەشێ مرۆڤیدا؛ لەشێ بێ مێشک، چیرۆک ب خەونا کچی ب دوماهیک دهێت کو ژ گرنژینا وێ دیارە ئەو خەونا بابێ وێ ب کابوسک دزانت ئەو خوشیێ ژێ دبینیت. د هندەک چیرۆکێن دی ژیدا چیرۆکنڤیسی مفا ژ خەونێ دیتی یە وەکی (دەما بیژن دبتە گۆپال).

کەواتە چیرۆکنڤیسی هندەک جارا خەون بۆ دەربرینا وی بابەتێ مرۆڤ نەشێت ب ئاشکرا دەرببریت ژبەر هەر ئەگەرەکێ هەبیت، و هندەک جارێن دی ب رەنگەکێ ئاسایی بکارئینایە.

### ٩- تەکنیکا سترانێن فۆلکلۆری (بکارئینانا پارچێن شعری)

تەکنیکەکا دی ل دەف چیرۆکنڤیسی دهێتە دیتن، ئەوژی بکارئینانا پارچێن شعرێ نە د ڤەگێرانا چیرۆکێدا، و ئەڤ چەندە نێزیکی وی ڤەگێرانێ یە ئەوا ل دەف سترانبێژێن فۆلکلۆری دهێتە بکارئینان، و ئەم دشێین بێژنێ ڤەگێرانا کوردەواری؛ دەمێ بۆ ڤەگێرانا سەرهاتیەکێ ب ستران، یەکەم جار ئەو سەرهاتی بێ ستران، وەک چیرۆک دهێتە گۆتن و پاشی سترانبێژ ب ستران دبێژیت، ب ڤی رەنگی ستران پارچە پارچە دهێتە گۆتن، چیرۆکنڤیسی مفا ژڤێ چەندێ دیتی یە د چیرۆکا (سەرەک شەپرزە)دا، یەکەم جار ڤەگێران ب شعر(١٣٤) هاتیە وەکی:

**«دەستپێکر ژ گەوهەرە**
**پەقاندی وەکی بەرە**
**گەردوون ژێکر ئا فەرە**
**هەم ئاکنج و هەم کۆچەرە**
**زۆم دانا پشت مەژی یە**
**زانین کرە خوەزی یە**
**پێشی بخوە دوماهی یە**
**مرۆڤ نزانت چی یە!»(١٣٥).**

وەکی ژ ڤان دێرا دیار، کو چیرۆکا دانانا گەردونی یە و چیرۆکنڤیسی بۆمە ب شعر ڤەگێرایە، هەر دێرەک ژ حەفت برگا پێکهاتیە، دیسان سەروا د هەر چار دێرێن دەستپێکێ ئێکە، د چوار دێرێن دوماهیێدا وەکی ئێکە، پاشی چیرۆکنڤیس ئێکسەر هەمان بابەت ب پەخشان ڤەگێرایە، وەکی بۆمە دیار دبیت «پشتی زۆرڤانی ژیانا خوە ئێخستی یە نەمری یێ، ژ یاری یا وەرگوهاستن ژی بێزار بوو.. ژ بێزاری یا خوە پەردا رەش ب سەر خوە دە ئینا و کەڤتە سباتەک هزار سالی.. و هزار سالێن وی، ب خوە ئاهورا و ئەهریمەن ژی نزانن چنە و چەندن، هەر نە دووره نەهێنە هژمارتن! لەو هەردو بێ سەر دگەڕن و دەما هنبەری هەڤ دبن، نزانن ئاشت ببن یان بنکەفشانێ بکەن.. هتد»(١٣٦)، ب ڤێ چەندێ چیرۆکنڤیسی شیایە شێوازەکێ د ڤەگێرانا فۆلکلۆری کوردیدا بڤەژینیت و مفای د دەقێ نویدا ژێ ببینیت، و ب ڤێ چەندێ تشتەکێ نوی پەیدابوویە، هەرچەندە دوان ڤەگێرانێن فۆلکلۆریدا ب تەمامی پارچا ڤەگێرانا سەرهاتیێ بێ ستران و پاشی ب ستران گۆتن هیچ جوداهی د پەیڤاندا نینە، واتە د قەبارێ تێکستێدا د هە دوو بارادا، بەلێ ل ڤێرێ گومان تێدا نینە کو د شیاندا نینە ئەڤ چەندە بهێتە ئەنجامدان؛ چونکو مرۆڤ نەشێت ب ووردی ئەو تشتێ ب پەخشان بێژیت ب شیعر بگەهینیت؛ ژبەر ئەو دەستورێن د شیعرێدا مرۆڤ نەچار دبیت چەندەک ژ واتایێ ژ دەست بدەت، دیسان شعر ئاخفتنەکا نە ئاشکرایە؛ لەوما دبیت پتر ژ ڕەنگەکێ بهێتە شرۆفەکرن، دبیت چیرۆکنڤیس (فازل عومەر) ژی کەتبیتە دڤێ ئاریشێدا؛ چونکو دەمێ تێکستێ چیرۆکا وی کو د کۆمەڵە کورتە چیرۆکێن (وەرگوهێزکێن مەمۆی)دا دگەل تێکستێ هەمان چیرۆک ئەوێ د گۆڤارا (پەیڤ)دا بەلاڤ بووی، بەراورد دکەین دیار دبیت کو گوهورین تێدا هەنە؛ چونکو هەمی پارچێن شعرێ د تێکستێ چیرۆکێدا ئەوێ د (پەیڤ)دا بەلاڤ بووی حەفت بڕگەنە ب ڤی ڕەنگی:

**«هاتی هاڤینەک دی یە (٧ برگە)**
**ئەسمان تژ بەلەدی یە (٧ برگە)**
**چپەک ئاڤ نەباری یە (٧ برگە)**
**گەنم تازە شین بی یە (٧ برگە)**
**خوونا خەلکی مێژتی یە (٧ برگە)**
**خەلک پێ مر خەلک پێ ژی یە (٧ برگە)**
**سوبە هەر دوماهی یە»(١٣٧) (٧ برگە)**

وەکی دیار هەمی دێڕ حەفت بڕگەنە و سەروا ژی هەمان سەروایە، بەلێ ئەڤ پارچە دەمێ تێکست د پەرتوکێدا بەلاڤکری گوهورین ئێخستییێ ب ڤی ڕەنگی:

١- تەباخ یا دکەلت (٦ بڕگە)
٢- و ئەوران بنکەفشانێ یە (٨ بڕگە)
٣- هەر چپەکەک بارانێ (٦ بڕگە)

٤- دبتە ئاگر و ئەردی قەلەو دکەت (١٢ برگە)
٥- خوون بەر ب ئاسمانی دزفرت (٩ برگە)
٦- خوداڤەند پێ قەلەو دبن (٨ برگە)
٧- و مرۆڤ دبنە شلخەیەک بێ هیڤی (١٢ برگە)
٨- و دخەوێدە سوبەهی (٨ برگە)
٩- دکەنە دوماهی» (١٣٨) (٦ برگە)

کەواتە دیار دبیت هژمارا برگان ل هەر ڕێزەکێ ژڤێ کوپلێ جودایە، ڕێزا (١، ٣، ٩) شەش برگەنە، بەلێ (٢، ٦، ٨) هەشتن، هەروەها دیرێن (٤، ٧) دوازدەنە و ڕێزا (٥)ێ نەهن؛ واتە ئەڤ کوپلە ب شێوێ سەربەستە، کەواتە جوداهی دناڤبەرا هەردوو کوپلا دیاە، ژلایێ ڕوخساری، دیسان ئەو پەیڤێن هاتینە بکارئینان، بێ گومان دەمێ ئەڤ کوپلێن شعرێ ژ پارچێن پەخشانێ دوور دکەڤن، دبیت هەمان مەبەست ب خوینەدڤانی نەگەهینن، بەلێ پێکڤە گرێدانا وان هەتا ڕادەکێ شیایە ڤێ چەندێ ئەنجام بدەت، و ب ڤێ چەندێ چیرۆکنڤیسی شیایە تەکنیکەکا نوی بکاربینت.

### ١٠- تەکنیکا بڕویسیێ د ڤەگێڕانێدا

مەبەست ژڤێ چەندێ ئەوە: «بە دەستەوەدانی فراوانترین مانا و مەبەست بە کەمترین ڕستە و دێڕ، کە ئەمە پتر پەیوەندی بە دەسەڵاتی نووسەرەوە هەیە بەسەر زماندا و قوڵبوونی تیایدا» (١٣٩). ژ سیماییێن ڤێ تەکنیکێ «وازهێنانە لە ڕستەی درێژ درێژی قەبە و خاو خلیچک و وەسفی درێژ، لادان لە ڕێچکەی ڕووداوی سەرەکی پەل هاویشتن بە زۆر لادا..» (١٤٠)، واتە ل ڤێرێ ب تنێ مەبەست ئەو نینە کو کێمترین پەیڤ و کورترین ڕستە بهێتە بکارئینان، بەلێ یا گرنگتر ئەوە چڕی و واتایێ دا.

دەربارەی چیرۆکێن (فازل عومەر)ی ب ڕاستی ئەڤ تەکنیکە بەرچاڤە د داڕێتنا چیرۆکێن ویدا، وەکی د چیرۆکا (سەرەک شەپرزە)(١٤١) چیرۆکنڤیسی شیایە ب پەیڤێن کێم و ڕستێن کورت واتایەکا بەرفرەه بگەهینیت مرۆڤی، دیسان بابەتەکی بەرفرەه ب خوەڤە دگریت، مرۆڤ هەست دکەت بەرامبەری بابەتێ ڕۆمانەکێ یە؛ هەر ژ دانانا گەردونی و دروستکرنا هێزا خرابی و باشیێ و دەستبێکرنا هەڤرکییا، دەستپێدەکەت و پێڤە دچیت و برەکا ڕویدانێن مرۆڤ تووش بووی و تووش دبیت ژ ئەنجامێ هەڤرکییا هزر و بیرێن هەڤدژ، و ئایدیۆلۆژیا و هەڤرکییا مرۆڤان سەر ڕۆیێ زەڤییێ ڤەدگێریت، ئەڤە هەمی د کورتە چیرۆکەکێدا کۆمکریە ب ڕێکا شێوازێ بڕویسیێ د داڕێتنێدا.

د چیرۆکا (زینێ ددەستێ مەمۆی دا بەفرە) شیانا چیرۆکنڤیسی ب سەر زمانیدا زالە، هەروەها بابەتەک خودان چەق ئێخستی یە بەرچاڤ، ئەم دشێین بێژن تاقیکرنا ملەتێ کورد و گوهۆرینێن ب سەردا هاتین ب هەمی کێماسییێن خوەڤە چارەسەر دکەت و دئێخیتە بەرچاڤێ خوینەدڤانی و ڕەخنەکا دژوار ئاراستەکریە ب مەبەستا چارەسەریێ، هەر ژ ناڤێ پشکێن چیرۆکێ دیارە ب پەیڤان شیایە واتایەکا مەزن بگەهینیت. ئەگەر ئەم چەند ڕێزەکا ژ پشکا ئێکێ وەرگرین دێ بینین چەند واتایەکا بەرفرەه دەربڕی یە «مەمۆی بوویە چیرۆکەک بێ هەڤرک.

- بارگران بوو! دەما چۆی هیڤی و ئارمانجێن هەمی مرۆڤان ل پشتا خۆکرن... هندی پێ یێن وی د فشان پتر قایم دبوو. ئەور ڕاناوەستن، بەلەدی ڤەددەن و.. باران، تەرگ و بەفر پێکڤە دبارن... و نیندرتال ل یاشی پاشکەفتێ دێوان ئاڤا دکەت... ئاسمانی دکەتە بان و ئەردی دکەتە دەشت وهەر دەما مەمۆی بڤێت ب نڤشتی یەکێ دێ ل ناڤ ئەختەران گەڕێت.. و زینێ گول سیسنەک هەردەم بشکفتی یە» (١٤٢)، وەکی دیار ژڤان ڕێزا چڕی یا واتایی و بەرفرەهییا وی، ب دیتنا من یێ ڤێ چەندێ بۆ چیرۆکنڤیسی دابین دکەت بەرفرەهییا بکارئینانا هێمانە، (مەمۆ) ل ڤێرە هندەک جارا هێمایە بۆ میللەتێ کورد، یان بۆ پێشرەوێن ملەتی، دیسان د پشکێن دیدا هەر جارەکێ (مەمۆ) ئێکە ژ ملەتی، هەروەسا باران، تەرگ، بەفر ب واتایا مەجازی هاتینە بکارئینانا، وەک هێما بۆ نەخۆشی و شەڕ و شۆڕان، دیسان نیندرتال بکارئینایە- ل دویڤ تێگەهشتنا من- بۆ کەڤناتیا کێشا کوردی یان ئاماژە بۆ پاشڤەمانێ یە، چیرۆک هەمی ب ڤی ڕەنگی هاتیە داڕێتن، چیرۆک پارڤەکریە بۆ پشکان، هەر کێشا کوردی یان ئاماژە بۆ پاشڤەمانێ یە، چیرۆک هەمی ب ڤی ڕەنگی هاتیە داڕێتن، چیرۆک پارڤەکریە بۆ پشکان، هەر پشکەک چەند ڕێزەکا ب خوە ڤەدگریت بەلێ، واتایەکا مەزن هەلدگریت.

هەمان شێواز د چیرۆکا (چارچوڤە دژ چارچوڤە)دا دهێتە دیتن، چڕی د زمانێ وێدا زاڵە وەکی چیرۆکنڤیس (حەسەن سلێڤانەی) زمانێ وێ- واتە ڤێ چیرۆکێ- گەلەک نێزیکی شعرێ دبینیت، دەمێ دبێژیت: «بگشتی ئەزمانێ ڤێ کورتە چیرۆکێ گەلەک نێزیکی ئەزمانێ هەلبەستێیە» (١٤٣)، ئەڤ زمانێ هە، ڤی شێوازی بۆ

چیرۆکێ دابێن دکەت بۆ نموونە:
**«- نختەیە..**
**مەلەک ل ئەسمانی نەمان**
**مرۆڤ ل ئەردی کرمن**
**رێزەک مریبان دهێتە گوللە بارانکرن**
**زارۆکەک لاندکا خوە دهاژۆت**
**- پەزێ مەمی شڤانە**
**سەر دوو پێ یانە**
**هاوار دەشتە، ل زۆزانە**
**لبەر رەنی یا بەفرێ**
**نڤێژ ب دەین دانە»(١٤٤)**

کەواتە ئەڤ تەکنیکە ل دەڤ چیرۆکنڤیسی، بەرفرەھ هاتیە بکارئینانا و ب وێ چەندێ شیایە بابەتێن بەرفرەھ و پڕ واتا بەرچاڤ بکەت، ئەو زمانێ زۆر نێزیکی شعرێ و بکارئینانا هێما ئەڤ چەندە بۆ دابینکریە، دیسان شیانێن وی یێن زمانڤانی ڕۆڵ دڤێ چەندێ دا هەیە؛ چونکو پیتەپێدانێن زمانی ل دەڤ هەنە.

## ١١- بکارئینانا پتر ژ ڤەگێرەکی

چیرۆکنڤیس ڤێ تەکنیکێ بکار دئینیت بۆ بهێزکرنا ڤەگێرانا چیرۆکێ؛ و ل ڤێرێ دوو ئاستێن ڤەگێرانێ رویددەن: ڤەگێرانا پلە ئێک، و ڤەگێرانا پلە دوو «دەمێ نڤیسەر چیرۆکەکێ دنڤیسیت ئەڤە ڤەگێرانا پلە ئێکە بۆ سەرهاتیێ، بەلێ دەمێ کەسەکێ دی یان هەتا ڤەگێڕ ب خوەژی سەرهاتیەکا دی ڤەگێڕیت ئەڤە دێ بیتە ڤەگێرانا پلە دوو»(١٤٥).

د چیرۆکا (کالێ پەشێمان)دا کارێ ڤەگێرانا سەرهاتی یا گۆڕستانا کالی پەشێمان و یارێن پەشێمان ب چیڤانۆکێ دهێتە ئەنجامدان ب ڤی رەنگی:

«چیڤانوک دبێژە: چ دەما ئەڤ گوندە کاڤل بوو، رۆژەکێ ژ رۆژێن بەهارەکێ..»(١٤٦).

هەروەسا دچیرۆکا (سەرەک شەپرزە) گەلەک جارا ڤەگێڕ هاتیە گوهورین، دێ بینین ل دەستپێکا وێ ڤەگێڕ ژ دەرڤەی چیرۆکێ یە و نە ناسیارە، بەلێ پشتی هینگێ گوتارا مەلا ڤەدگێریت، کو مەلا دبیت ڤەگێڕ ب ڤی رەنگی «ل ڤی جەوسەری مەلا دبت و دمرت و ستێرا ب دولک دبینیت و گوتارەک مێژوویی بۆ پاشەرۆژێ دخوونت: دێ جارەکا دی بێژمەڤە جەنگێ دەست پێ کریە و ستێرا ب دولک کاروانێ لەشکرێ ئەهرەمەنی یە... هتد»(١٤٧)، ئەڤ پشکە ژ چیرۆکێ ب ڤی رەنگی یە، پاشی پشتی پارچەکا هوزانێ دیسان ڤەگێڕ دهێتە گوهورین، جارەک دی ل پارچەکا دی ڤەگێڕ دبیت ئێک ژ کەسێن چیرۆکێ وجهێ وی دناڤدایە و ب جهناڤێ (من) ڤەگێران دهێتە ئەنجامدان ب ڤی ڕەنگی «شەڤەکێ ل نیڤا ڤرکا من، دو ستێر ڤێک کەفتن و بێ دەنگی یەک کەفتە جیهانا هار و درندە..»(١٤٨)، دیسان پشکا دوماهیێ ژی ب جهناڤێ (ئەز) و ئێک ژ کەسێن چیرۆکێ دبیتە ڤەگێڕ.

دبیتە هندەک جارا ئەڤ چەندە بوویە ئەگەرێ پەیدابوونا ئالوزی یەکێ ل دەڤ خویندەناڤی ب تایبەتی ئەگەر ئەو ڤەگێڕ بۆ ماوەیەکی گەلەک کێم ڤەگێرانێ ئەنجام بدەت، بۆ نموونە د چیرۆکا (دەمێ بێژن دتە گۆپال) ئەڤ گۆتنە دهێنە ڤەگێران بێ ئەم بزانین کی یە ڤەگێڕ، ب ڤی رەنگی «کورێ من گۆت: باب گۆشتێ ئاسکێ حەلالە یان حەرامە؟»(١٤٩)، وەکی دیار ل ڤێرێ ب تنێ نڤیسەری ڤیایە بۆچوونێن خوە بگەهینیت، یا گرنگ ئەوە ل نک وی کو بێژیت: کوشتنا بیژنێ حەرامە و گرنگ نینە ل دەڤ وی کی بێژیت. ئەڤ چەندە کێم دهێتە دیتن دناڤ چیرۆکێن چیرۆکنڤیسیدا.

## ١٢- هەوالێن رادیویێ و TV

چونکو ئەم ل سەر دەمێ ئالاڤێن راگەهاندنێ دژین؛ لەوما تێکهەلکێشکرنا هەوالێن وێ دناڤ چیرۆکێدا تشتەکێ ئاسایی یە وەکی «هۆیەک بۆ بەردەوام دان بە گێرانەوە و پەرەسەندنی رەوتی گێرانەوەکە لەناو چیرۆک»(١٥٠). ئەڤەژی پتر د رۆمانا نۆیا فرەنسیدا(١٥١) بەلاڤە. د ئەدەبێ کوردی ژیدا چیرۆکنڤیسێن کورد مفا ژڤێ چەندێ دیتی یە.

(فازل عومەر)ی ژی مفا ژڤێ چەندێ دیتی یە هەرچەندە کێم ژی بیت وەکی د چیرۆکا (دوبارە مرار بونە)دا دبینین، دەمێ دەیکا (روستەم)ی هەوالێ رادیۆیێ ب وی رادگەهینیت، دەمێ دبێژیت: «رادیویێ گۆت: ئەمریکەی بالەفرەک چێکری یە، دێ پێ چنە ئاسمانی و ڤەگەرن.. من ژی هزرا تە و وان دکر»(١٥٢)، مەبەستا نڤیسەری دیارکرنا جوداهیا دناڤبەرا مە و ئەمریکا دا کو هێمایە بۆ رۆژئاڤای ژلایێ زانستێ ڤە بەلێ، دبیت ڤەگوهاستنا ڤی هەوالێ رادیۆیێ ب رێکا دایکا (رۆستەم)ی نە د جهێ خوەدایە، چونکو هەر دناڤ چیرۆکێدا دیار دبیت کو چ جارا هزرێن دەیکێ ژ دەرگەهێ ئاشخانێ دەرناکەڤن؛ ڤێجا چاوا دەیکەکا ب ڤی ئاستی دێ هەوالەکێ هۆسا راگەهینیت!

د چیرۆکا (سەرەک شەپرزە) چیرۆکنڤیسی مفا ژ

تەلەفزیونێ دیتیە بۆ بەردەوامییا ڤەگێڕانا چیرۆکێ، دەمێ ڤەدگێڕیت «تەلەفزیۆنێ راگەهاند کو ل وەلاتێ پێغەمبەران ل جەرگێ رۆژهەلاتا ناڤین، جەنگێ دەستپێکریە و دوماهیکا دنیایێ لبەر دەرگەهانە... هتد» (١٥٣).

دیسان د چیرۆکا (دەنگ)دا(١٥٤) مفا ژ تەلەفزیۆنێ هاتیە دیتن و چیرۆک پێ ب دوماهیک هاتیە، ئەوێ دوماهیکێ گرنگی د ڤەگێڕانا چیرۆکێدا هەبوویە.

## ١٣- پانتۆمایم

مەبەست ژێ بێ دەنگ بوون و کەرکرن د ڤەگێڕانێدا؛ ئەڤەژی راوەستانەکێ ددەتە ڤەگێڕانێ؛ چونکو ڤەگێڕان ب وشەو رستان نامینیت و ل جهێ وان خال دهێنە دانان، ئەو خالە ئەگەر دیالۆگێدا بن؛ ئەو خال هندی درێژاهیا دیالۆگێ نە. ئەڤ تەکنیکە د چیرۆکا (چارچوڤە دژ چارچوڤە)دا بەرچاڤ دکەڤیت، ب ڤی رەنگی:

**- دلێ من کانێ کەپی یێ تە؟**

- ......................

**- تلێن تە وەکی پەنجانن!؟**

- ......................»(١٥٥)

ل ڤێرە پێویستە بێژین، ئەڤ تەکنیکە گەلەک بەرتەنگ، یان کێم د چیرۆکێن (فازل عومەر)ی دا دکەڤیت بەرچاڤ؛ دبیت ئەڤەژی نیشانا هندێ بیت کو چیرۆکنڤیسی هەمی مافێ دایە خوە هەمی تشتی دەرببڕیت و دەربارەی چ تشتی بێ بەرسڤ نەمینت.

## ١٤- تێکهەلکێشکرنا دەنگان

ژ تەکنیکێن گەلەک کێمە ل دەڤ چیرۆکنڤیسی، ب تنێ د چیرۆکا (دەنگ) دا ب رەنگەکی بەرفرەھ بەرچاڤ دکەڤیت، ب ڤی رەنگی: «نێزیکە ئەز دێ دین بم، نێزیکە، ئەز دێ ژبەر ئاخڤم.. دەنگ، دەنگ، دەنگ.. دنگت، دنگت، دنگت، دنگ، دنگ، دنگ، دنگ، تنگ.. تنگ... چنگ... گففت، گڤ، ڤ ڤ... پریق... چنگ چنگ چک، تنگ تنگ تنگ..» (١٥٦)، وەکی دیار چیرۆکنڤیسی ئەڤ دەنگە د ڤەگێڕانێدا بکارئینایە ژبۆ دیارکرنا کارتێکرنا وان دەنگان ل سەر قارەمانێ خوە.

## ١٥- تەکنیکەکا دی:

تەکنیکەک دی ل دەڤ چیرۆکنڤیسی دهێتە دیتن د چیرۆکا (تولڤەکرنا خودایی)دا، هەتا رادەیەک کێم یان زێدە پتر ژ تەکنیکی ب خوەڤە دگریت یان ب رەنگەکێ دیتر بێژین، ب دروستی مرۆڤ نەشێت بێژیت چ جۆر تەکنیکە؛ چونکو سیماییێن پتر ژ تەنیکەکێ تێدا کۆم دبن وەکی: [پێشبینی، ئینانە پێش چاڤ، ڤەگێڕان ب (تەداعی)]، کو مرۆڤ دشێت بێژیت هەر ئێک ژئەڤانە و د هەمان دەمدا مرۆڤ دبێژیت چ ژئەڤان تەکنیک نینە ب راستی تێکهەلکێشکرنا دوو رویدانانە، ئێک کەڤنە و ژ دەرڤەی رەڤی، دبت دا تەسلیم بکەت، ل ڤێرێ ب رێکێ ڤە رویدانەکا کەڤنە یان ئەم دشێن بێژین تاوانەکە کو کوری ل بچویکاتیا خوەکری یە، ل بیرێ دهێت بۆ پتر ژ جارەکێ دئینیت سەر زمان. هەتا رادەکی مرۆڤ نەشێت بێژیت چ ژوان تەکنیکێن مە ل سەری ئاماژە پێ داین؛ چونکو ئەگەر بێژین پێشبینی یە، چیرۆکنڤیس ژبۆ پێشوەخت خوینەڤانی ئاگەهدار بکەت، کو ئەڤ چەندە دێ هێتە سەرێ قارەمانێ وی، لێ ل ڤێرێ دڤیا ژبیر نەکەین کو ئەو چەندە رویدانەکا راستەقینەیە و ژیانا رابردوویا قارەمانیدا رویدایە. دیسان ئەگەر ئینانە پێشچاڤە، کو قارەمان چارەنڤیسێ خوە دزانیت، وەکی هەستکرنەک ب گونەهباری یێ و هزرکرنێ، کو ئەڤا دهێتە سەری، تولڤەکرنە و ژئەنجامێ وێ تاوانا وی کری یە ل بچویکاتی؛ وەکی دادگەهکرنا خوە، وێ تاوانێ ل هزرا خوە دئینیت، ب وێ ئنیەتێ کو کا وی بوچی ئەنجامدا، بەلێ دیسان مرۆڤ خوە ل بەرامبەر هندێ دبینیت کو ئەو رویدانە، نە مۆنۆلۆگە ل دەڤ قارەمانی یان هزرا ویدا دهێتە گێران، بەلکو وێ رویدانێ بۆ کەسی بەرامبەری خوە ڤەدگێڕیت، جارا ئێکێ بابێ خوە دکەتە بەرپرس ژوێ رویدانێ و دبێژتێ:

«تە بۆچی دهێلا ئەز کتکان بکوژم؟» (١٥٧).

جارەکا دی، ل جهەک دی دبێژتێ: «- تە بۆچی دهێلا ئەز چاڤێن کووچکان بقوقلینم؟» (١٥٨)، دیسان ل جهەکێ دی بۆ دار دەستێن رژێمێ وێ رویدانێ ڤەدگێڕیت ب ڤی رەنگی: «من کتکا بەنگۆی بەنگۆی ل کولانێ گرت... من برە مال بۆ بابێ خوە سەرژێکر.

- نە ترسە، ئەم دێ تۆلا وێ ڤەکەین.

- نابت.

- من چاڤێن وی قۆقلاندن» (١٥٩)، وەکی دیار ئەڤ چەندە ب دیالۆگێ دگەل وان هاتیە ڤەگێران نەک مۆنۆلۆگە. دیسان مرۆڤ هەست دکەت کو ئەڤ رویدانە ژ دەمێ بۆری یێ ژیانا قارەمانی دهێتە بیرێ وەک ڤەگێران ب (تەداعی) کو ئەو ترسا هەست پێ دکەت ژ چارەنڤیسێ خوە، وێ رویدانێ ل بیرا وی دئینیت، بەلێ

ديسـان دێ بێژين كـو ڕويدان نه ب تنێ د هزرا ويدايه دا بێژنێ تەكنيكا ڤەگێران ب (تەداعى)يە.

واته ديار دبيت ئەڤ تەكنيكا چيرۆكنڤيسى، تشتەك نوى يە- ل دويف پێـزانينێن من ديسـان هەر ژ ناڤێ چيـرۆكێ دياره كـو نڤيسـەرى ڤيـايه ئاماژه ب هندێ بكەت، كـو هندەك جاران مـرۆڤ سزايێ خـوه ل سـەر دونيايێ دبينت، و ب ڤێ تەكنيكێ دبيت چيرۆكنڤيسى شـيـابيت ڤێ چەندێ بگەهينيت، بەلێ ب ديتنا من گرێدانا ڤێ چەندێ ب كـريارێن ڕژێمـا بەعس ڤـه دگەل خەلكى تشتەكێ نه دجهێ خوەدايه.

**پەراوێز:**

١- د. عـدنان خـالد عـبـدالله. النقـد التطبـيـقي التـحليلي مـقـدمـة لدراسة الادب و عناصره في ضـوء المناهج النقدية الحديثة، ص٨٥.

٢- رولان بـورنوف، ريـال اوئيليــة، عـــالم الرواية، ص٧٥.

٣- بيرسي لوبوك، صنعة الرواية، ترجمة: عبدالستار جواد، دارالرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١، ص٢٢٥.

٤- بنێـره بەرپەرێ(١٨)، كـو مـه دەقێ گـۆتنا وى نڤيسى يه.

٥- بنێره. د. نەوزەت ئەحمەد عوسمان. ڕەگەزەكانى چيرۆك لە داستانى (مەم و زين)ى خانى دا شيكردنەوە، نامەى دكتۆرايە، ل١٣٤.

٦- محمد عزالدين القازي. السرد في روايات محمد زفزاف، دارالشؤون الثـقافـيـة العـامـة (افـاق عربـيـة)، بغـداد، بدون تاريخ، ص٢٣، هەروەها بنيـره تزفـتـان تــــودوروف. (الانشائيـة الهـيكلية»، مـجلة الثقافة الاجنبـية، ص١٢، ديسان د. نەوزەت ئەحمەد عوسمان. ڕەگەزەكانى چيرۆك لە داسـتـانى (مەم و زين)ى خـانى دا..ل١٣٣.

٧- د. عـدنان خـالد عـبـداللة، النقـد التطبـيـقي التحليلي...،ص٨٦.

٨- د. سـامـيـة احـمـد اسـعـد. (التـحليل البنيـوي للسرد »، مجلة الاقلام، عدد(٣)، ١٩٧٨، ص٩.

٩- د. علدالملك مرتاض، في نظرية الرواية بحث في تقنيات السرد، ص(١٧٨-١٧٩).

١٠- د. موريس ابو ناصر. الالسنية و النقد الادبي في النظرية و الممـارسـة، دارالنـهـار للنشـر، بيـروت، (١٩٧٩)، ص١١٨.

١١- د. سـامـيـة احـمـد اسـعـد. (الاتحليل البنيـوي للسرد »، مجلة الاقلام، ص٩.

١٢- تزفـتـان تودوروف. (الانشائية الهيكلية) مجلة الثقافة الاجنبية، ص١٣.

١٣- پەرێز صـابر مـحـمـد، بيناى هونەرى چيـرۆكى كوردى لەسەرەتاوە تا كۆتايى جەنگى دووەمى جيهـانى، ص٢٢٤.

١٤-شجـاع مسلم العـاني. (اساليب السـرد و البناء في الرواية العـربيـة الجـديدة»، مـجلة الاقـلام، وزارة الثـقافـة و الاعلام، بغداد، عـدد(٤)، السنة التـاسعـة عشرة، نيسان (١٩٨٤)، ص٣٨.

١٥- تەحـسـين ناڤـشكى ڤێ چيـرۆكێ ب (چامـەكـا نويكار) پێناسـه دكـەت و ب ناڤێ چيـرۆك بۆ قليل نابيت، بنێـره تەحـسين ناڤـشكى، ڤـەدانا پێلێن مـژێ كۆمەكا ڤەكولينێن وێژەيى نه ل سەر توخمێ هوزانا مەيا هەڤچەرخ، دهوك، ٢٠٠٠، ل٩٨.

١٦- د. فـاضل عـمـر. «تولڤـەكـرنا خـودايى»، وەرگوهێـزكێن مـەمـۆى، كـۆمـەڵە چيـرۆك، چاپا ئێكێ، چاپخانا هاڤيبوون، بەرلين، ل١٢.

١٧- هەمان ژێدەر، ل١٤.

١٨- هەمان ژێدەر، ل١٦.

١٩- هەمان ژێدەر، ل١٨.

٢٠- هەمان ژێدەر، ل٢٠.

٢١- د. فاضل عمر. «ڤيـژيا ئەبەدى»، وەرگوهێزكێن مەمۆى، ل٢٠.

٢٢- هەمان ژێدەر، ل٢٠.

٢٣- د. فـاضل عـمـر. «ديمەنەك سـوريالى ژ فلمـەك راپورتى»، كالێ پەشێمان، كۆمەڵە چيرۆك، ژ وەشانێن راگـەهاندنا مـەلبـەندێ چارێ يەكـێـتى نيـشـتـمـانى كوردستان، دهوك، (١٩٩٣)، ل١٩.

٢٤- د. فاضل عمر. «ديمەنەك ژ فلمـەك سـوريالى» كالێ پەشێمان، ل٢٠.

٢٥- هەمان ژێدەر، ل٢٠.

٢٦- هەمان ژێدەر، ل٢١.

٢٧- الشركة المغربية للناشرين المتحدين، مؤسسة الابحـاث العـربيـة، نظرية المنهج الشكلي نصـوص الشكلانيين الروس، ص١٨٩.

٢٨- د. عـدنان خـالد عـبـداللة، النقـد التطبـيـقي التحليلي...،ص٨٧.

٢٩- د. موريس ابو نـاصر. الالسنية و النقد الادبي

في النظرية والممارسة، ص١١٨.
٣٠- هەمان ژێدەر، ل١١٦.
٣١- الشركة المغربية للناشرين المتحدين، مؤسسة الابحاث العربية، نظرية المنهج الشكلي نصوص الشكلانيين الروس، ص١٩٠.
٣٢- د. فاضل عمر. «هەریەک خەونێن خوە دبین» كالێ پەشێمان، ل٤٩.
٣٣- د. فاضل عمر. «ڤیژیا ئەبەدی»، وەرگوهێزكێن مەمۆی، ل١٩.
٣٤- د. فاضل عمر. «مێڤانێ نەوەخت»، كالێ پەشێمان، ل٨.
٣٥- د. فاضل عمر. «سەرەک شەپرزە»، وەرگوهێزكێن مەمۆی، ل٣٥.
٣٦- هەمان ژێدەر، ل١٢.
٣٧- میشال بوتور. بحوث في الرواية الجديدة، ترجمة: فريد انطونيوس، منشورات عويدات، بيروت، الطبعة الاولي، نيسان ١٩٧١، ص٦٣.
٣٨- د. عبدالملك مرتاض. في نظرية الرواية بحث في تقنيات السرد، ص١٩٧.
٣٩- بۆ پتر پێزانین بنێرە: د. عبدالملك مرتاض. في نظرية الرواية..،ص(١٧٧-١٩٧).
٤٠- میشال بوتور. بحوث في الرواية الجديدة، ص٦٥.
٤١- هەمان ژێدەر، ل٦٩.
٤٢- د. فاضل عمر «مێڤانێ نەوەخت»، كالێ پەشێمان، ل٧.
٤٣- د. فاضل عمر. «زینێ ددەستێ مەمۆی دا بەفرە»، وەرگوهێزكێن مەمۆی، ل٣٦.
٤٤- هەمان ژێدەر، ل١٢.
٤٥- د. فاضل عمر. «تولڤەكرنا خودایی»، وەرگوهێزكێن مەمۆی، ل٣٦.
٤٦- هەمان ژێدەر، ل١٦.
٤٧- هەمان ژێدەر، ل٧.
٤٨- هەمان ژێدەر، ل٧.
٤٩- د. فاضل عمر. «خەونا چامەبێژەكی» وەرگوهێزكێن مەمۆی، ل٨.
٥٠- ئەڤ چیرۆكە د گوڤارا (پەیڤ)دا، ژمارە (٨)، ل هاڤینا ١٩٩٨، ل٨٢دا بەلاڤ بوویە و ل سەر هاتیە نڤیسین تێكستەكا ئەدەبی، هەرچەندە دگەل پشكا چیرۆكا بەلاڤ بوویە، دیسان د كۆمەلە چیرۆكێن ویدا بەلاڤ بوویە.
٥١- د. فاضل همر. «دەنگ» وەرگوهێزكێن مەمۆی، ل٣.
٥٢- هەمان ژێدەر، ل٤.
٥٣- د. فاضل عمر. «دەنگ»، وەرگوهێزكێن مەمۆی، ل٤.
٥٤- د. فاضل عمر «خۆ تافیركرن» كالێ پەشێمان، ل٣٣.
٥٥- هەمان ژێدەر، ل٣٤.
٥٦- سمير المرزوقي، جميل شاكر، مدخل الى نظرية القصة تحليلا وتطبيقا، ص٩٨.
٥٧- د. فاضل عمر. «مێڤانێ نەوەخت»، كالێ پەشێمان، ل٨.
٥٨- هەمان ژێدەر، ل
٥٩- د. فاضل عمر. «تولڤەكرنا خودایی»، وەرگوهێزكێن مەمۆی، ل١٢.
٦٠- هەمان ژێدەر، ل
٦١- د. فاضل عمر. «دیمەنەک سوریالی ژ فلمەک راپورتی»، كالێ پەشێمان، ل١٩.
٦٢- هەمان ژێدەر، ل
٦٣- د. فاضل عمر. «چارچوڤە دژ چارچوڤە»، وەرگوهێزكێن مەمۆی، ل٤٢.
٦٤- هەمان ژێدەر، ل
٦٥- هەمان ژێدەر، ل
٦٦- هەمان ژێدەر، ل
٦٧- د. نەوزت ئەحمەد عوسمان. رەگەزەكانی چیرۆک لە داستانی (مەم و زین)ی خانی دا....ل١١٣.
٦٨- د. جوزيف میشال شريم. دليل الدراسات الاسلوبية، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٨٤، ص١٨.
٦٩- د. موريس ابو ناضر. الالسنية و النقد الادبي في النظرية و الممارسة، ص٩٣.
٧٠- د. ئیبراهیم قادر محەمەد، لێكۆڵینەوەی كورتە چیرۆكی كوردی...ل١٨٨.
٧١- هەمان ژێدەر، ل
٧٢- هەمان ژێدەر، ل
٧٣- د. فاضل عمر. «خۆ تافیركرن»، كالێ پەشێمان، ل٣٤.
٧٤- هەمان ژێدەر، ل٣٤.
٧٥- د. فاضل عمر. «خەونا چامەبێژەكی»، وەرگوهێزكێن مەمۆی،ل٨.
٧٦- هەمان ژێدەر، ل٩.

٧٧- سمير المرزوقي. جميل شاكر، مدخل الي نظرية القصة تحليلا و تطبيقا، ص٧٦.
٧٨- د. فاضل عمر. «ڕوانێ باڕوڤێ»، كالێ پەشێمان، ل٤١.
٧٩- د. فاضل عمر. «كوشتنا كەڤنە چیرۆكڤیسەكی»، وەرگوهێزكێن مەمۆی،ل٢٢.
٨٠- هەمان ژێدەر، ل٢٤.
٨١- سمير المرزوقي. جميل شاكر، مدخل الي نظرية القصة تحليلا و تطبيقا، ص(٨٥-٨٩)، هەروەها بنێرە، موريس ابو ناضر. الالسنية و النقد في النظرية و الممارسة، ص١٠١.
٨٢- د. فاضل عمر. « ڕەوانێ باروڤێ»، كالێ پەشێمان، ل(٤١-٤٢).
٨٣- د. فاضل عمر. « گورگ و ڕەخت و تڤەنگ»، كالێ پەشێمان، ل٤٤.
٨٤- هەمان ژێدەر، ل٤٤.
٨٥- هەمان ژێدەر، ل٤٦.
٨٦- سمير المرزوقي. جميل شاكر، مدخل الي نظرية القصة تحليلا و تطبيقا، ص٨٦.
٨٧- هەمان ژێدەر، ل٨٦.
٨٨- د. فاضل عمر. «دیمەنەک سوریالی ژ فلمەک راپورتی»، كالێ پەشێمان، ل١٩.
٨٩- هەمان ژێدەر، ل(١٩-٢٠).
٩٠- هەمان ژێدەر، ل٢١.
٩١- د. فاضل عمر. «تولڤەكرنا خودایی»، وەرگوهێزكێن مەمۆی، ل١٣.
٩٢- هەمان ژێدەر، ل٢٠.
٩٣-د. موريس ابو ناضر. الالسنية و النقد الادبي، ص١٠٣.
٩٤- د. فاضل عمر. «كەسانێ دی» كالێ پەشێمان، ل٣٨.
٩٥- د. فاضل عمر. «دەنگ»، وەرگوهێزكێن مەمۆی، ل٣.
٩٦- گەلەک جاران زاراڤێ مۆنۆلۆگا ناڤخویی بەرامبەر مۆنۆلۆگ هاتیە، د. (نەوزەت ئەحمەد ئوسمان) د ناما خۆیا دكتورایێ دا لاپەرە(٣٧) زاراڤێ (هەڤپەیڤینا كپ) یان (رازبێژی) بەرامبەر مۆنۆلۆگ بكارئینایە، بەلێ چونكو مۆنۆلۆگ ب خوە ڤێ واتایێ دگەهینیت؛ لەوما من ب تنێ (مۆنۆلۆگ) بكارئینایە.
٩٧- د. ئیبراهیم قادر محمد. لێكۆڵینەوەی كورتە چیۆكی كوردی...،ل١٩٤.
٩٨- روبرت همفري، تيار الوعي في الرواية الحديثة، ترجمة: د. محمود الربيعي، الطبعة الثانية، دارالمعارف بمصر، ١٩٧٥، ص٤٢.
٩٩- د. ئیبراهیم قادر محەمەد. لێكۆڵینەوەی كورتە چیرۆكی كوردی..،ل١٩٤.
١٠٠- روبرت همفري، تيار الوعي في الرواية الحديثة، ص٤٤.
١٠١- حەسەن جاف. چیرۆكی نوێی كوردی، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، مطبعة علاء- الوزيرية، ل٨٧.
١٠٢- روبرت همفري، تيار الوعي في الروائع الحديثة، ص٤٤.
١٠٣- د. ئیبراهیم قادر محمد. لێكۆڵینەوەی كورتە چیۆكی كوردی...،ل١٩٥، هەروەها بنێرە عشرون قصه كورديه، ص(١٩٢-١٩٣).
١٠٤- روبرت همفرى، تيار الوعى غى الروائع الحديثه، ص٤٩.
١٠٥- د. ئیبراهیم قادر محمد. لێكۆڵینەوەی كورتە چیۆكی كوردی...،ل١٩٨.
١٠٦- هەمان ژێدەر، ل١٩٩.
١٠٧- د. ئیبراهیم قادر محمد. لێكۆڵینەوەی كورتە چیۆكی كوردی...،ل(١٩٥-١٩٦).
١٠٨- د. فاضل عمر. «گورگ و ڕەخت و تڤەنگ»، كالێ پەشێمان، ل٤٥.
١٠٩- هەمان ژێدەر، ل٤٩.
١١٠- هەمان ژێدەر، ل٤٩.
١١١- هەمان ژێدەر، ل٣٠.
١١٢- د. فاضل عمر. «دەنگ»، وەرگوهێزكێن مەمۆی، ل٤
١١٣- د. فاضل عمر. «مێڤانێ نەوەخت»، كالێ پەشێمان، ل٩.
١١٤- هەمان ژێدەر، ل٣١.
١١٥- د. فاضل عمر. «تولڤەكرنا خودایی»، وەرگوهێزكێن مەمۆی، ل١٨.
١١٦- د. ئیبراهیم قادر محەمەد: لێكۆڵینەوەی كورتە چیرۆكی كوردی...ل١٨٠.
١١٧- زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆكی هونەری كوردی...، ل٥١.
١١٨- هەمان ژێدەر، ل(٥٢-٥٣).
١١٩- د. فاضل عمر. «دیمەنەک سوریالی ژ فلمەک راپورتی»، كالێ پەشێمان، ل١٨.

١٢٠- د. فاضل عمر. «زینێ ددەستێ مەمۆی دا بەفرە» ، وەرگوهێزکێن مەمۆی، ل٣٦.

١٢١- د. فاضل عمر. «چارچوڤە دژ چارچوڤە» ، وەرگوهێزکێن مەمۆی، ل٤٢.

١٢٢- هەمان ژێدەر، ل٣.

١٢٣- هەمان ژێدەر، ل١٢.

١٢٤- د. ئیبراهیم قادر محەمەد: لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی...ل١٨٤.

١٢٥- د. فاضل عمر. «خەونا چامەبێژەکی» ، وەرگوهێزکێن مەمۆی،ل

١٢٦- هەمان ژێدەر، ل٣٩.

١٢٧- د. فاضل عمر. «چارچوڤە دژ چارچوڤە» ، وەرگوهێزکێن مەمۆی، ل٤٢.

١٢٨- حەسەن سلێڤانەی. «روناهی لسەر... چارچوڤە دژ چارچوڤە» ، گوڤارا گازی، دەزگەها راگەهاندنا گازی، چاپخانا کولیژا شەریعێ، دهوک، ژمارە(٢٠)، ١٩٩٦، ل٢٣.

١٢٩- د ئەدەبێ جیهانیدا (ئوگست سترنتبورگ) د. چیرۆکا (یاری یا خەوێ)دا، بکارئینایە، د ئەدەبێ عەرەبی ژیدا ژ چیرۆکێن ئێکێ کو خەون بکارئینایە (رؤيا العربية)یە، بۆ پتر پێزانین بنێرە ئیبراهیم قادر محەمەد: لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی... پەراوێزێن لاپەرە ١٧٥، هەروەها صالح هويدي، بنية الرؤيا و وظيفتها في القصة العراقية القصيرة، الموسوعة الصغيرة (٣٨٦)، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٣، ل٢٢.

١٣٠- د. صالح هويدي، بنية الرؤيا و وظيفتها...، ص٢٠.

١٣١- د. ئیبراهیم قادر محمد. لێکۆڵینەوەی کورتە چیۆکی کوردی..،ل١٧٥.

١٣٢- د. فاضل عمر «دوبارە مرابونە» ، کالێ پەشێمان، ل١٣.

١٣٣- هەمان ژێدەر، ل٤٨.

١٣٤-دبیت دڤان پارچاندا هەمی رەگەزێن شعرێ نەبن، بەلکو پتر(نظم)ە.

١٣٥- د. فاضل عمر. «سەرەک شەپرزە» ، وەرگوهێزکێن مەمۆی، ل٢٩.

١٣٦- هەمان ژێدەر، ل٢٩.

١٣٧- د. فاضل عمر. «سەرەک شەپرزە» ، گوڤارا پەیڤ، ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد، تایێ دهوکێ، چاپخانا کولیژا شەریعێ، ژمارە(٥)، ١٩٩٧، ل٧١.

١٣٨- د. فاضل عمر «سەرەک شەپرزە» ، وەرگوهێزکێن مەمۆی، ل(٣١-٣٢).

١٣٩- حسین عارف. «شێوەکانی تەکنیک لە چیرۆکی سالانی دوای ١٩٧٠دا» ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەری دەکات، بەغداد، ژمارە(٦٣)، ل١٩٧٧، ل٢٠.

١٤٠- د. ئیبراهیم قادر محمد. لێکۆڵینەوەی کورتە چیۆکی کوردی..،ل١٩١.

١٤١- د. فاضل عمر. «سەرەک شەپرزە» ، وەرگوهێزکێن مەمۆی، ل٢٩.

١٤٢- د. فاضل عمر. «زەینێ د دەستێ مەمۆی دا بەفرە» ، وەرگوهێزکێن مەمۆی، ل٣٧.

١٤٣- حەسەن سلێڤانەی. «روناهی لسەر... چارچوڤە دژ چارچوڤە» ، گوڤارا گازی، ل٢٣.

١٤٤- د. فاضل عمر. «چارچوڤە دژ چارچوڤە» ، وەرگوهێزکێن مەمۆی، ل٤٦

١٤٥- سمیر المرزوقي. جمیل شاکر، مدخل الى نظرية القصة، ص١٠٠.

١٤٦- د. فاضل عمر. «کالێ پەشێمان» کالێ پەشێمان، ل٢٧.

١٤٧- د. فاضل عمر. «سەرەک شەپرزە» ، وەرگوهێزکێن مەمۆی، ل٢٩.

١٤٨- هەمان ژێدەر، ل٣٢.

١٤٩- د. فاضل عمر. «سەرەک شەپرزە» ، وەرگوهێزکێن مەمۆی، ل٢٧.

١٥٠- (ئالان رۆپ گری) رۆمانەک ل سەر پارچەکا رۆژنامەیەکی نڤیسی یە کو بەحسێ تاوانەکێ دکەت. بۆ پتر پێزانین بنێرە زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی شێوە و، شێواز، و بونیاد، ل١٠٨.

١٥٢- د. فاضل عمر. «دوبارە مراربونە» ، کالێ پەشێمان، ل١٥.

١٥٣- د. فاضل عمر. «سەرەک شەپرزە» ، وەرگوهێزکێن مەمۆی، ل٣١.

١٥٤- هەمان ژێدەر، ل٣.

١٥٥- هەمان ژێدەر، ل٤٧.

١٥٦- د. فاضل عمر. «دەنگ» وەرگوهێزکێن مەمۆی، ل٤.

١٥٧- د. فاضل عمر. «تولڤەکرنا خودایی» ، وەرگوهێزکێن مەمۆی، ل١٢.

١٥٨- هەمان ژێدەر، ل١٣.

١٥٩- هەمان ژێدەر، ل١٧

# سرووش وەرگرتن لە ئاگری نەورۆز

کەریم شارەزا

## پێشەکی

نەورۆز جەژنێکی کۆنی کوردەو هەموو ساڵێک لەگەڵ کۆتایی هاتنی زستانی سەخت و داهاتنی بەهاری پڕ خۆشی و زیندەگانی، ئاهەنگی شادیی بۆ دەگێڕدرێ و یادی ڕۆژی ئازادی و سەرفیرازیی نەتەوەی کوردی تێدا دەکرێتەوە و لەشەوی ئەو جەژنە پڕ شکۆیەدا ئاگر لەسەر لووتکە چیاو شوێنە بەرزەکانی وڵات دەکرێتەوە تاکو خەڵکەکە بزانن سبەی نەورۆزە و سەری ساڵێکی تازەی کوردەو دەسپێکی وەرزێکی پڕ خۆشی و شادییە.

نەورۆز بە چەند ڕەگێکی قووڵ و پتەو بەناو بوون و ژیانی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورددا چۆتە خوارەوە: ڕەگی ئەفسانەیی و ڕەگی سروشتی و ڕەگی نەتەوەیی و هەر یەک لەم ڕەگانەش هێماو ڕەمزی خۆیان هەیە وەک: ئاگر، کاوە، ئەژدەهاک، مار...

لەسەردەمێکی زووەوە شاعیری کورد ئاوڕی لە نەورۆز و ڕەمزو هێماکانی داوەتەوەو هەیە تەنیا بۆ یادکردنەوە بەکاری هێناون و هەیە لە پێناوی ئامانجێکی نوێدا بەکاری هێناون و هەمیشە ئەو ڕەمزانەی کردووەتە سەرچاوەی سرووش وەرگرتن بۆ داهێنانێکی نوێتر لە مەیدانی شیعری تازەدا و ئێمە لێرەدا لە نموونەی سێیەمی دەکۆڵینەوە تاکو بزانین چۆن ئەو شاعیرە نوێکارانە ئەو هێماو ڕەمزانەی نەورۆزیان بەتایبەتی ڕەمزی ئاگریان کردووە بەسەرچاوەی سرووش وەرگرتن بۆ داهێنانێکی نوێی لە بواری شیعری تازەی کوردیدا؟

## سرووش وەرگرتن لە ئاگری نەورۆز بۆ داهێنانێکی نوێ

کاتێک کە شیعری هاوچەرخی کوردی پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە نیوەی یەکەم و چواریەکی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەخۆیەوە بینی، شاعیرە نوێکارەکان داهێنانی نوێتریان خستە هۆنراوەی هاوچەرخی کوردی و هەستان بەجۆرێکی نوێ سوودیان لە کەلەپووری نەتەوایەتی و ڕەمزەکانییەوە وەرگرت و تاقیکردنەوەی ئەدەبیی بەهێزیان پێ ئەنجام دا، لەوانە نەورۆزو ڕەمزەکانی و بەتایبەتی ڕەمزی ئاگرەکەی و ئێمە لێرەدا بەدوای نموونەی شیعری تازەی ئەو شاعیرە نوێکارانەی کورد دەکەوین تاکو بزانین چۆن چوارچێوە کۆنەکەی بەکارهێنانی نەورۆزو ئاگرەکەیان لە شیعردا شکاندووە و داهێنانێکی نوێیان پێشکەش کردووین و ئەو شاعیرانەی لەو تاقیکردنەوە نوێیەدا سەرکەوتووانە کارە هونەرییەکانیان ئەنجام داوەو سەرنجی ڕەخنەگرانیان ڕاکێشاوە ئەم شاعیرانەی خوارەوەن:

* پیرەمێرد (١٨٦٧- ١٩٥٠) لە هۆنراوە بەرزو ناودارەکەی (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە)دا، ئاگری نەورۆزی بەجۆرێکی نوێ بەکارهێناوەو نەچووە وەکو پێشتر ئاگرەکە تەنیا بۆ یادکردنەوەی نەورۆز بەکاربێنێ و بڵێ:

**مژدە بێ ساڵ گەڕایەوە**
**ئاگری نەورۆز کرایەوە**

بەڵکو ئەمجارە لە هۆنراوە ناودارەکەی [ئەم ڕۆژی

ساڵی تازەیە]دا ئاگری نەورۆز لەسەر کێوو لەسەرگردی مامەیارەوە هێناوەتە ناو جەرگی تێکۆشەران تاکو بەعیشقەوە بەرەو پیری مەرگ و شەهیدبوون بچن و پێشوازی لە خۆبەختکردن و مردن لە پێناوی نیشتمانەکەیاندا بکەن.

**نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە**
**لاوان بە عیشق ئەچوون بە بەرەوپیری مەرگەوە (١)**

* گۆران (١٩٠٤- ١٩٦٢) شاعیرێکی هونەرمەندی نوێکاربوو، لە هۆنراوەیەکیدا بەناوی (جەژنی نەورۆز) لە رێگەی ئاگری نەورۆزەوە ئاماژە بۆ ئەفسانەکەی ئاگردۆزینەوە دەکات کە چۆن لە سەردەمی زوودا باپیرەگەورەی نەتەوە ئارییەکان کاتێ ماری کوشتووە، بەردەکەی ناو دەستی بە بەردێکی تر کەوتووەو پریشکی ئاگری لێ هەڵساوە، لەمەوە ئاگر دۆزراوەتەوەو بۆ کوردو ئارییەکان (پرۆمیثیۆس)ێک بووە کە ئاگری بە خەڵات بۆ مرۆڤ هێناوەتە سەر زەوی و لەبارەی ئەو ئەفسانە کۆنەوە گۆران بەم جۆرە شیعرێکی دارشتووە.

**کە ماری کوشت و بەردی دا لە یەکتر**
**پزیسکی دی و ئیتر تەلیسمی ئاگر (٢)**

ئاگریش بووەتە سەرچاوەی ژیانێکی نوێی ئادەمیزاد و روون کردنەوەی مێشکی و شاعیر هەر ئەو ئاگرەی کردووە بە رەمزی داهاتنی رۆژێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤدا کە جەژنی نەورۆزەو بەهاتنەوەی یەک ساڵ کاروانی پێشکەوتنی گەلان بەرەو شەبەقی ئاسۆی رۆژێکی نوێی پڕ لە خۆشی و شادی و بەختەوەری دەبات و بە بۆنەی هاتنی نەورۆزەوە بەم جۆرە هەستی شاعیریی خۆی دەردەبڕێ.

**بەهاتنت یەک ساڵی دەق**
**کاروان پێشکەوت بەرەو شەبەق**
**واتا: رێگا ببڕین بە دەو**
**ساڵێک زووتر دوایی دێ شەو**
**ئەو شەوەی مەشخەڵی گەلان**
**ئاگری بەر ئەدا لە گیان**
**لەهەرچوار لای جیهانەوە**
**تا بەدەم بای سووتانەوە**
**تۆزی لە رووی پەڕەی مێژوو**
**ئەنیشێ وەک خاکەی رەژوو (٣)**

شاعیری نوێکارمان گڕی ئاگری نەورۆز هەر لە چوارچێوەی کوردستان و لە مەیدانی ژیانی میللەتی کورددا ناهێڵێتەوە، بەڵکو دەیکات بە مەشخەڵی هەموو گەلانی ئازادیخوازی جیهان و بە لابەری تۆزوگرد لە رووپەڕی مێژووی مرۆڤایەتی.

* مەدهۆش (١٩١٩- ١٩٩٤) نایەوێ ئاگری نەورۆز بە دارو چیلکە بکرێتەوە، بەڵکو با لەناو دڵی گەنجی خەباتگێڕدا بڵێسەی بەرزبێتەوە تاکو پتر بیهێنێتە جۆشش بۆ رزگارکردنی نیشتمان لە داگیرکاریی دوژمن و میللەتەکەی لە چەوساندنەوەو ژێر دەستی و بەم جۆرە هەست و سۆزی خۆی دەردەبڕێ.

**ئاگری نەورۆز بەدارو چیلکە با نەکرێتەوە**
**با لەناو جەرگەی دڵی گەنجا گڕی بەرزبێتەوە**
**بێتو برِوامان بەخۆمان بێ و ئیتر رێ ون نەکەین**
**رێگەمان ئێجگار نزیکە بەرلەوەی شەوبێتەوە (٤)**

* ع.ح.ب (١٩٢٣- ٢٠٠٠) ئاگری نەورۆز بۆ مەبەستێکی نوێی خەباتی میللەتەکەی بەکاردێنێ کە چۆن لە پشت ئاگری نەورۆزەوە دەنگێکی خۆشی خەبات و راپەڕینی نوێی دێتە بەر هەست و هۆشی و میللەت هان دەدات لە دژی رەنجمژین خەبات بکات و ئەمەی لە هۆنراوەکەی نەورۆزی ساڵی (١٩٥٧)یدا کردووەو ئەم ناوەرۆکەی خستۆتە روو.

**لە دوورەوە**
**لە پشت ئاگری سوورەوە**
**دەنگێکی خۆش**
**ئەگاتە هۆش**
**ئەم وڵاتە**
**پڕ لە دەردو کارەساتە**
**ئەی جەژنی کورد**
**هەرچی پیتە هەموویان برد (٥)**

* کامەران موکری (١٩٢٩- ١٩٨٦) لە هۆنراوەیەکیدا بە ناوی (دیاریی نەورۆز) کە بۆ نەورۆزی ساڵی (١٩٥٨)ی داناوە. نەچووە راستەوخۆ لە ئاگری نەورۆزەوە بدوێ، بەڵکو تەنیا سرووشی لێ وەرگرتووە بۆ داهێنانێکی نوێ و چەپکە گوڵەکانی پێشکێش بەو خەباتگێڕانەی میللەتەکەی دەکات کە گڕی ئاگری خەباتی رزگاریخوازیی نیشتمانی دەگرنە باوەش و بۆ ژیانی کورد دەبنە پێشەنگی خەبات و مەشخەڵی ئاگر بۆ دڕدانی شەوە زەنگ و بەم جۆرە هۆنراوەکەیان پێشکێش دەکات.

**بۆ رۆژی نەورۆز سێ چەپک**
**لە نێرگس و گوڵی ناسک**
**ئەم چەپکە گوڵەی من پێشکەش**
**بەوەی (گڕ) دەگرێتە باوەش**
**بەو لاوانەی لەبۆ وەتەن**
**لە خەباتا پشوونادەن**
**بۆ ژینی کورد بوون بە پێشەنگ**
**بوون بە مەشخەڵی شەوەزەنگ (٦)**

شـاعـیـر لە ئاگـری نەورۆز گـڕەکـەی وەردەگـرێ و بەشـێـوەیەکی نوێ بە کـاری دێنێ و چەپکە گـوڵەکـانی ڕەوای ئەو خـەباتگێـڕە دەبینێ کـە (گـڕ)ی خـەبات و فیداکاریی دەگرێتە باوەش.

* حـەسـیب قـەرەداخی (١٩٢٩- ١٩٩٧) ئاگـری نەورۆزی بە مـەبەسـتی ئاگـری خـەباتێکی بەردەوامی میللەتەکەی لە شیعـردا بەکارهێناوەو نایەوێ ئەو ئاگرە بکوژێتـەوەو دەیەوێ هەمیـشە لە کـڵپەو گـڕیدا بەردەوام بێت تاکو دەگاتە دواقۆناغی ئامانجی خەباتی و ئەمەی لە هۆنـراوەیەکـــــیـــــدا بەناوی (نـەورۆزی ١٩٧٦) خستۆتەڕوو.

**ئاگری نەورۆز کرایەوە**
**مەبەستمانە نەکوژێتەوە**
**کە کاروانمان لێ خستە ڕێ**
**مەبەستمانە پشتوێنێکی**
**بەسراوەی تیا نەکرێتەوە**
**کە ملمان نا بەرەو گیانی ئەژدەهاکی**
**هەر سەردەمێ**
**ئەبێ هێندە گوێ نەدەینە**
**ڕاوە ڕێوی و خوتبە و تەمێ (٧)**

شـاعـیـر نەچووە ئاگری نەورۆز تەنیـا بە مـەبەسـتی یادکـردنەوەی ئەو نەورۆزو ئاگرە لەشیـعـردا بەکـاربێنێ، بەڵکو ویسـتوویەتی ئەو ئاگرە نەکوژێتەوەو کە کاروانی خەباتی میللەت کەوتەڕێ کەس لێی ساردنەبێتەوەو هەر بەرەو پێـشـەوەو بەرەو ئامـانج هەنگاوبنێ و هیچ داو و پیلانێک کاری تێ نەکات.

* شێرکۆ بێکەس: شاعیرێکی هاوچەرخی نوێکارەو لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە سەیری ئاگری نەورۆز دەکات و لە هۆنراوەیەکـیـدا بەناوی (بۆ نەورۆزی ١٩٧٠) کـە لە پاش ڕێککەوتننامـە مـێـژوویـیـەکـەی (١١ی ئاداری ١٩٧٠)دا دایناوە. ئاگـر بە ڕەمـزی چەکی کـوشتن و وێرانکاری دادەنێ کە چۆن لە شۆڕشی ئەیلوولدا سوپای حکومەتی بەغدا خوێنی پێشمەرگەو خەڵکی بێ تاوانی کـوردسـتـانی ڕشـتـووە و بەم جـۆرەی خـوارەوە بیـرو بۆچوونەکەی خۆی دەخاتە ڕوو.

**ئەی ئەوانەی**
**لەگەڵ مردن، لەگەڵ ئازارا**
**لەگەڵ سوپای شەوە زەنگی**
**تاریک و تارا**
**لەگەڵ ساڵی برسیەتیا**
**لەگەڵ ئاگر**
**لەگەڵ بەفر**
**لەگەڵ زەمانا**
**کەوتنە جەنگێن**
**هەتا نەوەی ئەم کوردە شادبێ**
**مەلی هیوای لە قەفەزی**
**دیلی ئازاد بێ (٨)**

هەرچەندە شـاعـیـر لە شـوێنێکی دیکەی هۆنراوەکـەیدا ئاگـری بە ڕەمـزی جـەژنی پیـرۆزی نەورۆز دادەنێ و بە پریشکی پشکۆی بیـرو باوەڕی پتـەوی ئاگـری نەورۆزی ئازادی دادەگیرسێنێ.

**بە پریشکی پشکۆی بیرو**
**تینی ناو خوێنم**
**ئاگری جەژنی بیرەوەریت**
**دائەگیرسێنم**

کـەچی لەدواتر وەک پێشتر دەرمانخست لە دژی ئاگری جـەنگ و بەفـرو سـەرمـاو سـۆڵەکـەی زسـتـان و زەمـانەی چەپگەرد کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ کوردان نەبووەو خۆی و هاوبیـرانی لە دژی ئەو ڕەمـزانەو ڕەمـزی دیکەی وەک ئازارو مـردن، سـوپای شـەوە زەنگ و برسـیـەتی و تۆفـان دەجـەنگن کـە هەریەک لەمـانـە دوژمنێکی سـامناکی نەتەوەی کوردن.

* عـەبدوڵڵا پەشـێـو: نایەوێ ئاگـری نەورۆز وەک ڕەمـزێکی گـەڕانەوەی نەورۆزی ئازادی سـەیر بکات، بەڵکو دەیەوێ ئەو ئاگرە ببێتە گشتگرو هەموو کوردستان بگرێتەوە تاکو هەموو وڵاتی کوردان دەبێتە پارچە ئاگری شۆڕشێکی سەرتاسەری، ئەوساکە نەک دوژمنی خوێنمژو چەوسـێنەر لەناودەچێ، بەڵکو ئەگـەر دوژمن هەزاریش بێ، هەر ناچار دەبێ مل کـەچ بکات بۆ مـافی نەتەوەیی کـورد و خـۆی لەبەر ئاگری شـۆڕش ناگرێ و بەم شـێـوەیە بۆچوونەکەی خۆیان بۆ دەخاتە ڕوو.

**پرسیم لە کاوەی باپیرم**
**وتم: بابە وادەست بەستەم**
**دەپێم بڵێ: چۆن ئەگەمە**
**نەورۆزەکەی سەدەی بیستەم؟!**
**گوتی: ڕۆڵە، گەر کوردستان**
**بکەن بە پارچە ئاگرێ**
**نەک زوحاکێ، هەزار زوحاک**
**مل کەچ ئەکاو خۆی ناگرێ!!(٩)**

* سـەلاح شـوان: لە هۆنراوەیەکـیـدا بەناونیـشـانی «چاوەکانی تۆ نەورۆزن» سرووشێکی خۆش لە نەورۆز و ئاگرەکـەی وەردەگرێ و دەچێ هۆنراوەیەکی دڵداریی پڕ لە سـۆزی خـۆشـەویسـتی پێ دەخـولـقـێنێ، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ناویان بێنێ، بەڵکو تەنیا بەهێماو دەربڕینی

وەکو (بەفری زستان توایەوە) کە نیشانەی نەورۆزە کارە هونەرییەکەی ئەنجام دەدات و ئەمەش سەرەتاکەیەتی.

**دڵدارەکەم بەفری زستان**
**لەسەر لێوو مەچەک و**
**چاوی هەژاران توایەوە**
**ڕەشەبای ڕێگای نەهاتی**
**گڕی سووری ڕێگاکانی بەجێهێشت و**
**بە گەرووی تاریکە شەوی دوێنێمانا**
**کشایەوە (١٠)**

دەربڕینی [ڕەشەبای ڕێگای نەهاتی، گڕی سووری ڕێگاکانی بەجێهێشت] وێنەیەکی جوان و نایابی شیعرییەو گڕی نەورۆز بووەتە گڕی سووری سەر ڕێگاکان کە لە شەوی نەورۆزدا بەرز دەبێتەوەو کە ئەو ڕەشەبایە گڕەکە جێدێڵێ و بە گەرووی تاریکەشەوی ڕابوردووی پڕ نەهامەتییاندا دەچێتە خوارەوەو ئەو بەفرەی زستانی سەخت دەتوێتەوە

* ئازاد دڵزار: لە هۆنراوەیەکیدا بە ناوی (نەورۆز) تاقیکردنەوەیەکی نوێی لە مەیدانی شیعری نوێی کوردیدا کردووە، بەوەی کە نەورۆزی کردووەتە زادەی بروسکاندنی پەڵە هەور و ڕاچەنینی دڵی بولبولی دارستان و ئەم دووانە مژدەی هاتنی نەورۆزمان پێ دەدەن، ئەو نەورۆزەی کە چاوی هەزاران ناحەزو دوژمن و سەگی ڕاوو ساچمەی ڕاوچیی لە دوواوەیەو دەیانەوێ وەکو کەروێشکی نەرمونیان بیخنکێنن و هەموو گوڵ و هەگبەی دیارییەکانی لێ بستێنن، بەڵام ناگەنە مراز، چونکە کاتێک بۆی دەچن دەبێت بە (گڕ) و لەسەر تاوێرە بەرد و لووتکەی چیاکان بەرزدەبێتەوە.

کەواتە ئازاد داستانی ئاگری نەورۆزمان بەجۆرێکی نوێ بۆ دەگێڕێتەوەو بە بیرو ئەندێشەی قووڵی خۆی دەیخوڵقێنێ.

**لە ئاسمانی شارە بچکۆلەکەماندا**
**پەڵە هەورێک بروسکاندی**
**دڵی بولبولێک ڕاچەنی لە دارستان**
**نەورۆز**
**نەورۆز وا لەبەر دەرگایە**
**چاوی هەزاران سیخوڕ**
**سەگی ڕاوو ساچمەی شازادەی**
**لە دوایە**
**دەیانەوێ وەک کەروێشکی**
**نەرمونیان بیخنکێنن**
**گوڵ و هەگبەی دیارییەکانی**
**لێ بستێنن**
**بەڵام کاتێ کە بۆی دەچن**
**دەبێتە گڕ**
**لەسەر تاوێرو لووتکەکان (١١)**

* لەتیف هەڵمەت: تاقیکردنەوەیەکی تازەی لە تاقیگەی شیعری نوێی کوردیدا دەکات و لە هۆنراوەیەکیدا بە ناونیشانی (شەوی نەورۆز) لەکارەساتی هەژارێکی بەندکراوەوە دەدوێ کە لەشەوی نەورۆزدا لەناو ژوورێکی تاریکی بێ دەلاقەی زیندانەکەیدا، هیچ شتێک شک نابات تەنیا تەڵێک شقارتەو بەتانیە شڕێک نەبێت و دەشیەوێ ئاگری نەورۆزی نەتەوەکەی لەو شەوە تاریکەدا هەر بکاتەوە، بۆیە تەڵە شقارتەکەی دادەگیرسێنێ و بەتانیە شڕەکەی پێ دەسووتێنێ و دەیکات بە مەشخەڵی ئاگری نەورۆزی ڕزگاری و خۆیشی لەگەڵیدا دەسووتێ و هەر بەو شەوەی نەورۆز تەرمەکەی لە زیندانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ گۆڕستان و بەم جۆرە داستانەکەی تۆمار دەکات و ئاگری نەورۆز بەشێوەیەکی سەیری پڕ کارەسارەتی مرۆڤایەتی دادەگیرسێنێ.

**لە تاریکی ژوورە بێ دەلاقەکەیدا**
**زامەکانی پڕ لە لیکی**
**خوێنی سوور بوو**
**چاوی نوقمی بەفرو گڕی**
**چیای دوور بوو**
**سەرنجی دا**
**بەهەر چوار لای ژوورەکەدا**
**تەنیا هەر تەڵێ شقارتەو**
**بەتانییە شڕێ هەبوو**
**تەڵە شقارتەکەی داگیرساند**
**شەوە زەنگی ناو ژوورەکەی**
**شەوی زیندان**
**شەوی پیرۆز**
**شەوی پیرۆزیی نەورۆز**
**بوون بە بەیان**
*** ***
**هەر بەو شەوە**
**لە ژووری ئەو زیندانەوە**
**گواستیانەوە بۆ گۆڕستان (١٢)**

هەرچەندە شاعیر لەم هۆنراوەیەیدا ئاگری نەورۆزی بە جۆرێکی نوێ بەکارهێناوە، بەڵام لەبارەی ئەنجامی هەڵگیرساندنی ئاگرەکەی، کابرای زیندانی تێدەچێ و دەمرێ. ئێمە دەمانەوێ ئاگری نەورۆز و ئەو جەژنە پیرۆزەی کورد بۆ ژیانێکی خۆشتر بێت نەک بۆ

خۆکوشتن!! چونکە بەم کارەی شاعیر ڕێگەی خۆ لەناوبردن لەبەردەم لاوان خۆش دەکات و دەبوایە بەکارە هونەرییەکەی ڕێگەی هیوای خۆشی و شادی و بەختەوەری لە پێش ئەو دیلە زیندانییە خۆش بکات.

* مارف عومەر گوڵ: لە هۆنراوەیەکیدا بەناونیشانی (شەوی نەورۆز) تاقیکردنەوەیەکی نوێ لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا دەکات و سرووش لە ئاگری نەورۆز وەردەگرێ بۆ دارشتنی هۆنراوەیەکی ناسکی دڵداری و ڕوو دەکاتە یارە خۆشەویستەکەی و پێی دەڵێ.

**هەوری گریانت**
**وا لە ئاسمانی شینی ولاتا**
**ئاسۆی چاوانت**
**وا بەسەر بەفرو گڕی نەورۆزی**
**لووتکەی شاخەوە (١٣)**

دوای ئەم سەرەتایە سەرکەوتووەی هۆنراوەکەی، شاعیر بە یارە خۆشەویستەکەی دەڵێ: «دڵت حەزی لەکێیە؟» ئەو دڵە گەر لە عەشقی شەوی قوربانی پەنجەی سوور نەکات و بۆ ئەستێرەی سووری ئاسمانی سافی ڕانەوەشێنێ و لەشەوی جەژنی نەورۆزی شادیدا لەسەر لووتکەی شاخدا وەک چراوگ و مەشخەڵی ئاگر داینەگیرسێنێ چ کارێکی هەیە؟ و بەم جۆرە هەنگاوی دووەمی داهێنانەکەی دەهاوێ.

**سەری تووڕەییت**
**بەرکام بروسکەی ڕۆژگار ناکەوێ و**
**ناکەوێتە ناو**
**تەمی بێ بنی هەردی مردنا**
**ئەی کچێ دڵت حەزی لەکێیە**
**گەر لە ئەوینی شەوی قوربانا**
**پەنجەی سوور نەکاو**
**بۆ سەر ئەستێرەی سوور**
**ڕاینەوەشێنێ**
**شەوانی نەورۆز**
**لە لووتکەی شاخا**
**داینەگیرسێنێ (١٤)**

شاعیری نوێکار نەچووە وەکو زۆر شاعیرانی پێش خۆی هەموو جوانییەکی ئافرەت بەجوانیی شتێکی سروشتی بچوێنێ، بەڵکو دەیەوێ پەنجەی سووری دڵی زیندووی یارەکەی بۆ ئەستێرەی ئاسمان ڕابوەشێنێ و لە شەوی نەورۆزدا لەسەر لووتکەی چیاکانی کوردستان وەکو ئاگری سووری نەورۆز دابگیرسێنێ، کەواتە: شاعیر ئاگری نەورۆز لە پەنجەی سووری یارەکەی هەڵدەگیرسێنێ و داهێنانێکی نوێ لە دەربڕینی تازەی شیعری دەخولقێنێ.

## ئەنجام

ئەوەی خوێندتەوە لێکۆڵینەوەیەکی خێرا بوو لەسەر بابەتی سرووش وەرگرتن لە ئاگری نەورۆز بۆ خولقاندنی داهێنانێکی نوێ لەلای شاعیری نوێکاری کورددا، هیوادارم تیشکێکی ڕوون کردنەوەمان خستبێتە سەر چەمک و نموونەی زیندووی ئەم بابەتە ئەدەبییە ناسکە.

**سەرچاوەو پەراوێز:**

**١- ئومێد ئاشنا- دیوانی پیرەمێرد- بەرگی یەکەم- هەولێر ٢٠٠١، ل: ١٥٢**
**٢- محەمەدی مەلا کەریم- دیوانی گۆران- بەغدا ١٩٨٠، ل ١٩٥**
**٣- هەمان سەرچاوە، ل ٣١٧، ٣١٨**
**٤- حوسێن عەزیز ڕەواندزی- نەورۆز لە شیعری کوردیدا- بەغدا ١٩٨٥، ل ٦٢**
**٥- محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە- نەورۆزنامە- بەغدا ١٩٨٥، ل١٤٣، ١٤٤**
**٦- عەبدوڵلا عەزیز خالید- دیوانی کامەران- بەغدا ١٩٨٨، ل ١٠٩، ١١٠**
**٧- حەسیب قەرەداخی- فەرهەنگی خەم- بەرگی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٢، ل٤٣**
**٨- شێرکۆ بێکەس- من تێنوێتیم بەگڕ ئەشکێ- بەغدا ١٩٧٣، ل ٢٤٤**
**٩- عەبدوڵلا پەشێو- گۆڤاری هەولێر- ژمارە (٦) ساڵی (١) ١٩٧١**
**١٠- سەلاح شوان- دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە- بەغدا ١٩٧٨، ل٣٦**
**١١- ئازاد دڵزار- ڕێچکەی خوێن، ستۆکهۆڵم- سوید ١٩٩٤، ل٤٢**
**١٢- لەتیف هەڵمەت- وشەی جوان گوڵەگوڵ- بەغدا ١٩٧٩، ل١٧٣**
**١٣- محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە- نەورۆزنامە- بەغدا ١٩٨٥، ل٣٠٣**
**١٤- هەمان سەرچاوە، ل٣٠٤**



# ئەی ڕەقیب
# پۆرتریێتی پاڵەوان لە نێوان بکوژ و کوژراودا

نەجات حەمید ئەحمەد

**ئەی ڕەقیب**

**دڵدار**

**١– ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان**
**٢– نای ڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان**
**٣– ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین**
**٤– سەیری کەن خوێناوییە ڕابردوومان**
**٥– ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین**
**٦– دینمانە ئایینمانە نیشتمان**
**٧– کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە**
**٨– زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان**
**٩– چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕڕەشێر**
**١٠– بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران**
**١١– لاوی کورد ئێستاش حازر و ئامادەیە**
**١٢– جانفیدانە جانفیدانە جانفیدان**
**١٣– لاوی کورد هەڵسانە سەر پێ وەک دلێر**
**١٤– سا بەخوێن نەقشی بکا تاجی ژیان**
**١٥– کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە**
**١٦– زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان**

**مادامەکی من کوردم، دەبێ کورد لە هەموو دنیا ئازاترین، چاکترین. «دڵدار»**

کاتێک بەماناکانی ئەم ڕستانەدا دەچینەوە، هەست دەکەین دڵدار لە ترۆپکی شانازیی نەتەوەییدا دەژی، ڕستەکە لە هەمان کاتدا سەرکێشی و ڕووبەڕووبوونەوەی تێدایە، هەروەها لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی تێدایە کە لەگەڵ ئەم سیفەتە پاڵەوانێتیەیدا مرۆڤێکی چاکەخواز و ئاشتیخواز و بێ تاوانە.

١– ئاخۆ جیهانبینی دڵدار لە شیعری ئەی ڕەقیب و تێگەیشتنی ئەو بۆ سەردەمەکەی چییە؟ ئایا ئەو سیفەت و ئامادەبوونە بێ سنوورەی ڕووبەڕووبوونەوە، پەیوەست بە پاڵەوانەوە چین؟ ئایا پۆلێنکردنی سەردەمێک لەسەر بناغەی بکوژ، ئەو هێزە کوێر و نابینایەی مێژوو کە وەک قەدەرێکی مێژوویی، هەموو کاتێک دژ بە خواستەکانی

گەلی کوردە چۆن لە ئەی ڕەقیبدا ڕەنگ دەداتەوە؟ پاشان کوژراو کە نەتەوەیەکە تەنیا دەیەوێ لەسەر خاکەکەی خۆی بمێنێتەوە دەوری کوژراویی بەسەردا دەسەپێنرێ دەبێ چۆن سەیری مانەوەی خۆی بکاو چ جیهانبینی و چ دەوریک بگێرێ؟ ئینجا توندوتیژی لە شیعردا ئاخۆ توندوتیژییەکی سەردەمیانەی قۆناغێکی مێژووییە یاخود بەرهەمهاتووی دەوری بکوژانە؟

٢- ئەی ڕەقیب پەیوەست بە پۆلێنکردنەکانی شیعرەوە لەنێوان دەقی هونەریی بەرز و دەقی ناهونەریی سادەو لەنێوان ناوەرۆک و شێوە و زمان و مانادا، دەردەچێتە دەرەوە، ئاخۆ ئەم دەرچوونە و نهێنییەکەی لە کوێدایە، ئەگەر باوەڕ بەوە بێنین شیعر لە ناوەرۆکدا زیندوویێتی خۆی هەڵدەگرێ، دەبێ داهێنان لە شیعری ئەی ڕەقیبدا لە زمان و شێوە و ناوەڕۆکەکەیدا لە چیدابێ واتە لە بنیاتی زمان و مانادا هەروەها لە ماناکانی چێژی شیعری و ناوەرۆکدا؟

٣- کێشەی شیعر کە کێشەیەکە ڕاستەوخۆ بەرجەستەی سەردەمی دیاریکراوی خۆی دەکات و ڕەنگدانەوەی سەردەمێکە یاخود کاردانەوەیە بەرامبەر بە ماناکانی سەردەمێک، ئەوا ئەی ڕەقیب بەسەر قۆناغ و سەردەمەکاندا تێپەڕ دەبێت، نهێنی ئەم تێپەڕکردنە زەمەنییە و مانەوەی دوور و درێژی ئەی ڕەقیب لەنێو عەقڵییەت و جیهانبینی نەوەکاندا لەکوێدایە؟

کەواتە لە هەر لێکۆڵینەوەیەک لە شیعری ئەی ڕەقیب پێویستیمان بە شیکردنەوەیەکی فرە لایەنی هەیە لە زمان و کێشەی شیعر پەیوەست بەسەردەمەکەی خۆی و دوای خۆشی، هەروەها تێگەیشتن لە بنیاتی ناوەرۆک و شێوەی شیعرەکە و لە هەموو ئەمەشدا پێویستیمان بەوە هەیە وەک مانای کۆتایی پێهاتوو زانینی کۆتایی پێهات و شیعرەکە نەخوێنینەوە، بەڵکو لەو زمانە بکۆڵینەوە کە هەموو ئەم گرفت و کێشانەی گرتۆتە خۆ.

لە خوێندنەوەی یەکەمی شیعرەکەوە چەند پرسیار و زانینێکی سەرەتاییمان پێ دەگەن کە بەکورتی لەم خاڵانە چڕیان دەکەینەوە پەیوەست بە کێشەی شیعرەوە:

١- شیعری ئەی ڕەقیب لە خوێندنەوەیەکی ڕووکەشدا ماناکانی هەموو ئاشکراو ڕاگەیەندراون، بەڵام پەیوەست بە کێشەی شیعرەکەوە زمانێکی دیکە هەیە کە ڕانەگەیەندراوە و لە چوارچێوەی هێما و ڕەگەز و ئامرازەکانی نووسیندا، زمانێکی دیکە بەرجەستە دەکەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە جیهانبینی دڵدارەوە.

٢- لە شیعرەکەدا زۆردار و بکوژ لە کار و کردەوەکانیدا بەدی ناکەین، دڵدار باس لەو زۆرداریانە ناکات کە بکوژ بەرامبەر بە گەلەکەی دەیکات، باس لە کوشتن و بڕین و سووتاندن و بەندکردن و ئاوارەبوونی گەلی کورد ناکات، پۆرتریت و سیماو خەسڵەتەکانی بکوژی کوردان ناکات، بەڵکو هەموو ئەم خەسڵەتانە دەداتە پاڵ بنیاتێک لە ماناوە کە لە چوارچێوەی کاردانەوە خوێناوییەکانی کوژراودا ئەو سیما و کردار و زۆرداریانەی بکوژ دەگەیەنن.

٣- شیعرەکە لە زمانی گوتارێکی شیعریی هێماداردا نووسراوە کاتێک هەموو کاردانەوەکانی مرۆڤێکی کوژراو بەرامبەر بە دەوری بکوژێک دادەنێین و ئەو گوتارەش ئاراستەی «ئەی ڕەقیب» کراوە ئەوسا لەوە دەگەین «ڕەقیب» هەموو ئەو هێزە مێژووییە کوێرە بکوژانەیە، کە بەهێز و توند و تیژی ئامانج و مەبەست و دەوری ئێستا و ڕابوردوو و ئایندەیان ئەوەیە نەتەوەیەک لە ڕەگەوە لەسەر خاکەکەی هەڵکێشن و جگە لە داسەپاندنی دەوری کوژراوی بۆ ئەو نەتەوەیە هیچ مافێکی دیکەی لەبەر دەمدا بە ڕەوا نابینن.

«ڕەقیب» ناونانێکی هێماداری و مەجازییە بۆ بکوژ، کە لە خوێندنەوەی کاردانەوەکاندا دەوری بکوژی زۆردارمان بۆ ڕوون دەبێتەوە بۆ نموونە:

١- هەر ماوە قەومی کورد زوبان = بکوژ دەیەوێ کورد زوبان لەناوبەرێ.

٢- ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین= بکوژ دەیەوێ مێژووی گەلێک بشێوێنێ.

٣- کەس نەڵێ کورد مردووە= بکوژ دەیەوێ لە ڕێگەی شکستی مێژوویی کوردەوە بەهێز مردنی کورد بکاتە چارەنووسی.

٤- هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان= بە لە گۆڕنانی ئاڵای کورد بکوژ دەیەوێ کورد قەتاو قەت ئاڵای شەکاوەی نەبێ و نەبێ بەهیچ.

٥- دینمانە ئاینمانە نیشتیمان= بکوژ دەیەوێ نیشتیمان لە کوردان داگیر بکا و خاکەکەی لە ژێر پێی هەڵکەنێ و شارستانیەتەکەی لەناوبەرێ.

کەواتە گەلی کورد بەرەو ڕووی لەناوبردنی زمان و شارستانێتی و مێژووی بۆتەوە، هەروەها بەرەو ڕووی داگیرکردنی خاک و لەناوبردن بۆتەوە و ئەم مەترسییە گەورەیەش دەوری بکوژە، ئەو بکوژەی خاوەنی مێژووی خوێن ڕشتن و توندوتیژیە. کەواتە لایەنێکی هونەری ئەی ڕەقیب لەوەدایە کە هەستکردن بە مەترسی کردنە و هاوارێک بەرەو ڕووی دەکات، ئەو مەترسییە قۆناغ و کات و سەردەمی نییە، بکوژ یەک سیمای یەک سەردەم نییە، بکوژ لە قووڵایی مێژووەوە دێ و لە قووڵایی ئێستاوە بەرەو قووڵایی داهاتوو دەچێ بەرامبەر بە بکوژیش مرۆڤی کورد هەیە کە تاقە دەورێکی هەر ئەوە دەبێ کە بکوژرێ و خاکەکەی داگیر بکرێ. لە

بارودۆخێکی وادا کە ساڵانی کۆتایی سییەکان مەسەلەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بە قورسترین بارودۆخی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیدا تێپەڕ دەبوو، کە دەنگی ئەو لە خۆی زیاتر کەس گوێی لێ نەبوو، کە بەشی لە هیچ پرۆتۆکۆڵ و ڕێککەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکاندا نەبوو، کوشتنی کورد وەک جەستە و وەک مێژوو وەک خاک و وەک ماف، ئەو قەدەریەتە مێژووییە بوو کە هیچ ڕووداوێک نەیدەتوانی کورد لەم قەدەریەتە دەرکات، تەنیا یاخیبوون لە هەموو ئەو ڕەقیبانەی دەوری بکوژیان دەگێڕا بەسەر کوردەوە، هەربۆیە دڵدار دەیەوێ لە کۆی ئەو شەرعیەتە مێژووییانە یاخی بێ، کە تەنیا بە لۆژیکی هێزبوونی ناشەرعیی خۆیان دەسەپێنن.

شیعری ئەی ڕەقیب زمانێکی ڕەوان و بێ گرێی هەیە، کە لەگەڵ ماناکاندا بەیەک ئاست پەرە دەسێنن و لەم خاڵانە چڕیان دەکەینەوە:

١- هەموو ماناکانی شیعرەکە (جەخت لەسەر کردن و سووربوون و پێ داگرتنی) شاعیرە لەسەر هێزی مانەوە، چونکە مانەوە تەنیا هەڵبژاردنێکی گەلێکە کە لە هەموو ڕێگەچارەیەک بێبەش کراوە و لە جیهانێکی پڕ لە بکوژاندا تاک و تەنیایە. ئەم هەستیاریە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە هەموو عەقڵی دڵدار داگیر دەکات هەروەک «زیندووە، نامرێ، نایشکێنێ، نانەوێ».

٢- دەلالەتەکانی بەرگریکردن و یاخیبوون و هاندان، پاش تێگەیشتن و زانینی شاعیرەوە دێ، لە سیاسەتی حکومەتەکانی عیراق و دوژمنەکانی گەلی کورد، بۆیە بەهیچ شێوەیەک ڕاستەوخۆ باس لە زۆردار و بکوژ ناکات، بەڵکو باس لە دەوری بەرگریکردن دەکات دژ بە سیاسەتی بکوژ.

٣- هەردوو ڕستەی «بەخوێن نەقشی بکەن تاجی ژیان و، نانەوێ ئاڵاکەمان» خەون و هیوای سەرجەمی یاخیبوونەکانە.

٤- لە سەرجەمی شیعرەکەدا شاعیر حەفت «٧» جار وشەی کورد دووبارە دەکاتەوە، لە هەموو ئەو ناوهێنانانەشدا تەنیا جەخت لەسەر ئامادەبوون و لەسەرپێ وەستان و دلێری دەکاتەوە، بەمەش کورد و شانازی نەتەوەیی تەواوی جیهانبینی شاعیری گرتۆتەوە.

٥- شاعیر ئەو ئامراز و کەرەستە زمانەوانیانە بەکاردێنی کە تەنیا هەر «جەخت لەسەرکردن و ڕەتکردنەوە و نەفیکردن و بەرپەرچدانەوەیە: وەک:

- هەر، دانەیێ، کەس نەڵێ، هیچ نانەوێ- چەند هەزار، هەموویان، جانفیدانە جانفیدانە جانفیدان، سا بەخوێن... تاد».

ئەمەش دەلالەت و ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی شاعیر لە بەرزترین ئاستی جۆش سەندن و کەفوکوڵی دەروونی و عەقڵیدا شیعری نووسیوە.

٦- توند و تیژی لە شیعرەکەدا، بەرهەمهاتووی هێزی بکوژە، کە وای سەپاندووە تەنیا بە کوشتن لەگەڵ کورددا مامەڵە بکرێ و وشەکانی خوێن و کوشتن زۆرترینی ماناکان دەگرنەوە، هەروەک «ڕەنگی سوور، ناشتن، جانفیدا بوون، بە خوێن نەقش کردن، کەس نەڵێ کورد مردووە» ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ترسێکی گەورەی شاعیر، ترسێک کە تەواو باوەڕی پێی هەبووە لەوەی ئامانجی سەرەکیی بکوژ کوشتنی کوردە.

٧- لە هەموو ماناکانی بەرگریکردن و یاخیبووندا شاعیر جەخت لەسەر نەوە تازە و لاوەکانی کورد دەکات هەروەک- ڕۆڵەی ڕەنگی سوور،- ڕۆڵەی میدیا، لاوانی کورد، لاوی ئێستا... تاد» بەمەش (٦) جار ناوی نەوەی نوێ هاتووە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ باوەڕی شاعیر بە کێشەی نەوەکان.

٨- هەموو ڕستە و ماناکان، هەموو کردارەکان، پەیوەست کراون بە کۆوە، تاک لە شیعرەکەدا بوونی نییە، ئەمەش سیمای شۆڕشگێڕێتی و خەباتی میللی و نەتەوەییە هەروەک: «قەومی کورد، ئێمە ڕۆڵەی، ئاینمانە، ڕابوردوومان، بوون بە قوربانی، هەڵسانە سەرپێ، حازر و ئامادەنە، نەقشی دەکەن..تاد، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیر بە تەواوەتی دەسەڵاتی بەسەر هاوئاست کردن و هاوتاکردنی نێوان زمان و کێشەی شیعردا شکاوە و بە وردەکارییەوە وشە و ماناکانی کێشەی شیعری خستۆتە چوارچێوەی زمانەوە، ئەو زمانەشی بە وشە و زاراوەی وا نووسیوە کە فراوانترین چینەکانی کۆمەڵگەی کورد لە ماناکانی بگەن.

### یاخیبوونی پاڵەوان

پاڵەوان لە ئەی ڕەقیبدا ئایدیالێکی شۆڕشگێڕی و جەربەزەیی میللی هەڵدەگرێ، شاعیر لە دنیابینی خۆیدا، خەونی بەسەرفرازی و گەیشتن بە دەسەڵات و بنیاتنانی نیشتمانێکی ئالادارەوە بینیوە، ئەو ئایدیالەش شارەزایی ئەوی نواندووە سەبارەت بەو نەتەوانەی کە گەلەکانیان بەرەو ڕووی زوڵم بوونەتەوە مامۆستا (مەسعوود محەمەد) سەبارەت بە دڵدار دەڵێ: «دڵدار لە قسەکردندا خۆی وەک ڕابەر پەرست دەنواند» هەروەها دڵدار هەر خۆشی دەڵێت: «گەل وەکو ئەو ئۆتۆمۆبێلەیە کە بەبێ لێخوڕ نابێت» هەروەها دەشڵێت: «مادامەکی من کوردم، دەبێ کورد لە هەموو دنیا ئازاترین، چاکترین» وشەکانی نەڕڕە شێر، بەچکەشێر، شێری شێران، دلێر، ئازا و لە

زۆرینەی یادەوەری و شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەون.

پاڵەوان، سیفەتێکی ڕزگارکەر و بوێر و نەترسی هەیە کە هەمیشە بەرەو ڕووی زۆرداران دەبێتەوە و خەڵکی لە زۆرداری ڕزگار دەکات، ئاخۆ لە ئەی ڕەقیبدا دنیابینینی دڵدار بۆ پاڵەوان چییە؟ سیفەتی بناغەیی پاڵەوان، لە ئەی ڕەقیب لە کردارێکی بوێریی نەتەوەییدا دەبینێتەوە کە تاک سیفەتی پاڵەوانی تێدا نییە و پاڵەوان لە بارودۆخێکی سیاسی و مێژوویی بنبەست کراودا دێتە ناوەوە کە سیفەتێکی کۆی شۆڕشگێڕی دەنوێنێ کەواتە:

پاڵەوان لە ئەی ڕەقیبدا وەک کۆی هێزی نەوەیەکە، کە چاو لە سەردەمێکدا دەکاتەوە هەموو دەرگاو پەنجەرەکانی ژیان و مانەوەی لێ داخراوە و ئەو هێزە کۆیەش لەلایەکەوە دەکوژرێ و لەلایەکی دیکەوە هەر دەبێ خۆی ڕزگارکەری خۆی بێ و لە هەموو پشتگیری و پاڵپشتییەک بێ بەش کراوە.

**خەونی بناغەیی ئەی ڕەقیب**

ئاخۆ جگە لە مانەوە و ژیان، خەونەکانی (دڵدار) سنووریان تاکو کوێیە؟ لە ڕاستیدا ڕستەی «تا بە خوێن نەقشی بکەن تاجی ژیان» ڕستەیەکە داهاتووی پێوە گرێ دراوە، دەستەواژەی «تاجی ژیان» هێمایەکە بە گەیشتن بەسەروەری و ئازادی و سەرفرازی. ئاشکرایە شاعیر زۆر وریابووە لە زمانی شیعردا کە هەموو شتەکان بە ئاشکرایی و ڕاستەوخۆیی نەڵێ، هەروەکو چۆن ڕستەی «هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان» هەروەها خەونی دڵدار بەرجەستە دەکات لەوەی گەلی کورد ئاڵای هەیە و ئەگەر ئەمڕۆ هەوڵی داگرتنی ئەو ئاڵایە و قەدەغەکردنی بەرزکردنەوەی لەسەرە، ئەوا بە گەیشتن بە تاجی ژیان ئاڵا بەرز دەکرێتەوە. کەواتە دڵدار خەونبینە، خەون بە داهاتوویەکەوە دەبینێ، پاش سەردەمی خوێن ڕێژی و کوشتن و توندوتیژی، پاش سەرکەوتن لە گەیشتن بە ژیانێکی نوێ کە جەنگ و شەڕی تێدا نامێنێ و ئازادی دێتە کایەوە، ئەوسا نەتەوەی کورد ئاڵای خۆی ئازاد دەکا و بەرزی دەکاتەوە، باوەڕی قووڵی بەوە هەبووە کە نەتەوەی کورد لەناوناچێ، چونکە خاوەنی مێژوو و شارستانێتی و خاک و زمان و ئاڵای خۆیەتی و بەسەر بکوژاندا زاڵ دەبێ ئەگەر ئەمڕۆکەش دەکوژرێ و خوێنی دەڕێژرێ سبەی هەر دەگاتە تاجی ژیان.

ئەمڕۆکە زیاتر لە شێست ساڵ بەسەر شیعری ئەی ڕەقیبدا، تێپەڕ دەبێت، پرسیاری بناغەیی لە نهێنیی مانەوەی شیعری ئەی ڕەقیب لە جیهانبینی و بیرکردنەوەی نەوەکانی گەلی کورددا پەیوەست بە شیعری سیاسی و بەرگری کردنەوە شوێنی تێڕامان و وردبوونەوەیە.

لە ماوەی ئەم شێست ساڵەدا چەندین نەوەی کورد هاتن و نەوەی دییان بەدواداهات، لە بارە سیاسییەکەوە چەندین ڕووداوی خوێناوی و کارەسات و پیلان و دەربەدەری و ڕووخان و سووتاندنی خاک بەسەر نەوەکاندا هاتوون، هەروەها شۆڕشە دوور و درێژەکانی کوردیش چەندین نەوەی شۆڕشگێڕی لەگەڵ خۆیدا هێنا، نەتەوەی کورد دوو ڕاستی لە مێژووی ئەم شێست ساڵەیدا هەیە ئەویش ئەوەیە چەندێک لە شۆڕش و خەبات و قوربانیدانیدا چووبێتە پێش ئەوەندە دەرفەتی ژیان و سەرکەوتنی لەبەردەم بووە، چەندێک چووبێتە نێو ڕێکەوتن و ئاشتی و باوەڕی بەم ڕێگانە هەبووبێ ئەوەندە پیلان و نەخشەی لە خشتە بردن و پاشان لەناوبردنی بە دژی کراوە و هیچ ڕاستییەک، هیچ ڕێکەوتێکی مێژوویی نەیتوانیوە ئەو ڕاستییە مێژووییەی لەسەر لابەرێ کە دوژمنەکانی کە بکوژەکانی ئامانجی سەرەکی و بناغەیی و مێژوویی و ستراتیژییان لە ڕەگەوە هەڵکێشانی ئەم نەتەوەیە بووە، ئەنفالی گەلی کورد و پەیڕەوکردنی سیاسەتی سووتاندن و وەدەرنانی ملیۆنیی کورد و پیلانی جەزایەر و مەرسومی قڕ کردنی کورد و سیاسەتی بە عەرەبکردن و شێواندنی مێژوو و شارستانێتییەکەی لەماوەی ئەم ساڵانەدا، ڕێک بۆچوون و دنیابینیی شاعیرێک بووە و ڕێک تێگەیشتنی ئەو بووە بۆ داهاتووی گەلی کورد، ئەویش لە ڕاستییەکی مێژووییدا کاری کردووە کە وڵاتێک لەسەر پۆلێنکردنی دەسەڵاتی بکوژ و نەتەوەی کوژراو دامەزرابێ، دوو ڕێگەی لەبەردەمە، یان دەبێ ببێتە کوژراو یا دەبێ بەرەو ڕووی بکوژ ببێتەوە، ئەم ڕاستییانە لە هوشیاریی هەرە قووڵ و کپکراوی نەوەکانی گەلی کورددا زیندووبوونە، چونکە نەوەکان دێن و دەکەونە کێشەی سەردەمی خۆیانەوە، دەکەونە بەر چارەنووسی هەڵبژاردنی هەڵوێست و دنیابینینی خۆیانەوە، لێرەوە ئەی ڕەقیب دێ و لەزاری ئەو شاعیرە خەونبین و ڕووناکبیرەوە پڕ بەدەم بەگوێی نەوەکاندا هاوار دەکات کە مەترسی لە ڕێگەیە و ئێوەش شایەنی ژیانن و مانەوەن هەربۆیە ئەی ڕەقیب دەربڕین لە کۆی ئازارە گەورەکانی مێژووی نەتەوەکەی دەکات و لە سەردەمێکی پڕ لە خوێن و تاریکستانی مێژوودا پێمانی گوت، نەتەوەی کورد ڕۆژێک لەڕۆژان تاجی ژیان لەسەر دەکا و ئاڵاکەی بەرزدەکاتەوە و نەوەکانی ئازاد دەکات، ئەو خەونەش بەرجەستەیەکی مێژوویی بوو لە شیعردا و دوور نەبوو لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.

**تێبینی:**

دەقی شیعرەکە لە کتێبی (دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، عەبدولخالق عەلائەدین - ل٤٤) وەرگیراوە.



# وریا ئەحمەد: بۆ زۆرکردنی لایەنگیری سیاسیی، نابێ هەر گۆرانیبێژێک حەزی کرد کلیپی بۆ بکرێ

**هەڤپەیڤینی: ئازاد عەبدولواحید**

وریا ئەحمەد کە لە بنەماڵەیەکی هونەرپەروەردا چاوی هەڵێناوە و گۆش کراوە، یەکێکە لە هونەرمەندە دیار و ناسراوەکانی بواری هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی، کە پێم وا نییە کەسێ گوێی لەو هونەرە گرتبێ، ناوی ئەم هونەرمەندەی نەبیستبێ.

ئەم هونەرمەندە، هونەرەکەی خۆی خۆشدەوێ و تا ئێستا ئەم خولیایەی بە هیچ شتێکی دی نەگۆڕیوەتەوە، بۆیە بە بەردەوامی لە ساڵانی شەستەوە تا ئەمڕۆ خەریکی خزمەت کردنێتی و بە یەکێک لە خاوەن بەخشش و چالاکەکان دادەنرێ.

بێجگە لەوەی ژەنیارێکی چاکە و بە دەیان ئاوازی جوانی داناوە، چەندین گۆرانی ئامادە کردووەتەوە و پێشەکی بۆ زۆری تریش داناوە، کارێکی باشیشی لە ناساندن و دۆزینەوەی بەهرە و توانای نوێدا کردووە و دەستگیرۆیی کردوون.

سەرەڕای ئەوەش لە دامەزراندن و سەرپەرشتی کردنی (٨) تیپی هونەریی جۆراوجۆری مۆسیقایی بەشداری کردووە کە هەر یەکەیان لە ئاستی خۆیانەوە تەکانێکی بە بزاڤی هونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردی داوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە (تیپی باواجی کۆیە)یە کە تا ئەمڕۆکەش کارەکانیان لە گوێچکەی گوێگرانیدا دەزرینگێتەوە. بۆ یەکەمجاریش بوو لە کوردستان تیپێکی تایبەت بە ئافرەتان بە ناوی (خانزاد) دامەزراند کە سەرجەم ئەندامانی ئەو تیپە خۆی پێی گەیاندبوون.

ئەمانە هەموویان لەولا بوەستن، خۆ تەرخانکردنی ئەم هونەرمەندە بۆ کردنەوەی بەردەوامی خولی مۆسیقا بۆ منداڵانی کورد بەشێکی دیکەی کۆشش و تەقەللای ئەم هونەرمەندەیە کە لە ڕێگەی چالاکی قوتابخانەوە ساڵانە چەندان بەهرەی منداڵانەی پێگەیاندووە و ناساندووە تا هۆگرانی زۆرتر بۆ ئەم هونەرە دروست بکات. لەم چاوپێکەوتنە فراوانەشدا ویستمان زیاتر بە ناو ئەو خزمەت و ڕەنج و تەقەللایانەدا بچینە خوارێ و بیدوێنین.

**رامــــان:** سەرەتا زۆر زۆر بەخێرهاتنەوەت دەکەین بۆ کوردستـان هەروەها بۆ بارەگـای گـۆڤـاری رامـان.. حەز دەکـەین سـەبارەت بە خـۆت، بە خـوێندنت.. بە باری ژیانت، بە خــانەوادەت و بە ژیانی منداڵیت بۆمــان بدوێی؟

**وریا ئەحـمـەد:** سـاڵی (١٩٥٧) لە گـەڕەکی (بەفری قەندی) شاری کۆیە لە دایک بووم. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم هەر لەکۆیە تەواو کردووە، دواییش پەیمانگەی مامۆستایانم تەواو کردووە. پڕ بە دڵ حەزم دەکرد بچمە پەیمانگەی هونەرە جوانەکـان، من کە کـۆنمرەی (٧٣)م لە سـێی ناوەندی بە دەست هێنابوو خـوێندنی پەیمانگەی مامۆستایان و هونەرە جوانەکانیش هەر سێ ساڵ بوو، بە کـــۆنمرەی (٥٠)ش لە پەیمـانگەی هونـەرە جــوانەکـــان وەردەگیرام، چونکە بەهرەکەشم هەبوو، بەڵام کە بە باوکم گوت، مامیشم دانیشتبوو، مامم یەکسەر هەڵیدایە، بە بابمی گوت: ئەحمەد کوڕەکەت دەکەیە چاوەش؟ بابیشم گوتی: کوڕم گوێت لێبێ، ئەوە برا گەورەی خۆمە ئەوهام پێدەڵێ، دەبێ خەڵکی چیم پێبڵێن؟

هەرچەندە من تاقـــانە بووم. بابم سێ چوار کــوڕی مـردبوو، حـەوت جـار بەند کـرابوو، دوا جـاریان سـاڵی (١٩٦٣) بوو کـە لەگـەڵ تێکۆشـەرانی شـاری کـۆیەدا گـیـرابوو، ئەو پیـاوێکی سیـاسی بوو، هەمـوو جـارێ دەیگوت: کوڕم من لە (توودە)وە تێدابووم. ئەوسا حزبی شیوعی ناوی توودە بووە لە عیـراق، دوایی لە ژیانەوەی کورد کە پێیـان گـوتووە (ژێ. کـاف) و لە پارتی هیـوا لەگەڵ ڕەفیق حیلمی و ئەوان دەستەی دامەزرێنەر بووە، هەمـیشـە پێوەندی و تێکەڵاوی لەگـەڵ سیـاسییـەکـاندا هەبوو، لە زاری ئەوم گـوێ لێبـووە کـە لەگـەڵ «عـەونی یووسف» و بنەماڵەی «عەلی ئاغای» لەنێوانیان هاتوچۆ هەبووە، «کاکەی حاجی مەحموود» هەبووە لە کەرکووک، لە سلێمانی «عیزەت مەدفەعی» و «ئیبراهیم ئەحمەد» هەبووە، ئەوانە هەمـیـشـە پێوەندییـان پێکەوە هەبووە. خۆشی لە کۆیە برادەری «عەونی» و «دڵدار»ی شاعیر و عومەر عەبدوڵڵای براگەورەی «عەلی عەبدوڵڵا» و «مەلا حەسـەنی سـەعـیـد» هەبوو. ئەمـانە هەمـوویان کـەسـانی نیشتمانپەروەر بوونە. دڵداری شاعیر لە دیوانەکەیدا کە مامۆستا عەبدولخالق عەلائەدین بەچاپی گەیاندووە، لە دەستنووسێکی خۆیدا باسی بابم دەکا و دەڵێ برادەرێکم هەبوو ناوی «ئەحمەدی حەمە مەلا» بووە، کە گەنجێکی مەیلە و ڕەنگ زەرد و درێژ و نێوچەوان پانێک بووە.

من چووم لەگـەڵ کـاک عـومـەر چاوپێکەوتنم کـرد پێش



جان تۆماس، وریا ئەحمەد، ئازاد عەبدولواحید

ئەوەی بمرێ، ئەو کــاتە لە گــوندی «سـووسێ» بوو لەبن چیـای سەفین. چوومـە خزمـەتی، سێ شـەو لە لای بووم، چاوپێکەوتنەکەم بە سێ کاسێت لەگەڵ ئەنجام داوە و لە لای خـۆم پاراســتـوومــە. چاوپێکەوتنم لەگـەڵ کــاک عـەونیـشـدا ئەنجام داوە و فـەرهادی کـوڕی لەوێ بوو، مامۆستا مەجید ئاسنگەر و کەسێکی دیکەی لێبوو کاتێ چاوپێکەوتنم لەگەڵ «عـەبدولڕەحمـان ڕووتە» کردووە کە پێشمەرگەیەکی دێرین بوو. گوتی کوڕی خۆم جارێکیان لە «نادی موظفین» دانیشـتـبووین گوتیـان: ئەرێ کـاک تایەر ئەو «شـیـرین بەهارە»یە هی کێیـە؟ دەیویست بڵێ هی خۆمە، گوتم: تایەر پاش مردووان درۆ ناکرێ. ئەمن شایەدی مێژووم کە هی کاک (ئەحمەدی حەمە مەلا)یە، گوتی: وەڵڵاهی ڕاست دەکەی.

حەمە ڕەشیدی شێرزاد هەبوو، ماڵی لە قەڵادزێ بوو، ئەویش لە گـۆرانی گـوتندا شـاگـردی بابم بوو، دەیگوت بابت هانی داوم گۆرانی بڵێم. تەنانەت کاک عەونی پێی گوتم: هەر «شیرین بەهارە» نا، گۆرانیی «وتم ئەی کچ لە گەشتی، شارستـانی یا دەشتی» ئەوە شیعری منە، هەر یەکەم جار خوێندمەوە بابت ئەو ئاوازەی بۆ دانا، گوتی: تایەر تۆفیـق ئەم گـۆرانییـە لە بابت فـێـر بوو. هەروەها گوتی شیعرێکی «مەیلی» هەیە من کردمە پێنج خشتەکی کــە بە «وا چرای کـوڵمت..» دەست پێـدەکـا، ئەوەش ئاوازەکەی هی بابتە.

کـەواتە بابم گـەلێ ئاوازی داناوە و دەنگیـشی خـۆش بووە، بەڵام حـەزی نەدەکرد، یان لە ڕاسـتیـدا پێی عـەیب بوو دەنگی تۆمـار بکرێ، بەداخـەوە زووش کۆچی دوایی کـرد (سـاڵی ١٩٦٩) و من پێـرانەگەیشـتم لێی بپـرسم چەند ئاوازی داناوە و کامە ئاواز هی ئەون.

**رامـان:** ئەو بارودۆخەی لە دەوروبەری خۆت و خێزانت باست کـرد، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە کـۆیە مـەڵبـەندێکی

ڕۆشنبیری و هونەرییە، ئەمانە چ کاریگەرییەکیان هەبوو بۆ ئەوەی لە دنیای هونەر بگیرسێیتەوە؟

**وریا ئەحمەد:** زۆرجار گوێمان لێبووە و پێش ئێمەش گوتراوە کە کۆیە مەڵبەندی هونەرە.. کۆیە شارێکە لە ڕۆژهەڵاتەوە چیای هەیبەسوڵتان، لە باکووری ڕۆژئاوایەوە چیای باواجییە، لە خوارەوە بە چیای خاڵخاڵان دەورە دراوە و لووتکەی پیرەمەگروونی لەلای دوکانەوە لێ دیارە، ئەو ڕووبارەی لە سەرچاوەی حەمامۆکەوە دێ، ئەو ڕەزەی پشت کۆیە کە باخچەی سەرڕەزانی پێدەڵێن، بن دار زەیتوونەکانی هەرمۆتە، سەر شاخی مشکە، سەر تەمتەمان، کانیلە، ئۆمەر خوچان، ڕەزی شەمەی... ئەم جێگایانە بە تایبەتی لە وەرزی بەهاراندا کۆیە وەک بەهەشتێک لێدەکەن، تۆ ئەگەر بەهرەی هونەریشت تێدا نەبێ لە لات دروستی دەکا. من وای دەبینم، ئەو هەموو شاعیرە، حاجی قادر و کەیفی و محەمەد تۆفیق وردی، ئەمین ئاغای ئەختەر، دڵدار، دڵزار، کەریم شارەزا، سامی عەوداڵ و جەنابت (ئازاد عەبدولواحید) و قوبادی جەلیزادە و فەیلەسووفێکی وەک مەسعوود محەمەد و بابی واتە مەلای گەورەی کۆیە، جگە لە دەنگخۆشانێکی وەک مەڕیێنی قەشە شابیل و حنیانە خڕە و سێوە و نەشئەتی ڕەشید ئاغا و ئەحمەدی حەمە مەلا و حەمەدەمینی عەباس و مەلا ئەسعەد و ڕەفیق چارچاو و مەلا ئەحمەدی مەولوودان و فەقێ ئەحمەدە کۆرە، باقی حەللاق و سەلاح محەمەد و ئیبراهیم سابیر و،.. تاد کە لە کۆیە سەریان هەڵداوە.

## مۆسیقا بۆ چێژ و خۆشیی خەڵکە، ئەو بیرە کۆنانەی ئێمە هەمانبوو حەز دەکەم نەمێنن

**ڕامان:** ئەی بۆ هونەری مۆسیقات هەڵبژارد، هونەرێکی تری وەک شێوەکاری و شانۆت هەڵنەبژارد؟

**وریا ئەحمەد:** بەهرە، شتێکی خواییە. مرۆڤ کە لە دایک دەبێ بەهرەیەکی هەیە، هەیە حەزی لە وەرزشە، هەیە حەزی لە شێوەکارییە. بابم تەئسیرێکی هونەریی گەورەی لەسەر من هەبوو بۆ ئەوەی بەرەو هونەری مۆسیقا بڕۆم. بابم خۆی کە مەقامی دەگوت، جۆرێک مەقامی دەگوت پێیان دەگوت «کزە»، من بەمنداڵی لە باوەشی بوومە گوێی بە مەقامەکانی گۆش کردووم. بەهرەکە وەک تۆوێکە دەیچێنی، پێویستی بە ئاو و تیشکی ڕۆژ و ئەو شتانە هەیە بۆ ئەوەی گەشە بکا.

**ڕامان:** بەڕای تۆ نەبوونی یان لاوازیی پاشخانی ڕۆشنبیریی هونەرمەند هۆیەک نییە بۆ ئەو پاشاگەردانییەی لە هونەری مۆسیقادا باس دەکرێ؟

**وریا ئەحمەد:** حەتمەن، هەمیشە نەوەیەکی ڕۆشنبیر کاریگەریی خۆی دەبێ بۆ ئەوەی هونەرەکە جوانتر گەشە بکا.

**ڕامان:** لە شەستەکان، یان حەفتاکاندا وەک گۆرانیبێژ دەرکەوتی، کەچی لە پڕ وەک گۆرانیبێژ ون بووی و لە بواری مۆسیقا و ئاوازدانان خۆت دۆزییەوە هۆی ئەمە چ بوو؟

**وریا ئەحمەد:** من لەگەڵ هاوڕێیانمدا کە دەچووینە چنارۆک گۆرانیم دەگوت. چەند برادەرێک هەبوون کە لە من بە تەمەنتر بوون، وەک مامۆستا زاهیر محەمەد و مەلا ئەنوەری ڕەحمەتی و سەردار و ئیسماعیل و فوئاد سەعید و ..تاد، ئەوانە هەموویان هانی منیان دەدا، زۆر دەنگی منیان پێخۆش بوو، بە تایبەتی لەو دانیشتنانەی خواردنەوە لە چنارۆک و سەفەرەکاندا، بە ڕاستی دەنگیشم چاک دەهات، لە ئاهەنگەکانی ڕانیە و قەڵادزێ، لە شاری کۆیە و لە سلێمانی دە ڕۆژ ئاهەنگ لەگەڵ تیپی باواجی دەکرا، یەکەم بەرهەمیشمان لە تەلەڤزیۆنی بەغدا، گۆرانییەک بوو، ئاوازێکی فۆلکلۆری بوو کە شیعرێکی نوێم بەبەردا کرد، شیعری «پەیمان شکێن»ی ئیبراهیم ئەحمەد بوو، بەڵام هەندێ هۆکار هەبوون کە من لەو هەنگاوەم پەشیمان ببمەوە.

کە چووینە تەلەڤزیۆن زۆر ماندوو کراین، لە کۆیەڕا سێزدە کەس بە سەیارەی جێب چووینە بەغدا، سی بازگە لەسەر ڕێمان هەبوو، تۆزمان لێدەنیشت، کە دەگەیشتینە بەغدا دەبوو پێش هەموو شتێک بچین خۆمان و جلمان بشۆین، جگە لە حاڵەتی دەروونی و سایکۆلۆژی کە دەیانشکاندین و دەیانڕووخاندین، جانتاکانیان دەپشکنین، بە تووڕەیی دەیانهێنایە خوارێ، ئێستا بۆ نموونە کوڕەکەی خۆم، چونکە ئەو شتانەیان نەدیوە هەستی پێناکەن ئەو لە شاری خۆیەتی، کوردێک دێ پێشوازی لێدەکا، ئەوی وێنە دەگرێ کوردە، ئەوەی دەرگەی تەلەڤزیۆنت لێدەکاتەوە کوردە، کلیپەکەشت بۆ تەواو دەکات تۆ هەستیشی پێناکەی. ئەوکاتە تەعامولی ئێمە لەگەڵ عەرەب بوو. ئیمکانیاتی ستۆدیۆش زۆر خراپ

بوو، دەبوایە بەشێوەی زیندوو بێ، کەچی ئێستا جارێک لە ستۆدیۆدا کە تۆمار دەکەیت و جارێکی دی دۆبلاژی دەکەیت شتێکی ڕێکوپێک دەردەچێ. ئەوەبوو گۆرانییەکەم کە تۆمار کرا هیچ بە دڵم نەبوو، دواتر پارەی دەعوەتێکیشم دا تا ئەو گۆرانییە پەخش نەکەن.

مۆسیقاژەن سەربازی نەناسراوە و هەر دیارنییە، کەسێکی وەک موجتەبای میرزادە کە دوای بیست ساڵان من تازە لە ئەوروپا ناویم زانی، ئەو مۆسیقاژەنەی کە حەسەن زیرەکی کردە حەسەن زیرەک. حەسەن زیرەک لە رادیۆی بەغدا چەند گۆرانی تۆمار کردبوو، ناوێکی وەک ئەحمەدی شێخاڵی و گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمە بوو، جیاوازییەکی وای نییە. دواتر کەمانی موجتەبای میرزادە لە گۆرانییەکانی «چارۆگە هەولێرییە» و «کرماشان شاری شیرینم» و «نەورۆز»دا ئەو ڕۆحەی بە بەردا و ئەو پیاوەی بردە دنیایەکی دیکە و قاڵبێکی دیکەوە، بەڵام کارەساتەکە لێرەیە، من کە مۆسیقاژەنێک و نووسەریشم ئێنجا تازە ناوی دەزانم، بزانە چەند بەشخوراوە.

**ڕامان:** حەز دەکەین باسی بەشداریت لەو تیپانەی مووزیکدا بکەی کە پێموایە ژمارەیان گەیشتۆتە هەشت نۆیەک، تیپەکانی باواجی و خانزاد و زیر و بەم و تیپەکانی تر؟

**وریا ئەحمەد:** دەسپێکەکەمان تیپی باواجی کۆیەیە کە ساڵی (١٩٦٥) چووەمە لایان بە ڕێگای مامۆستا سەردار ئەحمەدەوە. من کە خولیای مۆسیقا لە مێشکی دابووم و ئاگام لەخۆم نەمابوو، ڕۆژێکیان دیتم لەسەر کۆڵانەی ڕەزان دەڕۆم دەنگی شمشماڵێک دێ، ئەو دەنگە وەک سیحر ڕایکێشام، بەدوای دەنگەکەدا چووم. بەناو ئەو دارانە و جریوەی باڵندەکان و خوڕە خوڕی ئاوی ڕووبارەکە کوڕێک دانیشتووە ئەم شمشاڵە لێدەدا، خۆشم نەمزانی چۆن بەدوای دەنگەکەدا ڕۆیشتم و گەیشتمە لای ئەو کوڕە کە سەیر دەکەم مامۆستا (سەردار ئەحمەد)ە. نەمزانی لە خۆشیان چبکەم. گوتم: بە ڕاستی شتی وا لە کۆیە هەیە؟ مۆسیقا و نەغمەی ئەوا شیرن، ئەو مۆسیقا خاوێنە لە شاری خۆم هەیە و نازانم؟ زۆری پێخۆش بوو، وای لێهات بووینە برادەر و هاتوچۆی یەکترمان دەکرد. چایخانەیەک هەبوو ئێواران دەچووینە ئەوێ. ئەو دۆمینەی دەکرد و من پرسیارم لێدەکرد: کاک سەردار ئەو نۆتە کرۆشە یان نا؟ ئەو نوقتەی لە پێشیەتی چییە؟ ئەو دەسرازە بە سەر نۆتەکەدا چییە؟ من ئەوها فێر بوومە. ئەو کوڕە کە دیتی بەهرەم هەیە منی بردە تیپی باواجی، لە قوتابخانەی باواجی، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە خوا لێخۆشبوو «زەکی ئەحمەد هەناری» بوو، بەڕێوەبەرەکانی دی ئامادەنەبوون جێگامان بدەنێ. لە هاویندا ئەو قوتابخانەکەی خۆی دابووینێ، مامۆستا زاهیر مامۆستای سروود و مۆسیقا بوو. ئەوە وەک دەسپێکێک.. دوایی من و ئەو پیاوە بووینە دەستەی دامەزرێنەریش. ئێمە دە کەس بووین، مەرجەکە وابوو هەر کەسەی دە دینار دابنێین. حیسابێک لە بانکی کۆیە بکەنەوە، سێ کەس دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوون. ئەو سێ کەسە مەلا ئەنوەری ڕەحمەتی و مامۆستا زاهیر و مامۆستا سەردار ئەحمەد بوون. دەوری «جەلال بێتووشی»شمان نابێ لە بیربچێ. بەڕاستی ئەو نەبوایە مۆڵەتیان بە ئێمە نەدەدا. بارودۆخێکی وابوو، دوژمنایەتیی کورد دەکرا، هەولێر و سلێمانی چەندین ساڵ بوو بە دوایەوە بوون، نەیاندابوونێ. ئەو پیاوە سەرۆکی بەشی وێنەی سینەمایی بوو لە تەلەڤزیۆنی بەغدا، ئەو بۆ ئێمەی تەواو کرد، وەک مێژوو مرۆڤ دەبێ شتی ڕاست بڵێ، کە دەچووینە بەغدا لەو ژوور بۆ ئەو ژوور بە خۆشحاڵییەوە بە پێشمان دەکەوت، تا مۆڵەتەکەی داینەوە. ئەمە یەکەم تیپمان بوو. دوایە کە بووینە پێشمەرگە، تیپی مۆسیقای شۆڕشمان هەبوو.

**ڕامان:** ساڵی (١٩٧٤)؟

**وریا ئەحمەد:** بەڵێ... مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی و خالید سەرکار و دلێر ئیبراهیم و فرەنسیس داود و ئەلبێرت عیسا و فەریدی براگەورەی ئەلبێرت و سەباح حەمەدەمین کەرکووکی و سەردار ئەحمەد کۆیی و ڕەنجبەر خۆشناو بوون، ئینجا گۆرانیبێژەکان، حەسەن گەرمیانی و عوسمان عەلی و ئیبراهیم سابیر کۆیی و نەجمەدین کەرکووکی هەبوو سەکسیفۆنی لێدەدا. عوسمان حەمەدەمین و ئەنوەر حەمەدەمین بوون. عومەر سەرکار کلارنێتی دەژەنی. ئەمە تیپی مۆسیقای شۆڕش بوو، دیارە لەژێر هێرشی تۆپ و فڕۆکەدا. یەکی تفەنگێکیان دابووینێ لە شانماندا بوو، لەبیرمە ڕۆژنامەنووس هاتبوون وێنەمان ماوە، تفەنگی برنەوی سەرتۆپمان بە شانیکەوەیە و بە دەستەکەی دیکەشەوە مۆسیقا. جارێکیان لە چۆمان مۆسیقامان بۆ حەسەن گەرمیانی لێدەدا و ئەویش گۆرانی دەگوت، لە پڕ ناپاڵمێک تەقیەوە، کە چووینە دەرێ دووکەڵی هێندەی خانوویەک بەرز بوو.

دوای نسکۆی شۆڕش، تیپی مۆسیقای هەولێر دامەزراو برادەران داویان لێکردم سەرۆکایەتی تیپەکە

بکەم. لە هەولێر بوومە سەرۆکی تیپی مۆسیقای چالاکیی قوتابخانەکانیش، هەر لەوێش بیرۆکەی فێرکردنی منداڵان دروست بوو، زووتریش لە کۆیە خولی فێرکردنی مۆسیقام بۆ منداڵان هەبوو.

لەکاتێکدا خەڵک لە هەولێر تابلۆی دوکانەکانیان لە ترسان دەکردنە عەرەبی، لە ڕۆژگارێکی وادا دوکاندارەکان لەترسان بە عەرەبی وەڵامیان دەدایەوە، لە ڕۆژگارێکی وادا کە کارگەی مافوور و ئەلبان ئوتومبیلەکانیان بۆ ئاهەنگی (٧)ی نیسان و ئەمانە داگیردەکران و دەبوو جوانکاری بکرێن و منداڵ و کچی ئەو کارگانە بخرێنە سەری و دروشمی «(البعث طريقنا) (أمة عربية واحدة ذات رسالة خالدة).. وحدة، حرية، اشتراكية...» بنووسرێن نەتدەوێرا بکۆخی، دەیانگوت دەبێ ببێتە بەعسی، لەو ڕۆژگارەدا ئێمە منداڵی کوردمان فێری مۆسیقا دەکرد و دەمانهێنایە سەر شانۆ. لە ڕووی بەرنامەی خوێندنی ساڵی یەکەمی پەیمانگە وانەمان دەگوتەوە، شوێنمان لە قوتابخانەی هەڵگورد بوو بەرامبەر هۆڵی «گەل». وای لێهات ساڵی دووەم خەڵک واسیتەیان دەکرد بۆ ئەوەی منداڵەکانیان وەربگیرێن، ئەوساڵە سێ سەد قوتابیمان بردە «سەماوە»، لەوێ هەندێ کورد دوای نسکۆ بۆ ئەوێ دوورخرابوونەوە کە ئەو منداڵانەیان دی بە جلکی کوردییەوە دەگریان و دەیانگوت سەری ئێمەتان بەرز کردەوە. ئەوە شۆڕشێک بوو، خەڵک ترسی شکا. ئیتر وێرایان جارێکی دی جلکی کوردی لەبەر بکەنەوە.

تیپی پێنجەم، تیپی خانزاد بوو کە یەکەم جار بە تەنیا دەستم پێکرد، چووم لەگەڵ خاتوو «پەیمان» ڕێککەوتین کە ئافرەتێکی زۆر ڕێکوپێک بوو و من گوتم: ئەو تیپەت بۆ فێر دەکەم و هەموو کارەکان دەکەم. ئینجا سپاردمە ئەوان. دوای ڕاپەڕین تیپێکمان دامەزراند، یەکەم تیپ بوو کە مۆڵەتەکەی حکوومەتی کوردستان دابیێتی کە بە شانازی دەزانم ئەو تیپە ناوی تیپی مۆسیقای «زیر و بەم» بوو.

دواتر لە ئەورووپاش تیپێکم بەناوی «شەهابەگرووپ» دانا، کە نزیکەی دە کۆنسێرتمان بۆ خەڵکی هۆڵەندی کرد. لە تەلەڤزیۆنیش «کۆما باخچەی گوڵان»مان لەگەڵ گوڵستانپەروەر پێکهێنا، جگە لەمانە هەر لە ئەورووپا سەرۆکایەتی تیپێکی دیکەشیان پێبەخشیوم بە ناوی «دلارام گرووپ». زۆرجاریش لەگەڵ گرووپەکانی تردا هاوکاریم کردووە.

**ڕامان:** جەنابت وەک ژەنیارێک و وەک کەسێک کە



تیپی مۆسیقای باواجی – کۆیە

ئاوازیشت داناوە و پیشەکی مۆسیقاییت بۆ زۆر گۆرانی داناوە و گۆرانیشت ئامادە کردووە.. لەناو ئەو بوارانەدا زیاتر خۆت لە کامیاندا دەبینیتەوە؟

**وریا ئەحمەد:** پیشەکی با دان بەوەدا بنێم من وەک بەهرەی مۆسیقا زۆریش تەمبەڵ بوومە. پاشان من لەسەردەمی لاویمدا جورئەتم کەم بوو، خۆشە مرۆڤ ڕاشکاو بێ، لە سەرەتای لاویمدا ئەو توانایانەی من هەمبووە هیچم کەمتر نەبووە لەو گەنجانەی ئێستا کە لە (پۆپ) گۆرانی دەڵێن، بەڵام من جورئەتم کەم بوو، ئەوەش هۆکاری خۆی هەبووە. لە سەردەمی ئێمەدا کە باب هەر لێی دەدایین، مامۆستا هەر لێی دەدایین، سەرکۆنە دەکراین، دیارە من خۆشم کەمتەرخەمیم هەبووە. بە هەرحاڵ لەو ڕۆژەوە کە بڕیارم دا گۆرانی نەڵێم من خۆم وەک مۆسیقاژەنێک دەبینم. من تا ئێستا دە- دوازدە پارچە مۆسیقام هەیە. دەتوانم بڵێم لەو پارچە مۆسیقایانەمدا لاساییکەرەوە نەبوومە.

لە سەرەتادا مامۆستا محێدین حەیدەر هەبوو، هەم ژەنیاری عوود و ژەنیاری چەلۆش بوو، عوودژەنێکی نەوعی بووە. ئێستا مامۆستا فیکرەت عیزەت کاسێتێکی پەیدا کردووە، گەرچی کاسێتەکە زۆر خاوێنیش نییە، بەڵام کە گوێی لێدەگری «مونیر بەشیر» و «جەمیل بەشیر» و ئەمانەت لەبەر چاو دەکەوێ. واتە مامۆستایەکی وا بلیمەت بووە ئەو تەختەیەی بە قسە هێناوە. مونیر بەشیر و جەمیل بەشیر دێن دادەنیشن و بە تەنیا لەسەر شانۆ عوود لێدەدەن، ئەوانە هەموویان لاسایی ئەویان کردووەتەوە. تەنانەت «نەسیر شەممە» و ئەوانی دیکەش، هەموویان یەک شێوازن، لە پاریس چەند مەغریبییەک هەن ئەوانیش هەروا، بەڵام ئەوەی من دەتوانم بیڵێم ئەوەیە ژەنینی من جێ پەنجەیەکی خۆمی

پێوە دیارە. لاساییکەرەوە نەبوومە. جار هەبووە لە تەک عوودەکەدا قانوونێک و گیتارێک و ئیقاعێکم لەگەڵ خۆم داناوە.

لە پارچە مۆسیقایەکی دیکەمدا کە بینیومە شێوازی رۆژئاواییە چەلۆیەک و فلووتێکم لەگەڵ داناوە. واتە هیچ پارچە مۆسیقایەکم نییە عوود بە تەنیا بێ، یەکەم پارچە مۆسیقام نەبێ کە لە بەغدا تۆمارم کرد، سێ جار هاتوچۆی کۆیە و بەغدام کرد تا تۆمارم کرد، ئیبراهیم ناوێک هەبوو ئیقاعی لێدەدا و لەگەڵ ئەو تۆمارم کرد، دەنا ئەوانی دیکەم هەموویان چوار پێنج کەسم لەگەڵدا بووە. ئێستا دوو کلیپم لەگەڵ خۆم هێناوەتەوە کە لە ئەورووپا کردوومە، چوار پێنج مۆسیقاژەنی هۆڵەندیم لەگەڵدان. مامۆستایەکی پیانۆژەنە ناوی «بام»ە و کلارنێت ژەنێکە لەگەڵ کۆنتراباسێک و گیتارێک، لەگەڵ دەفێکیش کە هەر «نەجات جەوهەر»ی خۆمان ژەندوویەتی. شتێکی زۆر نەوعییە، ئاوازەکە هی منە، نۆتەکەم داونەوتێ و ئەوانیش ژەندوویانە. یانیش دابەشکردنێکی «خەفیف»یان بۆ کردووە. خۆشیان دەیانگوت ئەو مۆسیقایە نە کوردییە و نە هۆڵەندییە. لە ناوەندی رێگایە، دەتوانی بڵێی تورکییە، یۆنانییە.. شتێکی وای لێدەرچووە، شتێکی نوێیە. بەراستی ئەو پارچە مۆسیقایانە زیاتر لە رۆحم نزیک بوونە و گوزارشتیان لە ناخم کردووە، ئەوەکەی دیکە توانام هەبووە، بەڵام تەمبەڵ بوومە یان جورئەتم نەبووە، بۆ نموونە کاتێک تیپی مۆسیقای هەولێر دامەزراوە(٢٢) گۆرانی لە بەغدا تۆمار کرا، دوازدەیان ناوی منی لەسەر بوو، ئەوی دیکەشیان، داوام لە مۆسیقازانەکانی تر دەکرد گۆرانییەکانی دی ئامادە بکەن.

ساڵی (١٩٨٦) زنجیرەیەکی تەلەڤزیۆنی حاجی مەکی هەبوو بەناوی کوڵارە، لەناو زنجیرەکەدا کۆمەڵە گۆرانییەکم بۆ هونەرمەند زیاد ئەسعەد ئامادە کرد، گۆرانییەکان بەکاسێت دەفرۆشران. زیاد ئەسعەد بەوە ناسرا، دەنا تا ئەوکاتە لاساییکەرەوەی ئیسماعیل سابووری و ئەوانە بوو. ژنێکی زۆر شۆخم لە تاران ناسی گوتی: تۆ چۆن ئاوازدانەری ئەو گۆرانییەی؟

دوایی هونەرمەند تەڵعەت سامان هات ئاوازی زنجیرەی «قەرەچووغ»ی بۆ دابنێم، توانیم لە ماوەی سێ رۆژدا ئاوازەکانی بۆ دابنێم. کاری من بەو شێوەیە بوو، دەبێ بۆ کارکردن بمجووڵێنن. خۆم توانام هەیە، بەڵام وەک دەڵێن شاراوەیە. راستە جورئەتم نییە یان تەمبەڵم، بەڵام کە کەسێ داوای لێکردووم، کارەکەم کردووە و سەرکەوتنیشم تێدا بەدەست هێناوە.

## لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کوردستان ژمارەیەکی زۆر قوتابی وەردەگیرێن، بەڵام بەهرەمەندەکانیان دەگمەنن

**رامان:** ئەی هۆی چییە لەلای ئێمە کەمتر بایەخ بە نووسینی بواری رەخنەی مۆسیقایی دراوە؟

**وریا ئەحمەد:** ئەوە راستە، بەڵام هەندێ شت کراوە، بۆ نموونە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی، دڵشادی هونەرمەند لە دهۆک و من هەمانبووە، مامۆستا قادر دیلان و مامۆستا ویلیەم یوحەننا و خەڵکی دیکە لە کوردستانی ئێران هەیانبووە، بەڵام تۆ کە لە بواری هونەردا داهێنانێک پێشکەش دەکەی، زۆر پێت گرنگ و هونەرییە و لەناو دڵ و خوێنتە، بەڵام کە کەس نەبێ لێت بکرێ، چی دەکەی؟ ئەی ناڵێن هونەر بۆ میللەتە؟

من نموونەیەکت بۆ دێنمەوە، ئێمە دەمانزانی خەڵک گوێ لە مۆسیقا راناگرێ، فێڵێکمان کرد، پێشەکیمان بۆ هەندێ گۆرانی زیاد کرد، بۆ وێنە گۆرانییەکی گۆرانیبێژی شەهید «قادر کابان» من و رزگار خۆشناو پێشەکییەکی درێژمان بۆ دانابوو، بۆ ئەوەی بە فێڵی گۆرانیبێژەکە وا لە گوێگری کورد بکەین فێر بێ گوێ لە مۆسیقا بگرێ، دوایی رۆژێک چوومە ناو تۆمارگاکانی دەڵاڵخانەیان پێدەگوت، نزیکەی بیست تۆمارگای لێبوو. تۆمارگای عەبدوڵڵا برادۆستی و کێ و کێ و کێ.. ئەو عەبدوڵڵا برادۆستییە کاسێتەکەی دانا، دەبینم هەتا ئەو جێگایەی شەهید قادر کابان دەست پێدەکا، مقەستێکی لێداوە و هەموو پێشەکییەکەی دەرهێناوە. گوتم: باشە تۆ بە چ هەقێک ئەم کارەت کردووە؟ ناچار چووم شکاتم لێکرد، جگە لەوە خێراشی دەکرد. موسەجەلەیەکی هەبوو، ئەگەر بڵێین گۆرانییەکەی تۆ لەسەر بەکرەی نۆرماڵ (٥) دەقیقە دەخایەنێ، ئەو دەیکردە (٤) دەقیقە و (١٠) چرکە، بابە تۆ بۆ وا دەکەی؟ وەڵڵا مامۆستا ئاوا خۆشتر دەبێ!! کاکە ئەوە تاوانە، کێ ئەو هەقەی پێداوی؟

**رامان:** ئەمە خۆی جۆرێکە لە خەبات کردن و

تێکۆشان، چونکە لە گشت بوارەکانی هونەر و رۆشنبیریدا هەروایە. پێشڕەوایەتی لە هونەر و ئەدەبدا ئەوەیە کە هونەرمەند و رۆشنبیرەکە هەوڵی بۆ دەدا تا وردە وردە جەماوەری بۆ زیاد دەبێ.. باشە تایبەتمەندییەکانی ئاوازدانەرێکی چاک بەلای تۆوە چین؟

**وریا ئەحمەد:** یەکەم مەرج بۆ ئاوازدانەری چاک ئەوەیە بەهرەدار بێ. مامۆستا خالید دلێر و کەریم کابان و... تاد، ئەمانە لە رووی مۆسیقاوە نەخوێندەوارن، بەلام بمانەوێ و نەمانەوێ ئاوازدانەرن. ئەو کەسەی بەهرەدارە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی بەدوای فێربوونی مۆسیقا بکەوێ، بەهرەکەی زیاتر گەشە دەکا. ئێستا بۆ وێنە خالید دلێر نازانێ «رستەی مۆسیقا» چییە، رەنگە زۆرجار بیرۆکەیەکی جوانی هەبێ، بەلام ئەگەر زانستەکەت زانی، حیساباتی وردی تەکنیکی ئاوازت زانی، کارەکەت سەرکەوتووتر دەبێ. من زۆرجار شەوێ بیرۆکەی ئاوازێکم هەبووە، تۆمارم کردووە و لە ماڵەوە پێیان گوتووم ئەرێ ئەوە چییە نایەڵی بنووین؟ دواتر پاش مانگێک بیرم کەوتووەتەوە و تەواوم کردووە.

**رامان:** ئەی ئامادەکردنی ئاوازگەلی فۆلکلۆری کە ئێستا دەکرێن و زۆرجار هەر کەس بە هەوەسی خۆی دەیکا، یان بە سەقەتی دەیکەن، بۆ ئەوە دەڵێی چی؟

**وریا ئەحمەد:** ئەوە کارەساتە. پەیمانگەی «کۆدای» لە هەنگاریا هەیە. کۆدای مۆسیقاژەنێکی گەورەی جیهانییە و پەیمانگەکە بەناوی ئەوەوە کراوە. ئەو پیاوە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەستی بە کۆکردنەوەی گۆرانیی فۆلکلۆریی خۆیان کردووە، هەنگاریا بە دەوڵەمەندترین نەتەوەی دنیا لە گۆرانی فۆلکلۆری دادەنرێت. کەسێک کە دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانە ئەگەر بیەوێ لە بواری گۆرانیی فۆلکلۆریدا پسپۆڕی پەیدا بکا، دەبێ بچێ لەو پەیمانگەیەدا بخوێنێ، ئینجا دەتوانێ ساڵێک تا چوار ساڵ لەوێ بخوێنێ، ئەوسا پێی دەڵێن گۆرانیی فۆلکلۆری چۆن کۆ دەکرێتەوە؟ پێداویستییەکانی چین؟ چۆن ئامادە دەکرێ؟ چ مۆسیقایەکی بۆ دەکرێ؟ بۆ وێنە مامۆستا «حوسێن قەدووری» ساڵێک لە هەنگاریا بووە، مامۆستا «ئەسعەد محەمەد عەلی» دوو ساڵ لە وێ بووە. کە کتێبێکی زۆر بایەخداری لەو بوارەدا هەیە. بە رەحمەت بێ نموونەی بۆ دێنامەوە، چۆن دەچینە چیایەکی کوردستان بەردێک دەبینیتەوە، ئەو بەردە لەوانەیە رۆژێ سەد کەس بەسەریدا تێپەڕیبێ و سەرنجی کەسیشی بۆ لای خۆی ڕانەکێشاوە، بەلام ئەگەر پسپۆڕ و لێزان بی ئەو بەردە هەڵدەگریتەوە، دەیهێنێ پاک پاکی دەکەیتەوە، سەقڵی دەکەی، ڕتووشی دەکەی، وای لێدەکەی بریقەدار بێ، باگراوەندێک قەدیفەیەکی ڕەشی بۆ دادەنێی بۆ ئەوەی دەریبخا، چوار چێوەکەشی دەبێ لەبەردەکە بوەشێتەوە. ئینجا پێشانی خەڵکی دەدەی. ئەوساکە بینەر دەمی بەش دەکاتەوە و سەرسام دەبێ. هەر ئەو بەردەش بوو کە لە چیا کەوتبوو. گۆرانی فۆلکلۆریش هەروایە. مۆسیقاژەنێکی کورد لەگەڵ گەورەیی و پێشکەوتوویی خۆی چووە پارچەی سەمفۆنی کۆنشێرتۆی هێناوە لەپێش «زەری زەری» داناوە، بە ڕاستی ئەمە لێی ناوەشێتەوە.

**رامان:** وەک شوێن پێکەوتوویەکی گۆرانیی کوردی، ئێستا گۆرانیی تورکی، عەرەبی، فارسی بەسەر قورگ و دەنگی زۆر لە گۆرانیبێژەکانماندا زاڵە، لەو ڕووەوە چ بکرێ بۆ ئەوەی لەو قەیرانە ڕزگارمان بێ؟

**وریا ئەحمەد:** لە چەند ژمارەیەک لەمەوبەری ڕامان، من نووسینێکم لەو بارەوە لەلای خۆتان هەیە. لە ڕاستیدا ئەو گۆرانیبێژانەی وەک زەکەریا و ئەیاد حوسێن و زیاد ئەسعەد و هەردی پشدەری و ئەییوب عەلی و ئەژدەر وەهبی و لەیلا فەریقی و چۆپی و...تاد، لەگەڵ ئەوەدا نیم دژایەتی بکرێن، من هەمیشە دەستخۆشییان لێدەکەم، بەتایبەتی زەکەریا، ئەو کوڕە هەولێرییە کارێکی وای کرد، خەڵک لە باتی ئەوەی گوێ لە کازم ساهیر و برایم تاتلیساز بگرێ ئێستا گوێ لە گۆرانیی کوردی دەگرن. تەنانەت خەڵکی فارس و عەرەبیش گوێی لێبگرن، ئەوە مایەی شانازی و دڵخۆشیمانە. من زەکەریا بە قوتابخانەیەک دەزانم. لەبەرچی؟ چونکە ئەییوب و شوان فوئاد ئەحمەد و زۆری دیکەش لەسەر شێوازی ئەو دەڕۆن و لاسایی ئەو شێوە ئەدائە دەکەنەوە، ئەو تەکنیکە نوێییەی لە ئەدائی گۆرانیی کوردیدا دایهێنا، هەرچەندە لای میللەتانی دی ئەوە هەبوو، بەلام لەلای ئێمەدا نوێیە و داهێنانە. ئەمانە و هەردی سەلاح هەمووی لاسایی زەکەریایان کردەوە و هێندێکیان سەرکەوتنیشیان بەدەست هێنا.

بەلام تکایەک کە لێیانم هەیە ئەوەیە لەبەر ئەوەی ئێستا خەڵک گوێیان لێدەگرێ، با منداڵی کورد چەواشە نەکەن و بەهەڵەیدا نەبەن، چونکە وەک کاغەزی سپی وان. هێشتا کارەکە زۆری بەسەردا تێنەپەڕیوە هەتا زووە چاوێک بەخۆیاندا بخشێننەوە، بەدەیان و سەدان مۆسیقاژەنی کورد هەیە، ئێمە کاتی خۆی لە نێوان تیپەکانی کوردستاندا لیژنەمان هەبوو بەسەر ئاوازەکاندا دەچوونەوە بۆ ئەوەی دەربکەوێ فلان ئاواز تورکی یان



**تیپی مۆسیقای شۆڕش – ١٩٧٤**

عەرەبی و فارسی نەبێ، بنەڕەتێکمان هەیە لە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و مەلا کەریم و سێوە و محەمەد عارفی جزیری و حەسەن جزیری و مریەم خان و دایکی جەمال و...تاد، ئێمە وردە وردە هەوڵمان دەدا ئەو زەمینەیە گەورەتر کەین، بە تیپی باواجی و سلێمانی و ئەو شتە ڕەسەنانەمان دووبارە کردەوە و ئیزافاتی مۆسیقاییمان بۆ کرد.

**ڕامان:** لەوەشدا ئیجتیهادات زۆر بووە، بۆ نموونە گۆرانییەکی قادر کابان لە سلێمانی ڕەفز کرا گوایە مۆرکی عەرەبی هەیە، بەڵام لە تیپی هەولێر تۆمار کرا، ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئەی هۆیەکەی چ بوو؟

**وریا ئەحمەد:** بەڵێ ڕاستە مۆرکی عەرەبی هەبوو، بەڵام ئێمە وەک دڵدانەوە بۆمان کرد. هونەرمەندێکی گەورەی کوردی وەک قادر کابان کە سەرتاشێک بووە، بێت دوکانەکەی خۆی جێ بێڵێ، بێ ئەوەی هیچ پاداشتێکی بدرێتێ بەدوای گۆرانی و مۆسیقا بکەوێ، یان مامۆستا برایم خەیات هەردووکیان، دەبوایە ڕێزیان بگیرێ و دڵیان بدرێتەوە. شەهید قادر کابان گوتی: لەتیپی سلێمانی هونەرمەندێک پێی گوتم: تۆ دەنگت کوردی نییە. گوتم: لەگەڵ ڕێزمدا بۆ مامۆستا لەو قسەیدا هەڵەیە، تۆ لە کوردستان لە دایک بووی لەبەر ئەوە دەنگیشت کوردییە، من وریام عوود لێدەدەم، کابرای تورک عوود لێدەدا، فارسێکیش عوود لێدەدا، عوودەکە هەر عوودە، بەڵام تامویۆن و شێوازەکە لێک جیاوازن.

ئەگەر زەکەریا و ئەوانە دەست بکەنەوە بە شێوازی کوردی، بێن لە وریا بپرسن حەیران چییە و لاوک چییە، ئەلڵاوەیسی و قەتار و خورشیدی و پایزە و گەلۆ و بوهاری موکریان و هۆرەی جاف و،..تاد، هەمووی کۆکەیەوە کورد عالەمێکە بۆ خۆی، لەسەر ئەوانە بینا بکە و خۆشت بناسێنە. مۆسیقای هیندیت گوێ لێدەبێ شانازی ئەوەیە «ڕافی شانگا» وای کرد گۆرانیی هیندیی ئێستا هەموو دنیا لاسایی ئەوان دەکاتەوە. پۆپی هەموو ئەوروپی بووەتە هیندی. ئیقاعەکانیان دێن لە گۆرانی ئەوروپی دایدەنێن.

لە هۆڵەندە «سان فراتسما» کابرایەکی شارەزای مۆسیقای ڕۆژهەڵاتە لە ژوورێکدا سێ- چوار هەزار سی دی هەیە هەمووی ڕۆژهەڵاتییە، ڕۆشنبیرییەکی باشیشی هەیە، مونیر بەشیر و ڕافی شانگا و کامکارەکانی خۆمانی دەناسی، کە سیدییەکەی زەکەریا (ئاخر دوو سیدییەکە، ساقی نا ئەوی تر)م بۆ دانا و گوێی لێڕاگرت، ئەوروپییش درۆ نازانن، چووە ناوی، گوتی وریا چاوەڕوان بە. پاشان گوتی: تورکیش! گوتی مۆسیقای تورکییە. ئەی ئەوە کارەسات نییە؟ باشە ئەدی ئێمە نەتەوە نین. نابێ ئێمەش لە هەموو شت تایبەتمەندیی خۆمان هەبێ و خەڵک بماناسێ؟

ئێمە ئامێرەکانیشمان کە هەڵدەبژارد دەبوایە تامویۆنی مۆسیقای کوردییان لێبێ. ئەمڕۆ تۆ بەناوبکەویت، عەرەبیسک بێنی (وشەیەکی سوێدییە بە واتەی عەرەبی) و ئیقاعاتی میسری بێنی، قوون بادان و سەمای میسری بێنیتە ناو مۆسیقای کوردی هەر گوناهیشە، ئۆباڵی ئەو منداڵانەیان بە مل دەبێت.

**ڕامان:** سیاسەتیش دەوری زۆر خراپی بینی بەتایبەتی بیری نامۆ بە کورد. ئێمە لە زۆر شوێن کە دادەنیشتین باسی مۆرکی ڕەسەنایەتیی گۆرانیی کوردیمان دەکرد، ئێمەیان بە شۆڤینی لە قەڵەم دەدا و دەیانگوت گۆرانی حاڵەتێکی ئینسانییە و پێویست بە مۆرکی ڕەسەنایەتی ناکات؟

**وریا ئەحمەد:** خاچادۆریان-ی گەورە مۆسیقاژەنی ئەرمەنی دەڵێ: مۆسیقا پێش ئەوەی جیهانی بێت دەبێ نەتەوەیی بێت. ئەمەیشی لە کاتی دەسەڵاتداریتی یەکیەتی سۆڤیەت و سەردەمی بیری شیوعیەتدا گوتووە.

**ڕامان:** لە بارەی مۆسیقا و گۆرانی کوردی زۆر نووسراوە. هەندێ کەس دەیانەوێ مێژوویەک بۆ مۆسیقا و گۆرانی کوردی دەستنیشان بکەن، بەڕای تۆ چۆن دەکرێ سەرەتایەکی دروستی زانستی بۆ ئەو مێژووە دیاری بکرێ؟

**وریا ئەحمەد:** کاتی خۆی کە کتێبی «ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی»م دانا بەهۆی ئەوەوە زۆر گەڕام. کەم کتێب لە کتێبخانەکانی هەولێر لە بواری مۆسیقادا هەبوو کە نەمخوێندبێتەوە. لە سەردەمی «تۆباڵ» کە کوڕی نوحە لەو کاتەوە هەموو ئامێرەکانیان دابەش کردووە، ئەو شمشماڵەیان داوەتە کورد. دەڵێ لەو سەردەمەوە

کــورد بەوە بەناوبانگ بووە کــە شــوانی هەبووە و لە چیاکاندا شمشاڵی لەدەست بووە. ئەوە وەک سەرەتایەک بە کۆنترین ئامێرێک دادەنرێ کە کورد بەکاری هێنابێ. ئەوانی دی هەتا ئەمڕۆش کێشەی لەسەرە.

لە هۆڵەندا هەفتەی عیراقی گیرا و بانگهێشتیان کردم، گوتیان سێ مۆسیقاژەنن، یەکیان برای فەریدەیە ناوی جەمیل-ە، قانوون لێدەداو ئەویتر عەبدولسەتار ئەلبەسری پسپۆڕی دەف و ئیقاعاتە، منیش وەک عوود بەشداریم کرد. حەوت ڕۆژ، هەر ڕۆژەی سەد کەسی هۆڵەندی دادەنیشتن و ئێمەش دەبوایە لەسەر ئەو ئامێرانە قسە بکەین. منیش بە خۆشحاڵییەوە قەبووڵم کرد. دیارە ئەوان دادەنیشتن، ئەو قانوونەکەی خۆی دەکردە عەرەبی و دەیگێڕایەوە سەردەمی بابلییەکان و ئەوی دی ئیقاعاتی دەبردەوە سەر عەرەبان. منیش هاتم بە ئسلووبێکی زۆر نەرم دەمگوت ئەو ئامێرە عوودە دکتۆر سوبحی ئەنوەر ڕەشید دەڵێ: ئەو ئامێرە (٥٠٠٠) هەزار ساڵ مێژووی هەیە و بۆ عەرەبان دەیگێڕێتەوە، من گوتم، وەک لە مێژوودا دەردەکەوێ لەو سەردەمەدا عەرەب لەوێ نەبووە، عەرەب لەپاش ئیسلامەتی هاتە میسر و عیراق، ئەوکاتە عەرەب لە بابل نەبووە، ڕەنگە عەرەبی لێبووبێ، بەڵام زۆرینە عەرەب نەبووە، فارسەکانیش ڕاستە شارستانییەتییان هەیە و مرۆڤ نابێ نکوولی لێبکا، بەڵام ئامێرەکە لە ئەسڵدا لای ئەوان ناوی «عوود»یش نییە، بەڵکو ناوی «بەربەت»ە، بە «بط» (واتە مراوی) دەشوبهێنن. بەربەت واتە ملی مراوی. هەروەها گوتم تەنانەت تورکەکان کە مێژوویان لەو ناوچەیە ناگاتە هەزار ساڵ، ئەوانیش دەڵێن عوود هی ئێمەیە، خەڵکەکە بەجواب هاتن و گوتیان ئەی تۆ چ دەڵێی؟ گوتم ئەوە کتێبی منە (ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی) نەمگوتووە ئەمن دەڵێم، کابرایەک ناوی «شتاودەر»ە، لە زانکۆی فرانکفۆرت پرۆفیسۆرە، ئەو پیاوە بەبێ ئەوەی بە کورد بزانێ بەرگری لێکردووە. ئەو دەڵێ ئەو ئامێرە لە بنەڕەتدا هی چیانشینەکانە، ناوی «حورییەکان» یان «خۆرییەکان» دەبا، ئەوانە لە چیا ژیاون و لە چیا دار هەیە و عوودیان لێ دروست کردووە، کاتێ کە هاتن بابلیان گرت و دەستیان بەسەر ئەو ناوچانەدا گرت، خەڵک لەوان فێری دروست کردنی ئامێری عوود بوون.

دوای تەواوکردنی وتارەکە هەرکەسە و مۆسیقامان دەژەند و پاش تەواوبوونی دانیشتنەکە دەهاتن دەیانپرسی تۆ چیت؟ دەمگوت کوردم. کورد لە کوێن؟ دەمگوت کوردستان چوار پارچەیە و ئێمە لە بەشەکەی عیراقین، ئیتر باس و گفتوگۆی زۆرمان دەکرد.

بەڕای من دیارکردنی مێژووی مۆسیقا کارێکی ئاسان نییە. مامۆستا شەماڵ سائیب لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم: کتێبێک هەیە بەناوی مێژووی مۆسیقای جیهانی لە وێدا باسی ئەوە کراوە کە ئامێری (جۆزە - کەمانچە) یەکەم جار کورد دروستی کردووە. تەواو شوێنە جوگرافییەکەش دەستنیشان دەکا کە دەکاتە کوردستانی ئێران.

**ڕامان:** دکتۆر شەهرزاد قاسم-یش ڕایەکی هەیە و دەڵێ: عوودی دەسک درێژ (مەبەستی ئامێری سازە) ئامێرێکی کوردییە و دەڵێی بۆ گۆرانی کورد دروست کراوە؟

**وریا ئەحمەد:** بەڵێ، تەنانەت باڵەبانیش، وتارێکی ئەو شەهرزادەم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، لەوێدا عیراق بەسەر سێ بەشی باشوور و ناوەند و باکووردا دابەش دەکا و لە بەشی باکوورەکەیدا دەباتەوە ناو کوردستانی تورکیا و تەنانەت یەریڤان دەستنیشان دەکا.

**دەبێ ئامادەبوونی گوێگرانی خۆمان بقۆزینەوە کە دێنە کۆنسێرتەکانمان، چونکە ڕۆژێ دێ ئەوە نامێنێ**

**ڕامان:** هۆکاری کەم بوونەوەی جەماوەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**وریا ئەحمەد:** من بە دوو حاڵەت تەماشای ئەو دیاردەیە دەکەم: یەکەم، سەردەمێک کە خەڵک بۆ گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا دەرگەی هۆڵەکانی دەشکاند، وای دەبینم جگە لە مەسەلە هونەرییەکە کە هونەرێکی پیرۆز و جوان بوو، بەلای خەڵکەوە وەک نەفەس دانێک بوو، چونکە سەردەم سەردەمی بەعس بوو، هەموو بوارەکانی بەڕوودا داخرابوو. کورد خاکی داگیر کرابوو، جلوبەرگی ڕەواجی نەمابوو، زمان و هەموو دابونەریتەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ لێی تەسک دەکرایەوە، کەرکووک و شارەکانی دیکەی لە دەست دەچوون و بە

عەرەب دەکران، ئیتر لە کاتێکی وادا کاتێ تایەر تۆفیق-ی نەمر دەیگوت «شیرین بەهارە» ئیتر هۆڵەکە هەمووی دەتەقییەوە، ئێستا خەڵکەکە ئازادە، هەرچی لە دڵی بێ دەیڵێ، لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا دەینووسن، لە سایەی خوێنی شەهیدانەوە ئەوەندە بڵاوکراوە هەیە ناتوانی ناوەکانیان لەبەر بکەی. تەلەڤزیۆنی ناوچەیی و هی ئاسمانی، ڕادیۆی جیاجیا، کە خەڵک بە ڕاشکاوی دەتوانێ قسەی خۆی بکا. دووەم، لە هەموو سەردەمەکاندا، هونەری جوان و پێشکەوتوو و هونەرێکی لە دڵ و دەروون هەڵقوڵاو هەموو دەم برەوی هەیە.

کاک شوان-ێک لە سلێمانی تۆمارگەی هەیە و کاتی خۆی کاسێتەکانم لەو دەکڕین و لەو ڕۆژانەشدا چوومە لای و چەند سیدییەکم لێ کڕی، چونکە هەمیشە شتەکانی خاوێنن، لێم پرسی: کاک شوان بازاڕت چۆنە؟ گوتی سوپاس بۆ خوا زۆر چاکە. گوتم ئەو گۆرانیبێژانەی برەویان هەیە و کاسێتەکانیان دەفرۆشرێن کێن؟ هەر ئەو ناوانەی ناوهێنا کە پێشتر باسمان کردن. واتە خەڵک ئێستا فێربوون، بەتایبەتی توێژی ڕۆشنبیر و ئەوەی گوێیەکی مۆسیقای هەیە شتی چاک و خراپ لە یەک جیا دەکاتەوە. دەزانن خەڵکێکی دەنگ ناخۆش هەیە خۆیان بە هونەرەکەدا شۆڕ کردووەتەوە، پارەی زۆرە، گۆرانی دەڵێ، دەچێ کلیپ دەکا، کچ دێنێ، فڕۆکە بە کرێ دەگرێ و..تاد، جاران خەڵک پێی هەڵدەخەڵەتا، بەڵام ئەمڕۆ ئەوە نەما.

**ڕامان:** تۆ لە دوورەوە ئاگات لە جووڵانەوەی هونەری کوردی هەبووە هیچ نەبێ لەو بەشەی کوردستان.. ئێستا دیارە کۆمەڵێ پێشنیار و پرۆژەتان هەیە بۆ دامودەزگا هونەرییەکان چی پێشنیار دەکەی بیکەن بۆ ئەوەی بەرەو باشتر بڕۆن؟

**وریا ئەحمەد:** من لە ئەورووپاش زۆرجار دەمگوت، لە تەلەڤزیۆن کاک بارزان شاسوار پرسیاری لێدەکردم، بەبێ شەرم و ترس و تەقیە قسەی خۆم دەکرد. نموونەم دەهێنایەوە و دەمگوت لە تەلەڤزیۆنی سەتەلایتی کوردستان تی ڤی و کوردسات ئەگەر بە قسەم بکەن و گوێم لێبگرن، لیژنەیەک دروست بکرێ، پیاوێکی وەک مامۆستا جان تۆماس و مامۆستا باکووری و دوو گەنجی وەک هونەرمەند ئامانج غازی و کوڕەکەی من، با نەوەی نوێشی تێدابێ بۆ ئەوەی نەڵێن ئەوانە دیکتاتۆرن و شت بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن، مامۆستا ئازاد وەک مرۆڤێکی نووسەر و ڕۆشنبیر، شاعیرێکیش دێنم، کەسێکی کولتوورناسیش دێنم، هەموویان پێکەوە دەکەمە



**تیپی هونەری هەولێر**

لیژنەیەک. ئەو بەرهەمانەی بە کردەوە ڕووی کورد لەبەرچاوی خەڵکی دنیا جوانتر دەکەن (چونکە سەتەلایت هەموو دنیا دەیبینێ)، ئەوانەی ڕەسەنن و کوردین بڵاو دەکەینەوە، ئەویتر با هەر لێمان تووڕە بن، بەڵام بەداخەوە ئەم کارە ناکەن. تەلەڤزیۆنەکان کە حزبایەتی دەکەن، هەر کەسە سەر بەحزبێکی دیاریکراون، ئەوان دەیانەوێ زۆرترین گۆرانیبێژ، ئەگەر کرچوکاڵیش بن و فارسی و عەرەبی و تورکیش بێ، هیچ بەلایانەوە گرنگ نییە، بە قەد ئەوەی دەیانەوێ جەماوەرێک بۆ لای حزبەکەی خۆیان ڕاکێشن. تەلەڤزیۆنەکان لەخوایان دەوێ، یەک لەو تەلەڤزیۆنانە ئەو کارە بکا و هەر گۆرانیبێژێک وەرنەگرێ بۆ ئەوەی ئەوان بیقۆزنەوە و وەریبگرن. ئەوە کارەساتە.

**ڕامان:** زۆر بەهرەت لە بواری گۆرانیدا دۆزیوەتەوە و بە خەڵکت ناساندوون، لەسەر چ بنەمایەک بەهرەمەندێک دەستنیشان دەکەی؟

**وریا ئەحمەد:** تیپی منداڵانی هەولێرمان چوار ساڵ لەسەر ئاستی (١٨) پارێزگادا لە عیراق یەکەم دەبوو. کە خولی هاوین تەواو دەبوو (محازەرات)مان هەبوو. خەڵکێک هەبوو دەرسەکەی دەگوتەوە و پارەی خۆی وەردەگرت و دەڕۆیی. من دەمامەوە. مامۆستا جەمال هیدایەت دەیگوت من پێم ناکرێ، بەڵام نووسراوی دەدامێ. لە بیرمە لە قوتابخانەی قەدەم خێر لە گەڕەکی ئیسکان چووم لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی کە ژنێک بوو تێمگەیاند و پشتگیری ئەوم بە دەست هێنا کە هەتا مردن لەبیرم ناچێ، زۆری وا هەبووە، کە زانیویەتی بۆ خزمەتی کورد و لەبەر چاوی شارەکانی عیراق کورد یەکەم دەبێ و ناوی کورد دەردەکەوێ ڕازی بوونە و پشتگیرییان کردووین. کە دەمامەوە بە ڕۆژانی جەژن یان هەینی و پشووی نیوەی ساڵ، ژنی منیش حەزی لێبوو بچێتە سەفەر، زۆر جار گلەیی لێکردوومە کە نەمبردووەتە

سەیران و ڕاستیشی دەکرد. ئەو کەسانەی بەهرەمەند بوون خۆم لەگەڵ ماندوو دەکردن، لە سەد کەس سێ قوتابیمان وەردەگرت، چونکە دەمویست بە دوو هاوین ئەو منداڵە ببێتە مۆسیقاژەنێک پیشانی خەڵکی بدەین. پێش چوونە هەندەرانیش بۆ گرووپی «زیر و بەم» ئاگادارییەکمان بۆ گەنجان بڵاو کردەوە بۆ ئەو خوشک و برایانەی خۆیان بە دەنگخۆش دەزانن بێنە هۆڵی گەل لەوێ دەنگیان تاقی دەکەینەوە. لەناو سەد کەس کە هاتبوون دوو کەسم هەڵبژارد، یەکیان ئەو شێرزاد کەرکووکی-یە بوو کە لە فیستیڤاڵی (١٩٩٤) لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان لە ناو (٩) تیپ یەکەم دەرچوو.

**ڕامان:** باشە لەناو ئەو قوتابییانەی پێتگەیاندوون و پێشکەشت کردوون، زیاتر شانازی بە کامیانەوە دەکەی؟

**وریا ئەحمەد:** وەڵڵا بە هەموویان. زۆر شتیش هەیە هەر لەبیرم نەماوە. کوڕێک هەیە بەناوی «سیروان جەلال» کە ئێستا لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی مامۆستایە و لە تەلەڤزیۆنی کوردسات دەوری هەیە گوتی: مامۆستا لە بیرتە ساڵی (١٩٨٣) کوڕێکت بۆ سەندیکای هونەرمەندان لە سلێمانی کرد، هۆڵەکە جمەی دەهات؟ گوتم لەبیرمە. لەبیرتە نووسراوێکم لەسەر هۆرە و سیاچەمانە دایتێ؟ گوتی ئێستاش ئەو نووسینەتم ماوە بە تێبینییەکانیشتەوە کە تێبینی زۆر ورد و زیرەکانەن.

جا هەروا ئاسان نییە، ئەو هەموو قوتابییەی ئێمە پێمانگەیاندوون، لە ماوەی نزیکەی هەشت ساڵی بەردەوام، سێ بەشمان هەبوو، دواجار بوو بە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان. بە ڕاستی لە بیرم نەماوە چەند قوتابیم هەبووە، بەڵام ئەوە شانازییە بۆ من و بۆ هەموو ئەو هونەرمەندانەش کە بەشدارییان تێدا کردووە، لە سەردەمێکی زۆر قورس و توندا نەوەیەکمان پێگەیاند، کە چاو لێ سوورکردنەوە هەبوو. من لیژنەی لێکۆڵینەوەم بۆ داندرا بەسەرۆکایەتی محەمەد پیرۆز و بە ئەندامەتی نەقیب مەدحەت، لە کوژران نزیک بووم. گوتم: من لە شەهید جەعفەر زیاتر نیم. دایکم و ژنم دەگریان، خواحافیزیم لێکردن کە دەڕۆم و نایەمەوە. سێ تۆمەتم لەسەر بوو ئێستاش کە بیرم دێتەوە مچوڕکم پێدادێ!

**ڕامان:** بەڕای تۆ تیپی هونەریی گەورەی مۆسیقات پێ باشە، یان کەم بێ و پوخت و لێهاتووەکان لەناو ئەو کەمانە کۆبکەینەوە؟

**وریا ئەحمەد:** هەمیشە کەم و پوخت باشترە لە زۆر و بۆر، بەڵام لەبەر ئەوەی مۆسیقاژەنمان یەکجار زۆرە و ئەو دوو تیپە ئیستعابی هەموویان ناکا با ببێتە سێ، چونکە لایەنی باشی هەیە، ئەگەر هەموویان پتەو بن و لە ڕووی تەکنیک و لەسەر شێوازێکی زانستیانە و ئەکادیمی بنەما بەهێز کرابێ، پێشبڕکێ و مونافەسە دروست دەبێ، خێری هونەری میللەتەکەی تێدایە.

**ڕامان:** دیارترین ئاهەنگ یا کۆنسێرتێک کە لە یادتان مابێ، چ لێرە چ لە هەندەران کە سەرنجی ڕاکێشابی و بەشێک بێ لە یادەوەرییە زیندووەکانت کامەیە؟

**وریا ئەحمەد:** من لەو چل ساڵەدا لەو سەدان ئاهەنگ و فیستیڤاڵانەی کە بەشداریمان تێدا کردووە، ئەوەی لە ڕووی نەتەوەیی و هونەریشەوە زۆر لە مێشکمدا ماوە، کاتێک کە لە کۆڕەوەکە بووین بە ملیۆنان کەس، کە سەرنجی هەموو ئەوروپاشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و زۆربەی زۆری میللەتێک ڕووی لە شاخ کرد و پشتی کردە ئاوەدانی و شار و دیکتاتۆرێکی وەک سەدامی ڕەت کردەوە، لە کۆنەوە گوتراوە ماڵ و گیان، ماڵەکە لە پێشی دێت کەچی خەڵکەکە ماڵی خۆی بەجێهێشت و ڕوویان لەو شاخ و کێوە کرد. لە کاتێکدا لەوێ لەناو ئەو بارەدا دیارە من نەچوومە ئێران و لە ڕواندزێ لەلای مامۆستا زرار مامەوە لەوێ گوتمان هەتا ڕواندزیش نەگیرێ ناڕۆین، گوتمان با چەند سروودێ تۆمار بکەین بۆ ئەوەی وورەی پێشمەرگە بەرزبکەینەوە تا بەرانبەر دوژمن بجەنگێ. لەوکاتەدا شوانپەروەر هات. ئێمەش کۆمەڵە مۆسیقاژەنێکی چاک لەوێ بووین تیپی مۆسیقای ڕواندزێ، منیش لەگەڵیان، دوو کۆنسێرتمان کرد، هەتا ژیانم ماوە قەت لەبیرم ناچێ، بەتایبەتی ئەوی سۆران. لە ڕۆژگارێکی وادا کە لەوانەبوو دوژمن کیمیابارانمان بکا، هەموو میللەتەکە لە ئێران و تورکیا بوو، بە مەزندەی من (٥٠) هەزار کەس دەبوو بۆ ئەو کۆنسێرتە هاتبوون، بە لۆرییان لە هەموو ناوچەکانەوە خەڵک هاتبوو. سەرکردایەتی کورد هەموو لەوێ بوون. تەنانەت ژنی هونەرمەند یەلماز گۆنای لە تەنیشت کاک مەسعود دانیشتبوو. لۆرییەکمان کردبووە شانۆ، جاری وا هەبوو لافاوی خەڵک دەهات لەوە دەترساین لۆرییەکە وەرگەڕێ. ئەو خەڵکە یەک دەنگ لەگەڵ شوانپەروەر دەیانگوت «کینە ئەم» دەنگیان دەگەیشتە حەفت تەبەقەی ئاسمانێ.

**ڕامان:** بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە ئیشی هونەریت کردووە، ئەو هونەرمەند یان هونەرمەندانەی کە حەز دەکەی پێکەوە ئیش بکەن یان ئەو تیپەی کە پێت خۆشە بەردەوام لەناویدا کار بکەی کامەیە؟



**وریا ئەحمەد:** ڕاستییەکەی ئێستا هیچ تیپێکی وام لەبەر چاو نییە، چونکە ماوەیەکی کەمە گەڕاومەتەوە و هێشتا کارەکانیانم گوێ لێ نەبووە.

**ڕامان:** ئەدی ئەگەر بتەوێ تیپێکی نوێ دابمەزرێنی کێ دەستنیشان دەکەی لەگەڵیاندا ئیش بکەی؟

**وریا ئەحمەد:** ئەگەر خۆشم لەگەڵیان نەبم، ئەو کۆمەڵە کەمانچەژەنەی لە مێشکمدان وەکو هونەرمەندان ئاکۆ عەزیز، ئالان عینایەت، سالار شوکر، فەرهادە ڕەش و زاهید بریفکانی کە لە سوێدن، یان وەک کارۆخ زرار کە ئێستا لە بەریتانیایە، لێرەش حەتمەن هەیە، کەمانچەژەنی زۆرچاک هەن، ئەوانە ئەگەر بکرێ هەموویان لە تیپێکدا کۆببنەوە چاکە، کەسانی دیکەش وەکو ڕێبین بەکلارنێتەوە و ئاراس کۆیی بە بانجۆ و جومبوش و زانای مەلا ئەنوەر بە قانوونەوە بێن، ئەو برایەی دڵنیا قەرەداغی زەربژەنێکی لێهاتووە. سۆرانیش دەفژەنی چاکە. گۆرانیبێژیش کەسانێک بێنی کە دەنگێکی زۆر چاکیان هەیە هەڵیانبژێری، تەبەقاتی بەرزیان هەیە، هی نزمیشیان هەیە، ئەدای جوانیان هەیە، ئاواز و ڕیتمەکانیان ڕەسەنی کوردی بن، ئەوە ئارەزووی منە.

**ڕامان:** ئەی لە سەرجەمی ئەو کارە هونەرییانەی کردووتن لە کامەیان پەشیمانی؟

**وریا ئەحمەد:** وەڵڵا هیچ شتی وا شک نابەم.

**ڕامان:** ئەی نزیکترین ئامێری مۆسیقا بە ڕۆحی تۆ کامەیە؟

**وریا ئەحمەد:** زۆرن، بەڵام کە عوودم هەڵبژارد لەبەر ئەوە بوو زۆر تەئسیرم لێدەکا، ئەو ساڵانەش کە لە غەریبی و دوور لە خاوخێزان و دۆست و برادەر و خۆشەویستان بوومە، هەر کاتێک کە غوربەتم هەستاوە و تەحەمولم نەماوە و گریاوم یەکسەر ئامێرەکەم لە باوەش کردووە و حەوانەوەی دڵی داومەتێ، وەکو خۆشەویستێک وەک کەسێک کە قسەی لەگەڵ ناخم کردووە. واتە ئەوی لە ناخمدا بووە، بە دەنگی عوودەکەم دەرم بڕیوە.

**ڕامان:** ئەی گۆرانییەک کە هەمیشە لەناو دڵ و دەروونتدا بێ و جار بەجار لەبەردەمی خۆت بیڵێیتەوە؟

**وریا ئەحمەد:** هونەرمەند ئەگەر بە گۆرانییەک قانع بێ واتە لە سنوورێک ڕاوەستا، چونکە لە هونەر لووتکە نییە، لە ئەدەب و شیعریشدا هەر وایە، ئەگەر وابوایە خەڵکێک کە دەگەیشتە لووتکە دەیگوت ئیدی بەسە. من هەر جارە بە گۆرانییەک سەرسامم. لەو ماوەیەدا گۆرانیی «ساقی» زەکەریام لا شیرین بووە و لەسەر زارم بووە، لەوانەیە پاش مانگێکی دی لێی بێتاقەت بم و شتێکی شیرینی دیکە دەربکەوێ. من بۆ خۆم وام.

**ڕامان:** لە گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا چەند جورئەت دەبینی بۆ دەست پێشخەری و هەوڵدان بۆ نوێگەری؟

**وریا ئەحمەد:** وەڵڵا هەیە، ئەوەی ئێمە جورئەتێکی کەم و لاوازی تێدا بوو، ئێستا وا نەماوە، بۆ نموونە کوڕەکەی خۆم کە لێرە بووە، پێنج ساڵی پەیمانگەی تەواو کردووە، یەکەم بوو لەسەر هەموو بەشەکان، ئێستا لە پەیمانگە بووەتە مامۆستا، هەر ئەو ماوەی کە من لێرە نەبوومە سێ کلیپی کردووە. سێ پارچە مۆسیقا، یەکێکیان بەتەنیا، یەکێکیان لەگەڵ ڕێبین (ئەوەی کلارنێت دەژەنێ)، سێیەمیشیان لەگەڵ ئامێرێکی دیکەدا، ئێستاش ئەوە خەریکە گۆرانی تۆمار بکا. هەرچەندە گوتم بابی خۆم گۆرانی مەڵێ، ویستم ساردی بکەمەوە نەکرا. کە سەیریش دەکەم دەنگێکی زۆر خۆشی هەیە و ئەدایەکی جوان لە قوڕگیدایە و تۆنی دەنگی لە هی من بەرزترە، دایکی گوتی: بۆ پێشی پێدەگری؟ دیتم من هەڵەم. ئێستا بە تەمام شیعری بۆ پەیدا بکەم. لە قوبادی خۆمانم پرسی کێ شاعیری گۆرانییە؟ چونکە لە هەولێر جەبار حەبیب و سەرکەوت ڕەسووڵ شاعیری گۆرانین کە بە داخەوە شیعرەکانی سەرکەوت ئێستا تووشی حاڵەتێکی وابووە مرۆڤ بە زەحمەت تێی دەگا. گۆرانییەکم بۆ چۆپی کرد شیعرەکەی هی سەرکەوت ڕەسووڵ بوو. پێم گوت کاکەگیان لە هەموو ئەورووپاش وایە شیعری گۆرانی دەبێ زۆر ساکار بێ و شتی وای تێدا نەبێ خەڵک ناچار بێ دەست بداتە قاموس. خەڵکی ئەوڕۆ ئیشی هەیە، دەبێ بە زمانێک بێ کرێکارێک و شوفێری تەکسییەک تێی بگەن.

**ڕامان:** دیارە مایسترۆ تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دەبێ ئەو کەسە شارەزایی لە بوارەکەدا بەدەست هێنابێ، کەچی

هەندێ جار دەبینین کەسێک لەخۆڕا خۆی دەکاتە مایسترۆ، دەست ڕادەوەشێنێ و سەرۆکایەتی تیپێک دەکا، تۆ ئەمە چۆن دەبینی؟

**وریا ئەحمەد:** من ئەوەم زۆر زۆر پێناخۆشە. من کە دەرچووی ئەکادیمیا نیم خۆم زۆر ماندوو کردووە، زۆر شت فێر بوومە، ئێستاش شت فێر دەبم، لە کوڕەکەی خۆم فێر دەبم، من سێ ساڵ دەرسم خوێند تا توانیم دبلۆمی زمانی هۆڵەندی وەربگرم. دبلۆمەکەشم بۆیە وەرگرت تا لەوێ بتوانم دەرسی مۆسیقا بخوێنم. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر کەسێک بیەوێ مایسترۆیی بکا دەبێ لەو بوارەدا بخوێنێ، ئێستا هەمانە (ع.ج) «سەگرمە» لە وانەی مایسترۆیی خوێندووە، بەڵام کەسێک کە لەخۆوە دێ ئەم کارە دەکا نازانم بۆ وا دەکا؟ چۆن شەرم ناکا؟

**ڕامان:** باسی خولی مۆسیقا و پێگەیاندنی کۆمەڵە قوتابییەکی بەهرەدارمان کرد.. کاری تریشت لە بواری ئۆپەرێتدا هەیە، هەندێ لەو کارانەشم بینیوە کە لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک لێدەدران... ئایا بۆ ئەو بوارە پرۆژەی نوێت هەیە کە منداڵی کورد زۆریش نامراد و بێبەشن؟

**وریا ئەحمەد:** پێم خۆشە هەمیشە ڕاستگۆبم. حەزم لەوە نییە قسەیەک بکەم و دوایی پێم جێبەجێ نەکرێ. من پیاوێکم ئەوڕۆ تەمەنم (٥٨) ساڵە، بە منیان گوت وەرە ببە مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، ڕازی نەبووم، چونکە ئەو چالاکییەی لە لەشی گەنجێکدایە لە لەشی مندا نییە. لەمەودوا دەبێ ئیشێکم بدرێتێ وەک دەڵێن لە تەمەنی خۆم بوەشێتەوە. لە دایرەیەک دامنێن، ڕاوێژم پێبکەن تا ڕایەکی جوان بدەمە دوو گرووپی مۆسیقا، یان دایرەیەکی نوێیان بۆ بەرێوە ببەم. کە کاتی خۆی لە سەردەمی بەعسدا ئێمە پەیمانگەیەکی لێکۆڵینەوەی ئاوازمان دانا، مامۆستا حوسێن قەدووری و مونیر بەشیر، تەنانەت مەنهەجەکەم لە بەغدا هێنا، مامۆستا حوسێن قەدووری فەرمووی: دەبێ خوێندنەکە بە کوردی بێ، ئیمە نەماندەوێرا ئەوە بڵێین، گوتمان لەوانەیە حزبی بەعس سزامان بدا، مامۆستا حوسێن قەدووری گوتی: ئەگەر قوتابییەکی میسری بێ لە هەولێر فێری مۆسیقای کوردی بێ، دەبێ یەکەم جار شەش مانگ زمانی کوردی فێر بێ. دوایی بێتە پۆلی یەکەمی پەیمانگەکە. من پێم خۆشە ئەو پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی ئاوازی کوردی بووژێنمەوە، چونکە دەبێتە بنکەیەکی ڕۆژهەڵاتناسی بۆ کورد. لە داهاتوودا هەر کەسێکی بێگانە بێتە کوردستان نایەتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، چونکە لە بەغداش هەیە. پەیمانگەی هونەرە جوانەکان قوتابی زیاتر فێری ئامێرەکانی ڕۆژئاوایی دەکا وەک کەمان و چەلۆ و کلارنێت و...تاد، بەڵام پێویستە پەیمانگەیەکمان هەبێ قوتابی فێرە ژەنینی زوڕنا و باڵەبان و دەهۆڵ و تەنبوور بکات، فێری مەقاماتی کوردی، هۆرە و قەتار و ئەڵڵاوەیسی و حەیران بکات.

منداڵێکی کورد کە لە پۆلی سێی ناوەندی دێتە ئەو پەیمانگەیەوە مێشکێکی ساف و سپی و خاوێنی هەیە، ئەو منداڵە فێر دەکەی بە خۆشەویستییەوە (جۆزە - کەمانچە) لێبدات. فێری دەکەی ئامێری سەنتوور لێبدات، فێر دەبێ حەیران و لاوک بڵێ. بەم جۆرە حەیران و لاوک دەبووژێتەوە. ئێمە چەند بەرنامەیەکمان لە تەلەڤزیۆنی میدیا لەسەر حەیران و لاوک کرد، ئەو شێوە گوتنە ڕەسەنانە ببوونە هی پیرەکان. ڕەسووڵ گەردی و حەسەن سیساوەیی و.. تاد، من کارێکی وام کرد زیاد ئەسعەد حەیرانی گوت، هەروەها تەنیا ئیدریس و ڕزگار ڕەنجەڕۆ و شێروان بێرکۆتی هەموو ئەوانە بە هاندانی من حەیرانیان گوت.

**ڕامان:** مامۆستا لە ئەورووپا کۆمەڵێک ئیشت کردووە لە دامەزراندنی تیپ و بەشداری کردنت لە تیپەکاندا.. ئێستا چەند لەو کارانەت ڕازیت؟

**وریا ئەحمەد:** لێیان ڕازیم، بەڵام ئەو دەزگای «وۆرد میوزیک»ەی لەوێ گرووپی شەهابەی بۆ ئێمە دانا و سەرپەرشتی دەکردین و ئەو هۆڵی پەیدا دەکرد و خەڵکی هۆڵەندی بانگهێشت دەکرد و هەموو کارەکان ئەوان دەیانکرد و ئێمە ئاگامان لێنەبوو، ئەگەر یارمەتی ئێمەی دابا گوتبای (دە) کەس بن، نەک شەش کەس بە گۆرانیبێژەوە، کە ئەو مەرجانەی هەندێک قورس بوون. ئینجا من حەزم دەکرد باشترین نوخبەی مۆسیقاژەنی کورد لەوێ لەگەڵمدا بن، بەڵام ئەوە نەدەکرا، چونکە مۆسیقاژەنم هەبوو لە ئەڵمانیا (٢٠٠) یۆرۆی دەویست تەنیا بۆ هاتن و چوونەوەی. هەیە لە سوێدە. چۆن دێت؟

بۆیە ناچار بووین بەوەندەی کە هەمانبوو قایل بین، بەڵام هەر ئەوە بوو گرووپێکی کوردی (شەهابە گرووپ)مان هەبێت باشە، لەناو گرووپی نەتەوە جۆر بەجۆرەکان بوونی ئێمە شتێکی گەورە بوو.

**ڕامان:** زۆر کەس گۆرانیی هونەرمەندەکانی پێشوومان دەڵێنەوە، تۆ پێت وایە ئەوە ڕێزلێنانە لەو هونەرمەندانەی وەک حەسەن زیرەک و ماملێ و سەید عەلی ئەسغەر، یان جۆرێکە لە ناشیرین کردنی گۆرانییەکە و شێواندنی وێنەی هونەرمەندەکە؟

**وریا ئەحمەد:** زۆربەی زۆری حاڵەتی دووەمە کە باست کرد، چونکە زۆربەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک و ماملێ فۆلکلۆرن، تازە بۆمان ئاشکرا دەبێ، هەندێکیان تەنانەت ئازەری و ئەرمەنین، ئەگەر کەسێک بێ بە توانایەکی نوێوە، بە تەکنیکێکی نوێ و دەنگێکی سازگارەوە لەو شیرینتر و جوانتر و بە مۆسیقایەکی پتەو و رێکوپێک بیڵێ، سەر سەرم، سەرچاوم، بەڵام ئەگەر بێ شتەکە خراپ بکا، ماملێ و حەسەن زیرەکیشمان لەبەرچاو بکەوێ نەیکا باشترە. خۆی ئەسڵەکە هەیە، جوانە، بۆ تێکوپێکی بدەین؟

**ڕامان:** ئێمە هەندێ میلۆدیی ڕەسەنمان هەیە.. پێت باشە مۆسیقای ئەلیکترۆنی و جاز و ئەمانە بێنە پاڵی؟

**وریا ئەحمەد:** ئەگەر کارەکە بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە بکرێ، کەسێک خوێندبێتی و ئەهلی کارەکە بێ، خراپ نییە. کوردیش لەوانەیە بتوانێ جازمۆزیکی هەبێ. بۆ نا؟ با کەڵک لەو بوارە وەربگرێ، ئامێری زۆر خۆشی تێدایە. یووسف باکووری یەکەم کەس بوو لە هەولێر کەڵکی لەو ئامێرانە وەرگرت، لەگەڵ ئەوەشدا کە نۆتیشی نەدەزانی و ئەکادیمیش نەبوو، بەڵام چونکە گوێیەکی زۆر بەهێزی هەبوو نۆتەکانی لەبەر دەکرد و گیتاری لێدەدا، مامۆستا جان-یش جازی لەگەڵ لێدەدا، کوڕێکی دی هەبوو ئۆرگی لەگەڵ لێدەدا. بە کورتی تیپێکی جازیان دروست کرد. ئەگەر ئەوڕۆکەش کەسانێک لەناو کورددا هەبن، لە ڕووی زانستییەوە توانای ئەو کارەیان هەبێ، با بیکەن، با ڕەنگێکی نوێ دروست بکەن، با ڕەنگەکان زۆر بن، چونکە چێژی خەڵک زۆرە.

**ڕامان:** پاشی ئەوەی ئیشێکی زۆر لە بواری مۆسیقادا کراوە، تیپی زۆر و تەقەللای تاکەکەسی زۆر.. من ماوەیەک لەمەوبەر شتێکم نووسی و پێشنیاری ئەوەم کرد کۆنگرەیەک بۆ مۆسیقا و گۆرانی کوردی بکرێ. بۆ ئەوەی لەوێندەرێ بتوانین لە وەزعی گۆرانی و مۆسیقامان بکۆڵینەوە و ڕاسپاردەمان هەبێ بۆ ئەوەی کاری جیددی بکەین.. ئێوە لەو بارەوە چی دەڵێن؟

**وریا ئەحمەد:** ڕەنگە جەنابتان ئاگادار بن، منیش چوار پێنج جار جەختم لەسەر ئەو خاڵە کردۆتەوە. مۆسیقای عەرەبی ساڵی (١٩٣٢) لە قاهیرە کۆنگرەی یەکەمی بەست کە گوبانچی و عەلی مەردانیش لەوێ بوون. با کۆنگرەیەکی مۆسیقای کوردیش ببەسترێ. ئێستا توانامان هەیە، حکومەتمان هەیە، لە سەردەمی بارزانیی نەمردا کە جارێ شۆڕش بوو و هەموو ڕۆژێ ناپاڵم باران دەکراین، ئینجا لیژنەیەکیان بۆ کۆکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی پێکهێنابوو. سەرۆکایەتی لیژنەکە فارووق حەفید زادە و جەمال شادان و کێ و کێ بوون، دەچوون بەسەر گوندەکاندا دەگەڕان و گۆرانیی پیرەکانیان کۆدەکردنەوە، هەرچەندە بە داخەوە شتەکە بزر بوو، فارووق حەفید زادە دوو کتێبی هەبوو، یەکێ گەورە و یەکی گچکە، بەڵام هیچ نۆتەیەکی تێدا نەبوو.

ئەگەر لە کاتێکی دژواردا ئەو کارە دەکرا، ئەمڕۆکە لە سایەی خوێنی شەهیدان حکوومەتمان هەیە و ئەنجوومەنی وەزیرانمان هەیە و بانگهێشت کردن ئاسانە، کوردی ڕۆژهەڵات، کوردی باکوور و ڕۆژئاوا، لە ئەورووپاوە خەڵکی شارەزا بانگهێشت بکرێن، کۆنگرەیەکی جوان ببەسترێ، دە ڕۆژ بخایەنێ. زۆر شت هەیە یەکلا بکرێتەوە.

**ڕامان:** لەو سەفەرەی دەرەوەی وڵاتدا، کە چەند ساڵێکیشی خایاند، چ فێربووی کە پێشتر نەتدەزانی؟

**وریا ئەحمەد:** ئەگەر مەبەستت لە ڕووی مۆسیقاوە بێ، زۆر شت فێربووم. بۆ نموونە لە عومری خۆم نەچووبوومە ناو هۆڵێک کە تیپێکی ئۆرکسترای لێبێ. سەعات و نیوێک مۆسیقای کلاسیک لێبدرێ، پەنجا کەس گۆرانی بڵێ، بە چینەکانی باس و بە تینوور و ئالتۆسوپرانۆوە.

ئێمە کاتی خۆی لێرە، لەبەر کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی، بۆ ئەوەی کەسایەتیی هونەرمەند بەرز بکەینەوە قوربانیمان بە زۆر شت دا. یەک لەوانە من پێنج نووسینم هەیە لەسەر بازرگانی کردن بە هونەرەوە، سەرکۆنەی ئەو کەسانەم کردووە شەوان دەچنە ماڵان مۆسیقا لێدەدەن. بۆ زانیاری لە ئەورووپا لە وێستگەی شەمەندەفەر دەبینی تیپێکی مۆسیقای زۆر بە توانا مۆسیقا لێدەدەن. جاری وایە تووشی تیپی وا دەبی خۆت لەبەرچاو دەکەوێ. مۆسیقاژەن و بلیمەتی وای تێدایە ئاگرت تێبەردەدا. لەو بن پردانە، لەو سارد و سەرمایە مۆسیقا لێدەدەن و سندووقێکیان لەپێش خۆیان داناوە. گوێگرەکەش ئەگەر مۆسیقاکەی زۆر لا شیرین بێ ئەوپەڕەکەی یۆرۆیەک فڕێ دەداتە ناو سندووقەکەوە. ئەوە عەیب نییە. مۆسیقا بۆ زەوق و خۆشیی خەڵکە، ئەو بیرە کۆنانەی ئێمە هەمانبوو حەز دەکەم نەمێنێ.

لە فیستیڤاڵەکانیاندا، ساڵانە (٢٠-٣٠) ڕۆژ کەرنەڤاڵیان هەیە، پەنجا تیپ دەبینی، ئەو گەنجانە، ئەو کچە جوانانە، ئەو نازدارانە، جلکی سەیر و سەمەرە و گاڵتەجاڕی لەبەر دەکەن، دێنە سەر جادە، مۆسیقا لێدەدەن و ئەو خەڵکە هەموو حەیران و سەراسیمە دەکەن.

هیچ عەیب و کەمایەسی و سووکایەتیش نییە.

لە لای ئێمە دەهۆڵ و زورناژەنی قوڕ بەسەر بابەلباب شەرمەزارە، دەبێ بەلای ماڵەکەشیدا نەڕۆی، سڵاویشی لێنەکەی، ژنیشیان لێنەخوازی، هەتا ماوە سەری لە قەپێلکیدا بێ.

سەید کەریم بلیمەتێک بوو، زۆرجار گوتوومە ئەگەر کورد نەبوایە ئێستا کۆشکی دەبوو، چوارکەس لەبەر دەرگاکەی نەیاندەهێشت بچیتە ژووری. قوڕ بەسەرە لە لای ئێمە چاوەشێک بوو، هەتا مرد لە کورانی عەنکاوە بوو، تێر بە زگی خۆی نەخوارد.

لەوێ مۆسیقاژەن کە دێتە سەر شانۆ ئەگەر هیچیش نەزانێ مەحاڵە پێی بڵێن تۆ خراپی. یان چەپڵەی بۆ لێنەدەن. شتی وا نییە وەک مرۆڤێک دەبێ هان بدرێ و ڕێزی لێبگیرێ. ئینجا لەوێ خەڵکی زۆر ئامادە نییە، جاری وایە ئاهەنگ دەگێڕی هەشت کەس دێن. لێرە حەوسەد کەس ئامادە دەبن. ئێمە دەبێ شانازی بەو جەماوەرەی کوردستانەوە بکەین، دەبێ هەوڵ بدەین ئەو ئامادەبوونەی خەڵک بقۆزینەوە، چونکە ڕۆژێک دادێ ئەوەش نامێنێ.

**ڕامان:** بە ڕای تۆ هونەرمەند لە وڵاتی خۆی یان لە دەرەوە دەتوانێ کاری باش بۆ هونەرەکەی بکا؟

**وریا ئەحمەد:** هەمیشە لە وڵاتی خۆی، ئەگەر کیانی هەبێ. من کە ڕۆیشتم مخابن لە کوردستاندا شەڕی براکوژی بوو. هەموو دیمەنەکان وای لێدەکردیت ڕەشبین بیت. ئێستا لە سایەی خوێنی شەهیدان کوردستان ئاوەدان بۆتەوە، سوپاس بۆ خوا خەڵک تێر بووە. شار ڕۆژ بە ڕۆژ جوان دەکرێ. ڕۆشنبیران لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا لەسەر دەسەڵات دەنووسن و ئەوان ناتوانن قسەیان پێبڵێن، شتی ڕاست ناتوانن بشارنەوە.

شتی باش هەمیشە لە وڵاتی خۆتدا دەکرێ. ئێستا لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا ئۆرکسترامان هەیە. تیپی زۆرمان هەیە، بەڵام لە ئەورووپا سەرەڕای ئەوەی زۆر مۆسیقاژەنی باشی لێیە، ئەگەر (مەد. تی. ڤی) نەبوایە ئایا دەکرا ئەوانە کۆبکرێنەوە. چەند بەرنامەیەکی پێشکەوتوو کرا، بیست مۆسیقاژەنێک، بیست-سی کچ و کوڕ گۆرانی دەڵێن گۆرانیبێژیش دێ جارێک کوڕە جارێک کچە، یەکێک سەرپەرشتییان دەکا و سۆڵۆکانیان بە بیردێنێتەوە، وەکو تەختێکی پێشکەوتووی ڕۆژهەڵاتی.

ئەوە (مەد. تی. ڤی) کردی. ئەگینا کێ هەیە بتوانێ دە ڕۆژان پەنجا کەس لە شوێنێکدا نان بدا، بە تایبەتی لەو گرانییەی ئەورووپادا، بۆ هاتن و چوونەوە پارەی فڕۆکەیان بداتێ، لە هۆڵەندا و سوێد و بەلژیکا و فەرەنساوە هاتبوون. بۆیە کارکردن لە دەرەوە زەحمەتە.

**ڕامان:** تا ئێستا چەند فیستیڤاڵێکی مۆسیقای کوردی کراوە. جەنابت ئەو فیستیڤاڵانە چۆن دەبینی و چەند دەکرێ جوانتر ڕێک بخرێن بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی بزاڤی هونەری مۆسیقای کوردی بکەن؟

**وریا ئەحمەد:** فیستیڤاڵی هونەری کارێکی شارستانییە و دڵخۆشکارە، هیچ نەبێ هونەرمەندەکان یەکتر دەناسن، هونەرمەندە پێشکەوتووەکان دەردەکەون. ئەگەر ئاوازدانەرێکی چاکە، مۆسیقاژەنێکی چاکە، شاعیرەکان لە هەموو ڕوویەکەوە پۆزەتیڤە. ئینجا خۆشەویستی لەنێوان ئەندامانی گرووپەکان دروست دەبێ.

بەڵام لە هەمان کاتدا، فیستیڤاڵ ناوێکی زۆر گەورەیە. هەر ئەوە نییە ئاهەنگێکی ئاسایی بگێڕی. کە چوومە سلێمانی لە فیستیڤاڵی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان، بەداخەوە بە ڕاستی شتێکم نەدی ئاستی فیستیڤاڵی هەبێ. شتێک بوو لە ئاستی ئاهەنگێکی مۆسیقای ئاساییدا بوو، کەواتە بۆ ناوی دەنرێ فیستیڤاڵ؟ گرووپی لێیە دەڵێ گۆرانیبێژەکەم نەهاتووە، باشە بۆ پێشتر گرێبەندی لەگەڵ نەکراوە؟

**ڕامان:** زۆر گۆرانیبێژ کە دەنگێکی باش و ڕەسەنیان هەبووە و لە ئێزگەی کوردی گۆرانیی جوانیان گوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی مۆسیقاژەنەکان عەرەب بوون، مۆسیقاکە دوور بووە لە ڕۆحی کوردی، ئێستا تەقەللایەک هەیە کە دەیەوێ بەهۆی کۆمپیوتەرەوە مۆسیقایەکی کوردی و نوێ دابنێ و دەنگەکە وەک خۆی بهێڵێتەوە.. لەو بارەوە دەمانەوێ ڕای جەنابت بزانین؟

**وریا ئەحمەد:** ڕای من وایە ئەو شتانە وەک خۆی بهێڵرێنەوە. مرۆڤ لە جیاتی ئەوەی هێندە ئاوڕ لە دواوە بداتەوە، وا چاکە بەرەو پێشەوە بنوارێت. ئەوانە سەردەمێکی خۆیان هەبووە. لەناو دڵی خەڵکدا ماون و دەژین، زیندوون. با کەسانی تر کە دەنگی باش و ڕەسەنیان هەیە بێن، ئێستا هەموو توانایەک هەیە، با شتی نوێ بکەن.

**ڕامان:** بزاڤی ئێستاکەی مۆسیقای کوردی بە بەراورد لەگەڵ مۆسیقای کوردی لە ساڵانی حەفتاکاندا چۆن دەبینی؟

**وریا ئەحمەد:** ئێستا سەردەمێکی دیکەیە. هەر سەردەم و کاتێک خاڵی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی خۆی هەیە. مرۆڤ

دەبێ گەشبین بێ. ڕەوڕەوەی ژیانیش ناوەستێ و هەر بەرەو پێشەوە دەچێ، بەڵام لەوانەیە لەبەر ئەو چەند ساڵەی شەڕی براکوژی کە ئاسەوارەکەی وا بە ئاسانی ناسڕێتەوە، هەروەک سەردەمی سی ساڵەی بەعس وەک دەستارێک دەیهاڕین و تووشی چەندین جۆرە نەخۆشی دەروونی و سایکۆلۆژی کردین.

**ڕامان:** ئایا پەیمانگەی هونەرە جوانەکان/ بەشی مۆسیقا، تا ئێستا توانیویەتی هیچ بۆ هونەری مۆسیقا بکا؟ ئەی بۆ پێگەیاندنی باشتری بەهرەکان لەوێ چ بکرێ باشە؟

**وریا ئەحمەد:** کردنەوەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە هەر شوێنێک خۆی لەخۆیدا کارێکی پیرۆزە، بەڵام کەسێک کە لەوێ وەردەگیرێ، دەبێ بەهرەمەند بێ و شتی پێبێ، ئەو بەهرەیە لەوێ چەکەرە بکا، گەشە بکا، ئاو بدرێ تا هونەرمەندی باشی لێ دروست بکرێ، بەڵام بەداخەوە خەڵکێکی زۆر وەردەگیرێ، لەوانەیە سێ بەهرەمەندی تێدا بێ، ئەویتر هەموو خوێندن تەواو دەکا و دەبێتە مامۆستا، ئەگەر ئەوانە هەر بۆ مامۆستایی دەخوێنن، دەبا بچنە پەیمانگەی مامۆستایان جێی خەڵکی بەهرەمەند بۆ دەگرن؟ بەم جۆرە ئاستی پەیمانگەکە دێتە خوارەوە. لە بارەی پەیمانگەی سلێمانییەوە، شتێکیان پێگوتووم بە ڕاستی دڵخۆشکارە، کە چووم سەردانی پەیمانگەی سلێمانیم کرد، مامۆستا عادل محەمەد کەریم گوتی: شتێکی نوێمان بەدەستەوەیە کە هەتا پۆلی دووەم وانەی گشتییان پێدەڵێین، لە پۆلی دووەم قوتابییەکان تاقیکردنەوەیەکیان پێدەکرێ، لەو دوو ساڵەدا ئاشکرا دەبێ کێ بەهرەمەندە و کێ بەهرەمەند نییە. بەهرەدارەکان جیادەکرێنەوە و دەخرێنە پۆلێک کە پێی دەڵێین پۆلی موزیک. لەوێ بەشێوەیەکی پسپۆڕی فێرە موزیک دەبن و بەرەو پێش دەبرێن. ئەوانی دیکە کە بە داخەوە زۆرینەیە و هیچی پێ نییە، هاتووە خۆی پێدا شۆڕکردووەتەوە، بە واسیتە و پسوولە و ڕاسپاردە هاتووە، ئەوانەش دەخرێنە پۆلێکی دیکە و دەبنە مامۆستای سروود و مۆسیقا لە قوتابخانەکاندا. ئەوە شتێکی چاکە. هیوادارم هەولێریش وابکا. کاتێ ئەوەم بە دڵداری کوڕم گوت، خەنی بوو. گوتی: بابە نازانم چ بکەم؟ قوتابییە بەهرەدارەکەش کەڵکم لێ نابینێ. تۆ لە پۆلێکدا وانەی عەمەلی بە بیست کەس بڵێی، لە سەعاتێکدا قوتابی سێ دەقەی بە بەردەکەوێ، بەڵام ئەگەر پۆلەکە پۆلێن بکرێ، ئەو کاتە چوار- پێنج قوتابی بەهرەمەندت هەیە. تەرکیز لەسەر ئەو کەسانە دەکرێ و پێدەگەیەنرێن.

**ڕامان:** بەڕای تۆ سروود تەئسیری ماوە بایەخی پێبدرێ؟

**وریا ئەحمەد:** لەو ماوەیەدا کە کورد لە ئاڵۆزی و ناخۆشیدا بوو سروود وەک چەکێک بەکاردەهات. ئێمە هەزار ڕاسپاردەمان بۆ دەهات کە فلانە و فلانە سروود نابێ لە قوتابخانەکان بکرێ، بەڵام ئێمە هەر دەمانکرد.

بۆ ئەو قۆناغەی ئێستاش بە ڕای من سروود هەر پێویستە کە فێری نەوەکانت دەکەی خاک و نیشتمانەکەیان خۆش بوێ. باسی ئەو هەموو خەڵکەی بۆ بکرێ کە لەسەر خاک و وڵات شەهید بوون. باسی ئەنفال و هەڵەبجەی بۆ بکرێ. خەڵکی میسر پەنجا ساڵە لەژێر باری مەلەکی هاتوونەتە دەرێ، ئێستاش کە «بیلادی بیلادی» دەڵێن مچوڕکیان پێدادێ و هەست بە شانازی دەکەن.

**ڕامان:** لە کۆیە لە هونەری گۆرانی و مەقاماتدا تایبەتمەندییەک هەیە. پێمانخۆشە بزانین ئەو تایبەتمەندییانە لە چیدا دەبینی؟

**وریا ئەحمەد:** من هەتا بەرگی یەکەمی کتێبی «حاجی قادر» لە نووسینی مامۆستای نەمر مەسعوود محەمەد-م نەخوێندبۆوە، کۆیە کە شاری خۆمە ئاوام نەدەناسی. لە بازاڕی کۆیەدا گوزەری ئاسنگەران جیا بووە، هی بەقاڵان جیا بووە و هی هەموو پیشەکانی دیکەش هەروا. سەردەمی کۆن لە کۆیە قەیسەری هەبووە، خان هەبووە. بە بیری من خانی سپی، خانی مەیدانی سەرێ، خانی زبێدی، ئەوانەم بە بیر دێن. کۆیە کاروانسەرایەک بووە. لە مووسڵێوە کاروان هاتووەتە کەرکووک، لە وێوە هاتۆتە کۆیە، چووەتە قەڵادزێ و سەردەشت و لەوێوە بەرەو ورمێ چووە، ئەو پێوەندییانە وایان کردووە کۆیە جۆرە تایبەتمەندییەکی تێدا دروست بێ. جۆرە گۆرانییەک لە کۆیە هەیە، بە هیچ شێوەیەک نە لە سلێمانی و نە لە هەولێرێ نییە. ئیقاعێک هەیە کە وەک ستایشەکانی ئەندەلووسی دەیبینم. بۆ وێنە «شلەوخانان» یان «بۆ فریبی عاشقان» ئەوانە خاوەنی ڕەزمی خاون و بە هەموو کەسێک ناگوترێن. ئەو بەندانە لەکوێوە هاتوون؟ ئەو شێوە سەیرە چییە لە کۆیە هەیە؟

من منداڵ بووم، گۆرانییەکم لە بابم گوێ لێبوو. لە ساڵانی هەشتایەکان لە سابڵاغ قادر سەیاحی گوتوویەتی. «ئامین ئامینە». ئەویش لەو خاوانەیە، بەڵام لە سابڵاغ سەری هەڵدا. جارێکیان چوومە «بەستەستێن» لەگەڵ ڕەسووڵ نادری و برایم قادری

چاومان بە یەک کەوت، پیاوێکیان لەگەڵ بوو ناوی ئەحمەد بوو، حەیرانی دەگوت، کە باسی سێوەم کرد، گوتی: بەڵێ بەڵێ مەبەستت ئەو کەسەیە کە خەڵکی گوندێکی سابڵاغە. وەیدەزانی سێوە خەڵکی گوندێکی سابڵاغە. کەواتە پێوەندییەک لەنێوان هونەری کۆیە و سابڵاغدا هەیە.

بە کاسێت چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ مامدا کردووە، دەڵێ: سەردەمی سمکۆی شکاک دوو گەنج هاتبوونە کۆیە، ئەو کاتە کارەبا نەبووە و خەڵکی کۆیە شەوان زوو چوونەتە سەربانی بنوون. لەو کاتەدا ئەو دوو گەنجە دەستیان بە گۆرانی گوتن کردووە و دەنگێکیان لێ هەڵبڕیوە، هەموو خەڵکی کۆیەیان حەیران کردووە. لێم پرسی: مامە زیاتر چ گۆرانییەکیان دەگوت؟ گوتی: گۆرانی «کیژێ مەڕۆ جوانی» کە دواتر حەسەن زیرەکیش گوتوویەتی. دەیگوت بە کۆڵاناندا دەهاتن و گۆرانییان دەگوت و ئەو خەڵکە یەکپارچە دەهاتنە سەر سواندان و گوێیان لێڕادەگرتن.

لە سەردەمی پێشەوا قازی محەمەدیشدا ئەو پێوەندییە هەر هەبووە. زۆر خەڵکی تێکۆشەری سابڵاخ هاتبوون لە کۆیە دانیشتبوون. ئایا ئەوە بووە؟ ئایا کاروانچییەتییەکە بووە؟ ئەمین ئاغای ئەختەر دیوەخانێکی هەبووە، سەروەتی باب و باپیری لەسەر ئەوە داناوە. شەو تا بەیانی مەقام و گۆرانی گوتن بووە.

**ڕامان:** ئایا پێویستە خانەی مەقاماتمان هەبێ بۆ ئەوەی پەرە بەو هونەرە بدرێ و خەڵکی بەهرەدار لەو بوارەدا فێر بکرێن؟

**وریا ئەحمەد:** ئەو پەیمانگای خوێندنەی باسم کرد یان با ناوێکی دیکەی لێ بنێین مەرج نییە ئێمە لاسایی عەرەب بکەینەوە. بۆ نموونە با «پەیمانگەی موزیکی ڕەسەنی کوردی» بێ. گرنگ ئەوەیە ئەو پەیمانگەیەمان هەبێ، لە تەک ئامێرە ڕەسەنەکاندا، مەقامە ڕەسەنەکان بخوێندرێن و فێری دەنگخۆشان بکرێ. مەرج نییە هەمووشیان کەسانی ئەکادیمیش بن. تۆ کەسێکی نەخوێندەوار، بەڵام شارەزا لە مەقام بێنە با قوتابییەکان فێر بکا.

**ڕامان:** ئەی لە بارەی بە نۆتکردنی مەقاماتەوە ڕای تۆ چییە؟ چونکە هێندێک دەڵێن تەنویت ناکرێ؟

**وریا ئەحمەد:** منیش دەڵێم تەنویت ناکرێ، هەرچەندە خۆشم کردوومە. شیرین بەهارەم نووسیوەتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەگەر ڕیتم نەبێ بە دروستی نانووسرێتەوە.

**ڕامان:** بێجگە لە کارە هونەرییەکانت کتێبی چاپکراویشت لە بارەی هونەری مۆسیقاوە هەیە و ناو بەناو نووسینیش بڵاودەکەیتەوە. پێم وایە کاریگەریی ئەو بیروڕایانە لە کارە هونەرییەکە کەمتر نییە بۆ ئەوەی بتوانرێ هونەرێکی پاک بە خەڵک بناسێنرێ و بەوە گۆش بکرێن کە کاری نەشاز بناسنەوە.. پێت وانییە کەمتەرخەمییەک لەو بوارەدا هەیە و کەمی لا لێکراوەتەوە؟

**وریا ئەحمەد:** منیش تەواو لەگەڵتدام. لە هەموو کوردستانی باشووردا ئەو کەسانەی لەسەر مۆسیقا و گۆرانی دەنووسن ژمارەیان لە پەنجەکانی دوو دەست تێناپەڕێ.

**ڕامان:** بۆ پشتگیری قسەکەی جەنابت ئێمە کە تەوەری مۆسیقا و گۆرانیمان لە گۆڤاری ڕاماندا هەیە بە زەحمەت بابەتمان بۆ ئەو بەشە بەدەست دەگا کە بە کەڵکی بڵاوکردنەوە بێ، کەچی هەن دەیانەوێ گۆڤاری تایبەتی بۆ دەربکەن؟

**وریا ئەحمەد:** خەمت نەبێ.. لەمەودوا دەتانبێ. با کۆمپیوتەرێ بکڕمەوە.

**ڕامان:** بە خۆشحاڵییەوە... باشە تۆ چۆن لە چەمکی ڕەسەنایەتی دەگەی؟ ئایا لە ڕۆژئاواش مەسەلەی ڕەسەنایەتیی مۆسیقا لە ئارادایە؟

**وریا ئەحمەد:** بەڵێ، مۆسیقارێکی ناوداری جیهانی هەیە بەناوی (کرشوین) کە ئەمریکییە، لە مۆسیقاکانی خۆیدا زۆر پەنای بردۆتە بەر مۆسیقای هیندییە سوورەکان، چونکە ئەمریکا کیشوەرێکی نوێیە لەچاو ئاسیا و ئەوانی تر. ئەوە پەنای بردۆتە بەر ئەو مۆسیقایە تا تامەکەی بناسرێ و مۆرک بە مۆسیقاکە بدات و ببێتە خاوەنی ڕەسەنایەتی.

بتهۆڤنی گەورە کە لە جیهاندا بە خوای مۆسیقا ناودەبرێ، لە سەمفۆنیی نۆیەمیدا، بەشی چوارەمەکەی، پارچە مۆسیقایەکی فۆلکلۆریی نەمساوییە وەری گرتووە. بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە ئەو مووزیکە یەکەم جار نەمساوییە ئینجا دوایی ئینسانی یان جیهانییە. نموونە زۆرە، خاچادۆریان تەنانەت مۆسیقای ڕەسەنی کوردی بەکارهێناوە، هەڵپەڕکێی گەنجە کوردەکان کە لە شاییەکدا دیتوویەتی و بۆی زیاد کردووە و کردوویەتییە کارێکی مەزن.

**ڕامان:** بەڵام لێرە زۆر کەس ڕەسەنایەتی بەوە لێکدەدەنەوە کە تۆ بتوانی ئیزافەیەکت هەبێ و داهێنان بکەی ئەوەندە بەلایانەوە گرنگ نییە کە تاموبۆی کوردی

لێوە بێت یان نا؟

**وریا ئەحمەد:** کە کارێکی نوێ دەکرێ زیاتر ناوی داهێنانی لێدەنرێ، بەڵام ڕەسەنایەتی ئەوەیە کە مۆسیقاکە مۆرک و تاموبۆی نەتەوایەتی لێ بتکێ و پێیەوە دیار بێ، سبەی لێرە ئاوازێک تۆمار بکرێ عەرەبی بێ پێی بڵێم ئەوە ڕەسەنی کوردییە؟ بێگومان ئەوە ڕەسەنی کوردی نییە. بۆ نموونە سیدییەکی هونەرمەند عەدنان کەریم-یان بۆ لێدام، ئەوەڵ جار گوتم ئەوە «شەجەریان»ە، دوایی کە دەنگی هات عەدنان کەریم بوو، ئەوە لەگەڵ زەکەریا جیاوازی چییە کە ئاوازەکەی تورکی بوو. هیچ کامیان ڕەسەن نین. ئەوەی کە ئاوازێکی نوێ دادەنێ، ئیزافەیەک دەکا ئەوە داهێنانە.

**ڕامان:** لە کاتی ئاواز داناندا لە پێشدا بایەخ بە شیعر دەدەی یان ئاوازەکە؟

**وریا ئەحمەد:** زۆرجار سەعات یەکی شەوێ، شتێک نەیهێشتووە بنووم، کە ڕستەیەکی مۆسیقای نوێ بووە. بۆ وێنە مۆسیقایەک دەڵێمەوە نازانم چییە. خوایە ئەوە هی کێیە؟ دەبینم هی کەس نییە، ئەوجار زانیومە کە ئاوازێکی نوێیە و بۆم هاتووە و تۆمارم کردووە. دوایی ویستوومە بنوومەوە، گوتوومە نابێ ئاوها بێ، دەبا ئاوای لێبکەم، دیسان هەستاوم و تۆمارم کردۆتەوە. دوایی لە جوان کردنیدا ئیشم کردووە، ئینجا لە شیعرێک گەڕاوم بۆی. مامۆستا مستەفا زەنگنەی شاعیر شایەدی ئەو حاڵەتەیە. من پێش ئەوەی بڕۆم بۆ هەندەران، ئاوازێکم بۆ هونەرمەند شێرزاد چاوشین دانا، داوام لە مستەفا زەنگنە کرد شیعرێکم بداتێ چیرۆکێک بێ. شتێک بۆ خەڵک بگێڕێتەوە، بەداخەوە شیعرە فۆلکلۆرییەکانمان یەکێتی بابەتیان تێدا نییە. مستەفا گوتی: کە ئاوازێکت دانا بۆ منی بێنە، من شیعرێکی بۆ دادەنێم، بە ڕاستی ئاوازیش لە شیعر کەمتر نییە. ئاواز و شیعر و دەنگ سێ کۆڵەگەی گۆرانین.

**ڕامان:** زۆرجار ئافرەتان دێنە ناو هونەر، ماوەیەک ئیش دەکەن، دوایی وازدێنن و بەجێی دێڵن. هۆیەکەی لە چیدا دەبینی؟ ئایا خۆیان بەرپرسن یان دەزگا هونەرییەکان؟

**وریا ئەحمەد:** ئەگەر لێم عاجز نەبن دەڵێم هۆکارەکەی ئایینییە. «تۆمابوا»یەکی ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی کە هاتووە بەدوای مۆسیقای کوردیدا گەڕاوە، دەڵێ: کورد لە سەردەمی ساسانییەکاندا پێش هاتنی ئیسلام شارستانیەتێکی زۆر گەورەی لە مۆسیقادا هەبووە و نەتەوەکانی دەوروبەر سوودیان لە کورد بینیوە. (هەرچەندە کوردیش دزی لێکردوون). باپیرمان کوژراوە، بە منداڵی دەیانگوت ئەوە سەلکی کافریە، ئێمە بەردمان پێدادەدا. لە دۆڵی ئەسحابانیش دەستی دوو پیاو ناگاتە ناو قەدی دارەکانی، کەس ناوێرێ بیانبڕێ، چونکە هی ئەسحابانە.

شاکر فەتاحی نەمریش دەڵێ: کۆلکە مەلا و ناشی و نەزان وایان لە خەڵکی گەیاند خوای گەورە حەزی لە مۆسیقا نییە. نەک هەر مۆسیقاژەنین، بگرە گوێ گرتنیش لە مۆسیقا حەرامە. ئیمامی شافیعی دەڵێ ئەو ئامێرانەی نێر و مێن دەچنە ناو یەکتری، حەرامە گوێشیان لێبگری، نەک لێیانبدەی. ئەی نێر و مێ جووت نابن؟ بۆ ئەوە حەرام نەبێ، بۆ ئامێرێکی قامیش بچێتە ناو یەکتری حەرام بێت؟

**ڕامان:** ئایا دەنگی ئافرەت بۆ چڕینی مەقام لەبارە؟

**وریا ئەحمەد:** ئافرەت بە ڕای من لە ڕووی دەنگەوە هیچی لە پیاو کەمتر نییە. ژنێکی وەک «ویتنی هویستن» کە ژنێکی ئەمریکییە و لە ڕەشەکانە، دەنگێکی هەیە دەیکاتە فلووت و.. نایکاتە چی..؟ چەهچەهەی بولبولان و هەموو مووی لەشت هەڵدەستێتە سەر پێ. چۆپی کە باسمان کرد و حەیرانی چڕیوە، من ناوم نابوو «کۆپی»، شتێکت پێدابا تەواو بە فاریزە و نوختەوە لەبەری دەکرد. ئافەرین بۆ ئەو کچە. گۆرانی نەمر حەمە ساڵح دیلان کێ توانیویەتی بیڵێ؟ چۆپی دەیگوت. دوو ڕۆژ لە تەلەڤزیۆن پرۆڤەی حەیرانم پێکرد کە حەیرانەکەی گوت و تەواو بوو، ماچم کرد و گوتم: هەی ئافەرین کچی خۆم.

**ڕامان:** بایەخدانت بە ئافرەت، وەک دەزانین لە دانانی تیپی خانزاد و ئینجا دەستگیرۆیی کردنی چەند ئافرەتێکی بەهرەمەند، بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**وریا ئەحمەد:** هەمیشە لە چاوپێکەوتنەکانم لە تەلەڤزیۆنیش گوتوومە، ئافرەتی کورد زۆر گوناحە. زۆر بە چاوی سووک سەیر دەکرێ. کوڕ بۆی هەیە سەعات یەکی شەو بێتەوە ماڵێ، پێشوازی دەکرێ. ئەگەر سێ کچیشی برادەر بێ، بابی دەڵێ ئافەرین کوڕم و لە جێگای تر دەڵێ کوڕەکەم سێ دۆستی هەیە. ئەوە قەدەغە نییە، هەرچی بیکا کوڕە. باشە ئەدی ئەو کچە قوڕ بەسەرە نەفسی نییە، بۆ نەتوانێ دۆستێک بگرێ؟ بۆ ئەگەر دە دەقە بە درەنگ کەوت لێی بدرێ و بکوژرێ؟ ژنیش ئینسانە و خوا دروستی کردووە و ئەو حەزەی داوەتێ. باشە بۆ لە پیاو حەڵاڵ بێ چوار ژن بێنێ، بە کەیفی خۆی

سێکس بکا و دە دۆستیشی لە دەرەوە هەبێ، کچیش بەس لەگەڵ پیاوێک ببینرێ، شاربەدەر بکرێ و حەیاو شەرەفی ببردرێ، ئێستا لە ئەوروپا چی پیاو دەیکا، کچیش بۆی هەیە بیکا. ئەوانیش خوا و ئاییینیان هەیە.

**ڕامان:** کەسی تر لە ئافرەتاندا هەیە لە ئاستی چۆپی و ئەوانی تردا بێ؟

**وریا ئەحمەد:** بەڵێ کچێکی تر هەبوو، ناوی ڕۆزە بوو، قوتابی و خەڵکی سلێمانی بوو، دەنگی زۆر خۆش بوو، کچێکی زۆر نازدار بوو، دەیویست ببێتە گۆرانیبێژ. ئەوە مایەی دڵخۆشییە، چونکە کچەکان چاو لە یەکتری دەکەن. جاران دەیانگوت چاوەش، ئێستا دەڵێن هونەرمەند. ئێستا ژنێک، ناوی «هیڤی»یە بووەتە گۆرانیبێژ، کوڕی عازەبە. مێردەکەی و کوڕەکەی پێیان ناخۆش نییە. با ببێ، ئاوا تەوقەکە دەشکێ، کە خەڵک دیتی یەک نییە، دوو نییە، دە نییە، ئیتر باسی کێ دەکا. جاران ئەگەر یەک کچ بوو یان دوو بوو هەزار ناو و ناتۆرەیان بە دوو دەخست.

**ڕامان:** هیوادارین بەهاتنەوەی جەنابت لە هەولێریش ئەو تەوقە بشکێ. حەفتاکان لە هەولێر، ئافرەت زیاتر دەهاتە ناو جەماوەر بۆ گۆرانی گوتن.. مامۆستا ئەو تاڵان و بڕۆیەی ئێستا لە گۆرانی و هونەری کوردی دەکرێ لەلایەن تورک و عەرەب و فارسەکان چارەسەری ئەو کێشەیە چۆن بکەین؟

**وریا ئەحمەد:** من زۆر جاری دیکەش گوتوومە، ئاواز بە هیچ شێوەیەک لە تێکست کەمتر نابینم. ئەوان هەرچی بکەن، تێکستەکەش بگۆڕن، ئاوازەکە هاوار دەکا کوردییە. لە هەندێ جێگادا گۆرانییان دزیوە لێ لێ و لۆلۆیەکەی هەر پێوە ماوە، نەیانتوانیوە لای ببەن. ئاوازی کوردی هەر دیارە، ڕۆیشتن و گەشبینی و سووکییەکەی، تامویۆنەکەی هەر دیارە.

**ڕامان:** چ ئامێرێکی ڕۆژئاوایی زیاتر لەگەڵ مۆسیقای کوردی دەگونجێ؟

**وریا ئەحمەد:** ئەو تیپانەی ڕۆژهەڵات، تیپەکانی میسر و ئێران و تورکیا و کوردستانیش وەک تیپی باواجی و سلێمانی و ئەمانە زۆر ئامێری مۆسیقای ڕۆژئاواییان تێدایە. کەمان، کلارنێت، ئۆکۆردیۆن، ئۆرگن، چەلۆ، ڤینگۆز، پیانۆ، کۆنترباس، جاز، فلووت، ئەوانە هەمووی ئامێری ڕۆژئاوان. ئەو ئامێرانەی دەتوانین بە هی ڕۆژهەڵاتیان دانێین، عوود و قانوون و باڵەبان و شمشاڵی قەمیش و دەهۆڵ و زەرب و دەف و تەنبوور و جۆزە، ئەوانەن.

ئێستا لە تورکیا ئامێری تەنبوور کە هی کوردانە و تورک وەری گرت، کردوویەتییە ساز و ناویشی گۆڕیوە. دواییش کردوویەتییە «سازفامیلی» وەک کەمان. کۆنتر باس هەیە بابە گەورەیە، دوایی چەلۆ هەیە باپیرەیە، ڤیۆلا هەیە بابە و ئینجا کەمان کە کوڕەکەیە. پێکەوە دادەنیشن، ئەو چوار ئامێرە لە باتی ئۆرکسترایەک دەتوانن مۆسیقا لێبدەن.

ئەوانیش وایان کردووە، «سازدیوان» گەورەکەیە، ئینجا «باغلەمە» هەیە ناوەڕاستەکەیە، پاشان «جوڕە» هەیە دەنگ تیژەکەیە. لە ئەکادیمیا دەیخوێنن. پەیڕەو و پرۆگرامیان هەیە. با کوردیش زیرەک بێ، باڵەبان وا لێبکا، تەنبوور وا لێبکا. دەهۆڵ وا لێبکا. سەنتوور وا لێبکا. ئیمکاناتمان هەیە.

ئەگەر بە دەنگمانەوە بێن و زەمینە بڕەخسێ، ئەگەر لایەنە پێوەندارەکان و وەزارەتی ڕۆشنبیری باوەشمان بۆ بکەنەوە ئەوە پرۆژەی گەورەمان پێیە و لەسەر خێران شتی گەورە دروست دەکەین.

**ڕامان:** ئەی دیاردەی کۆچی هونەرمەندان کە خۆشت یەکێک بووی لە وان، ساڵانێک بوو ببوو بە دیاردەیەک و ئێستا لە پاشەکشەدایە. ئەمە بە لێکدانەوەی تۆ بە قازانجی هونەر شکایەوە؟

**وریا ئەحمەد:** تاڕادەیەک بەڵێ، ئێستا لەوێ زۆرمان هەیە دەخوێنن، هەمانە خوێندنیان تەواو کرد. هونەرمەند سالار ئازید کە قوتابیی خۆم بووە کۆنسرڤاتواری لەوێ تەواو کرد. هونەرمەند شێروان غەفوور کە خەڵکی سلێمانییە ئێستا لە هۆڵەندا دەخوێنێ. هونەرمەند بەرهەم، کە خەڵکی سلێمانییە لە هۆڵەندا دەخوێنێ لە کۆنسرڤاتوار. هونەرمەند ئاکۆ عەزیز لە فرانکفۆرت کۆنسرڤاتوار دەخوێنێ کە مایەی دڵخۆشییە. خەڵکی دیکەش هەن کە دەخوێنن و ئەوەی کە نەشی خوێندووە سوودی وەرگرتووە. من ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا چوار مانگ لەگەڵ ئەو مامۆستا هۆڵەندییە بژیم بەناوی (Bam) زۆر سوودم لێ دیت. موزیکژەنێکی پرۆفیشناڵە و بە مۆسیقا دەژی. ئەو پێوەندییانە بە سوودی هونەری نەتەوەکەمان دەگەڕێتەوە.

**ڕامان:** مەسەلەی دەنگ و تۆمارکردن و ستۆدیۆی پێشکەوتوو لێرە کەمتر بایەخی پێدەدرێ کە زۆر گرینگە بۆ تۆمارکردنی گۆرانی و مۆسیقا لەو بارەیەوە چ ئەزموونێکت هەیە؟

**وریا ئەحمەد:** کتێبێکم کۆپی کرد، لە ئەکادیمیای هۆڵەندا دەخوێندرێ، نزیکەی دوو ساڵ لەگەڵ کابرایەک

ئیشم کرد «سێیستە ستۆدیۆ» خاوەنەکەی ناوی «دیک» بوو، وردە وردە فێریشی دەکردم. مینۆتانڵەکەی سێ مەتر درێژ بوو، سێسەد چوارسەد دوگمەی لەسەر بوو. ئێستا ئێشیان هەموو بە کۆمپیوتەر رادەپەڕێنن، ئیتر لێی فێربووم، کتێبەکەشم هێناوە. لەگەڵ ستۆدیۆیەکی دیکە لە ئەمستردام لەسەر ئەوە رێککەتووم ناوی «پارت سمیت»ە، گوتم ئەگەر لە داهاتوودا بمانەوێ ستۆدیۆیەکی ئاوامان بۆ بیناکەن (٧٤) هەزار یۆرۆ تەکلیفی دەکرد، پێشکەوتووترین ستۆدیۆ، گوتی بە (٦٢) هەزار بۆ ئێوە تەواو دەبێ لەبەر ئەوەی بۆ دەرەوە زەریبەی لەسەر نییە دەڕوات. (وەزارەتی رۆشنبیری) کە داوای لێکردبووم بۆیان بنێرم، بۆم ناردن، بەڵام گوتیان تۆ درەنگ ناردت و ئێمە لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی رێککەوتووین.

**رامان:** پاکترین و رەسەنترین میلۆدیی کوردی لە کوێی کوردستاندا دەبینی؟

**وریا ئەحمەد:** لە هەموو ناوچەکان، کۆیە مەقامەکانی سێوە، لە هەورامان سیاچەمانە و هۆرەی جافی، بچینە کوردستانی موکریان پایزە و گەلۆ و بوهاریان هەیە، دێیە هەولێر حەیرانە، دەچینە سلێمانی سەفەرە، کەرکووک ئەڵڵاوەیسی و قەتارە، دەچیە کرمانجەتی تورکیا، ئەوە سەد جۆرە لاوکیان هەیە.

**رامان:** تکایە ئەو ناوانە بە رستەیەک.

ولیەم یوحەننا؟

**وریا ئەحمەد:** قوتابخانەیەک بوو بۆ کۆمەڵێک هونەرمەندی شاری سلێمانی.

**رامان:** تیپی باواجی؟

**وریا ئەحمەد:** لەگەڵ کەمیی ئەندامانی توانی لە فیستیڤاڵی یەکەمی هونەری کوردی لە بەغدا ئاداری (١٩٧٤) لەناو ئەو هەموو تیپە کوردییەدا پلەی یەکەم بەدەست بهێنێ.

**رامان:** باکووری؟

**وریا ئەحمەد:** ئەویش بووە پەیمانگەیەکی چکۆلە لە شاری کۆیە.

**رامان:** سێوە؟

**وریا ئەحمەد:** جێ پەنجەی لەناو مەقامی رەسەن و کەلەپووری کوردیدا دیارە.

**رامان:** مشکۆ؟

**وریا ئەحمەد:** هەمان سێوەیە لە هەولێردا.

**رامان:** دڵشاد حەمە سەعید؟

**وریا ئەحمەد:** ئەستێرەیەکی گەش بوو لە ئاسمانی بادینان هەڵات.

**رامان:** نەسیر شەمە؟

**وریا ئەحمەد:** عوودژەنێکی بلیمەت کە عوودەکەی تامی گیتار دەدات.

**رامان:** ئەنوەر قەرەداغی؟

**وریا ئەحمەد:** کامکارەکان کە پێشکەوتووترین تیپە، هەندێک لە سۆلۆیەکانی حەفتاکانی مامۆستا ئەنوەر دووبارە دەکەنەوە.

**رامان:** رزگار خۆشناو؟

**وریا ئەحمەد:** عوودژەنێکی بلیمەتی کوردە.

**رامان:** شڤانپەروەر؟

**وریا ئەحمەد:** لە هەموو دنیادا سیمبۆلی هونەری کوردییە. رێزێکی گەورەی لە ئەورووپا هەیە، بەڵام هێشتا زیاتر دەتوانێ لەوە پتر پێش بکەوێ.

**رامان:** خالید سەرکار؟

**وریا ئەحمەد:** ئەندامێکی چالاکی تیپی سلێمانی بووە.

**رامان:** تیپی مۆسیقای شۆرش؟

**وریا ئەحمەد:** چیایەکی هونەری و وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ دیکتاتۆریەتی بەعس کە ئێمە لەناو ئەشکەوتیشدا بین، کوردین و تێمانبگەن.

**رامان:** حەسەن گەرمیانی؟

**وریا ئەحمەد:** دەنگێکی رەسەنە و شارەزای مەقامەکانی گەرمیانە.

**رامان:** زەکەریا؟

**وریا ئەحمەد:** لەبەر ئەوەی مۆسیقاژەن بوو توانی لە ئەدائی گۆرانیی کوردیدا شێوازێکی نوێ زیاد بکات.

**رامان:** زاهیر محەممەد؟

**وریا ئەحمەد:** سەرۆکی یەکەم تیپ بووە کە ئیشم تێدا کردووە.

**رامان:** زیاد ئەسعەد؟

**وریا ئەحمەد:** دەنگێکی شیرین و رۆحسووک، ئێستا ئاوازیش دادەنێ.



# عەتا نەهایی: مرۆڤی کۆمەڵگەی کوردی لە دەرەوەی ماڵ دەیان دەمامکی پێیە

**دیمانەیەک لەگەڵ عەتا نەهایی بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە چیرۆکی «ئەو باڵندە بریندارە کە منم»**

تازە کۆمەڵە چیرۆکێکم لێ خوێندبۆوە، هەروا لە کەشوهەوای چیرۆکەکاندا دەژیام و حەزم دەکرد لەبارەیانەوە لەگەڵ کەسێک بدوێم. تا ڕاست لەو سەروبەندەدا وەڤدێکی ڕووناکبیری لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتە هەولێر و نووسەری چیرۆکەکانیان بۆ هێنام و من ئاودەنگێکی چاکم دەست کەوت تا حەزە دەروونییەکەی خۆم وەدی بێنم.

هەر زوو باسی چیرۆکەکانم لەگەڵ هێنا گۆڕێ و دیم لە بارەیانەوە قسەی شیاوی تۆمارکردنی پێن، بەڵام دوو ڕۆژ بە دەوریدا هاتم و چووم، ملی بۆ دیمانەیەک نەدەدا و هەر جارەی بە بیانوویەکەوە تەفرەی دەدام. سەرەنجام شەوێکیان بەگیرم هێنا و ڕێکوردەرێکی بچووکم لەپێش دانا. لە سەرتاسەری کاتی دیمانەکەدا (کە کاتژمێر و چارەگی خایاند) بەردەوام لە پەنجەرەی ژوورێکی شیراتۆنەوە نیگای بەرەو گەڕەکە دوورەکانی هەولێر دەڕۆیشت و ئەوەی من دەمتوانی لە سیمایدا بخوێنمەوە، نیگەرانییەکی شاراوە بوو. هەمان نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و دڕدۆنگی کە بە سیمای یەک یەکی چیرۆکەکانیشییەوە دیارە.

عەتای نەهایی بگێڕەوەی چیرۆکی ژیانی مرۆڤە غەمگین و بێ دەرەتان و باڵندە بریندارەکانی ئەم سووچە تەریکەی دنیا لەگەڵمانە..

* کاک عەتا، دوای دوو کۆمەڵە چیرۆکی «زریکە» و «تەنگانە»، دوا چیرۆکت «ئەو باڵندە بریندارە کە منم»، ئایا تەنیا داگری چەند چیرۆکێکی تازەیە یان گواستنەوەی قۆناغێکە لە ژیانی نووسەریی تۆدا؟

– ڕەنگە هەردووکیان بێت، لەلایەکەوە دوای «تەنگانە» نزیکەی هەشت ساڵە کۆمەڵەچیرۆکم بڵاونەکردۆتەوە، چیرۆکیشم کەم بڵاوکردۆتەوە، سێ چوار چیرۆک نەبێ. دوو چیرۆک بە زمانی فارسی و یەک دوو چیرۆکیش بە زمانی کوردی. هەشت ساڵ ماوەیەکی دوورودرێژە. ڕاستە لەو ماوەیەدا کاری ترم کردووە، دوو ڕۆمانم نووسیوە، بەڵام وەکو چیرۆک پەلەم نەکردووە، بۆیە حەزم کردووە سێیەم کۆمەڵە چیرۆکم کە دەگاتە دەستی خوێنەران شتێکی تازە بێت و لانیکەم بە بڕوای خۆم، جوینەوە و دووبارە کردنەوەی تەجرەبەکانی «زریکە» و «تەنگانە» نەبێت.

لەلایەکی تریشەوە پێشتریش گوتوومە، من چ وەک چیرۆکنووس چ وەک ڕۆماننووس، پیاوێکی ئەزموونگەرم. هەمیشە بڕوام وایە کە دەبێت هەموو چیرۆکێکم تەجرەبەیەکی تازە بێت، هەم لە ڕووی شکڵ و فۆرمەوە و هەم لە ڕووی ناوەرۆک و داڵغە و ئیدەی چیرۆکەکانەوە. ئەمە وای کردووە کە من وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بەم شێوەیە بدەمەوە کە هەم کۆمەڵە چیرۆکێکی تازەیە دادەبەزێت و هەم بە بڕوای خۆم تێپەڕاندنە لە دنیای کۆمەڵە چیرۆکەکانی زریکە و تەنگانە لە هەموو ئاستەکانیدا. دیارە من لەم هەشت ساڵەدا ژیاوم، لە بارەی مرۆڤ و کۆمەڵگاکەمەوە و لە بارەی خۆشمەوە ڕامانم بووە، خوێندنەوەم بووە، هەمووی ئەوانە و دنیابینیی خۆم بێگومان کاری کردۆتە سەر نووسینەکانم.

* وەک زیاد کردنێک بەم پرسیارەوە، ئایا پێت وایە لە داهاتوودا و لە کۆمەڵەیەکی تردا بتوانی ئەو فۆرم و شێواز و قۆناغەش جێ بێڵی؟

– نا، من ئاوا تەماشای مەسەلەکە ناکەم، پێم وانییە ئەو چەند چیرۆکەی کە لە دووتوێی کۆمەڵەی «ئەو باڵندە بریندارە کە منم»دا بڵاوبوونەتەوە، هەموویان لەسەر فۆرمێکن و بە شێوازێک گێڕدراونەوە، بە پێچەوانەوە پێموایە هەرکامیان چیرۆکێکی سەربەخۆن و هەر کام خاوەنی بیرۆکە و ئیدەی تایبەت بە خۆیانن و هەر کام بە زمان و فۆرم و شێوازی تایبەت بە خۆیان گێڕدراونەتەوە، هەر کامێکیان بەپێی پێویستیی چیرۆکەکە هەندێ تەکنیکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کەواتە وا نییە کە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە خاوەنی ستایلێکی هاوبەش لە هەموو چیرۆکەکاندا بێت، بۆ داهاتووشم ئەگەر بەرهەمێکم بێت (ئەگەرچی پێشبینییەکەی بۆ من زەحمەتە) بە دڵنیاییەوە کارێک دەبێ جیاواز لەوان لە هەموو بارەکانەوە، لانیکەم لە باری زمان و چۆنیەتی گێڕانەوە و فۆرمەوە.

ئەگەرچی لە یەکەم چیرۆکمەوە تا ئێستا و پێم وابێ لەمەو بەدواش تاڵە دەزوویەک هەیە، وەکو دنیابینی تایبەتی نووسەرەکەی کە ئەم دەنکە تەسبێحانە بە یەکەوە گرێ دەدات، ناسین و خوێندنەوەی ئەم تاڵە دەزووە بۆ خوێنەر و ڕەخنەگران و بۆ خۆشم دەتوانێ دەروازەیەک بە ڕووی ناسینی دنیای تایبەتی مندا وەکو عەتای نەهایی، بکاتەوە، وەکو هەموو نووسەرێک کە دنیای تایبەتی خۆی هەیە و لانیکەم خاڵە سەرەکییەکانی لە هەموو چیرۆکەکانیدا هاوبەشن.

هەر چیرۆکێک بەشێکە لە پرۆژەکانی نووسەر. ئەگەرچی ئەو پرۆژەیە ڕەنگە بابەتێکی لەپێشدا ڕەنگ بۆ ڕێژراو و پلان بۆ داندراو نەبێت، بەڵکو بابەتێکی لاشعوور و لە ناوشاریی نووسەرەکەیدا بێ، بەڵام هەر چیرۆکێکیش دنیای تایبەت بە خۆی هەیە و هەر چیرۆکێک بۆ خۆی پرۆژەیەکی کارییە کە جگە لە تێما و ناوەرۆکەکەی، فۆرم باشترین و متمانە پێکراوترین دەلاقەیە بۆ پەیبردن بە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکەکە.

* سەرەڕای ئەو ئەزموونە جیاوازانەی کە باست کردن، پێتوایە بەکۆی ئەوانەوە توانیبێتت شێوازێکی تایبەت بە خۆتت دۆزیبێتەوە؟ ئایا عەتای نەهایی توانیویەتی لە چیرۆکنووسیی کوردیدا دەنگێکی جیاواز بێ؟

– ئەگەر مەبەستت لە شێواز، ستایلە یان ئەوەی فارسەکان پێی دەڵێن «سەبک» بە ڕاستی من بڕوام بەوە نییە. من حەز دەکەم هەموو کارێکم تەجرەبەیەکی تایبەت بێت، چونکە ئێمە کە باسی شێواز و ستایل دەکەین زیاتر مەبەستمان ئەو ڕواڵەتەیە، وەک زمان و فۆرم و تەکنیک کە لە پێش منیشەوە بە نیسبەت زۆر چیرۆکنووسەوە کاراکتەری چیرۆکنووسەکە و شێوازی نووسینەکەی دەردەخا، وەها کە ئەگەر لە چیرۆکێکدا ناوی چیرۆکنووسەکەش بسڕینەوە، خوێنەرەکانی بیناسنەوە. من بڕوام بەوە نییە بگەین بە شێواز و شێوە نووسینێکی تایبەت و کەڵک وەرگرتن لە کۆمەڵە تەکنیکێکی دیاریکراو و زمانێکی تایبەت. من ئەو میراتە هەڵبگرم و لە هەموو چیرۆکەکانمدا پەیڕەوی بکەم، بەڵام لە بارەی ئەوەوە کە عەتای نەهایی دەنگێکی جیاواز لە هاوڕێ چیرۆکنووسەکانی بێت و تایبەتمەندیی خۆی بۆ ناسینەوە

بیێت و چیرۆکەکانی لە مەیدانی کۆمەڵەچیرۆکی ئەم نەسلە و نەسلەکانی پێشووش خاوەنی تایبەتمەندی بێ، ئەوە ئاواتی منە. کە دەڵێم ئاواتی منە لەبەر ئەوەیە هەر وەک گوتم وەکو مرۆڤێک بینینی تایبەتم هەیە بۆ دنیا، مەعریفەی تایبەت بە خۆمم هەیە بەرامبەر بە مرۆڤ و بە کۆمەڵگاکەم. تەنانەت زۆر جار هەست دەکەم نووسینەکانم بە شێوەیەکی نائاگا هەڵگری کۆمەڵە خەمێک و کۆمەڵە کێشەیەکی تایبەتی منن. ئەگەر بەگشتی لە گێڕانەوەی ڕۆمان و چیرۆکەکانمدا ڕاستگۆ بووبێتم، بێگومان دەبێ ئەو دنیایە نیشان بدەن کە دنیای تایبەتی منە و بەوە خوێنەرەکانم دەشێ ئەو دنیایە بناسنەوە. ئەوە ئاواتی منە و با بزانین خوێنەرانیش چۆن وەڵامی ئەو پرسیارەی تۆ دەدەنەوە.

* وەبیرم دێ یەکەم جار کە زریکەم خوێندەوە، بڕیارم دا جارێکی دی هیچ چیرۆکێکی ئەو پیاوە ڕەشبینە نەخوێنمەوە، بەڵام کە «تەنگانە» هاتە بازاڕ پێش ئەوەی بڕیاری کڕینی بدەم، کڕیبووم و چیرۆکەکانم خوێندبوونەوە. دەمەوێ بڵێم ئەگەرچی لەوانەیە منی خوێنەر لە تێم و نێوەرۆکدا لەگەڵ چیرۆکەکانتدا نەبم، بەڵام توانایەکی شاراوە، شتێک هەیە کە ڕامدەکێشێ بۆ ئەوەی جارێکی تر چیرۆکی دیکەت لێ بخوێنمەوە. ئەوشتە شاراوەیە بەلای خۆتەوە لە چیرۆکەکاندا چییە؟

– ئەوەی تۆ پێی دەڵێی ڕەشبینی، من پێی دەڵێم بەشێک لەو دنیا تایبەتەی عەتای نەهایی. بەشێک لەو بینینە تایبەتە کە تەنیا دەکرێ لە دەلاقەی چاوی عەتاوە بۆ مرۆڤ و بۆ کۆمەڵگە لێی بڕوانی.

ڕوانینی من بۆ مرۆڤ، لە قۆناغێکی تایبەتی مێژووییدا کە منی تێدا دەژیم و خوێندنەوەم بۆ مێژووی کۆمەڵگاکەم و تێڕامانم لە جەوهەر و توانا و کارو کردەی مرۆڤەوە، هەمووی ئەوانە یەک دەگرنەوە و لای من دەبن بە واقعبینییەک کە زۆر کەسی تر پێی دەڵێن ڕەشبینی یان دنیا تاریک و ڕەشەکەی عەتای نەهایی.

تۆ لەبیرتە من کە «زریکە»م بڵاوکردەوە چەند ڕەخنەگرێک بە نووسینیش هەر ئەو قسەیان دەکرد کە عەتا پیاوێکی ڕەشبینە، بەڵام ئەم ڕەشبینییە ئەگەر بە مانای ئەوە بێ کە دنیا سپیتر و گەشتر لەوەیە کە من دەیگێڕمەوە، حەزم دەکرد لەو تێبگەم کە ڕەشبینییەکەی من کامەیە. ئەوەبوو بە چیرۆکەکانی کۆمەڵەچیرۆکی «زریکە»دا دەهاتمەوە و دەمخوێندنەوە، دەمبینی هیچ شتێکی وای تێدانییە کە لە دەرەوەی واقیع بێ و بڵێین ئەمە فانتازیای تایبەتی نووسەرەکەیەتی و لە واقیعدا ئەو شتە بوونی نییە. ئەم خەمە بۆ من وای لێهات کە دەبینی یەکەم چیرۆکی «تەنگانە»م بەم کێشەوە دەست پێدەکا. کێشەی ئەو شتە کە من پێی دەڵێم واقیعی مرۆڤی کورد و واقیعی کۆمەڵگەی کوردی ئەم سەردەمە و ڕەخنەگرەکان پێیاندەگوت ڕەشبینی.

ڕاستە کۆمەڵێ واقیعی جوانتر و مرۆڤی بەختەوەرتر و سپیایی و گەشی و سووروسەپانی لە دەرەوەی بوونی من وەک مرۆڤێک هەیە، بەڵام ئەگەر ئەمانەش بە چاوی من بگێڕدرێنەوە، کە من پێم وایە چاوێکە پەردە لەسەر ڕواڵەتەکان هەڵدەداتەوە و بە بۆچوونی خۆم توانای بینینی ناوەوەی ڕواڵەت و شتە ڕووکەشەکانیشی هەیە، لەوە گەشتر و سپیتر نابێت کە من دەیگێڕمەوە، من لە دەرەوەی واقیع هیچ ناگێڕمەوە. خۆش ئەوەیە من لە ناو چیرۆکەکان و تەنانەت ڕۆمانەکانیشمدا، کاراکتەرەکانم لەناو چین و توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگا هەڵنابژێرم کە بڵێم ئەم چینە چینێکی بێبەخت و نەدار و دواکەوتووە و لەناو ئەو کۆمەڵگایەشدا چینێکی بەختەوەرتر و ژیان خۆشتر دەژی. لەناو کارەکتەرەکانمدا خەڵکی هەژار و ئاغا و ساماندار و ڕۆشنبیر و دیکەیان تێدایە. دەکرێ لە من



بپرسن چۆن بە هەمان ئەندازە کە ڕەشایی لەناو ژیانی هەژارەکاندا هەیە، لەناو ژیانی سامانداره‌کان و چینی ناوەنجی کۆمەڵگەشدا هەیە؟ ڕاستە ڕواڵەتی ژیانەکان و ئەوەی کە لە یەکەم بینیندا خۆی بە چاوی بینەردا دەدات، هەروەک لە ڕواڵەتی چینی هەژاردا ڕەشایی دەبینرێ، بەڵام ڕواڵەتی چینی ساماندار و ناوەنجیەکە، ڕواڵەتێکی گەش و سپییە، بەڵام قەرار نییە من وەک چیرۆکنووس ڕواڵەتەکان بگێڕمەوە، دەبێ من پەردە لەسەر ئەو ڕواڵەتانە هەڵبدەمەوە. دەبێ توێ توێی ئەو ڕواڵەتانە لابەم و بە گێڕانەوەیەکی ڕاستگۆیانە و بە ڕۆچوون و قووڵبوونەوە، لەناخی ئەو مرۆڤانە بڕوانم. ڕاستە من هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مرۆڤەکان و ژیانی ڕواڵەتییان دەگێڕمەوە، بەڵام لەو هەڵسوکەوتانە دەلاقەیەک دەکەمەوە بۆ ئەوەی بگەمە پشتەوە و ئەودیوی ڕواڵەتەکە کە پێم وایە واقیع و حەقیقەت لەوێدایە.

من لەناو خەڵکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دەژیم و دەبێ ڕووداو و کەسایەتییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە بێن لە بێژنگی زەینی منی چیرۆکنووس تێپەڕ بن، ئەوەی پێی دەڵێین واقیعی بەرهەست یان عەینی دەبێ بێتە ناو زەینی ئەم مرۆڤەوە کە مرۆڤێکی بە بڕوای خۆم ئیفلیج و دەستەوەستان نییە، لەناو ئەو زەینەدا بڕووخێ و لە ئەنجامی ئەو ڕووخان و هەرەس هێنان و هەپروون بە هەپروون بوونەدا هەقیقەتێکی تر دەربکەوێ. هەقیقەتێک کە ئەو تەرکیبەندی و کۆمپۆزیسیۆنە واقیعیە بەرهەستانە دەیشارێتەوە. من بە دووبارە شکڵ پێ بەخشینەوە بەو ڕووداوە پارچە پارچە بووانەی ناو زەینم و بە دروستکردنەوەی واقیعێکی تر لەسەر ئەو واقیعە هەپروون بە هەپروونە پێم وایە ئەو هەقیقەتە دەردەخەم کە لە دەرەوەی زەینی من بە سەیرو سەمەرەترین شێوە خۆی شاردۆتەوە.

* بەڵام لە کۆمەڵە چیرۆکی سێیەمدا هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد، من هەست دەکەم گۆڕانکارییەکی فکری لای چیرۆکنووس ڕووی دابێ. واتە جۆری ڕوانینی چیرۆکنووس بۆ مرۆڤەکان و ڕووداو و کەسێتییەکان و بۆ دنیاش جۆرێکی گەشبینانەتر و بە قەولی خۆت سپیترە، بۆ نموونە لە چیرۆکی «ئێوارەی چواردەی مانگ»دا ڕاستە کەسێتیی سەرەکیی چیرۆکەکە لە تۆف و کرێوەدا بزر دەبێ و دەمرێ، بەڵام دەبینین عەشقێک بۆ ژیان، جوانبینینی دنیا، عەشقێک کە تەنانەت لە ئاواییەکدا هەمەگیر بووە، ئامادەیە. ڕاستە مەرگ هەیە، بەڵام مەرگێکی سپی، هەروەک لەناو سپیایشدا ڕوودەدات. کەوابوو دانی پێدادەنێی کە لە کۆمەڵگای ئێمەشدا دیاردە و شتی جوان هەیە؟

– من نایشارمەوە، بێگومان لە کۆمەڵی ئێمەدا و لە هەموو کۆمەڵگایەکدا جوانی هەیە و هیچ گومانم نییە کە لای هەموو ئینسانەکان جوانی هەیە، دیسان خۆشحاڵم ئەگەر گۆڕانکارییەکی فکری لای من ڕووی دابێ، چونکە پێم وایە گۆڕانکاریی فکری لای هەموو ئینسانێک هەیە، بەڵام ئەوەندەی لە خۆم گەیشتبێتم، پێموایە گۆڕانکارییەکە لەو ئاستەدا نییە کە دنیابینیم بەرامبەر بە مرۆڤ و کۆمەڵگاکەم گۆڕابێ.

ڕەنگە توانیبێتم لە کۆمەڵە چیرۆکی «ئەو باڵندە بریندارە کە منم» هەندێ قووڵتر و بەربڵاوتر و هەمەلایەنەتر تەماشای کەساتییەکان و ئەو دۆخ و دۆزەم کردبێ کە کەسایەتییەکانی تێدایە و ڕەنگە بە خوێندنەوەکەی تۆ توانیبێتم لەگەڵ ئەوەدا کە ناتەواوییەکان– کە لێرەدا مەبەستم تەنیا هەژاری و نەداری نییە، بەڵکو هەموو جۆرە ناتەواوییەکانە– دەربخەم، ئەو ترووسکە ئومێدانەش دەربخەم کە لای هەموو کەسەکان و لەناو هەموو دۆزەکاندا هەیە. من چ ئەوکات و چ ئێستاش، هەرگیز بڕوام بەوە نەبووە ئەوەی لای مرۆڤ هەیە تەنیا ڕەشایی و خەم و نائومێدی و دواکەوتنە و تەنیا هەژاریی مادی و کولتووری و مەعریفی و مەعنەوییە. بێگومان ئەوەی لای مرۆڤ هەیە عەشقە و خۆشەویستییە. پێموایە لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی «زریکە» و «تەنگانە»شدا بەپێی پێویست ئاوڕ لەو عەشقە دراوەتەوە و پەنجە خراوەتە سەر ئەو ترووسکاییانە کە لە ژیانی کەسەکان و دۆخەکاندا هەیە، بەڵام ڕەنگە خوێندنەوەکەی تۆ ڕاست بێ، لە چیرۆکەکانی «ئەو باڵندە..»دا هەقێکی زیاتر درابێ بەو جوانییانە و سپیاییانە کە لە ناخ و دەرەوەی مرۆڤەکاندا هەیە، ئەوەش بڵێم من بە هیچ شێوەیەک شتەکان بە دووجەمسەری نابینم و ئەو دوالیزمە لای من نییە. ئەگەرچی لەناو کولتوور و مێژوو و مێشک و یەکەیەکەی دەمارەکانماندا ڕەگی داکوتاوە. دوالیزمی ڕەش و سپی، خێرو شەڕ، چاک و خراپ و...تاد. لای من مرۆڤ لە دەرەوەی ئەو دوالیزمەیە. نەک بڵێم لە فلان چیرۆکمدا خێرەکانم بەرجەستە کردووە و لە فلانەدا شەڕەکان. ئەمە مرۆڤە، بە تاڵی و ناخۆشی و تەواوی و ناتەواوی و عەشق و خۆشەویستییەوە و بەهەموو لایەنەکانییەوە، بەڵام ئەوەی لە ئەنجامدا من دەیبینم وەک خۆت ئاماژەت پێکرد، عەشقە. عەشق ئەو ترووسکە ئومێدەیە کە لای

هەمـــــوومـــــان هەیە. بە بڕوای خــــۆم لای هەمـــــوو کـەسـایەتییـەکانی چیـرۆکەکـانیـشم هەیە کە ڕەنگە لەم چیرۆکانەی دواییدا زیاتر بەرجەستە کرابێتنەوە. ئەگەر عەشق نەبوایە هیچ پاساوێک بۆ بەردەوامبوون لە ژیان و لە نووسین نەدەبوو.

* یەکـێک لەو تەکنیکانەی لە چیـرۆکـەکـانتـدا بە بەربڵاوی کـەڵکی لێـوەرگـیـراوە، بەکـاربردنی زۆری دیالۆگە، بەتایبەت لە چیرۆکەکانی ئەم کتێبەتدا گەلێ جار دیالۆگ بووەتە تەکنیکی گێڕانەوە. بە دەربڕینێکی تر زۆر جار گێڕانەوەکە دەدەیە دەست خودی کەسێتیی ناو چیرۆکەکان. دەمەوێ بزانم هۆکاری ئەوە چییە؟

– کە دەڵێی بەکاربردنی زۆری دیالۆگ، ڕەنگە لەچاو زۆرینەی چیـرۆکی کـوردی بێت، نەک لە چاو چیـرۆکی جیهانی یان نەتەوەکانی تر. ڕاستە لەلای چیرۆکنووسانی ئێـمـە دیالۆگ دەورێکی باڵای نییـە. نووسـەرەکـان زیاتر وەسف دەکەن و لە دەرەوەی واقیعەکە و ڕووداوەکەدان و لە دەرەوەی ژیانی کاراکتەرەکان وەستاون و چیرۆکەکان دەگـێـڕنەوە یان بە وەسـفـێکی شـاعـیـرانە و ئینشـایی و هەندێ جـار بە وەسـفـێکی جـوانی چیـرۆکنووسـانەش چیـرۆکـەکـان دەگـێـڕنەوە، بەڵام لای من شـتـەکـە بە پێچەوانەوەیە، لای من هەمـوو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە لەو دۆخە نزیک ببـمـەوە کە منی گـێـڕەرەوە کەمـترین دەورم لەگێڕانەوەدا هەبێت و ئەوەی کە دنیاکەی خۆی ئاشکرا دەکات خودی کەسایەتییەکان بن، دیارە لەو بارەوە چەند بیـروڕای جیـاواز هەیە، ئەوەی من بڕوام پێـیـەتی ئەوەیە دەکرێ ئیمە لەناو دیالۆگی ڕۆژانەی کەسەکاندا زیاتر پەی بە هەقـیـقـەت و واقـیـعـیـەتی ژیان و بوونی کـەسـەکـان بەرین، نەک ئەوەی چاوێکی دەرەکی بێت وەسـفـمـان بۆ بکات و شتەکانمان بۆ شی بکاتەوە. من پێموایە چیرۆک لەم قـۆناغـەدا لە ئاسـتـێکدایە نابێ نیـشـانی بدەیت و وەسفی بکەیت و لێکی بدەیتەوە، بەڵکو دەبێ دنیایەک بخولقێنی و خوێنەر بخەیتە ناو ئەو دنیایەوە تا بۆخۆی تێـیدا کـەشف بکات، کـەشـفـیش ناکـرێ مـەگەر خـوێنەر گوێی لە دەنگی کەسـایەتییـەکان بێت و قـسـەکـانیـان و دیالۆگەکان ڕووبەڕووی یەکتر و مۆنۆلۆگەکانیان ببیسێت کـە هەست و بیـرکـردنەوە و شـعـووری تاکـەکـەسـیـیـانە بەرامـبـەر بە خۆیان و بەرامـبـەر بە ڕووداوەکـانی دەرەوە. من ئەوە بە ڕەگەزێکی ئیجابیی چیرۆکی خۆم دەزانم.

دیارە دیالۆگ لای من هەموو ئەو گـفـتـوگۆیە نییـە کە لەوانەیە لەنێـــوان دوو کــــەســــدا ڕوویدات، بەڵکو دیالۆگـێکی داسـتـانیـیـە. دیالۆگی داسـتـانیـش ئەو دیالۆگانەیە کە بەدەر لە هەمـوو زیادەبێـژییـەکـانە کە لە ژیانی هەمـوو مـرۆڤـەکـاندا هەیە. دیالۆگی داسـتـانی گـفـتـوگـۆیەکی پوخت و چڕە کـە فکر و بۆچوونەکـانی کەسایەتییەکان ئاشکرا دەکات و خوێنەر دەرگیر و تێکەڵ بە واقـیـعـەکـانی ژیانی خـۆی و ئەو دۆخـە دەکـات کـە کـەسـایـەتییـەکـان تێـیـدا دەژین و بواری ئەوە بە خـوێنەر دەدات کە خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی بەرامبەر بە ژیان و نهێنییەکانی کەسایەتییەکان هەبێت. ئەمە بەڕای من بوارێکی بەرفـراوانتـر لەوەیە کـە منێکی چیـرۆکنووس لێکدانەوە و وەسفی کـەسـایەتییـەک بکەم بەبێ ئەوەی مـەجـالی پێـبـدەم کـە خـۆی بدوێت و بەرانبـەرەکـەی بدوێنێت. ئەمـە دەرفـەتێک دەدا بە خـوێنەر تا لە بری ئەوەی لە دەرەوەی دنیـای چیـرۆکـەکـە بوەسـتـێت تا دەنگێکی زیادە و دەنگێکی سێیەم بۆی بگێڕێتەوە، یان چاوێکی زیادە و چاوێکی سـێـیـەم بۆی ببـینێ، خـۆی دەچێـتـە نـاو واقـیـعـەکـە و بەشـداری ژیان و دیالۆگی کەسایەتییەکان دەبێ کە خۆیان دەگێڕنەوە. بەم جۆرە وەک چۆن من دنیـای خـۆم لەوێدا دەدۆزمـەوە ئەویش دەتوانێ لەنێو جیهانی چیرۆکی مندا کەشفی خۆی بکات و دنیای تایبـەتی خـۆی بدۆزێتـەوە و لە ڕێگەی پەردەهەڵدانەوە لەهەندێ نهـێنی کە لەناو چیـرۆکـێکدا ئاشکرا دەبێت، خوێنەر نهێنییەکانی ژیانی خۆی بۆ ئاشکرا ببێت.

* کـاک عـەتا شـوێن لە زۆربەی چیـرۆکـەکـانتـدا و بەتایبەتی لە چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەیەشتدا، شوێنێکی داخـراو و بەرتەسکە، تەنانەت لە ڕۆمـانی «باڵندەکـانی دەم با»شدا شوێنی ڕووداو ژوورێکی تەسک و تـرووسک و تاریکە و زۆربەی کـات پەردەیەک دادراوەتەوە. حـەز دەکـەم بزانم ئایا مـەبەسـتـێکی تایبـەتیت لە هەڵبـژاردنی شوێن بەو شێوەیە بووە یان ئەمەشیان بەشێوەیەکی نائاگا ڕەنگدانەوەی دنیابینیی خۆتە؟

– با لەپێشەوە بیڵێم لە پشت ئەم بەرتەسکی و شوێنە بچووکییەی هەندێ لە چیرۆک و ڕۆمانەکانم، هیچ پلان و نەخشـەیەکی لەوە پێش ئامادە نییـە، بەڵام ئێـسـتا کە تۆ لەو بەرتەسکـیـیـەی شـوێن دەدوێی، دەکـرێت لە هەندێ هۆکار کە لەم ساتەوەختەدا لەمنیش ئاشکرا دەبێت تۆش هاوبەشی ئەو ئاشکرابوونە بکەم کـە بێگومـان دەیان هۆکـاری تریش دەتوانێ لە پشـتی ئەمــەوە بێت کــە لەساتەوەختی تردا لە مندا یان لە خوێنەری تردا ئاشکرا دەبێت.

بڕوانە کـاکە سلێـمـان، ئێـمە لە کـۆمـەڵگەی کـوردیدا دەژین، ژیان لە کۆمەڵگەیەکی وادا لە فەزایەکی بەربڵاوی

وەکو کووچە و کۆڵان و سەرشەقام و پانتاییەکان و چایخانە و چی و چی، بواری دەرخستنی ڕاز و نهێنییەکان نابەخشێتە مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە.

تۆ تا فەزای ژیانەکەت بچووکتر دەبێتەوە، بواری درکاندنی نهێنییەکانت و سەرهەڵدان و خۆ دەرخستنی ئەو هەقیقەتانە کە لە بیرکردنەوەی تۆدا هەن زیاتر خۆی دەردەخات. ئێمە زۆر مرۆڤی وا دەناسین کە لەناو شەقام و چایخانە و شوێنی کاریاندا مرۆڤێکی لەسەداسەد جیاواز لەوەن کە لە ماڵەکەی خۆیاندا دەژین. بەلای منەوە بە نیسبەت مرۆڤەوە، بەتایبەتی مرۆڤی کۆمەڵگەی کوردی ڕاستییەکان لە دەرەوە نین. مرۆڤی کۆمەڵگەی کوردی لە دەرەوەی ماڵ دەیان دەمامکی پێیە و بەپێی پێویست لە هەر شوێنێکدا لە دەموچاویان دەکا و کارەکتەرێکی جیاواز نیشانی خەڵک دەدات. ئەو مرۆڤە کە دەچێتەوە ناو ماڵی خۆی و ناو خەڵوەتی ژوورەکەی، دەمامکەکان فرێ دەدات. ئەو مرۆڤە هەرچی شوێنەکەی خەڵوەتتر دەبێتەوە، هەرچی کەسانی دەوروبەری کەم و کەم و کەمتر دەبنەوە، ڕاز و نهێنییە دەروونییەکانی زیاتر ئاشکرا دەبێت. مرۆڤی کۆمەڵگەی کوردی کە دەچێتەوە ماڵەکەی، لای ژن یان مێردەکەی و دایک و منداڵی، ڕاستە لە دەرەوە هەندێ دەمامکی فرێ داون، بەڵام هێشتا چەند دەمامکێکی هەر پێیە. ڕاستییەکانی نێوان خۆی و ژنەکەی یان مێردەکەی دەشارێتەوە تا منداڵەکان پەی بە هەندێ لەو ڕاستییانە نەبەن، بەڵام کاتێ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەچێتە ژوورێکەوە دوو سێ دەمامکی تریشی پێویست نامێنێ و فرێی دەدات. کاتێک کە هەموو کەسەکانی دەوروبەری لەلای ون دەبن و دەکەوێتە خەڵوەتی خۆیەوە، ئیتر هەموو دەمامکەکان لەپشت دەرکەی ئەو خەڵوەتەوە جێدەهێڵێ. ئێستا تەنیا خۆیەتی و سر و ڕازەکان لای خۆی ئاشکرا دەکات، ئیتر بەشێوەی بیرکردنەوە، یان خەیاڵکردن، یان خەون بینین و ڕوئیا. لەلای منی چیرۆکنووسیش بەشێوەی گێڕانەوەی ئەم خەون و ڕوئیا و بەدەنگ هێنانی ئەو بیرانە کە لە فەزایەکی تردا بواری درکاندنیان نییە، ئەوەیە کە فەزای چیرۆکەکانی من بەرتەسک دەبێتەوە و زۆرجار لە ژوورێکدا ڕوودەدات و گەلێک جار بیر و خەیاڵ و ڕوئیایەک، یان وێنەیەکە، بە سنگی دیوارەکەدا بۆی دەبێ بە کەسایەتییەک کە هەر جۆرە دواندن و هەڵسوکەوت لەگەڵ کردنی باجدانەوەیەکی پێویست نییە، ئەمە پاساوی منە بۆ هەڵبژاردنی فەزایەکی وا بەرتەسک.

لەلایەکی تریشەوە ڕەنگە تۆ و ئەو کەسانەش کە لێم نزیکن بزانن لەنێوان ژیانی شەخسیی من و ژیانی چیرۆکەکانم مەودایەکی ئەوەندە زۆر نییە. من لە ژوورێکدا دەژیم کە بە چاوی خەڵکی دی ژوورێکی چۆڵە، بەڵام بەڕای من تەنیا لە ژوورێکی ئاوا چۆڵ و دەرکەداخراودا بواری سەردەرهێنانی جنۆکەکانی من دەرەخسێ، کە دواتر لەوانەیە ببنە کەسایەتیی چیرۆکەکانی من.

ئەمەش ڕەنگە هۆکارێکی تر بێ کە لە خەڵوەتیی ژیانی واقیعی منەوە سەرچاوەی گرتبێ.

* باشە پەنابردنە بەر ژوورێکی دەرکەداخراوی تەریک پێت وانییە دوورکەوتنەوە لە خەڵک و کۆمەڵگا بێ؟

– پێم وانییە من لە خەڵک دوور کەوتبێتمەوە، ڕەنگە بەو ڕادەیە کە پێوەندیی قەرەباڵغی کۆمەڵایەتیم نییە، لەلایەکی ترەوە ژیانێکی زۆر قەرەباڵغم لەگەڵ ئەو شتەدا هەیە کە من پێی دەڵێم جنۆکەکانم و لە ڕاستیدا ئەو هاوڕێیانەم کە دواتر بە شێوەی کەسایەتیی چیرۆکەکان دەردەکەون. سەرچاوەی ئەزموونی ئەم ژیانەش، ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی منە کە ساڵانێکی زۆر لە ناو خەڵکدا ژیاوم. من پێمـوایە بۆ چیرۆکنووسێک ئەگەر ساڵێک لەناو خەڵکدا بژیت دەرفەتی ئەوە هەیە کە دەیان ساڵ لە خەڵوەتدا بنووسێت. منیش زۆر زیاتر لەساڵێک لەناو خەڵکدا ژیاوم و ئێستاش ئەگەرچی نەوەک خەڵک زۆر، بەڵام زۆرجاریش هاتوچۆی ناو خەڵک و برادەر دەکەم و گەڕانم هەیە.

* لە زۆر چیرۆکتدا کەڵکت لە تەکنیکی «چیرۆک لە چیرۆکدا» وەرگرتووە و هەندێ جار لە ناویاندا کەسایەتییەک ئامادەیە بەناوی چیرۆکنووس. هۆی ئەمە چییە؟

– ئەمە بە هیچ شێوەیەک لاسایی کردنەوەی ئەو جۆرە چیرۆکە بیانییە نییە کە چیرۆکنووس خۆی لە چیرۆکاکاندا دەرکەوتووە. ئەگەرچی گومان لەوەدا نییە کە ئەو جۆرە گێڕانەوەیەش لەوانەیە کاری کردبێتە سەر من و ئەمەش کارکردنێکی زۆر سروشتییە.

من پێمـوایە دنیای چیرۆک دنیایەکی ئەوەندە بەربڵاوە، جیهانی گێڕانەوە جیهانێکی ئەوەندە پڕ ئیمکانیاتە کە لە ماوەی ئەم دووسەد ساڵەدا کە چیرۆک بە شێوەی مۆدێرن لە ئارادایە، ئێمە وەک هەموو چیرۆکی جیهانی پەیمان بە ڕادەیەکی ئێجگار کەم لەو دەریای ئیمکانیاتی گێڕانەوەی چیرۆک بردووە و کەڵکمان لێوەرگرتووە، ئەو جۆرە گێڕانەوەیە کە لە هەندێ چیرۆکی ئەم دوایەمدا و لە

ڕۆمـانی «باڵندەکـانی دەم با»شـدا چیـرۆکنووسـێک ئامـادەبوونی هەیە، ناتوانی بڵـێی هەمـان بێـژەر و گێڕەرەوەی چیرۆکە کلاسیکییەکانە، ناتوانی بڵێی خودی چیـرۆکنووسـەکـەیە، ناتوانی بڵـێی ئەمـە تەنیـا کەسایەتییەکە لەناو کەسایەتییەکاندا، بەڵکو دەتوانی بڵێی کەسێکە لە هەر سێ حاڵەتەکاندا، کە ئەمەش لای من پێـویستـییـەک بووە و ویستـوومـە دەلاقـەیەکی تر بکەمـەوە و لایەنێکی نەدیوی تر ئاشکرا بکات کـە من دەمەوێ بیگێڕمەوە. ئێمە ئەگەر لەم پەنجەرە و دەلاقانەی پێـشـەوە بڕوانینە دنیـای چیـرۆکـەکـە، ئەوەشیـان پەنجـەرەیەکی ترە لە پشـتـەوە و لە لایەنێکی ترەوە دەتوانین لێی بڕوانین.

من زۆرم پێـخـۆشـە کە پەیم بەم ئیـمکانیـاتە بردووە و پێم خۆشتریش دەبێ ئەگەر بە شێوەیەکی تایبەت بەخۆم بێت و مۆرکی خۆمی پێوە دیاربێت.

* لە چیــرۆکی «ئەو باڵندە بریندارە کــە منم»دا کــە کـتێبەکەشی بەناو کراوە، کێشـەی ژن زۆر بەرجەستـە بۆتەوە و ئازارە دەروونیـیـەکـانی ژنێکی هونەرمـەند خـراونەتە ڕوو. لەوێدا نزیکبـوونەوەیەکی باش لە ڕۆحی برینداری ژنە هونەرمەندەکە دەبینرێ، بەڵام من واتێدەگەم گێـڕانەوەی کەڵکەڵە و ئازارە دەروونییـەکانی پیـاوێکی هونەرمـەندیش بێ کـە بە دەسـتی کـەسی بەرامبـەرەوە سنووردار دەکـرێ و ئازادییـەکـانی لێ زەوت دەکـرێن. تۆ ئەو کـێشـەیە چۆن لێک دەدەیەوە و چۆنە ئاوا پەرژاویەتە سەر کێشەکانی ژن؟

– جیا لە بیرۆکەکەی ئانیما و ئانیمۆس لەناو زانستی دەروونناسیدا، بەڕاستی من پێموایە لە ڕاستگۆیانەترین حاڵەتدا ئێـمە هەمـوومـان وەک پیـاو لەناخی خـۆمـاندا هەڵگری ژنێکین و هەمـــوومــان وەک ژن پیــاوێکمــان لەناخی خـۆماندا حەشار داوە. ئەمە گرفـتێکی ئێجگار گـەورەیە. ڕاسـتگۆیـیـەکی زۆر و تێگەیشـتـنێکی باشی دەوێت کـە تۆ ئەگـەر پیـاوی، هەندێک جـار خـۆت و دەمـوچاوت بەو ژنە بسـپـێـری کـە خـۆی لەناخـتـدا شـاردووەتەوە و هەمـوو بوارەکـانی دەرکـەوتنی بدەی و ئەگـەر ژنی، قــەڵەمــەکـەت و زمــان و چاوی بینینت بسپێرێتە ئەو پیاوە حەشاردراوەی ناخی خۆت.

من هەمـیـشـە داڵغـە و خـەمی ئەوەم بووە کـە ڕۆژێک لەڕۆژان بتوانم ڕاستگۆیانە، تەنانەت ئەگەر بۆ نووسینی ڕستەیەکیش بێ، قەڵەمەکەم بەو ژنە بسپێرم کە لەناخی خۆمدا هەیە.

ژن کـە تەنانەت لەناو ژیانە بچووکـەکـانیـشـدا، لە ناو تەسک و تەنگەبەرترین ماڵ و کـۆڵانەکـانیـشـدا بوونی ناسـڕدرێتـەوە، من خـۆم لەوە بێـبـەش نەکـردووە کـە ئەو کـەسـایەتیـیـە سـەرەکـیـیـە فـەرامـۆش بکەم. لە یەکـەم چیـرۆکەکانمەوە تا ئەمڕۆش ژن ئامادەبوونی بووە. ئەگـەر ژن لە هەندێ چیـرۆکـمـدا وەکـو کـەسـێکی ئیـفلیج و دەسـتـەوەسـتـان و بەرکار بووبێ، ئەمە دەگـەڕێتـەوە ئەو دۆخە تایبەتەی کە ژن لە کۆمەڵگەی مندا تێیدا دەژی و من حەز دەکەم بەرامبەر ڕاستییـەکانی ئەم کۆمەڵگایە ئەمـــەکـــداربم. من هەوڵم داوە پەردە لەســـەر ئەو دەستەوەستانی و بەرکارییەی ژن هەڵدەمەوە، هەوڵم داوە بە قەدەر توانام و بە قەدەر پێویستیی دنیای چیرۆکەکە بە ناخی ئەو دەستەوەستانییەیدا ڕۆبچم.

هەر چیــرۆک و ڕۆمــانێکی مـن، کــات و شــوێنێکی تایبــەتی هەیە کــە دەتوانی بە کـات و شــوێنێکی ناو واقیـعیشی بەراوردی بکەی. بۆ نموونە لە زۆر چیرۆکمدا کە ڕووداوەکە لە باری مێژووییەوە واقیعێکی دوورترە لە ئێـستـا، ژن دەورێکی جیـاواز لەو چیرۆکـانەی هەیە کـە واقیعەکەی واقیعێکە لە ئێستادا. لە زۆر چیرۆکدا کە فەزایەکی گوندییە ژن دەورێکی جیاواز لەو چیرۆکانەی هەیە کە فەزاکەی فەزایەکی شارییە.

لە چیـرۆکـەکـانی پێـشـوومـدا و لە ڕۆمـانی «گـوڵی شـۆران»یشـدا ژن کـەسـایەتیـیـەکی تەواو بەرکـار و دەستەوەستانە، چونکە ئەو فەزا مێژووییە کە من خەریکم دەیگێڕمەوە، فەزایەکە کە ژن دەورێکی لەوە زیاتری لەناو واقیعی کۆمەڵگەشدا نەبووە. هەموو هەوڵی خۆم داوە بۆ ئەوەی لە چەمکی ئەو بەرکارییە بکۆڵمەوە، ئیتر تا چەند سەرکـەوتوو یان تێشکاو بووبێتم، ئەمـەیان بۆ خـوێنەر دەهێڵمەوە، بەڵام لە ڕۆمانی «باڵندەکانی دەم با»دا و لە بەشـێک لە چیـرۆکـەکـان کـە هاوزەمـان لەگـەڵ ئەو ڕۆمانەدان، دەبینی ژن دەورێکی کاراتری هەیە.

بۆ نموونە لە «باڵندەکانی دەم با»دا خۆ سووتاندنی ژن بەلای منەوە هەنگاوێکی کــاراترە لەو بێــدەنگی و دەسـتـەوەسـتـانی و هیچ نەکردنە ڕواڵەتییـەی ژن لەناو «گوڵی شۆران»دا. ژن لە ڕۆمانی «باڵندەکـانی دەم با»دا و هەندێ لە چیرۆکەکانی ئەو سەردەمەدا لە قۆناغـێکی مێـژووییدایە کە ئەگەرچی بواری ئەوەی نەبووە کـە وەکو ڕەگـەزی بەرامبـەری دەربکەوێت و کـارا بێت، بەڵام لە قۆناغێکی بیرکردنەوە و تێفکرینیشدا بووە کە بەو هەموو بەرکـارییـە ڕازی نەبێت. لەناو چیرۆکەکانی من و لەناو واقیعی کۆمەڵگەکەشدا ئەوە بەرایی هەوڵی ژنە کە لەو بازنەی بێـدەسـەڵاتی و بەرکـارییـە بێـتـە دەرەوە، لەو

چیرۆکەدا کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی (ئەو باڵندە...) بە بڕوای من ژن هەنگاوێکی تریش دێتە پێشەوە و هەنگاوێکی تر لەو ژنە نزیک دەکەوێتەوە کە حەز و خواستی خۆیەتی و حەز و خواستی منیشە وەک مرۆڤێکی ئەو کۆمەڵگایە، ئەگەرچی کۆمەڵگە بواری ئەوەی پێنابەخشێ کە داوای هەموو مافەکانی خۆی بکات و ببێتە مرۆڤێکی تەواو کارا، لانیکەم بە قەد ڕەگەزە بەرامبەرەکەی، بەڵام دەبینین لە قۆناغێکدایە کە خەون بە کوشتنی پیاوەوە دەبینێت، کە بە لای منەوە ئەو خەونە خەونی کوشتنی مێرد نییە، بەڵکو خەونی کوشتنی پیاوی ناخی خۆیەتی کە بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگای ئێمە پیاوێکی چاوبز و هەڕەشەکەر و سەرکوتکەر بووە.

لەو چیرۆکەدا ژن، خانمێکی شاعیر و خوێندەوارە و داهێنانی هەیە و دەزانێ مافی مرۆڤ چییە، مافی ژن بەرامبەر بە مێرد و بنەماڵە و تەنانەت هەموو کۆمەڵگە چییە، دیارە ژنێکی ئاوا ناتوانێ وەک ژنەکانی پێشوو دەستەوەستان بێ و توانای ئەوەی هەیە کە ببێتە کەسی سەرەکیی چیرۆک و دەنگی زاڵی چیرۆکەکە بێت، ئەمەش بەو مانایە نییە من دیسان ناڕاستگۆیانە هەندێ سیفەتم دابێتە پاڵ ژنێکی ئاوا کە لە ڕاستیدا سیفەتی ئەو نەبووبێت و بیکەمە ژنێکی وا کە دەرەقەتی هەموو ناتەواوییەکان دێت. ژنێکی ئاواش هەموو ئەزموونی مێژووی ژن بە تەنیا لای خۆی دووبارە دەکاتەوە. لە ژیانی شەخسیی خۆیدا دەستەوەستانییەکان و تەسلیم بوونەکانی بەرامبەر پیاو تاقی دەکاتەوە، بێدەنگ بوونەکانی بەرامبەر دەنگی زاڵی پیاو تاقی دەکاتەوە و ژن لەم چیرۆکەدا هەنگاو بە هەنگاو بە ئەزموونی نوێتر دەگات کە ئەویش ئەزموونی پساندنی زنجیری بێدەسەڵاتییە. ئەمەش چەند هەنگاوی ترە لە دوای بەرایی دەرکەوتنی ژنی کارا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و لە دنیای چیرۆکەکانی منیشدا.

* لای تۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەسێتی سەرەکیی چیرۆکەکە لەگەڵ کەسێتییەکی وەهمی کە «مەستوورەی ئەردەڵانی»یە ئایا برینی مێژوویەکی دووسەد ساڵەیە لەلایەن ژنی کۆمەڵگەی کوردییەوە، یان بەراورد کردنی ژنی سەردەمی مەستوورە بە ژنی ئەم سەردەمەیە؟

– زۆر ئایای تریش هەیە کە ڕەنگە هەق نەبێ من وەڵامی بدەمەوە، ئەگەرچی حەز ناکەم خوێندنەوەی تایبەتی خۆم لە چیرۆکێک بۆ خوێنەر بگێڕمەوە و خوێنەر لەبازنەی خوێندنەوەی خۆمدا بەند بکەم، بەڵام خوێندنەوەکەم بەوە مەرجدار دەکەم کە خوێنەر تەنیا بە جۆری خوێندنەوەکەی من ڕازی نەبێ.

بەڕای من ئەگەر مەستوورە وەکو ژنێکی خوێندەوار، لەلایەن نالییەوە وەکو پیاوێکی ڕۆشنبیر سەرکوت دەکرا کە بە ناحەزترین و ناجوامێرانەترین شێوەی مومکین بوو، ئەگەر ڕۆشنبیرێکی کورد لەو سەردەمەدا ژنە خوێندەوارێکی سەرکوت دەکرد و سووکایەتی پێدەکرد و سنووری بۆ پێگەیشتنی ژنێکی خوێندەوار دادەنا، ئێستاش لەلایەن پیاوانی ئێمەوە و تەنانەت پیاوانی ڕۆشنبیرەوە ژن سووکایەتی پێدەکرێ و سنوور بۆ هەڵسوکەوت و تێکۆشان و چالاکییەکانی دادەنرێ.

ئەگەر مەستوورە لە لایەن نالییەوە ئەو زوڵمەی لێدەکرا، ئێستاش مێردی خانمە شاعیرەکەی چیرۆکەکەی منیش ئەگەرچی ئەکادیمییە و پیاوێکی خوێندەوارە بە هەمان چەکەوە ڕووبەڕووی ژنەکەی دەبێتەوە کە بەهۆی هەندێ تایبەتمەندیی لەشی ژنەوە و بەهۆی سێکسەوە سووکایەتی پێدەکات، ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی مەستوورە لە خەڵوەتی کەسێتی ژنی چیرۆکەکە و ڕووبەڕووبوونەوەیانە و دەیان هۆکاری تریش دەتوانێ لە پشتی ئەمەوە بێت، دەشێ ئەم کەسێتییە ژنە، مەستوورەی سەردەمی خۆی بێت، دەشێ دەرکێشانی ئەو زەمەنە دووسەد ساڵە لەناو چیرۆکەکەی مندا ئەوە بێت کە لەو زەمەنە دوورودرێژەدا ڕوانینی پیاو بۆ ژن هیچ ئاڵوگۆڕێکی بە سەردانەهاتووە. با لەوە زیاتر هەوڵی خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە نەدەین و بۆ خوێنەرانی بەجێ بێڵین.

**دیمانە: سلێمان دڵسۆز**

# دیاردەی بێڕووناکبیری

سەرۆ قادر

لە کەشوهەوای ڕۆشنبیریی کوردستان وا باوە بە هەموو چەشنەکانی خوێندەواران بڵێین ڕۆشنبیر، هەربۆیەش هەموو کەسێکی ئەدیب، یان هونەرمەندێکی سادەکار، ڕۆژنامەنووسێکی تازەکار، یان ئاکادیمییەکی بێ بەرهەم پێی دەگوترێ ڕۆشنبیر. تیپە جیاجیاکانی خوێندەواران و کارمەندانی بواری فەرهەنگ و مامۆستایانی زانکۆ هەموو بە یەک پێوەر بە ڕووناکبیر حیساب ناکرێن. بۆ؟

لە زمانی کوردیدا چەمکەکانی ئەم بوارە لێک جیانەکراونەتەوە، لە نێوان فەرهەنگ (کولتوور)، ڕۆشنبیریی (وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی)، خوێندەوار (ئەنتلیجینسیا)، ڕووناکبیر (ئەنتلیکتوێل)، نووسین وەک هەوڵدانێک، داهێنان وەک کردە و بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی بە هەموو تایبەتمەندییە فەردییەکانییەوە، بیرمەند (تیۆریسیەن - موفەکر) کە مەرج نییە ڕووناکبیر بێت، لە ناو هەموو ئەوانە سنوورێک نەکێشراوە و بە تێکەڵی بەکاردێن، بۆیەش لە زەینیشدا تێکەڵیی فیکری بەرهەمهێناوە.

جارێ ڕووناکبیر دیاردەیەکە لەگەڵ ڕێنیسانس سەری هەڵدا و دەوری کۆمەڵایەتی خۆی لە پیشە زانیارییەکەیدا (مەبەستم کاری مەعریفەیە) خولاسە کرد. هەندێک پێیانوایە بە درێژایی مێژوو ڕووناکبیر هەبوون و دەوری خۆیان لە پێشکەوتندا گێڕاوە. بۆ پاساوی ئەو باوەڕە هەر لە سوقراتەوە حیسابی دەکەن و یەک پەیامبەری لێهەڵناوێرن و هەموو عارف و شاعیرەکانیش دەخەنە ناو ئەم جوغزەوە.

جارێ ناکرێ نکوڵی لە پەیدابوون و دابەشبوونی زانیاری بکەین کە سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتی داپۆشیوە، دەڵێن زانیاری هاودەمی هەنگاوی هەوەڵی بە ئینسانی بوونە و بە پشکی جیاجیا لای دەستەندەرکارانی خۆی بەش بووە. بنیادەم بە زانین و پەرەپێدانییەوە لە ئاژەڵ جیابووەوە. لەوەڕا ئەیێژن هەر مرۆڤێ بە چەشنێ ڕۆشنبیرە. ئەو قەناعەتە ڕاست نییە، چونکە پیچکە پیچکەی زانین و ڕۆشنبینینە کە بنیادەم لە حەیوان جیادەکاتەوە، لێ شەرت نییە ڕووناکبیر بێت، هەروەک چۆن هەر بەشەرێک ڕوانگایەکی هەرچەند سادەی فەلسەفەیی هەیە، وەلێ فەیلەسووف نییە. ڕووناکبیرانی ئەورووپا لە ڕێنیسانسدا ڕێچکەی خوێندەواری کلاسیکیان شکاند و لەجیاتی خۆ مژوولکردن بە لێکدانەوەی ژیان بەپێی دەقی ئایینی و خەڵک خەریک کردن بە پێوەندی نێوان خوا و خوڵقاو، هاتن باسی ژیانی سەر زەوی و مشووری گوزەرانی مرۆڤیان خوارد، هەموو یاسا و ڕێسا و پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ و شیکردنەوەی وجوود و پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و چەمکە ئەخلاقییەکانیان لە چوارچێوەی ژیانی بەشەر لێکدایەوە. لە تۆماس هابز تا دریدا ئەم کارەیان دەکرد، بۆیەش ژیانی مرۆڤایەتییان لەسەر گۆی

زەوی ڕووەو گۆڕانکاری کردەوە و کەشی ڕۆشنبیریی لەژێر ساباتی ئەوان خولَقا. ئەوەیە کە دبێژن ڕووناکبیر چەمکێکی ڕۆژاواییە و لەگەڵ هاتنی کۆلۆنیالیزم بەسەر کۆمەڵە لەدواکانی ڕۆژهەڵات سەپێندرا، بەڵام سەپانێکی باش.

لە ڕۆژهەڵاتدا دیاردەی زانایی دیکەمان هەن لە ئەرک و پەیامدا نەگەیشتبوونە پلەی ڕووناکبیرانی ڕۆژاوا. وەک عارفەکان لە سۆفیایەتیدا کەسانی وەک بایەزید و ئیبنوعەرەبی و حەلاج و مەولانای ڕۆمی وەدەردان. پێش ئەوانیش ڕۆژهەڵات کانگای باوەڕە ئایینییەکان بوو و هەموو پێغەمبەرەکان کەسوکاری ئێمەی ڕۆژهەڵاتین. ئەگەر ڕۆژاوایی بە ڕووناکبیرانیان دەناسرێن، ئێمە لە ڕۆژهەڵات بە پێغەمبەرەکانمانەوە لە مەیدانین.

لە ڕۆژهەڵاتدا حەکیمیش هەبوون کە لە کەلام و مەنتیق و کێشەی نێوان عەقڵ و نەقڵ نقوم ببوون. زانای ئایینی (تیۆریسیەنی ئایدیۆلۆژیای ئایینین) زۆر کاریگەرمان هەن کە تا ئێستاش بەسەر عەقڵییەت و قەناعەتی ڕۆژهەڵاتەوە فەرمانڕەوان و یاساکانی ئەم زەمانەمان لە ڕێساکانی ئەو زەمانی ئەوان لانادات. لەوانەش زانای وەک شافعی و حەنەفی، حەنبەلی و جەعفەری هەن. ئێمەی ڕۆژهەڵاتی شاعیرەکانمان دوای پێغەمبەر و عارفەکان بە پلەی سێیەم دێن. ناوی وەک حافز و خەییام و باباتاهیر و جەزیری ئێستاش هەر دەدرەوشێنەوە. لە فەلسەفەشدا کەسانی وەک غەزالی و کندی و فارابی و ئیبن ڕوشد و ئیبن سینا هەبوون کە نەیانتوانی لە فەلەکی ئەفلاتوون - ئەرەستۆ دەرچن. جاری واش بووە کە عیرفان و فەلسەفە لێکدی نزیک دەبوونەوە و کەسانی وەک مەولانای ڕۆمی هاواریان دەکرد (انان کە طلبکار خداید خداید، بیرون زشما نیست شماید شماید، واتە: ئەی ئەوانەی عەودالّی زاتی خودانە - لە دەرەوەی ئێوە نییە، لە ناختانە لە ناختانە)، کەچی سنووری باسی نێوان خالق و مەخلوقیان نەبەزاند. دوای ئەویش زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆی پێشکەوتوو نەڕەخسا تا دیاردەی عیرفان و حەکیمی بگوازێتەوە بواری ڕووناکبیری. سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە شێوازی دەرەبەگایەتی مۆرک ڕۆژهەڵاتی تێنەپەڕی، ئایدیۆلۆژیای ئایینی وەڵامی خواستە ڕۆحی و ئابووری و مەعریفییەکانی دەدایەوە، ئەوە بوو کە هەر دەنگێکی زیندوو تەکفیر و کپ دەکرا. حەلاجیان پارچە پارچە کرد، ناسر خسرۆیان پەل پەل کرد و عەینولقوزاتی هەمەدانییان دوای گووراندن هەڵواسی. غەزالی بەردەوام خەریکی تەکفیرکردنی ئیبن سینا بوو. واقیعەکە هیچ زەرووڕەتێکی بۆ لابردنی سیستەمی ئایینی نەدەخواست، بۆیەش کپی و بێدەنگی بووە مۆرکی دوا قۆناغی کەشوهەوای فیکری ڕۆژهەڵات. کۆلۆنیالیزمی سەپێندراوی ڕۆژاواییەکان بەسەر ئەو واقیعەدا هات.

ڕۆژاواییەکان جیا لە غەرەزی ئایینی و داگیرکردنی سامانی ڕۆژهەڵات، هەوڵی داگیرکردنی زمان و فەرهەنگ و فیکریشیان دەدا. ماسۆنیەت، دیموکراسی، چەمکەکانی ماف، کۆمۆنیزم، لیبرالیزم، مۆدێرنیتە، پۆست مۆدێرنیتە تا ئێستاش لەو ڕوانگەوە کار دەکەن. ئەوە بوارێکە ڕووناکبیرێکی وەک ئیدوارد سەعید هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد.

لەم زەمانەدا خوێندەواریی ڕووەو زۆرییە و لە هەندێک وڵاتی ڕۆژهەڵاتدا ڕووی لە کەمی دایە، بۆیە ناکرێ هەموو خوێندەوارێکی ئاسایی، یان سیاسی بە ڕووناکبیر دابندرێ. ئەگەر باسی کوردستان بکەین ئەوە تا ئێستا کەشوهەوایەکمان نییە داهێنانی فیکری تێدا بکرێ، هەربۆیەش لاسایی کردنەوە بووەتە مۆرکی خوێندەوارەکانمان. وەک دیاریشە لاسایی تەنیا تەنبەڵی فیکری و کات بەفیڕۆدانی بەدوادادێت.

هەموو شاعیر و چیرۆکنووسێک ناکەوێتە خانەی داهێنەرانی فیکری و کار لە بیرکردنەوەی خەڵک و ڕەوتی فەرهەنگی وڵاتەکەیان ناکات، بۆیەش ناکرێ بە ڕووناکبیر دابندرێ. ژمارەی ئەو ئەدیبانەی بە بەرهەمەکانی خۆیان بەشدارییان لە داهێنانی فیکری کردووە لە ناو هەر میللەتێکدا کەمن. هەروەک چۆن ئەو ئەندازیارانەی خانوو دروست دەکەن زۆرن، بەڵام میعماریی داهێنەر کەمن. لەوەڕا دەمەوێ بڵێم شاعیرەکانمان حەماسین، بەڵام ڕووناکبیر نەبوون و نین، ئەکادیمییەکانی زانکۆکانمان خوێندەواری چاکن، بەڵام داهێنەر نین، سیاسەتمەدارەکانمان داڕێژەری کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسین، بەڵام ڕووناکبیری بواری خۆیان نین، هەربۆیەش سیستەمی دیموکراسیمان پڕ لە گرێیە.

لە مێژووی سەد ساڵی کوردستاندا چەند هەوڵێکی جدی ڕووناکبیری ئەنگوستەژمارمان هەیە، لێ بەداخەوە تا ئێستا کاریگەرییان بەسەر کەشی ڕۆشنبیرییەوە دیار نییە. ئەمین زەکی بەگ ویستی شتێک لەسەر فیکری نەتەوەیی بڵێت، بەڵام زوو کوژایەوە. زۆر بە درەنگەوە دوای ئەو مەسعود محەمەد هەموو ژیانی خۆی بە فیکرەوە خەریک کرد و لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی فیکری ڕۆژاوایی بەسەر بزووتنەوەی سیاسی

کاری دەکرد، ئەوجا شوکور مستەفا هات. لە غەیری ئەوانە کەسێکی دیکەمان نییە. ئەوانەش واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەرفەتی بڵاوبوونەوەی فیکرییان نەدانێ.

**لەم ڕۆژگارەی کوردستاندا وا باوە ڕووناکبیر بە کەسێک دەڵێن کە تا سەر دژی دەسەڵات بە هەموو چەشنەکانییەوە بێت، بێ ئەوەی بزانن کاری ڕووناکبیر بۆخۆی شێوازێکە لە وەگەڕخستنی جۆرێک لە دەسەڵات کە بە شێوەی جیاجیا خۆی دیاردەدات.** دیارە تەبیعەتی کۆمەڵگایەکەمان وایە لە نێوان لاسایی کردنەوە و میرزایی ئایدیۆلۆژیی تاڵە موویەک هەبێ، بۆیە وای دەبینم کە ئەم دیاردەیە لێی بکۆڵدرێتەوە و ڕەخنەگرانە شی بکرێتەوە.

ڕووناکبیر کەسێکە تواناییەکی فیکری تەواوی لەسەر بوارێکی دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵایەتی هەبێت و بڕستی خوێندنەوە و لێکدانەوەی سیستەمی باوی تێدابێت و دیاردەکانی زەمانی خۆی ئاشکرا و شی بکاتەوە. جا ئەو تواناییە فیکرییە لە کاری ئاکادیمی، یان نووسینی فیکری، داهێنانی ئەدەبی، بەرهەمی هونەری، یان میعماری خۆی نیشاندەدات و کاریگەری دەنوێنێ. ڕووناکبیرانی ئەم بوارە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی خۆیانن و مۆرکی کولتووری کۆمەڵگاکانیان پێوەدیارە. تێگەیشتنی واقیع و خوێندنەوەی سەمتی گۆڕانکارییەکان و ناسینی ئامرازەکانی ئەو پرۆسەیە جۆر و چەشنی سیفەتی ڕەخنەگرێتی ڕووناکبیران دیاری دەکات. ڕەخنەگرتن بۆ ئەو مەبەستەیە و بێ منەتی ئەوانیش لە واقیعبینییەکە دایە. ئا ئەوە ڕەخنە دەکاتە کەرستەی لێکۆڵینەوە و بەرهەمهێنانی فیکریی بەدواوە دەبێت، بۆیەش ڕووناکبیری ڕەخنەنەگر بوونی نییە و بێدەنگی و ملکەچی لە فیکردا جێی نابێتەوە. لێرەدا ئەو قسەیەی مەسعود محەمەد مانای هەیە کە دەڵێ: «ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە توانای لێکدانەوە و شیکردنەوەی واقیعی هەبێ و لەوەدا بەدەنگی بەرز بانگی ویژدانی خۆی بدات».

ئەم بارودۆخەی ئێستا کە ڕووناکبیری تێدا غایبە و خوێندەوارانیش بەم چەشنە خۆیان سەرقاڵ کردووە، داهاتووی دیموکراسی و سیستەمی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ئاسۆیی تەنک دادەمەزرێ و لە گرفتدا دەمێنێتەوە.

# گەڕان بەدوای ناسنامەی ڕۆشنبیریماندا

ئازاد عەبدولواحید

(پیاوبەو شوێن هەنگاوەکانم هەڵمەگرە)
**«پەندێکی چینییەکان»**

لە بارودۆخی ئەمڕۆکەی ڕۆشنبیریی کوردیماندا کێشەیەکی گرنگ هەیە کە پێویستی بە پیلە و لێدوانە، ئەو کێشەیەش لە تەنگژەی ڕۆشنبیری و فیکری کوردیدا خۆی دەنوێنێ، ئەگەرچی ئەو تەنگژەیە واقیعی حاڵە و هەیە، کەچی هێشتا زۆرمان هەیە خەریکی لاوانەوە و گۆرانی گوتنن بە باڵای ئەو ڕۆشنبیرییەدا، کە بەلای منەوە پێش هەموو شتێک ئەو تەنگژەیە لە نەبوونی شوناسێکی نەتەوەیی ئەو ڕۆشنبیرییەدا خۆی دەدۆزێتەوە، چونکە تا ئێستا نە ڕۆشنبیریی کوردیی و نە (فیکری کوردی) سەر بە شوناسی نەتەوەیی خۆمان نییە، کە ناسنامە و شوناسێکی ڕوون و دەستنیشان کراو بێت، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەمڕۆکە زیاتر لە هەموو ڕۆژێکی دی ئەو پرسیارە جەوهەرییە لە خۆمان بکەین و بڵێین **(ئێمە کێین؟)**.

ئەگەر میللەتان تا ئێستا هەوڵێک، یان سووکە هەوڵێکیان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بنەڕەتییە دابێتەوە، ئەوە لە لای ئێمە لەسەر هیچ ئاستێکدا وەڵامی جۆراوجۆری ئەو پرسەی نەداوەتەوە، کە هەر لەسەر بنەڕەتی ئەو وەڵامدانەوەیە ڕۆشنبیریی میللەتان دادەمەزرێ. خۆ ئەگەر بە قەزاوقەدەر هەر جۆرە وەڵامێکیش هەبووبێ، ئەوە وەڵامەکە کەلەپووری و تەقلیدیانە بووە، یان هەر کەلەپووریانە بووە و بەسەر ڕۆشنبیریی کوردیدا کراوەتەوە و کاری پێکراوە، یان ئەوەتا وەڵامەکە ئەوەندە پێمانەوە (نامۆ) بووە گەیشتووەتە ڕادەی سەپاندنی داگیرکاری و دەست بەسەرداگرتنی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و پەراوێزخستنی، واتە ڕۆشنبیری بیانی بووەتە شوناسی ئێمە و بەو شوناسە خوازراوەیە تەماشای شوناسی خۆمان کردووە و ڕاڤەی کێشەگەلی فیکری و مەعریفی خۆمان کردووە، نەمانتوانیوە لەبەر تیشکی ڕووناکی ناسنامە و شوناسی خۆمان لە کێشەکانمان بدوێین، ئەمەش بە دۆزینەوەی فیکر و ڕۆشنبیرییەک کە لە توانایدا هەبێ ناکۆکی و دژایەتییەکانی واقیعی کورد بخاتە ڕوو، هەروەک چۆن دەبێ ئەو ڕۆشنبیرییە بتوانێ ڕێگاچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگژە و دژایەتییانە بدۆزێتەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە نەهێشتنی واقیعی پەرتەوازەیی و کەرت بوون و دواکەوتن و پاشکۆیاتی و وابەستەیی لە هەموو ڕوویەکەوە، ئنجا چارەسەرکردنی دژایەتییەکانی دابڕانی شارستانیی لەنێوان ئەو قۆناغە و قۆناغی ڕێنیسانس، ئەمەشیان بە هوشیاری و بە زانست و زانیاری دێتە دی، کە ئەم وەچەیەمان بخاتە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەردەوام لەگەڵ ئەو چارەنووس و دوارۆژە، هەر بۆیەشە بۆ دەستنیشان کردنی ئاسۆی پاشەڕۆژی ڕۆشنبیریی کوردی پێ لەسەر دۆزینەوەی

شوناسی خۆمان دادەگرم.

ئەمڕۆکە (ڕۆشنبیریی) ئێمەی کورد کە کاریگەریی کەوتن و هەڵوەشانەوەی قۆناغی عوسمانلی و سەردەمی داگیرکاری گەلانی سەردەستەی دەوروبەرمانی بە سەرەوەیە، دەکرێ سوود لە بەرنامەگەلی بوارە جیاجیاکانی ڕۆژئاوا وەربگرین بۆ چارەسەرکردنی هەندێ لە کێشەکانی خۆمان، بۆ ئەو مەبەستەش بەر لە هەموو شتێک پێویستمان بە دابڕان و هێزی بەگژداچوونەوەیەکی ڕۆشنبیریی هەیە، ئەم دابڕان و هەڵگەڕانەوە و بەگژداچوونەوەیەش دەتوانین بەو چەمکە تێبگەین کە مانایەکی دووفاقیی هەیە:

**یەکەم:** ئەو بەگژداچوونەوەیە هاندەرێکی ڕۆشنبیریی خوڵقێنەرانەیە بۆ بەدیهێنانی ئەو ڕۆشنبیرییە پێویستەی، لە زەمینە و ژینگە و دەوروبەرێکی لەبار و دیاریکراودا لەگەڵ بارودۆخێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕۆشنبیری و ئابووری بگونجێت.

**دووەم:** گرنگی ئەم بەگژداچوونەوەیە لەوەوە دێ کە ببێتە هەڕەشەیەکی ڕۆشنبیریی و مەترسی بۆ سەر سڕینەوەی کەسایەتی نەتەوەیی دروست بکات، بە مەبەستی شێواندن و گوم کردن و نامۆکردنی ئەو کەسایەتییە. بە کورتییەکەی بەگژداچوونەوەی ڕۆشنبیریی دەمەتەقێیەکە لەگەڵ خودێکی بەرهەمدار، هەروەک مەسەلەی (نەخوێندەواری) کە هەڕەشە لە ڕۆشنبیری دەکات و دەبێتە هۆی بەگژداچوونەوەی خود و وەک پێویستییەک خۆی دەسەپێنێ بۆ بەدیهاتنی ڕێنیسانسێکی کۆمەڵایەتی - ڕۆشنبیریی هەمەلایەن، لە هەمان کاتیشدا ململانێیەکی مەوزوعی و دەرەکی ڕووخێنەرە وەک چۆن لە فەرەنسادا بینرا و کەسایەتی نەتەوایەتی لە جەزائیردا بەسەری هات، بۆیە بەگژداچوونەوەی ڕۆشنبیریی دەکرێت بۆ هەموو نەتەوەیەک لەسەر دوو ئاستی سەرەکیدا خۆی ببینێ:

* ئاستی ناوەوە (خۆیی) کە لە نێوان ڕەگەز و ڕواڵەتە ڕۆشنبیرییە تەقلیدییەکان لەگەڵ ئەلتەرناتیڤە نوێیەکاندا ڕوودەدەن، ئەمەش بەهۆی شەپۆلی ئەو بیروڕا و بۆچوونانەوە بە ئەنجام دێ کە لە ناو کۆمەڵگاکە خۆیدا دروست دەبن و دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی قۆناغێکی ڕۆشنبیریی نوێ.

* ئاستی دەرەکی (مەوزوعی) کە لە نێوان ڕۆشنبیریی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو و ڕۆشنبیرییەکی سەپێنراو بەسەریدا ڕوودەدات.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لە بەگژداچوونەوەی ڕۆشنبیریی زیاتر ئەو هەڕەشەیەیە کە دەبێتە هۆی پەکخستن و وەستاندنی هێز و توانای ئینسانییانەی ڕەوا، کە ئەمەش لە لای خۆیەوە دەبێتە هۆی هێشتنەوەی یەک پێوودانگی تەقلیدی و مانەوەی یەک شێوە بیرکردنەوە و عەقڵییەت، بەمەش کەسایەتی نەتەوایەتی لە پەرەسەندن و گەشەکردن دەکەوێ و دەوەستێت. هۆیەکەشی کۆت کردنی خود و خۆخواردنەوە و پێ کوڵە کردن و کروشکە بەستن و گرژبوونەوەیەتی تا دەگاتە ئاستی نقوم بوون و شێوان و سڕینەوەی ئەو کەسایەتییە بەهۆی داگیرکاری و دەست بەسەرداگرتنی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی، ئەم داگیرکردنەش لە ڕێگەی سەپاندنی چەمک و بیروباوەڕی دەستنیشان کراوەوە دێتە دی، کە بەسەر بیروبۆچوون و ڕۆشنبیریی نەتەوەیەکی تردا ساغ دەکرێتەوە بۆ زاڵبوون و دەست بەسەرداگرتنی ئەو نەتەوەیە و گۆڕینی سیمایەکانی بەرەو ئەو ئامانجە تایبەتییانەی لێیان دەدوێت، کە بە ڕێگا و پلانی دیاریکراوی خۆیانەوە جێبەجێ دەکرێت. لەوانەشە بەگژداچوونەوەی ڕۆشنبیریی ئەو مانا نالەبار و خەراپەی نەبێ، تەنیا لەو کاتانەدا نەبێت کە هەوڵێکی وا بدات بەدەستی ئەنقەست مەبەستی بێ دەستی خراپە و شێواندن بۆ سەر جۆری ئەو ڕۆشنبیرییەی مەبەستییەتی درێژ بکات.

لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیریی نوێنەرایەتی گیانی نەتەوە دەکات، بۆیە جۆری ڕۆشنبیرییەکەی گوزارشت لە داوونەریتی شارستانی (ڕۆشنبیری - کۆمەڵایەتی) نەتەوە دەکات لە ژیاندا، کە ئەمەش گوزارشتێکی هەمەلایەنەی گشتییە و ئەو چەمکە تێدەپەڕێنێ کە ڕۆشنبیریی لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دەستنیشانکراودا بەند بکات و هیچی تر، سەرەڕای ئەوەش ئەو چوارچێوە ئیبداعییە تەسکەی چەمکی ڕۆشنبیریی تێدەپەڕێنێ و پەل بەرەو سنووری ئینترۆپۆلۆژیای فراوان دەهاوێ کە گوزارشت لە هەموو جۆرە چالاکییەکی ئینسانیی نەتەوە دەکات.

لێرەوە دەڵێین ئەو ئامانجە نییەت خراپەی کە بەدەستی ئەنقەست ئاراستەی ئەو شێوە ڕۆشنبیرییە دەکرێت، هەوڵدانێکی بێ وچانی ئامانجدارە و ئاراستەی پەیامی (ڕۆشنبیریی نەتەوەیی) نەتەوە دەکرێ، کە ئەو پەیامە ناوونیشان و کاکڵەی ئەزموونی نەتەوە و دەوری شارستانییانە و مرۆڤانەی ئەو نەتەوەیەیە. هەر ئەو پەیامە نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییە زادەی ڕۆشنبیرییەکی تایبەتمەندە، بە ئاشکرابوونی هەموو گۆشە و سووچە

ڕووناک و هەست پێکراوەکـانیـیـەوە، کـە وەک زانراوە ئەمەش بە توانا لە بن نەهاتوو و بنچینەییەکانی نەتەوەوە بەسـتـراوە لە هەست کـردنی گـەلانی دی بە گـرنگی ئەو ڕۆشنبیرییە و هەست کردن بە گرنگی چالاکی شارستانی و ڕۆشنبـیـریی گـەلێکی دیاریکراو و هەست کـردنی ئەو گەلانە بە دەلالەتە ئینسـانیـیـە کـاریگەرەکـانی خۆیان، چونکە بەرەو (هاوبەش)ی نێـوانی ئەو گـەل و نەتەوانە دەڕوا، مـەسـەلە و کـێشـەی سیـاسی نەتەوەش لێـرەوە بە گـــەورەیی خـــۆی دەنوێنێ، چونکە پێکەوەنانی ئەو (ڕۆشنبیرییە تایبەتمەندە) زیندوویێتی نەتەوە دەگەیەنێ و بە گــەلانی دیکەی دەناســێنێ، هەروەک چۆن لە ڕێی (مارکیز) و (ئستۆریاس)ەوە کۆلۆمبیا و گواتیمالا زیاتر دەناسین و خـولیـای بەدواداچوونی ژیانی ئەو وڵاتانە و کێشەکانیان لەلامان دەبزوێ.

بەگـــژداچوونەوەی ڕۆشنبـــیـــریی دەخـــزێتـــە ناو چوارچێوەیەکی تەسکەوە لەو کـاتانەدا کە لە ناو کۆت و پێـوەندی چەمکە ئایدیۆلۆژییـەکـاندا بەگـیـر دێت، لەو داوبارەشـدا (زاتیـیـەت) چەندی دڵ حـەز بـکات و ڕای لەســـەربێ بەرز و گــەورە دەکــرێتـــەوە، کـــە بە دید و دنیـابینینیـیـەکی زاتیی سنووردار تەمـاشـای دەورووبەر و کـەسـانی دیکە دەکـات. لێـرەدا پێویسـتـە بە شێـوەیەکی خـــێـــرا ئاوڕێک لە پێـــوەندیی نێـــوان ئایدیۆلۆژیا و ڕۆشنبـــیـــریی بدەینەوە، لە پێـــشـــەوەش ئامـــاژە بۆ ئەوە دەکـەین کە ئەو پێـوەندییـە هەرگـیـز یەک یاسـا بەڕێوەی نابات و لە یەک ناچن، بەقــەدەر ئەوەی پێـوەندییـەکـە دەسەڵاتێکی سنووردار و ڕێژەیی و قۆناغـێکی هەمیشـە گـۆڕاوی مـێـژوویی نەتەوە بەڕێوەی دەبات، کـە مـێـژووی شـوێن پێ کـەوتن و چوونە پاڵـە (واتە یەکـێک ببـێـتـە بەشـێـک لە هەمـــوو)، هەروەها کـــارلێکردنی لەبار و نالەباری هەریەکـەیان لەسـەر ئەوەکـەی دیکەیان هەبێ، چونکە ئایدیۆلۆژیا تەواو لە ڕۆشنبـیـریی جیـاوازە، لەبەر ئەوەی لەو کـاتەدا کە ئایدیۆلۆژیا دەبێـتـە سیـسـتـمی کـۆمـەڵێک بیـر و دەبێـتـە سـەمـتـێکی فـیکریی (نسق فــکـــري) تایبـەت کە زۆرجـار دەسـتە و تاقـمـێکی لێ کۆدەبێتەوە، هەر لەو کاتەدا ڕۆشنبیریی دەبێتە سیستمی فـیکر و هەست و نەست و دید و بۆچوون و هۆ و ڕێگای ژیانی نەتەوە، بۆیە دەبێـتـە سـەمـتـێکی کـۆمـەڵایەتی - شـارسـتـانیی گـشـتی و هەمـەلایەن بۆ هەمـوو توێژەکـانی کۆمەڵ بە هەمـوو جیـاوازییـەکانی خۆیانەوە، لەبەر ئەوەیە ئەو پێـوەندییە پێویستی بە چارەسەرێکی مەوزوعـیـانە هەیە بۆ یەکـلایی کردنەوەی مەسەلەی (بەگژداچوونەوەی ڕۆشنبیریی).

ئەو پێـوەندییـەی کە لەنێوان ئایدیۆلۆژیا و ڕۆشنبـیـراندا هەیە، پێـوەندییـەکـە بەسـتـراوەتەوە بە ترس و وردبینی و زۆر لەمــــپـــــەری دەروونیی تر، کـــە لە ئـەنجـــامی پێـوەندییـەکـانی بە زۆر لایەنی (پیـرۆز) و (مـێـژوویی) سـەرهەڵدەدەن، لە سـەرێکی تریشـەوە پێـوەندیی بە ناسنامەی نەتەوایەتی و کەسێتی شارستـانیی نەتەوەوە هەیە.

لە پێـویسـتـیـیـە مـەوزوعـیـیـەکـانی تێگەیشـتـنمـان لە کـێشـەی بەگژداچوونەوەی ڕۆشنبـیـریی ئەوەیە کە نابێت کـۆڵەگـەکـانی ئەو بەگـژداچوونە لەسـەر کـاردانەوەیەکی عـاتیـفیـانە و سۆزداری دامەزرێ، بەتایبەتی بەرانبـەر بەو دید و بۆچوونە تەسکانەوە لەسەر ئاستی نەتەوە و گەلانی جیـهـان کـە باڵـی بەسـەر دیمەنی ڕۆشنبـیـریی ڕۆژئاوادا کـێشـا، بەتایبـەتی لەم دوو سەدەیەی ئەم دواییـەدا کـە زۆربەی ئەو بۆچوونانە لەسـەر سەنتـرالیـزمی ڕۆشنبـیـریی گیـرسابوونەوە، یان خول خواردن بوو لەسەر (خود)دا، کە ئەمـەش ئاماژەیە بۆ ئەو مانایەی کە دەڵێ: (هەڵوێستی تاکەکان لە کۆمەڵگایەکدا نیشان دەدات کە هەموو دیاردە و ڕوودا کـۆمـەڵایەتیـیـەکـان دەگـێـڕنەوە بـۆ سـەر ئەو زانیاریانەی دەیزانن، یان ڕۆشنبیریی خۆیان بە چاکترینی هەمـوو ڕۆشنبـیـرییـەک دادەنێن) وەک (بیـار کـلاسـتـەر) دەڵێت. لە کاتێکدا ئێمەی کورد پێویستـە دەستبەرداری ئەو بۆچوونە تەسکانە بین و بەرانبـەریان کـاردانەوەی عـاتیـفی وەرنەگرین، چونکە تـەنانەت لە ئیـسـلامیـشـدا پێغەمبەر (د.خ) وتوویەتی: (الحكمة ضالة المؤمن، أنى وجدها التقطها).

هەڵوێسـتی کــرانەوەش بەسـەر ئەویتــردا هەر ئەو هەڵوێستەیە کە وامان لێدەکات بایەخ بە ناسینی ئەویتر و هوشیـارییـەکـەیان بدەین، بەڵکو بۆ ناسینی (خود) و هوشیـاربوون بەرانبـەری وەک ڕێگایەک نەک تـەنیـا بۆ دەوڵەمـــەندکـــردنی (خـــود) و پێگەیاندنی خـــۆی و ڕاسـتکردنەوەی بوون و دەوری ئینسـانی خـۆی، لەبەر ئەوەی وەک هەندێک لە زانایانی (کـۆمـەڵناسی) دەڵێن: (هیچ جۆرە مەعریفەیەکی دی نییە پێوەندیی توندوتۆڵی وەزیفی بە واقیـعی کۆمەڵایەتییەوە هەبێ وەک ناسینی ئەویـتـر) لەبەر گـرنگی ئەو جـۆرە مـەعـریفـەیە لە ژیانی کـۆمـەڵایەتی - ئینسـانیـدا، بۆیە بووە بە یەکـێک لەو چەمک و زاراوە مێژوویی - کۆمەڵایەتییە گرنگانەی وای لێـهـات بچـێـتـە ناو لێـتـوێژینەوە ئەنتـرۆپۆلۆژییـە هاوچەرخەکانەوە، چونکە بایەخدان بە ناسینی (ئەویتر -

الآخر) لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە دەستی پێکرد.

بەڵێ پێویستە و زۆریش پێویستە لە نێوان (خود) و (ئەویتر)دا دەمەتەقێیەکی هێمنانە و ژیرانە بەرپا بێت، بەڵام ئایا (خود)، (ئەویترە؟) ئایا دەکرێت لەسەر ئاستی مێژووییانەدا ئەم دەمەتەقێیە بەردەوام بێت و بەرێکی بڕوات بەڕێوە؟ یان هەر لە بنەڕەتەوە بپرسین: بۆچی (خود) هەبووە؟ بۆچی (ئەویتر) هەیە؟

لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان خزمەتێکی گەورەیان بە بیر و هزری مرۆڤایەتی گەیاند، لەو ڕووەوە کە بە شێوەیەکی گشتی پێوەندیی بە لێتوێژینەوەی ڕواڵەتە ڕۆشنبیرییەکانەوە هەیە، چونکە هەوڵی دا چەمکی ڕۆشنبیریی بخاتە سەر ڕێگای کۆمەڵایەتی - ئینسانی ئەم لێتوێژینەوانە ئەو دەورەیان خستووەتە ڕوو کە (ڕۆشنبیریی) دەیگرێ لە دەستنیشان کردنی خاسیەتە جیاکەرەوەکانی کۆمەڵگاکاندا، هەروەها لەبارەی گرنگی هۆکاری ڕۆشنبیریی لەوەی سیمایەکی نەتەوەیی جیاواز و جیاکەرەوە دەبەخشێتە چالاکییە شارستانییەکان، کە بە هۆی ئەمەوە ئەو کۆمەڵە خەڵکە لە کۆمەڵێکی دیکە جیا دەکاتەوە. لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان (ڕۆشنبیری)یان خستە سەر ئەو تێگەیشتن و چەمکە کە کۆمەڵە شێوازێکی جێگیر و نیمچە جێگیر و گشتییە، کۆمەڵە کەسانێکی دیاریکراو لە شێوەی داوونەریت و بنەمای ئەوتۆ دایانمەزراندووە کە پێیەوە بناسرێنەوە، کاتێک زمانێکی هاوبەش و مێژوویەکی پێکەوەیی هاوبەش گوزارشتی لێبکات، بەمەش (ڕۆشنبیریی) دەبێتە نوێنەر و جۆر و شێوەی ژیانی ناو ئەو کۆمەڵگا مرۆییە، یان کۆمەڵگایەکی دی.

لەبەر ڕووناکی ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەی نێوان ڕۆشنبیریی و کۆمەڵە مرۆییەکان، ڕۆشنبیریی سیفەتی پەرەسەندنێکی هەمیشە گۆڕاوی بەخۆوە گرتووە، تا وای لێهاتووە ببێتە وشەیەکی ئەوەندە گۆڕاو کە زۆر زەحمەتە بتوانین دەستنیشانی سنوور و ڕواڵەت و وردەکارییەکانی بکەین لە ناو چوارچێوەی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا کە لەیەکتر جیابوونەتەوە و بە زاراوەی (ڕۆشنبیرییەکان) ناودەبرێن کە ڕۆشنبیریی دەستنیشان کراو و تایبەتمەندن، چ لە ڕووی زمانەوە بێت، یان لە ڕووی سستمی ئیش کردن و داوونەریتەکانەوە بێت.

ئەم جیاوازییە لە ڕۆشنبیریی نەتەوەکاندا ئەگەر بووبێتە هۆی خولقاندنی هوشیارییەک بە پێویستی بوونی (فرەیی ڕۆشنبیریی)، یان نەبوونی وەک هەندێک کەس بۆی دەچن، یان ئەو دوو چەمکە پێوەندییان بە یەکەوە هەبێت یان نەبێت، ئەوە فرەیی ڕۆشنبیریی واقیعێکی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییە و بوونی خۆی سەلماندووە، کە ئەم واقیعە پێوەندییەکی بەهێزی هەیە بە مەسەلەی جیابوونەوەی ڕۆشنبیریی گەلێک لە ڕۆشنبیریی گەلێکی دیکەوە، لە ناو سەرجەمی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا. هەر ئەم فرەیی ڕۆشنبیرییەش بووە مایەی شارەزابوون و ناسینی ڕاستەوخۆی (ئەویتر)، شارەزاییەکی شارستانیی ئەوتۆ کە لە (هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا) بەرجەستە دەبێت:

**یەکەم:** بەرانبەر بە خودی نەتەوەیی بوونی ڕۆشنبیریی.

**دووەم:** لە بەرانبەر ڕۆشنبیرییەکانی تریش لە دنیادا، هەر لێرەوە هەندێک کەس کەوتنە دەستنیشان کردنی مانای (فرەیی ڕۆشنبیریی) لە دان پێدانان بە:

**(١)** ژیانی مرۆڤایەتی لە چەند کۆمەڵێک پێکهاتووە، کە لە ناو کۆمەڵێ شێواز و داوونەریتی جیاوازدا دەژین.

**(٢)** ئەو شێوازانە بریتین لە شتی گشتی و دوور لە یەکتر، یان توندوتۆڵ و بە یەکەوە گرێدراو، بەڵام بە تێکڕایی تەواو لەیەکتر جیا دەبنەوە.

**(٣)** تاکە ڕۆشنبیرییەک بەس نییە بۆ لە ئامێزگرتنی هەموو تواناکانی ژیانی کۆمەڵێک، یان تواناکانی بوونی ئینسانیمان، بۆیە هەر ڕۆشنبیرییەک تێکڕاو سەرلەبەری هەمەڕەنگیی ڕۆشنبیریی دەگرێتەوە، هەرچەندە لەوانەیە ڕۆشنبیرییەکی کراوە بێت، بە واتای دان پێدانان بێت بە خاسییەتی تایبەتی ڕۆشنبیرییەکان و جۆراوجۆربوونیان، پێویستیش بەوە ناکات لەو کاتەدا ئینکاری بەیەکاچوون و گۆڕینەوەی کار لەیەکتری کردن بکەین، یان ئینکاری هێزە دەرەکییەکان و ناوەکییەکان بکەین کە بەشداری لە خولقاندن و ڕەپێش کردن و درەوشانەوە، یان لە مردن و لەناوچوونیاندا دەکەن.

هەرچەندە سروشتی پێوەندییە ڕۆشنبیریی و شارستانییەکانی نێوان کۆمەڵە مرۆییەکان لەژێر چەمکی فرەیی لە ڕۆشنبیریدا دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییەکی زیندووی تایبەت و جیاواز بۆ هەموو کۆمەڵ و گرووپێکی مرۆڤایەتی، نەک هەر بە تەنیا لە ژێر سێبەر و لە چوارچێوە و قاوغی فرەیی ڕۆشنبیریدا، بەڵکو لەناو قاوغی پێوەندییە ئینسانییەکان بە گشتی، بۆیە پێویستە هەموو کۆمەڵێکی مرۆڤایەتی (ڕۆشنبیرییەکی نەتەوایەتی) جیاواز و تایبەتمەندی خۆی هەبێت.





# ژاک دریدا..
# نووسین، جیاوازی، جێکەوت

ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن لەمێژووی هزر، بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمێکی هزری، پێویستە پشت بە کۆمەڵێک گوتار وەکو ڕایەڵی سەرەکی لەنێو پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەدا ببەستین، دەبێت مەبەستمان لەم کردارە ئەوە بێت لەدواوەی ئەم گوتە و وشە و ڕستە دەربڕاوانەی کەیەکێتی و هەمەکێتی گوتار پێکدێنن، لە مەبەست و نیازی نێرەر بگەین، لەو شتانە بگەین کە گەرەکیەتی بیاندرکێنێت، لەنەست و نائاگایی ئەو خودە بگەین کە بەبێ ئەوەی مەبەستی بووبێت و لە چرکەساتی نائاگایی زەینیدا لەنێو سیستماتیکی زمانی دەقی گوتاردا هەندێک شتی ئاشکرا کردووە، تاوەکو لەمێژوویێکی دواتر و نوێتردا، لەچرکەساتێکی دیکەو لەشوێنێکی دیکەدا ئەو گوتارە سەر لەنوێ دابمەزرێنرێتەوەو بخوێندرێتەوەو شیکار بکرێتەوەو ئەو نادیاریانەی نێو دەقی گوتار ئاشکرا بکرێن کە لەنێو سیاقی مێژوویی ئەوکاتدا نادیار بوون، لەبەرئەوەی شیکاری کردنی هزر و پرۆسەی هزری شیکارێکە بەردەوام هەوڵدەدات لە دواوەی مانای مەجازی و زمانی ڕەمزی و مەجازیدا، بەدوای مانای ڕاستەقینەدا بگەرێت. ئێمە دێین وەکو پێکهاتەیەکی زمانەوانی داڕێژراو کار لەسەر دەقی گوتار دەکەین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کار لە دواوەی گوتار دەکەین ـ میتاگوتار ـ و گومان لەمەبەست و ئامانجی گوتار دەکەین و کۆمەڵێک پرسیار بەرهەم دێنین.

ئەو گومانەی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە، گومانێک نییە بەتەنیا لەپێناو خودی گوماندا بێت وەکو ئەو گومانە ڕەهایەی گومانکارەکانی نێو مێژووی فەلسەفە بەرهەمیان هێنا، ئەو گومانە گومانی (ئەمبریکۆس ومۆنتانی)نییە، گومانێکی میتۆدییە لەشێوەی گومانی (دیکارت)ی، بەرلەوەی گومانێکی سادەو ڕەها بێت، گومانێکی ئەپستمۆلۆژییە، ئەوە گومانێکە لەکۆتایی و ئەنجامدا بەرەو یەقین و بڕوای ڕەها دەڕوات، یەقینی ئەوەی شتی نادیارو نائاشکرا لەدواوەی ئەو زمانە ڕەمزی و مەجازییەی گوتارەکاندا بوونی هەیە، یەقینی ئەوەی هەر گوتارێک چەندین مەبەست و ئامانجی شاردراوەی

ڕانەگەیەنراوی لەدواوەیە.

لەڕووی پێکهاتەی زمانییەوە، دەق، یا گوتار لە کۆمەڵێک گوتە پێکدێت، هەر گوتەیەک لە چەند وشەیەک و ڕستەیەکی لێکدراو پێکدێت، کەواتە گوتار دەبێتە کۆمەڵێک گوتەی ڕێکخراو لەنێو بونیادی سیستماتیکی زماندا، ئەو گوتانە لەنێو نەسەقی گوتاردا وارێکخراون دەبنە بەشێک لە گشت، واتا هەر گوتەیەک بەشێکە لە گوتار، ئەم گوتانە لەبەر ئەوەی دەربڕی هزرو بۆ چوون و تێزو تیۆرن بۆیە لەنێو گوتاردا وەکو یەکێتییەکی هەمەکی پتەو خۆیان دەردەخەن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا خودی ئەم گوتانە وا دەکەن لەکاتی شیکارو ڕاڤە کردندا گوتار شکست بخوات، دابڕاندنی هەر گوتەیەک و دەرهێنانی لەنێو نەسەقی سیستماتیکی گوتار دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم گوتەیە مانایەکی تەواو جیاواز لەم مانایە بەدەستەوە بدات کە فرمانی پێدرابوو، ڕەنگە گوتەیەک یا ڕستەیەک لە خوێندنەوەی یەکەمدا مانایەک ببەخشێت، کەچی لەگەڵ خوێندنەوەی دووەمدا مانایەکی دیکەی تەواو جیاواز بەدەستەوە بدات، واتا لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکی نوێدا ڕەنگە مانایەکی نوێمان لێی دەست بکەوێت، ئەم فرە مانابییەش یەکێکە لەڕایەڵە سەرەکییەکانی ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوەو (جاک دریدا)ش لەنێو کتێبی (نووسین و جیاوازی) بە ڕوونی جەختی لەسەر دەکاتەوە. ئێمە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەقی گوتار کار لەسەر ئەم مانا دژکارانە دەکەین کە ڕستەو گوتەکان لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا بەدەستەوەی دەدەن، ئێمە دێین گوتار پارچە پارچە دەکەین و کار لەسەر گوتەکان دەکەین، بەوەش یەکێتی گوتار هەڵدەوەشێتەوەو تەنیا گوتەو ڕستە پارچە کراوەکان دەبنە دەربڕی ئەم گوتارە.

لەکاتی شیکارکردن و ڕاڤەکردنی دەقدا ئێمە دروشمێکی دوانەیی و دوولایەنە بەرزدەکەینەوە ئەویش هەمەکی و یەکێتی گوتار و فرە مانایی گوتارە، هەمەکی گوتار بەمانای ئەوەی وا کار لەسەر بەشە دابڕاو و جیاکراوەکانی دەق دەکەین، کەوا بەشێکن لە یەکێتییەکی هەمەکیانەی گوتارو جیاناکرێنەوە، بۆیە هەر مانایەک بەدەستەوە بدەن بەمانای دەق یا گوتار دادەنرێت، فرە مانایی گوتاریش بەهەمان شێوە مانای فرە مانایی و فرە دەلالەتی دالەکانی نێو گوتار بەدەستەوە دەدەن، بۆیە لەکاتی ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی گوتاری دام و دەزگا سیاسی و هزری و ئایدیۆلۆژی و فەلسەفی و سەربازییەکاندا دەگەینە ئەوەی کە ئەم گوتارانە تواناکاری ئەوەیان تێدایە لەکاتی بەقسە خستنیان شتی وا ئاشکرا بکەن زۆر جیاوازبێت لەو شتانەی بە ئاشکرا بانگەشەی



بۆ دەکەن، ئەوەش واتا فرە مەدلوولی یەک دال، بۆیە گوتار لەلایەنی ماناوە ئەوەندە دەوڵەمەندە بەشێوەیەک لە ژمارە نایەت.

لێرەدا کاتێک قسە لەسەر فرەمانایی گوتار دەکەین دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئەم گوتارانە لە ئاگایی و بە ئەنقەست بێت، یا لە نائاگایی لەبەر چەندین فاکتەرو هۆکار لەسەرووی هەمووشیانەوە سەرکوتکردن و خەفەکردن و چەپاندن و دواتریش فرت و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و فریودان بوونەتە هۆی ئەوەی زۆرجار گوتار پەنابباتە بەر زمانی ڕەمزی و مەجازی و خۆی لەدوای چەندین گوتەی ماکیاژکراوی فرە مانا حەشاربدات. دوای ئەوەی ماهیەتی دەقی گوتارمان خستەڕوو ئێستاش هەوڵ دەدەین چەمکی هەڵوەشاندنەوە شیکارو ڕاڤە بکەین وەکو دەروازەو دەسپێکێک بۆ ڕۆچوونە نێو تەوەرەکانی داهاتووی ئەو لێکۆڵینەوەیە.

هەڵوەشاندنەوە ئەو زاراوەیە بوو کە (جاک دریدا) وەکو ستراتیژییەتێک بۆ پرۆسەی هزرییەکەی بەکاری هێنا تاوەکو پاڵ بە کولتووری خۆرئاواوە بنێت دان بە بوونی (ئەو)ی دیکەی بەرامبەری بنێت ئەوەش وەکو پێداویستییەکی ئەپستیمی بۆ تێگەیشتن و ناسینی خود لە سایەی چەمکی جیاوازیدا، لەسایەی بەراوردکردنی (من)ی خۆرئاوایی لەگەڵ (ئەو)ی خۆرهەڵاتیدا، دوای ئەوەی چەندین سەدە ستراتیژییەتی خۆرئاوا لەبەسێنترالبوونی لۆگۆسی لە دەوری خوددا ڕۆڵی ئەوی دیکەی بەرامبەری وا نمایش دەکرد وەکو ئەوەی پەراوێزە لەنێو بازنەیەکدا خول دەخواتەوەو چەقەکەی خۆرئاوایە، لێرەدا خودی خۆرئاوا دەبێتە پەراوێزێکی لاوەکی و هیچ زانست و مەعریفەیەکی نییە تەنیا ئەوەی گەورەی لە خۆرئاوایی پێی دەبەخشێت، ئەوەش بریتییە لە پرۆسەی سڕینەوەی جێکەوت و شوێنەواری کۆیلە لەنێو مێژووی شارستانییەتدا، بگرە لەوەش زیاتر سێنترالیزمی لۆگۆسی خۆرئاوایی لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی پێشڤەچوونی خۆیدا گەیشتە ئەو مەزندەیەی، کەوا ئەوی دیکەی بەرامبەرو ئەوەی خۆرهەڵاتی تەنیاو تەنیا ئافرێدەکراوو بوونەوەرێکی دەستی خۆیەتی و بۆخۆی دایهێناوە تاوەکو دەسەڵات و مەزنی خۆی بەسەردا پراکسیس بکات.

هەڵوەشاندنەوە وەکو زاراوە لەلایەنی دەلالەتی ڕاستەوخۆی وشەکەوە زاراوەیەکی ئاڵۆزو سەر لێشێواوکارە، بەڵام لەلایەنی دەلالەتی هزرییەوە زۆر دەوڵەمەندە، بە پلەی یەکەمیش وەکو لە خودی ناوەکەی خۆیدا دیارە دەلالەت لە تێکدان و داڕمان و تەفلیش کردن و شیکارکردن دەکات، ئەو دەلالەتانەش بەردەوام پەیوەستن بە شتی دیارو بەرچاوی مادی، بەڵام لەئاستی

دەلالەتی قوولّەوە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی دەقی گوتارو ئایدیۆلۆژیاو سیستەم و سەمتی هزرییەو سەر لەنوێ چاوپێدا خشانەوەیە بە پێکهاتەو توخمە سەرەکییەکانیان، ئەم هەڵوەشاندنەوەیەش دەبێت لەسایەی ئەرکیۆلۆژیاییێکی ئەپستمی و بەپشت بەستن بەدەرەنجامی ئەو ئەرکیۆلۆژیایە بێت.


ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوەی (دریدا) لەلایەنی فەلسەفی و ئەپستیمییەوە هەوڵ دەدات ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات کە سێنترالیزمی لۆگۆسی خۆرئاوا تەنیاو تەنیا وازییەکی زمانەوانییە بۆ ئاستی شارستانیەت بەرزبۆتەوە، خودی ئەم سێنترالیستییەش لەبنەچەدا پشتی بەچەندین سێنترالیستی دیکە بەستاوە، ئەگینا سێنتەر بەردەوام ئەم دیالۆگە بەردەوامەیە لەنێوان سێنتەرو پەراوێزدا، ئەمەش چونکە هەڵوەشاندنەوە ئابڕووبردنی میکانیزمی ئەپستمی سێنتەرو سێنترالیزمی لۆگۆسییە بە هەموو شێوەکانییەوە، بۆیە دەبێت وا تێی بڕواندرێت کەوا ئابڕووبردنی سیستەمی میکانیزمی ئەپستیمی خۆرئاوایە کە بۆخۆی ئەم سێنتەرەی داهێناوەو هەوڵ و کۆششە بۆ گوێگرتن لە دەنگی ئەوی دیکەی جیاواز. خودی هەڵوەشاندنەوە وەکو ستراتیژیەتێک بریتییە لە کرداری ڕاڤەکردنی دژکاری نێو بونیادی چەمکە هزرییەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی شێوازو ڕێگای کارکردنیان لە پێکهێنانی شێوازە هزری و ئایدیۆلۆژی و فەلسەفییەکاندا، ستراتیژیەتێکە هەوڵ نادات بەیەک هەنگاو خۆی لەکۆت و پێوەندەکانی بونیادی میتافیزیکیای خۆرئاوا دەرباز بکات وەکو ئەوەی تیۆرو میتۆدەکانی دیکە ئەنجامیان داو لە کۆتایشدا بوون بە پاڵپشتی بەهیچی تر بۆ بونیادی میتافیزیکیایی لەبری ئەوەی تێکی بشکێنن و هەڵی بوەشێننەوە، ئەم ستراتیژییەتە لەناوەوەی هەناوی گوتاری خۆرئاوادا کاردەکات بەمەبەستی ئەوەی ئاماژەو هێما سیمیۆلۆژییەکان هێدی هێدی و بەو شێوەیەی کە خۆی گەرەکیەتی ڕاڤە بکات و چەمک و مانای نوێیان پێ ببەخشێت، چەمک و مانای دەربڕی ئەو دژکاری و ناکۆکییە بێت کە ئەم گوتارە تێی کەوتووە بەوەش هەوڵ دەدات هزری خۆرئاوا بە حەقیقەتی خۆی دوور لە ماکیاژو ماسک کردنەبەر پیشان بدات و ئەوە ئاشکرا بکات کە گوتاری خۆرئاوا گوتاری باڵا دەستی و کۆنترۆڵکردنە لەئاست بێدەنگی و داماوی کۆیلەدا.

**هەڵوەشاندنەوەی لۆگۆسێنترالیزم و گوتاری باڵادەستی**

ئەو تێزەی (دریدا) بەتەنیا مەبەستی ئەوەنییە بونیادی گوتاری میتافیزیکی باڵادەستی لۆگۆسی خۆرئاوا هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵکو لەوەش زیاتر مەبەستیەتی دیالۆگێک لەنێوان شارستانیەتەکاندا بێنێتەدی و دیالۆگێک لە دیدگاو ڕوانگەی باڵادەستی گەورە و ملکەچی کۆیلەدا نەبێت، بەڵکو پێداویستییەکی ئەپستمی بێت بەو مەرجەی بە ئاقارێکدا بڕوات دوور لەمەش بکەوێتە نێو میتۆلۆژیاییێکی هەڵخەڵەتێنەری درۆزنانەی باڵادەستی و سێنترالیزمی بوون، هەڵوەشاندنەوە لەوکاتەی ڕەخنە لەو بونیاد و تێڕوانینەی خۆرئاوا دەگرێت ئەوەشمان بۆ دەردەخات کەوا ئەم خۆرئاوایە تاوەکو گوتاری خۆی بەدی بکات پێویستی بە بوونی ئەوی دیکە هەیە، لەبەرئەوەی لەسایەی بوونی بەرامبەرەوە نەبێت باڵادەستی خۆرئاواش بوونی نییە، لێرەدا دوانەی خۆرئاواو خۆرهەڵات وەکو پێداویستییەک یەکتری نابڕن لەبەرئەوەی بڕینی هەر یەکێکیان مانای بێ بەهایی گوتاری ئەوی دیکەیانە.



کاتێک بەوردی لە هزری (جاک دریدا) و ستراتیژیەتە ڕەخنەییەکەی ڕادەمێنین ئەوە بەدی دەکەین کە ئەو یەکێکە لەو فەلسەفەکارانەی هزری خۆرئاواییان لە تایبەتمەندی و پێکهاتەکانیەوە هەژاندووە، چونکە پرسیارەکانی بەردەوام لەشوێنگەی پەراوێزەوە بەرەو سێنتەری بنەڕەتی هزرەکانەوە دەچێت، دواتریش ئەم هزرانە والێدەکات کە بشێت بنووسرێنەوەو تۆماربکرێت و ببنە ڤالاییەکی وا کە بتوانرێت هەڵبوەشێنرێتەوەو بخرێتە ژێر پرسیارکردن، بۆیە (دریدا) ئەو هزرڤانەیە کە بە ئازایەتیەکی زۆرەوە ڕەخنەی ئاراستەی ئەو پرنسیپانە کرد کە هزری خۆرئاوای لەسەر بونیادنراوە بەتایبەتیش وەکو گوتمان ڕەخنەگرتن لە سێنترالیزمی لۆگۆسی خۆرئاوا، بەم شێوەیە دەبینین هەڵوەشاندنەوە گەرایی بیرکردنەوەیە لە دابەشکراوو خوێندنەوەیەکی ڕاڤەکراوە لەدەقدا، ئەوەش دەزانێت کە دەق جێکەوتە، ئەوەی جێکەوتیش لەدوای خۆی جێبێڵێت ئەوە بۆ خۆی ون دەبێت، بۆیە لەسەر خودی هەڵوەشاندنەوە خواز پێویستە تا ئەو نائامادەگییە بدۆزێتەوە ئازادو بێ مەرج بێت و خۆی لە هەموو کۆت و پێوەندێک دەربازو ئازادبکات و بەرەو ئەوشتە بچێت کە تێکشکێنەرو دوورەو لە شیکارکردنی ڕەوانبێژیانە ڕەت بدات و خۆی لە سێنتاکسی تەقلیدی دەربازبکات و بەدوای واقیعی پەرت و بڵاوی نادیار لەنێو دەق و فەردانیەتی دەقدا بگەڕێت. ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە لەوکاتەی ڕەخنە لە سێنترالیزمی لۆگۆسی خۆرئاوا دەگرێت، بەڵام ئەبەد پشت ناکاتە مەرجەعیەتە ئەوروپییەکانی خۆی و ڕەتیان ناکاتەوە، ئەو دێت ئەو ناسنامە ئەوروپییە ڕەت دەکاتەوە کە پێی وایە ئەورووپا



تەنیاو تەنیا پەیوەستی کولتووری یەهودی و مەسیحی بێت بەبێ ئەوەی کولتووری ئیسلامی بخرێتە ناو، بۆیە (دریدا) پێی وایە ناسنامەیەکی ئاوێتەیی هاوبەشی هەرسێ کولتووری مەزنی (یەهوودیەت، مەسیحیەت، ئیسلام) بێت.

بێگومان ئەم بۆچوون و شێوازەی کارکردن و لێکۆڵینەوەو خوێندنەوە دژی گوتاری باڵادەستی و سێنترالیزمی لۆگۆسییەو هەوڵ دەدات هزرێکی نوێ بێنێتە ئاراوە خۆی لە ئایدیۆلۆژیاو تێڕوانینی پراگماتیزمیانە بەدوور بگرێت و خۆی بەپرۆسەیەکی ئەخلاقی وشیارو ئەپستیمی خەریک بکات، دابینکردنی هاوسەنگیەکە دوور لە کێشەی جیاوازی و ناسنانە و کولتوورو شارستانیەت و هەموو ئەو کۆت و پێوەندانەی خۆرئاوا بونیادی ناون تاوەکو لەسایەیانەوە خۆی لە (ئەو)ی دیکە جیابکاتەوە.

بەم شێوەیە دیارە هەڵوەشاندنەوە وەکو ستراتیژیەتێکی هزری ڕەخنەگەرایی بریتییە لە ڕاڤەکردنی هاو دژی، یا کرداری دژکاری لەنێو ئەم ڕۆنراوە بە مەبەستی دۆزینەوەی شێوازو ڕێگای کارکردنی لەنێو پێکهاتەی شێوازە هزریەکاندا، ئەوە لەپاڵ لێکدانەوەی چۆنیەتی شێوازی پێکهاتنی ئایدیۆلۆژیاو میتۆدو تیۆرە هزری و فەلسەفی ئەپستمۆلۆژییەکان و سەرجەم میتۆدە ڕەخنەییەکان، ئەوەتا (دریدا) سەبارەت بە تۆتالیتارییەتی ماناو فرە بواری کاری هەڵوەشاندنەوە گەرایی دەڵێت: (ئەوکاتەی من دەستم بە نووسین کرد میتۆدی بونیادگەری کۆنترۆڵی کولتووری فەرەنسی کردبوو، ئەم میتۆدەش لەسەر ڕایەڵی ئەوە بونیادنراوە گوایە بابەت، یا هۆش لەنێو سیستەمێکی بونیادیدا تۆمارکراون و بوونیان هەیە، ئەوەشە سەبارەت بە ڕاڤەکردنی سایکۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی و فیلۆلۆژیش دەگونجێت، لەوکاتەی شتم لەم میتۆدو ڕێبازانە وەردەگرت ڕەخنەم ئاراستەی میتۆدی بونیادگەری دەکرد، ئەم میتۆدەی من دامهێنا لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە (پۆست بونیادگەری) ناوزەد دەکرێت، واتا ڕەخنە لە بونیادگەری و هەوڵ دەدات پرسیار دەربارەی مێژووی بونیادگەری و پێوەندی بونیادەکان لەگەڵ یەکتری بخاتە ڕوو، هەروەها ڕەخنەگرتن لە ناوەڕۆکی ئەو فەلسەفەیەی ئاراستەی بونیادگەری دەکات، بە پشت بەستن بەم پرسیارانە چەندین چەمکم دەربارەی نووسین پێشنیارکرد، ئەوەش لە یەک کاتدا لە نووسین و گرافیکدا دەدۆزینەوە ئەوەی من ناوی دەنێم نووسینی ئەسڵی یا بنەڕەتی، بەتەنیا نووسین لەسەر کاغەز نییە، لەبەرئەوەی ئاخافتنیش جۆرە نووسینێکی دیکەیە، چەمکی نووسینی ئەسڵی، یا بنەڕەتی نەفەلسەفییەو نەئەدەبی، بەڵام ئێمە لەئەوەوە هەوڵ دەدەین لەناوەڕۆکی ئەدەب و فەلسەفە بگەین.

ئەوەی بەردەوام هەڵوەشاندنەوە جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە گوتار، یا دەق بەردەوام بەرهەم دەهێنرێتەوەو مردنی نووسەرە یا نێرەر نابێتە هۆی وەستاندنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانا لەبەرئەوەی هەر خوێندنەوەیەکی نوێ واتا بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێ، چونکە هەڵوەشاندنەوە پێی وایە هیچ دەقێک نییە دژکار لەناوەخۆیدا هەڵنەگرێت، بۆیە هەموو گوتارێک دژکار لەناوەخۆیدا هەڵدەگرێت ئەو دژکارەش لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی خوێندنەوەو تەئویلکردندا ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە هیچ ئامێر و ئامرازێک لەدەرەوە ناهێنێت تاوەکو دەقی پێ هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵکو کار لەهەمان ئامرازو ئامێری خاوەنی دەق دەکات و لەپێناو خزمەتی خۆیدا بەکاریان دێنێت.


## نووسین و جیاوازی

(جاک دریدا) لە نامەکەیدا کە بۆ پرۆفیسۆر (ئۆزتسۆ)ی ژاپۆنی ڕەوانەی کردبوو هەر لەنێو کتێبەکەش بەوەرگێڕانە عەرەبییەکەی بڵاو کراوەتەوەو خودی پرۆفیسۆر (ئۆزتسۆ)خۆیشی کتێبی (نووسین و جیاوازی) (دریدا) ی وەرگێڕابووە سەر زمانی ژاپۆنی و دوچاری هەندێک کێشەی زمانەوانی هاتبوو بەتایبەتیش سەبارەت بەوەرگێڕانی زاراوەی هەڵوەشاندنەوەو دەستنیشانکرنی چەمک و دەلالەتەکەی، لەم نامەیەدا (دریدا) پرۆفیسۆر ئاگادار دەکاتەوە کە هەڵوەشاندنەوە نەشیکارکردن و نەڕەخنەگرتن و نەمیتۆدە، بەڵکو ستراتیژییەتێکی تۆتالیتاریانەی هەمەکییە، بەڵام وەکو ئەوەی دیارە هەڵوەشاندنەوە فەلسەفەیەکی تایبەتە لەبەرئەوەی خاوەنی سیستەمێکی پەیوەستبووی زاراوەو چەمکی وایە خاوەنی سیماومۆرکی فەلسەفین و کار لەسەر گوتاری فەلسەفی دەکات هەر لە (ئەفلاتوونەوە تا دەگاتە پۆڵ ڕیکۆر) بۆیە فەلسەفەکاران وەکو فەلسەفەیەکی تایبەت و جیاواز کاری لەسەر دەکەن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. لەهەمان کاتیشدا ئەگەر هەڵوەشاندنەوە ڕاستەوخۆ وەکو میتۆدێک خۆی دەرنەخات، بەڵام خاوەنی میکانیزمی کارکردنی میتۆدییە لەبەرئەوەی میتۆدێک دادەهێنێت بۆچۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی دەق، بۆیە لەلای زۆر لەبیریاران وەکو میتۆدێک خراوەتە کارو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەگەر هەڵوەشاندنەوە شیکارو ڕەخنەگەراییش نەبێت ئەوە دیارە

لەکاتی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیەدا سەرەتا دەبێت دەق شیکار بکرێت و ڕەخنەی ئاراستە بکرێت، بۆیە زۆر لە بیریاران و هزرڤانان پێیانوایە هەڵوەشاندنەوە شیکارو ڕەخنەیەو هەر بەم شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

کەواتە هەڵوەشاندنەوە گەرایی هەموو ئەوانە لە خۆیەوە دەگرێت، شتێک لە فەلسەفە شتێک لە میتۆد، شتێک لە شیکارکردن، شتێک لەرەخنەگرتن، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە هەڵوەشاندنەوە پراکسیس کردنێکی ڕەخنەیی مەبەستدارە واتا مەبەست و ئامانجی خۆی هەیە کاری بۆ دەکات، ئەویش لەناوبردنی سێنتەری گوتاری باڵادەستیە لەبەرئەوەی ئەوگوتارەی هەڵوەشاندنەوەکاری لەسەر دەکات یا بەشێوەیەکی دیکە دەکەوێتە ژێر پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە گەرایی و هەڵدەوەشێنرێتەوە مەحاڵە جارێکی دیکە بەو شێوەیەی پێشووتر تێی برواندرێت، چونکە گوتار ئامێرو ماکینەیەک نییە دوای پارچە پارچەکردن و هەڵوەشاندنەوە جارێکی دیکە بەسترێتەوەو یەکبخرێتەوەو کارو فرمانی خۆی ئەنجام بدات، بونیادی گوتار کاتێک هەڵوەشێنرایەوە جارێکی دیکە یەک ناگرێتەوە لەبەرئەوەی ئەو پیرۆزیەی پێشووتری لەدەست دەدات، بۆیە زۆر لە بیریاران ئەوانەی دژایەتی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە دەکەن بە ستراتیژییەتێکی بەدرەوشتیان ناوزەد کردووە گوایە مەبەستی تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی بونیادی گوتارە، کەچی هزرڤانێکی وەکو (هیللیس میللەر) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە هەڵوەشاندنەوە منداڵێکە یاری بەکاتژمێری باوکی دەکات و دەیکاتە پارچە پارچەی وا کە جارێکی دیکە چاک نەکرێتەوە. بەڵام لەلای دژکاران ونەیارانی هەڵوەشاندنەوە گەراییدا ئەم منداڵە منداڵێک نییە بێ مەبەست و ئامانج بێت و نەزانێت چی دەکات، بەڵکو منداڵێکی مەبەستدارەو بەرائەتی منداڵی لەدەست داوە، منداڵێکی بەدرەوشتە لەبەرئەوەی باوکی خۆی دەکوژێت و ماکینەی میتافیزیکیای خۆرئاوا تێکدەشکێنێت بە شێوەیەک جارێکی دیکە چاک نەکرێتەوە، کەواتە ئەوە ئەگەر بە ڕوخساریش منداڵ بێت، بەڵام بەمەبەست منداڵ نییە، چونکە دەزانێت چی دەکات و بۆچی وا دەکات.

ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین وردتر ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوەگەرایی (جاک دریدا) بخەینەڕوو ئەوە دەبێت سەرەتا لە خودی سروشتی هەڵوەشاندنەوە گەرایی تێبگەین و هەوڵ بدەین تا ڕادەیەکی زۆر ئەم تەمەی بەدحاڵیبوون برەوێنینەوە کە دەورەیان داوەو ناهێڵن بە ڕوونی وەکو خۆی دەربکەوێت، ئەو بیروبۆچوون و هزرانە ڕاڤەبکەین کە پێیان وایە هەڵوەشاندنەوە ستراتیژیەتێکی



نیگەتیڤەو لە پێناو بەلاوەنانی عەقڵ و سێنتەری عەقڵیدا کاردەکات.

هەڵوەشاندنەوە ئەوە ڕەت دەکاتەوە قەبوڵی بیرۆکەی بونیاد بکات گوایە تەنیا یەک مانا دەبەخشێت، یا تەنیاو تەنیا لەنێو دەقدا یەک مەبەست لە خۆیەوە دەگرێت ئەویش مەبەستی سەرەکی دەقە، ئەو هێڵە هزرییەی (دریدا) وازی لەسەر دەکات هێڵێکی فراوان و بەرینەو ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت بەسانایی دەستنیشانی ڕەهەندو ڕووگەکانی بکات، ئەو هاتووە لەسایەی ئەم ستراتیژییەتەیەوە سەرجەم چەمک و زاراوە ئاڵۆزو نادیارەکانی هزرو فەلسەفەی ڕەخنەیی خۆرئاوای هەژاندو سەر لە نوێ لە قاڵبێکی نوێتردا دایانی ڕشتەوەو چەمک و دەلالەت و مانای نوێی پێ بەخشین، زاراوەی وەکو (ئامادەیی-نا ئامادەیی، واقیع-یۆتۆپیا، خۆرهەلات-خۆرئاوا، ئاخافتن-نووسین، ناوەوە-دەرەوە٠٠٠٠تاد).

ئەوە لەپاڵ زۆر لەو چەمک و زاراوانەی کە تا ئەوکاتە یەک ماناو دەلالەتیان لەخۆوە گرتبوو، بەردەوام شوێن پێی گەورە هزرڤانان و فەلسەفەزانانی خۆرئاوایی وەکو (ئەفلاتوون و ڕۆسۆ و هیگل و هایدگەر و٠٠٠تاد) کەوتووە، ئەوەش بەپێی ستراتیژییەتێکی هەمەلایەنە کەبەیەک وشە کورت کراوەتەوەو لەگەڵ ڕۆژگاردا بۆتە نازناوی پرۆسە هزرییەکەی ئەویش ( هەڵوەشاندنەوە)یە. کاتێک لە کۆڕێکدا پرسیار لە (دریدا) دەکەن گوایە ئەو بانگەشەی پرنسیپی کۆچکردن و جێهێشتن و دواخستن دەکات و بانگەشەی پرنسیپی جێگیر بوون ناکات، ئالێرەدا زۆر ئازایانە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە کارەکانی ئەو مەزنکردنی پرنسیپی بوونەو ڕەت کردنەوەیە بۆ پرنسیپی جێگیربوون، ئاماژە بۆ ئەزموونی خۆیشی دەکات و دەڵێت:(مەسەلەکان لەلایەن من زۆر ئاڵۆز دەردەکەون، ماوەی (٣٥) ساڵە خێزاندارم و ئەوەش زەواجێکە ئیسراحەتم بۆ دابین ناکات، چونکە من لە سێبەری ئەم زەواجەدا بەردەوام لە قەیراندام، چەند مرۆڤی سەڵت هەیە جێگیرەو چەندیش خێزاندار هەیە ونبووە).

### دریدا و ڕەوتی ڕەخنەی ڕۆشنگەری

یەکێک لەو خاڵانەی کە (دریدا) زۆر بەتوندی خۆی پێیەوە گرێداوە ئەوەیە کە بەتەواوی پارێزگاری لە هێڵی ڕەخنەی ڕۆشنگەری دەکات، واتا دانانی ڕۆشنایی و ڕۆشنگەری وەکو حەقیقەتێک کە پەیوەستە بە خودی مرۆڤ و لەنێو چوارچێوەی چەمکێکدا کە مرۆڤ جیادەکاتەوە، ئەوە لەکاتێکدا کە ئەم تەقلیدەی ڕەخنەی

ڕۆشنگەری لە خۆرئاوادا لەژێر کاریگەری هزری پۆست مۆدێرنیستیدا کەوتۆتە ژێر سەر لەنوێ پێداچوونەوەیەکی ڕادیکالیانە، بەشێوەیەک سیستەم و چەمکە بونیادنراوەکانی دەگرێتەوە ئەوەی ئەو هێزە ڕەخنەییە کاریگەرەش بە هەڵوەشاندنەوە گەرایی دەبەخشێت، ئەوەیە کە بەپێی پرنسیپەکانی ئەم هێڵە ڕەخنەییە سێ بوارو ئاستی تەواوکارو تۆتالیتاری نێو دەقی گوتار دەخاتە ژێر پرسیارو شیکارو ڕاڤەکردن، لایەنی ئەپستمۆلۆژی و ئەخلاقی و ئێستاتیکی، ئەم سێ لایەنەش وەکو ئەوەی لەمێژووی دوورو درێژی فەلسەفەدا دیارە بەتایبەتیش لەگەڵ پرۆسەی ڕەخنەییەکەی (کانت)ەوە تا دەگاتە ڕەوتە جیاجیاکانی شیکارو ڕاڤەکردنی ڕەخنەیی و میتۆدە نوێیەکان بایەخی لەرادەبەدەرو زیادیان پێدراوە، ئەوەش ئەو خاڵەیە کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەهێڵی گشتی ڕەخنەی ڕۆشنگەری پەیوەست دەکات، بۆیە ئێمە کاتێک گەرەکمانە ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی و ئەخلاقی و ئێستاتیکییەوە نمایش بکەین ئەوە ئەو ویستەی ئێمە لەوەوە سەرچاوە ناگرێت کە ویستێکی خودی، یا تێڕامانێک و ڕوانگەیەکی تایبەتی ئێمە بێت بۆ ئەم پرۆسە هزرییە، بەڵکو هەموو ئەم بەهایانەی کە (دریدا) خستیە نێو دیالۆگی فەلسەفی لەو ئیشکالیەتە ئیستاتیکی و ئەخلاقی و ئەپستمۆلۆژییەوە سەرچاوە دەگرن. ئەو هەڵوەشاندنەوە گەراییەی (جاک دریدا) وێنای دەکات گوایە ڕماندن و هەڵوەشاندنەوەیەکی میتۆدییە، پرۆسەیەکە بۆ لەباریەک هەڵتەکاندنی بونیادی میتافیزیکیای ئەوروپی، بۆیە لەیەکەم تێڕاماندا دەشێت واتێی بڕواندرێت کەوا هەوڵ و کۆششە بۆ هەڵتەکاندنی بونیادی هزری ڕەخنەیی کەلتووری فەلسەفی کە لەبنەچەدا بەشێوەیەکی وا دامەزرا بێمانا دەکات و دەیانخاتە ژێر پرسیارو دیالۆگ، ئەم شێوازە کۆنترۆڵکراوەی کە بەجیدی لەسەر ئاستی سیستەمی فەلسەفی (هیگڵ) و سیستەمە زمانەوانییەکەی (سۆسێر)دا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت، (دریدا) دێت هەوڵ دەدات ئەم دوو سیستەمە هەڵبوەشێنێتەوە ئەوەش لەڕێگای ئاشکراکردن و دۆزینەوەی خاڵی ئیشکالیەت و دژکاری نێو خودی سیستەمی فەلسەفی زمانەوانی، بۆیە ئەم دیالۆگەی کە ئەو لەسایەی ئەم پرۆسە هزرییەوە ورووژاندنی، ئەم ڕەخنە توندانەی ئاراستەی سیستەمە فەلسەفیەکان و بونیادگەری کرد لەخودی کولتووری فەلسەفی و ئێستاتیکی ئەڵمانی جیاناکرێتەوە، لێرەدا مەبەستمان لەکولتووری فەلسەفی ئەڵمانی دیارە بەرادەی سەرەکی



(کانت و هیگڵ و نیتشەو هۆسرل و هایدگەر)ە. کەواتە بۆ تێگەیشتن لە (دریدا)و ئەو هزرڤانە ئەمریکیانەی شوێنکەوتووی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوەن لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەمە وا پێویست دەکات سەرەتا ئێمە هەندێک کێشەی سەرەکی ئایدیالیزمی ئەڵمانی بخەینە بەرچاو، کێشەی وا کە دەبنە هێمای سەر ڕێگای ناسین و شارەزابوون لە هەڵوەشاندنەوەگەرایی، سەرجەم کێشەکانیش لەنێو بیرۆکەی ئیستاتیکی و ئەخلاقی تێڕوانینی فەلسەفەکاران لەنێو کاری هونەری و دەقدا خۆی دەردەخات ئەم کێشانەی جگە لەم دوولایەنە لەسەر ئاستی سیمیۆتیکایەوە خۆیان دەردەخەن ئەوەش لەکاتی وێناکردنی دەلالەتی زمانەوانی و هونەری و شتی دیکەی پەیوەست بەمانا لەنێو دەقی گوتاردا. ئەوەیە ئەم ڕەوتەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئایدیالیزمی ئەڵمانی جیادەکاتەوە ئەوەیە لەکاتێکدا-بۆ نموونە-(هیگڵ) پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت گوایە دەشێت کاری هونەری و دەقی ئەدەبی و یەک بونیاد و چەمکی دەلالەتکراوی تاک ڕەهەندو یەک مانا بگێڕدرێتەوە، ئەوە (دریدا) جەخت لەسەر فرەمانایی ماناو فرەدەلالەتی دال دەکاتەوە، لێرەدا دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بکەین کە (کانت) بیروبۆچوونی جیاوازە سەبارەت بەم مەسەلەیە چونکە بەرەو ئەوە دەچێت کە دەشێت دەلالەتی هونەری وەکو کۆمەڵێک دالی فرە دەلالەت تێی بڕواندرێت.

**جاک دریدا..**

**کۆتایی کتێب و سەرەتای نووسین**

(جاک دریدا) لەکتێبی (نووسین و جیاوازی) دا، بەشێک بەناوی (کۆتایی کتێب و سەرەتای نووسین) تەرخان دەکات. لەم بەشەدا زۆر بە قووڵی ڕۆدەچێتە نێو بابەتی زمان-وتراوو نوسراو-، لەوێدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کێشەی زمان، بەدرێژایی مێژوو هەرگیز وەک کێشەکانی تر، یان وەک کێشەیەک خۆی دەرنەخستووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز کاری وای لەسەر نەکراوە وەک ئەوەی ئێستا کاری لەسەر دەکرێت، کەواتە مەزن کردنی ئەم هێمایە-زمان-بریتییە لە مەزنکردنی هێما خۆی، بەڵام با ئێمە بپرسین ئەم هێمایە-زمان-بۆ لەم چرکەساتە مێژووییەدا وا مەزن کراوە؟ بۆچی ئەم هەموو بایەخە بەزمان و کاری زمان؟ لەلای (دریدا) ئەم بایەخە بە زمان ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە سەردەمانێکی مێژوویی-میتافیزیکی تێپەڕ- ئێستا لە کۆتاییدا پێویستە لەسەری پانتایی ئیشکالییەتی خۆی، سەرجەم ئیشکالییەتەکانی وەک زمان دەستنیشان و دیاری

بکات، بەڵام چی پاڵ بەم سەردەمە مێژوویی و میتافیزیکییەوە دەنێت، سەرجەم ئیشکالییەتەکانی خۆی لەسایەی خودی ئیشکالییەتی زمانەوە بخاتەڕو؟ ئەوەی پاڵی پێوەدەنێت و ناچاری دەکات ئەوەیە کە خودی زمان کەوتووەتە ژێر کاریگەری و فشاری لەنێو چوون و پەرتەوازەبوون و ئاڵۆزی و گەیشتۆتە ئاستێک کە سنوورەکەی دیار نییەو دەستنیشان ناکرێت، لە بزاڤێکی هێمن و لەسەرەخۆدا خەریکە سەرجەم کێشەکان بە درێژایی ئەم بیست سەدەیەی ڕابردوودا خۆیان لەژێر ناوی زمان کۆدەکەنەوە. ئەگەر کەمێک وردتر بڕوانینە ئەم بۆچوونە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە دیارە لەسەدەی بیستەمدا، زمان وەک بابەتێکی زانستی و فەلسەفی، بەهێزو گوڕوتینێکی گەورەوە، سەرجەم گۆڕەپانی هزرو فەلسەفەی ئەورووپی کۆنترۆڵ کردووە، تەنانەت زۆربەی هەرە زۆری فەلسەفەکارو هزرڤانانی ئەم سەدەیە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان نا ڕاستەوخۆ، بەڵام ڕاڤەکردن و لێکدانەوەو شیکاری زمانەوانییان هەبووە، میتۆدە هزرییەکان بەشێکی بایەخی خۆیان بۆ زمان تەرخان کردووە، بونیادگەری و سیمیۆلۆژیا و هەڵوەشاندنەوە، ئەوەندەی کاریان لەسەر زمان کردووە، کاریان لەسەر هیچ شتێکی تر نەکردوە، فەلسەفەو ڕێبازە فەلسەفییەکانیش، نەیانتوانیوە خۆیان لەم بایەخەی زمان بە دوور بگرن، فەلسەفەی شیکاری لەو بڕوایەدایە کاری فەلسەفە تەنیاو تەنیا شیکارکردنی زمانە، بگرە فەلسەفەی شیکاری لەبەریتانیا، بەناوی فەلسەفەی زمانەوانی ناوزەد دەکرێت، فەلسەفەی شیکاریش بەپێی دوو میتۆدو دوو ئاست کاری کردووە، یەکەمیان بونیادنان و داهێنانی زمانی نموونەیی دروستکراوو داتاشراو بە پێی بنچینەی لۆژیکی و سیمانتیکای لۆژیکی، ئەم زمانە نوێیانە بۆ ئەوەیە تا لەبواری زانستییە جیاجیاکاندا، وەک زمانی زانستی تایبەت بەکاربهێنرێت. دووەمیان ئەنجامدانی توێژینەوەی مێژووییە بۆ ئەو زمانە سروشتییانەی کە بونیادنراون و بوونیان هەیە.

توێژینەوەی فەلسەفەکارە شیکارییەکان بەمانای وشەی فەلسەفە توێژینەوەی فەلسەفی یا مەعریفی نییە، بەڵکو تەنیاو تەنیا توێژینەوەی لۆژیکی عەینی و زمانە عەینییەکانە. فەلسەفەی زمانەوانی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە فەلسەفە تێڕوانینێکی تۆتالیتاری و گشتگیر بێت بۆ جیهان، بگرە کێشە فەلسەفییەکان خۆشیان بە نیمچە کێشە دەزانێت و بۆ ئەوەیان دەگێڕێتەوە، گوایە فەلسەفەکاران ناتوانن لە سروشتی ڕاستەقینەی زمان بگەن، واتا زمان ئاڵۆزی بۆ هزر دروست دەکات. بەلای



ئەوانەوە کاری فەلسەفە ئەوەیە ئەم کێشانە چارەسەر بکات کە ئەوان بەکێشەی بەهەڵە بەکارهێنانی وشە ناوی دەبەن، واتا فەلسەفە لە بنەڕەتدا، هیچ کێشەیەکی نییە تەنیا ئەوەنەبێت کە بە هەڵە وشەو زمان بەکاردەهێنێت و کێشەی زمانەوانی لەلای فەلسەفەکاران دەبێتە کێشەی فەلسەفی، کەواتە فەلسەفەی زمانەوانی پێی وایە تاکە مەبەست و ئامانجی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی، شیکارکردنی زمانە، ئەم هەموو بایەخە مەزنە بە شیکارکردن و لێکدانەوەی زمان لەلای (دریدا) بووە هۆی داهێنانی ئەم بیرۆکەیەی کە پێی وایە سەردەمانێکی مێژوویی میتافیزیکی کێشەکانی خۆی ئەمجارە لەسایەی زمانەوە دەردەخات. ئێمە بینیمان چۆن کێشەی فەلسەفی بوو بە کێشەی زمانەوانی، ئەم مەسەلەیەی زمان لەلای ئەو خۆی لەنووسین بەرجەستە دەکات و پێی وایە هەموو شتێک بەرەو ئەوە دەچێت وەک ئەوەی چەمکی نووسین لەمە بەدواوە واز لەوە بێنێت کە گوایە دەلالەت لە شێوەیەکی تایبەتی دەکات و لقێکی لاوەکییە لە شێوەکانی زمان، بەشێوەیەکی تر ئەگەر نووسین تا ئێستا وا سەیر کرابێت گوایە دالی دالێکە، ئەوە دیارە ئێستا چەمکی نووسین دەستی کردووە لە ئاستی زمان تێپەڕ دەکات وەک ئەوەی نووسین زمانیش لەناوە خۆی بگرێت.

### ڕۆسۆ و سۆسێر..
### بنەچەی زمان و زمانزانی گشتی

توێژینەوە زمانەوانییەکان لەبەرەو پێشڤەچوونی خۆیاندا زۆر چەمک و دەلالەتی کۆنییان نەک هەر بەلاوەنا، یان گۆڕی، بەڵکو سەراوژێریان کردەوە، ئەو توێژینەوانەی لە بنەچەدا بۆ (جان جاک ڕۆسۆ) ی هزرڤانی فەرەنسی دەگەڕێتەوە، پاش ئەوەی لە هەنگاوێکی بوێرانەدا، کتێبی (بنەچەی زمانەکان) ی نووسی، دواتریش توێژینەوە زمانەوانییەکان هەر بەردەوام بوون، بەڵام خاڵی سێنتەر و پڕ لە گۆڕانی بابەتە زمانەوانییەکان لەگەڵ (فردیناند دی سۆسێر) دەست پێدەکات، بەتایبەتیش کتێبە ناودارەکەی (زمانزانی گشتی)، لەدوای ئەویش دەستەو گرووپی زۆر توێژینەوەی زمانەوانییان کردە تایبەتمەندی خۆیان و دەسکەوتی گرنگیان بەدەستهێنا، ئێمەش لەم بەشەدا بەپێی پێویست ڕاو بۆچوونەکانیان دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە و بەتایبەتیش وەک لەم کتێبەماندا دیارەو کارمان کردوەو بایەخ بەڕاو بۆچوونەکانی (جاک دریدا) دەدەین و لەسایەی خوێندنەوەی ئەوەوە، بۆ مەسەلەی زمان و چەمکی گراماتۆلۆژیا، خوێندنەوەی خۆمان ئەنجام



دەدەین.

گراماتۆلۆژیا-زانستی نووسین، یەکێکە لەو چەمکە بنەڕەتییانەی پرۆژەی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوەی لەسەر بونیادنراوەو (دریدا) ش گراماتۆلۆژیای بۆ ئەوە پێشنیارکرد تا لەبەرانبەر میتافیزیکیای ئامادەبووندا بیچەقێنێت، میتافزیکیای ئامادەیی بەهۆی سێنترالیزمی لۆگۆسی کە لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەی فۆنۆسێنترالیزم- ناوەندێتی دەنگ هاتووەتە بوون و پێکهاتووە، ئەوەش واتا بایەخ و پەرەپێدان بە ئاخافتن و گوتە زارەکییەکان و بەلاوەنان و بە پەراوێزکردنی کردەی نووسین و تۆمارکردن، (دریدا) لەسایەی پرۆژەی گراماتۆلۆژیادا پرۆژەیەک بۆ نوێکردنەوەی هزر دادەمەزرێنێت ئەوەش بەسەراوژێرکردنی ئەو شێوازە ڕێکخراوە تەقلیدییەی کە بایەخ بە ئاخافتن دەدات لەسەر حیسابی نووسیندا و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی نووسین وەک ئامادە نەبوونی قسەکەرو ئامادە نەبوونی وشیاری خودی مرۆڤی قسەکەر کە دەخرێنە سەر ماناو دەلالەت دەکرێت ئاراستەی قسەی سەر زارەکی و گوتراویش بکرێت، کەواتە لە بری ئەوەی ئێمە نووسین وامەزندە بکەین، گوایە هەڵهێنجراوێکی مشەخۆری ئاخافتن و گوتنە، دەشێت وا ببخەینە ڕوو کە ئاخافتن خۆی لە نووسین وەرگیراوە و هەڵهێنجراوە، بەوەش (دریدا) دەگاتە گریمانی ئەوەی دەشێت نموونەیەکی سەرەتایی نووسین و نووسراو بوونیان هەبێت، بەم شێوەیەش ئەویش گریمانێکی وەک گریمانەکەی (دی سۆسێر) ی خستەڕوو، (دی سۆسێر) لە کاتی توێژینەوە زمانەوانییەکانیدا، گریمانی ئەوەی کردبوو، گوایە سیمیۆلۆژیا بەر لە سەرهەڵدانی کردارەکییانەی وەک میتۆدێکی زانستی ئاماژەکان بە کردارەکییانە بوونی هەبووە، بەڵام ئێمە کاتێک لەم گریمانەی (دریدا) ورد دەبینەوە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە گوایە دەشێت گریمانی ئەوە بکەین کە ئاخافتن خۆی لە نووسین وەرگیراوە و هەڵهێنجراوە، دەگەینە ئەو باوەڕەی ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووییەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، ئەوە ئەم ڕایە زیاد لە پێویست توندڕەوی پێوەدیارە، بەڵام بەدەر لەمێژووییەوە دەشێت بۆچوونەکەی لە ڕاستییەوە نزیک بێت، چونکە ئەم سەراوژێرکردنەی ئەنجامی دەدات، زیاتر مەبەستی گومانکردن و لێکدانەوەیە، زیاتر بە مەبەستی لێکۆڵینەوەیە لە پێوەندی نێوان نووسین و ئاخافتن و دۆزینەوەی بنچەیەکی لۆژیکی بۆ پێوەندی نێوان هەردوو ڕووی زمان، چونکە زمان بە چەمکە گشتییەکەی، هەردوو ڕوو لە خۆیەوە دەگرێت، ئاخافتن و نووسین، جگە لەوەی ڕاستەوخۆ ئەم گریمانەیە پەیوەستە بە بیرۆکەی ئەسڵ و جیاوازی وەک ئەوەی دواتر باسیان دەکەین و دەیانخەینە ڕوو.

(دریدا) مەبەستییەتی ئەوە بخاتە ڕوو کە ئەو عەقلانییەتەی ئێستا نووسین ئاراستە دەکات لە لۆگۆسەوە نەهاتووە و سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو گەرەکییەتی هەموو ئەو دەلالەتانە تێکبشکێنێت کە لە دەلالەتەکانی لۆگۆسەوە سەرچاوە دەگرن، واتا ئەو مەبەستییەتی بەدەر لە لۆگۆس و هزری میتافیزیکی، دەلالەتی نوێ و فرەو جیاواز ببەخشێت، لێرەدا تێکشکاندن مانای خاپوورکردن بەدەستەوە نادات، بەڵکو بەپێی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە، مانای هەڵوەشاندنەوە دەبەخشێت، یەکێک لەو بابەتانەی گەرەکییەتی هەڵی بوەشێنێتەوە، ماناو دەلالەتی (ڕاستی)یە، چونکە هەموو ئەو دەلالەت بەخشین و دەستنیشانکردنانەی میتافیزیکیا بۆ چەمکی ڕاستی، ناکرێت لە لۆگۆس جیا بکرێتەوە، یان بە لایەنی کەم عەقلێک کە لە لۆگۆس-ەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە دەستنیشانکردنی ماناو چەمک بەخشین و دەلالەت بەخشین، بەردەوام لە لۆگۆس-ەوە سەرچاوەی گرتووە، جا ئێمە ئەم لۆگۆس-ە، بە هەر شێوەیەک تێبگەین و ڕاڤە بکەین، پێوەندی بنەڕەتی و بنچینەیی لۆگۆس بە دەنگ-فۆنەتیک- هەرگیز نەپچڕاوە، چونکە لەگەوهەردا، دەنگ لایەنێکی هزرە، لەبەر ئەوەی هزریش بەمانا عەقڵییەکەی بۆ خۆی لۆگۆس-ە، کەواتە لۆگۆس لەسایەی دەنگەوە، ماناو دەلالەت دیاری دەکات و بەرهەم دێنێت(٣). ئەگەر (ئەرستۆ) پێی وابووە ئەو لەرینەوانەی نێو دەنگ، ڕەمزی بارودۆخ و حاڵی ڕۆحن، وشەی نووسراویش ڕەمزی ئەو وشانەیە کە دەنگ پەخشیان دەکات، ئەوە لەبەرئەوەیە، چونکە دەنگ کە یەکەم بەرهەمهێنەری ڕەمزە بەراییەکانەو ڕاستەوخۆ بەرۆحەوە پەیوەستە، کەواتە ڕۆح کە یەکەم بەرهەمهێنەری دالەکانە، ئەوا ئەم دالانە، ڕەنگدانەوەی حاڵەتی ڕۆحن.

بەم شێوەیە (دریدا) هەر لە فەلسەفەی گریکی کۆنەوە، ئەم بارودۆخ و حاڵەتە ڕاڤەدەکات کەوایان لە دەنگ کردووە ببێتە دەربڕی ڕۆح و حاڵەتەکانی و لێکدانەوەی دەلالەتەکانی دەنگیشیان بە لۆگۆس بەخشی. بەپێی پرۆسەیەکی مێژوویی قووڵ، مانای ئامادەیی و بوون، پەیوەستی دەنگ و فۆنەتیک بووە، بەم شێوەیە سەردەمی باڵادەستی لۆگۆس، ئەم سەردەمە بووە، تێیدا لە شوێن و پێگەی نووسین کەم کراوەتەوە و بە ئاستێکی نزمتر نمایشکراوە و سەیرکراوە و هەر لەم سەردەمەشدا، دال و مەدلوول هاوتەریب و هاوشانی یەکتری کراون بەشێوەیەک نابێت یەکتر ببڕن.



## دریداو گراماتۆلۆژیا

(دریدا) لەنێو کتێبی-گراماتۆلۆژیا-دا خوێندنەوەیەک بۆ زانای زمانەوانی (دی سۆسێر) ئەنجام دەدات و ئەو بەها تەقلیدییانە دەخاتە نێو چوارچێوەی گفتوگۆ کە پەیوەستن بە پێوەندی نێوان وشەو نووسین و پێی وایە (سۆسێر) وشیارانە زمانەوانییە بونیادگەرییەکەی خۆی لەسەر بنەما فۆنۆلۆژییەکان دامەزراند، ئەوەی بەووردی بڕوانێتە کارەکەی ئەوە بەدی دەکات کە ئەو زیاتر لە فۆنەتیک و لۆگۆسی کۆڵییەوە، نەوەک لە شێوەکانی نووسین و بەرهەم، لەبەرئەوەی نووسین لەلای ئەو جێگای بایەخ نەبوو، ئەوەی جێگای بایەخ بووە زیاتر ئاخافتن بوو، لەلای (سۆسێر) دال وەک وێنەیەکی بینراو خرایە ڕوو، لە کاتێکدا دەبوو وەک شێوەی نووسراو پیشان بدرێت، لەبەرئەوە فۆنۆسێنترالیزم، دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لە سێنترالیزمی لۆگۆسی، بەڵام ئایا (فردیناند دی سۆسێر) لە کتێبی (زمانزانی) زمان لێکدەداتەوە؟ لەلای ئەو مەعریفەی ئێمە سەبارەت بە جیهان و بۆ جیهان، لەسایەی چەند شێوەیەکدایەو ئێمەش ناتوانین خۆمانی لێ دەرباز بکەین، بەڵام ئەم مەعریفەیە، ڕاستەوخۆ بەو زمانەوە پەیوەستە کە خودی ئەم شێوانەمان لەسەر پیشان دەدات، لەلای ئەو زمان بریتییە لە تۆڕێکی جیاوازی مانادارو هیچ پێوەندییەک بوونی نییە لەنێوان دەربڕاوو ئەو شتەی دەری دەبڕێت، بە مانایەکی تر هەموو وشەیەکی دەربڕاو ماناو دەلالەتە لە شتێک، بۆیە تەنیا جیاوازی دەنگە دەبێتە هۆی ئەوەی جیاوازی مانا بەرهەم بێنێت، زمان لەلای ئەو سیستەمێکە لە ئاماژە، دەنگەکانیش تا ئەو سنوورەی گوزارشت لەبیرورا دەکەن، زمانن و کێشەکەش لەدیاریکردنی سروشتی ئاماژەدایە چ شتێک شوناس بە ئاماژە دەبەخشێ و وای لێدەکات، فرمانی خۆی جێبەجێ بکات؟

ئاماژە دوو تایبەتمەندی هەیە یەکەم: ئاماژە خۆڕسک و هەڕەمەکییە، چونکە هیچ پێوەندییەک نییە لەنێوان ئەو دەنگەی هەڵی دەگرێت و ئەو مانایەی پیشانی دەدات.

دووەم: ئاماژە بەتایبەتمەندییە خودییەکانی خۆی دیاری ناکرێت، بەڵکو بەو جیاوازییانەی کە لە ئاماژەکانی تری جیا دەکاتەوە، دیاری دەکرێت و لەسەر ئەم بناغەیە، زمان دەبێتە سیستەمێک لە جیاوازی، لێرەشدا (سۆسێر) لەڕوانینی هەڵوەشاندنەوەیی نزیک دەکەوێتەوە، دیارە لەم ڕووەوە (دریدا) کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو، ئەم ڕوانینە بەرەو زنجیرەیەک جیاکاریمان دەبات لەوانە:

١- زمان بەو سیفەتەی سیستەمێکە لە جیاوازی و ئاخافتن، پشت بەم سیستەمە دەبەستێ (زمان-گوتن).

٢- زمان لە داڕشتنەوەیەکی زەمەنی دیاریکراو، زمان لە گەشەکردنی مێژووییدا (سانکرۆنی-دایاکرۆنی).

٣- زمان سیفەتی چەندین پێوەندی ئاسۆیی دابەشکراو، زمان وەک چەندین پێوەندی ستوونی ئەزموونکاری (سانتاگماتیک-براگماتیک).

٤- بوونی دوو پێکهێن لە ئاماژەدا، واتا (دال-مەدلوول).

دامەزراندنی سیستەمی زمانەوانی لەسەر جیاوازی ئەو وێناکردنە باوە هەڵدەوەشێنێتەوە کە پێی وایە زمان کۆمەڵە بێژەیەکی نزیکی یەکترین و سیستەمێکی دال پێکدەهێنن، بێژەکان قەوارەی پۆزەتیڤ نین. لەم ڕووەوە (دریدا) پێی وایە گەمەی جیاوازییەکان پرۆسەی دواخستنێکی بەردەوام لەخۆ دەگرێت کەوا دەکات قسە لەسەر بوونی ئەو ڕەگەزە ساکارانە نەکرێت لە خۆیانن و سەربەخۆیانن، لە ئاخافتنی گوتراوو نووسراودا هیچ ڕەگەزێک نییە، وەزیفەی ئاماژە جێبەجێ بکات بێ ئەوەی بچێتە ناو ڕستێ پێوەندی لەگەڵ ڕەگەزە نائامادەکاندا، ئەمەش مانای وایە کە هەر ڕەگەزێکی (فۆنیم یا گرافیم) کاتێک دروست دەبێ کە ئاماژە بۆ بەرهەمێک لە خۆیدا بکات بە پەیوەست لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری سیاقەکەدا. ئەم پەیوەست بوونە یا ئەم تۆڕەش بریتییە لە دەق.

(ڕۆلان بارت) دەڵێت: (زمان بەشێوەیەکی گونجاو لەنێو ئەو جەماوەرەدا بوونی نییە کە قسەی پێ دەکات و مرۆڤیش ناتوانێت ئاخافتن کۆنترۆڵ بکات تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە پشت بە زمان دەبەستێت، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەشداو زمان ئەوکاتە مومکین دەبێت کە دەست دەکرێت بە ئاخافتن، لەلایەنی مێژووییەوە ئاخافتن بەسەر دیاردەی زماندا زاڵەو ئاخافتنەکە زمان بەرهەم دێنێت و لەلایەنی بۆماوەشەوە، ئەوا زمان لەلای مرۆڤ، لەسایەی فێربوونی ئاخافتنەوە لە ژینگەدا بەرهەم دێت).

ئەگەر بڕوانینە ئەم گوتەیەی (بارت) دەتوانین بەسانایی ئەوە بەدی بکەین، چۆن ئەویش جیاکاری دەخاتە نێوان ئاخافتن و زمان، لێرەدا ئەگەرچی وەک سیستەمێک قسەی لەسەرکراوە، بەڵام ئاخافتن باڵادەستەو بەبەرهەمهێنەری زمان وەسف کراوە، ئەم گوتەیەی (بارت) پشت بە زمانەوانی (سۆسێر) دەبەستێت، (دریدا) کاتێک (سۆسێر)ی خوێندەوە پێی وابوو کە:

١- لەنێو زمانەوانی ئەودا، نووسین شوێنگەو پلەو پایەیەکی نزمتری هەیە لە ئاست ئاخافتندا.

٢- ئەم ستراتیژییەتە، ئەگەرچی دژکاریش لەناوەخۆ



دەگرێت، بەڵام بەپەلە گەشە دەکات.

٣- بەچاودێری کردن و بەدواداچوونی ئەم دژکارییانە، ئەوا هەندێکیان بەرەو میتازمانەوانی و گراماتۆلۆژیامان دەبەن.

(تزڤێتیان تۆدۆرۆف) بۆ پێناسەکردنی چەمکی نووسین، دەگاتە ئەو باوەڕەی مانای وشەی نووسین ئەوەیە کە بریتییە لە سیستەمێکی نەخشێنراوی زمانی نووسراو، بەڵام بەمانا گشتییەکەی بریتییە لە هەموو سیستەمێکی شوێنگەیی و دەلالەتی بینراو، واتا لای (تۆدۆرۆف) نووسین خاسیەتی بەدیکردن و بینینی هەیە، ئەو خاسیەتەیە، نووسین لە ئاخافتن جیادەکاتەوە، چونکە ئاخافتن توانای شوێنگەیی و بەدیکردنی تێدانییە. (جۆناتان کیلەر) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نووسین خۆی وا نمایش دەکات وەک ئەوەی زنجیرەیەک ئاماژەی بینراو بێت کە بە نائامادەیی قسەکەرو خاوەنەکەی کاردەکەن، بۆیە نووسین بە پێچەوانەی ئاخافتن و دواندن، لەسایەی سیستەمێکی ماددی لەسایەی ئاماژەوە بەرجەستە دەکرێت، کەچی ئاخافتن تەنیا لەسایەی دەنگەوە خۆی دەردەخات. (ڕۆمان جاکۆبسن) پێی وایە زمانی نووسراو بەرەو ئەوە دەچێت تایبەتمەندییە بونیادییە جیاکارییەکانی خۆی پێشڤەببات تا ئەو ئاستەی مێژووی هەردوو شێوازی زمانی سەرەکی ئاخافتن و نووسین پردەکات لە شلەژانی شێوەزاری و دوورکەوتنەوەو کێشکردنی هاوبەشیش لەنێوانیاندا بەرهەم دێنێت. لێرەدا بەپێی ئەم بۆچوونەی (جاکۆبسن) ئێمە لەنووسیندا دوو جۆرە ئاماژە بەدی دەکەین، زمان کە پەیوەستە بە گوێگرتن و بیستن، واتا لەسایەی ئاخافتنەوە جگە لەوەی ئێمە نووسینەکە خۆشی وەک نەخشێنراوێکی ئاماژەو دەلالەکان بەدی دەکەین. بەم شێوەیە نووسین مۆرکێک و سیفەتێکی تریش بەسەر زماندا دەسەپێنێت، ئەویش ئەوەیە کە زمان وەک ڕاستە هێڵێکی خاوەن سیستەمێکی بەدوایەکدا هاتوو، بوونێکی ماددی لەنێو بۆشاییدا دەردەخات، ئەوەش مۆرکێکە ئاخافتن ناتوانێت دەسگیری بکات.

نووسین، پێویست بەوە ناکات قسەکەر خۆی ئامادەیی هەبێت، واتا نوسین چەمک و مانای خۆی دەبەخشێت و دەستبەرداری خاوەنەکەی دەبێت، هەر ئەوەش بوو وای لە (ڕۆلان بارت) کرد مردنی نووسەر ڕابگەیەنێت، گوایە دوای بەرهەمهێنانی دەق و گوتار، ئەوا نووسەر بوونی هەبێت یا نەبێت هیچ لە مەسەلەی بەخشینی مانا ناگۆڕێت، چونکە نووسین دوای ئەوەی خرایە ڕوو، تاک مانایی و باوکێتی نووسەر قەبووڵ ناکات. ئاماژە نووسراوو نەخشێنراوەکانی سەر کاغەز، جیاوازن لەگەڵ ئەو دەنگانەی کە لەنێو هەوادا هەن لەکاتی ئاخافتن و قسەکردندا، لەبەرئەوەی ئەم دەنگانەی نێو هەوا ئەگەر تۆمارنەکرێن ئەوا لەگەڵ کۆتایی هاتنی قسەکردندا ون دەبن. کەچی نووسین ون نابێت، بەڵکو ئەوە یەکێکە لەو تایبەتمەندییە گرنگانەی نووسین لە ئاخافتن جیا دەکاتەوەو ڕەنگە ئەوەش هۆکاری ئەوە بێت کە هەندێک لە هزرڤانان و فەلسەفەکاران ڕقیان لە نووسین بووەتەوە، چونکە ترسی ئەوەیان هەبووە کە نووسین خاوەنی هێزێکی تێکدەرو خاپوورکەرەو دەشێت ئەو ڕاستییە فەلسەفییانەی فەلسەفەکاران خۆیان گەرەکیانە تێکبشکێنێت ئەم بۆچوونەی فەلسەفەکارانیش لەسەر بنەمای هزری ئەبستراکت بونیادنراوە، هزری وەک لۆژیک و ئەو گریمانانەی پێیان وایە تەنیا و تەنیا لەسایەی گوتنەوە ڕاستی بەخشن و کاتێک لەسەر کاغەز تۆمار دەکرێن و دەنووسرێنەوە، پیس دەبن.

## ئاخافتن و نووسین

دوالیزمی مێژوویی ئاخافتن و نووسین، ئەو بەلاوە نان و ململانێیە، لەلای (دریدا) زاراوەی توندوتیژی لەخۆوە دەگرێت و پێی وایە کە ئاخافتن بە ئامادەگی قسەکەر خۆیەوە پەیوەستە، ئەوا بە پێچەوانەوە لە حاڵەتی نووسیندا، ئامادەگی قسەکەر خۆی شوێنێکی گرنگ داگیر ناکات، بەڵکو ئامادەگی و نائامادەیی مەسەلەیەکی بێ بایەخ و لاوەکییە، دواتر (دریدا) دێت زاراوەی (پاشبەندکردن، یان تەواوکار) ڕاڤە دەکات، بۆ ئەوەی لەسایەیەوە پێوەندی نێوان ئاخافتن و نووسین ڕێکبخات، پاشبەندکردن بەمانا زمانەوانییەکەی و لەنێو زماندا بەمانای شتێک دێت کەشتێکی تر تەواو دەکات یان دەچێتە سەر شتێکی تر، ئەوەش مانای دانپێدانانە بەوەی کە بابەتی سەرەکی ناتەواوە و پێویستی بەم پاشبەندەوە هەیە، تا مانای هەمەکێتی و تەواوکاری خۆی بەدەست بێنێت، واتا بەبێ پاشبەند بەناکاملی و ناتەواوی و خۆی نمایش دەکات.

لێرەدا دەبینین لەلای (ڕۆسۆ) نووسین تەواوکارو پاشبەندی ئاخافتنە، ئەوا (دریدا) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە گوایە نووسین بەهیچ شێوەیەک دوالیزم و بەدوایەکدا هاتووی ئاخافتن نییەو مەرجیش نییە نووسین هاوتەریب و هاوشانی ئاخافتن بێت، بەڵکو لەلای ئەو نووسین پەیوەستە بەهەندێک مەسەلەی تر جگە لەئاخافتن و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دەشێت لەلای هەندێک لەگەلان زوو سەرهەڵبدات و لەلای هەندێکی تریش دوابکەوێت، چونکە ئەو مەسەلەیەی سەرهەڵدانی نووسین

لەلای (ڕۆسۆ) بەتەمەنی گەلان و شارستانییەتەکانەوە پەیوەست نییە، ئەو کاتێک قسە لەسەر شێوازەکانی نووسین و سروشتی نووسین دەکات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەرچەند پێداویستییەکان و کارو فرمانەکان ئاڵۆزتر بن، ئەوەندە زمان سروشت و مۆرکی خۆی دەگۆڕێت و زیاتریش بەرەو ماقوولێیەت هەنگاو دەنێت و لە سۆز دوور دەکەوێتەوە، بۆیە نووسین لە بری ئەوەی هەست و نەست بخاتەڕوو، دێت هزر و بۆچوون دەخاتە ڕوو و دەنووسێتەوە، لەبەرئەوەی خستنەڕووی دەربڕینی هەست و نەست لە ڕێگای ئاخافتنەوە دەبێت، کەچی خستنەڕووی هزرو بۆچوون لە ڕێگای نووسینەوە خۆی دەردەخات، ئەم گۆڕانەی زمان لەلای (ڕۆسۆ) وا لە زمان دەکات، دیالۆگ لەگەڵ دڵدا نەکات، بەڵکو بەرەو وتوویژ لەگەڵ عەقڵدا هەنگاو دەنێت، چونکە زمانی ئاخافتن زمانی دیالۆگی دڵەو زمانی نووسینیش زمانی وتوویژە لەگەڵ عەقڵدا. (ڕۆسۆ) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە نووسین ئەگەرچی وا دەخرێتە ڕوو گوایە کاری ئەوەیە زمان بچەسپێنێت و قایمی بکات، بەڵام هەر خودی نووسینە دەبێتە هۆی گۆڕینی زمان، ئەو گۆڕینەی ئەو قسەی لەسەر دەکات گۆڕینی وشەو دەستەواژە و پیتەکان نییە، بەڵکو گۆڕینی ماناکانی دەربڕینە. وەک ئاماژەمان بۆکرد (ڕۆسۆ) لەنێو کتێبی (بنەچەی زمانەکان) دا لەزیاتر لەشوێنێک ئاماژە بۆ ئەو جیاوازییە دەکات کە لەنێوان نووسیندا هەیە، مرۆڤ لەکاتی ئاخافتندا هەست و نەستی خۆی دەردەبڕێت، کەچی لەچرکەساتی نووسیندا هزرو بۆچوونەکانی، لەکاتی نووسیندا ناچارە سەرجەم وشەو زاراوەکان بە مانا گشتییەکانیانەوە بخاتەڕوو، بەڵام لەکاتی ئاخافتندا، لەسایەی گۆڕینی دەربڕینی دەنگەوەو لەسایەی گۆڕینی ڕیتمی دەربڕینەوە، مانا بەدەلالەت و وشە دەبەخشێت بەو شێوەیەی کە خودی خۆی گەرەکیەتی مانایان پێبدات، نووسین ئەم تواناکارییەی تێدانییە، چونکە نووسین واتا مردنی وشەکان و لەدەستدانی زیندەدارییان، مرۆڤ لەچرکەساتی نووسیندا، پیت و وشەکان دەنووسێتەوە نەوەک نەغمەو ڕیتم و ئاستەکانی دەربڕین، چونکە نەغمەو ڕیتم و ئاستەکانی دەربڕینەکە خۆیان وزە بەدەربڕین دەبەخشن و ئاراستەی ماناکانی دەکەن. ئەم شتانەن وا دەکەن ڕستەیەک لە ڕستەیەکی سادەوە بگۆڕێت بۆ ڕستەیەکی خاوەن مانای دەگمەن و دەربڕی بابەتییانە. لەلای (ڕۆسۆ) هەموو ئەم هەنگاوانەی زانا و هزرڤانان دەیهاوێژن بۆ ئەوەی ئەم جیاوازییە کەمتر بکەنەوە، بە پێچەوانە دەکەوێتەوەو دەبێتە هۆی فراوانترکردنی بواری زمانی نووسین، ئەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کاتێک مرۆڤ



دێت لەسایەی نووسینەوە گوتار بەرهەم دێنێت ئەوا زیاترو زیاتر ئاخافتن دووچاری گرژبوون دەکات، چونکە ئەگەر مرۆڤ هەموو شتێک وا دەرببڕێت وەک ئەوەی دەینووسێتەوە، ئەوە تەنیا دەبێتە خوێنەرێک کە قسە دەکات.

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، نووسین لەلای (ڕۆسۆ) پاشبەندی ئاخافتنە، ئەم پاشبەندییە لەلای ئەو تەنیا لە زمانەوە نییە، بەڵکو لەلای ئەو پەروەردەش پاشبەندی سروشتە، کەواتە پاشبەند واتا یەکەم زانینی نووسین و بەلاوەنانی، ئالەم خاڵەوە (دریدا) دێت کار لەسەر پاشبەندەکەی (ڕۆسۆ) دەکات، چونکە پێی وایە چەمکی پاشبەندکردن دوو مانا لە خۆیەوە دەگرێت. پاشبەندکردن وەک ئەوەی خستمانە ڕوو لە ڕووکەشدا ئەوەیە شتێکی نا پێویست بخرێتە سەر شتێکی کامڵ، بەڵام لەهەمان کاتدا، ئەو خستنە سەرە بۆ تەواوکردنی ئەو شتەیە کە ئێمە پێمان وایە کامڵ و تەواوە، بە هەردوو ماناکەش پاشبەندکردن دەبێتە ڕەگەزێکی دەرەکی و نامۆ، لێرەدا نووسین وەک شتێکی نا پێویست و دەرەکی و نامۆ، خۆی دەردەخات و دەکرێتە پاشبەندی ئاخافتن کە بۆ خۆی وا خۆی دەردەخات، گوایە کامڵ و تەواوە، بۆیە لەلای (دریدا) مادامەکی نووسین کراوەتە پاشبەند و جیاکراوەتەوە، ئەوە مانای وایە خاوەنی سیفات و مۆرکی جیاکراوەی تایبەت بەخۆیەتی کە لە ئاخافتنی جیادەکاتەوە، ئەگەر نووسین لە ئاخافتن جیا نەبووایە ئەوا نەدەکرا بە پاشبەندی، کەواتە ئەوە لەلای ئەو دانپێدانانە بەم جیاوازییەی نووسین لە ئاست ئاخافتندا هەیەتی، لەبەرئەوەی یەکێک لە ڕایەڵەکانی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوەش، چەمکی جیاوازییە، ئەوا دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە بەپێی ئەم ڕایەڵە بابەتەکە ڕاڤە بکات و لێکبداتەوە، ئالێرەدا ئەو دێت بیرۆکەی پاشبەندکردن بەکار دەهێنێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی پرەنسیپی سەرخستن و پێشخستنی ئاخافتن بەسەر نووسین و مەدلوول بەسەر دالدا وەک ئەوەی لە هزری میتافیزیکی خۆرئاوادا هاتووە. ئەگەر نووسین دەکرێتە پاشبەند لەبەرئەوەیە کە نووسین ئەو ڕاستییانە هەڵدەگرێت کە نووسین خۆی جیادەکەنەوە، ئەو پێی وایە نووسین بەیەک مەرج دەبێتە شتێکی لاوەکی و داتاشراو، ئەویش ئەوەیە زمانی ئەسڵی و سروشتی (زمانی یەکەم) هێشتا دروست نەبووبێ و نووسین بەری نەکەوتبێت و پیسی نەکردبێت، واتا ئەو زمانە خۆی نووسینەو یەکەمین نووسینیشە، لێرەدا دەشێت بپرسین ئاخۆ بۆچی (ڕۆسۆ) بەم شێوەیە دەڕوانێتە نووسراو؟ بۆچی پێی وایە گوتەی دەربڕاو و ئاخافتن شێوەی ئەسڵی و بنەڕەتی زمانن و زیاتر

لەحاڵەتی سروشتی زماندا دەگونجێن؟ بۆچی پێی وایە نووسین جێگای گومان و دڵەڕاوکێیە و دەربڕین لاواز دەکات؟ ئەم مەسەلانە بایەخێکی زۆریان هەیە لەنێو تێرامان و فەلسەفەکەی (ڕۆسۆ) لەبارەی سروشتی مرۆڤایەتی و لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە گوایە ڕەگەزی مرۆڤایەتی لەسایەی بازدان و گواستنەوەدا لە باری سروشتییەوە چووە نێو باری ئیلتیزامی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی و شارستانی، بۆیە لەلای ئەو زمان بووەتە مەرجەعێک و دەلالەت لەو ئاستە گەندەڵە دەکات کە سروشت پێی گەیشتووەو بەهۆی کولتوورەوە بەسەر خۆیدا دابەشبووە.
لەلای ئەو بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی کولتوور و ڕۆشنبیری خراپەی زیاترە لە چاکەکەی، چونکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات گوایە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خوێندنەوەو نووسین و چاپەمەنیدا، ئاژاوە گەریش بڵاوبووەوە، کەواتە نووسین و بڵاوبوونەوەی نووسین هۆی ئاژاوەگەرییە، ئەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، گوایە بیرکردنەوە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا دژکار و ناکۆکە و فێرکردن مرۆڤ ناکاتە مرۆڤێکی چاکەخواز، بەڵکو وای لێ دەکات لە فریودان و هەڵخەڵەتاندندا باڵادەست بێت.

(دریدا) کاتێک هات لەو دەقانەی ئەوی کۆڵییەوە، دژکارو ناکۆکی زۆری بەدی کردو کارێکی زۆریشی لەسەر ئەم دژکاری و ناکۆکییانە کرد، ئێمەش دەبێت دیسان ئەوە لەیاد نەکەین کە (ڕۆسۆ) فەلسەفەکارو هزرڤانێکی خۆرئاواییەو لەسایەی سیستەمی هزری و فەلسەفی باڵادەستی خۆرئاوا پەروەردە بووەو بەرهەمی فۆنۆسێنترالیزم و سێنترالیزمی لۆگۆسی-یە، بگرە بەشێوەیەک لە شێوەکان، یەکێکە لەو کەسانەی زیاتر ڕەگوریشەی ئەو هزرەیان قایمتر کردووە. (کلۆد لیڤی شتراوس) ی زاناو هزرڤانی ئەنترۆپۆلۆژیست، لەنێو لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی خۆیدا پرۆسەی گواستنەوەی لە سروشتەوە بۆ شارستانییەت خستەڕوو، بەمەش هەمان ڕێچکەی (ڕۆسۆ) ی گرتەبەر، (شتراوس) هات شارستانییەتی وەک پاشبەندی سروشت خستەڕوو، بۆیە شارستانییەتی ئەو، هاوتاو هاوماناى پەروەردەی (ڕۆسۆ) یە، (دریدا) کاتێک لەم بابەتانەی کۆڵییەوە، بینی نزیکییەکی زۆر لەنێوان (ڕۆسۆ، سۆسێر، شتراوس) دا هەیە، سەبارەت بە پێشینەیی دەنگ و ئاخاوتن و پاشبەندکردنی نووسین، (دریدا) ش کاتێک (شتراوس)ی خوێندەوەو ڕاڤەی کرد وەک ئەوەی فۆنۆسێنترالیزمی (سۆسێر ) مامەڵەی لەگەڵدا کردو بە شێوەیەکی دیالیکتییانەو هاوسەنگ (سروشت) و (کولتوور) ی خستە ڕوو، گەیشتە ئەو باوەڕەش کە



بنچینەی فۆنۆسێنترالیزمی میتۆدەکەی (شتراوس) لە زمانەوانی بونیادگەرییانەی (سۆسێر و ڕۆمان جاکۆبسن) ەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشت بە زمانەوانی و زانستی فۆنەتیکی ئاخافتنی میتافیزیکیش ڕەچاو دەکات کە بایەخ بە گوتەی دەربڕاو دەدات و نووسین پشتگوێ دەخات. (دریدا) تێبینی ئەوە دەکات (سۆسێر) وشەی نووسراو، دەخاتە ئاست وشەی دەربڕاوی سەر زارەکی، کەچی لەدوا ئەنجامدا دێت لێکۆڵینەوەی زمانی لەسەر وشەی گوتراو دەکات.


### گراماتۆلۆژیاو جێکەوت

گراماتۆلۆژیا لەنێو پرۆسەی کاری هەڵوەشاندنەوەدا، وەک چەمکێکی بنەڕەتی کاردەکات و جێکەوت گرنگترین دۆزینەوەیەتی، چونکە تەنیا نووسین دەتوانێت جێکەوت لە دوای خۆیدا جێ بهێڵێت، لە نووسیندا بەهاو ئاماژەی مانا دەکەونە پێشووی پێشەوەی ڕستە، بە پێچەوانەی حاڵەتی ئاخافتن کە دەکەونە دواوەی حاڵەتی دەربڕین و قسەکردن، لەحاڵەتی دووەمدا ماناو ئاماژە هیچ فرمانێکی تریان نییە تەنیا خستنەڕووی مانای دەربڕاو نەبێت، کەچی لەحاڵەتی یەکەمدا نووسین ئەم فرمانە تێپەڕ دەکات تا دەربڕین بسڕێتەوەو خودی خۆی جێگای دەگرێتەوە، بەوەش نووسین تەنانەت دەکەوێتە بەر لە زمان خۆشی، بگرە خودی زمانیش وا نمایش دەکات گوایە ئەنجام و بەرهەمی دەقی نووسراوە، بەم شێوەیەش نووسین دێتە نێو دیالۆگێک لەگەڵ زمانداو خۆی وادەردەخات کە دەکەوێتە بەر لە زمان و دواتریش لێی تێپەڕ دەکات، چونکە نووسین زمان دەگرێتە خۆی، لەم حاڵەتەشدا نووسین وەک باکگراوندێکی زمان دەردەکەوێت لە بری ئەوەی وەک دەربڕینێکی لاوەکی خۆی دەربخات، کەواتە بەم شێوەیە بێت نووسین قازانێک نییە زووتر ئامادەکرابێت و دانرابێت تا یەکێتی و برگە زمانەوانییەکانی تێدا کۆبکرێتەوە، بەڵکو نووسین خۆی شێوازێکە بۆ داڕشتن و بەرهەمهێنان و داهێنانی ئەم یەکێتییانە. بەم شێوەیە (دریدا) دوو جۆرە نووسین پێشنیار دەکات، یەکەمیان نووسینێکە پشت بە سێنترالیزمی لۆگۆسی دەبەستێت کە پێی وایە وشە ئامرازێکی وشەیی و دەنگدار و داڕێژراوە و ئامانجی گەیاندنی وشەیەکی دەربڕاوە، دووەمیان ئەو نووسینەیە کە پشت بە سێنتاکس دەبەستێت یا ئەو شێوازەی نووسینی دوای بونیادگەری، ئەوەش ئەو شتەیە کە کرداری بەراییانەی بەرهەمهێنانی زمان دادەمەزرێنێت.
لێرەدا نووسین کردارێکە دژی دەربڕینە و نەبوون و نا

ئامادەگیی دەنگ پیشان دەدات، ئەو کاتەش کەینونە دەبێت لەسایەی نووسینەوە بەرهەم بێت، ئەوەش بریتییە لە حاڵەتی چوونە نێو زمانی جیاوازی، بەم شێوەیە دەبینین (دریدا) چۆن کاری گراماتۆلۆژیا ڕێکدەخات و نمایش دەکات و چۆنیش ڕۆڵێکی مەزن و گرنگ بەنووسین دەدات، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نوسین لەلای ئەو سەرچاوەی هەموو چالاکییەکی کولتوورییە، کەواتە لەلای (دریدا) ئەگەرچی نووسین ملکەچی ئاخافتن نییە یان بەشێوەیەکی تر پاشبەندی ئاخافتن نییە، بەڵام پێداویستییەکی گرنگە و ناکرێت دەستبەرداری ببین، چونکە هیچ کۆمەڵگایەکی بێ نووسین بوونی نییە، هیچ کۆمەڵگایەک بێ هێماو بێ حیساب و بەڵگەنامە بوونی نییە، هیچ کۆمەڵگایەک تەنانەت ئاژەڵیش بێت بەبێ جێکەوت و بەبێ هێمای جێکەوت لەسەر زەویدا بوونی نییە، بەپێی ئەم بۆچوونەش ئەگەر نووسین بوونی نەبێت ئەوە دەشێت ئێمە لە خەیاڵی خۆماندا، کۆمەڵگایەک وێنا بکەین کە دیلی یۆتۆپییایە، ئالێرەوە بایەخ و بەهای نووسین دەردەکەوێت.


(جان جاک ڕۆسۆ) کاتێک قسە لەسەر سەرهەڵدانی زمانی نووسین دەکات لەلای کۆمەڵگا بەراییەکان و چۆنیەتی داهێنانی، دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئەو شێوازێکی وای دۆزیوەتەوە دەشێت لەسایەیەوە، زمانەکان بەراورد بکرێن و لەلایەنی مێژووییەوەش دیاری بکرێن، ئەو شێوازەی بەراوردکاریش لای (ڕۆسۆ) لە پرۆسەی نووسین خۆیدا خۆی بەرجەستە دەکات، ئەو پێی وایە ئەگەرچی زمانی نووسراو و تۆمارکراو توند و زەق و ڕەقبوو لە دەربڕیندا، ئەوە مانای وایە ئەم زمانە کۆنترە، چونکە گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی یەکەم شێوازی نووسین و تۆمارکردن و وێناکردن و تۆمارکردنی دەنگەکان نەبووە وەک ئەوەی ئێستای زمان، بەڵکو وێناکردنی خودی ئەوشتانە بووە کە قسەی لەسەرکراوە، لێرەشدا دوو شێوە وێناکردن دێنە بوون، یان ئەوەتا وێناکردنێکی ڕاستەوخۆ بووە وەک ئەوەی لەلای مەکسیکییە کۆنەکاندا هەبووە یان وێناکردنێکی ڕەمزی بووە وەک ئەوەی لەلای میسرییە کۆنەکاندا هەبووە، ئەم شێوازەی تۆمارکردن لەلای (ڕۆسۆ) بۆ سەردەمی زمانی عاتیفی دەگەڕێتەوە.

شێوازی دووەمی نووسین ئەو شێوازەیە، تێیدا وشەکان بەپێی زاراوەیی دەخرێنە ڕوو، ئەم حاڵەتەش دەکەوێتە دوای حاڵەتی یەکەم لەلایەنی زەمەنییەوە و قۆناغێکی دواترەو ئەوکاتە دەشێت ئەنجام بدرێت کە زمان لە حاڵەتی کامڵبوون نزیک دەکەوێتەوە، نموونەی ئەم جۆرە نووسینەش نووسینی چینی-یە کە بریتییە لە وێناکردنی دەنگەکان و ئەنجامدانی دیالۆگ لەگەڵ چاودا، بەڵام



شێوازی سێیەمی نووسین بریتییە لە دابەشکردنی دەنگی قسەکەر بۆ کۆمەڵێک بەشی سەرەکی دەنگدار و داهێنانی پیت بەشێوەیەک کە بشێت ئەم پیتانە لەکاتی بەیەکەوە لکاندنیان مانا و وشەو ڕستە بەرهەم بێنن، ئەوەش شێوازی نووسینی ئێمەیە. دیارە ئەم شێوازەی سەرهەڵدانی نووسین لەبەرچەندین پێداویستی ژیاری بووە بەتایبەتیش لەلای ئەو بەسەرهەڵدانی شارستانییەتی بازرگانییەوە پەیوەست بووە، چونکە شارستانیەتی بازرگانی پێویستی بەوە بووە وشەو پیت و مانای هاوبەش لەنێو شارستانیەتەکاندا بێنێتە بوون، ئەم شێوازەی نووسین لەلای ئەو وێناکردنی ئاخافتن نییە، بەڵکو پارچە پارچەکردنی ئاخافتنە. لەسایەی ئەم دابەشکردنەیدا (ڕۆسۆ) هات بەپێی شێوازی نووسین شارستانییەتەکان پۆلین و دابەش دەکات، وێناکردنی شتەکان، شێوازی نووسین و تۆمارکردنی گەلانی دڕندەیە، هێمای دەربڕاویش هاوشانی گەلە هەمەجییەکانە، دامەزراندنی پیت و وشەو ڕستەش داهێنان و دەرەنجامی گەلە مەدەنییەکانە.

کاتێک ئەم بۆچوون و پۆلینکردنەی (ڕۆسۆ) دەخەینەڕوو ڕاستەوخۆ درک بەوە دەکەین کە پێڕەوکردن و سەپاندنی سێنترالیزمی ئەتنیکییە، ئەو سێنترالیزمە ئەتنیکییەی خۆی لە دوای کۆمەڵێک سێنترالیزمی تری وەک لۆگۆس و فۆنۆتیک حەشار دەدات، ئەم بەسێنتەرکردنەی شارستانیەتی خۆرئاوا وای لە (دریدا) کرد ئەم شارستانیەتە بە میتافیزیکی ناوزەد بکات، چەمکی میتافیزیکیا لەلای ئەو فرە دەلالەتە، بۆیە یەکێک لە دەلالەتەکانی بەمانای ئایدیۆلۆژیای ئەتنیکی، ڕەگەزی خۆرئاوا دێت، بەم شێوەیە (ڕۆسۆ) گەلان و شارستانیەتی جیهان بەدڕندەو هەمەجی ناودەبات، لەبەرانبەر ئەوانیشدا ئەورووپا بەمەدەنی دادەنێت: ئەم جۆرە پۆلین کردنانە بوون، پاڵیان بە (دریدا) وەنا، کار لەسەر ئەم بابەتەی گراماتۆلۆژیاو سێنتەر بکات و ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە، بەرهەم بێنێت تا لە بنەچەی ڕاستی و ناڕاستیی ئەم بۆچوونانە بکۆڵێتەوە، دوای لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زۆر و درێژ و ورد، ئینجا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە شارستانیەتی خۆرئاوا، گیرۆدەی نەزعەی سێنترالیستی بووە، ئەم نەزعەیەی سێنترالیستی وەک تۆڕێک هەموو پێوەندییەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوەو هیچ شتێ: نییە لە سێنترالیستی بەدەربێت، ئەو توێژینەوانەی ئەنجامی داون، بەتایبەتیش توێژینەوە میتافیزیکییەکانی، ئەویان گەیاندە ئەو باوەڕەی کە ئەم نەزعەیەی سێنترالیستی، ئەگەر چەندین



سێنترالیزم بوونیان نەبووایە سانا نەبووە دابمەزرێت و بێنە بوون، بۆیە دەگاتە ئەو باوەڕەی یەکەم پاڵپشتی ئەم سێنترالیستییە هزری میتافیزیکیای خۆرئاواییە، ئەم میتافیزیکیانە لەبەر ئەوەی لە ناوەرۆکدا لەسەر ئایدیۆلۆژیای ئەتنیکی کۆمەڵگای خۆرئاوایی دامەزراوە. ئەوە بڕوایەکی وای داهێنا کە سێنتەر بۆخۆی تاکە پێوەری ڕاستی و ناڕاستی بەهاکانەو پێویستی بەهیچ شتێک و کەسێکی تریش نییە، ئەوەش مەسەلەیەکە بەدرێژایی مێژوو هزری خۆرئاوایی، نەیتوانیوە خۆی لێ لابدات، تەنانەت فەلسەفەی ڕۆشنگەری و عەقڵانیەتیش لە ژێر کاریگەریی میتافیزیکیا دەرباز نەبوون، تەنانەت فەلسەفەی گومانکارەکانیش توانای ئەوەیان نەبوو، لەم دەرگایە میتافیزیکیا بپەڕنەوەو بچنە ئەودیوی ئەم هزرە، ئەو فەلسەفەی بانگەشەی عەقڵانییەتی دەکرد، نەیتوانیوە لە لاهووت تێپەڕ بکات، بگرە عەقڵانیەتیش نمایش کردنی لاهووت بووە، بەڵام بەشێوەیەکی مۆدێرنتر و تازەتر و پەردەپۆشکردنی، گومانە میتۆدییەکەی (دیکارت) و کۆجیتۆیەکەی بوونی لاهووت و خوای خستە دەرەوەی پرۆسەی گومان و وەک پێشینەیەک مامەڵەی لەگەڵدا کرد: ئەوەبوو دواتر (هۆسرل) لەسایەی فینۆمینۆلۆژیای خۆیەوە، ڕەخنەی توندی ئاراستەی (دیکارت) کرد، گوایە خوای وەک پێشینەو بەرایییەک خستووەتە دەرەوەی گومانەوە و بەشێوەیەکی نافینۆمینۆلۆژی وەک هزرێکی خۆڕسک لەنێو وشیاریی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. (ڕۆسۆ) کە بە فەلسەفەکاری ڕۆشنگەری دادەنرێت، نەیتوانی خۆی لە بیرۆکەی نووری سروشتی دەرباز بکات و نەیتوانی خۆی لە نێو تۆڕی لاهووتی میتافیزیکی دەرباز بکات.

### دریدا و دەرمانخانەی ئەفلاتوون

دوای بیست و پێنج سەدە، دوای دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ، هزرڤانێکی وەکو (دریدا) دێت بۆچوونەکانی ئێمە سەبارەت بەیەکێک لە دیالۆگەکانی (ئەفلاتوون) دەگۆڕێت، بیست و پێنج سەدەیە هزرڤانان پێیان وایە دیالۆگی (فیدرۆس)ی (ئەفلاتوون) یەکێکە لە دیالۆگە هەرە ناکامل و خراپەکانی (ئەفلاتوون)، دوای ئەم زەمەنە تازە (دریدا) دێت ئەم یەقینەو بڕوایەمان دەهەژێنێت و لەباری دەبات، بڕوا وا بووەکە (ئەفلاتوون) لەسەردەمی دیالۆگی (فیدروس) دا هەرزەکارو لاوێکی سەر گەرم بووە نەیتوانی بەجوانی و بەباشی بابەتی قسەکردن بپشکنێت، ئێمەش-مەبەستم هزرڤانان و نووسەرانی ئەو ماوە زەمەنیەن-بەیەقینەوە بڕوامان بەم بۆچوونە کرد کە بۆ یەکەم جار (دیوجینس لایێرتیوس) خستیەڕوو، لەوساتەوە کەسمان گومانی ئەوەمان نەدەکرد کە ئەم بۆچوونە دەشێت ڕاست نەبێت، هەموو جارێک کە لە (ئەفلاتوون) مان دەکۆڵیەوە بەم یەقینەوە دەمانڕوانییە دیالۆگی (فیدروس)، ئەو دیالۆگەی (ئەفلاتون) بۆ ئەوەی تەرخانکردووە تاوەکو قسە لەسەر بنەچەو ئەسڵی نووسین بکات، قسە لەسەر مێژوو و بەهای نووسین، ئالێرەدا دێت نووسین دادگایی دەکات، دادگایی کردنی نووسین لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە شێواندنی حەقیقەتە و کەمکردنەوەیە لەبەهای ئاخافتن و گوتەی سەر زارەکی.

لەنێو ئەم دیالۆگەدا (ئەفلاتوون) کاتێک لەسەر زاری (سوقرات) دێتە قسەکردن ئاماژە بۆ میتۆلۆژیایەکی کۆنی میسری دەکات، ئەویش میتۆلۆژیای (توت)ە، لەنێو ئەم دیالۆگەدا پرسیارێک دەخرێتەڕوو ئەویش ئەوەیە (ئەی سەبارەت بەلۆگۆگرافیا-نووسین؟ ) ئالێرەدا (فیدرۆس) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هاوڵاتی ئازادو سەربڵند لە ئاست نووسینی گوتاردا هەست بە شەرمەزاری دەکەن، گەر لەدوای خۆیانەوە جێکەوتێکی نووسراو جێبێڵن، ئەوانە لەوە دەترسن نەوەکانی داهاتوو حوکمی قورسیان بەسەردا بدەن و بەسۆفیست ناویان ببەن. لەم ئاماژەیە کورتەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نووسین لەچ شوێنێک و ئاستێکدایە نووسین چەندە پەراوێزە، بەشێوەیەک جێگای شەرمەزاریە بۆ مرۆڤی ئازادو هاوڵاتی ڕاستەقینە، جێهێشتنی جێکەوتێکی مادی نووسراو شتێکە کەس حەزی پێناکات، دەشێت ئەوەی نووسین لەدوای خۆیەوە جێبێڵێت یەکێک بێت لەسۆفیستەکان، بەڵام بۆچی سۆفیستەکان بەم شێوەیە تێیان دەڕواندرێت؟ ئایا سۆفیستەکان هاوڵاتی ئازاد و سەربەرزنین؟ ئەی کەواتە بۆچی ئەوان لەئاست نووسیندا هەست بەشەرمەزاری ناکەن؟ ئەی باشە لۆگۆگراف چییە؟

لەنێو ئەم دیالۆگەی (فیدروس)دا کەسایەتی لۆگۆگراف کەسایەتییەکی هەڵخەڵەتێنەرە، مەبەست لەوکەسە نووسەرێکی ئاساییە، ئەو نووسەرانەی کە دەشێت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەعەریزە نووس یا وتار نووس ناویان بەرین: ئەوکەسانەی وتار بۆ خەڵکی تر دەنووسن و خودی خۆیان نایانخوێننەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وتارانە لەدەرەوەی کەسایەتی و بوونی ئەوەدا بەبێ ئامادەگی نووسەر کاری خۆیان دەکەن، ئەم بۆچوون و تێڕوانینە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم نووسەرانە بێن بە نووسەری نا ئامادەو نا حەقیقەت، ئەم نووسەرانە شتێک بۆ خەڵک دەنووسن کە بۆخۆیان تیایدا نەژیاون و حەقیقەتەکەی نازانن، بۆیە نووسین دەبێتە ڕێکخستنێکی گوتەو وشە



بەبێ ئەوەی ڕوحیـان تیـادابێت و ئامـاژە بۆ شـتێکی ڕاسـتەقینە بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو ئەم دیالۆگەدا (سـوقـرات) بێ لایـەنی خـۆی پیـشـان دەدات، نووسین کارێکە ڕاستە پەسند نییە، بەڵام بۆخۆی نووسین کارێکی شـەرمـەزارکـەر و حـەیابـەر نییـە، بەڵکو ئەوکـاتە مـرۆڤ تووشی شەرمەزاری و ئابڕووچوون دەکات کە بەشێوەیەکی شـەرمـەزارانە دەنووسێت، بەڵام با ئێـمـە لێرەدا لەگـەڵ خودی (جاک دریدا) لەوە بکۆڵینەوە بزانین شەرمەزارکەر چییە؟ وەکو چۆن (فیـدروس) یش پرسیاری ئەوە دەکات نووسین لەسـەر شـێـوەیەکی باش چۆنە؟ ئا ئەوە ئەم دوو پرسـیـارەن کـە پێـیـان وایە ناوەڕۆک و گـەوهەری ئەم دیالۆگە پێکدەهێنن، لەسایەی ئەم دوو پرسیارەوە دەشێت ئێـمـە ئەوە بزانین کـە ئایا نووسین کـارێکی شـیـاوە یا نەشیاوە؟

**نووسین.. ژەهرو دەرمان ـ فارماگۆن**

(فـیـدروس) لەنێـو ئەم دیالۆگـەدا (سـوقـرات) کـێش دەکـات و لەنێـو شـاری دەباتە دەرەوە بۆئەوەی بتـوانێت دیالۆگی لەگەڵ دا بکات، (فیدروس) دەستی (سوقرات) دەگـرێت و دەیبـاتە سـەر لێـواری ڕووبـاری (ئیلسـۆس)، ئالێرەدا کاتێک خۆیان دەخەنە بەر سێبەری درەختێکی دەم ئەم ڕووبارە، (سـوقـرات) هەست بەوە دەکـات کـەئەم کارەی (فیدروس) بەلاش نییە، واتا (فیدروس) کاتێک ئەوی پەلکێـشی دەرەوەی شـار کـردووە مـەبەسـتـێکی تایبـەتی هەیەو ئەم کـارەی دەسـپـێکی کـاری سـەرەکی خـۆیەتی کـە دواتر بۆی دەردەکـەوێت چیـیـە. لێـرەدا (سوقرات) ئەم شێوازەی خۆ ئامادەکردنی (فیدروس) بە فارماسیە دەچوێنێت چونکە هەر لەسەرەتاوە ئەو دەیزانی (فیدروس) شتێک لەبن باغەڵ و عەباکەی حەشار داوەو گـەرەکـیـەتی لەچرکـەسـاتێکدا دەری بێنێت و بۆ (سوقرات)ی بخوێنێتەوە، بۆ ئەم دەقە نووسراوانەی لای (فیدروس) لەلای (سوقرات) دەبێتە فارماگۆن، لێرەدا دەبینین فـارمـاگـۆن-نووسین-چۆن و بە چ شـێـوەیەک کاردەکات و فریودەرە و چۆن لەدەرەوەی یاسای دیالۆگ و وتوویژی ڕووبەڕوو بەشێوەیەکی نایاساییانەی باوی ئەم سەردەم کار دەکات، سەردەمێک تیایدا لەنێو مەیدانی شـار هەمـوو کـەسێک قسـە دەکات و دیالۆگ و وتوویژ ئەنجـام دەدات، بەڵام نووسین لەنێـو ئەم مـەیدانەدا خۆی ڕاناگرێت، نووسین دێت (سوقرات) لەنێو مەیدانی شار دەباتە دەرەوە تاوەکـو خـودی خـۆی نمایش بکات ئەوەش ئەگـەر دەلالەت بێت لە شـتێک دەلالەتە لەوەی نـووسین بەشـێـوازی دیالۆگی باو کـارناکـات. ئاخـافتن بەردەوام سـوقـرات پەلکێشی نێـو مـەیدانی شـاردەکات، کـەچی کاغەزەکانی نووسین وەکو فـارمـاگۆنێک بەرەو دەرەوەی شـاری ڕادەکـێـشـێت، ئەو شوێنەی سوقـرات هەرگیز حەزی نەدەکرد لێی بێتە دەر، تەنانەت ئەوکـاتەش کـە بڕیـار بوو گـیـانی ئازاد بکرێت تـاوەکـو لەمـردن دەربـازی بێت. بەڵام ئەوە کــاغــەزی نووسراوە، کاغەزی نووسراوی نێو عەباکەی (فیدروس) ڕایدەکێشێتە دەرەوەی خودی خۆیشی، ئەوەش ڕێگایەکە ڕێگای کـۆچکردن و جـێـهـێشـتنی ئاخـافتنەو دۆزینەوەی سێنتـەرێکی ترە، سێنتـەرێک دان بە مـەیدانی شـارەوە نانێت و گـەرەکـیـەتی هەموو شوێنێک بکات بە مـەیدانی خۆی.

ئا لەم چرکەساتانەدا کاتێک (سوقرات) ڕادەکێشێت و (فیـدروس)یش بەشێوەیەکی گونجاو دادەنیـشێت تاوەکو دەقـەکـان بخـوێنێـتـەوە، بۆ ئەوەی فـارمـاگـۆن بخـاتە بەردەست، ئالێـرەدا دیالـۆگی (فـیـدروس) ی ئەفـلاتوون دەست پێدەکات، لێرەدا گوتارێک دەخوێندرێتەوە لەلایەن (لیسیاس) نووسراوەتەوە. لەلایەک ئەوە (لیسـیـاس)ە قسە دەکات، لەلایەکی تریشەوە ئەوە (لیسیـاس) نییە، بەڵکو (فیـدروس)ەو گـوتارێک لەزەمـەنێکی ڕابردوودا نووسراوەتەوە ئێستـا لەنێو زەمـەنی تازەدا دەخرێتە ڕوو دەخوێندرێتـەوە، گـوتارێک کـاتێک نووسـراوە، بەڵام لە ئامادەگی (سوقرات)دا دەخرێتە ڕوو بەبێ ئەوەی خاوەن و باوکی ئەم گــوتارە ئامـــادەبێت، ئەوە تەنیـــا لەلای (سـوقـرات) گـوتارێکی مـردووە لەنێـو چەند پەڕەیەکـدا، وشە دوا خراو و تەئجیل کراو و هەڵگیراو و داپۆشراو و قەدەغەکراو و پارێزراو، ئەوە تەنیا ئەم وشە شاردراوەی نێـو دەقی گـوتارن کە دەتوانن بەم شـێـوەیە (سـوقـرات) کێشی دەشت و دەربکەن، ئەگەر ئەوە گوتارێکی دەربڕاو بووایە، گوتارێک بووایە لەنێو خودی خۆیداو بەحەقیقەتی خـۆی بخـرابایە ڕوو بەبێ ئەوەی دوابخـرێت و تەئجـیل بکرێت و هەڵگـیـرابێت و داپۆشـرابێت و پارێزراو بێت، ئەوە دیارە نەیدەتوانی وەکو فارماگۆنێک (سوقرات) بەم شـێـوەیە بەلای خـۆیەوە کـێش بکات، نەیدەتوانی بەم شێوەیە (سوقرات) پەلکێشی دەرەوەی میـتۆدو ڕێبازی خۆی بکات، ئا ئەوەتا (فیدروس) سەرەتا بارودۆخەکەی ڕێکخـست، سـەرەتا فـارمـاسـیـەی پێـشـکەش کـردو ئامـادەکـرد تاوەکـو دواتر لەنێـو ئەم کـەش و هەوایە فـارماسیـەدا بتوانێت فارماگۆنی پێشکەشی (سوقرات) بکات.

لێـرەدا هەندێک تێـبـینی لەلای (ژاک دریدا) سـەر هەڵدەدات، ئایا ئەوە ڕێکەوتە، یا مــەبەســتـــێکی حەشاردراوە کە نووسین وەکو دەرمان و ژەهر و فارماگۆن دەخرێتـەڕوو، بۆچی لە بەرامـبـەر پزیشکی زانسـتـیـدا

ڕاستەوخۆ مومارەسەی عەشوایی و چارەسەری پارێزراوی ئەزبەرکراوی نێو دڵ و مەعریفەی نووسراو و بەکارهێنانی کوێرانەی داو دەرمان، ئەوە چ ڕێکەوتێکە کە وا لە نووسین دەکات ببێتە فارماگۆن و بەم شێوەیەش نمایش بکرێت، دیارە لێرەدا فارماگۆن و ئاخافتن، پزیشکی زانستی و مومارەسەی عەشوایی کە پەیوەستە بەڕێکەوت و پشت بەستن بە سیحرو ئەفسانە، دوو شتی ناکۆک و ناتەباو جیاوازن، نووسین وەکو مەعریفەیەکی مردوو و چەقبەستوو جێگیری بێ ڕوح و پارێزراو لەنێو دەقی کتێب و کاغەزدا، هەموو ئەوانە وەکو فارماگۆنێک شتێکی نامۆن لە ئاست مەعریفەی زیندوو-ئاخافتن-و دیالۆگ وەکو چۆن فارماگۆن شتێکی نامۆ و سەیرە لەنێو جیهانی پزیشکیدا، ئەوە خاڵی گەوهەریە لەنێو ئەم دیالۆگەی (ئەفلاتوون)دا چونکە ئەو زانیویەتی چۆن سەرەتا نووسین وەکو فارماگۆنێک نمایش و وەسف دەکات و دواتریش دێت ڕەگو ڕیشەی نووسین بۆ نێو میتۆلۆژیایەکی فیرعەونی و میسری کۆن دەگێڕێتەوە، میتۆلۆژیای (تووت)، کەواتە ئەسڵی نووسین وەکو فارماگۆنێک دەدرێتەوە دەست میتۆلۆژیای (تووت) کاتێک ئەم میتۆلۆژیایە دێت نۆ دیالۆگەکە ڕاستەوخۆ بەبێ پێچو پەنا و خۆحەشاردان و ئەملاو ئەولا نووسین وەکو فارماگۆنێک ڕادەگەیەنێت.

ئێمە لەگەڵ (دریدا) تێبینی ئەوە دەکەین کە دەشێت ئەم خاڵە لە کۆتایی یا بەرەو کۆتاچوونی دیالۆگەکەدا نەخرابایە ڕوو، دەشیا ئەم خاڵە بەلاوە نرابوا، ئەوە زیادەیەکەو دەکرا لابدرێت، ئەو بەشێوەیەک لەشێوەکان پاشبەندە و دەکرا نە نووسرابوایەوە، بەڵام ئەوە (ئەفلاتوون)ە هەر لەسەرەتای دیالۆگەکەدا خۆی بۆ ئەم شتە دانووساندووە کە بەلای ئێمەوە زیادەو پاشبەندەو ئەو لەم دیالۆگەدا سەرەتا ڕێگاکان خۆش دەکات و لە کۆتاییدا وەکو خۆشکردنێکی بەزمەکە پێشکەشی دەکات، واتا هەموو بابەتەکانی کە خراونەتە ڕوو لێرەدا بەکۆتاهاتن، ئالەم چرکەساتەدا زیادەیەکە دێت، لەم چرکەساتەدا نووسین یا فارماگۆن دێت، ئەوەش ڕێکەوتێک نییە، پاشبەند و زیادەش نییە، ئەوە گەوهەری باسەکانە چونکە (ئەفلاتوون) هەر لەسەرەتاوە ئەوەمان پێدەڵێت کە (فیدروس) فارماگۆنی لەژێر عەباکەیدا حەشاردابوو، فارماکونی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو ئالێرەدا نووسین لەچرکەساتێکدا دەخرێتە ڕوو کە پێویستە (سوقرات) حوکمی بەسەردا بدات، ئایا نووسین کارێکی ئابڕوو بەرو شەرمەزارکارە؟ ئەوە پرسیارێکی ئەخلاقیە چونکە لەبنەڕەتدا لەسەر هەڵوێستی ئەخلاق وەستاوە، سەربڵندی ئاخافتن و شەرمەزاری نووسین،



خێرو شەر، ئەوە مەسەلەیەکە دەبێت بڕیاری لەسەر بدرێت، ئایا ئەنجام بدرێت یا بەلاوەبنرێت، بۆیە ئێمە لێرەدا ڕوو بە ڕووی کۆمەڵێک پرسیاری لاوەکیش دەبینەوە، ئایا شیاوە بنووسین یا واباشترە نە نووسین؟ ئەو مەرجانە چین کە دەبنە هۆی ئەوەی نووسین شەرمەزاری نەبێت؟ ئەوانە پرسیار گەلێکن ئەفلاتوون جێیان دێلێت و ئێمەش لەسەرمانە وەڵامیان بۆ دابین بکەین، وەڵامێک لەبڕوای ناخی خۆمانەوە هەڵقوڵابێت و بەدەربێت لە تێڕوانینی ئەفلاتوونیانە، ئەو تێڕوانینەی نزیکەی بیست و پێنج سەدەیە لەنێو هزر و فەلسەفەدا باڵادەستە.

پاش ئەم باکگراوندە مێژووییەی کە نووسین دەکاتە شەرمەزاری ئێمە سانا نیە بتوانین لەنێو خودی خۆمان و بەخودی خۆشمان بتوانین حەقیقەت و حەقیقەتی نووسین دیاری بکەین، لێرەدا نووسین بابەتی گراماتۆلۆژیا نییە-زانستی نووسین-وەکو ئەوەی (دریدا) دایدەهێنێت، بەڵکو ئەوە نووسینە لەنێو ڕەگو ڕیشەی قوڵی خۆیدا بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەستی میتۆلۆژیا کراوەو خراوەتە دەر لە مەعریفە-ئاخافتن-ئالێرەدا پاش ئەم باکگراوندە ڕێگا خۆشکەرە بۆبەلاوەنان و بەپەراوێزکردنی نووسین لەنێو ئەم دیالۆگەدا (سوقرات) دێت زیاترو زیاتر گورزی کاریگەرتر دەوەشێنێتە تاوانبار-نووسین، فارماگۆن-پاش ئەوەی میتۆلۆژیا یەکەم گورزی خۆی وەشاند ئەوە لۆگۆسی (سوقرات)ە دێت کارەکە تەواو دەکات.

## دریداو دۆزینەوەکەی تووت..<br>گەڕانەوە بۆ میتۆلۆژیا

دریدا لەنێو دەرمانخانەی (ئەفلاتوون)دا بەوردی باس لەوە دەکات کە ڕۆژێکیان (تووت) دێتە بەر عەرشی (تاموس)-ئەوەی بەناوی (ئامون) ناسراوە-(تاموس) ئەوەی لەجیاتی خواوەند حوکمی میسری کۆن دەکات، دێتە بەر عەرشی و پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەو شتێکی نوێی داهێناوە، ئەو یەکەم کەسە زانستی ژمارەو حیساب و ئەندازەو فەلەکناسی و قومارو زاری داهێناوە، هات و داوای کرد کە ئەم داهێنانە تازەیەی پێویستە بەسەر سەرجەم میسرییەکاندا ڕابگەیەنرێت، (تووت) هاتووە ئەوە بە (تاموس) ڕابگەیەنێت کە ئەو پیتی نووسینی دۆزیوەتەوەو داهێناوە(ئەی پاشای گەورەم ئەوە مەعریفەیەکە میسرییەکان وا لێدەکات زیاتر لەلایەنی زانستیەوە پێشکەوت و زوو تریش شتیان بیربکەوێتەوە، یادەوەری و فێر بوون بەیەکەوە چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە).

ئەوە (تووت)ە دێت داهێنانێک ڕادەگەیەنێت و ئەوەش (تامووس)ە لەبەردەم فارماگۆندایە و پێویستە لەسەری ڕای خۆی دەرببڕێت، ئالێرەدا بەپێی ئەم میتۆلۆژیایە نووسین – فارماگۆن لەبەردەم پاشادا خراوەتە ڕوو تاوەکو قسەی لەسەر بکات، ئەوە جگە لەوەی نووسینە، بەڵام دیارییە بۆ پاشای خواوەندەکان، بەڵام بەر لە هەموو شتێک داهێنراوێکە بۆ ئەوە خراوەتە ڕوو تاوەکو هەڵبسەنگێنرێت، ئەم داهێنراوە نوێیە توانای کارکردنی هەیە توانای بیرخستنەوەو هەڵگرتن و پاراستنی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دیارییە تا ئێستا نەخەملێنراوەو بەهاکەی دیاری نەکراوە، ڕاستە خراوەتە بەردەم پاشا، بەڵام ئەوە پاشایە کە بەهای پێدەبەخشێت و هەر ئەویش نرخی دیاری دەکات، لێرەدا نووسین زیادەیە دەخرێتە سەر ئاخافتن، بۆیە نووسین هیچ بەهایەکی نابێت ئەگەر پاشا بڕیاری پەیڕەوکردنی نەدات، ئەگەر پاشا بڕیاری بڵاوکردنەوەو فێربوونی نەدات، نووسین بۆخۆی بەهایەکی نییە، ئەوە (تامووس)ە بەها بە نووسینی دەبەخشێت، بەڵام (تامووس) نانووسێت، ئەو قسە دەکات، دەدوێت و پێویستی بە نووسینەوە نییە، یەک قسەی ئەو بەسە نەوەکو نووسینەوەی، بەرەچاوگرتنی ئەم پلەوپایەیە پاشا-خواوەند دێت لە بەهای فارماگۆن کەم دەکاتەوە، ئەوە نمایش ناکات کە بێ سوودە بگرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەڕەشەیەو زەرەرمەندیشە، ئالێرەدا خواوەند-پاشا کاتێک دەدوێت وەکو باوکێک قسە دەکات و ڕەفتار دەکات، فارماگۆن-نووسینی خراوەتە بەردەم باوک و ئەویش ڕەتی دەکاتەوە چونکە لەلای ئەو بێ بەهایە، باوک گومان لەو مەبەستانە دەکات کە نووسینیان بەرهەم هێناوە، لەکاتێکدا نووسین پێویست نییە، تەنیا گوتەی ئەو، تەنیا ئاخافتنی ئەو سەرچاوەی پیرۆزیە، بۆچی (تووت) دێت نووسین بەرهەم دێنێت، ئەگەر مەبەستی شاردراوەو ڕانەگەیەنراوی بەدواوە نەبێت، ئەگەر مەبەست ئەوە نەبێت لە پیرۆزی ئاخافتن و گوتەی سەر زارەکی کەم بکاتەوەو پیرۆزی بەخشین نەبێت بە نووسراو کە خودی خۆی وەکو خواوەندو پاشا و باوک نایزانێت، ئەوە گومانە لە نووسین کەوا دەکات وەکو شتێکی لاوەکی و بێ بەها و هەڕەشەدار سەیر بکرێت و بەردەوام لەژێر چاودێری دابێت.

کەواتە ئەوە (ئەفلاتوون)ە دێت لەپشت خستنەڕووی ئەم میتۆلۆژیایەدا گەرەکیەتی ئەسڵی ئاخافتن و دەسەڵاتەکەی بەتایبەتیش لۆگۆس بۆ شوێنگەی باڵادەستی و باوکایەتی بگێڕێتەوە، گەرەکیەتی ئەوەمان پێ بڵێت کە ئاخافتن یەکێکە لە ئیمتیازاتەکانی باوکایەتی، لۆگۆسیش لەم دەسەڵاتە پەترپارکی و



تیۆکراتیەوە سەرچاوە دەگرێت، کەواتە لۆگۆس لە ئاخافتنەوە سەرچاوە دەگرێت.

کەواتە مەسەلەکە ئەوەنیە کە خودی لۆگۆس بۆخۆی باوک بێت، بەڵکو لەبنەچەدا ئەسڵی لۆگۆس باوکایەتیەو ئەو دەسەڵاتە باڵایە. کەواتە خودی قسەکەر باوکی قسەکانی خۆیەتی و مولکداریتیان دەکات، لێرەدا لۆگۆس کوڕەو بەبێ بوونی باوکی و بەبێ ئامادەیی و پاڵپشتی ئەم باوکە بوونی نابێت، ئامادەیی باوک کەلەبری ئەو و لەپێناوی ئەودا وەڵام دەداتەوە، بەبێ باوکی تەنیاو تەنیا نووسینە، کەواتە تایبەتمەندی نووسین لەوەدایە کە باوک ئامادە نییە، دەشێت ئەم ئامادە نەبوونە بەچەندین شێوەی جۆراوجۆر بخرێتەڕوو، وەکو ئەوەی باوک مردوو بێت، بە شێوەیەکی سروشتی لەناو چووبێت، یا کوژرابێت، بۆیە نەماوە، چونکە توندوتیژی لەبەرامبەردا بەکار هاتووە، ئالێرەدا نووسین بەبێ باوکە، بێ خاوەنە، بۆ ئەوەی بتوانێت بژیت دەبێت باوک پاڵپشتی لێبکات، بانگەشەی ئامادەیی باوک بکات ئەگینا بێ سەرپەرشت لەنێو پەژارەییدا گوزەران دەکات: نووسین بەتەنیا بەبێ پاڵپشتی باوکی ناتوانێت نە خۆ بپارێزێت و نەخۆشی بپەڕێنێتەوەو دەرباز بکات.

ئالێرەدا حاڵەتی نووسین حاڵەتی یەتیمێکی بێ خاوەن و بێ باوکە، بەڵام نووسین بۆ بێ باوکایەتی قەبووڵ دەکات لەکاتێکدا ئاخافتن قەبووڵی ناکات؟ ئەوە وا دەکات نووسین بەوە تاوانبار بکرێت کە هەوڵدەدات باوک بەلاوە بنێت و خۆی لەژێر باوکەوە دەرباز بکات، ئەوەش وا دەکات ئارەزووی نووسین ئارەزوویەک بێت بۆ یەتیمی و بێ کەسی و بێ سەرپەرشت و کوشتن و فەناکردنی باوک، کەواتە ئەی باشە ئەم فارماگۆنە تاوانبارو جینایەتکار نیە؟ باشە ئەم دیاریەی (تووت) دیاریەکی ژەهراوی و نیاز خراپ نیە؟ لەحاڵەتێکدا کە ئاخافتن هەڵگری شوناسی حەقیقەت و ئامادەییە و نووسینیش فریودەر و نائامادەییە.

نووسین کاتێک خرایە سەر کاغەز ئەوە کوڕی کەس نییە، نەوەی کەس نییە، بگرە ئەو منداڵێکیش نییە تاوەکو دەسەڵاتی باوکایەتی قەبووڵ بکات، بۆیە ئەم ئەسڵەی خاوەنداریتی و باوکایەتی ڕەت دەکاتەوەو دانی پیانانێت، بە پێچەوانەی ئەویش ئاخافتن بۆیە زیندووە چونکە خاوەنی باوکێکی زیندووە باوکێک کە لەنێو ئێستادا ئامادەیی هەیەو لە تەنیشتیەوە وەستاوەو پاڵپشتی لێدەکات و ڕێگای پێ نیشان دەدات و ناهێڵێت بە هەڵە لێک بدرێتەوەو تەئویل بکرێت و بەناوی باوکایەتی و نازناو و شوهرەتی خاوەنداریتیەوە پارێزگاری لێدەکات، ئالەم کاتەدا ئاخافتن لەپەنا ئەم

پاڵپشتیەدا گوزەران دەکات و لەسایەی ئەوەشەوە دەژی و ڕێگاش بەخۆی نادات باوکی خۆی تیرۆر بکات، ئێمە لەگەڵ (دریدا) لەنێو دیالۆگی (فیدرۆس)دا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە ئاخافتن مانای ئامادەیی دەگەیەنێت و نووسینیش مانای نائامادەیی. بۆیە لۆگۆس کاتێک لەنێو ئەم دیالۆگانەدا-مەبەستمان دیالۆگەکانی تری ئەفلاتوونیشە خاوەنی باوکە ئەوە دیارە بەمانای ئاخافتن دێت، بۆیە لۆگۆس نابێتە لۆگۆس ئەگەر خاوەنی باوک نەبێت، کەواتە لۆگۆس بوونەوەرە، گیاندارەو کوڕی بونەوەرێکیشە، ئەگەر زیاتر وردبینەوە، ئەوە دیارە دەبێت ئەم بوونەوەرە زیندووش بێت، بونەوەرێک بێت لەدایک دەبێت و گەشە دەکات، کاتێکیش (ئەفلاتوون) لۆگۆس بە ئاژەڵ ناودەبات، ئەوە دیارە شوێنکەوتووی هەندێک لە گوتاربێژ و سۆفیستەکان کەوتووە کەبەر لە ئەوچەقگیری و وەستاوی نووسینیان بەراورد کردووە بە بزاڤتنی ئاخافتن و قسەی زیندوو کە بەردەوام پەیوەستە بە ئاستی دەربڕین و بەرزی و نزمی دەنگ و سیماو ڕوخساری دەم و چاو و پرسیار و وەڵامەکانیان، بەڵام تۆتارێک، یا لۆگۆسێک بۆ ئەوەی زیندوو بێت دەبێت سەر و دەست و قاچ و ناوقەدی هەبێت، ئاخافتن وەکو لۆگۆسێک زیندوو و خاوەنی هەموو ئەم پارچانەیە بەڵام ئایا نووسین کە مردووە یا نیوە مردووەو بێ باوک و بەتیمە خاوەنی ئەم هەموو ئەندامە ئۆرگانیانەیە؟ ئەوەتا (سوقرات) ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە دەکات و دەڵێت: (هەموو گوتارێک دەبێت لەسەر شێوەی بونەوەرێکی زیندوو دامەزرابێت، جەستەیەکی هەبێت کە جەستەی خۆیەتی بە شێوەیەک بێ سەرو بێ قاچ نەبێت، هەروەها خاوەنی ناوقەد بێت، لەهەمان کاتیش خاوەنی دوو دەست بێت بەشێوەیەک لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ هەموو دا بگونجێت).


## لۆگۆس.. باوک

بەڵام باوک چییە؟ فرمانی باوک چییە؟ لۆگۆس بۆچی لەپەنای باوکەوە دەردەکەوێت و زیندوویەتی خۆی لەم باوکەوە وەردەگرێت؟ لەبەرامبەریشدا بۆچی نووسین-فارماگۆن-باوکی خۆی بەلاوە دەنێت و دانی پێدانانێت و هەوڵی تیرۆرکردنی دەدات؟ لە ڕاستیدا قسەکردن لەسەر مەسەلەی باوک لەلای (دریدا) مەسەلەیەکی قورس و گرانە چونکە دەمانخاتە نێو کۆمەڵێک وازی چەمکگەرایی و بەسانایی ناتوانین لەم وازیە دەرباز بین، ئەوە لەحاڵەتێکدا خودی (دریدا) بۆخۆی تاکە هزرڤان و فەلسەفەکارە کە هاتووە لەنێو دەقەکانی (ئەفلاتوون)دا ئەم چەمکە فرە مانایانەی بۆ



کەسایەتی مەعنەویانەی باوک دۆزیوەتەوە، ئەستەمە فەیلەسووفێکی تر بەر لە (دریدا) بەدی بکەین بەم شێوەیە لە مانای باوک لەلای (ئەفلاتوون) تێگەیشتبێت، لێرەشدا ئێمە دیارە قسە لەسەر باوکێکی مەجازی دەکەین، ئەوەش وازیەکی ترە پێویستە ئاگاداری بین، ئێمە قسە لەسەر ئافرێدەکراوێکی نەبیل مەجازی دەکەین، قسە لەسەر بوونەوەرێکی لۆگۆسی زیندووی مەجازی دەکەین، کەواتە ئەوەی ئێمەی سەرقاڵ کردووە لێرەدا پەڕینەوەیە لە مەجازێکی تر ئەوەش ئێمە بەوازی مەجازی ناوی دەبەین، لۆگۆس لە بنەڕەتدا دەرهاویشتەو بەرهەمێکی زیندووە، ئاژەڵێکی گیاندارە، کەواتە بەرهەمهاتووە، شتێکیش بەرهەم هاتووبێت ئەوە ئەسڵێکی تری هەیە، ئەسڵی لۆگۆس باوکە لەنێو پێوەندی زمانەوەریدا باوک دێت لۆگۆس بەرهەم دێنێت، پێوەندی لۆگۆس و باوک پێوەندی نێوان باوک و کوڕەو هۆکاری ئەنجامە، بەرهەم و بەرهەمهێنەرە... تاد، بەمانایەکی تر لەسایەی لۆگۆسەوە شتێک هەیە دەردەکەوێت و باوکایەتی خۆی ڕادەگەیەنێت و ناچارمان دەکات بیری لێبکەینەوە، کەواتە ئێمە ناتوانین بیر لە بوونی شتێک بکەینەوە کە باوکە ئەگەر سەرەتا لۆگۆسێک بوونی نەبێت چونکە باوک بەبێ لۆگۆس باوک نیە بەڵکو شتێکی ترەو بێ بەهایە، دیارە وێنەی باوک لەنێو دەقەکانی (ئەفلاتوون) وێنەی مرۆڤێکی چاکەخواز و خێرخوازە، بەڵام باوک جگە لەوەش کە باوکە بەمانای سادەی باوک، بەڵام سەرۆکی گرووپێکیشە کە ناوی خێزانە، سەرمایەداریشە چونکە خاوەنی کۆمەڵێک سەرمایەی ڕەمزی و مادی و مەعنەویە.

لەهەمان کاتیشدا پادشایە، چونکە دیارە لەنێو خودی میتۆلۆژیاکانیشدا باوک پادشایەو خواوەندە و سەرکردەیە، کەسایەتی باوک بەم شێوەیە کۆمەڵێک کەسایەتی تری مەجازی لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، خواوەند، خێرخواز، سەرکردە، سەرمایەدار، باوک، ئەوەش وازیەکی زیرەکانەیە (ئەفلاتوون) ئەنجامی داوەو (دریدا) دێت بۆمانی ئاشکرا دەکات، وازی گۆڕینی دەلالەتی تاکە وشەیەک لەنێو ڕستەیەک و ڕستەیەکی تردا، ئەوەش شێوازی خوێندنەوەی (دریدا)و کاریگەری ئەم خوێندنەوەیەمان بۆ دەردەخات و هەوڵدەدات پەلکێشی ئەوەمان بکات کە ئەو ڕاوبۆچوونانەی لەسەر ئەم دیالۆگەی (ئەفلاتوون) دا هەیە عەفەوییەت و ئازادیەکی بێ سنوور و فانتازیای تێدایە، خودی ئەم سیفاتانە لەنێو ئەم دیالۆگەدا ئەگەر بوونیان هەبێت ئەوە بەئەنقەست بووەو وازی دەلالی و مەجازی بووە لەلای (ئەفلاتوون)،



وازیەک کە ڕێساو بنەماکانی زمان دیاری دەکەن، چونکە ئەم میتۆلۆژیایەی (تحووت-تووت) کاتێک لە زمانی میسرییەوە دەگوازرێتەوە نێو زمانی گریکی و کاریگەری دەکاتە سەر کولتووری گریکی ئەوە لەگەڵ خۆیدا وازی دەلالی و مەجازیش دەگوازێتەوە، وازی باوک و پاشا و سەرمایەدار و خاوەنی و بەرهەمهێن و خواوەند و٠٠٠٠تاد، هەموو ئەم مەجازانەش دێنە نێو کولتووری گریکی، بۆیە دەشێت خێزانی خواوەندی گریکیش لەبنەڕەتدا لەخێزانی خواوەندی میسری یا خۆرهەڵاتی کۆنەوە سەری هەڵدا بێت و ڕەگوریشەی هەبێت و دەشێت لەبنەچەدا خودی دوالیزمە ژیاریەکانیش لەخۆرهەڵاتەوە وەرگیرابن، دواتریش (ئەفلاتوون) دێت (تووت) وەکو خوازەیەک و نموونەیەک وەردەگرێت، بەڵام ئەم وەرگرتنە لەقاڵبی خوازەی زمانی دەردەچێت و ئاستی شوێنگەیی نێو زمانی دەگۆڕێت، ئەوە زێدەکردنێکی ئەفلاتوونیانەیە بۆ زیاتر ڕیسواکردنی نووسین، لە ڕاستیشدا دەشیا (ئەفلاتوون) ئاماژە بۆ ئەم میتۆلۆژیا میسرییە نەکات، چونکە لەنێو کولتووری گریکیدا بەبێ خودی میتۆلۆژیای (تووت) یش نووسین شەرمەزاری بووە، بەڵام ئەوە (ئەفلاتوون)ە دوالیزمی چەمک و زمانەوەریەکانی بەرهەم دێنێت، مادامەکی ئاخافتن بوونی هەیە ئەوە دیارە لەبەرامبەر ئەویشدا نووسینی ئامادەیە، بەم شێوەیە وازی نەمانی بەرهەم دێت، هەر گوتەو چەمکێک دژکاری خۆی بەرهەم دێنێت لە ڕاستیشدا دژکارەکە بۆخۆی لەنێو چەمکی یەکەمدا گوزەران دەکات و شتەکەش بەبێ ئەوەی ئاماژەشی بۆ بکەین هەر بەدییان دەکەین بۆیە کاتێک ئاخافتن دەکەین، ئەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نزمی نووسین پیشان دەدەین، کاتێک بەباڵای باوکدا هەڵدەدەین ئەوە ناڕاستەوخۆ کوڕ دەخەینە پەراوێزەوە، بۆیە ئەوە (دریدا)یە دێت ئەم خۆحەشاردانە زمانەوانیانە دەدۆزێتەوە، ئەوە دێت لەنێو چەمک و گوتەکاندا دژکارەکانیش ئاشکرا دەکات بەم شێوەیە:

(ئاخافتن-نووسین، ژیان-مردن، باوک، کوڕ، یەکەم-دووەم، کوڕی شەرعی-کوڕی بیژی، ڕوح-جەستە، ناوەوە-دەرەوە، خێر-شەڕ، جدییەت- وازی، شەو، ڕۆژ و خۆر-مانگ، زەوی- ئاسمان، گەنج- پیر، جوان-ناشیرین٠٠٠تاد) بەم شێوەیە دەشێت ئێمە چەندین بەرگ کتێب تایبەت بەم دژکارانە بنووسین، خودی ئەم دژکاریەتی نێو دەربڕینیش تەنانەت لەنێو سەرجەم میتۆلۆژیا خۆرهەڵاتییە کۆنەکانیشدا هەیە و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لۆگۆس دێت دژکارەکان حەشار دەدات، لەنێو زماندا زیندانیان دەکات و ناهێڵێت سەردەربێنن تاوەکو باڵادەستی یەک ماناو یەک بۆچوون بسەپێنێت.

لە ڕاستیدا ئێمە بۆ ئەوەی لەو پێگایە بەرزەی ئاخافتن تێبگەین ئەوە دەبێت لەو ڕەگوریشە فەلسەفییە شارەزا بین کە بۆتە هۆی ئەوەی (لۆگۆس) بەسەر (میتۆس)دا زاڵ بێت و باڵادەستی گوتاری خۆی بسەپێنێت چونکە دیارە لەوکاتەی کە فۆنۆ سێنترالیزم پاڵپشتی سەرەکی لۆگۆسێنترالیزمە، ئەوە لەهەمان کاتیشدا لۆگۆسێنترالیزمیش پاڵپشتی سەرەکی فۆنۆ سێنترالیزمە، واتا ئەوانە بەردەوام دووسێنتەرین و یەکتری تەواو دەکەن و ئەستەمە یەکێکیان بەبێ پیرۆزکردنی ئەوی تر بتوانێت باڵایی خۆی بسەپێنێت.

**سەرچاوەکان:**


(١) الكتابة والاختلاف، جاك دريدا، ترجمة: كاظم جهاد، دار توبقال، الطبعة الاولى، ١٩٨٨، المغرب.

(٢) هەڵوەشاندنەوەگەرایی، نووسینی: پییر ڤی زیما، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، ٢٠٠٤، هەولێر.

(٣) جاک دریدا و هەڵوەشاندنەوە، نووسینی: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل، کتێبێکی دەستنووسە و بەم نزیکانە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین لە هەولێر بڵاو دەکرێتەوە.

(٤) جاک دریدا، وتووێژ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل، کتێبێکی دەستنووسە و بەم نزیکانە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین لە هەولێر بڵاو دەکرێتەوە.

(٥) صيدلية افلاطون، جاك دريدا.



# هەندێ لە زاراوەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی

ئا: سالار مەلا محەمەد گەلاڵی

فەلسەفەکەی دریدا لە بنەڕەتدا جەخت لەسەر کێشەکانی تایبەت بە زمان دەکاتەوە و دریداش باڵادەستێکی ناوازە بوو لەم بوارەدا و گەلێ گومانی خستە سەر زاراوە فەلسەفییەکان بێئەوەی لەتاووتوێکردنی کێشە میتافیزیکیەکان دابڕێت. پێیوابوو خوێندنەوە میتافیزیکی و لاساگەریەکانی هەڵەیەکی گەورە و دزێویان دەرهەق بە سروشتی تێکستەکان کردووە و دەکەن، چونکە خوێنەری لاساگەر پێیوایە کە زمان لە دەربڕینی هزردا باڵادەستە بێئەوەی گۆڕانی بەسەردابێنێ و نووسینیش لە پەیکەری زماندا سەبارەت بە قسە (کلام: Parole) ڕۆڵێکی لاوەکی دەگێڕێ و دانەری تێکستیش خۆی ژێدەری مانای تێکستەکەیە، بەڵام خوێندنەوە هەڵوەشاندنەوەگەراییەکەی دریدا ئەم گریمانانە هەپڕوون بە هەپڕوون دەکات و بە توندی بەرەنگاری ئەوە دەبێتەوە کە تێکست یەک تاقە مانای نەگۆڕ بدا بەدەستەوە. هزری فەلسەفەی ڕۆژئاوایی بەپێی ئەم گریمانانە پەلوپۆی هەڵکشاندووە و تانوپۆکانی نەخشاندووە کە پێیوایە (قسە) ڕێگای ڕوون و ڕاستەوخۆی لە یەکگەیشتن بێ، بەڵام دریدا بەمتمانە کردن لەسەر زمانگەرایی و دەروونشیکاری گشت گریمانەکانی خستە بەردەم پرسیارگەلێکی سەختەوە و ڕوونی کردەوە کە نیازەکانی دانەر لە قسەدا ناکرێ بەبێ مەرج وەربگیرێن.. ئالێرەدا دریدا دەستبارێکی دیکەی دایە بەر هزری فەلسەفیانەی ڕۆژئاوایی.

دریدا بەسای زاراوە تازەکەی هەڵوەشێنەکانیەوە گەلێک دەروازەی نوێی بە ڕووی تەئویلکردنی تێکستدا واڵا کرد و دەریخست کە گەلێک ڕاڤە و شرۆڤەی فرە جۆر بۆ (واتا) هەن کە ڕۆڵی کرداری دەگێڕن لە زماندا، لە ڕێی بەرهەمگەلی تۆژەر و ئەکادیمیە گەورەکانی پێشینەوەش هەوڵی دا ئەوە ڕوون بکاتەوە کە زمان هەمیشە لە حاڵەتی ڕەوکردن و هەڵخزیندایە. لەم بارەوە ئاوەزێکی زیرەکانە و زەینێکی تیژی هەبووە و سەبارەت بە گەمە و گۆڕانکارییە زمانییەکانەوە لە دەرگای وای داوە کە بەر لەوی هیچ فەیلەسووفێک لە دەرگای ئاوای نەداوە.

تێکەڵبوون بە دنیای هەڵوەشاندنەوە گەراییەکەی دریدا شتێکی هەوەنتە و ئاسان نییە، دەیان و سەدان بابەت و نووسینی جۆراوجۆری لەنێو دوو توێی کتێبەکانی تایبەت بە زمان و فەلسەفە و ئەدەبی لەسەر نووسراوە کە هەوڵ دەدەن چەمکە سەختەکانی ئەم تیۆرە سەختە شی بکەنەوە.

دریدا وێڕای دەستەبژێر بوونە فەلسەفیانەکەی هەمیشە هەوڵێشی داوە کە فەلسەفە دابەزێنێتە سەر گۆڕەپانی گشتی نێو کۆمەڵگا، چونکە ئەو هەمیشە هزرەکانی ئامادە بوو لە نێو هەراو هەنگاوەکانی ململانێی کۆمەلایەتی وەکو: شەڕی جەزائیر، مافی کۆچبەران،



بزاڤی جودابووەوەکان لە کەمپی سۆسیالیستی، پەروەردە...تاد.

هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەرەنجامی گرتنەبەری دوو هەنگاوی دریدا بوو، یەکەم ڕەخنەگرتن و تاووتوێکردنی بنچینە میتافیزیکییەکان کە چەمکەکانی زمانی لەسەر بنیاتنرابوون، دووەم داڕشتنی زاراوە تایبەتیەکانی خۆی کە مایەی دروستکردنی چەمکی تازە بوون بۆ زمان.

ئێمە لەم چەند پەرەگرافەدا هەوڵ دەدەین تیشکێک بخەینە سەر ئەو زاراوانەی کە دریدا بۆ یەکەمجار دایڕشتوون و ڕەگەزی بنەڕەتین بۆ تێگەیشتن لە چەمکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی.

**جیاوازی** (Diffrance)

دریدا لە کتێبەکەیدا بەناوی (قسە و دیاردە) چەمکی جیاوازی دەستنیشان کردووە. لە ڕووی زمانەوانیەوە وشەی (جیاوازی) هەروەک لە نووسینەکانی دریدا-خۆیدا هاتووە؛ بریتییە لە ڕایەڵێکی فرە دەلالەت کە دەلالەتەکانی کۆمەڵێک وشەی لە ئامێزدا گرتووە.. وشەی (To differ) بە واتای هاوشێوە نەبوون و جوداوازی و لە یەکنەچوون دێت خۆی وشەیەکی لاتینییە و بە واتای پەرشبوون و پەرش و بڵاوبوونەوە دێت، هەمدیسان (To defer) بەواتای دواخستن و هەڵگرتن بۆ کاتێکی دیکە دێت. جا ئاشکرایە کە هاوشێوە نەبوون و پەرتبوون و کشان و لێک جیابوونەوە خاسیەتێکی جێگەیین (Spatial) کە پەیوەستن بە فەزاو شوێنەوە، کەچی دواخستن و هەڵگرتن بۆ کاتێکی دی پەیوەستن بە زەمەنەوە (temrporal). جا وشەی (جیاوازی) ڕایەڵێکی تێکچڕژاوە لەنێوان گشت ئەم دەلالەتانەی کە باسمان کردن. وشەی (جیاوازی) وەک زاراوەیەکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەو جوداوازیە بەدواخراوە هەمیشەییە دەگرێتەوە کە (وەرگر) ڕزگار دەکات لە پابەندبوونی بە ئامادەکردنی ژێدەرێکی دیاریکراوەوە و ئازادی پێدەدات کە ژێدەرێکی تایبەت بەخۆی ئامادە بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە نێوان دال و مەدلوول، مەدلوول و ژێدەر (مرجع)دا جیاوازی هەیە.

جا ئەگەر نیشانە (Sign) کە دەنگێکە لە قسە (الکلام)دا ئاماژە تەنیا بۆ بیرۆکەی شتێک لە شتەکان بکات؛ ئەوا ئامادەکردنی ژێدەرەکە مەحاڵە و بە مەحاڵی دەمێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ژێدەرەکە لە ساتەوەختی وەرگرتندا لە باری غیابدایە. کەواتە چۆن دەکرێ بابەتی ژێدەرەکە ئامادە بکرێ؟.. ئالێرەدا بەدواخستن و تەئجیلکردنی ژێدەرەکە لە سیستەمی زماندا بە درێژایی بەردەوامیێتی ئاخاوتن دەست پێدەکات، هەمان شتیشە سەبارەت بەو دەلالەتانەی لەژێر زاراوەی (جیاوازی)دا ئاپۆرە دەبەستن. پرسیارەکە ئەمەیە ئایا دەلالەتی (جیاوازی) بریتییە لە وێکنەچوون، یان پەرتبوون و هەپروون بە هەپروون بوون؟ یاخود بریتییە لە بەدواخستن و تەئجیلکردن؟ ئایا چۆن دڵنیابین کە (Differance) بریتی نییە لە (Differnce) ئەگەر بە نووسین جیاوازی نێوانیان دەرنەخەین، چونکە (a) کە پیتی جیاکەرەوەی نێوانیانە لە فەرەنسیدا گۆ ناکرێت. ئا لێرەدا گرفتی ئامادەیی و غیاب. ئامادەیی دال و فرەیی دەلالەتەکانی، غیابی هەندێکیان، دروست دەبێ.

کورت و پوختی، زاراوەی (جیاوازی) ناکۆکی دەلالەتەکانی پێکنەرەکانی قسە دەگرێتەوە، ئەمەش نەک بەپێی بنەمای خاسیەتە زاتیەکانی، بەڵکو بە گوێرەی بنەمای جیاوازیەکانی نێوانی خۆی. دیارە کە پێکنەری قسەیی بەوە دەناسرێتەوە هەر پێکنەرێک لەگەڵ پێکنەرێکی دیکەدا جیاوازی هەیە، ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکەوە بەدوای یەکداهاتنێکی تەئجیلکراویشیان هەیە لە زنجیرەی پێوەندیە بێکۆتاکانیان. هەموو ئەمانە تەفسیری ئەوە دەکەن کە بۆچی دریدا دیاریکردنی دەلالەتێکی زاراوەیی ورد بۆ وشەی (جیاوازی) ڕەت دەکاتەوە، بگرە ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە نە وشەیە و نە چەمکیشە، بەڵکو بریتییە لەو ڕاخزینەی کە زمان، یان کۆد، یان هەر سیستەمێکی گشتی کە تازباری (میزە)یەکی مێژوویی لەخۆ گرتبێ کە بەهۆیەوە دەبێتە بونیادێک لە جوداوازیەکان. لیتچ- Leitch هەوڵی داوە لە پێناسەی (جیاوازی) نزیک بێتەوە و دەڵێ: کاتێک نیشانەکان بەکار دێنین، ئەوا ئامادەیی ژێدەر و مەدلوول پەیوەست دەبێ بە ئامادەیی بوونێکی زاتیانە لەمەڕ دالەکەدا کە بەشێوەیەکی ناکاو حاڵەتێک لە وەهم و خەڵەتان و سەرنگوونی ئامادە دەبێت. نیشانە هیچ ئامادەییەکی مادیانەی بۆ نییە، بەڵکو ئەوەی کە هەیە بریتییە لە گەمەی جیاوازی و هیچی تر. جیاوازی نیشانە هەتک دەکات و شاڵاوی دەکاتە سەر و پرۆسێسەکانی دەگۆڕێ بۆ تارمایی (أثر- Trace) نەک بۆ ئامادەیی زاتیەکەی(١)

ئەگەر زمان بریتی بێ لە زنجیرەیەکی بێکۆتایی لەو موفرەداتانەی کە لە دەرەوەی ڕێڕەو (سیاق)ی زماندا هیچ ڕێو شوێنێکیان نییە، دیارە کە وشەکانیش بەوە

جوێ دەبنەوە کە هەر یەکەیان لەگەڵ ئەوەی تر جیاوازە.. کەواتە لەمانەوە دەگەینە دەرەنجامێکی زۆر گرنگ لە بارەی ستراتیژییەتی کاری هەڵوەشاندنەوەگەرایی. کەواتە هەموو مانایەک بە شێوەیەکی ناکۆتایی لە حاڵەتی تەئجیلکراودا دەبێ و هەموو وشەیەکیش بەرەو وشەیەکی تر لە سیستەمی دەلالەتی زمانەوانیدا ڕاپێچت دەکات، بێئەوەی بتوانی هەڵوەستەیەکی کۆتایی لەسەر واتایەکی دیاریکراو و ڕوون و ئاشکرا بکەی لە ئێستادا.

ئەو شتەی کە پاڵی بە دریدا نا لەم بارەیەوە، بریتی بوو لە سنووردانان لە بەردەم بیرۆکەی ئامادەیی، چونکە (وەرگر) بەدوای مەدلوولێکی دیاریکراودا دەگەڕێ، لەبەر ئەوەی لەژێر ڕکێفی بیرۆکەی ئامادەییدایە، بگرە ملکەچیشیەتی. بۆیە ئەوەی دریدا مەبەستی بوو، وەدی بێنی، ئەوە بوو کە گوتار (الخطاب) بە تایبەتی گوتاری ئەدەبی، بێتە تەوژمێکی بێکۆتایی لە دالەکان و تەنیا بەهۆی وشەکانیشەوە دەکرێ ئاماژە بە وشەیەک لەنێو وشاندا بدرێ کە ئەمەش دەبێتە مایەی لە دایکبوونێکی بەردەوامی واتاکان، نەک بەهۆی دیاردانی دەلالەتەکانیەوە، بەڵکو بەهۆی جیاوازیە نەپچڕاوەکانیەوە لەگەڵ واتاکانی تردا. جا لەبەر ئەوەی واتاکانیش جێگر و سەقامگیرنین، بۆیە لە ئامێزی سیستەمی جیاوازیدا بە تەئجیلکراوەیی دەمێننەوە هەروەها مەحکوم دەبن بەهەر جوولەیەکی ئازادانەی ستوونی و ئاسۆیی بێئەوەی کۆتاییەکی دیاریکراوی بۆ پێشبینی بکرێت.

دەلالەتی (جیاوازی) لە دەوری دوو جەمسەری بنەڕەتی دوو دەلالەتدا خۆی ڕێک دەخات کە بریتین لە (جیاوازی) و (دواخستن)، وێڕای ئەم دوانە چەندین جەمسەری لاوەکی دیکەش لە تەکیاندا هەن، بەڵام ئەم دوو جەمسەرە لە پێڕەوی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا بنچینە بۆ بیرۆکەی هاوتەریبی دادەڕێژن، چونکە ئەو خۆی مەبەستیەتی ئەو دوانەگەراییەی کە میتافیزیکا لەسەری دامەزراوە، هەڵوەشێنێتەوە.

دریدا بەهۆی (جیاوازی)یەوە ڕوانگەکەی خۆی لە بارەی ئاستەنگی ئامادەیی و غیابدا بینا دەکات و مشتومڕێکی گەرمی فرە ئاستیش لە بارەی زمان و فەلسەفەوە بەرپا دەکات. ئەو پێی وایە (واتا)کان لە ئەنجامی جیاوازی نەپچڕاو و بەردەوامەوە لە میانەی پرۆسێسی خوێندنەوە و نووسیندا لەلایەن کەسانی دیکەوە دێنەدی، ئاستەکانی ئامادەیی و غیابیش بە دەستپێکردنی مشتومڕ لەنێو ئاسۆکانی جوداوازیەوە بە



جۆرێکی وا دێنە کایەوە کە (جیاوازی) خۆی ببێتە ئامانجێک. بەمجۆرە ئامادەبوونی پێوەندیەکی بینراو بەهۆی (نووسین) دێتە دی کە ئەویش هێزێکی دووبارەبووەوەی نێو زەمەن بە نیشانەکان دەبەخشێ. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا ئامادەییە زاتیەکە هەڵدەوەشێنێتەوە. هەموو ئەمانە دەبنە مایەی بارگەدارکردنی دالەکان بە چەندین ئەڵتەرناتیڤی بێکۆتایی لە مەدلوولەکان. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئامانج و مەبەستی (قسە) بەو سیفەتەی ئامادەییەکی زاتیە بەهۆی کاری زەمەن لە نووسیندا دێتە بەرهەم. ئەمەش ئەوە دەردەخات هەم بیناکردن و هەمیش ڕووخاندن بەردەوام لە ئارادان بۆ گەیشتن بە ناواخنی (واتا). دریدا پێیوایە کە جیاوازی کارێکی ناوەخۆیی (قسە)یە، چونکە (قسە)ی گۆکراو لە ئەنجامی جیاوازیە بەردەوامەکەی نێوان وشەی گۆکراو- کە دابەش دەبێ بۆدالێکی دەنگی و مەدلوول- و زنجیرەی ئەو موفرەداتانەی کە ئاخافتن ڕێکیان دەخەن، فۆرمەلە دەبن، بەڵام بێئەوەی جیاوازیەکە بە کۆتایی بگات.

ئەم ئەرکەی جیاوازی لە بەرنامەی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا دریدای بەرەو ئەوە برد کە تێڕوانینی خۆی لە مەڕ (نووسینی سەرەتا: Archi-writing)وە پێشکەش بکات کە بریتییە لە ستایلێکی پێشوەختەی نووسین بەر لە نووسین خۆیدا، کە ناکرێ وەک بابەتێک پێناسە بکرێ، چونکە ناکرێ بخرێتە بەر خوێندنەوە خوازی (استقراء) و وەسفکردنەوە، بەڵام بەپێی تێڕوانینی دریدا هەموو شتێ ئامرازێکە و جگە لە شێوەی ئامادەیی، چیتر بەرهەم ناهێنێ، زۆرینەی جاریش خاوەن سیستەمێکی بابەتیانەیە سەبارەت بە بابەتەکەی تەنانەت سەبارەت بە سەرجەم شێوە مەعریفییەکانی دیکەش(٢) کە دەکرێ ئەم زاراوەیەی بۆ تەرخان بکرێ، زمانگەرایی بە عەقڵ چەقنەگرتوو: anon Log-ocentric Linguistics. ئا لێرەدا گرنگیەکەی (جیاوازی) دەردەکەوێت، چونکە ستراتیجیەتی ئەم بیرۆکە کارایە باڵی بەسەر تەواوی گوتارە فەلسەفی و ئەدەبیەکانەوە کێشا کە وەک ئامرازێک بوو بۆ بنکۆڵ کردنیان. بەمجۆرە دەستکەوتەکانی لەوەدا دەردەکەوت کە هەوڵی دا کۆڵەکەکانی هزری دوانەیی وەک: ڕۆح و جەستە، خێر و شەڕ، فۆرم و واتا، خوازەکی و واقیعی، ئەرێتی و نەرێتی... تاد هەڵوەشێنێتەوە کە میتافیزیکای ڕۆژئاوایی لەسەر بنیات نراوە.

لەپای ئەمەدا موفرەداتی تری هێنایە ئاراوە وەکو:

(Pharmakon) کە لە یەک کاتدا واتای ژەهر و دەرمان دەگرێتەوە، یا وەکو (Marge) کە پەراوێز و نیشانە و دەربڕاوی دەنگی دەگرێتەوە، هەروەها گەلێک موفرەدەی تریش کە یەک واتا هەڵنەگرن و یەک شت دیاری ناکەن، بەڵکو کۆمەڵێک واتا و لێڵی لەخۆدا کۆدەکەنەوە. (جیاوازی)یش لەبەر ئەوەی خاسیەتێکی زمانەوانییە بۆیە هەر بەپێی تێڕوانینی دریدا خۆی نە بۆ مێژوو دەگەڕێتەوە نە بۆ بنیادیش(٣).

## تارمایی (Trace)

دریدا پێیوایە هەر نیشانەیەک دوو ئەرکی بەیەکەوە گرێدرا و ڕادەپەڕێنێ: جیاوازی و بە دواخستن، بۆیە بونیادی هەر نیشانەیەک پەیوەستە بە مەرجەکانی جیاوازی و بەدواخستنەوە نەک بە دال و مەدلولەوە. بە واتایەکی دی بونیادی نیشانە بریتییە لە جیاوازی کە ئەوە دەگەیەنێ کە هەر نیشانەیەک شتێکە و بە نیشانەیەکی تر ناچێت و شتێکیشە کە هەرگیز لەنێو نیشانەکەدا بوونی نییە. دەتوانین بەم نموونەیە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە باسمان کرد: ئێمە هەردوو وشەی (three) واتە سێ و (tree) واتە دار هەم لە نووسین و هەم لە قسەشدا لە یەکتری جوێ دەکەینەوە و دیارە کە لە یەکتری جیاوازن و ناسنامەکەی خۆیان نیشان داوە. ئەم جیاوازییە بە یەکێک لەو دوو هێزە دەژمێردرێت کە لە هەر نیشانەیەکدا هەیە، بەڵام هێزەکەی دیکە بریتییە لە توانستی نیشانەکە لە مەڕ بەدواخستن و تەئجیلکردندا، واتە توانای تەئجیلکردنی هەیە، بۆ نموونە وشەی (گوڵ) لەناو چامەیەکدا واتاکەی بەدەستەوە نادا تا درک بەوە دەکرێ کە ئەم گوڵە ئەو گوڵە نییە کە لە واقیعدا دەیبینین، بەڵکو شتێکی دیکەیە، ئەو شتەی کە پێویستە بدۆزرێتەوە. لەبەر ئەم هۆیە نیشانە نیوەیەکی پڕ بە پێستی خۆیەتی و نیوەکەی تریشی پڕ بە پێست نییە. کەواتە نیشانە ئەوە نییە کە (سوسێر) دیاری کردووە و دەڵێ نیشانە بریتییە لە دال+ مەدلول، بەڵکو بریتییە لە جیاوازی+ بەدواخستن. وێڕای ئەمە سۆسێر پێیوایە نیشانە یەکترگرییە کەچی دریدا پێیوایە جیاوازبوونە.

جا لەبەر ئەوەی کە نیشانە نەقوستان و پڕ بە پێستی نییە بۆیە پێویستە وای لێ بفامینەوە کە لەژێر ڕەشبوونەوە و تونابووندابێ (under erasure)، کە زاراوەیەکە دریدا بەو مەبەستە دایڕشتووە تا ئاماژە بە نەقوستانی و لێوان لێو نەبوونی نیشانەکان بدات.



نیشانەکە نووسراوەیە، بەڵام ڕەشکراوەتەوەش، ئێمە لەبەر ئەوە ڕەشی دەکەینەوە تا ئاماژە بە نەقوستانییەکەی بدەین. بەهۆی ئەمەوە هەموو نیشانەکان هەڵگری ئەم ئاماژەیەن. بۆ نموونە وشەی (دیار) هیچ ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرای لەخۆدا هەڵنەگرتووە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەیەکە لە نیشانەکان، بەڵام ئەگەر لەگۆشەنیگایەکی هەڵوەشاندنەوەگەرایییەوە سەیری بکەین ئەوکات وەکو نیشانەیەکی ڕەش کراوە خۆی دەردەخات. نابێ بیرۆکەی ڕەشکردنەوەی نیشانەکان بەشێوەیەکی حەرفیانە وەرگرین، بەڵکو تەنیا دەبێ بەشێوەیەکی فروسمانەیی (إیحائی) وەریگرین. ئەم ڕەشکردنەوەیە ئیحای ئەوە دەدات کە نیشانەکان نەقوستانن و لێبڕاوەنین، هیچ نیشانەیەک نییە ببێتە دال بۆ شتێکی ئەزەلی، چونکە خاوەنی نرخێکی ڕەها نییە، بەڵکو نیشانە شتێکی ڕەوتەنیە (سیاقی: Contextual) و وەدیهێنەری سەرابی مەدلولە. ئەوپەڕی کە بتوانێ هەر ئەوەندەیە کەبەدوای ئەو شتانە وێڵمان دەکات کە خۆی پێویستیەتی و ئەو شتانەمان بە یاد دێنێتەوە کە لەنێو خۆیدا بوونیان نییە، بۆیە نیشانە بریتییە لە تارمایی (الأثر: Trace) نیشانە بریتی نییە لە نوێنەرایەتیەکی بینراو، یان نووسراوێکی بەرهەستی وێنە دەنگیەکان، بەڵکو بریتییە لەو تارماییەی کە دریدا بە نائاسایی وەسفی دەکات، واتە بریتی نییە لە ئاماژە و نیشانەی سروشتی و (index) هەروەک هۆسرل بۆی چووە.

## سێنترالێتی عەقڵ (Logo Centralisim)

ڕەخنەکانی دریدا ڕووبەڕووی دوو هزری کاریگەری نێو نەخشەی میتافیزیکای ڕۆژئاوایی بۆتەوە کە سێنترالێتی ڕۆژئاوایی لەسەر بنچینەی ئەم دوو هزرە بنیات نراوە، یەکەم: سێنترالێ بوون بە دەوری عەقڵدا، دووەم: هزری ئامادەیی. دریدا ویستوویەتی تەواوی مەڵبەندە دەلالەتییەکان هەڵوەشێنێتەوە، چونکە پێیوایە مومارەسە هزریەکان کە بە دەوری (Logos) خولیان خواردۆتەوە بووەتە مایەی بەرهەمهێنانی سێنترالبوونێکی عەقڵیانەی ڕەق و سیستەمێکی گاڵەدراو لە بیرکردنەوەدا و هەر مومارەسەیەکی هزریانەش کەپەیڕەو لە مەرجەکانی نەکات دایبڕیوە و خستوویەتییە لاوە، چونکە (حەقیقەت)ەکانی بەخۆی پەیوەست و پاوان کردووە. هەرچی هزری (ئامادەیی)یشە، دریدا بۆیە خستوویەتییە بەر زەبری ڕەخنەکانییەوە، چونکە ئەویش شانبەشانی

لۆگۆس پرەنسیپێکی چەسپیوی هێناوەتە کایەوە کە بە گوێرەی ئەم پرەنسیپە (بوون) بە سیفەتی (ئامادەیی) دەردەکەوێت، واتە بوون (being) ئامادەییەکەی لە شتەکاندا بەدیار دەکەوێ. لەم بارەوە هایدگەر ئەوە دووپات دەکاتەوە کە مێژووی ڕۆژئاوایی هەر لەسەرەتاوەڕا تا ئێستاش هەر بە بەردەوامی ئەوەی سەلماندووە کە هەبوێتی هەبوان بە وەسفی (ئامادەیی) دەرکەوتوو. ئەم هەبوێتییە کە گوایە (ئامادەیی)یە بریتییە لە خودی مێژووی ڕۆژئاوا، چونکە ڕەوتی مێژووی ڕۆژئاوا هاومانا و هاوەدەلالەتە لەگەڵ هزری ئامادەگیدا(٤).

ئەم دیاردەیە گەلێ جار هەڵوەستەی بە هایدگەر کردووە و وای لێکردووە بە متمانەکردن لەسەر تێکستەکانی فەلسەفە لێی بکۆڵێتەوە و دیراسەی بکات. لە ئەنجامی توێژینەوەکانیدا گەیشتە ئەوەی کە فەلسەفەی ڕۆژئاوایی بەردەوام ئەم هزرە بەرەو پێشەوە دەبات کە پێیوایە بوون (وجود) ئەوەیە کە هەر لە خودی خۆیەوە پتر ئامادەیی هەبێت. ئەرستۆ ئەوەی دووپات دەکردەوە کە «وجود بریتییە لەو شتەی کە لە خودی خۆیدا دەرکەوتترین شت بێ».

واتە شتێکی ئەوتۆ بێ کە پتر (ئامادەیی) هەبێ لە شتەکانی تر، بەڵام لێرەدا کێشەیەکی دیکە هەیە کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت کە پێوەندی بە پەی پێ بردن (إدراک)ی مرۆڤەوە هەیە، چونکە ڕەنگە ئەو شتی بە دەرکەوتووترین شتان حسێب کراوە، کەمترین دەرکەوتوو بێ! چونکە لەبەر ئەوەی (پتر دەرکەوتوێتی) بریتییە لەو هەبوو (موجود)ەی کە ئێمە لە گشت ساتەکاندا درکی پێدەکەین. کەواتە ڕەنگە ئەو شتەی لە خودی خۆیدا دەرکەوتێکی ڕوون و ئاشکرابێ، لە هەمان کاتدا سەبارەت بە ئێمە وانەبێ. مادامەکێ ئاواش بێ، کەواتە (هەبوون) لەلایەکەوە دەرکەوتنێکی ئاشکرای هەیە و لەلایەکی تریشەوە پەردەپۆشبوونی هەیە. هەڵبەتە هۆی ئەم نەسازی (تناقضی)یە بۆ کەموکورتی هۆشی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بەو سیفەتەی کە ئامرازێکە بۆ پەی پێبردنی مرۆڤ. کەواتە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی (بوون) سیفەتی خودەکی (بوونەکە)نین، بەڵکو لە ئەنجامی سنووردارێتی پەی پێبردنی مرۆڤ ( ئامادەیی) بوونەکەدا دێنە دی. جا ئەوەی جێی سەرنج و گرنگی پێدانە، بریتییە لەم جیاکارییەی کە ئایا ئەگەر شتێک پتر لە شتەکانی دی (ئامادەیی) هەبێ، چۆن دەبێ لە هەمان کاتدا پتر لە شتەکانی تریش لێڵ و گاڵەدراو بێ؟




ئەم جیاییەی نێوان حەقیقەتی هەبوون و چۆنیەتی پەی پێبردنی ئاوێتەی هزری فەلسەفیانەی ڕۆژئاوا بووە.

هایدگەر دوای توێژینەوەی لە بارەی ئەم گرفتەوە دەگاتە ئەنجامێک و دەڵێ: بڵاوبوونەوەی (بوون) مێژووی مرۆڤی ڕۆژئاوای لە ڕووی جەوهەرێتییەوە فۆرمەلە کردووە، وا دانراوە کە مرۆڤ لە گشت ساتەکانی مێژوودا هەر خۆی توانادار بووە و لە شوێنی خۆی جێگیرکراوە بەو وەسفەی کە بووەتە مایەی درەوشاندنەوەی وجوود و ئەو لە درەوشاندنەوەکەدا بەشداربووە وجوودیش لەو ڕووەی کە ئەگەر پەردەپۆش بێ و لە دەرکەوتنیش دانەبڕێت، ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ماهیەتی مرۆڤانەیی، ئەوە هەیە کە ناکرێ ببێتە مرۆڤ، بەڵام بەهۆی ئەم دەلالەتەوە ماهیەتی مرۆڤ لە هەموو لایەن و کون و کەلەبەرەکانی بوونەوە جێنشین دەبێ(٥).

دریدا ئەوەی سەلماندووە کە کەلەپووری فەلسەفییانەی ڕۆژئاوا بەم دوو هزرە تێراو بووە «سێنترالبوون بە دەوری عەقڵدا» و «میتافیزیکای ئامادەیی» و هەرچی مەزهەب و تیۆرە جۆراوجۆرەکانی تری فەلسەفەشە هەر هەمووی بریتیین لە ستایلی جۆراوجۆری یەک جۆرە سیستەم کە ئەویش سێنترالبوونە بەدەوری ئەم دوو هزرەدا، دریدا لەگەڵ ئەوەی پێیوایە کە ڕزگار بوون لەم سێنترالبوونە شتێکی ئەستەمە، بەڵام دەکرێ ئەو ڕەوشانە تاووتوێ بکرێن کە ئەم دیاردەیان سەپاندووە، هەروەها هەرچەندە کۆتایی پێهێنانی میتافیزیکا، یان سنووردارکردنی شتێکی وا ئاسان نییە، بەڵام دەکرێ هەر لەناوەوەی خۆیەوەڕا بخەینە بەر ڕەخنەوە تا ئاشنابین بەو سیستەمە هەرەمییەی بنیاتی ناوە، کە ڕەنگە لە قۆناغێکی تردا ئەم دیاردەیە سەرەوژێر بکرێ. لێرەدا ئامانجی ڕەخنەگرتن بریتییە لەوەی بنچینەکانی میتافیزیکا بهەژێنێتەوە کە لەنێو چەند ئاسۆیەکی سنووردارەوە هاتۆتە کایەوە(٦).

ئەو سیستەمە یەکانگیرەی کە لە ئەنجامی مومارەساتی ئەم سێنترالبوونەوە هاتۆتە بەرهەم هێندە پتەو و تۆکمە هەڵکەوتووە کە زۆر زەحمەتە ڕاستەوخۆ وێران بکرێت، بەڵکو پێویستی بە شپرزەکردنی سیستەمە ڕیشەییەکانی هەیە، هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیستەمەش ڕەنگە ببێتە مایەی ئەوەی کە لە ناوەوەڕا بتەقێتەوە(٧). جا لەبەر ئەمە و لەبەر ئەو ئامانجەی کە مەبەستیەتی میتافیزیکای ڕۆژئاوا هەڵوەشێنێتەوە و کۆڵەگەکانی ڕاخزێنێ و نەسازیەکانی وەدەربخات؛ بۆیە دریدا بە نەیارێکی سەرسەخت لە قەڵەم دراوە دژ بە سیستەمی هزری





بەرزهەڵنراو (المتعالي) کە ئەمەش چەند هەڵوێستگەیەکی خۆسەپێن بە پەیڕەوانی دەبەخشێ و ئەوانیش لەوان هەڵوێستگەوە لە کەسانی تر دەڕوانن و حوکمیان بەسەردا دەردەکەن(٨).

**پەراوێزەکان:**

1- Leitch, P24.
2- Movments in European philo so-phy (Grent Britain, Manchester University Press, Richard Kearny, P.121.
3- Derrida. P.28.
٤- مارتن هایدجر، التقنیة- الحقیقة- الوجود- ترجمة: محمد سبیلا و عبدالهادي مفتاح (بیروت: المرکز الثقافي العربي ١٩٩٥)، ل(٨٩ و ٢٠٤).
٥- مارتن هایدجر، مبدأ العلة، ترجمة: نظیر جاهل (بیروت: الموسسة الجامعیة، ١٩٩١)، ل(٧٢، ٧٧، ١٠٢).
٦- جۆن ستڕۆک، البنویة و ما بعدها، ترجمة: محمد عصفور (الکویت: عالم المعرفة ١٩٩٦)، ل(٢٠٧).
٧- سارە کۆفمان و روجي لابورت. مدخل الی فلسفة دریدا، ترجمة: ادریس کثیر و عزالدین الخطابي (الدار البیضاء ١٩٩١)، ل(١٤٠).
٨- ستڕۆک، ل(١١).

**سەرچاوەکان:**

١- دریدا و نقد المیتافیزیقا الغربیة (د. عبدالله ابراهیم) نص الفصل السادس من الکتاب (المرکزیة الغربیة) مطبعة بیروت (١٩٩٧).
٢- مدخل الی تفکیکیة دریدا (روجي لابورت)
www.ofouq.com
٣- التفکیکیة: من الفلسفة الی النقد الادبي (ممدوح الشیخ)
www.otouq.com
٤- دریدا رائد الفلسفة التفکیکیة المعاصرة (سیار الجمیل)
www.elaph. com
٥- جاك دریدا و نظریة التفکیك (خالدة حامد تسکام).



# دریدا
# فەیلەسووفی هەڵوەشاندنەوە

جەمال پیرە

(ئەگەر بە ڕاست هەڵوەشاندنەوە ڕووخێنەرە، با بونیاتە کۆنە شێوازەکان برووخێنێ لە پێناو سەرلەنوێ بونیاتنانەوەدا)


**« ژاک دریدا»**

ژاک دریدای پێشەنگی فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی هاوچەرخ، ئەو کەسەی کە شەش مانگ بەر لە ئێستا بۆ تا هەتایە ماڵئاوایی کرد، دەکرێ پێمان وا بێ کە تەنیا فەیلەسووفێکی هاوچەرخە لەدوای خۆیدا زۆرترین مشتومڕ و هەرا دەنێتەوە، بەو پێیەی کە خۆی پێشەنگی سەرجەم گۆڕانە فیکرییەکانی سەردەمی خۆی بووە و لە ئاست هەموو گۆڕانەکانی تری بوارە ژیارییەکاندا قسەی خۆی هەبووە و بێدەنگ نەبووە. لە بەرامبەریاندا بە زاراوەی فەلسەفییانە گومان دەکات بێئەوەی لە دیالۆگ لەگەڵ میتافیزیکیادا داببڕێ، لە سەرووی هەموویاندا دریدا دژایەتییەکی سەرسەختی تاک مانایی دەقەکانی دەکرد بە شێوازە هەڵوەشاندنەوەییەکانی خۆی سەرجەم گریمانە و گومانەکانی تێکشکاند، لە ڕاستیدا لەبەر ئەم شێوازە نوێیەی بیرکردنەوەکانی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرێکی زۆر دژایەتیی بۆچوون و تیۆرە ڕەخنەییەکانیان دەکرد لەسەر ئاستی ئەکادیمیی فیکریی خۆیدا، جگە لەوەی کە دریدای فەڕەنسی و جوولەکە لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە بە کەسێکی ئەمەریکی و سیاسی لە قەڵەم دەدرا، تەنانەت لە دوا چاوپێکەوتنەکەیدا کە گفتوگۆیەکی درێژە لەگەڵ ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسیدا دوو مانگ بەر لە مردنی بۆ دواهەمین جار قووڵی فەلسەفەکەی خۆی بەدەردەخات کە لە ڕاستیدا هەموو کات مایەی تێڕامان و هەڵوەستەکردنە، دریدا لەوێ دەڵێ: «من لەگەڵ خۆمدا لە شەڕدام» و قسە لە ئایینی یەهوودی دەکات و باس لە جوولەکەبوونی خۆی دەکات، هەروەها لە کێشەی عەرەب – جوولەکە، توانیویەتی ڕەگوڕیشەی کێشەکانی خۆی لەگەڵ ئایینەکەیدا هەڵتەکێنێ، بە بڕوای من دوا گفتوگۆکەی هەلێکی باشە بۆ گرتنەوەی ئاراستە فیکریی و فەلسەفییەکانی دریدا، ئەگەرچی تا ئێستا خوێنەری ئێمە نەیخوێندۆتەوە بەو پێیەی کە وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی تەنانەت وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبییش، جگە لەو کورتکراوەیەی گفتوگۆکە بە زمانی عەرەبی کە زۆر نامەسئوولانە ئەوەی کە لە بەرژەوەندی خۆیان بێ وەریانگێڕاوە. بۆ نموونە قسەکانی دژ بە جوولەکە لەلایەن خۆیانەوە ئیبرازکراوە، بەڵام نەهاتوون وەکو خۆی وەریگێڕن کە کۆمەڵێک ڕا و بۆچوونی فەلسەفیی زانستی تێدایە، ئەوەی ڕاستی بێ ناوبانگی دریدا کە لە ئاسۆدا دەرکەوت نەک لەبەر ئەوەی کە فەیلەسووفێک، یان مێژوونووس و بیرمەندێکە، بەڵکو

لەبەر ئەوەی کە ڕەخنەگرێکە و دەیەوێ بونیاتەکان لە پێناو بونیاتنانەوەیەکی ڕاستدا هەڵوەشێنێتەوە، هەروەک کە ئەمە حاڵی ئەم چەرخە بوو تێیدا بە فراوانی ناکۆکیی و دژەکان لە زۆربووندا بوون، بەرهەمەکانیش بە هەموو ئەو ناکۆکییانەی کە لای هەر یەکێ لەوەی کە ڕاشکاوانە لە هەوڵ و کۆششی زەینی و ئەزموونی و بونیاتیدایە بۆ هەڵوەشاندنەوەیەکی ڕەخنەییانە، بە شێوەیەک کە هەرگیز ناکرێ لەو میتۆدە ڕەخنەییەی ژاک دریدا دوور بکەوێتەوە. دریدا پێی وایە کە شارستانییەتی ئەوروپیی سەراسەر شارستانییەتێکی ڕەگەزپەرستی گڵبووەوەیە لە نێو خۆیدا و بە چاوێکی سووک لە کولتوورەکانی تر دەڕوانێ، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە میتۆدی هەڵوەشاندنەوە مۆرکێکی شۆڕشگێڕانە و ئینقلابییانەی لەخۆوە گرتووە، ئەم بۆچوونەی دریدا بێگومان کۆنزەرڤاتیڤەکانی هزری ئەورووپی لە ڕادەبەدەر بێزار کردبو، پێیان وابوو کە جۆرێکە لە دوژمنایەتی کردنی ئەو شارستانییەتەی خۆیان کە زۆر شانازی پێوە دەکەن، ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە دریدا تێکەڵ بە تێکۆشانێکی کردارەکییانە بووە دژ بە ڕەگەزپەرستێتی، ئەمەش لەگەڵ ئەو بڕوایەی مەبەستدایە بەرەو هەڵوەشاندنەوەی ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستی یا میتۆدییەتی خۆرئاواگەرایی لەسەر ئاستێکی فەلسەفییانەدا، دریدا لەساڵی (١٩٩٣)دا کتێبێک بە ناونیشانی (تارماییەکانی مارکس) دەردەکات، لەم کتێبەدا وەڵامێکی ڕاشکاوانەی تیۆرەکەی (فرانسیس فۆکۆیاما) دەداتەوە، ئەوەی کە لە «کۆتایی مێژوو»دا بانگەشەی سەرکەوتنی دیموکراتییەتی لیبرالیی دەکات، لەوێدا دریدا دەڵێ دیموکراتییەتی لیبرال لە سەرجەم وڵاتانی دنیادا سەرنەکەوتووە، تا بتوانین بانگەشەی بە کۆتا هاتنی مێژوو بکەین، بە تایبەت کە نەیتوانیوە چارەسەریی کێشەی هەژاری و نەداریی کۆمەڵایەتی بکات، تەنانەت لە ناو خودی کۆمەڵگا خۆرئاواییەکانیشدا، بەم شێوەیە چۆن دەتوانین جاڕی کۆتایی هاتنی مێژوو بدەین؟ لەگەڵ ئەوەی دریدا گومان لە خێر و بێر و لایەنە پۆزەتیڤەکانی دیموکراتییەتی لیبرال ناکات، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بێ کەموکووڕی نییە. هەر لەم کتێبەدا دریدا بۆ ڕیسواکردنی سەرمایەداری خۆرئاواگەرای هاوچەرخ داوا دەکات کە بۆ لای مارکس بگەڕێنەوە، لەلایەکی تر کاریگەریی فەلسەفەی دریدا بەسەر ڕەخنەی ئەدەبییەوە کاریگەرییەکی ئەکتیڤانەی دیارە، بەڵام تا ڕەخنەگرانی



ییێل لێکدانەوەیان لەسەر نەکرد ئەم کاریگەرییە وەکو خۆی بەدەر نەکەوت، بەتایبەت پۆل دیمان، دیمان پێوەندیی نێوان ئەدەب و فەلسەفە وێنا دەکات بە وەی کە دەڵێت: «ئەدەب بووە بە بابەتی بنەڕەتی فەلسەفە و نموونەیەکە لە شێوەی (ڕاستییەکان)، یاخود ڕاستییەک کە فەلسەفە لە هەوڵی گەیشتنیدایە». ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەدەب بێ ئەرک نییە، بەڵکو خوێنەر بەرەو واقیعی ڕاستەقینەی دەرەوەی زمان دەبات کە پێناسەیەکی خەیاڵاوییە، مێژووی فەلسەفەش بەپێی بۆچوونی دیمان سەفەرێکی دووردرێژی ئیحالەکردن و ئیحالەگەراییە، هەروەها بۆ ناوکۆییەک کە لە خودی هۆشیارییەوە دوور بێت، یاخود کە فەلسەفە لە سەرچاوەی ڕەوانبێژیگەریی و خودی زانستی ڕەوانبێژییەوە لەسەر بنەماکانی خۆیدا بەردەوام بووە، دیمان لێرەدا پشت بەم گوتەیەی دریدا دەبەستێت کە دەڵێ: «دەکرێ پێمان وا بێ ئەدەب جوولەیەکی هەڵوەشاندنەوەی خودییە بۆ دەق، کە لەیەک کاتدا واتایەکمان دەداتێ و لەدواییشدا هەڵیدەوەشێنێتەوە». ئەدەب نزیکترین شتێکە بۆ گەیشتن بە جیاوازی، دریدا ڕەخنە لە میتافیزیکای خۆرئاواگەرا دەگرێ، ئەو کە فەیلەسووفی جیاوازییە بەو میتۆدە هەڵوەشاندنەوەییانەی خۆی گومان دەکات، لە هەمان کاتدا بونیاد و پێکهاتەکانی زمان هەڵاوێرد دەکات، پێی وایە کە زنجیرەیەکی بێ کۆتاییە لە وشە کە جگە لە سیاقی زمان خۆی هیچ بنەمایەکی تری نییە، ئەمەش ڕێنماییە بەرەو ئەنجام، بایەخ و ستراتیژیای هەڵوەشاندنەوەش لێرەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەردەکەوێت ئەوەی پێوەندی هەیە بەو پێوەندییەی نێوان نووسین و ئاخافتنەوە، یان ڕێک دەتوانین بڵێین لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەدا دەکرێ هەموو مانایەک بە شێوەیەکی ناکۆتایی دوا بخرێ، یان وشە سیستمێکی تری دەلالی زمانەوانی هەڵگرێ، بێ ئەوەی لەسەر مانایەکی دیاریکراودا بە شێوەیەکی کۆتاییانە بوەستێن، هەر ئەمەش وای لە دریدا کرد کە سنوورێک بۆ هزری لە ئارابوون (ئامادەبوون) دابنێ، چونکە پێی وایە کە کەسی وەرگر (المتلقي) بەدوای مەدلولێکی دیاریکراودا دەگەڕێ کە واقیعێکە لە ژێر سایەی هزری لە ئاراییدایە بگرە ملکەچییەتی، بۆیە ئەو ئامانج و ویستەی دریدا کە دەیەوێ بەدەستی بێنێ ئەوەیە کە دەبێ گوتار،گوتاری ئەدەبی بە تایبەت لە ڕێگەی وشەوە بە تەنیا تەیارێکی بێ کۆتایی لە ئاماژە و دەلالەتەکاندا



بێ، که ئەمەش بەرەو لەدایکبوون و هاتنە ئارای بەردەوامی (مانا)مان دەبات، لەبەر دەرخستنە ئاماژەییەکانی خۆی نا، بەڵکو لەبەر جیاوازییە بەردەوامییەکانی ماناکانی تر، ئەگەر ئەم مانایانە جێگیری و سەقامگیریی بەخۆیانەوە نەبینن، ئەوا لە نێو سیستمی جیاوازییدا بە دواخراوی دەمێنێتەوە و مەحکوومیش دەبێ بە جووڵەیەکی ئازادی ئاسۆیی و ستوونی بەبێ چاوەڕێبوونی کۆتاییەکی دیاریکراو بۆ مانا، دەلالەتی (جیاوازی) لەسەر دوو جەمسەری دەلالی بنەڕەتییەوە ڕێکدەخرێ، ئەوانیش: (جیاوازی) و (دواخستن) بە چاوپۆشی لە جەمسەرە مامناوەندییەکانی دەوروبەریانەوە، ئەم دوو جەمسەرە لە میتۆدی هەڵوەشاندنەوەدا بیرۆکەی تەرییبوون نایەننە ئاراوە بەوەی کە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی ئەم دووانەییانە بێت کە میتافیزیکیا بەرهەمی هێناون، لەبەر ئەمە دریدا سوور دەبێ لەسەر کۆکردنەوەی سەرجەم جەمسەرە دەلالییەکان کە لەگەڵ گوتەی «جیاوازی»دا ململانێ دەکەن تا لێیانەوە سەنتەرێکی بە جەمسەربوونی دەلالییانە دروست بێت، دریدا بە هۆی «جیاوازی»یەوە گفتوگۆی لەسەر ئاستی جیاجیای زمان و فەلسەفە بەڕێوە دەبات و دیدگای خۆی لەبارەی لە ئارابوون و غایببوون دادەڕێژێت، ئەو پێی وایە ماناکان لە پرۆسەی نووسین و خوێندنەوەدا لە جیاوازی بەردەوامدان، ئاستەکانی لە ئارابوون و غایببوونیش بە دیالێکت لە نێو ئاسۆی جیاوازییدا دەست پێدەکات، دریدا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە بلێ جیاوازیی کردەی ئاخافتنی ناوخۆییە، ئاخافتنی دەربڕاو جیاوازی بەردەوامی نێوان وشەی دەربڕاو پێکدێنێ کە زۆربەی جار بەسەر دتالی دەنگیی و مەدلولدا دابەش دەبێت، لەسەر ئەو گوتەیەی سۆسێر کە دەڵێ سیستمی خودیی ئاخافتن لە جیاوازی نێوان ئاماژەکانەوە سەرهەڵدەدات، زیاتر لەوەی لە چڕیی یەکەکانی ماناوە سەرهەڵبدات، ئاماژە، دەلالەت لە شتێک ناکات وەک خۆی، بەڵکو دەلالەت لە ئاخافتنەوە نەبێ نایەتە دی، بەوپێیەی کە لە ئارابوونێکی خودیی ڕاستەوخۆیە، ڕۆڵێکی سەرەکیی دەبینێ لە کۆڵینی دەلالییانەدا، وەزیفەی جیاوازیش لە بەرنامەی هەڵوەشاندنەوەدا بوو بە هۆی ئەوەی کە دریدا وێناکردنەکەی خۆی لەبارەی نووسینی سەرەتایی بخاتە ڕوو کە شێوازێکە لە نووسینی ڕابردوو، لەوێوە نموونەیەکی وێناکراوی خودی نووسین پێکدێنێ و لەسەر مەعریفەیەک وەستاوە، بۆچوونی دریدا بۆ (نووسین) لە ستراتیژیای هەڵوەشاندنەوەگەراییدا لەرینەوەیەکی میتافیزیکیای لەئارابوونە (ئامادەبوون)، نەک جۆرێک لە بیرکردنەوەی پێچەوانەیی کە جارێکی تر قەبوولی بێ لە چوارچێوەی بونیاددا خۆی ببینێتەوە، لێرەدا دریدا پێ لەسەر نامەفهومییەتی نووسین دادەگری، لە ڕاستیدا لەئارابوون و ئامادەبوونێکی نوێ نییە، نووسین، یان کۆمەڵێک سیمای چاکی نووسین، یاخود نووسینی نموونەیی لە بەیانی نووسیندا جێبەجی ناکرێت، هەروەها ئاماژە بە شوێنی بەرهەمهێنانی سەرەتایی دەکات کە ئاخافتنی تێدا بەدەردەکەوێت، هەروەک کە دەقی نووسراویشی تێدا دەردەکەوێت، ئەوەی ڕاستی بێ هاتنە ئارای نووسین هاتنە ئارای گەمەکانە.

**سەرچاوەکان:**



١- دريدا ونقد الميتافيزيقا الغربية. د.عبدالله ابراهيم

٢- مدخل الى تفكيكية جاك دريدا، مجلة افق الثقافة، محمد مصطفى علي

٣- دريدا رائد الفلسفة التفكيكية المعاصرة. د. سيار الجميل

4- The last interview of Jacques Derrida with Le monde, T, Robert Knafo.

5- Continental philosophy in the 20th century, Richard Kearney.



# ژاک دریدا: کرنۆلۆژیا و بیبلۆگرافیا

و/ له ئینگلیزییەوە: کاوە شێروانی

**١٩٣٠:** له «١٥»ی یۆلیۆ، له خانووی حەسانەوەیاندا له ئەلبیاری نزیک جەزائیری پایتەخت، له دایک و باوکێکی جوولەکەی خۆرهەڵاتی له دایک بووە.

**١٩٣٤:** خێزانەکەیان له جەزائیری پایتەختەوە بۆ ئەلبیار بار دەکەن.

**١٩٣٥-١٩٤١:** دریدا، که به (جاکی) ناسرابوو، له ماوەی ئەم ساڵانەدا له ئەلبیار، له باخچەی ساوایان و قوتابخانەی سەرەتایی دەبێ.

**١٩٤٠:** بەرپابوونی شەڕ له جەزائیر، سەرەتاکانی شەڕی جەزائیر- فەرەنسا بۆ سەربەخۆیی له فەزای زیاد بوونی ئەنتی- سامیتزم، گرژی لەنێوان ڕەگەزەکان پەیدا دەبوو.

**١٩٤١:** دریدا دەچێتە قوتابخانەی (لیس دی بێن ئەکنون) له نزیک ئەلبیار.

**١٩٤٢:** له ئەنجامی گەشەسەندنی ئەنتی- سامیتزمدا دریدا، له یەکەم ڕۆژی قوتابخانەدا، دەردەکرێ. کامۆ نامۆ (Outsider) و ئەفسانەی سیزیف (Sisyphus) بڵاودەکاتەوە.

**١٩٤٣:** دەگەڕێتەوە قوتابخانەی (لیس دو بێن ئەکنون). سارتەر بوون و عەدەم (Being and Nothingness) بڵاودەکاتەوە. دریدا له بارەی ئەو بایەخە دوو لایەنە زووەی که له ئەدەب و فەلسەفە هەیبوو، دەڵێ: بوونگەرایی، سارتەر، کامۆ له هەموو شوێنێکدا ئامادەییان هەبوو، یادی سوریالیزمیش هەمیشە زیندوو بوو.

**١٩٤٥:** دریدا هاندانی ئەکادیمی ڕەت دەکاتەوە، له وەرزشەکاندا سەرکەوتوو دەبێ و دەخوازێ ببێتە یاریزانێکی پرۆفیشناڵی تۆپی پێ (هێرشبەر). کۆتایی هاتنی حوکمی دیکتاتۆریانەی دیگۆل و گیراد. لیڤی شتراوس (شیکردنەوەی ستراکچەریانە له زمانەوانی و ئەنترۆپۆلۆژیا) دەنووسێت.

سارتەر (Les Temps modernes) دادەمەزرێنێ، ئەو گۆڤارەی که لەسەر دەستی بزووتنەوەی بەرگری فەرەنسی گەشەی کرد، که ئامانجیان ئەوەبوو ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی له ماوەی پاش شەڕ پیشان بدرێ و پەرە بستێنێ. کامۆ پێوەندییان پێوە دەکات، هەرچەندە بڕوای تەواویشی به بیروباوەڕەکانی سارتەر نەبوو. بڵاوبوونەوەی نیچە (Sur Nietzshe)ی، باتیل (Bataille)؛ دەرکەوتنێکی ناوەختی فەیلەسووفی ئەڵمانی بوو.

**١٩٤٧:** له یۆلیۆی ئەم ساڵەدا له بەکالۆریۆس دەکەوێت. خۆی به چەند کتێبێکی ئاسایی خەریک دەکات، به تێبینییەوە خوێندنەوە بۆ ڕۆسۆ، گاید، نیچە، ڤالیری و کامۆ دەکات. سارتەر ڤۆلیۆی یەکەمی (Situations) بڵاودەکاتەوە، که کۆکراوەی وتارەکانیەتی له بارەی کولتوور. کامۆ پەتایەکە (The Plague) بڵاودەکاتەوە، که ئەلیگۆرییە بۆ ڕووداو و



هەڵوێستەکان لە فەرەنسای ماوەی داگیرکاری ئەڵمانی.

**١٩٤٨:** بەکالۆریۆس وەدەست دێنێ. لە جەزائیری پایتەخت لە کلاسی فەلسەفە لە (لیس گۆڤەر) ناونووس دەکرێ، لەوێدا ئاشنای نووسینەکانی سارتەر و بیرگسۆن دەبێ. حەزکردن و گرنگیدانی بە فەلسەفە بۆ یەکەمین جار لەو کاتەوە سەرهەڵدەدا کە بە ڕێکەوت گوێی لە بەرنامەیەکی ئامادەکراوی ڕادیۆ دەبێ، کاتێک پرۆفیسۆرێک لە (گراند ئیکۆل) کلاسەکەی خۆی دەناسێنێ و باسی (ئەلبێرت کامۆ)ی قوتابی پێشووی دەکات. لە جەزائیری پایتەخت دەچێتە لیسی سێیەم لە (Lycee Bugeaud) لە قۆناغێکی زۆر زوودا کاریگەری دەوری سارتەر، وەکو کارایەکی بواری هزری، لەسەر دەبێ: (ئەو نموونەیەی کە من حوکمی دمۆری و کارەسات ئامێزیزم بەسەرداوە، بەڵام هێشتا خۆشم دەوێ). دریدا خەون بە وانە گوتنەوە و نووسین و ئەدەب دەبینێ.

**١٩٤٨-١٩٤٩:** خوێندنەوەی گیرکگارد و هایدگەر کاری لێ دەکەن.

**١٩٤٩-١٩٥٠:** یەکەمین گەشتی بۆ فەرەنسا، گەشتێکی دەریایی لە ڕێگای (Villed Alger)ەوە بۆ مارسیلیا.

**١٩٥٠:** سەرەتاکانی خوێندنی لە فەرەنسا. قوتابی بەشی ناوخۆیی لە (Lycee Louis- le- Grand) لە پاریس. لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن دەکەوێت لە (Ecole Normale Superieure). بڵاوبوونەوەی (ئاکتویلز ١)ی کامۆ: کرۆنیکز ١٩٤٤-١٩٤٨.

**١٩٥١:** دووبارە لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن دەکەوێت، بەهۆی نیگەرانی و ماندووبوونێکی زۆر و بێ خەوی هەر لە یەکەم لاپەڕەدا هەرەس دێنێ. بڵاوبوونەوەی یاخیەکە (The Rebel)ی کامۆ. سەرەتاکانی دروستبوونی گرژی لەنێوان کامۆ و سارتەر، لە (Les Temps modernes) بڵاودەکرێتەوە، لەسەر ئازادی هەڵبژاردنی بنچینەیی تاک و داواکاریەکانی هێڵی حزبی شیوعی.

**١٩٥٢:** لە (ئیکۆل نۆرمال سوپریەر) لەگەڵ زانای هیگڵی جان هایپۆلاین دەخوێنێ. لە ڕۆژی یەکەمدا لویس ئالتوسێر دەبینێ کە ئەوکات بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکان بوو (ئەویش لە دایک بووی جەزائیر بوو). خوێندنەوەی ورد و سەراپاگیر بۆ تێکستەکانی هیگل، هوسرل، هایدگەر، باتیل، بلانشێ و ئەوانی تر.

(Nemoire) نامەی ماستەر لە مانا و ستراکچەر و ئەفراندن لە هوسرل. دانانی بناغەی دوو وتار لە نووسین و جیاوازی.

**١٩٥٣:** لە سایکۆلۆژی و ئیتنۆلۆژی سەرناکەوێ ڕۆلان بارت (Writing degree Zero) بڵاودەکاتەوە. جاک لاکان لێکۆڵینەوە گرنگەکەی (ئەرک و بواری گوتار و زمان لە دەروون شیکاریدا) پێشکەش دەکات. کامۆ (ئاکتویلز ١١): کرۆنیکز ١٩٤٨-١٩٥٣ بڵاودەکاتەوە.

**١٩٥٣-١٩٥٤:** گەشتێک بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەرشیفەکانی هۆسرل لە لۆڤین. تەواوکردنی نامەی ماستەرەکەی (گرفتی ئەفراندن لە فەلسەفەی هۆسرل).

**١٩٥٥:** لە تاقیکردنەوەی زارەکی فەلسەفەی ئەگریگێشن دەکەوێت، چونکە، بەهۆی شەکەتیەوە، نەیتوانیبوو دەستنووسی سێیەمی نووسینەکە تەواو بکا. بڵاوبوونەوەی (لێکۆڵینەوە لە مارکس و هیگل)ی جان هایپۆلایت و (Tristes Tropiques)ی لیڤی شتراوس. دریدا وەکو قوتابیەک لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی «کات» دەداتە ئالتوسێر، ئەویش سەری سوڕدەمێنێ و دەیداتە فوکو، ئەویش دەڵێ: (ئەمە یان «F»ە یان «A+»ە). زۆربەی خوێندەوارانی دریداش، بە هەمان شێوە، سەریان سوڕدەمێنێ (A بۆ ئالتوسێرە، F بۆ فوکویە، Dیش بۆ دریدا دەمێنێتەوە).

**١٩٥٦-١٩٥٧:** لە تاقیکردنەوەی ئەگریگێشن دەردەچێ وەکو قوتابیەکی گوێگر و تایبەت بۆ ماوەی ساڵێک ڕێگەی پێ دەدرێ بچێتە هارڤارد. جۆیس دەخوێنێتەوە. لە مانگی یۆنیۆ لە بۆستن مارگرێت ئوکتێرێر دەهێنێ (دوو کوڕیان دەبێ، پییر لە ساڵی «١٩٦٣» و جان لە ساڵی «١٩٦٧»). (بنچینەکانی زمان) لەلایەن جاکۆبسن و هالی بڵاودەکرێتەوە.

**١٩٥٧:** سوور دەبێ لەسەر ئەوەی کە تێزی دکتۆرایەکەی لەسەر (نموونەیی ئۆبژێکتی ئەدەبی) بێت، لەژێر کاریگەری خوێندنەوەی بۆ هۆسرل، فینۆمینۆلۆژیای جوانی. کارکردنی لەم پرۆژەیە ڕاگرت، کاتێک دریدا بەرەو ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوە گەرایی چوو، کە لە گوتار و فینۆمینادا پوخت دەبێتەوە. بەرە بەرە دەرکی بەوە دەکرد کە ناکرێ و ئەستەمە فەلسەفە و ئەدەب بەیەکەوە هەڵبکەن، هەردووکیان لە یەک دەقدا بە یەک بگەن. بڵاوبوونەوەی (ئەفسانەکان)ی بارسز و وتارە یەکلاکەرەوەکەی لاکان لەسەر (ئاژانسی نووسین لە بێ ئاگایی (unconscious) یان ئەقڵ لە فرۆیدەوە).

**١٩٥٧-١٩٥٩:** خزمەتی سەربازی دەیگرێتەوە، بۆ

ماوەی دوو ساڵ لە کۆل نزیک جەزائیری پایتەخت، وانە بە منداڵی سەربازان دەڵێتەوە. هەروەها وەکو وەرگێڕ و مامۆستایەکی سەربەخۆ کاردەکات.

**١٩٥٨:** دریدا وای بۆ دەچێت کە ئەم دەیەیە، تا (١٩٦٨)، نەگۆڕترین ماوەی کۆماری گۆلیەکانە. ئەم ماوەیە بەشتێک لە سروشتی کلاسیک یان بونیادگەرایی بەرزی فەرەنسی دەبەستێتەوە، ئەو تێکست و کولتوور کە یارییە جۆر بەجۆرەکانی مانای سنووردار کرد. لیڤی شتراوس (ئەنترۆپۆلۆژیای بنیاد) بلاودەکاتەوە. کامۆ ڤۆلیۆمی سێیەم ئەکتیولز (The Chroniques Algeriennes) بلاودەکاتەوە.

**١٩٥٩-١٩٦٠:** یەکەمین لێکۆڵینەوەی لە کۆنفرانسی سێرسی. دەگەڕێتەوە فەرەنسا بۆ وەرگرتنی یەکەمین پۆستی وانە گوتنەوەی لە لیس لە لومان. لە کۆتایی ساڵی خوێندن تووشی خەمۆکیەکی توند دەبێ. سەردانی خانەوادەی ژنەکەی دەکات لە پراگ.


**١٩٦٠-١٩٦٤:** فەلسەفەی گشتی لۆجیک لە سۆربۆن دەڵێتەوە، بەردەوام دەبێ لە لێکۆڵینەوەی فینۆمینۆلۆژی (دیاردەناسی) و بونیادگەرایی و تیۆری ئەدەبی.

**١٩٦١:** میشێل فوکو (گەمژەیی و شارستانی) بلاودەکاتەوە.

**١٩٦٢:** کۆتایی هاتنی شەڕی سەربەخۆیی جەزائیر. سەرەکیترین کار و بلاوکردنەوەی، وەرگێڕان و پێشەکی نووسین بوو، بۆ (بنچینەی ئەندازە)ی ئیدمۆند هۆسرل. بۆ ئەم کارەی خەلاتی (Prix Gavailles)ی پێ بەخشرا.

**١٩٦٥:** لە (Ecole Normale Superieure) مێژووی فەلسەفە دەڵێتەوە. بلاوبوونەوەی (ڕەگەزەکانی سیمیۆلۆژی)ی بارتز. سەرەتاکانی هاوکاریکردنی دریدا لەگەڵ (Tel Quel)، بەیانکردنی سەرهەڵدانی بزاڤێکی ڕەخنەیی نوێ کە بانگەوازی تیۆری ئەدەبی پۆزەتیڤست دەخاتە ژێر پرسیارەوە و کاریگەریشە بە سیمیۆلۆژی، مارکسیزم، دەروون شیکاری و بونیادگەری (زانستەکانی مرۆڤ).

**١٩٦٦:** لە کۆنفرانسی جۆنز هۆپکنیز لە بەلیتمۆر لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەی (ستراکچەر و هێماو یاری) پێشکەش دەکات. بلاوبوونەوەی (بۆ مارکس)ی لویس ئەلتوسێر، کێشە گشتییەکانی زمانناسی) ئیمیل بێنڤنیست، (ڕێزبەندی شتەکان)ی فوکو، (ئیکریتە)ی لاکان. (Critique et verite) بارتیز بەرەنگاری



ڕەخنەی ئورتۆدۆکسی دەبێتەوە.

**١٩٦٧:** ساڵی دەستکەوتەکانی دریدا، سێ بلاوکردنەوەی سەرەکی: گوتار و فینۆمینە (لە بارەی هۆسرل)، لە گراماتۆلۆژیا، نووسین و جیاوازی.

**١٩٦٨:** ساڵی (Les evenements)، ڕاپەڕینی قوتابیان لە پاریس، لە سەرەتادا لەلایەن ڕۆشنبیرە چەپەکانەوە پێشوازی لێ کرا وەکو زەنگی مردنی گۆلیزم.

لە کۆتاییدا بە چەند چاکسازییەکی میانڕەوانە دادەمرکێتەوە، وەکو دامەزراندنی کەمتر زانکۆی تایبەت لە شێوەی پاریس ڤینسنز. پەیدابوونی چەند باڵێک لەناو حزبی شیوعی فەرەنسی و ڕەخنەگرتن لە سەرکردە ڕۆشنبیرەکان بە ئالتوسێریشەوە. هەڵگەڕانەوە لە مارکسیزم لەنێوان ڕۆشنبیرانی فەرەنسی، ئەمە پاشان ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی گرووپێکی نوێ خۆش کرد بەناوی (Nou veaux Philosophes). لەسەر داوەتی پیتەر زۆندی لە مانگی یۆلیۆ لە بەرلین دریدا زنجیرەیەک سیمینار پێشکەش دەکات.

**١٩٧٠:** باوکی دریدا (ئایم دریدا) لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا بەهۆی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات. بلاوبوونەوەی (S/Z)ی بارتز کە وەرچەرخانێک بوو لە کارەکانییەوە بەرەو تێکست، بە روونی کاریگەری دریدای پێوەدیار بوو.

**١٩٧١:** بۆ یەکەمین جار دەگەڕێتەوە جەزائیر (لە ساڵی ١٩٦٢)ەوە. چەند وانەبێژیەک لە زانکۆی جەزائیری پایتەخت. لە مۆنتریال لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی (Signature, Event, Contcxt). بلاوبوونەوەی (کویری وشیاری)ی پاول دومان کە چەند وتارێکە لە بارەی بەلاغەی ڕەخنەی هاوچەرخ.

**١٩٧٢:** ساڵێکی تری گەوهەری و یەکلاکەرەوە. بلاوبوونەوەی ڕەوشەکان (Positions)، پەخش بوون و پەراوێزەکانی فەلسەفە، سیمیناری نیچە لە سێرسی. لێرە بەدواوە کاتی خۆی لەنێوان وانەگوتنەوە لە پاریس و لە زانکۆ جۆر بەجۆرەکانی ئەمریکا دابەش دەکات، لەوانە سەردانی ڕێکوپێک بۆ ژوانەکانی بۆ جۆنز هۆپیکنز وێل. هاوکاریکردنی لەگەڵ وەرگێڕە جۆربەجۆرەکان زنجیرەیەک وتاری لێ دەکەوێتەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ خوێنەرە ئەمریکییەکانی نووسیوە. یەکەمین گەشتی بۆ هەنگاریا. بلاوکردنەوەی (Deleuze and Guattaris Anti-Qedipus): کاپیتالیزم و شیزۆفرۆنیا.



**١٩٧٣:** بڵاوکردنەوەی (گوتار و مینۆمینە) بە وەرگێڕدراوی بە ئینگلیزی، کە ئەمە یەکەمین کاری دریدا، بوو بە وەرگێڕدراوی. بڵاوبوونەوەی (ئاوێنەی بەرهەم)ی جان بۆ دریلارد، کە یەکێکە لە زنجیرە تێکستەکانی پۆست- مارکسی. سەرەڕای هاوکاریکردنی لە گۆڤاری (Tel Quel)، کارەکانی دریدا لەگەڵ ئەم ئاراستەیە نەدەڕۆیشتن.

**١٩٧٣-١٩٧٤:** بۆ ماوەی شەش مانگ وەکو سیمینار (Glas) دەڵێتەوە.

**١٩٧٤:** بڵاوکردنەوەی (Glas)، ئەدەبیترین کاری دریدا تا ئەوکاتە، کە لە شێوەی هەڵسەنگاندنێکی ئینتەر تێکستییە لەسەر هیگل و گینت و لێکنزیکبوونەوەی ئەدەب و فەلسەفە. هەندێ لە ڕەخنەگران ئەم تێکستە بە هێمایەکی وەرچەرخان بەرەو ئەدەب و شانۆی ئازاد دادەنێن. بڵاوکردنەوەی جۆلیا کریستیڤا شۆڕشێک بوو لە زمانی شیعری.

**١٩٧٥:** یارمەتی (GREPH) وەدەست دێنێ، کە دامەزراوە بۆ چاودێریکردنی سیماو نەریتەکانی گوتنەوەی فەلسەفە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشنیارەکانی حکومەتی فەرەنسی بۆ لابردنی فەلسەفە لە کۆرسەکانی ساڵی کۆتایی لە لیس.

**١٩٧٦:** دەرکەوتنی (لە گراماتۆلۆژیا)، کە لەلایەن گایاتری سپیڤاک وەرگێڕدراوە، لەگەڵ پێشەکییەکی زۆر گرنگ، بڵاوبوونەوەی ڤۆلیۆمی یەکەمی (مێژووی سێکسوالێتی)ی فوکو.

**١٩٧٧:** ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەگەڵ سیرل لە بارەی تیۆری گوتاری کردارەکی (Speech act theory). فەیلەسوفە ئەنگلۆ ئەمریکاییەکان دەگەنە ئەو باوەڕەی کە دریدا زیاتر بۆتە نووسەرێکی ئەدەبی.

**١٩٧٨:** بڵاوبوونەوەی ڕۆژهەڵاتناسی (Drentalism)ی ئیدوارد سەعید.

**١٩٧٩:** یەکێک بوو لە گرووپی ئەو فەیلەسوفانەی کە کۆمەڵەی گشتی فەلسەفەیان لە سۆربۆن دامەزراند. یەکەمین وێنەی دریدا لە میدیاکاندا لەم بۆنە گشتییەدا بوو. بڵاوبوونەوەی (Spurs) ستایلەکانی نیچە. بڵاوبوونەوەی (living on): هێڵەکانی سنوور، کە وتارێکی درێژە لە بارەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی و ڕەخنە لە (سەرکەوتنی ژیان)ەکەی شیلی. بڵاوبوونەوەی ڤۆلیۆمێک کە وتارەکانی چوار پرۆفیسۆری تری (یال)ی دەگرێتە خۆ: هارۆڵد بلۆم، پاول دومانە، جیفری هارتمان و ج. هیلس میللەر، کە چەمکی (تیۆری قوتابخانەی یال) یان دوویات دەکردەوە. بڵاوبوونەوەی (ئەلیگۆریەکانی خوێندنەوە)ی پاول دومان و (بارودۆخی پۆست مۆدێرنیزم)ی جان-فرانکۆس لیۆتارد.

**١٩٨٠:** بڵاوبوونەوەی (la Carte Postale de Socrate o Freud et au-dela) ڕۆلان بارتز لە مانگی مایس دەمرێت. لە مانگی یۆنیۆی ئەم ساڵەدا دریدا گفتوگۆی تێزەکەی دەکات.

**١٩٨١:** لە پراگ دەستگیر دەکرێ و زیندانی دەکرێ لەوێدا سیمیناره نهێنییەکانی بەڕێوەدەبات. بە هەوڵی حکومەتی فەرەنسی ئازاد دەکرێت.

**١٩٨٢:** یەکەمین گەشت لە زنجیرە گەشتەکانی بۆ مەغریب.

ناونیشانی پرۆفیسۆری (A. Dwhite)ی لە زانکۆی کۆرنێل پێ دەبەخشرێ. ڤێرژنی ئینگلیزی (پەراوێزەکانی فەلسەفە) کە لەلایەن ئالان باس وەرگێڕدراوە بڵاودەکرێتەوە. دریدا دەست بە زنجیرەیەک سیمینار دەکات لەسەر ناسیۆنالیزم. چاوپێکەوتن لەگەڵ کریستی ف. ماکدۆنالد لەسەر جیاوازی سێکسی. لە فیلمی (سەمای تارمایی) دەردەکەوێ.

**١٩٨٣:** داوا لە دریدا کرا کە دەوری ڕێکخەر ببینێ لە کۆلیژی نێودەوڵەتی فەلسەفە، کە هەرەوەزییەکی سەرەڕۆییانە بوو لە پاریس دامەزرابوو بۆ هاندانی ئەو کارە گشتگیریانەی کە وەدەست هێنانی کۆمەک بۆیان زەحمەت بوو. هەروەکو بەشداریکردنەکەی لە GREPH لەم کارەشیدا هەوڵی دەدا کە دەرگای فەلسەفە بۆ نائەکادیمییەکانیش واڵا بێ. دریدا زۆر پەیوەست بوو بەم کۆلیژەوە هەرچەندە دەورە ئیدارییەکە لەلایەن جان فرانسیس لیوتارد بەڕێوەدەبرا. بڵاوبوونەوەی (تیۆری ئەدەبی) تیری ئیگلتۆن لەگەڵ وەسفێکی کاریگەرانەی هەڵوەشاندنەوە گەرایی کە بەشێوەیەکی سیاسییانە و مێژووییانە، لە ڕوانگەی مارکسییەکانەوە، جێگای پرسیارە. بڵاوبوونەوەی بەرگریکردنی دریدا لە تێزەکەی وەکو (کاتی تێزێک).

مردنی پاول دومان.

**١٩٨٤:** بڵاوبوونەوەی ژمارەیەک دەق کە هەوڵی تەرکیز کردنە سەر ڕەوشە گرینگی دانەکانی (هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەمریکی) بۆ ڕەوشە سیاسی و فێرکردن و ئایدۆلۆژیەکان. وەدەرکەوتنی چەند هێمایەک لەسەر گەشەسەندنی تەواوکاری کارەکانی دریدا لە فەرەنسا و ئەمریکا. بڵاوبوونەوەی چاپی دووانەیی

(Signeponge/ signsponge) لەسەر شاعیری فەرەنسی فرەنسیس پۆنگ. مردنی میشێل فوکو.

**١٩٨٦:** وەدەرکەوتنی سێ کتێب بە زمانی ئینگلیزی لەسەر دریدا (گاسک و هارڤی و لوبلین) هەرسێکیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، وەکو تیۆرێکی فەلسەفی، مامەڵەیان لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە گەرایی دەکرد. ئەمە نیشانەی گۆڕانی کارەکانی دریدا بوو لەبەر چاوی فەلسەفەی تەقلیدی ئەنگلۆ- ئەمریکی.

ڕاگۆڕینەوە و مشتومڕێکی توند لەگەڵ مکلینتۆک و ڕۆب نیکسۆن لەسەر ڕەگەزپەرستی و مێژوو. بڵاوبوونەوەی (Memoires)ی پاول دومان.

لە ٤-٦ی یۆلیۆ دریدا قسەکەری سەرەکی بوو لە (کۆنفرانسی زمانناسی نووسین) لە زانکۆی ستراتکلاید لە گلاسگۆ. لەوێدا هەندێ لە پرسیارەکان ئامادەکرابوون هەندێکیشیان یەکسەر بە شێوەیەکی سووک و ئاسان و بە ئارامی دەکران.

**١٩٨٧:** بەشێوەیەکی هەمیشەیی وەکو پرۆفیسۆرێکی میوان لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە ئیرڤاین دادەمەزرێ. بڵاوبوونەوەی (حەقیقەت لە نیگارکێشاندا)، هەروەها وەرگێڕانی ئینگلیزی (Glas)ی جۆن پ. لیڤی و ریچارد ڕاند کە ڤۆلیۆمتیکی هاوبەشە لەگەڵ تەفسیری تێکستی و ڕاڤەکردن. بڵاوبوونەوەی (Feu la cen-dre, Delesprit): هایدگەر و پرسیار، Psyche: Inentions de lautre an Ulyses Gram-ophone).

چاوپێکەوتن لەگەڵ جیمس کریک، پیگی کامف، جان تود و ئیمر سالۆسینزکی. نیویۆرک تایمز وتارێک لەژێر ناونیشانی (وتارەکانی زانایانی ییل لە لاپەڕەکانی نازید) بڵاودەکاتەوە. ئاشکرا دەبێ کە پاول دومان بۆ گۆڤارێکی لایەنگری نازیەکانی نووسیوە لە ساڵانی (١٩٤٠-١٩٤٢) پاش مردنی پاول دومان، دریدا دەبێتە مەبەستی ئەو هێرشانەی کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە هاوبەش و هاوکاری فاشیزم تاوانبار دەکەن.

**١٩٨٨:** خەڵاتی نیچەی پێدەبەخشرێ. چاوپێکەوتن لەگەڵ جان لوک سانسی لە بارەی خودیەتی وتارێکی درێژ لەسەر دومان (وەکو دەنگی قووڵایی لە سەدەفێکدا).

**١٩٨٩:** وەڵامێکی ڕەخنەگرانە بۆ وتارەکەی دریدا لە بارەی دومان. وەکو پزشکێک، زۆر بە توندی لە (Bioderadabes) وەڵامی درایەوە، بە بەهێزترین مشتومڕ دادەنرێت کە دریدا لە ژیانی خۆی کردبێتی.



**١٩٩٠:** بڵاوبوونەوەی ماستەرنامەکەی دریدا، هەروەها (Du Droita la philosophie) کۆمەڵە وتارێکە لەسەر ڕێسا و فێرکردنی فەلسەفە. مردنی لویس ئالتوسێر.

**١٩٩١:** لە (٥)ی مانگی دێسێمبەر جیورجێت دریدای دایکی دەمرێت. لە (Circumfessions) لە بینگتۆن بە هەست بزوێن باسی دریدا دەکرێ (١٩٩٣) بڵاوبوونەوەی (خوێندنەوەی دریدا)ی کامۆف.

**١٩٩٢:** بۆ یەکەمین جار لە ماوەی (٣٠) ساڵدا سەرەڕای دژایەتیکردنێکی توند، پرۆژەی دەستپێشخەری کردن لە دەنگدان بۆ خەڵاتکردنی دریدا بە پلەی شەرەف لە زانکۆی کامبریج بە (٣٣٦) دەنگ بەرامبەر (٢٠٤) دەنگ سەرکەوتنی وەدەست هێنا. دژایەتیکردنەکانیش لە دەوری پرسیار لە توندی و ڕژێمچییەتی دریدا دەخولانەوە. هەندێ لە مامۆستایەکان حوکمی ئەوەیان دا کە ئەو فەیلەسووف نییە. ئەمەش ڕوون نەبۆتەوە کە ئایا ئەوانەی کە لە دژی دریدا دەنگیان داوە بە ڕاستی، لەوکاتیدا، لەوێ بووینە یان لەلایەن کۆمسیۆنەکەوە بەشێوەیەکی فانتۆماتیکی دەنگیان داوە. بڵاوبوونەوەی (Attridge)، ژاک دریدا: کارە ئەدەبیەکان.

**١٩٩٣:** چاوپێکەوتن لەگەڵ مایکل سپرینکەر لە بارەی ئالتوسێر، (سیاسەتی دۆستایەتی). بڵاوبوونەوەی چوار کتێبی نوێ بە ئینگلیزی، یەک لەدوای یەک: پارەی ساختە، ژاک دریدای جیف بینینگتۆن، یادگارییەکانی کوێرەکە، ئاپۆریاس.

**١٩٩٤:** بڵاوبوونەوەی (بەعەدالەتەوە لەگەڵ فرۆید) لە پرسیاری ڕەخنەیی، وتارێک لە بارەی (شێتی و شارستانی) فوکو کە فراوان دەبێ بۆ ڕەخنە لە پرۆژەکەی فوکو، کە لەپیاداچوونەوە بنچینەییەکەی لە ساڵی (١٩٦٣) دەستی پێکردووە. کە خاڵی سەرەکی تیایدا دیکارت بووە. بڵاوبوونەوەی (تارماییەکانی مارکس).

ژاک دریدای (ژاکی) فەیلەسوف لە (١٥)ی یۆلیۆی ساڵی (١٩٣٠) لە دایک بووە و لە (٨)ی ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠٠٤) کۆچی دوایی کردووە.

**سەرچاوە:**

http://www 2.arts. gla.ac.uk/SESLL/ Engl it/ Ugrad/hons/theory/ Derrida %20 Chronology.htm.

# ڕۆڵی گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری) لە خزمەتکردنی ئەدەبی کوردیدا

ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا

## پێشەکی

کورد میللەتێکی زیندووەو بە حوکمی واقیعی خۆی بێت، یان بە هەر هۆیەکی تر بزێوەو حەزی بە خەباتی دیبلۆماسی و شۆڕشی وشە و دنیای نوێی ئەدەب و داهێنانی فرەلایەنە.

بۆیە هەر هەلێک بۆ ئەو میللەتە هاتبێتە پێش ڕۆشنبیرەکانی قۆزتوویەتیانەوە و ئەوەی بۆیان کرابێت لە پێناو هاتنەدی ویست و مەرامەکانی خۆیان ئەنجامیان داوە، (دەفتەری کوردەواری) یەکێکە لەو هەوڵانەو کارێکی ئەهلییە، کارێک کە ڕۆشنبیران خۆیان دوور لە سانسۆری حزب و حکومەت و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە تەسکەکان ئەنجامیان داوە، لەم دەرفەتەدا چاوێک بە ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا دەگێڕین و سیمایەکی گشتی ئەو گۆڤارەو گرنگترین خزمەتەکانی ئەم گۆڤارە بە هونەرە ئەدەبییەکان دەخەینە بەرچاو.

### ناو
### (دەفتەری کوردەواری)

### ناسنامە

لە لاپەڕە (١)ی ئەم گۆڤارەدا هەمیشە لەژێر ناوەکەیدا، ئەم چەند ڕستەیە نووسراوە: (کۆمەڵە نووسینێکی ئەدەبی و زانستی و بیری کوردییە، ڕێگەی ئامانجی کوردایەتی ئەمڕۆ و سبەینێمان بە پڕشنگی بیری نوێ ڕووناک ئەکاتەوە، بە ڕووخسارێکی نەتەوەیی و ناوەڕۆکێکی مرۆڤایەتی خۆی ئەنوێنێ).(١)

### ژمارەکانی ئەم گۆڤارە

(جەمال خەزنەدار) کە خاوەنی ئەم گۆڤارەیە، لە ڕابەرەکەی خۆیدا، کە بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی کردوویەتی و ساڵی ١٩٧٣ بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت: (تا ئێستا سێ ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە چواریشی لەژێر چاپدایە)(٢)، کەچی (وریا جاف) لە کتێبەکەی خۆیدا کە ساڵی ١٩٩٨ بڵاوی کردۆتەوە دەڵێت: ((گۆڤارێکی ناو بە ناوە... سێ ژمارەی دەرچووە))(٣)، لە کتێبخانەکانیشدا هەر تەنیا سێ ژمارەی هەیە، بۆیە بۆ ساغکردنەوەی ئەو مەسەلەیە، چوومە دیداری (دکتۆر مارف خەزنەدار) کە سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بووە، بەڕێزیان ئەو کێشەی بۆ یەکلا کردمەوە و گوتی: (ڕاستییەکەی ئەوەیە هەر سێ ژمارەی دەرچووە، ئەگەرچی کار بۆ ژمارە چواریش کرابوو و ئێستاش فایلێکی بابەتەکانی ژمارە چواری لای من ماوە، بەڵام ژمارە چواری دەرنەچوو).(٤)

### مێژووی دەرچوون

وەکو دەرکەوت ئەم گۆڤارە سێ ژمارەی لێدەرچووە، کە ناوی بەرگ، یان ژمارەشیان لێنراوە، ئەوانیش بەم شێوەیە:

- بەرگی یەکەم لە کانوونی دووەمی ١٩٧٠.
- بەرگی دووەم لە مارت - نیسانی ١٩٧٠.
- بەرگی سێیەم لە مایسی ١٩٧٠.

### لایەنی دەرکەر

ژمارە (١)ی لەژێر چاودێری و ئامادەکردنی (جەمال خەزنەدار) دەرچووە، ژمارە (٢)یشی بە هەمان شێوە هەر (جەمال خەزنەدار) بە چاپی گەیاندووە، بەڵام دیارە لە پشتی پەردەوە یاریدەدەریشی هەبووە، بۆیە لە ژمارە (٣)دا ئەوە ئاشکرا کراوە و کارەکانی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە بەم شێوەیە دابەش کراوە:

سەرنووسەر: دوکتۆر مارف خەزنەدار
خاوەن و سکرتێری نووسین: جەمال خەزنەدار(٥)

### سەرچاوەی دارایی

وەکو لەو ڕوونکردنەوەیە دەردەکەوێت، کە (جەمال خەزنەدار) لە بەرگی سێیەمی گۆڤارەکە بڵاوی کردۆتەوە، دابینکردنی پارەی پێویست بۆ دەرکردنی ئەو گۆڤارە لە ئەستۆی (جەمال خەزنەدار) خۆی بووە، وەکو لەم بارەیەوە نووسیویەتی: (ئامادەی ئەکەم بۆ چاپ، بە نووسین و بە پارەو بە هاتوو چوونا ئەیگەیێنمە بەر دەستی خوێنەری کورد)(٦)

### سەرپەرشتیاری چاپ

هەر بە پێی هەمان ئەو ڕوونکردنەوەی (جەمال خەزنەدار) لە سەروو بۆمان دەردەکەوێت، کە سەرپەرشتی چاپی ئەو گۆڤارە دیسانەوە لە ئەستۆی خۆی بووەو هەر خۆیشی دابەشی کردووە، ئەوەش بە ڕاستی ماندوو بوونێک بووە، ڕەنگبێ بە هەموو کەسێک نەکرێت.

### شوێنی دەرچوون

هەر سێ بەرگەکانی ئەم گۆڤارە لە بەغدا دەرچوونە، بەرگەکانی یەکەم و دووەمی لە چاپخانەی (ئەسعەد)ی ئەو شارەو بەرگی سێیەمینیشی لە چاپخانەی (زەهرا)ی ئەو شارە چاپ کراون.

### قەوارە

هەر سێ بەرگەکانی ئەو گۆڤارە بە قەوارەی (١٤ بە ٢٠ سم) دەرچوونە، بەڵام لە ڕووی ژمارەی لاپەڕەکانەوە: بەرگی یەکەمی بە (١٢٨) لاپەڕەو بەرگەکانی دووەم و سێیەمی بە (١٦٠) لاپەڕە دەرچوونە.

### نرخ

بەرگی یەکەمی ئەو گۆڤارە نرخەکەی (٢٠٠) فلس بووە، بەڵام لە بەرگەکانی دووەم و سێیەم ئەو نرخەی کەم کراوەتەوە و کراوەتە (١٥٠) فلس.

### تیراژ

لە هیچ بەرگێک لەو سێ بەرگانە تیراژی ئەم گۆڤارە دیاری نەکراوە.

### نووسەرانی دەفتەری کوردەواری

لەم گۆڤارەدا (٤١) نووسەر شتیان نووسیوە، کە ئەوانیش بریتینە لە: (ئەحمەد خواجە، د. ئیحسان



فوئاد، ئیسماعیل ڕەسوڵ، ئەحمەد غەفور، د. ئەحمەد عوسمان، حەمید عوسمان، حوسێن عارف، د. حسێن عەلی مەحفوز، شێرکۆ بێکەس، شێخ محەمەدی خاڵ، شوکور مستەفا، شێرۆ موفتی ، کاکەی فەلاح، کەریم شارەزا، محەمەدی مەلا کەریم، مستەفا ساڵح کەریم، محەمەد ڕەسوڵ هاوار، محەمەد صاڵح دیلان، مارف بەرزنجی، م.ع، موکەڕەم تاڵەبانی، محەمەد مەولوود (مەم)، د. مارف خەزنەدار، مەسعود محەمەد، محەمەد ئەمین عوسمان، مومتاز حەیدەری، نوری عەلی ئەمین، نووری شێخ جەلال، عومەر مارف بەرزنجی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ع.ع.شەونم، عەبدولەجید عەبدولڕەحمان، عاسم حەیدەری، جەمال بابان، جەمال نوری، جەمال خەزنەدار، د. سەلاحەدین ئەلموجنید، س.ع. شادومان، سادق بەهائەدین ئامێدی، د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، قەناتی کوردۆ).

### وەرگێڕانی دەفتەری کوردەواری

لەم گۆڤارەدا ئەم پێنج وەرگێڕە بابەتیان لە زمانەکانی ترەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی: (دلزار - کەریمی حوسامی - د. مارف خەزنەدار - مستەفا صاڵح کەریم - د.نوری تاڵەبانی)، کە ئەوانەش شتی نووسەرە ناودارەکانی وەکو (تۆما بوا - مایکۆفسکی...تاد بوونە).

### سەروتار لە دەفتەری کوردەواریدا

بەرگی یەکەمی ئەو گۆڤارە کە دەرچووە، بە بێ سەروتار بووە، بەڵام لە بەرگی دووەمدا لە بارەی نەورۆزەوە، کە گۆڤارەکە خۆی بە چەند ڕۆژێک لە نزیک ئەو یادەوە دەرچووە، سەروتار بۆ ئەو یادە تەرخان کراوەو لەژێر سەردێڕی (دەست لە ناو دەست لەگەڵ نەورۆزدا) ئەم وتارە نووسراوە:

**(لەم ڕۆژەدا کە بای وەعدە هەرەسی بە قەلای ساردو سڕی زستان دێنێ، هێزی ژیان دەروونی شەختەو باڵی ئەستووری کۆیلەیی بەفر هەڵئەدڕێ، گوڵ و گوڵاڵەو ڕێواس و ئالەکوک ڕزگار دەبن و سەر بەرز ئەکەنەوە، وە بە ڕووی ڕۆژگاری پێئەکەنن، بە بەرگی ڕەنگاو ڕەنگیان مژدەی ساڵی تازە ئەدەن بە کوردستانی نەخشین، بانگمان ئەکەن کە لە مێرگە ڕەنگینەکان، لە تەختایی شاخەکان، لە دۆڵ و شێوەکان، لە دەشتە بەرین و پڕ پیت و بڕشتەکان.. لە تەک ئەمانەوە دەست بگرین و شایی و زەماوەند دابەستین..**

**هەر لەم ڕۆژەشدا لە سەردەمێکی ڕابردوو کاوەی قارەمان هەرەسی بە هێزی چەوساندنەوەو زۆرداری ئەژدەهاک هێنا، مژدەی ئازادی دا بە گەلە نەبەردەکەمان..**

**لەم ڕۆژەدا کە مێژوو لاپەڕەیەکی ڕەشی ساردی لوولدا، لاپەڕەیەکی سپی و ڕوونی کردەوە، سروشتیش بە گوڵ و هەلاڵە ئەو لاپەڕەیەی ڕازاندبووەوە، تاجی نەورۆزو بەهاری لەسەر نا.**

**لەم ڕۆژەدا لە نەورۆزی پیرۆز و جوان:**
**نێرگس لە مێرخوزارا ئەزانی بەچی ئەچی؟**
**بنواڕە ئاسمان لە شەوا.. عەینی ئەوە**
**بلبل ئەخونی، با لە بەرگی گوڵ ئەدا**
**خونچە لە جیاتی گۆ بگری دەم ئەکاتەوە**

**بە دڵێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی، پیرۆزبایی لە گەلی کوردو هەموو ئادەمزاد ئەکەین و ئەڵێین:**
**پێکمانەوە...**
**با هەموو ڕۆژێکمان نەورۆز بێت**
**با هەموو ژیانمان پڕ لە گوڵ و گوڵزار بێت و**
**لە ئاوازی مەل و بلبل**
**با هەموومان دەست لە ناو دەست بین..**
**لەگەڵ نەورۆز و تا هەزاران نەورۆزی تریش).. (دەفتەری کوردەواری).(٧)**

ئەوەی لەو وتارەدا جێی سەرنج بێت، بە زمانێکی پڕ سۆز نووسراوەتەوە، ڕزگاربوونی مرۆڤی کوردی لە ڕۆژگارێکی ڕابردوو بە هۆی شۆڕشی کاوەی قارەمان و ڕزگاربوونی مرۆڤ و بوونەوەر بە گشتی لە زستانی بە یەک بەستاوەتەوە و دەڵێت: بە هاتنی نەورۆز کورد و سروشت ئازادی وەردەگرن و لە خۆشیدا دەکەون.. ئینجا پیرۆزبایی ئەم بۆنە لە کورد و مرۆڤەکان بە گشتی دەکات و هیوای هەمیشە نەورۆزی بەو مانای باسی لێکردووە بۆ هەمووان دەخوازێت.

هەرچی بەرگی سێیەمیشە ئەویش دیسانەوە وەکو بەرگی یەکەم سەروتاری نییە.

### هۆی وەستانی

ئەم گۆڤارە لە ماوەی پێنج مانگی یەکەمی ساڵی (١٩٧٠) سێ ژمارەی لێدەرچوو، کەچی دوای ئەوە وەستا و هەواڵی نەما، ئەگەرچی بە گوێرەی ئەو بابەتانەی بڵاویشی کردبوونەوە، کە هەندێکیان بە ئەڵقە

بوون و هێشتا تەواو نەبووبوون، دەبوو ژمارەی تری بەدوادا بێت، بەڵام ئەوە ڕووی نەدا، کەوابێت ئەم وەستانە هۆی تایبەتی خۆی هەبووە، کە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو هۆیانە گەڕام، وەکو لە دکتۆر (مارف خەزنەدار)م بیست، دەرکەوت هۆیەکە سیاسی بووە، ئەو گۆڤارە ئەهلی بووەو دکتۆر مارف و کاک جەمال خەزنەداری برای ویستوویانە سەربەخۆییەکەی بپارێزن، بەڵام دیارە هەلومەرجەکە وانەبووە بتوانن بەو بێلایەنییە دەری بکەن، ئەوە وای کردووە ئیتر بەبێدەنگی بیوەستێنن و ژمارەی دیکەی لێ دەرنەکەن.

**هونەرەکانی ئەدەب لە دەفتەری کوردەواریدا**

لەو گۆڤارەدا ژمارەیەک هونەری ئەدەبی بەرچاو دەکەون، کە بە هەموویان ئەو سێ ژمارەیە پێکدەهێنن، ئەوانیش بریتین لە: (شیعر - چیرۆک - وتار - ژیاننامە - نامە - لێکۆڵینەوەی ئەدەبی..)، لە خوارەوە تیشک دەهاوێژینە سەر یەکە یەکەیان:

**١- شیعر:**

شیعر پێناسەی زۆری بۆ کراوەو بە گوێرەی بەرەوپێش هاتنی ژیان و ئەدەب پێناسەی تازەی بۆ دروستبووە، سەردەمێک بریتی بوو لە (قسەیەکی کێشراو کە دەلالەت لە واتایەک دەکات)(٨)، دواتر لە سەدەی نوێ ئەو پێناسەیەی نامێنێت و لە یەک لە پێناسە نوێیەکانی دەگوترێت: (شیعر دەرەنجامی کارتێکردنی جیهانی دەرەکییە لە شاعیر و عەکسبوونەوەی ئەو جیهانە دەرەکییەیە لە خەیاڵی شاعیردا).(٩)

لەو گۆڤارەدا لە هەر سێ بەرگەکان سێزدە شیعر بڵاوکراونەتەوە.

لە ڕووی ناوەرۆکەوە ئەو شیعرانە خزمەتی چەند مەبەستێک دەکەن، لەوانە:

**أ- لاواندنەوە و شین و شەپۆر:**


وەکو د. ئیحسان فوئاد، لەژێر ناونیشانی (لە چلەی گۆراندا) لە ژمارە (١) دا، شینێک بۆ (گۆران)ی شاعیر دەکات و تێیدا دەڵێت:

**(لە پێشەوە**
**بەم زام و دەرد و ئێشەوە..**
**با ڕووبکەینە نیشتمان،**
**بلیمەتی (گۆران)ی جوان،**
**با بسپێرین..**
**بە دار و بەردی سووتێنراو..**
**بە دێهاتی وێرانکراو..**
**بێوەژنی ڕۆڵە کوژراو..**
**بەو خاکە مەردە ئازایە،**
**کە بۆ ژیان لە شەڕدایە...)(١٠)**

کە لە ڕاستیدا ئەم شیعرە لە هەمان کاتدا بابەتێکی سیاسیش دەوروژێنێ، ئەویش ئاماژەکردنە بۆ خاکی کوردستانی سووتێنراو کە بە هۆی شۆڕشی کوردەوە، حکومەتی عیراق هەر جارەی ناوچەیەکی دەسووتێنێت و وێران دەکات.

**ب- سیاسەت:**

لەم ڕووەوە شیعری زۆر بڵاوکراوەتەوە، بۆ نموونە: شیعرەکەی (حەمید عوسمان) بە ناونیشانی (کل و گڵ) کە لە بەرگی (١)دا بڵاوی کردۆتەوە، تێیدا بە زمانێکی ڕەمز ئاسا باس لە خەبات و تێکۆشانی خەڵکێک دەکات، خەڵکەکە دەشێت کورد بن، یان هەر یەکێکی تر بن، کە شاعیر مەبەستیەتی و باس لەو ستەمە دەکات،


دەفتەری کوردەواری

کۆمەڵە نووسینێکی ئەدەبی و زانستی و بیری کوردییە، ڕێگەی ئامانجی کوردایەتی ئەمڕۆ و سبەینێمان بە پرشنگی بیری نوێ ڕووناك ئەکاتەوە، بە ڕوخسارێکی نەتەوەیی و ناوەڕۆکێکی مرۆڤایەتی خۆی ئەنوێنێ

بەرگی دووەم | بەغدا : مارت ـ نیسانی ١٩٧٠

لە ژێر چاودێریی و ئامادە کردنی
جەمال خەزنەدار
لە چاپدراوە

کە لەو تەیرە دەکرێت، لەو شیعرەدا هاتووە:

**(تەیری لوری زۆرلێکراو**
**لە ناو شاخاندا ڕاونراو**
**هێلانەکەی لێتێکدراو**
**لە جیاتی (کل) خۆڵی لە ناو چاوا کراو**

***   *   ***

**ئەبی ڕووناکییەک نەبێ؟**
**ئەبێ دڵپاکییەک نەبێ؟**
**بۆ دنیا هەر وا شێوا بێ؟**
**ژینی تەیرەکە هەر وابێ؟**
**ئەبێ ڕێگاو شوێن نەبێ؟**
**چۆن نابێ؟ ئەبێ هەر هەبێ!)(١١)**

**ج- ڕەخنە:**

وەکو شیعرەکەی (شێرکۆ بێکەس) بە ناونیشانی (ملیۆنەهاو بەڵام) لە بەرگی (١)دا، کە تێیدا ڕەخنە لەوانە دەگیرێت، کە بە خەیاڵ ژمارەی نەتەوەکەیان زۆر و زۆرتر دەکەن، بەڵام مشوورێک لە بۆ یەک هێنانەوە و ڕزگاری نەتەوەکەیان ناخۆن، ئەم شیعرە شیعرێکی زۆر جوانەو دوای ئەوەی شاعیر دەیخاتە ڕوو کە:

**(...هاتن وتیان با بنووسین**
**خوندەوارانە بنووسین**
**کورد چەند ئەبێ؟ چەند ملیۆنن؟**
**ئەویان وتی:**
**دابەشی کەین، لێشی دەرکەین**
**هێشتا بیستین..!**
**ئەوی ترمان شارەزا بوو**
**مامۆستا بوو**
**تۆماری گەورەی خوندنی دوای ئەوروپای**
**لە باخەڵ و لە دەستا بوو**
**خۆی گرژ کرد.. وتی: چۆن کورد بیست ملیۆنە**
**ئەگەر نەبین، شەستیش ئەبین..**
**بۆچی دۆمین ؟! بۆ ئێمە چین؟!**

ئینجا شاعیر ڕەخنە لەو جۆرە بیرکردنەوانەی بەبێ کارکردن و تێکۆشان دەگرێت و دێت واقیعی تاڵی نەتەوە دەخاتەوە بەرچاو و دەڵێت:

**بیست ملیۆنین!**
**نەء- مامۆستا وەک دەفەرمووی شەست ملیۆنین**
**بەڵام داخەکەم نانوێنین**
**سفر ئەنوێنین**
**ملیۆنەهاین، بەڵام بەردێ بە یەکەوە نابزوێنین**
**ملیۆنەهاین، بەڵام وەک ئاردی ناو دڕکی بەر ڕەشەباین**

بەم شێوەیە شاعیر ڕەخنەکانی درێژ دەکاتەوە، تا لە دوا کۆپلەدا دەڵێت:

**ملیۆنەها.. ملیۆنەها**
**بەڵام داخەکەم مامۆستا هەتا ئێستا**
**بێ جێ و ڕێگاین.. لە یەک ونین**
**ملیۆنەهاین و مژدە بێ**
**کەچی هیچ نین!)(١٢)**

شیعرەکەی (محەمەدی مەلا کەریم)یش، مامەند سەرلەنوێ عومری تازەی بۆ دەنووسرێ، لە ژ ٢، ل ٨٩، دیسانەوە ناوەرۆکێکی سیاسی هەیە.

شیعرەکەی (ع. ع. شەونم)یش، بە ناونیشانی (٤ی نیسان) لە بەرگی ٣، ل ٢١، هەر ناوەرۆکی سیاسی هەیە.

شیعرەکەی (کەریم شارەزا)ش، بە ناونیشانی (لە ئەشکەوتێکا)، لە بەرگی سێیەم، دیسانەوە شیعرێکی سیاسی جوانە، هەموو برسیەتی و نالەبارییەکانی ژیانی کورد بە باری سیاسی و پێشێلکردنی ئازادییەکانی ئەو نەتەوەیە دەبەستێتەوە، بەڵام بە ئومێدێکی زۆرەوە بە سەرکەوتن، کە لە نزیکدا دێت، لە کۆتایی ئەو شیعرەیدا دەڵێت:

**(بەڵام سبەی**
**خەباتی خوێنینی دەستەی**
**دڵسۆزەکانی نیشتمان**
**بۆ هەموومان**
**ئەبێتە شەفەقی گەشی**
**سپێدەی سیحراوی بەیان**
**ڕۆژی ڕووناکی نەورۆزی میللەتی کورد**
**ڕۆشن ئەکاتەوە دڵی درشت و ورد**
**ئەوسا هەموو**
**شارو دێی باو باپیرانمان**
**دێتەوە کار**
**کوڵینگ و هەوجاڕ و نیرمان**
**بۆ گوزەران ئەکەینەوە**
**ڕووپەڕێکی تازەی ژیان**
**بە سەربەستی و بە ئارەزوو**
**لەگەڵ هەموو دۆست و خزمان**

**ئەبینەوە بە یەک خێزان**
**ئەیکەین بە ئاهەنگ و سەیران**
**لەبەر ئەکەین**
**پۆشاکی جوان**
**خۆشترین نان**
**دێتە دەستمان**
**بە ئاسانی**
**تێکرا ئەژین**
**بە ئازادی و کامەرانی).(١٣)**

ئەم دوو پارچە شیعرەی خوارەوەش دیسانەوە سیاسین، بەڵام لەبەر ئەوەی زیاتر درێژ نەبێتەوە، هەر ئاماژە بە ناونیشانەکانیان دەکەین:
- جەمال نوری، داپیرە گیان، ژ ٣، ل ٤٣.
- مایاکۆفسکی، لینین، و: دلزار، ژ ٣، ل ٩٩.

**د- شیعری کۆمەڵایەتی:**

وەکو شیعرەکەی (کاکەی فەلاح)، بە ناونیشانی (بلقی سەرئاو)، کە لە بەرگی دووەمدا بلاوی کردۆتەوە، تێیدا باس لەو کەسانە دەکات کە سەر مەڕی زگ گورگن، لە بەرچاو خۆیان جوان پیشان دەدەن، بەڵام بە ناوەرۆک وا نین، لەو شیعرەدا هاتووە:

**- (ئەو دەردەی وا کە لێرەدا مەبەستە**
**ئازاری وا لای دەستەی ماران گەستە**
**زۆر کەسی وام بەم دوو چاوەی خۆم دیوە**
**خۆی لە ئێمە سەد قات چاکتر ناسیوە**
**چییە و چۆنە و ئاخۆ چی لە بەرایە**
**جەوالی دڵ چییە و چی لە زارایە**
**بەسەرژمێر خۆی یەکێکە لەبەر چاو**
**کەچی پەلکەزێڕینەیە بە هەناو**
**بە پێی شوون و بە پێی هەوا و بەرژەوەن**
**گێرە ئەکاو خەرمانەکەی ئەکا شەن**

تا لە دوایدا دەڵێت:

**بەڵام ژیان، ژیانی ڕاستەقینە**
**زۆر لەم بلقی سەرئاوانە بەقینە**
**ڕیاکاری خۆپەسندی ترسنۆک**
**ئەمرۆ سبەی ئەبێ هەر دابدا چۆک).(١٤)**

شیعرەکەی (نووری عەلی ئەمین)یش بە ناونیشانی (یاداشتی جگەرەکێشێ) لە بەرگی دووەمدا، ئەویش باس لە دەردێکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە جگەرەکێشییە و بە زمانی جگەرەکێشێکەوە بیرەوەریی و گلەییەکانی ئەو جگەرەکێشە لە خۆی بە هۆی ئەو کارەی دەخاتە ڕوو کە بە دەستی خۆی چۆن ماڵی خۆی کاولکردو تا درەنگ نەهات و هەموو شتێکی وەکو پارەو دروستی و تەمەنی خۆیشی لە دەست نەدا، هەستی نەکرد کارێکی خراپ دەکات، لەو شیعرەدا هاتووە:

**- (خۆم خۆم کوشت..**
**خۆم بە دەستی خۆم ئاگرم بەردایە ماڵی خۆم..**
**خۆم سەرم لە خۆم و منداڵەکانم شێواند..**
**زۆریان پێ وتم و کەمم بیست..**
**ئەوەی منی کوشت..**
**منداڵەکانی هەتیو خست..**
**ملۆزمێکی نالەباری ژەهراوی بوو..**
**ناوی پیرۆزی (جگەرە) بوو!!**

بەم شێوەیە ئەو شیعرە یاداشتەکانی ئەم جگەرەکێشە دەگێڕێتەوە، تا سەرەنجام هەر بە زمانی ئەوەوە بەر لە دوا چاولێکنان، ئامۆژگاری خەڵکانی تر دەکات و دەڵێت:

**- ها ئێستا نا، تاوێکی تر**
**بۆ یەکجاری گیان ئەسپێرم**
**بەڵام دەستم دامێنتان**
**تا زووە خۆتان لەو هەژدیهایە دوور بخەنەوە**
**درەنگە چونکە ژیان خۆشە**
**(بەرەو ڕووناکی بەرن.. نەک بەرەو تاریکی)...).(١٥)**

**هـ- غەزەل:**

غەزەل لەم گۆڤارەدا کەمترین ئاوڕی لێدراوەتەوە، ئەویش لەو سێ دێڕەی (م.ع)ە، کە بە ناونیشانی (دەمودەست)، لە بەرگی سێیەمدا و لە لاپەڕە (١)دا هاتووە.

هەرچی لە ڕووی فۆرمەوەیە، زۆربەی ئەو شیعرانە لەسەر کێشی ئازاد هۆنراونەتەوە، کە کێشی شیعری نوێی کوردییە و بە دەگمەن شیعرێک لەسەر کێشی پەنجە، یان کێشی عەرووزی هۆنراوەتەوە.

**٢- چیرۆک:**

لەم گۆڤارەدا چیرۆک گرنگی لە شیعر کەمتر پێدراوە، ئەوەتا بە هەر سێ بەرگەکان ئەم چوار چیرۆکانەی

خوارەوەی تێدا بڵاوکراوەتەوە:
- حوسێن عارف، خوویەکی پووچ، ژ ٢، ل ٥١.
- جەمال بابان، ئاهی ئێمە بە کۆتەرە بێت، ژ ٣، ل٢٦.
- و: کەریمی حوسامی، ١٠ وەزیر، ژ ٣، ل ٧٨.
- مستەفا ساڵح کەریم، با بلێێن خەو بوو ژ ٢، ل١٣٤.

ئەوانەش هەموویان لە ڕووی فۆڕمەوە، کورتە چیرۆکن، کە ئەمە (فۆڕمێکی هونەری هاوچەرخە، لەگەڵ سەدەی ڕۆژنامەگەری و خێرایی و مەیلکردن بەلای وردبوونەوە لە شتەکان دەگونجێت (...) یەک ڕووداو لەخۆ دەگرێت، کەسێتییەکانی لە سێ یان چوار تێناپەڕن و هەندێ جاریش تەنیا یەک کەسە). (١٦)

(لە ڕاستیشدا هۆی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە چیرۆکەش، بۆ تێڕوانینی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ کات، کە بە لای خەڵکانی نوێوە کات زۆر گرنگەو مرۆڤی شار لە سای تەکنەلۆژیاو کاری دینامیکیانەی بەردەوام، ئەو کاتەی نییە وەکو جاران چەند شەو و ڕۆژێک تەرخان بکات، بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانێک یان داستانێکی درێژ، بەڵکو ئێستاکە کاتی مرۆڤەکان لەوانەیە تەنیا ئەوەندە بێت، کە لە ماڵ تا دەگەنە شوێنی کارکردنیان و بیانەوێت لە نێو پاس یان مێترۆ سوود لە خوێندنەوەی بەرهەمێک وەربگرن، کە ئەو ماوەیەش زۆر کورتە، بۆیە لێرەدا کورتە چیرۆک خۆی فەرز کرد، کە بە فراوانی بێتە مەیدان). (١٧)

لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە، ئەو کورتە چیرۆکانە دەکەونە خانەی چیرۆکی واقیعی، بەو پێیەی (چیرۆکی واقیعی) ئەو چیرۆکەیە، کە تێیدا: (هەموو ڕووداوێکی ژیانی کۆمەڵایەتی دەشێت ببێتە بابەتێکی ئەمجۆرە چیرۆکە) (١٨)، چونکە لە ڕووی ناواخنەوە دوو جۆر چیرۆک هەیە، ئەوانیش (چیرۆکی واقیعی و چیرۆکی خەیاڵینە)، بەڵام مەبەستیش لەوەدا ئەوە نییە، کە ئەو چیرۆکانەی ئێرە خەیاڵیان تیا نییە، چونکە خەیاڵ ڕەگەزێکی سەرەکی بەرهەمی داهێنراوی ئەدەبییە، جا شیعر بێت، یان چیرۆک، بەڵام مەبەست ئەوەیە، چیرۆکەکان باس لە شتی خەیاڵی ناکەن، دەنا خەیاڵ لە دارشتنەوەیان دەور دەبینێت، چونکە (چیرۆکی خەیاڵی) شتێکی ترەو لەوە جیایە کە گوتمان، (ڕووداوەکانی ئەمجۆرە چیرۆکە - واتە چیرۆکی خەیاڵی - لە سەربردەکانی سەرووی توانای مرۆڤ (خوارق)ەکان وەردەگیرێت، لەوانەی کەوا خەڵکان حەز دەکەن، بۆ پاڵەوانەکانیان لە خەیاڵی خۆیاندا دروستی بکەن. لێرەدا هیچ ڕاستییەک نییە لە نێوان واقیعی پاڵەوان و ئەو وێنەیەی چیرۆکەکە بۆی دەکێشێت). (١٩)

### ٣- وتار:

وتار: (پارچەیەک پەخشانی ئەدەبییە، بابەتێکی تایبەتی نووسەرەکەی چارەسەر دەکات، لەوەی کە ئەنجامی داوە، یان هاتۆتە بیری، یان وای بۆچووە، یان دایهێناوە). (٢٠)

ئەم هونەرە ژانری ڕۆژنامەیە، یەکەم داهێنەریشی (مۆنتیبی)ی ئەدیبی فەرەنسییە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدە، ئەو وەکو تەنیا هەوڵێک ئەمەی کرد، بەڵام بە زوویی لە لایەن نووسەران قۆزترایەوەو بە فراوانی بابەتەکانیان پێ نووسی، ئەوەی زیاتریش یارمەتی فراوانبوونی دا، زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بوو کە بەردەوام ڕوو لە زۆربوون بوون، تا ئێستاشی لەگەڵدابێت، دیارە لە ئەدەبی کوردیشمان، یەکەم وتاری هونەری لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی (میقداد مەدحەت بەدرخان) لە ساڵی ١٨٩٨ نووسرا.

مەرجەکانی سەرکەوتنی وتار لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە ناونیشانەکەی سەرنجڕاکێش بێت، ئینجا پەیڕەوی لە ڕەگەزەکانیشی کرابێت، کە بریتینە لە: (پێشەکییەک وەک ڕێگەخۆشکردن بۆ چوونە ناو باسەکە، ئینجا وردە وردە بیرەکە دەخرێتە ڕوو تا لە کۆتاییدا ئەوەی نووسەر مەبەستیەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەیگەیەنێتە بیری خوێنەر). (٢١)

لەم گۆڤارەدا (٢٥) وتار بڵاوکراوەتەوە، ئەوانیش بۆ سێ بەش دابەش دەبن، کە بریتینە لە وتاری تایبەت بە بوارەکانی (ئەدەب و مێژوو و ئابووری).

لە ڕووی ناونیشانەوە، پێم وایە ئەو وتارەی (جەمال خەزنەدار)، کە بە ناونیشانی (هەولێر کۆنترین شاری جیهانەو دواکەوتووترین شاری ئەم ناوچەیەیە)، لە ناونیشانی هەموو وتارەکانی دیکە سەرنجڕاکێشتر بێت، کە لە ژمارە (٣)دا بڵاوکراوەتەوە، دەنا ئەوانەی تر زۆربەیان لە ڕووی ناونیشانەوە، ناونیشانی ئاساییان هەیە و زۆر جێگەی سەرنج نین.

بەڵام لە ڕووی ڕەگەزەکانی ترەوە، ئەوا زۆربەی ئەو وتارانە وتاری چاکن و مەرجەکانی وتاری سەرکەوتوویان بە شێوەیەکی گشتی تیایە، لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە وتار

هەیە لە ئەوەکەی تر گرنگتر، کە ئەمە لە تەنیا یەک ڕوانگەی منەوە دیاری ناکرێت، بەڵام دەشێ وتارێک لە وتارێکی دی خوێنەری زیاتر بێت و سوودێکی زیاتر بگەیەنێت، کە ئەمەش شتێکی ئاساییە.

**٤- نامە:**

ئەمە (بریتییە لە نامەی کەسی کە یەکێک بۆ ئەوی تری دەنووسێت، لە کۆنەوە لای پاشاو میرو میرزاکان پەنای بۆ براوە، لە داڕشتنی هونەرکاری زۆر دەکرێت، وشەی ئەدەبی جوان و کاریگەرو سەرنجڕاکێش بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ فراوانبوونی خوێندن و زۆربوونی خوێندەوارانیش دیارە فراوانتر لە جاران پەنای بۆ دەبرێت)(٢٢)

لەم گۆڤارەدا ئەم دوو نامەیەی خوارەوە هەنە:

- محەمەد مەولوود (مەم)، ئەدەب و هەندێ بیری ساکار، ژ ١، ل ٨٨.
- قەناتی کوردۆ، نامەیەکی کراوە، ژ ٣، ل ١٢٣.

یەکەمیان نامەکەی (مەم)ە، کە ئەمە باس لە هەندێ تێبینی خۆی لە بواری نووسین و ئەدەبدا دەکات و بۆ خوێنەرانی ئەو گۆڤارە پێشکەشی دەکات، دووەمیان نامەکەی (قەناتی کوردۆ)یە، کە نامەیەکی سیاسییە، تێیدا پیرۆزبایی لە گەلی کوردو گەلانی عیراق دەکات، بە بۆنەی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق لە ئازاری ١٩٧٠دا.

**٥- ژیاننامە:**

(ژیاننامە وەرگێڕانی ژیانی مرۆڤێکە لە میانەی خستنەڕووی وێنەیەکی ڕاستگۆو پڕشنگداری ژیانی خۆی) (٢٣)، بەڵام (دەشێت چۆنیەتی خستنەڕووی ژیانەکە لە لایەن خاوەنەکەی لای هەموو نووسەرێک وەکو یەک نەبێتن بۆ نموونە هەیە بە شێوازێکی نزیک لە ڕۆمانێکی هونەری دەیخاتە ڕوو و لایەنی ئەدەبی بەسەردا زاڵە، نموونەی ئەمە (چێشتی مجێور)ی (هەژاری موکریانی)یە.. جاری واش هەیە بیرەوەریەکان زیاتر لایەنی خستنەڕووی بارە سیاسی تێداژیاوەکەی نووسەر بەرجەستە دەکەن، نموونەی ئەوەش (گەشتی ژیانم)ی (مەسعود محەمەد)ە و بەم شێوەیە).(٢٤)

لەو گۆڤارەدا تەنیا ژیاننامەی لینین نووسراوە، لەگەڵ ژیاننامەی شێخ مارفی بەرزنجی، یەکەمیان لە لایەن جەمال خەزنەدارەوە نووسراوە، دووەمیان مارف بەرزنجی خۆی بۆ خۆی نووسیوە.

**٦- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:**

(بریتییە لە کاری پشکنین و لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییە داهێنراوەکان، کە ئەمە بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەو ڕەخنەیی جیا جیا دەکرێت، بوارەکانی زۆرن و بە هەموویانەوە خزمەت بە کارە ئەدەبییە داهێنراوەکان دەکەن و بەرەو پێشیان دەبەن).(٢٥)

لەو گۆڤارەدا یانزە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بڵاوکراوەتەوە تایبەت کراوە بۆ مێژووی ژیان و شیعرەکانی هەندێ لە شاعیرەکانی وەک شێخ ڕەزای تاڵەبانی و کەیفی جوانڕۆیی و بێخود و...تاد، هەروەها لە بارەی ئەدەبی فۆلکلۆری و پەندی پێشینان و ..تادیش لێکۆڵینەوە کراوە.

**خاڵەکانی هێزی دەفتەری کوردەواری**

١- گرنگترین خاڵی هێزی ئەوە بووە، کە گۆڤارێکی ئەهلی بووەو سەربەخۆیی خۆی هەبووە.

٢- ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی ناوداری ئەو کاتە شتیان تیا نووسیوە.

٣- بابەتەکانی زۆربەیان نووسینن و بابەتی وەرگێڕدراوی یەکجار کەمە.

٤- زۆربەی بابەتەکانی بۆ خزمەتی ئەدەب و زمان و مێژووی کورد تەرخان کراوە.

٥- بە قەوارەیەکی خنجیلانە دەرچووە.

٦- لە ڕووی دەرهێنانی هونەرییەوە سەرنجڕاکێش و جوان بووە.

**خاڵەکانی لاوازیی دەفتەری کوردەواری**

١- پێناسەی ئەو گۆڤارە بەم شێوەیە بووە، (کۆمەڵە نووسینێکی ئەدەبی و زانستی و بیری کوردییە، ڕێگەی ئامانجی کوردایەتی ئەمڕۆ و سبەینێمان بە پڕشنگی بیری نوێ ڕووناک ئەکاتەوە، بە ڕووخسارێکی نەتەوەیی و ناوەرۆکێکی مرۆڤایەتی خۆی ئەنوێنێ)، کە ئەمە لە لاپەڕەی یەکەمی هەر سێ بەرگەکانی بە ڕوونی نووسراوە، کەچی زیاتر لە جارێک هاتووە باسی لە سەرکردەیەکی وەکو (لینین) کردووەو پیای هەڵداوە، کەچی لە تەنیا ژمارەیەکی هەر سێ ژمارەکانیدا شتێکی لەسەر سەرکردەیەکی کورد نەنووسیوە، مەگەر لە پەراوێزی بابەتی تردا شتێک بەر یەک لە سەرکردە کوردەکان

کەوتبێت.

٢- ژمارە (١)ی ئەو گۆڤارە کە دەرچووە، بە بێ سەروتار بووە، ئەگەرچی لە نەریتی ڕۆژنامەگەریدا سەروتار بە تایبەت بۆ ژمارە (١) نرخی تایبەتی خۆی هەیە و خوێنەر حەز دەکات ببینێت، چونکە ئەمە سیاسەتی گۆڤارەکە ڕوون دەکاتەوە.

٣- کاتی دەرچوونی دیاریکراو نەبووە، بۆیە بەرگی (١)ی لە کانوونی یەکەمی (١٩٧٠) دەرچووە، کەچی بەرگی دووەمی لە مارت و نیسان دەرچووە، واتە دوو، یان سێ مانگ پاش ژمارەی یەکەمی، ئینجا بەرگی سێیەمی ئەوجارەیان بە زوویی بڵاوبووەتەوە و مانگێک هاتۆتە پێش بە بەراورد لەگەڵ بەرگی دووەمی، واتە لە مایس و ئاغستۆسی (١٩٧٠) بڵاوبووەتەوە، بەوەش بۆ خوێنەر ڕوون نەبووە، کە هەمیشە کەی دەردەچێت، ئەوەش بە خراپ بە سەر گۆڤارەکەدا شکاوەتەوە، چونکە لە دنیای ڕۆژنامەگەریدا شتی وەها قەبوڵ نییە.

٤- لە زۆربەی ئەو شوێنانەی بە ڕەسمی سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکە نووسینیان کردووە، یان لە بابەتەکانی تریش، لە بری زمانی یەکگرتوو وشەی ناوچەییان بەکار هێناوە، لەوانە: (خوندن - ئەخونی)، کە تەنیا خەڵکی کۆیە بەو شێوە قسەدەکەن، دەنا لە زمانی نووسیندا ڕاست وایە بەو شێوەیە بنووسرێن (خوێندن - ئەخوێنی..)..لەوەش خراپتر تەنانەت بابەتی نووسەرانی تریشیان بەو شێوەیە گۆڕیوە، کە خۆیان پێیان باش بووە، بۆ نموونە لەو دێڕە شیعرەی (شێرکۆ بێکەس) دا: (هاتن وتیان با بنووسین.. خوێندەوارانە بنووسین) دێڕەکە خۆی وایە و شاعیر وەکو لە شوێنانی تریش بڵاوی کردۆتەوە (خوێندەوارانە)ی نووسیوە، کەچی سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکە بۆیان کردۆتە: (خوندەوارانە بنووسین)!!

یانیش لە بری (د) لەو گۆڤارەدا هەموو وشەیەک، کە بە (د) دەست پێئەکات، یان (د)ی تیایە بە (ئـ)ی گۆڕدراوە، کە ئاشکرایە زمانەوانانی کورد (د)ەکە بە ڕاست دادەنێن لە زمانی نووسیندا، چونکە بە پێچەوانەوە (ئـ)ەکە پیتێکی ناوچەییە و لە ناوچەی سلێمانیدا زیاتر بەکار دێت، بۆ نموونە نووسیویەتی: (ئەکاتەوە، خۆی ئەنوێنێ.. هەڵئەدرێ، ئەبن، سەر بەرز ئەکەنەوە، پێئەکەنن، ئەدەن، ئەکەن، ئەزانی، ئەچی، ئەخونی، ئەدا، دەم ئەکاتەوە، ئەکەین، ئەڵێین..)، کە لە ڕاستیدا دەبوو بەو شێوەیەیان بنووسێت: (دەکاتەوە، خۆی دەنوێنێ.. هەڵدەدرێ، دەبن، سەر بەرز دەکەنەوە، پێدەکەنن، دەدەن، دەکەن، دەزانی، دەچی، دەخوێنی، دەدا، دەم دەکاتەوە، دەکەین، دەڵێین)...

٥- لە ڕووی هەڵەی زمانییەوە، بێ هەڵە نییە.

**تەواوی بابەت و دۆسیەکانی (دەفتەری کوردەواری)**

لەم سێ بەرگەدا (٦٦) بابەت بڵاوکراونەتەوە، کە دابەش دەبنە سەر ئەم بوارانەی خوارەوە:

١- شیعر: (١٣)

١- د. ئیحسان فوئاد، لە چلەی گوزاندا، ژ ١، ل ٢٤.

٢- حەمید عوسمان، کل و گڵ، ژ ١، ل ٦٠.

٣- شێرکۆ بێکەس، ملیۆنەها و بەڵام، ژ ١، ل ٩٤.

٤- شێرکۆ بێکەس، نێرگزی زستان، ژ ٢، ل ١٥.

٥ - کاکەی فەلاح، بلقی سەرئاو ژ ٢، ل ٧٠.

٦- محەمەدی مەلا کەریم، مامەند سەرلەنوێ عومری تازەی بۆ دەنووسرێ، ژ ٢، ل ٨٩.

٧- نوری عەلی ئەمین، یاداشتی جگەرەکێشێ، ژ ٢، ل ١١٣.

٨- هـ-، مەیگێڕ، ژ ٣، ل ٢٠.

٩- ع.ع.شەونم، ٤ی نیسان، ژ ٣، ل ٢١.

١٠- جەمال نوری، داپیرە گیان، ژ ٣، ل ٤٣.

١١- مایاکۆفسکی، لینین، و: دڵزار، ژ ٣، ل ٩٩.

١٢- م.ع، دەمودەست، ژ ٣، ل ١ێ.

١٣- کەریم شارەزا، لە ئەشکەوتێکا، ژ ٣، ل ١٥٠.

**٢- چیرۆک: (٤)**

١- حوسێن عارف، خوویەکی پووچ، ژ ٢، ل ٥١.

٢- جەمال بابان، ئاهی ئێمە بە کۆتەرە بێت، ژ ٣، ل ٢٦.

٣- و: کەریمی حوسامی، ١٠ وەزیر، ژ ٣، ل ٧٨.

٤- مستەفا سالح کەریم، با بڵێین خەو بوو ژ ٢، ل ١٣٤.

**٣- وتار: ئەمە سێ جۆری هەیەو (٢٣) بابەتی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بەم شێوەیە:**

**أ- وتاری ئەدەبی: (١٦)**

١- دەفتەری کوردەواری، دەست لە ناو دەست لەگەڵ نەورۆزدا، ژ ٢، ل ٣.

٢- ئیسماعیل ڕەسوڵ، ڕەخنەی بێسوود، ژ ٢، ل ٩٧.
٣- د. ئیحسان فوئاد، هەندێ یادگاری ئەدەبی، ژ ٢، ل ١١٧.
٤- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، نامەیەکی گۆران بۆ پیرەمێرد، ژ ٢، ل ١٢٤.
٥- محەمەد ساڵح دیلان، نامەیەکی کۆن، ژ ٢، ل ١٣٩.
٦- جەمال خەزنەدار، ڕوونکردنەوەیەک، ژ ٣، ل ٣.
٧- موکەڕەم تاڵەبانی، کفری زەوی بەهاداری و شاری کەساسییە، ژ ٣، ل ٤.
٨- محەمەد مەولوود (مەم)، هەندێک شتی وردیلە، ژ ٣، ل ١٣.
٩- عەبدولمەجید عەبدولڕەحمان، ڕەخنەی (٣) هۆنراوەی ژمارە (١)ی دەفتەری کوردەواری، ژ ٣، ل٣٧.
١٠- ئەحمەد خواجە،گۆشتی بۆ تۆ ئێسقانی بۆ من، ژ ٣، ل ٤٥.
١١- د. مارف خەزنەدار، هەندێ لە شیرازەکانی دەفتەری ڕەخنەم، ژ ٣، ل ٤٩.
١٢- د. سەڵاحەدین ئەلموجنید، محەمەد کورد عەلی و فارس ئەلخوری، ژ ٣، ل ٥٨.
١٣- ئەحمەد غەفور، گۆرانی مرۆڤ و تێکۆشەر، ژ ٣، ل ٨٩.
١٤- س.ع. شادومان، وەلی دێوانە، ژ ٣، ل ٩٣.
١٥- عومەر مارف بەرزنجی، دیوانەکەی پیرەمێرد، ژ ٣، ل ١١٦.
١٦- جەمال خەزنەدار، هەولێر کۆنترین شاری جیهانە و دواکەوتووترین شاری ئەم ناوچەیەیە، ژ ٣، ل ١٢٧.

**ب - وتاری تایبەت بە مێژوویی: (٦)**

١- موکەڕەم تاڵەبانی، لاپەڕەیەک لە خەباتی نەتەوەیی کورد لە ساڵی ١٩٢٠ (ئەمەتا میللەت)، ژ ١، ل ١٨
٢- د. ئەحمەد عوسمان، ئایا مێژووی کورد نووسراوەتەوە، ژ ١، ل ٨٥.
٣- د. قەناتی کوردۆ، تێبینی لە لێکدانەوەی زانیارییەکانی کەزنەفۆن لە بارەی کاردۆخەکانەوە، و: د. مارف خەزنەدار، ژ ١، ل ١٢١.
٤- عاسم حەیدەری، لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی شاری هەولێر - بیرەوەری ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٤٦-، ژ ٢، ل ٨.
٥- نووری شێخ جەلال، ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٣٠ لە چەمچەماڵدا، ژ ٢، ل ٨٧.
٦- تۆما بووا، کوردناسین، و: د.نوری تاڵەبانی، ژ ٣، ل ١٤١.

**ت - وتاری تایبەت بە ئابووری: (١)**

١- ئەحمەد خواجە، گەنجینەکانی وڵات، ژ ١، ل ٧.

**٤- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی: (١٢)**

١- شێخ محەمەدی خاڵ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەشی یەکەم، ژ ١، ل ١٢.
- شێخ محەمەدی خاڵ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەشی دووەم ، ژ ٢، ل ٨٣.
- شێخ محەمەدی خاڵ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەشی سێیەم، ژ ٣، ل ١١١.
٢- کوڕادۆ ئەلفارۆ، تەنگوچەڵەمەی پاڵەوان لە چیرۆکی ئەم سەردەمەدا، وەرگێڕانی: مستەفا ساڵح کەریم، ژ ١، ل ٤١.
٣- جەمال بابان، قسە هەزارە دووانی بەکارە، لێکۆڵینەوەی پەندی پێشینان، ژ ١، ل ٦٢.
٤- د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، عەلی هەریری، ژ ١، ل ٩٨.
٥- ئیسماعیل ڕەسوڵ، لێکۆڵینەوەیەک لە ئەدەب و ئەدەبی فۆلکلۆری، ژ ١، ل ١١١.
٦- مەسعود محەمەد، کەیفی جوانڕۆیی، ژ ٢، ل ١٩.
٧- شوکور مستەفا، نەورۆز لە ئەدەبی گەلاندا، ژ ٢، ل ٤٢.
٨- محەمەد ئەمین عوسمان، ئەحمەد موخلیس، ژ ٢، ل ٧٢.
٩- شێرۆ موفتی ، لەژێر سێبەری بێخوددا، ژ٢،ل٧٨.
١٠- مومتاز حەیدەری، دڵدار (١٩١٨- ١٩٤٨)، ژ ٢، ل ١٣٠.
١١- د. مارف خەزنەدار، عەلی تەڕەماخی و دەستنووسەکەی، ژ ٢، ل ١٤٢.
١٢- سادق بەهائەدین ئامێدی، عەلی حەریری، ژ ٣، ل ٦١.

**٥- لێکۆڵینەوەی زمانەوانی: (٤)**

١- د. پاكیزە ڕەفیق حیلمی، ڕێزمان و مێژووی زمانی كوردی كورتەی كەشمی یەكەم، ژ ١، ل ٣٣.
٢- د. حسێن عەلی مەحفوز، وشەی (دەفتەر) لە زمان و ئەدەب و كتێبی عارەبی و فارسی و توركی و كوردیدا، ژ ٢، ل ٥٧.
٣- د. پاكیزە ڕەفیق حیلمی، زانیاری زمان، ژ ٢، ل ١٠٠.
٤- د. پاكیزە ڕەفیق حیلمی، زمانی كوردی، ژ ٣، ل ١٠٤.

**٦- ڕۆژنامەگەری: (١)**
١- جەمال خەزنەدار، مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی، ژ ١، ل ١٠٧.

**٧- نامە: (٢)**
١- محەمەد مەولوود (مەم)، ئەدەب و هەندێ بیری ساكار، ژ ١، ل ٨٨.
٢- قەناتی كوردۆ، نامەیەكی كراوە، ژ ٣، ل ١٢٣.

**٨- ژیاننامە: (٢)**
١- جەمال خەزنەدار، یادی سەد ساڵەی لە دایكبوونی لینین، ژ ٢، ل ٤.
٢- مارف بەرزنجی، شێخ مارفی بەرزنجی (مێژووی ژیان)، بەشی یەكەم ، ژ ٢، ل ١٤٦.
- مارف بەرزنجی، مێژووی ژیانی شێخ مارفی بەرزنجی، بەشی دووەم، ژ ٣، ل ١٥٣.

**٩- هەواڵ: (٤)**
لە هەر سێ ژمارەكاندا تەنیا چوار هەواڵ هاتوون، كە ئەمانەی خوارەوەن:
١- ڕۆژی ئاشتی ١١ی مارتی ١٩٧٠، ژ ٢، ل ١٥٤.
٢- ئەكادیمیەی زانستی كوردی، ژ ٢، ل ١٥٤.
٣- زانیاری، ژ ٣، ل ٨٨.
٤- نووسەری كورد، ژ ٣، ل ١١٠.

**١٠- بەڵگەنامە: (١)**
١- لەو گۆڤارەدا لە ژمارە (١)دا، دەقی بڕیارێكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی عیراقی سەبارەت بە مافە خوێندەوارییەكانی نەتەوەی كورد بڵاوكراوەتەوە.

**ئەنجام**

لە ئەنجامی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا گەیشتینە چەند خاڵێكی گرنگ، لەوانە:
١- دەفتەری كوردەواری گۆڤارێكی ئەهلی سەربەخۆ بووە، كاتێكیش كە زانیویەتی ئاسان نییە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت وەستاوە لە دەرچوون، بەڵام نەبوویتە سەر بە هیچ كەس و لایەنێك.
٢- ئەو گۆڤارە تەنیا سێ ژمارەی لێدەرچووە.
٣- لە هەر سێ بەرگدا (٦٦) بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بڵاوكردۆتەوە و بابەتە ئەدەبییەكانی لە سەرووی هەر بابەتێكی تری ڕۆشنبیری گرنگتر لە بەرچاو گرتووە.
٤- زۆربەی شیعر و چیرۆك و بابەتەكانی تری بە شێوازی نوێی سەردەمانە نووسراون.
٥- بابەتەكانی زۆربەیان نووسراو بوونە، ئەوەش ڕۆڵی گێڕاوە لەوەی باشتر خزمەت بە واقیعی كوردەواری بكەن، بە تایبەت كە بابەتەكانی لە لایەن نووسەرانی ناوداری ئەو ڕۆژگارە نووسراون، تەنانەت بابەتە وەرگێڕدراوەكانیشی هی نووسەری ناودار بوونە، نەك هەر بابەتی ئاسایی بووبن.
٦- لە ڕووی چاپ و دەرهێنانی هونەری و قەوارەوە گۆڤارێكی خنجیلانە بووەو باش كەوتۆتە بەردەست.
٧- نرخی هەرزان بووەو لە دوای ژمارە (١)ی هەرزانتریش كراوە، ئەوەش هۆیەكی دی گرنگە بۆ سەركەوتنی ئەو گۆڤارەو هەر گۆڤارێكی تر.

**پەراوێزەكان:**
١- بڕوانە: لاپەڕە (١)ی هەر سێ بەرگەكانی دەفتەری كوردەواری.
٢- جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری كوردی، چاپخانەی دار الحریة للطباعة، بەغدا، ١٩٧٣، ل ١١٠.
٣- وریا جاف، كاروانی ڕۆژنامەگەری كوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٨٢.
٤- دكتۆر مارف خەزنەدار، دیدارێكی تایبەت لەگەڵ بەڕێزیان، ڕۆژی هەینی، ٢٠٠٥/٣/١١، لە هەولێر.
٥- جەمال خەزنەدار.. (ناوی تەواوی: جەمال عەبدولقادر خەزنەدارە، ساڵی ١٩٣٦ لە هەولێر لە دایك

بووە، دەرچووی خوێندنی سانەوییە، کە هەردوو خوێندنی سەرەتایی و سانەویی لە هەولێر تەواوکردووە، دوای ئەوە چووەتە بەغداو لەوێ بە فەرمانبەر لە وەزارەتی کشتوکاڵ دامەزراوە.. لە بواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا کاری زۆری کردووە، لە گرنگترین کتێبەکانی ئەوانەی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردوون: (ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی)یە، لەگەڵ دووبارە چاپکردنەوە و پێشەکی بۆ نووسین بۆ هەردوو گۆڤاری (ڕۆژی کورد) و (ڕۆژی کوردستان).. ئێستاکە لە هەندەرانەو لە وڵاتی ئەڵمانیا دادەنیشێت).

٦- جەمال خەزنەدار، ڕوونکردنەوەیێک، دەفتەری کوردەواری، بەرگی سێیەم، ل ٣.

٧- بڕوانە: گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی دووەم، ل ٣.

٨- لای عەرەبەکان لە سەردەمی پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلامیش تا سەدەی بیست هەر ئەو پێناسەیەی بۆ دەکرا، کە ئەمە لە ئەدەبی نەتەوە موسڵمانەکانیش هەر وابوو.

٩- حيدوش احمد، الاتجاه النفسي في النقد العربي الحديث، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية الاداب جامعة بغداد، كانون الاول ١٩٨٣، باشراف الدكتور: جلال الخياط، ص ٤٧.

١٠- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی (١)، ل ٢٧.

١١- بڕوانە: دەفتەری کوردەواری، ژ ١، ل ٦٠.

١٢- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، ژ ١، ل ٩٦و٩٧.

١٣- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، ژ ٣، ل ١٥٠.

١٤- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، ژ ٢، ل ٧١و٧٢.

١٥- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، ژ ٢، ل ١١٣-١١٦.

١٦- د. ميشال عاصي، الفن والادب، چاپی دووەم، المكتب التجاري للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٧٠، ل ٢٤٢.

١٧- ئیدریس عەبدوڵڵا، پەخشان یەکەمینی دوو شێوەکانی دەربڕین بەش و فۆرمەکانی، گۆڤاری نووسەری نوێ، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤، ژ (٢٤و٢٥)، ل ١٢٧.

١٨- د. ميشال عاصي، الفن والادب، ل ١٥٥.

١٩- سەرچاوەی پێشوو ل ١٥٩.

٢٠- د. محمد حسن عبدالله، فنون الادب، دار الكتب الثقافية، الكويت، الطبعة الثانية، ١٩٧٨، ل٢٦١.

٢١- ئیدریس عەبدوڵڵا، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ (٢٤و٢٥)، ل ١٢٥.

٢٢- ئیدریس عەبدوڵڵا، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ (٢٤و٢٥)، ل ١٢٨.

٢٣- د. شوکرییە ڕەسوڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعليم العالي، هەولێر، ١٩٨٩، ل ١٤٢٥.

٢٤- ئیدریس عەبدوڵڵا، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ (٢٤و٢٥)، ل ١٢٨.

٢٥، سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٠.

**سەرچاوەکان بە گوێرەی مێژووی بڵاوبوونەوەیان:**


١- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی یەکەم، کانوونی دووەمی ١٩٧٠.

٢- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی دووەم، مارت و نیسانی ١٩٧٠.

٣- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی سێیەم، مایسی ١٩٧٠.

٤- د. ميشال عاصي، الفن والادب، چاپی دووەم، المكتب التجاري للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٧٠.

٥- جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی دار الحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٧٣.

٦- د. محمد حسن عبدالله، فنون الادب، دار الكتب الثقافية، الكويت، الطبعة الثانية، ١٩٧٨.

٧- حيدوش احمد، الاتجاه النفسي في النقد العربي الحديث، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية الاداب جامعة بغداد، كانون الاول ١٩٨٣، باشراف الدكتور: جلال الخياط.

٨- د. شوکرییە ڕەسوڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعليم العالي، هەولێر، ١٩٨٩.

٩- وریا جاف، کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.

١٠- ئیدریس عەبدوڵڵا، پەخشان یەکەمینی دوو شێوەکانی دەربڕین بەش و فۆرمەکانی، گۆڤاری نووسەری نوێ، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤، ژ (٢٤و٢٥).

١١- دکتۆر مارف خەزنەدار، دیدارێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێزیان، ڕۆژی هەینی، ٢٠٠٥/٣/١١، لە هەولێر.

# لە پەراوێزی فەلسەفە و لاهووتی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا

## قەباڵەکەی ساڵی (١٢٧٧)ی زایینی پاریس

د. حەمید عەزیز
(کۆلیژی ئاداب – بەشی مێژوو)

(٢ – ٢)

لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا کە لە ژمارەی پێشوودا بڵاوکرایەوە هەوڵمان دا بەهۆی لێکۆڵینەوەی ئەو دوو فەتوایە جیاوازەی مەسیحی پاریس و غەزالی ڕۆژهەڵات کە دژی فەلسەفە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا داویانە و بابەتی فەلسەفەیان قەدەغە و یاساغ کردووە، تایبەتمەندی هەردوو بابەت فەلسەفە و لاهووت ڕوون بکەینەوە و دەرمان خست کە ئەم دوو بەرهەمە لە ناوەرۆک و ڕوخساردا لە یەکتری جیاوازن و هەریەکە بۆ گەیشتنە ئامانجی تایبەتی خۆی پشت بە میتۆد و پەیڕەوی جیاواز دەبەستن کە هەریەکە لەلای خۆیەوە جۆرە سەربەخۆییەک نیشان دەدات.

جیاوازیی و سەربەخۆیی هەردوو بابەتەکە هیچ کاتێک نەبۆتە مایەی ئەوەی جۆرە دابڕانێکی یەک لایەنی لەنێویاندا بکەوێتەوە، چونکە وەک دەرمانخست هیچیان ناتوانێ دەستبەرداری ئەوی تریان بێ. مرۆڤ هەروەک ژیرو فام و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی هەیە هەست و سۆز و ناخ و دەروونیشی هەیە. دەسبەرداربوون یاخود بێ نیاز بوون لەلایەک لەم دوو لایەنە تەرازووەکە لاسەنگ دەکات. لاهووت وەک ئەنجامێکی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر پابەندی گۆڕان و کات و شوێن و پەرەسەندن بێت، ئەوە ئەو بنج و بناوان و سەرچاوەی لێوەی کەوتۆتەوە بە هیچ جۆرێک دانووی لەگەڵ پەرەسەندن و گۆڕان و پابەندبوون بە کات و سەردەم و شوێن ناکوڵێ. مرۆڤی مەسیحی ڕاستەقینە ئەمڕۆ لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەو کەسەیە کە وەک یاوەرانی مەسیحی و مەسحییەکانی سەدەی یەکەم بژی. بە پێچەوانەوە فەلسەفە وەک بەرهەمێکی ژیر و بیری مرۆڤ هەمیشە بەسەردەم و دەوروبەر و قۆناغێکی تایبەتییەوە بەند بووە، ڕاستی و دروستییەکەی لەوەدا ساخ بۆتەوە تا چەند توانای پەرەسەندن و گەشەکردن و گۆڕانی هەیە، گۆڕانێک کە لەگەڵ هاوردەکانی سەردەم و دواڕۆژدا تەبابێت. هەروەها لە بەشی یەکەمدا هەوڵم دابوو ڕوون بکرێتەوە بۆچی ئەم دوو فەتوایە ئەگەرچی لە ناوەرۆک و هەلومەرجدا تاڕادەیەک لە یەکتری دەچن دوو ئەنجامی ئەوپەڕی جیاوازیان لێ کەوتەوە.

ئەم باسە ئەو بۆچوونە ساغ دەکاتەوە کە فەلسەفە ژیر و زانین و وردبوونەوە و سەرنجدانە و لاهووت و ئایین، بڕواو باوەڕ و ئیمانن و بەناوەرۆک و ئامانج لە یەکتری جیاوازن.

لەم بەشەدا پاشماوەی ئەو خاڵانە- کە لە ئەڵمانییەوە کردوومانن بە کوردی و، کاتی خۆی قەشە تێمپیر فەلسەفەی پێ قەدەغە کردووە، بڵاودەکەینەوە.

٤٧- شتەکان، ئەگەر لەخۆیاندا سەرنج بدرێن لە ڕێکوپێکیی یەکەم هۆکار لادەدەن و جیاواز دەبن، بەڵام نەک لە ڕێکوپێکیدا بەرامبەر بە هۆکارەکانی تر کە لە گەردووندا چالاکن. ئەمە هەڵەیەکە، چونکە شت دانەپاڵ یەکەم هۆکار جەوهەریتر و ناوەکیترە لە چاو ئەوەی بخرێتە سەر هۆکارە نزمترەکان.

٤٨- خوا ناتوانێ هۆکاری ڕووداوێکی نوێ بێت و ناتوانێ شتێکی نوێ بهێنێتەدی.

٤٩- خوا نەیتوانیوە ئاسمان بە هێڵێکی ڕاستی بزووتنەوەدا بجووڵێنێتەوە، هۆیەکەی ئەمە لەوەدایە، ئەوکاتە بۆشاییەکی دروست دەکرد.

٥٠- خوا ناتوانێ بەشێوەیەکی نارێکوپێک شتێک بەگەڕ بخات، ئەمە لەوە جیاوازە ئێستاکە شتێک بجووڵێنێتەوە، چونکە ئەمە وادەگەیەنێ کە لەودا هیچ جۆرە بڕیاری جیاوازی خواست نییە.

٥١- خوا لە کرداریدا وەک لە بوونەکەیدا نەمرە، ئەگەرنا ئەوا لەلایەن شتێکی ترەوە سنووری بۆ دەکێشراو دەستنیشان دەکرا و ئەمەش لەو کۆنتر و لەپێشتر دەبوو.

٥٢- جەوهەرێک، کە بۆ خۆی، وەک خوا، خۆی دیار و دەستنیشان بکات، هەمیشە لە کردندا دەبێت یاخود هەرگیز هیچ ناکات. لەکۆتاییدا: فرە جەوهەری نەمر هەیە.

٥٣- هەموو، ئەوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن خواوە پەیدا دەبێ، دەبێ ئەمە بە ناچاری بیکات، ئەمە هەڵەیەکە، ئیتر لەوەدا مرۆڤ ئەمە بەناچاری و زۆرەملێ تێبگات، چونکە ئەمە ئازادی لەناو دەبات، یان بەو مانایە کە ناچاریی نەگۆڕان دەگەیەنێ، ئەمەش بێ توانایی کە شتێکی تر بکات نیشان دەدات.

٥٤- یەکەم بنەما ناتوانێ ڕاستەوخۆ ئەو شتانەی دەگۆڕێن پەیدا بکات، چونکە ئەمە چەند ئەنجامێکی نوێن. ئەنجامی نوێ پێداویستی بە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ هەیە کە خۆی دەگۆڕێ.

٥٥- یەکەم بنەما ناتوانێ شتێک پەیدابکات کە لەخۆی جیاواز بێت، چونکە هەموو جیاوازییەکی نێوان دروستکار و دروستکراو لەماددەوە دەکەوێتەوە.

٥٦- خوا ناتوانێ ڕاستەوخۆ شتە نا ناچارییەکان بزانێ، ئەمە بەهۆی هۆکارێکی تری تایبەت و دواترەوە دەبێت.

٥٧- ئەگەر هەموو هۆکارەکان جارێک لە دۆخی هێمنی و کارنەکردندا بووبن، دەبێ مرۆڤ لاف لێبدات: خوا دەگۆڕێ.

٥٨- خوا هۆکاری یەکەم جەوهەری گیانییە، لەگەڵ کەوتنی ئەم هۆکارە ئەنجامەکەشی دەکەوێتەوە. هەردووکیان هەمان جۆرە بەردەوامییان هەیە.

٥٩- خوا هۆکاری ناچارەکی بزووتنەوەی لەشە ئاسمانییەکان و بورجی ئاسمان و لێکدابڕانی ئەستێرەکانە.

٦٠- بۆ ئەم مەبەستە، هەموو ئەنجامەکان سەبارەت بە یەکەم هۆکار، ناچارەکین، بەڵام تەنیا ئەمە بەس نییە، یەکەم هۆکار خۆی ناکرێ ڕێگای کارکردنی لێ بگیرێ، بەڵکو وەک پێداویستی وایە کە هۆکارە مامناوەندییەکان نەکرێ ڕێگایان لێ بگیرێ. ئەمە هەڵەیە، چونکە خوا نەیتوانیوە بەبێ هۆکارەکانی دواتر هیچ جۆرە کارێک بکات.

٦١- خوا دەتوانێ ئەنجامە پێچەوانەکانی یەکتری بە یارمەتی لەشی ئاسمانی دابهێنێ، چونکە ئەمە جیاوازی لە ڕەوشی شوێنەکی خۆیدا نیشان دەدات.

٦٢- خوا هێز و توانایەکی بێ سنووری هەیە، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی، چونکە ئەو لەهیچەوە شت دادەهێنێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەستەبەری بزووتنەوەیەکی بێ کۆتایی بەردەوام دەبێ.

٦٣- خوا ناتوانێ کاری هۆکاری دووەم بەبێ ئەم هۆکاری دووەمە بکات.

٦٤- دەبێ ئەنجامی ڕاستەوخۆی یەکەم بنەما تاقانە و بەڕاددەی ئەوپەڕی لەو بنەمای یەکەمە بچێ.

٦٥- خوا یان جەوهەری بێگەردی گیان تەنیا بەر یارمەتی لەشی ئاسمانی زانینەکەی دەخاتە نێو خەونی نەفسی مرۆڤەوە.

٦٦- فرە یەکەم بزوێنەر هەیە..

٦٧- یەکەم ناجووڵاوە بەگشتی تەنیا بە یارمەتی جووڵاوەیەک کە لەنێواندایە شت دەجووڵێنێتەوە و ئەم بزوێنەرە نەجووڵاوەیە بەشێک لەوە پێک دێنێ کە بۆ خۆی خۆی دەجووڵێنێتەوە.

٦٨- توانایەکی کاریگەر کە دەکرێ بەبێ چالاکی بێت، لەگەڵ توانایەکی نالەبار (پەسیڤ) تێکەڵ کراوە. ئەمە هەڵەیەکە، کاتێک ئەمە هەموو جۆرەکانی چالاکی بگرێتەوە.

٦٩- جەوهەرە بێگەردە گیانییەکان لە کارکردندا خۆیان ناگۆڕن، ئەوان ئامانج و کۆششێکی یەک ڕەنگییان هەیە.

٧٠- ئەقڵەکان یان جەوهەرە لە یەکتری جیابووەکان، کە مرۆڤ بە نەمر ناویان دەبات، نەک بە مانای تایبەتی بەڵکو بەمانای خوازیی هۆکارێکی کاریگەریان هەیە. ئەوان هۆکارێکیان هەیە کە لە بووندا دەیانهێڵێتەوە،

بەڵام ئەوان تازە پەیدانەبوون، چونکە ئەگەر وا بوایە گۆڕاو دەبوون.

٧١- لەنێو جەوهەرە جیابووەکاندا هیچ جۆرێکی گۆڕان شیاوەکی نییە. ئەو توانایەیان نییە ببن بەشتێک چونکە ئەوان نەمرن و لەماددەوە دوورن.

٧٢- جەوهەرە لە یەکتری جیابووەکان نەمرن، ئەوان هیچ ماددەیەکیان نییە ئیتر هەر لەبەر ئەمە لە زووەوە بەپێی شیاوەکی و ڕیالیستییانە هەبووبوون. ئینجا لەهۆکارێک کەوتوونەتەوە کە بەهەمان ڕێگا و شێواز ڕەفتار دەکات.

٧٣- جەوهەرە لە یەکتری جیابووەکان بە ئەقڵەکانیان شت دادەهێنن.

٧٤- ئەو ئەقڵەی ئاسمان بە گەڕ دەخات، بە جۆرێک کار لەو نەفسانە دەکات کە لە ئەقڵ بەهرەمەندن هەروەک چۆن لە سێ ئاسمانی کار لە سێ مرۆڤ دەکات.

٧٥- فریشتەیەک ناتوانێ ڕاستەوخۆ و یەکسەر چالاکییەکی پێچەوانەی ئەوەی بنوێنێ، بەڵکو تەنیا ئەو چالاکییانەی دەبێ کە بە هەموو هی ترەوە ئەنجام دراوە، بۆ نموونە بورجێکی ئاسمانی.

٧٦- فریشتەیەک هیچ شتی تازە نازانێ.

٧٧- ئەگەر جەوهەرێکی جیابووەوە هەبێ کە لەشێک لەم جیهانە بەر هەستییەدا نەبزوێنێ ئەوا ئەو لەم گەردوونەدا نییە.

٧٨- جەوهەرە نەمرەکان کە لە ماددە جیابوونەتەوە، دەستو برد ئەو چاکە کارییەیان هەیە، ئەگەر ئەوان دابهێنرێن، کە لەتوانایاندا هەیە. هەروەها ئەوان سەرگەرمی بەدەستهێنانی شتێک نین کە نەیانبێ.

٧٩- جەوهەرە جیابووەکان جەوهەری خۆیانن، لەواندا ئەوەی بەهۆیەوە ئەوەن کە هەن و ئەوەی ئەوان چین هەریەک شتە.

٨٠- هەموو ئەوانەی ماددەیان نییە نەمرن. ئەوانەی بەهۆی ڕوخسار گۆڕینی ماددەوە پەیدانەبوون، پێشووتر نازانن. کەوابوو، نەمرن.

٨١- لەبەر ئەوەی ئەقڵەکان ماددەیان نییە، خوا ناتوانێ فرەتر لە هەمان جۆر دروست بکات.

٨٢- ئەقڵە بەرزەکان هۆکاری ڕووداوە نوێیەکانی لای ئەقڵە نزمەکان نین، بەڵام بەرزەکان بۆ نزمترەکان هۆکاری زانینی نەمرن.

٨٣- ئەقڵ لە نەمری خواوە کاملییەکەی دەستگیردەبێ ئەو بەگشتی نەگۆڕاوە کەچی بە پێچەوانەوە نەفسی ئاسمان وانییە.

٨٤- ئەقڵ بوونی خۆی لەخواوە بەهۆی ئەقڵی مامناوەندییەوە دەستگیر دەبێ.

٨٥- زانین و جەوهەری ئەقڵ لە یەکتری جیاوازنین. لەو جێگایەی بە تایبەتی، هیچ جیاوازییەک لەنێوان شتزان و ئەوشتەی دەزانرێت نییە، هەر لەوێ هیچ جۆرە جیاوازییەکی ناوەرۆکی زانین نییە.

٨٦- جەوهەرە لە یەکتری جیابووەکان بەکردەکی بێ کۆتایین. بێ کۆتایی، بەشێوەیەکی تایبەتی، شتێکی ناشیاوەکی نییە، بەدەر لە شتە ماددییەکان.

٨٧- جیهان لە چاو هەموو ئەو توخم و جۆرانەی تێیدان، نەمرە. کات و بزووتنەوە، کەرەسە «ماددە» و هۆکاری کارکردە و گرتنە خۆ هەموویان نەمرن، چونکە ئەوان لە هێزی بێ سنووری خواوە کەوتوونەتەوە و چونکە هیچ نوێ بوونەوەیەک لە ئەنجامدا نابێ بەبێ نوێ بوونەوە لە هۆکاردا.

٨٨- هیچ شتێکی نوێ نابێت، ئەگەر ئاسمان سەبارەت بە ماددەی ئەو شتانەی پەیدا دەبن، ڕەوشی بەسەردا نەیەت.

٨٩- لەتوانادا نییە، ئەو بەڵگانەی فەیلەسووف بۆ ساغکردنەوەی نەمریی جیهان دەیانداتە دەست، پووچەڵ بکرێنەوە. ئەگەرنا، مرۆڤ دەبێ دانی پێدابنێ کە خواستی یەکەم بنەما ئەو شتانە یەک دەخات کە لە یەکگرتن نایەن.

٩٠- فەیلەسووفی سروشتی دەبێ بێ سێ و دوو لێکردن گومان لە نوێ بوونەوەی جیهان بکات، چونکە ئەو بەهۆکاری سروشتی و بەڵگەسەلمێنە سروشتییەکان پشت ئەستوورە، بەڵام مرۆڤی ئیماندار (بە بڕوا) بە پێچەوانەوە دەتوانێ نا لە نەمری جیهان بکات، چونکە ئەو پشت بەهۆکارە سەروو سروشتییەکان دەبەستێ.

٩١- ئەو هۆکارەی فەیلەسووف بەهۆیەوە نەمریی بزووتنەوەی ئاسمان ساغ دەکاتەوە، سۆفستایی نییە. کەچی شتێکی سەیر و سەمەرەیە مرۆڤی بیرمەند لە مەناگات و نایبینێ.

٩٢- لەشە ئاسمانییەکان لەلایەن بنەمایەکی ناوەکییەوە دەجووڵێنرێنەوە، کە نەفسەکەیەتی، ئەمانە وەک جەوهەرێکی زیندوو، بەهۆی نەفس و هێزی کۆشش کردنیانەوە دەجوولێنەوە. هەروەک چۆن جەوهەرێکی زیندوو خۆی دەجوولێنێتەوە، چونکە سەر گەرمی کۆششە، ئاسمانیش هەروا دەکات.

٩٣- لەشە ئاسمانییەکان لەخۆیانەوە جەوهەرەکەیان هەیە، بەڵام نەک نەمریی بزووتنەوە.

٩٤- دوو بنەمای نەمر هەن، واتە، لەشی ئاسمانی و نەفسەکەی.

٩٥- سێ بنەمای ئاسمان هەیە: هەڵگری بزووتنەوەی نەمر.
- نەفسی لەشی ئاسمانی.
- یەکەم بنەما کە وەک ئامانج و ئارەزوو دەجووڵێنێتەوە.
- ئەمە هەڵەیەکە سەبارەت بەدوو بنەمایەکە.
٩٦- خوا ناتوانێ بەبێ مادده تاکەکانی یەک توخم و جۆر پتر بکات.
٩٧- تاکەکانی هەمان توخم و جۆر وەک سوکرات و ئەفلاتوون تەنیا بەهۆی ڕەوشی ماددەوە خۆیان لە یەکتری جیادەکەنەوە. ڕوخسار و شێوەی جەوهەریی مرۆڤ لە هەردووکیاندا بەپێی ژمارە وەک یەک دەردەکەون شتێکی سەیر نییە، ئەگەر ژمارەیەکی شتی لە یەک چوو لە جێگای جیاجیادا بێنە بەرچاو.
٩٨- جیهان نەمرە، چونکە شتێک کە ئەم جۆرە جەوهەرەی هەبێت بەهۆیەوە دەتوانێ لەسەرانسەری دوارۆژیشدا هەبووبێ، هەروەها ئەو جەوهەرەشی هەیە کە بەهۆیەوە توانیویەتی سەرانسەری ڕابردوو هەبوون بووبێ.
٩٩- ئەگەرچی جیهان لە هیچەوە پەیدابووە، ئەوا لەم دواییە پەیدانەبووە و نوێ نییە. هەروەها ئەگەرچی ئەو لەنابوونەوە بۆ هەبوون هاتووە، ئەوا نابوون نەک بەپێی بەردەوامی، بەڵکو بەپێی سروشت لە پێشبییەوە بووە.
١٠٠- ئەو لاهووتییانەی لاف لێدەدەن، ئاسمان ناوبەناو هێمن و ئارام دەبێ، پشت بە بنەمای بۆچوونێکی هەڵە دەبەستن. بگوترێ ئاسمانێک هەیە، بەڵام ئەو خۆی ناجووڵێنێتەوە وەک ئەوە وایە شتی ناکۆک و ناتەبا بە یەکتری بهێنرێتە گۆڕێ.
١٠١- گۆڕانی ڕیشەیی و سەرتاپاگیری لە ژماردن نەهاتوو بەسەر ئاسماندا هاتوون، ئەمانە پەیان پێ ببردرێ بۆ هۆکاری یەکەم شتێکی ناشیاوەکی نەبووە، بەڵکو ئەمە تەنیا بۆ ئەقڵێکی داهێنراو وایە.
١٠٢- نەفسی ئاسمان ئەقڵێکە و بورجەکانی ئاسمان چەند ئامرازێک نین، بەڵکو چەند ئەندامێکی ئەقڵن. هەروەک چۆن گوێچکە و چاو چەند ئەندامێکی هێز و توانای پەی پێبردنی هەستەکانن.
١٠٣- فۆرمێک کە بۆ بوون و گۆڕانی مادده پێویست بێت ناکرێت لەلایەن کارکردەیەکی چالاکەوە بکەوێتەوە کە لە ماددەوە شت پەیدا نەکات.
١٠٤- مرۆڤایەتی وێنە ڕوخسارێکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو ناوەرۆکێکی ژیر و ئەقڵە.
١٠٥- وێنەی جەوهەریی مرۆڤ لە دەرەوە نایەت، بەڵکو لە شیاوەکی ماددەوە پەیدا دەبێت، ئەگەرنا کێشەکە بریتی نەدەبوو لە بەدی هێنانێک بە مانایەکی ڕوون و ڕەوان..
١٠٦- هۆکاری ڕاستەوخۆی هەموو وێنە جەوهەرییەکان (فەلەک) بورجی ئاسمانە.
١٠٧- ڕەگەزەکان نەمرن. پەیدابوونە نوێیەکەیان لەو ڕەوشەدایە کە ئێستاکە هەیانە.
١٠٨- نەفسی مرۆڤ بە هیچ جۆرێک پابەندی جێگۆڕکێ نییە، ئیتر نە لە خۆیەوە و نە بە هۆی دۆخێکی دەرەکییەوە، خۆ ئەگەر بەپێی جەوهەرەکەی لە جێگایەک دابنرێت ئەوا بەهیچ جۆرێک و هیچ جارێک خۆی لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر ناجووڵێنێ.
١٠٩- جەوهەری نەفس نەمرە. ئەقڵی چالاک و شیاوەکی نەمرن.
١١٠- بزووتنەوەکانی ئاسمان لە پێناوی نەفسە ژیرییەکان دەکەونەوە. نەفسی ژیر یان ئەقڵ ناکرێ بەبێ بوونی مادده پەیدابێ.
١١١- هیچ فۆرمێکی لە دەرەوە هاتوو ناتوانێ لەگەڵ ماددەدا یەکەیەکی یەکگرتوو پێک بهێنێ. ئەوی توانای جیابوونەوەی هەیە و جیادەبێتەوە ناتوانێ لەگەڵ ئەوەی لەناودەچێ یەکەیەک پێک بهێنێ.
١١٢- ئەقڵە بەرزەکان کار لە نزمەکان دەکەن، هەروەک چۆن نەفسێک کار لەوانی تر و لە نەفسی بەرهەستی دەکات. بە پشتیوانی هێزی ئەم کارلێکردنەوەیە جادووگەرێک بەچاولێکردنێک دەتوانێ حوشترێک بخاتە چاڵێکەوە.
١١٣- بەپێی فەلسەفە بێ، نەفسی جیابووەوە نا گۆڕاو نییە، ئەگەرچی بەپێی بڕوا (ئیمان) دەبێ گۆڕاوبێت.
١١٤- ئەگەر نەفسی بە ئەقڵ بەهرەمەند خۆی لە جەوهەری زیندوو جیابکاتەوە، ئەوا هەروەک جەوهەرێکی زیندوو دەمێنێتەوە.
١١٥- نەفسی ژیر بە ناسینی خۆی هەموو شتێکی تر دەزانێ. وێنە جەوهەرییەکانی هەموو شتێک لەودا پێکەوە داهێنراون. ئەم زانینە بە سایەی ئەقڵمانەوە نییە لەوەدا کە ئەقڵی ئێمەیە، بەڵکو لەوەدا کە ئەقڵێکی چالاکە.
١١٦- نەفس ناتوانێ لە لەش بە یەکجارەکی جیابێتەوە. ئەگەر هارمۆنی لەشی لەناوچوو نەفسیش لەناودەچێ.
١١٧- ئەو شتەی مامۆستا دەیزانێ لەگەڵ ئەوەی خوێندکار دەیزانێ، بەپێی ژمارە، یەک شتە، لەبەر چ هۆیەک گیان یەکێکە: فۆرمێک تەنیا کاتێک فرە ڕەنگ

دەبێ ئەگەر لە شیاوەکی ماددەوە بکەوێتەوە.

١١٨- ئەقڵی چالاک خۆی بە ئەقڵی شیاوەکی ئێمە نابەستێتەوە. هەروەها ئەقڵی شیاوەکی بەپێی جەوهەرەکەی خۆی لەگەڵ ئێمە ناکات بە یەک. ئەگەر هاتو ئەو لەگەڵ ئێمە وەک وێنەیەکی جەوهەری ئێمە بێ بەیەک، ئەوا هیچی تر جیابووەوە نابێت.

١١٩- چالاکی ئەو ئەقڵەی لەگەڵ لەش یەکی نەگرتووە، خۆی بە جۆرێک بە لەشەکەوە دەبەستێتەوە کە ببێتە چالاکی یەکێک کە ببێ بە خاوەنی و کە فۆرمی نییە بەهۆی ئەوەوە کە ئەو چالاکە. ئەمە هەڵەیەکە، چونکە هەر لە سەرەتاوە وای داناوە ئەقڵ فۆرمی لەش نییە.

١٢٠- دەربارەی ئەقڵ دوای جیابوونەوەی لە توانادا نییە هیچ شتێک بزانێ.

١٢١- ئەو ئەقڵەی دواکاملی مرۆڤە بە تێکڕایی جیابۆتەوە.

١٢٢- ئەقڵی شیاوەکی بە تەواوەتی لە لەش جیانابێتەوە، جا ئیتر لەکاتی وەرگرتنی و گرتنە خۆی وێنەکانی جەوهەردا بێ وەک لە کاتی بڕیارداندا وایە کە بەهۆی وەرگرتنی ساکاریی وێنەکانی جەوهەرەوە، یان بەهۆی داڕشتنی ناوەرۆکی گیانییەوە دەکەوێتەوە ئەمە هەڵەیەکە، ئەگەر ئەمە هەموو جۆرێکی وەرگرتن و گرتنەخۆ بگرێتەوە.

١٢٣- ئەقڵی چالاک جەوهەرێکە جیابۆتەوە، لە پلەیەکی بڵندتردایە لە چاو ئەقڵی شیاوەکی، ئەو بەپێی جەوهەرەکەی و بە پێی هێز و چالاکییەکەی لە لەش جیابووەوەیە و فۆرمی لەشی مرۆڤ نییە.

١٢٤- شتێکی جوان و لێوەشاوە نییە وا دابنرێ کە هەندێک ئەقڵ لە هەندێکی تر ڕەسەنترن، لەبەر ئەوەی ئەم جیاوازییە ناکرێ لە لەشەوە کەوتبێتەوە، ئەوا دەبێ لەلای ئەقڵەوە پەیدابووبێ و، ئیتر نەفسە ڕەسەن و کەمتر ڕەسەنەکان بەشێوەیەکی ناچارەکی سەر بە توخم و جۆری جیاجیای جەوهەرن هەر وەک ئەقڵەکان وان. ئەمە هەڵەیەکە، چونکە ئەوکاتە نەفسی عیسا لە نەفسی یوداس ڕەسەنتر نابێ.

١٢٥- ئەقڵی وردبووەوە بە تەواوەتی نەمرە و لەناوچوو نییە. لە تاکە کەسێکی دیاریکراودا ئەم ئەقڵە لەناو دەچێ، ئەگەر لەودا بۆچوونەکانی ئەندێشە لەناوبچێت.

١٢٦- ئەقڵی شیاوەکی ئەگەر لەبۆچوونی واقیعەوە تەماشا بکرێت، پێش ئەوەی شت بزانێ، هیچ، جەوهەری گیانی کاتێک بەڕاستی هەبوو دەبێ ئەگەر بەڕاستی شت زان بێت.

١٢٧- لە شت زان و ئەو شتەی دەزانرێ جەوهەرێک دەکەوێتەوە، چونکە، ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێت، ئەقڵ خۆی جەوهەرە گیانییەکەیە.

١٢٨- ئەوی بەپێی سروشتەکەی ساغ نەبوویێتەوە ئایا بوونە یا نابوونە، ئەوا تەنیا بەهۆی جەوهەرێکەوە ساغ دەکرێتەوە کە لە چاو ئەو ناچارەکییە.

١٢٩- خواست، ئەوەندەی پابەندی حەزو ئارەزوو بێ و تاکە بڕیار دەستنیشان بکات ناتوانێ هیچ شتێک لە دژیان بکات.

١٣٠- ئەقڵ ئەگەر ڕاست بێ، خواستیش ڕاست دەبێ. ئەمە هەڵەیەکە، چونکە ئەمە بەپێچەوانەی ئەو گاڵتەیەیە کە ئۆگۆستین بەزەبووی کردووە: پێویستی بە گەرموگوڕیی نەفسی من هەیە.. تاد. لەدواییدا بۆ ڕاستیی خواست بەزەیی پێوبست ناکات، بەڵکو تەنیا زانین بەسە. ئەمە هەڵەیەکی پەیڕەوەکەی «پیلە گیۆس»ـە.

١٣١- ئەگەر خواست لەبارو دۆخێکدا بێت، لەلایەن سروشتەوە بتوانرێ بجوولێنرێتەوە، هەروەها ئەوەی سروشت ئاسا ئەو دەجوولێنێتەوە درێژە بکێشێ و بەردەوام بێ ئەوا خواست ناتوانێ شت نەخوازێ.

١٣٢- بورجی (فەلەک) ئاسمان هۆکاری خواستی پزیشکە کە نەخۆش چاک دەکاتەوە.

١٣٣- خواست و ئەقڵ لە دەست بەکارییاندا لەخۆیانەوە ناجوولێنەوە، بەڵکو بەهۆی هۆکارێکی نەمرەوە، واتە، لەشە ئاسمانییەکان.

١٣٤- ئەوی شایستە ئارەزووکردنە، ئەگەر کۆسپەکان لەبەردەم نەمێنن، بە ناچارەکی ئەوە دەبزوێنێ کە ئارەزووی لێدەکرێ. ئەمە هەڵەیەکە ئەگەر توانای کۆششە گیانییەکانیش بگرێتەوە.

١٣٥- خواست وەک ماددە، لەخۆیانەوە، بۆ دەستنیشان کردنە پێچەوانەکانیان، دەستنیشان نەکراون، بەڵام لەلایەن ئەوانەی شایستە ئارەزوون دیاری دەکرێت، وەک چۆن ماددە لەلایەن هۆکاری کارکردەوە دیاری دەکرێت.

١٣٦- مرۆڤێک کە ئارەزوو و هاندەری کارکردنەکەی بێت، وەک بە تۆبزی کاربکات وایە.

١٣٧- ئەگەرچی دەکرێ لە دایکبوونی مرۆڤ بوەستێ، بەڵام بە سایەی هێزی کاریگەری یەکەم و بورجی (فەلەک) ئاسمانەوە ئەمە ناوەستێ، چونکە ئەمە تەنیا هەر نابێتە مایەی پەیدابوونی ڕەگەزەکان، بەڵکو دەبێتە هی پەیدابوونی مرۆڤیش.

١٣٨- چونکە خـوا بەرامـبــەر بەشــتــەکــان وەک کەرەسەکـەیان یان هۆکاری فۆرم ڕەفتار ناکات، نابێتە مایەی ئەوەی رووکەش بەبێ هەڵگر هەبوو بێ. ئەم جۆرە تێگەیشتنە ئەوە دەگرێتەوە خۆی، کە بەپێی واقیع، دەبێ لە هەڵگرێکدا بێت.

١٣٩- رووکــەشــێـک، کــە بەبێ هەڵگر هەبێت، ئەوپەڕی بەپێی ناوەکــەی، رووکـەش نیــیــە. هەروەها شتێکی شیـاوەکی نییە چەندێتی یاخود درێژبوونەوە بۆ خـۆی لەخـۆیدا هەبێت، چونکە ئەوکـاتە خـۆی دەبێ بە جەوهەر.

١٤٠- بوون بە مــایەی ئەوەی رووکــەشــێـک بەبێ هەڵگر بێت، بەپێی جـەوهەرەکــەی ناشێ ببێ، چونـکە ئەمە لە خۆیدا ناکۆکییەکی تێدایە.

١٤١- خوا ناتوانێ ببێتە مایەی ئەوەی رووکەش بەبێ هەڵگر بێت، یان فـرە درێژبوونەوە لە یەک کاتدا هەبوون بن.

١٤٢- لە جیاوازی جێگاکانەوە ناچارەکی رووداوەکان دەکەوێتەوە.

١٤٣- نیـشـانە جیـاوازەکـانی ئاسـمـان هەلومـەرجە جیاجیاکانی مرۆڤ نیشانەدەکەن ئیـتر بەهرە گیانییەکان بن یاخود شتە کاتییەکان بن.

١٤٤- هەموو چالاکییەک کە لەتوانای مرۆڤدا بێت، لە چاکەکارییەکانی ئەقڵ پێک دێت.

١٤٥- پرسیارێک نییە کە زانست لێکی دابێتەوە و ڕێگا نەدرێ فـەیلەسوف لێکی بداتەوە و بڕیاری لەسەر بدات، چونکە هۆکارە سەلمێنەکان لەو شتانە دەکەونەوە کە پێویستە فەلسەفە، بەپێی هەموو بەشە جیاوازەکانی، سەرنجی هەموو شتەکان بدات.

١٤٦- بە تەواوەتی، واتە، بە هەموو ڕێگایەک دەکرێ یا نـاکـرێ، مــانای ئەوەیە: دەکـرێ یـان نـاکـرێ بەپێی بۆچوون و باری سەرنجی فەلسەفە.

١٤٧- ئەوی بەگشتی ناشیـاوەکـییە، دەتوانی خوا- یان یەک هۆکـاری تر- ئەمـە نەکـات. ئەمـە هەڵەیەکـە، کاتێک مرۆڤ بەو مانایە لێی تێبگات. بەپێی سروشت ناشیاوەکی چییە.

١٤٨- مــرۆڤ دەتوانێ بەهۆی خــۆراک تاک تاک و بەپێی ژمارە ببێ بە یەکێکی تر.

١٤٩- لەنێوان ئەو ئەقڵە کە خوا خۆی پێ دەناسێ و ئەوەی کە ئەو شتی تری پێ دەناسێ جیاوازییەکی بیریی هەیە. ئەمـە هەڵەیەکە ڕاسـتـە بۆچوونی تری زانین هەیە، بەڵام هیچ ئەقـڵـێکی تر نیـیـە کـە لە ڕوانگەی بیـرەوە جیاوازبێت.

١٥٠- پێویست ناکات مرۆڤ دەسەڵاتێک ڕەو پەسند بکات بۆ ئەوە و لەپێناوی ئەوەی لە کــێــشـــەی و پرسیارێکدا بگاتە دڵنیایی.

١٥١- بۆ ئەوەی مــرۆڤــێک لە ئەنجـامگـیـرییـەک دڵنیابێ، پێویستە ئەمە لەسەر چەند بنەمایەکی ڕوون و ئاشکرا ساغ کرابنەوە. ئەمە هەڵەیەکە، چونکە ئەم تێزە بە گشتی لە بارەی دڵنیابوون لە تێگەیشتنی گیانی و هەروەها لە بارەی دڵنیــابوونی لایەنگیـــرانی بڕوا (ئیمان)ەوە دەدوێت.

١٥٢- گوتەکانی لاهووتییـەکـان پشت بە ئەفسـانە دەبەستن.

١٥٣- زانینی لاهووتی هیچ زانین دەستگیر ناکات.

١٥٤- فەیلەسووفەکان تاکە دانای جیهانن.

١٥٥- پێویست ناکات مرۆڤ خەمی بەخاک سپاردنی هەبێ.

١٥٦- ئەگـەر ئاسمـان هێـمن و ئارام بێت هیـچی تر ئاگـر سـووتێنەر نـابێت، چونکە ئەوکـاتە هیچ خـوایەک هەبوو نابێت.

١٥٧- مـرۆڤـێک بە تێگەیشـتنی و هەسـتی دەروون ڕاهاتبێ، دەبوو چەند چاکـتر ڕوویدابایە ئەگـەر بەئەقڵ و چاکــە کــارییــەکــانی تر گــۆش کــرابایە، ئەوانەی ئەریســتــۆتلس لە ئاکـارەکـەیدا باسی کـردوون، بە پێی پێویست بەس بۆ بەختەوەریی نەمریی و تا هەتایی.

١٥٨- دوای ئەوەی خــواست بڕیاری دا، شــتــێـک بکات، ئەو ئازاد نامێنێ. ئەو سزایانەی قـانوون دەیدەن تەنیـا خزمـەتی ڕاستکردنەوەی نەزانین دەکـەن و بۆ ئەو مـەبەسـتــەن ئەم ڕاسـتکردنەوەیە بۆ کـەسـانی تر ببێ بەسەرەتای زانین.

١٥٩- خـواسـتی مـرۆڤ بەهۆی زانینەکـەیەوە ناچار دەکـــــرێ هەروەک چۆن تۆبزی لە ئارەزووی زینـدەوەر دەکرێت.

١٦٠- هیچ چالاکـێک پێـوەندی بە شیـاوەکـیـیـە پێـچەوانەکـانەوە نییـە، بەڵکو شتـەکـە دەستنیـشـان دەکرێت.

١٦١- ئەو کـارانەی ئەستـێرەکـان لە خواستی ئازادی دەکەن چەند کارلێکردنێکی شاردراوەن.

١٦٢- خــواســتی ئێــمـــە پابەندی هێـــزی لەشی ئاسمانییە.

١٦٣- خواست بە ناچاری پەیڕەوی ئەو شتە دەکات کە ئەقڵ بەڕاستی دادەنێت. ئەو ناتوانێ خۆی لەوە ببوێرێ کـە ئەقڵ دایدەنێ. ئەم بە پێویست بوونە تۆبزیی لێکردن نییە، بەڵکو سروشتی خواست وایە.

١٦٤- مرۆڤ لە هەموو کردارێکیدا پەیڕەوی ئارەزوو دەکات و بەتایبەتی هەمیشە ئەوەی لە هەموو بەهێزترە. ئەمە هەڵەیەکە، ئەگەر مرۆڤ بەهێزترین بەکاریگەرترین تێبگات.

١٦٥- لەتوانا بڵندەکانی نەفسدا ناکرێ هیچ جۆرە گوناهێک هەبێ. بۆیە گوناه لە ئارەزوو نەک لە خواست پەیدا دەبێ.

١٦٦- گوناه دژی سروشت، واتە زینا دەکرێ بە پێچەوانەی سروشتی توخم و جۆرەوە بێت، بەڵام بە پێچەوانەی سروشتی تاکە کەسانەوە نییە.

١٦٧- لە هەندێ نیشانەی دیاریکراودا، ڕازو نیازەکانی مرۆڤ و گۆڕانی مەبەستەکانی و ئایا ئەم ڕازو نیازانە پێویستە پیادە بکرێن، دەزانرێت. بەهۆی ئەم وێنانەوە چارەنووسی حاجییەکان، ئەو کەسانەی زیندانی دەکرێن و ئەو زیندانییانەی ئازاد دەبن و ئایا مرۆڤی دوارۆژ زانا دەبێ یاخود ڕێگر، دەزانرێت.

١٦٨- دەست بەرداربوونی خۆشییەکانی ژیان بەپێی سروشتەکەی چاکەکاری نییە.

١٦٩- بە یەکجارەکی دەست هەڵگرتن لە سێکس چاکەکاری و جۆر و توخمی مرۆڤ لە ناو دەبات.

١٧٠- ئەوی لە سامان و داراییدا هەژار بێ ناتوانێ بەپێی ئاکار باش ڕەفتار بکات.

١٧١- ژێردەستەیی، مایەی ئەوەیە مرۆڤ دەری ناخات چی هەیە، بەڵکو خۆی بە کەم دادەنێ و سارد و سووکی بە خۆی دەکات ئەمە هیچ چاکەکارییەک نییە. ئەمە هەڵەیەکە ئەگەر مرۆڤ وابیربکاتەوە، ئەمە نە چاکە کارییە و نە کردار و ڕەفتاری چاکە.

١٧٢- ئارەزووی سێکسی ڕێگای بەکارهێنان و پیادەکردنی تێگەیشتنی و ژیر ناگرێ.

١٧٣- زانینی ئەو شتانەی بە پێچەوانەن تەنیا هۆکارە دەری دەخات بۆچی نەفسی لە ئەقڵ بەهرەمەند دەتوانێ لەنێو شتە پێچەوانەکانی یەکتریدا شتێک هەڵبژێرێ. تاکە هێزێکی نەفس بە تەنیا ناتوانێ بە تەواوەتی لەنێو شتە پێچەوانەکاندا هەڵبژێرێ، دەبێ بەم ڕێگایە بێ، بەهۆی شتێکی ترەوە.

١٧٤- ئەفسانە و شتی ناڕاست لە نێو مەسیحی و ئایینەکانی تردا هەیە.

١٧٥- ئاینی مەسیحی ڕێگای پەرەسەندن و گەشەکردنی زانین دەگرێت.

١٧٦- بەختەوەریی لەم ژیانەدا هەیە نەک لە یەکێکی تردا.

١٧٧- چاکە کارییەکانی تر شیاوەکی نین تەنیا ئەوانە نەبێ کە بەدەست هێنراون یان زگماکن.

١٧٨- مردن کۆتاییەکەی هەموو شتێکی ترسناکە. ئەمە هەڵەیەکە، ئەگەر حاشا و نکوولی لە ترسناکی دۆزەخ بکات کە خراپترین ترسناکییە.

١٧٩- پێویستە مرۆڤ بە ڕواڵەت دان بە گوناهەکانیدا بنێ.

١٨٠- پێویست ناکات مرۆڤ نوێژ بکات.

١٨١- داوێنپاکی وەک دەستبەرداربوونی خۆشییەکانی ژیان هیچ چاکە کارییەکی گەورە نییە.

١٨٢- ئاگربارانێکی گشتی بەپێی هۆکارە سروشتییەکان شتێکی شیاوەکییە.

١٨٣- زینای سادە و ساکار واتە لەنێوان پیاوێکی ڕەبەن و ژنێکی مێردنەکردوو گوناه نییە.

١٨٤- داهێنان (خەڵق کردن) شیاوەکی نییە و لە کردن نایەت، ئەگەرچی بەپێی بڕوا (ئیمان) پێچەوانەی ئەمە بە ڕاست دادەنرێت.

١٨٥- ئەو قسەیە ڕاست نییە: شت لە هیچەوە پەیدابووە، هەروەها ئەم لە کاتی یەکەم داهێناندا هەر وابووە.

١٨٦- ئاسمان هیچ جارێک ناسرەوێت، چونکە گۆڕان و پەیدابوونی شتە نزمەکان، ئەوانەی ئامانجی بزووتنەوەی ئاسمانن نابێ هیچ جارێک کۆتایی بێت. هۆکارێکی تر، ئاسمان بوون و هێزەکەی لە بزوێنەرەکەیەوە پێ دەبڕێ، ئەمەش ئاسمان بەهۆی بزووتنەوەکەیەوە دەستگیری دەبێ. ئەگەر ئەو وازبهێنێ خۆی بجووڵێنێتەوە ئەوا بوونەکەی کۆتایی دێت.

١٨٧- ئەگەر یەکێک بتوانێ چاکتر، یان خراپتر بیر بکاتەوە، ئەمە لە ئەقڵی نالەبارەوە کەوتۆتەوە، ئەوەی لە بارەیەوە دەگوترێ گوایە توانایەکی بەرهەستییە. ئەمە هەڵەیەکە. ئەمە وای دادەنێ کە لە هەموو شتێکدا یەک ئەقڵ هەیە، یان نەفسەکان هەموویان وەک یەکن.

١٨٨- ئەگەر بەهۆی کارتێکردنی ئەستێرەکان لەشلەیەکدا ببێتە مایەی ئەوەی پێکهاتەیەکی تێکەڵ پەیدابێ، وەک ئەوەی لە تۆوی دایک و باوکدا هەیە، دەکرێ لەم شلەیە مرۆڤێک دروست بێ، ئیتر بەم پێیە لەتوانادا هەبووە مرۆڤێک بە چاکی لەو جۆرە گەنینە شێواندنە پەیدابێ.

١٨٩- چونکە گیانی ئەستێرە بزوێن (ئەقڵ) بە تەسەلی فۆرمی جەوهەری هەیە، بەهۆی لەشە ئاسمانییەکانەوە ڕەنگی ئەو فۆرمانە دەڕێژێ هەروەک چۆن بە ئامرازەکانی کارکردنی لەماددەدا ئەمە دەکات.

١٩٠- یەکەم هۆکار لەهەموو ئەوانی تر دوورترە. ئەمە

هەڵەیەکە، ئەگەر ئەمە وا بەبیردابێت کە دەسەڵاتی سەرتاپاگیر و بێ سنووری نییە.

١٩١- فۆرمەکانی جەوهەر گیرۆدەی دابەش بوون نین، ئەمە هەر بەهۆی ماددەوە دەبێ. ئەمە هەڵەیەکە، ئەگەر ئەمە هەر تەنیا فۆرمەکان نەگرێتەوە کە لە شیاوەکی ماددەوە پەیدابوون.

١٩٢- فۆرمێکی جەوهەر کە مادده بێت، ناکرێت دابهێنرێت.

١٩٣- ئەقڵ دەتوانێ لە لەشێکەوە بچێ بۆ یەکێکی تر ئیتر دەبێ بە بزوێنەری یەک لەدوای یەکی لەشە جیاوازەکان.

١٩٤- نەفس هیچ شتێک ناخوازێ، ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن یەکێکی ترەوە نەجوولێنرێ. بۆیە ئەم ڕستەیە هەڵەیە:

نەفس لەخۆیەوە شت دەخوازی. ئەمە هەڵەیەکە، ئەگەر وابیر بکرێتەوە، نەفس لەلایەن ئارەزوویەکی شایستەوە یاخود لەلایەن بابەتێکەوە دەجوولێنرێ، ئیتر گوایە ئەم ئارەزووە شایستەیە یان ئەم بابەتە بە تەنیا تاکە هۆکاری بزووتنەوەی خواستە.

١٩٥- چارەنووس یان ڕەوشی گەردوون ڕاستەوخۆ لە بەهرەی خواییەوە ناکەوێتەوە، بەڵکو بەهۆی بزووتنەوەی لەشە ئاسمانییەکانەوە پەیدا دەبێ. چارەنووسی، ناچارییەکەی خۆی بەسەر شتە دنیاییەکانی سەرزەمیندا ناسەپێنێ، چونکە ئەمانە هەمیشە چەندین توانا و شیاوەکییەکی جیاواز و بە پێچەوانەی یەکترییان هەیە، بەڵکو بەسەر لەشی ئاسمانیدا دەیسەپێنێ.

١٩٦- لەلای هۆکارە بەرزەکان، وەک نیشانەیەکی ئەو پلە و پایەیان ئەوەیە: دەتوانن بەمەبەست و نیازەوە بووبن، کە سروشت دەتوانێ ئەم کارە بکات.

١٩٧- هەندێ شت دەتوانن، ئەوەندەی پێوەندی بە یەکەم هۆکارەوە هەبێ، بەرێکەوت بکەونەوە و پەیدابێ. ئەم قسەیە هەڵەیە: گوایە هەموو شتێک لە لایەن یەکەمین هۆکارەوە پێشیانە ڕێک خراوە، ئەگەر مەسەلەکە وابووایە دەبوو هەموو ڕووداوەکان بە ناچاریی بقەومابانایە.

١٩٨- لەنێو ڕیزی هۆکارە کارکردەکاندا، هۆکاری دووەم چالاکییەکی هەیە، کە لە هۆکاری یەکەمەوە پێی نەبراوە.

١٩٩- ئەگەر لەنێو ڕیزی هۆکارە کارکردەکاندا یەکەم هۆکار لابردرێ، ئەوا دووەم هۆکار بە چالاکییەوە لا ناچێ و یەک ناخرێت، ئەگەر ئەم دووەم هۆکارە بەپێی سروشتەکەی کاریگەربێت.

٢٠٠- بەردەوامی و کات شتێک نین لەشت خۆیدا بن، بەڵکو تەنیا لە پرۆسەی زانیندان.

٢٠١- ئەگەر وادابنرێت جیهان بە تێکڕایی پەیدابووبێ، ئەوا ئەمە لە سەرەتاوە بوونی بۆشایی پشتڕاست دەکاتەوە، ئیتر وەک شتێکی ناچاری جێگایەک بەر لە جێگایەکی تری داهێنراوەوە دەبوو، ئەگینا پێش دروستبوونی جیهان جێگایەک دەبوو بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەو جێگایەدا بووبایە، ئەمەش بۆشایی دەبوو.

٢٠٢- ڕەگەزەکان لە پرۆسەیەکی پەیدابوونی پێشتردا لە ئاژاوەکەوە پەیدا کراون، بەڵام ئەوان نەمر نین.

٢٠٣- ناکرێ گەردوون لەناوبچێ، چونکە یەکەم هۆکار دەتوانێ بێ کۆتایی و تا هەتایە جاری تر ئەو لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر بگۆڕێ، جارێکیان بۆ ئەم ڕوخسارە و جارێکی تر بۆ یەکێکی تر، هەمان شت سروشتی مادده دەگرێتەوە، واتە- بگۆڕدرێ.

٢٠٤- جەوهەرە بێگەردە گیانییەکان پشت ئەستوور بە چالاکییان لە جێگایەکدان، ئەوان دەتوانن تەنانەت لەخاڵێکی دەرەکییەوە بۆ یەکێکی تر یاخود هەروەها بۆ ناوەڕاست خۆیان ببزوێنن، ئەگەر بتوانن خواستیان هەبێت لە ناوەڕاستدا یان لە خاڵە دەرەکییەکاندا شتێک بەدی بهێنن. ئەمە هەڵەیەکە، ئەگەر وا بە بیردابێت، بەبێ چالاکی جەوهەرەکەیان لە جێگایەکدا نابێت یان لە جێگاوە نەچووە بۆ جێگا.

٢٠٥- کات لە هەردوو سەرەوە بێ کۆتاییە، خۆ ئەگەر شتێکی شیاوەکی نەبێت ماوەیەکی بێ کۆتایی ببڕدرێت و لەودا دەبوایە بەشێک ببڕدرێت ئەوا شتێکی ناشیاوەکی نییە کە ماوەیەکی بێ کۆتایی تێ بپەڕێنرێت کە لەودا نەدەبوایە لە هیچ بەشێکیدا تێپەڕبوون هەبووبێت.

٢٠٦- لەشساغی و نەخۆشی، ژیان و مردن بە ڕەوشتی ئەستێرەکان و دیتنی بەختەوەرییەوە بەندن، لەوەدا کە دەگوترێ: ئەگەر بەختەوەریی یەکێک ببینێ ئەو کەسە دەژیا، خۆ ئەگەر ئەو کەسەی نەدیت ئەوا دەمرێ.

٢٠٧- لەکاتی پەیدابوونی(١٠) مرۆڤێکدا، لە لەشیدا، -هەروەها لە نەفسیدا کە بەدوای لەشدا دێت-، بەپێی ڕێکوپێکیی هۆکارە بەرز و نزمەکان، جۆرە ڕەوشێک دروست دەبێ ئارەزووی چەند کردار یان ڕووداوی دیاریکراوی تێیدا دەوروژێنێ. ئەمە هەڵەیەکە، چونکە ئەمە دەدرێتە پاڵ ڕووداوە سروشتییەکان و ڕەوش.

٢٨- لە دوو جۆر ماڵ و سامان کە خواست سەر پشک

بێت، ئەوەیان دەجووڵێنێتەوە کە بەهێزترە، بۆ خواست بە هێزترە. ئەمە هەڵەیەکە، مرۆڤ دەڵێ، سامان و ماڵی دنیا لەبەرچاو دەگرێ و ئەمە دەجووڵێنێتەوە.

٢٠٩- هەموو بزووتنەوەکانی خواست لە یەکەم بزووتنەوەوە کەوتوونەتەوە. ئەمە هەڵەیە ئەگەر مرۆڤ بە تەواوەتی ئەمانە نەداتە پاڵ یەکەمین بزوێنەر، کە داهێنراو نییە و پاڵ جەوهەری بزووتنەوەی خواست و پاڵ نارێکوپێکییەکانیان.

٢١٠- ماددەی دەرەکی گوێڕایەڵی جەوهەری گیانییە. ئەمە هەڵەیەکە، ئەگەر مرۆڤ بەبێ سنوور بۆ دانان و بەمانای هەموو جۆرەکانی گۆڕان تێی بگات.

٢١١- گیانمان بەسایەی ئەو هێزەی لە سروشتەوە لێی بەهرەمەندە دەتوانێ بگاتە ئەو ڕاددەیەی یەکەم هۆکار بناسێ. ئەمە دەنگێکی ناسازە و هەڵەیەکە، ئەگەر مرۆڤ بەمانای زانینی ڕاستەوخۆ (ناسینی ڕاستەوخۆ) لەمە تێبگات.

٢١٢- جەوهەری بێگەردی گیانی (ئەقڵ) تەنیا بە سایەی خواستییەوە ئاسمان دەبزوێنێ.

٢١٣- سروشت کە بنەمای بزواندنە لە لەشی ئاسمانییدا، ئەقڵێکی بزوێنەرە. ئەمە هەڵەیەکە، ئەگەر مرۆڤ بە مانای سروشتێکی ناوەکی کە جۆر یان فۆرمی جەوهەرییە تێی گەیشتبێ.

٢١٤- هیچ جارێک نەفس ناجووڵێتەوە ئەگەر لەش بە گەڕ نەخرێت، وەک چۆن قورسی یان سووکی هیچ جارێک ناکەوێتە جووڵە ئەگەر هەوا نەبزوێنرێ.

٢١٥- لەبارەی خواوە کەس ناتوانێ هیچ شتێک بزانێ لەوە بەولاوە کە ئەو هەیە یان ئەو بوونەوەرە.

٢١٦- لەتوانادا نییە بزانرێت ئایا خوا بەشێواز و ڕێگایەکی لەبار (پۆزێتیڤ) بەهۆی خودی خۆیەوە بوونەوەرێکە، بە ڕێگایەکی تایبەتییانە، بەڵێ ئەو بەهۆی خۆیەوە بوونەوەرێکە.

٢١٧- ناکرێ مرۆڤ داهێنان (خەڵق) وەک گۆڕانێک بەرەو بوون نیشان بدات، ئەمە هەڵەیەکە، ئەگەر لێرەدا هەموو جۆرێکی گۆڕان بگرێتەوە.

٢١٨- ئەقڵ یاخود فریشتە یاخود نەفسی جیابووەوە لە هیچ جێگایەک نییە.

٢١٩- جەوهەرە جیابووەکان بەپێی جەوهەرەکەیان لە هیچ جێگاو شوێنێک نین. ئەمە هەڵەیەکە، وادابنرێ جەوهەرەکەیان لەهیچ جێگایەک نییە، بەڵام ئەگەر وا تێی گەیشتبێ کە جەوهەرەکە هۆکارێکی ئەوەیە کە ئەوان لە جێگایەک بن، ئەو کاتە ئەمە ڕاست دەبێ کە بەپێی جەوهەرەکەیان لە هیچ جێگایەکدا نین.

**سەرنج:**

پرۆفیسۆر دکتۆر کورت فلەش لەم کتێبەیدا ئەم قەبالەیەی بە ئەڵمانی بلاوکردۆتەوە و وەک خۆی وتوویەتی لە لاتینییەوە وەری گێڕاوە. منیش ئەڵمانییەکەی ئەوم کردووە بە کوردی.

(وەرگێڕ)

**پەراوێزەکان:**

1- FLasch, kurt, Aufklaerung im Mittelalter? Mainz/1989. S.35.

2- Leooin, V. Die Folgen der Pariser Lehrverurteilung von 1277 fur das Selbstverstandnis der Theologie. S.285.
in: Geistes Leben im 13 Jhn. (Hrsg) von Jan A. Aersten.

3- Copleston, F.C. Geschichte der Philosophie im Mittelalter. Muenchen 1976. S.200.

٤- ئینجیل بە ئەڵمانی- نامەی پۆلس بۆ کڵێسەی ڕۆم (٦: ٢٠-٢٣).

5- Steen berghen, F.van, Die Philosophie im 13 Jhn. Wien/1977.s.353.

٦- ئەم فەتوایە و (٢١٩) خاڵەکە لەم کتێبە ئەڵمانییەوە کراون بە کوردی.

٧- ئەم خاڵە ڕەخنەیە لە بڕوای مەسیحییەت کە دەڵێ لەخوا، ڕۆڵە (عیسی) و گیانی پاک کەوتوونەتەوە و ئەمانە هەرسێکیان (باوک- ڕۆڵە- گیانی پاک) سێ ڕەنگییە یەکگرتووە پاکەکە پێک دێن. بە پێچەوانەوە لە ئایینی جوولەکە و ئیسلامدا یەک ڕەنگیی خوا بنەمای بڕوا و ئایینەکەیە. (وەرگێڕ).

٨ و٩- دێکارت پەرەی بەم دوو خاڵە داوە و کردوونی بە بنەمای فەلسەفەکەی. (ح.ع).

١٠- وەک من تێی بگەم نووسەر مەبەستی لە دایک بوونی مرۆڤە، بەڵام وشە ئەڵمانییەکە ئەو مانایە نابەخشێ کە مرۆڤ لە مرۆڤێکی ترەوە لە دایک بووبێ بۆیە ئەم وشەیەم نەنووسی. (وەرگێر).

**سەرچاوە:**

- Flasch, kurt., Aufklaerung im Mittelalter? Die Verurteilung von 1277. Frankfurt 1989.

# بواری ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی

ئیڤانس بریتچارد
و/ دیار عەزیز شەریف

(۲ - ۲)

بەمەش دەکرێ ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەلقێکی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان دابنێین، کۆی بابەخەکانی لەبارەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانە. کاتێک کەسانێک لەبارەی سۆسیۆلۆژیاوە دەدوێن، ئەوا بەگشتی مەبەستیان توێژینەوەی کێشەکان، یان مەسەلە دیاریکراوەکانە لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا، ئەگەر ئەو وشەیەمان بەو مانایە وەرگرت، ئەوا جیاوازییەک لەنێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا بەدی دەکرێت، جیاوازییەک لەبواری توێژینەوەدا، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا جیاوازی مەزن لە خودی میتۆدیش هەیە، ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی توێژینەوەی کۆمەڵگا بەراییەکان دەکات، توێژینەوەیەکی ڕاستەوخۆ بەوەی کە بۆماوەی چەند مانگێک، یان ساڵێک لەنێویاندا دەژیت، هەرچی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژییە لە زۆربەی کاتدا پشت بە بەڵگەنامە و سەرژمێری دەبەستێت، هەروەها ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی وەک گشتێک لە کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە، واتە لەنێویدا توێژینەوەی ژینگەی گشتی (ئیکۆلۆژیا) و سیستمی ئابووری و یاسایی و سیاسی دەکات، هەروەکو توێژینەوەی خێزان و ڕێکخستنی خزمایەتی و ئایین و تەکنۆلۆژیا و هونەر و شتی تر دەکات، بەوەی کە هەریەک لەوانە بەشێکن لە سیستمی کۆمەڵایەتی گشتی. هەرچی سۆسیۆلۆژستە توێژینەوەکەی تاڕادەیەکی زۆر تایبەتمەندییە، بەو مانایەی کە ئەو توێژینەوەی هەندێک مەسەلە، یان کێشەی دابڕاو بەتەنیا دەکات وەکو تەڵاق و تاوان و شێتی و مانگرتنەکانی کرێکاران و ژیانی نێو کارگەکان. هەروەها سۆسیۆلۆژیا تێکەڵاوییەکی گەورە بە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لەلایەک و بەپیلاندانانی کۆمەڵایەتی لەلایەکی ترەوە تێکەڵ دەبێت. سۆسیۆلۆژست ئەو ڕێگایە نادۆزێتەوە کە هەر سیستمێک کاری پێدەکات، بەڵکو هەوڵدەدات ڕێگایەک بۆ ئەو سیستمە دەستنیشان بکات کە پێویستە کاری پێبکات، هەروەکو ئیش لەسەر گۆڕانی خودی سیستمەکە دەکات، هەرچی ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتییە زۆربەی جار لەو ئیعتیباراتانە دووردەکەوێتەوە.

بەڵام کاتێک من لێرەدا قسە لەبارەی سۆسیۆلۆژیاوە دەکەم مەبەستم ئەو مانایە نییە، بەڵکو مەبەستم مانایەکی زۆر فراوانە کە ئەو زانستە بەکۆمەڵێک لە مەعریفەی تیۆری گشتی لەبارەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دادەنێت. لە واقیعدا پێوەندی ئەو مەعریفە تیۆرییە بەژیانی کۆمەڵایەتی سەرەتایی ئەوە بابەتی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی پێکدێنێت، ئەو کاتەی لەبارەی مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیاوە دەدوێم ئەوە ڕوون دەکەمەوە، لەبەرئەوەی بەشێکی مەزن لە مەعریفەی تیۆری، یان زیهنی کەوا ئەنترۆپۆلۆژستان شانازی پێوەدەکەن لە واقیعدا لەو نووسینانە وەرگیراون کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەکۆمەڵگا سەرەتاییەکانەوە

نییە، بۆیە تکادەکەم هەمیشە لەسایەی ئەو وانەبێژییانەوە دوو جۆر لە پێشڤەچوون، یان گەشەسەندن کە هەریەکە پەیوەستە بەوی دیکەوە، لەیادتان بێت. یەکەم پێشڤەچوون و گەشەسەندنی تیۆری کۆمەڵایەتی کەوا تیۆری ئەنترۆپۆلۆژی تەنیا بەبەشێک لێی دادەنرێت، دووەم گەشەسەندن و زیادکردنی مەعریفە و زانیاریمان لەبارەی خودی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، هەروەها ملکەچبوونی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو زانیارییانە، پاشان دووبارەکردنەوەی لە قاڵبی نوێدا کە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا بگونجێت.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو گفتوگۆیە لەبارەی شوێنگەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی وەکو لقی یەکێک لە زانستە مەزنە فراوانەکان، دەمەوێ بیرۆکەیەکی ڕوونتان لەبارەی جۆری مەسەلەکان کەوا ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان لێی دەکۆڵنەوە پێبدەم، ڕەنگە باشترین ڕێگا بۆ ئەمە بەیادهێنانەوەی هەندێک بابەت بێت کە خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە ئۆکسفۆرد نامەی زانکۆییان لە ئەنترۆپۆلۆژیا لەو ساڵانەی دواییدا لەسەر نووسیوە.

بە ئاماژەدان بەناونیشانی هەندێک نامە کە بەم دواییە نووسراون دوایی دێنم: (شوێنی سەرۆکەکان لە سیستمی سیاسی نوێدا لای ئەشانتی) (خۆرئاوای ئەفریقیا)، (توێژینەوەی کاریگەری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ بەسەر سیستمە تەقلیدییەکان لە کۆمەڵگای ئەشانتی)، (فرمانی کۆمەڵایەتیی ئایین لە یەکێک لە کۆمەڵگاکان لە باشووری هیند) (کۆمەڵگای کوورگس)، (ڕێکخستنی سیاسی لای ناندی) (ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا). (بونیادی کۆمەڵایەتی لە جامایکا، لەگەڵ ئاماژەدان لەسیفەتی تایبەت بۆ کێشەی جیاوازی ڕەگەزیی) ، (فرمانی بەهای بووک مارەیی لای هەندێک کۆمەڵگای ئەفریقی)، (توێژینەوەی لایەنە ڕەمزییەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئەفریقیا)، (توێژینەوەی بەراوردکاری بۆ شێوەکانی کۆیلە)، (ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لای هۆزەکانی یاو لە نیاسالاندی باشوور) (ئەفریقیای ناوەڕاست)، (سیستمی موڵکداریێتی زەوی لای گەلانی بانتو لە ئەفریقیادا)، (پێگەی ئافرەت لای بانتوکانی باشوور) (باشووری ئەفریقیا)، (توێژینەوەی ڕەخنەیی بۆ پاداشتە کۆمەڵایەتییەکان لای هۆزەکانی ناگاس کە دەکەوێتە سنووری نێوان هیند و بورما)، (سیستمی سیاسی لای مورلا) (ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا)، (ڕێکخستنی سیاسی لای هیندییە دەشتەکییەکان) (ئەمریکای باکوور)، (توێژینەوەی حاڵەتەکانی ململانێ و کێشەی جیاکردنەوەی سنوور کە لەنێوان پاشاکانی ئەشانتی سەرهەڵدەدات) (خۆرئاوای ئەفریقیا)، (سیماکانی شوێنگەی کۆمەڵایەتی لە میلانیزیا) ، (ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ئەسکیمۆ)، (گوناه و خەتاکان لەنێو یاسای سەرەتاییدا) (ئەندەنووسیا و ئەفریقیا).

ڕەنگە ئەو نموونانە بیرۆکەیەکی گشتیتان لەبارەی جۆری ئەو کارە بداتێ کە ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان پێی هەڵدەستن. یەکەمجار تێبینی ئەوەیان دەکەن کە ئەو نامانە بابەتگەلێکی ورووژێنەریان لەخۆیان نەگرتووە، لە سەیروسەمەرەکان، یان شتگەلێکی سەرنجڕاکێشی توندیان نەکۆڵیوەتەوە، هەروەکو بەلای بابەتگەلێکی شوێنەواری، یان خەیاڵیدا نەچوونە، بەڵکو توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ئاساییینە لەبارەی هەندێک سیستمی کۆمەڵایەتی. دووەمین تێبینی ئەوە دەکەن زۆربەی ئەو نامانە، یان توێژینەوەی یەک گەلیان کردووە، یانیش کۆمەڵەیەکی دیاریکراو لە گەلان، ئەو گەلانە بڵاوبوونەتەوە و دابەش بوونە لەنێوان سەرتاپای ئەفریقیا و باشووری هیند و جامایکا و سنووری هیندی بورمی و ئەمریکای باکوور و ناوچە جەمسەرییەکان و دوورگەی زەریای هێمن و ئەندەنووسیا، ئەو دابەشبوونە جوگرافییەش شیاوی لێوردبوونەوەیە، چونکە فراوانبوونی بواری ئەنترۆپۆلۆژی دەرفەتێکی زۆری لەبەردەم لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بەرامبەر جۆرەها مەیل و ڕووگە کردۆتەوە و ئاستەنگە دیاریکراوەکانی لە مەیدانی خوێندن دەوروووژێنێت، هەروەکو دەبێتە هۆی زیادبوونی پسپۆڕیتی هەرێمایەتی. ئەو بوارەش لە تەسکترین سنووریدا گەلانی پۆلینیزیا و میلانیزیا لە زەریای هێمن دەگرێتەوە، دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئوسترالیا، گەلانی ئەلاپ و ئەسکیمۆ لەناوچە جەمسەرییەکان، گەلانی مەنگۆلی لە سیبیریا، گەلانی زنجی لە ئەفریقیا، هۆزەکانی هیندییە سوورەکان لە ئەمریکا، هۆزە زۆر دواکەوتووەکانی هیند و بورما و مەلایۆ و ئەندەنووسیا، بەو مانایەی ئەو بوارە هەزاران کولتوور و کۆمەڵگای جیاواز لەخۆ دەگرێت. ئەگەر بێتو لێکدانەوەیەکی فراوان بۆ بواری ئەنترۆپۆلۆژیا بکەین، ئەوا گەلانی زۆر پێشکەوتووش دەچێتە ناوییەوە کەوا لە ئاسیا و باکووری ئەفریقیا و هەندێک شوێنی ئەورووپا دەژین و تا ئێستاش وێڕای پێشکەوتنییان پارێزگاری لە زۆر شێوەی ڕەچەڵەکگەری سادەی خۆیان دەکەن. بەمانایەکی تر ژمارەیەکی بێ شومار کە ناکرێ سەرژمێری بکەین لە کولتوورە ڕەسەن و لاوەکییەکان و کۆمەڵگا مەزن و بچووکەکان چوونەتە ناو ئەم بوارەوە.

سێیەمین شت کە تێبینی دەکەن ئەوەیە ئەو نموونانە توێژینەوەکانی تایبەت بەسیستمە سیاسی و ئایینییەکان دەگرێتەوە، هەروەها ئەو توێژینەوانەی لەبارەی جیاوازی چینایەتییە کەوا لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەنگ، یان ڕەگەز، یان پلە و پایە دروست بووە، دەگرێتەوە. هەروەها لەبارەی سیستمی ئابووری و یاسایی و نیمچە یاسایی و هاوسەرگیری، لەبارەی گونجانی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، یان بونیادی کۆمەڵایەتی گشتی گەلێک لە گەلان. وەک ئەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەتەنیا کۆمەڵگا جیاوازەکان لە سەرتاپای جیهان وەرناگرێت، بەڵکو لەپاڵ ئەمەشدا ژمارەیەک توێژینەوە و بابەتگەلێکی جیاواز وەردەگرێت.

لە واقیعدا پەیمانگای ئەنترۆپۆلۆژی هەوڵدەدات- کاتێک دەستەی وانەبێژی پێویستی بۆ دابین کرا- وانەبێژییەکانی و لێکچەرەکانی لەبارەی کۆمەڵگا بەراییەکان بابەتەی خزمایەتی و خێزان و سیستمی سیاسی بەراوردکاری و ئابووری بەراوردکاری و ئایینی بەراوردکاری و یاسای بەراوردکاری بگرێتەوە، کە هەموویان بابەتگەلێکی بنەڕەتیی دەوڵەمەندن، هەروەک ڕیزبەندکردنی لێکچەری گشتی لەبارەی سیستم و تێزە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان و مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، لێکچەری تری تایبەت لەبارەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئینتیمایان بۆ هەندێک ناوچەی جوگرافی ڕەگەزی سنووردار هەیە، لەپاڵ هەموو ئەمانە ڕیزبەندکردنی لێکچەرگەلێک کە بابەتگەلی بەشەکی سنوورداری وەک ڕەوشت و سیحر و ئەفسانە و زانستی بەرایی و هونەری بەرایی و تەکنەلۆژیای بەرایی و زمان، هەروەها لەبارەی نووسینەکانی هەندێک ئەنترۆپۆلۆژست و سۆسیۆلۆژستی ناودار.

ئاشکرایە ئەنترۆپۆلۆژست وێڕای شارەزایی بوونی بەشێوەیەکی گشتی سەرتاپای ئەو ناوچە ئەتنۆگرافی و بابەتە کۆمەڵایەتییانە ناتوانێ لە هەردووکیان بەیەکەوە دڵنیابێت. لێرەدا زیادبوونی مەعریفە دەبێتە هۆی - هەروەکو لە هەموو زانستەکانی تریش وایە - زیادبوونی پسپۆڕێتی، بەشێوەیەک کە لە دواجاردا ئەنترۆپۆلۆژست دەبێتە پسپۆڕ لە توێژینەوە ئەفریقییەکان، یان میلانزییەکان، یان توێژینەوەکانی پەیوەست بەهیندییەکانی ئەمریکا، یان ئەوانی دیکە، بەمەش هەوڵی ئەوە نادات هەموو تەفاسیل و وردەکاری ناوچەکانی تر بزانێت، تەنیا ئەو بابەتە نەبێت کە لەپێشدا هەڵیبژاردووە. تەنیا ئەگەر ئەو زانیارییە وردانەی نێو کتێب و توێژینەوەکان کەوا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چارەسەری کێشە گشتییەکانی -وەکو سیستمە ئایینی، یان یاساییەکان دەکەن- دەکات هەبوو، کە ئەویش بەهەمان شێوە پێیانەوە بایەخدارە. لەواقیعدا ئەو توێژینەوە و کتێبانەی ئێستا لەبەردەستدان، بۆ نموونە لەبارەی هیندییە سوورەکان لە ئەمریکا، یان لەبارەی هۆزەکانی بانتو لە ئەفریقیا لە زۆریدا دەگاتە سنوورێک کە لەگەڵیدا زانا بتوانێت دابڕانێکی تەواو لەگەڵ لایەکیاندا بکات.

مەیلی پسپۆڕێتی بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ئەو گەلەی کەوا لێکۆڵەر پێیەوە بایەخدارە کولتوورێکی نووسراویان هەبێت، یان لەوکاتەی ئینتیمای بۆ کولتوورێکی فراوان هەبێت کە نەریتێکی ئەدەبی بۆماوەی هەبێت. بۆ نموونە هیچ کەسێک توانای ئەو زانستەی بۆ دەرناکەوێت کە بانگەشەی پسپۆڕێتی دەکات لە توێژینەوەی عەرەبی ڕەوەند، یان جوتیارەکان تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە لەسەر زانستەکەیە کە نابێت تەنیا شارەزایی لە زمانەکەیان هەبێت کە قسەی پێدەکەن، بەڵکو لەگەڵ ئەمەش دەبێت شارەزایی لە زمانی پەتییان هەبێت کە زمانێکی کلاسیکی ئەو ناوچە کولتوورییەیە کە ئینتیمایان بۆی هەیە. هەروەها مرۆڤ ناتوانێ خۆی بەپسپۆڕێک لەبارەی کۆمەڵگا لادێنشینەکانی هیند دەربخات، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە هەندێک شارەزایی-بەلای کەمی- لەسەر شێوازی زمانەکەیان لەلایەک و زمانی سەنسکریتی لەلایەکی ترەوە هەبێت. ئەگەر ئەنترۆپۆلۆژست لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ناوچەیەکی دیاریکراو کورت کردەوە، ئەوا لەهەمان کاتدا هەقیەتی کۆششەکانی خۆی لەسەر بابەتێک کورت بکاتەوە، یان دوو بابەت کە ئەو دەیەوێت ببێتە جێی متمانە لە لقێکی دیاریکراو لە لقەکانی زانست، بەمەش نایەوێت کۆششەکانی بەفیڕۆ بڕوات. هەڵسان بەتوێژینەوەیەکی بەراوردکاری تۆکمە بۆ سیستمی یاسایی کارێکی ئەستەمە، تەنیا لەوکاتە نەبێت کە لێکۆڵەر مەعریفەیەکی تەواوی لەسەر یاسای گشتی و زانستی فیقهی هەبێت، هەروەکو توێژەر ناتوانێت هەڵسێت بە ئەنجامدانی بەتوێژینەوەی بەراوردکاری لەبارەی هونەری بەرایی ئەگەرهاتوو شارەزاییەکی تەواوی لەبارەی هەموو ئەو شتانە نەبێت کە لەسەر هونەر بەگشتی نووسراون.

هەموو ئەو بارودۆخ و تێکەڵاوبوونانە وادەکەن خوێندنی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی مەسەلەیەکی زۆر قورس بێت، بەتایبەتی ئەوکاتەی لە بەشەکانی خوێندنی باڵا دەخوێندرێت، هەروەکو ئەو حاڵەتەی لە ئۆکسفۆردا

هەیە کە لەوێدا ژمارەیەکی زۆری خوێندکار کۆمەڵگا دابەشبووەکانی نێو ناوچە جیا جیاکانی دنیا دەخوێنن و لە مەسەلە و بابەتی هەمەجۆر تا دوورترین سنوور دەکۆڵنەوە، زۆربەی جاریش ئەستەمە جگە لە سەرپەرشتیکردن شتێکی تریان پێ ببەخشێت. هەمان هەڵوێست مامۆستا (تشارلس ئۆمان) ئاماژەی پێدەدا کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی مێژوو بووەتەوە ئەوانەی بەبڕیاری پادشایی لە ئۆکسفۆرد دانراون، ئەوکاتەی هەوڵی ڕێکخستنی خوێندنی ڕێکوپێکیان داوە بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا ئەوا سەرنەکەوتن، لەبەرئەوەی خوێندکاری خوێندنی باڵا –هەروەکو تشارلس ئاماژەی پێدەدات– ( بەگوێرەی ئارەزووەکانیان دەجووڵێنەوە)، بەڵام هەڵوێستەکە سەبارەت بەئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تەواو خراپ نییە، وەکو ئەو حاڵەتەی لە مێژوودا هەیە. ئەنترۆپۆلۆژیا زیاتر لە مێژوو توانای بەگشتیکردنی هەیە، هەروەکو پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێک تیۆری گشتی کە دابین نەکراوە. هەروەها لەگەڵ بوونی لێکچوونێکی زۆر لەنێوان کۆمەڵگا بەراییەکان لە هەموو شوێنەکانی جیهاندا. ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە بۆ توێژینەوەی کۆمەڵگا بەراییەکان بەدوای یەک ڕێگە دەکەون، ئینجا ئەو کۆمەڵگایانە لە پۆلینیزیا، یان ئەفریقیا، یان لاپلاند. کاتێکیش ئەو بابەتەی کە لەسەری دەنووسن – نموونە سیستمی خزمایەتی، یان پەرستنە ئایینییەکان، یان سیستمی سیاسی– ئەوا ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتی هەمەکی لێی دەکۆڵنەوە.

پێش ئەوەی ئەوە جیابکەینەوە کە بە بونیادی کۆمەڵایەتی تێیگەیشتووینە، حەزدەکەم ئاماژە بە تایبەتمەندییەکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەو نامانە بکەم، ئەمەش تایبەتمەندییەکە کە لەکاتی ئێستادا کێشەیەکی گرنگ لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیادا دەورووژێنێت، کە لە وانەبێژییەکانی دیکە گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین. ئەو تایبەتمەندییەش لەوە بەرجەستە دەبێت کە ئەو نامانە لەسەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی پەتی دەنووسرێن، بەو مانایەی کە لەبنەڕەتدا کۆمەڵێکی دیاریکراو لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە کەوا لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا هەیە، یان لەنێوان گرووهێکی کۆمەڵایەتی کەوا دەچنە ناو پێکهاتنی ئەم کۆمەڵگایە. ئەو خاڵەی دەمەوێ لێرەدا زەقی بکەمەوە ئەوەیە کە ئەو نامانە توێژینەوەی کۆمەڵگاکان دەکەن نەوەکو کولتوورەکان. جیاوازی لەم دوو وێنایەش زۆر گرنگە، کە دەرەنجامی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی و تیۆری ئەنترۆپۆلۆژی دوو ڕووی تەواو لە یەکتری جیاوازن.

بۆ ئەمەش هەندێک نموونەی سادە دێنمەوە.. ئەگەر یەکێک لە ئێوە بچێتە ناو کەنیسەیەکی ئینگلیزی ئەوا دەبینی خەڵک کڵاوەکانیان دادەکەنن، بەڵام بەپێڵاوەوە دەچنە ژوورەوە، بەڵام ئەگەر بچنە ناو مزگەوتێک لەیەکێک لە وڵاتە ئیسلامییەکان دەبینین ئەو پیاوەی دەیەوێت نوێژ بکات پێڵاوەکەی لە پێ دەکاتەوە و کڵاوەکەی لەسەری دەمێنێت. هەمان ڕەفتار ڕەچاودەکرێت ئەوکاتەی کەسێک دەچێتەماڵێکی ئینگلیز، یان خێوەتی ڕەوەندێک. ئەو جیاوازییانە جیاوازینە لە کولتوور، یان عورف، پیشاندانی ئەو ڕەفتارە، یان ڕەگەکەی لە هەردوو حاڵەتدا دەرخستنی ڕێزگرتنە، بەڵام دەربڕینی ئەو ڕێزە لەهەردوو کولتوور شێوەی جیاواز وەردەگرێت. فەرموون بۆ نموونەیەکی تری زۆر ئاڵۆز لە ڕابردوودا... شتێکی زانراوە کە هەندێک ڕووی نیمچە بنەڕەتی لە بونیادی کۆمەڵایەتی لای عەرەبی ڕەوەند ئەوانەی لەسەر شوانکارەیی دەژین و هۆزە نیلییە نیمچە گەڕۆکەکاندا کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیادا دەژین هەیە، بەڵام ڕەوەندەکان لەلایەنی کولتوورەوە لە نیلییەکان جیاوازن، ڕەوەندەکان لە خێوەتەکان دەژین، لە کاتێکدا نیلییەکان لە کوخەکان دەژین. ڕەوەندەکان حوشتر بەخێودەکەن، کەچی نیلییەکان مەڕومالات بەخێودەکەن، ڕەوەندەکان لەسەر ئایینی ئیسلامن، کەچی نیلییەکان لەسەر ئایینی دیکەن، ئا بەم جۆرە نموونەی دوایی لە هەردوو نموونەکەی تر جیاوازە و زۆر ئاڵۆزتریشە، ئەویش ئەو جیاوازیکردنەیە لە هەڵسەنگاندن، بۆ نموونە کاتێک لەبارەی شارستانییەتی هیلینی، یان شارستانییەتی هیندۆسی لەلایەک و کۆمەڵگای هیلینی، یان کۆمەڵگای هیندۆسی لەلایەکی ترەوە دەدوێین.

ئێمە لێرەدا چارەسەری دوو چەمکی جیاواز دەکەین، یان بەمانایەکی تر دوو چەمکی ئەبستراکتکراوی جیاواز لەهەمان بوونی واقیعیدا. لەگەڵ ئەوەی ئەرگومێنتی زۆر بەمەبەستی پێناسەکردنی ئەو دوو چەمکە و دەستنیشانکردنی پێوەندی نێوانیان کراوە، بەڵام هیچ هەوڵێکی جددی بۆ پشکنین و توێژینەوەیان بەشێوەیەکی میتۆدییانە نەکراوە. لەسەر ئەمە ئێستاشی لەگەڵدا بێت تێکەڵاوییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، لەگەڵ ناکۆکی لەسەریان. لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیا یەکەمینەکان (مورگان) و (سپنسەر) و (دورکهایم) وایان دەڕوانی کە ئامانجی ئەوەی کە بە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ناودەبرێت بریتییە لە پۆلینکردنی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و

ڕاڤەکردنیان ڕاڤەکردنێکی فرمانگەراییانە. ئەو تێڕوانینە باوە لەنێو شوێنکەوتووانی دورکهایم لە فەرەنسادا مایەوە، هەروەکو بەڕوونی لە ئەنترۆپۆلۆژیای نوێی بەریتانیا و لە نووسینەکانی قوتابخانەی سۆسیۆلۆژیای فۆرمالیستی ئەڵمانی خۆی دەنواند، بەڵام تایلور و هەندێک زانای دیکە کە بەرەو ئەتنۆلۆژیا دەچوون، وایان دەڕوانی کە ئامانجی ئەو زانستە پۆلینکردنی کولتوورەکان و ڕاڤەکردنیانە، مانەوەی ئەو تێڕوانینە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەنترۆپۆلۆژیای ئەمریکی جیاکردەوە، چونکە کۆمەڵگاکانی هیندییە سوورەکان کەوا لێکۆڵەرە ئەمریکییەکان لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرد، کۆمەڵگای دابەشبووی پەرتوبڵاو، ئەمەش وادەکات توێژینەوەی کولتوورەکەی زۆر ئاسانتر بێت لە توێژینەوەی بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی، یان لەبەر نەبوونی نەریتی کۆن لەوێدا لەتوێژینەوەی مەیدانی پوختدا چاودێری دەکەن کەوا لێکۆڵەر تێیدا زمانی خەڵکەکە بەکاردێنێت کە ماوەیەکی زۆری زەمەنی دەخایەنێت، هەروەکو ئەو حاڵەتەی بەریتانیا کە وایان لێدەکات توێژینەوەی عورف و کولتوور بەسەر توێژینەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەسەندتر بکەن، یانیش لەبەر هۆکاری دیکە. کاتێک ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەڵایەتی وەسفی یەکێک لە کۆمەڵگا بەراییەکان دەکات، ئەوا جیاوازی نێوان کۆمەڵگا و کولتوورەکە ڕوون و ئاشکرا نابێت، چونکە لە وەسفەکەیدا واقیعێک، یان ڕەفتارێکی بەرچاوی دەستنیشانکراو دەگرێتەوە کە هەڵگری هەردووکیانە لەیەک کاتدا، بۆ نموونە وەکو ئەو حاڵەتەی کاتێک وەسفی عادەتێکی دروست دەکەین کە پیاوێک پەیڕەوی لێ دەکات بۆ دەربڕینی ڕێزگرتن لە سەلەفەکانی. بەڵام ئەوکاتەی مەسەلەکە دەگوازرێتەوە بۆ تەئویلکردنی ئەو ڕەفتارە ئەوا ئەنترۆپۆلۆژست ناچاردەبێت بەکاری ئەبستراکتکردن لێی لەژێر ڕۆشنایی کێشە تایبەتییەکان کەوا دەیپشکنێت. ئەگەرهاتوو ئەو کێشانە پەیوەست بوون بە بونیادی کۆمەڵایەتی ئەوا بایەخ بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەو تاکەکەسانە دەدات کە ئەو کارە پیادە دەکەن، بێ ئەوەی بایەخدار بێت بەتەفاسیلی دەربڕینە کولتوورییەکان کە لەناو ڕەفتارەکانیاندایە.

لەسەر ئەمەش، یەکێک لە تەئویلاتەکان بۆ پەرستنی سەلەفەکان - کە تەئویلێکی بەشەکییە - پێکچوون و ڕێکبوونی لەگەڵ بونیادی خێزان و سیستمی خزمایەتی بەدەردەخات. هەرچی کردەوە کولتوورییەکان، یان ئەو عادەتانەی کە مرۆڤ پیادەی دەکات وەک بەڵگەیەک بۆ ڕێزگرتنی سەلەفەکانی، نموونەی پێشکەشکردنی قوربانی لەشێوەی قوربانی مانگا، ئەوا پێویستی بەجۆرێکی جیاواز لەم تەئویلەی پێشوو هەیە، ڕەنگە تەئویلێکی مێژوویی، یان سایکۆلۆژی پێویست بێت. ئەو جیاوازییە میتۆدگەرییە لە ڕوونترین شێوەیدا لە باری هەڵسان بەتوێژینەوەی بەراوردکاری دەردەکەوێت، چونکە بەکارهێنانی زیاتر لە تەئویلێک لەیەک کاتدا لە زۆربەی جاردا دەبێتە هۆی تێکەڵاوبوون. لە توێژینەوە بەراوردکارییەکان لێکۆڵەر خودی شتەکان بەراورد ناکات، بەڵکو هەندێک تایبەتمەندی و لایەنی بەرزی بەراورد دەکات. لەوکاتەی لێکۆڵەر دەیەوێت هەڵسێت بە بەراوردکردنێکی کۆمەڵایەتی بۆ سیستمی پەرستنی سەلەفەکان لە ژمارەیەکی کۆمەڵگا جیاوازەکان، ئەوا لە واقیعدا بەراوردی کۆمەڵێک پێوەندی بنەمایی کەوا لەنێوان تاکەکەسەکاندا هەیە، دەکات. لەبەرئەمە بێگومان دەبێت یەکەمجار دەست بکات بە ئەبستراکتکردنی ئەو پێوەندییانە لە هەموو کۆمەڵگایەک بەتەنیا بۆئەوەی لەو بار و سیمایانەی دەربڕی کولتووری بەشەکی دەربچێت، بەبێ ئەوە نابێتە بەرواردکردن. لێرەدا ئەوەی لێکۆڵەر دەیکات هەڵبژاردنی مەسەلەکانە لە جۆرێکی دیاریکراو لەپێناو مەبەستگەلی لێکۆڵینەوە، بەم کارەشی جۆرە جیاوازەکانی شتەکان، یان مەوجوداتەکان لەیەکتری جیاناکاتەوە - لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا و کولتوور بوونگەلێکی جیاکراوە نین لە خودی خۆیاندا- بەڵکو جۆرە جیاوازەکانی ئەبستراکت لەیەکتری جیادەکاتەوە.

لەپێشدا وا قسەم لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی کرد کە توێژینەوەی کولتوور و کۆمەڵگا بەراییەکان دەکات، لەبەرئەوە نەمدەویست لەم قۆناغە زووەدا ئەو ئاستەنگە بورووژێنم. ڕاستییەکەی پێم باشە لێرەدا واز لەم مەسەلەیە بێنین، بەمەش وازدێنم کە داواتان لێدەکەم کە ئەوەتان لەیاد بێت هەمیشە شتێک لە گومان و نادیاری و جیاوازی لە ڕاوبۆچوون لەم بارەوەیە لە ئارادایە، گومانی تێدا نییە کە ئەمە کێشەیەکە لە کێشە هەرە قورس و ئاڵۆزەکان، بەڵام دەمەوێ تەنیا ئەوە بخەمەسەر کە توێژینەوەی کێشەکانی کولتوور دەبێتە هۆی - وای بۆدەچم کە ئەم مەسەلەیە چاری نییە - دارشتنەوەی ئەو مەسەلانە لە سنووری مێژوو و سایکۆلۆژیادا، کەچی ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بەکۆمەڵگاوە لە سنوور و زاراوەکانی سۆسیۆلۆژیادا دادەڕێژرێنەوە، بەڵام وێڕای یەکسانی لە هەردوو جۆر لە مەسەلەکان لە ڕووی بایەخەوە، ئەوا توێژینەوە بونیادگەرییەکان پێویستە - بەڕای من - لە یەکەمدا

بێت.

ئەمەش دووبارە بەرەو ئەو نامانەی زانکۆ دەمباتەوە، ئەگەربێتو ئێوە بیخوێننەوە تێبینی ئەوە دەکەن هەموویان لە یەک سیفات کۆدەبنەوە، ئەویش توێژینەوەی مەسەلەکانە کە - ئینجا ئەو مەسەلانە سیستمی سەرۆکایەتی بێت، یان ئایین، یان جیاکاربیە سولالییەکان، یان مارەیی، یان کۆیلەیی، یان مولکداریێتی زەوی، یان پێگەی ئافرەت، یان پاداشتە کۆمەلایەتییەکان، یان شوێنگەی کۆمەلایەتی، یان ڕاگوزەری یاسایی بێت - سیستمێکی سەربەخۆ ناگرێتەوە، بەڵکو وەکو بەشێک لە بونیادی کۆمەلایەتی دەگرێتەوە، لە پێوەندی بەو بونیادە لێی دەکۆڵدرێتەوە. کەواتە بونیادی کۆمەلایەتی چییە؟ لە سەرەتاوە ئاماژەم بەوەدا کە جیاوازییەکی زۆر لە ڕاوبۆچوون لەسەر ئەو مەسەلەیە لەئارادایە، ئەمەش مەسەلەیەکە چارەسەری بۆ نییە، چونکە ناتوانرێ پێناسەیەکی ورد بۆ نموونەی ئەو چەمکانە بکرێت. هەرچۆنێک بێت لەم لێکۆڵینەوەیە بیرۆکەیەکی سەرەتاییتان لەبارەی وشەی «بونیاد» پێ دەبەخشم.

ئاشکرایە پلەیەکی دیاریکراو لە باوبوون و هاوگونجاوی لە ژیانی کۆمەلایەتیدا هەیە و جۆرێک لە گونجان لەنێو کۆمەلگادا هەیە، دەنا ئەستەم بوو ئەندامەکانی بیانتوانیبایە بەیەکەوە بژین. لە واقیعدا خەڵک ناتوانن بەرەو کاروباری خۆیان بچن، لەبەرئەوەی ئەوان بەجۆرێ ئەو ڕەفتارە دەزانن کە ئەوانی تر بەهۆیەوە چاودێرییان دەکەن، هەروەها هەمان هەڵسوکەوت کە خۆیان لە ئەوانی دیکە چاوەڕێی دەکەن لە چەندین جۆر هەلوێستی نێو ژیانی کۆمەلایەتی، هەروەکو چالاکییەکانیان بەشوێنکەوتنی ڕێسا ڕەسمکراوەکان و بەگوێرەی ئەو بەهای دیاریکراوەی کە دەیزانن ڕێکی دەخەن. ئەوان دەتوانن پێشبینی ڕووداوەکان بکەن، بەمەش دەتوانن ژیانیان بەشێوەیەک ڕێکبخەن کە لەگەڵ ژیانی ئەوانی تر بگونجێت و بڕواتە ڕێوە. هەموو کۆمەڵگایەک وێنەیەک، یان چەشنێکی دیاریکراوی هەیە ڕێگەی ئەوەمان پێدەدا لەبارەیەوە بلێین نەسەق، یان بونیادێکە تاکەکانی تێیدا دەژین و پێویستییەکانیان دابین دەدات. بەکاربردنی وشەی (بونیاد) بەو مانایەی جۆرێک لە یەکگرتوویی و هاوگونجاویی نێوان بەشەکانی دێت - بەهەرحاڵ تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێ لەگەڵیدا دژکارییە بەهێزەکان، یان ململانێی ئاشکرا بەلاوەبنرێت، ئەو بونیادە زیاتر دەیمومە و مانەوەیە لەوەی هەموو شتەکانی تێپەڕ و خێرا بێت لە ژیانی مرۆڤایەتی.

تاکەکانی کۆمەڵگایەک هوشیار نابن ئەگەر کۆمەڵگاکەیان بونیادێکی زۆر باشی نەبێت. ڕەنگە هەستێکی لاوازی نادیارییان بەم بونیادە هەبێت. هەرچی ئەنترۆپۆلۆژستی کۆمەلایەتییە کارەکەی ئاشکراکردنی ئەو بونیادەیە.

بونیادی کۆمەلایەتی هەمەکی لەهەر کۆمەڵگایەک لەسەر ژمارەیەک لە بونیاد، یان نەسەقی لاوەکی نێو پێکهاتەکەی دەگرێتەوە، بەمەش دەکرێ لەبارەی نەسەقی خزمایەتی، یان نەسەقی ئابووری، یان نەسەقی ئایینی، یان نەسەقی سیاسیی ئەو بونیادە هەمەکییە بدوێین. ڕەفتار و هەڵسوکەوتە کۆمەلایەتییەکانی ناو ئەو نەسەقە شێوەی سیستمی کۆمەلایەتی وەکو هاوسەرگیری و خێزان و بازاڕەکان و سەرۆکایەتی. کاتێکیش لەبارەی ئەرکەکانی ئەو سیستمانە قسەدەکەین، ئەوا مەبەستمان ئەو ڕۆڵەیە کە دەبێتە ڕێکخستنەوەی بونیاد و پارێزگاریکردنی لێی.

گەورەترین زەنیش ئەوەیە کە هەموو ئەنترۆپۆلۆژستە کۆمەلایەتییەکان کە قبوولی ئەو پێناسانە دەکەن، ئاستەنگ و جیاوازی ڕاوبۆچوون دەرناکەوێت تەنیا بەدەستپێکردنی پرسیار لەبارەی جۆری ئەبستراکتکردنەی کە بونیادی کۆمەلایەتی پێکدێنێت، مەبەست لەمەش ڕێک کار، یان ئەرکی سیستمە، بەڵام باوەڕم وایە ئەو کێشانە بەشێوەیەکی زۆر باش بەڕێوەدەچێت پاش زانینی شتێک لەبارەی پێشڤەچوونی تیۆریی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلایەتی.

**سەرچاوە:**

الانثروپولوجیا الاجتماعیة، ایفانز بریتشارد، ترجمة: د.أحمد ابوزید/ الطبعة السادسة ١٩٨٠ .

# ڕووخانی باوک و ململانێی نەوەکان

یووسف عوسمان حەمەد

لە ڕووی دەروونزانییەوە چەمکی باوک هێمایەک بۆ دەلالەتێکی مانای فەرەوانی فەزای دەسەڵات، کە درێژکراوەی دەستەڵاتێکی چەسپێنراوی دیوی واقعی و وەهمی و مێژوویی مرۆڤەکانە. باوک کەسێک نییە حاڵەتێکی دەروونی بێت بەپێی دابونەریت یان یاسای کۆمەڵایەتی ئەو پلەیە وەربگرێت، و لە ئەنجامی گۆڕانکاری قۆناغەکانی کۆمەڵگاش بەرجەستە نابێت. باوک هێمای حاڵەتێکی پەرچەڤەکراوی میتۆدی عەقڵە بۆ دابەشکردنی دەستەڵات. هەموومان چەکەرەی ئەو میتۆدە نامەنهجییە بەپێی گۆڕانکاری بایۆلۆژی مرۆڤ دروست دەبێت، تەوتەمیەکان ویستیان دەستەڵات و فەزای ئەو دەستەڵاتە لە کەسێک کۆبکەنەوە، بۆ ئەوەی لەناوی ببەن ئەوا لە ناعەقڵانیەتی خۆیان وایان زانی کوشتنی کەسێک کە تەنیا ناوی باوکە زاڵ دەبن بەسەر هەموو دەستەڵاتە وەهمییەکان کە ئەو دەستەڵاتەی بە باوکی هێما بەخشییەوە، واتە تەوتەمییەکان بەدوای دەستەڵات گەڕاون لە فەزایەکی زۆر بچووک کە موڵکە تایبەتییەکان لەژێر دەستەڵاتی ئەو هێمایە بوو، بەڵام بە لەناوبردنی باوک لەلایەن تەوتەمییەکانی کوڕ دەستەڵاتی باوک لە ناخی هەموویان فرەوانتر بوو، بووە هێزێکی بوەیهیمی، نەیانتوانی لەو حاڵەتە سایکۆلۆژییە دەربازبن، ئازادیی ڕەها وەربگرن لە ناعەقڵەوە پیرۆزی و تاکانیەت دروست بوو لە جیاتی بەردەوامبوون بۆ کوشتنی هەموو باوکەکانی وەهمی و واقعی، دەستیان کرد بەفرەوانکردنی پیرۆزکردنی ئەو دەستەڵاتە و هێمای باوک بووە بەشێک لەسەرەتاییترین دەستەڵات و کولتووری ئەو دەستەڵاتە کە هەموو شتێکی لە دەرەوەی ویستی تاک و شرۆڤەکردنی دەرەوەی دەستەواژەکانی مەعریفی بە پیرۆز و هێمای باوک دانا، لە بەردەمی ئەو دەستەڵاتە خۆی بە لاواز و کەساس ناساند کە بەبێ ئەو کەسێکی بێ هێز و بێ توانایە لە بەرامبەر گۆڕانکاری و کارەساتەکانی سەردەم، ئەم کارە بەردەوام بووبووە بەشێکی فرەوان لە عەقڵیەت و سایکۆلۆژیەتی تاک کە تا ئێستا بەردەوامە. کوشتنی باوک لەلایەن ئۆدێب کوشتنی گەورەترین دەستەڵاتە کە لەو باوکەوە چڕ بۆتەوە ئەگەر باوک پاشا نەبوایە، جووتیارێک بوایە هەمان کرداری بکردابایە نەدەکوژرا، بەڵام کوشتنی باوک لەلایەن ئۆدێب کوشتنی و لەناوبردنی ئەو دەستەڵاتەیە کە هەموو باوکەکانی تری خەساندووە کە باوکی ڕاستەقینەن لە سۆز و خۆشەویستی کە هاوبەشی دایک دەکەن، بەڵام کاتێک دایک نەک وەکو خێزان کە موڵکی دایک فرەوانترە لەسەر سۆز و خۆشەویستی ئەوا سنووری باوک گەورەتر دەکات دەبێتە بەشێک لە دەستەڵاتی داگیرکراوی باوک ئەوا تۆڵە سەندنەوە لە دایکەوە دەست پێدەکات کە فەزای ئەو دایکە وەکو دەستکەوتووەکانی تر دابەش دەکات بەسەر تاکەکانی تر. ململانێی کوڕەکانی ئادەم لەبەردەم باوکیان کە دابەشکردنی دەسەڵاتێکی ئابووری و سروشتی بوو لەنێوانیان لە بەرامبەر ئەمەشدا باوک

نەیتوانی ئەو ململانێیە کۆتایی پێ بهێنێ، چونکە ئەو زەمەنێکی بایۆلۆژی ڕابردووی نەبووە خۆی وەکو باوک و گەورە بینیوە واتە قۆناغەکانی گەشەی تەمەنی (منداڵ- هەرزەکار- گەنج) نەبینیوە ئەمەش زیاتر ململانێیەکە کە دەسەڵات قوولتر دەکاتەوە. کاتێک (هاملێت)ی باوک دەکوژرێ کوژرانی دەسەڵاتە و نەمانی باوکی گەورەیە، بەڵام کاتێک (هاملێت)ی کوڕ بکوژێ (هاملێت)ی باوک دەکوژێ ئەو ململانێی نەوەکانە بەشێوەی ناعەقڵانی. (ئۆدێب و هاملێت) نەوەی دوو زەمەنی ململانێی ڕووخانی باوکن بە هێمای دەستەڵات کە لەخودی (سفۆکلیس و شکسپیر)دا ئەم ململانێیە بوونی هەبووە لە خانەوادەی شاهانە.

چەمکی تێگەیشتن لەو ململانێیە لە دوو دیدگای سایکۆلۆژی و سشیۆلۆژی، شێوازەکانی پاڵنەرەکان و هۆکارەکانی هاوبەش دەردەکەوێت لەنێوان دوو تاکی هەمان کۆمەڵ، بەڵام جیاواز لە کەسایەتی و بیرکردنەوە و بۆچوون و ژیانی ئابووری و پێوەندییەکان لەبەر جیاوازی دوو زەمەن کە ئەو دوو تاکە تێیدا دەژین، لە ڕووی دەروونییەوە ئەو جیاوازییانە ململانێی نێوان تاکەکان دروست دەکات بۆ لە یەکتر تێگەیشتن نەک دووبارەبوونەوەی تاکەکان لە دوو زەمەنی جیاواز لە یەک سنووری کۆمەڵگادا، چونکە هەر کۆمەڵگایەک پاڵنەر و بۆچوون و کەسایەتی... ئەوانی دیکەی تاک، تایبەت بە خۆی هەیە.

لێرەدا لە ڕووی شیکاری دەروونییەوە نەوەیەک لەلاوەکان تووشی قەیرانی نەوەکان هاتوون لە کۆمەڵگای پیشەسازی و دەوڵەتە مشەخۆرەکان (پترۆڵییەکان)، لە ڕووی سشیۆلۆژییەوە ئەو ململانێیە پردێکە (کەناڵێکە) بۆ بوونی پێوەندی لەنێوان نەوەی کۆن و نوێ واتە نەوەی ئێستا بەهیچ شێوەیەک نەوەی کۆنی ڕەت نەکردووە بە هەموو ڕەهەندەکانی (دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتووری)یەوە بەڵکو لەژێر کاریگەری نەوەی کۆن، دەیەوێت خەسڵەتە چاکەکانی بپارێزێت بەشێوەیەکی مۆدێرن لەگەڵ داخوازییەکانی هەنووکەیی تاک بگونجێت نکوولی لەوە ناکات کە ئەو پێوەندییە نەماوە، بەڵام نەوەی ئێستا بە زمانی لێکحاڵیبوون دەڵێت ئێمە کوڕی ئەمڕۆ و ئەو سەردەمەین نەک کوڕی دوێنێ، بە عەقڵیەتی دوێنێ و باوکمان بیر ناکەینەوە، بەڵام لە هەموو کۆمەڵگایەک گواستنەوەی بەردەوامی میراتی کولتووری و کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام لە ململانێیەکی بەردەوام دەخولێنەوە و نەوەی ئێستا خەبات دەکات لەپێناو دەستەبەرکردنی ئارامی و پیشەی گونجاو و ئارامگیری کۆمەڵایەتی بۆ دەستەبەرکردنی خودی تاک.

نەوەکانی ئێستا لە قەیرانی دەروونی دەژین بۆیە حەز ناکەن لە ڕووی پیشە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە یەکتر بچن، هەوڵی ئەوە دەدەن هەر تاکە بەپێی خواست و ویست و توانای عەقڵی خۆی پیشە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵبژێرن واتە لە تاکێکی کۆمەڵایەتی گشتی دەچێت بەرەو تاکێکی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی کە پیشە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان داخوازی هەنووکە و ئایندەی جێبەجێ بکات. واتە پۆلێنکردنی کار بەپێی توانا و عەقڵیەتی تاک بۆ ئەوەی لە بواری خۆی داهێنان بکات نەوەک وەکو نەوەی کۆن کە تێکەڵی و چوونە ناو یەکی پیشەکان هەبوو بۆیە لەسەریەک شێواز مانەوە، لە دوو دیدگاوە نەوەی نوێ نەوەی کۆن ڕەت دەکاتەوە، یەکەم نەوەی گەورەکان ڕەت دەکاتەوە لە ڕووی ململانێ لەگەڵ کەسوکار و دەستەڵاتی ئەوان، دووەم ملکەچی گەورەکان دەبێت لەسەر ڕێچکەی ئەوان بونیادی ژیانی خۆی دروست دەکات، ئەمەش لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا کاتێک باوکی خانەوادە ڕووخاو و بێ دەستەڵات دەبێت نوێنەری نەوەی نوێ ناکات و ناتوانێ گفتوگۆ لەگەڵ ئەو نەوەیە بکات، چونکە لەو کۆمەڵگایە زەحمەتیەک هەیە کە نەوەی کۆن ئیعتراف بە نەوەی نوێ ناکات، بە نەوەیەکی بێ بەرهەم و جورئەت دایدەنێت، بەڵام ئەگەر باوکی خانەوادە ڕووخاو و بێ دەستەڵات نەبوو، بەهێز و دیکتاتۆر بوو فاکتەری وروژێنەری ترس و تۆقێنەر بوو لە دەروونی ئەوانی تر ئەوا نەک ئیعتراف بە نەوەی نوێ ناکات، بەڵکو هەوڵ دەدات کتومت لاسایی خۆی بکاتەوە و بەشێک بێت لە کولتووری ئەو، ملکەچی هەموو عەقڵیەتی ئەو بێت و زمانی گفتوگۆ و ڕەتکردنەوەی نەبێت، بەرەنگاری هیچ شتێک نەبێتەوە کە باوکی دەستەڵات بڕیاری لەسەر دەدات، واتە بوونی نەوەی نوێ ڕەت دەکاتەوە، چونکە لە لوتکەی توندوتیژی دەستەڵاتدایە، ئەوکاتە نەوەی نوێ لە گێژاوی دەروونی دەژیت، چونکە ڕەتکردنەوە و ترس پێکەوە لە ناخی ئەو نەوەیە دروست دەبێت، هەوڵ دەدات لە جیهانی دەرەوە دیفاکتۆی ئەو دەستەڵاتە بدۆزێتەوە کە پەنا بۆ بەر میتۆدی سیاسی و کاری سیاسی دەبات زۆر بە گەرم و گوڕی کاری تێدا دەکات بۆ ئەوەی لە بەرامبەر دەستەڵاتی باوک دەستەڵاتی دووەم هەبێت ئەویش ڕەهەندی خود سیاسییە لە تاکی نەوەی نوێدا، بەڵام زۆر جار ململانێی سیاسی و ڕێکخراوەیی وێنەی باوکێکی ڕووخاو دروست دەکات لەبەردەم گەنج، بۆیە دژایەتی و تووڕەیی باوک سەرهەڵدەدات بەرامبەر کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی کە هەست دەکات ئەمە دیفاکتۆی دەستەڵاتی ئەوە، باوک ئەو مەرجەعیەتەی نامێنێ، مەرجەعیەتی نەوەکان دەبێتە

سیاسەت و پارتەکان بۆیە ململانێی سیاسی و ڕێکخراوەیی و پارتەکان هەمان ڕەنگدانەوە و قووڵایی ململانێی باوک و کوڕ و نەوەی نوێ و کۆنە، بەڵام بەشکڵێکی تر.

(ئەریک ئەریکسون)* دەڵێت ململانێی نەوەکان لە هەموو کۆمەڵگایەک هەیە بە ئاراستەی ئایندە بۆ قەیرانی نەوەکان ئەمەش بۆ پاراستنی بەها مرۆییەکانە، بەڵام گرینگ پاراستنی کولتووری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە کە بزوێنەری نەوەی نوێیە بۆ دروستکردنی پردێک لەنێوان هەردوو نەوەکان کەشایەنی گۆڕان و پێشکەوتنە. ئەریکسون دەڵێت، باوکی دیکتاتۆر دەگاتە پلەی وورووژێنەری ترس و هەڕەشەکردن بۆیە هەست بە منی ترسێنەر دەکات بۆ خەساندنی تاک لە بەرامبەر جەبەڕووتی باوک کە ملکەچی واقیعی دەستەڵات بێت کە پێی دەوترێت (شۆڕش دژی باوکی زۆردار).

نەوەی ئەمڕۆ جیاوازە لە نەوەی دوێنێ، حەز ناکات شوێنی باوکی بگرێتەوە و وەکو ئەو کار بکات. مەیلی بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو باوکە دەچێت. بەر لە هەموو شتێک ئەو (نەوەی نوێ) لەناخەوە لە نائاگاییەوە بەر لە هەموو شتێک حەز ناکات فۆتۆکۆپی باوکی بێت، لە هەموو شتەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هزری لەو جیاوازبێت. لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ئەو ڕەتکردنەوە یا قەبووڵ نەکردنە بە چەمکی ڕووخانی باوک دێت. باوک ئێستا بە کەڵکی ئەوە نایەت کە ببێتەوە ڕابەرێکی نموونەیی بۆ منداڵەکانی. باوک جارێکی تر سەرچاوەی ڕێزو تێڕامان نییە بۆ نەوەکانی خۆی، بەڵکو پەککەوتە و لاواز، بێ دەستەڵاتە لە بەرامبەر داخوازی و پێشکەوتنی نەوەی هەنووکە. ئەم نەوەیەش نایەوێت گرێیەند لەگەڵ کەسێکی لاواز و بێ دەستەڵات مۆر بکات، چونکە ئەو سەردەمە سەردەمی ململانێ و کێشمەکێش و مردنە لەلای باوکی خانەوادە.

ڕقبوونەوە و ناشیرینکردن و حولحولی (لامبالاة) جێگای خۆشەویستی و سەرسامبوون دەگرێتەوە، ئەو حاڵەتەش بەستراوەتەوە بە وێنەی نا ئاگای تاک بۆ گەڕان بەدوای بەدیلی باوک، چونکە لێڵی هەیە لە پێوەندی بەستراو بە کەسایەتی دایک و باوک. کەسایەتی دەستەڵاتدار لە ماڵ باوکە، بۆیە دەبێ گوێرایەڵی بین لە چوارچێوەی خێزان تاوەکو دەستەڵاتی خۆی دەچەسپێنێ بۆ قاڵبکردنی بەهایەکان. گوێرایەڵی دەتوانێ منداڵ ملکەچی یاسا و دەستەڵات بێت لە لایەن باوکی دەستەڵاتدار نەک بە تەنیا باوکی خانەوادە. ئەمەش وێنەی باوکە لە سەرەتای مێژووی قۆناغی دووەمی قەیرانی ئۆدیپ. کە یارمەتی گەنج دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و بەرگریکردن بۆ هەوڵدانی و تێکدان و گێرەشێوێنی. لای نەوەی ئێستا کۆمەڵگا گونجاوە بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانی وەکو منی نائاگا لە ناخیەوە، ئەویش لە کایەی وێنەی باوکێکی خەیاڵی لە خودی خۆیەوە. زۆربەی ئەو خێزانانەی کەوا سەرکەوتوو نین توندوتیژی و هەرا لە نێوانیان هەیە ئەوا کودەتایەک لە ڕۆڵبین ڕوودەدات دایکێکی دەستەڵاتدار و باوکێکی ڕووخاو ئەمەش گەورەترین کاریگەری ترسێنەری بەسەر منداڵەکانەوە دەبێت، چونکە باوک ناوەندی پێوەندییە لە نێوان منداڵ و جیهانی دەرەوە. ئەوکاتە دەبێ منداڵ هۆگری باوک بێت تاوەکو کەسایەتی پێبگات. ئەگەر نەیتوانی هۆگری باوک بێت و باوکی ڕەتکردەوە، ئەوا دایک ناوەندی یەکەم دەبێت بۆ پێوەندیکردنی منداڵ بە جیهانی دەرەوە. زۆرجار لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ئەو پێوەندییە ئامادەکراو و جۆشکراو دەبێت، ئەم جۆرە پێوەندییە لای (جاک لاکان)** واتە نهیلیزم، سپی، هیچ، سفری ڕەها، واتە قووتدان و ونکردنی من و ناسنامەی منداڵ (نەوەی نوێ). لێرەدا دەبێ منداڵ هۆگری باوک بێت تاوەکو لەگەڵ سروشت یەک بگرێت، هۆگری لەگەڵ باوک مانای جۆشکردن نییە، چونکە منداڵ ئەو ناوەندە پێوەندییە جیادەکاتەوە. ئەوکاتە هەستێکی دوولایەنە لای منداڵ دروست دەبێت:

لایەنی یەکەم: دایکی خۆش دەوێت حەز دەکات بسازێت لەگەڵی، بەڵام لەوە دەترسێ قووت بدرێت یا خودی خۆی ون بکات.

لایەنی دووەم: باوکی خۆش دەوێت و ڕێزی دەگرێت، بەڵام دەترسێت لە برین و خەساندن بۆیە ئاوات دەخوازێت باوکی بمرێت، بەڵام هەست بەتاوان و گوناه دەکات ئەوکاتە (وەهمیەت)(١) لای منداڵ و گەنج دروست دەبێت، ڕەتکردنەوە و قەبووڵکردنی باوک.

ئەریکسون دەڵێت، قەیرانی نەوەکان لەم سەردەمەدا ڕمانی ئەو پردەیە لەنێوان گەنجی ئێستا و دوێنێ کە زۆر بە ئاسانی ناتوانرێت چاک بکرێتەوە، گەنجی ئێستا باوک و خێزان ڕەت دەکاتەوە لەسەر ئەو شێوازەی هەیە، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی هەموو دابونەریت و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و شارستانیەتی دوێنێ ئەو دەیەوێ لە دوو ژیانێکی خۆش و ڕۆمانسی بگەڕێ، لەم سۆنگەیەوە هەموو شتێک ڕەت دەکاتەوە، چونکە قەناعەتی بە هەموو شتێکی ڕابردوو نییە، بۆیە هەموو بەهایەکانی دوێنێ تێکدەشکێنێ، دەبێ لەناو ببرێت، چونکە هەموو شتەکانی ڕابردوو بۆگەنە، واتە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کۆمەڵگای ڕابردوو بۆگەنە، دژوار، بەڵام خۆی دژایەتی و دژوار نییە بەڵکو بێ تاوان و گوناهە. ئەمەش بۆ

چێکردنی کۆمەڵگایەکی نوێ و پێشکەوتوو کە باوەڕی بە دادوەری مرۆڤایەتی و مەدەنیەت و ئازادی ڕەها هەبێت و ملکەچی یاسای خوازراو نەبێت.

باوکی ڕووخاو لەسەر دەستی نەوەی نوێ ئەوە دەگەیەنێت کە باوک تەوەرەی سەرەکی و دەستەڵاتی ڕەهای خانەوادە و بەهای کۆمەڵایەتی و ئابووری و پێوەندییەکان نەبێت. بۆیە لە دوای دیفاکتۆی باوک دەگەڕێت لەوانەیە ئەو دیفاکتۆیە باوکی ڕووحی یان سیاسی یان مامۆستا... بێت کە لە داخوازییەکانی ئەو تێبگات و نەکەوێتە پەراوێزی بڕیارە کۆمەڵایەتییەکان. واتە نەوەی ئێستا دەڵێت من ئەو کەسەم کە خۆم دەمەوێت ببم نەک ئەوەی باوکم دەیەوێت ببم، من بۆ ئێستاو ئاینده دەژیم نەک بۆ ڕابردوو لەژێر ملکەچبوونی دەستەڵاتی باوک، باوک ئەوکاتە هێما نییە، بەڵکو ڕابردوویەکە دەبێ کۆتایی بێت، نابێت وەکو سێبەری وەهم مومارەسەی ترسان و تۆقاندن بکات.

* ئەریک ئەریکسون، لە ساڵی (١٩٠٢) لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لە دایک بووە، لە (١٩٣٣) کۆچی کرد بۆ ئەمریکا. یەکێکە لە پێشەنگەکانی دەروونزانی کە بایەخی بە دراسەکردنی ناسنامەی گەنج داوە لەگەڵ گەشەی دەروونی- کۆمەڵایەتی لە منداڵ. لە گرنگترین کتێبەکانی [منداڵ و کۆمەڵگا (١٩٧٠)] و [هەرزەکار و قەیرانی ناسنامە (١٩٦٨)].

** لاکان (بەناوبانگترین شیکاری دەروونی هاوچەرخە لە فەرەنسا)

(١) وەهمیەت: واتە سەرهەڵدانی لەناکاو لە ئاگا بۆ شتێک کە پێچەوانەی ئاگایی منطقی بێت، واتە کەس و شتێک دەگرێتەخۆ وەکو حەز و واقیع، ڕابردوو و ئێستا، وەکو ئاژەڵێک نەمابێت و ون بووبێت، بەڵام جارێکی تر لە باخچەی ئاژەڵان دەرکەوێت. وەهمیەت لە ساڵانی یەکەمی قۆناغی منداڵ دروست دەبێت هاوشێوەی خەونەکانە، چونکە وێنەی دەروونی نائاگایی دروست دەکات. وەکو ترسان لە خێزان دروستکردن هەمان وەهمی ترسانی دایکە (ترسان لە قووتدان و فەشەلی) واتە تێکدانی وێنەی دایک لە بەرامبەر دەستەڵاتی باوک و زۆرداریيەکەی. وەکو نازییەکان کە مومارەسەی دژایەتی دەکەن بۆ تێکدانی وێنەی دایکی ڕووخاو و ڕزگارکردنی وێنەی باوکی دەستەڵاتدار و بەهێز وەکو هیتلەر.

# کورتەیەک لە مێژووی هزری ڕامیاری لە سەردەمی ڕێنسانسدا

د. کەمال پوولادی
و/ لە فارسییەوە: ئازاد وەڵەدبەگی

(١-٢)

**ئاماژە**

هزری ڕامیاری ڕۆژئاوا هەتا گەیشتنی بەم قۆناغەی ئەمڕۆ، هەر لەسەردەمی یۆنانی کۆنەوە هەتا ئێستا گەلێک هەوراز و نشێو و گۆڕانکاریی جۆراوجۆری بەخۆیەوە دیوە. لە هەر قۆناغێک لەو قوناغانە هزرڤانی گەورە هەڵکەوتوون و تیۆری ڕامیاری جۆراوجۆریان خستۆتە ڕوو بۆ باشتر کردنی ڕەوشی کۆمەڵگا و بەختەوەریی مرۆڤ.. یەک لەو قۆناغە گرنگانەی کە دەبێ لەم بارەیەوە تۆژینەوەی وردی لەسەر بکرێت چەرخی ڕێنسانسە.
ئاشنابوون لەگەڵ هزری ڕامیاری سەردەمی ڕێنسانسی لەو ڕووەوە گرنگە کە لەم سەردەمەدا بنەماکانی ژیانی فەرهەنگی مۆدێرن لە ئەوروپا بنیات نران. هەروا لەم سەردەمەدا گەلێک هزرڤانی مەزن سەریان هەڵداوە کە گەلێک تیۆری ڕامیاری گرنگیان خستە ڕوو.
ئاشنابوون بەم گۆڕانکارییانە دەبێتە هۆی ئەوەی هەرچی زیاتر لە بنچینەی ئەو هزر و تیۆرییە ڕامیارییانە بگەین کە لە جیهانی ئەمڕۆدا باسیان لێوە دەکرێ، بۆ ئەم مەبەستەش لەم وتارەدا باس لە هەندێ لەو بنەمایانە دەکەین کە سەردەمی ڕێنسانسیان دروست کرد و هەروا باس لە تیۆرییەکانی هزرڤانێکی مەزنی ئەو سەردەمە دەکەین کە (ماکیاڤیلی)یە.

**ڕێنسانس، هیۆمانیزم، پرۆتیستانیزم و چەرخی نوێ**

مێژووی نوێی ئەوروپا لە ڕەهەندی سەرەکی خۆیدا بە چەرخێک دەست پێدەکات کە بە چەرخی «ڕێنسانس» یان «نوێبوونەوە» بەناوبانگە.

لەم چەرخەدا ئەوروپا سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست بەجێ دەهێڵێ و پێ دەنێتە ناو سەردەمێکی تازە کە مێژووی خۆی و مێژووی جیهانی مرۆڤایەتی بە تەواوی دەگۆڕێت و دەیخاتە سەر ڕێڕەوێکی نوێ. ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی کە لە بواری زانست، تەکنەلۆژیا، فەرهەنگی و ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەیبینین لەم سەردەمەدا دەست پێدەکەن. لەم سەردەمەدا سیستەمی فیۆدالی لە ئەوروپا بەرەو لەناوچوون و سەر ئەنجام ڕووخان دەڕوات و سیستەمێکی ئابووری- کۆمەڵایەتی نوێ بەناوی سیستەمی سەرمایەداری سەرهەڵدەدات.

سیستەمی سەرمایەداری دینامیکترین سیستەمی بەرهەمهێنانە کە هەتا ئێستا مێژووی مرۆڤ بە خۆیەوە بینیویەتی. ئەم سیستەمە ئەو دەرفەتەی بە مرۆڤ دا تا خێراترین و گەورەترین گۆڕانکاری لە پێوەندی نێوان خۆی و سروشتدا دروست بکات و زیاترین دەسەڵات بەسەر سروشتدا پەیدا بکات بە مەبەستی کەڵک لێوەرگرتنی لەپێناو بەدیهێنانی پێداویستییەکانی خۆی لە بەرزترین ئاستدا. (وێڕای ئەوەی کە ئێستا لەبەر هەندێ هۆکار کە لێرەدا جێگای باسکردنیان نییە، لە هەندێ بواردا بەرەو تێکدانی هەنگاو دەنێت.) مرۆڤ بە کەڵک وەرگرتن لەم توانایییە (زیادکردنی ئاستی دەسەڵاتی خۆی بەسەر سروشتدا) توانیویەتی بەسەر قاتوقڕی و نەخۆشییە درمەکاندا زاڵ بێت کە لە قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی ژیاندا هەڕەشەی لە بەشێکی بەرفراوانی خەڵک دەکرد. مرۆڤ ئێستا گەیشتۆتە قۆناغێک لە پێشکەوتن ئەگەر

بێتو ئامرازەکانی ژیان بەشێوازێکی لۆژیکی دابەش بکرێت، هەلومەرجی ژیانێکی پڕ لە خێر و خۆشی بۆ هەمووان فەراهەم دەبێت.

ئەوروپییەکان لە سەردەمی ڕێنسانسدا بە توندی ئەو سەردەمە لە مێژووی ڕابردووی خۆیانیان دایە بەر ڕەخنە کە بە سەدەکانی ناوەڕاست بەناوبانگە و هەندێ جاریش ڕەتیان دەکردەوە. گەلێک لە ترادیسیۆنە هزری، فەرهەنگی و ئاینییەکانی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست کەوتنە بەر ڕەخنە و سەرلەنوێ پێداچوونەوە. هەندێ لە مێژوونووسان و ڕۆشنبیران گەیشتنە ئەو ئاستە کە سەدەکانی ناوەڕاستیان بە (چەرخی تاریکی) ناوزەد کرد. گەلێک لە گەورەترین هونەرمەندان، نووسەران و هزرڤانان لە چەرخی ڕێنسانس وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر بە ترادیسیۆنی وتاریێژیی و ئەدەبیات و هونەری سەدەکانی ناوەڕاست، کە ڕوخسارە دیارەکەی زیادەڕۆییکردن بوو لە بەهاوبیروبۆچوونە ئاینییەکان، بەرەو هونەر، ئەدەبیات، بەها و بیروبۆچوونەکانی سەردەمی بەر لە سەدەکانی ناوەڕاست، واتە یۆنان و ڕۆمی کۆن گەڕانەوە و مۆدیلەکانی خۆیانیان لەوێ هەڵبژارد. هەر ئەم گەڕانەوەیە بەرەو چەرخی «کلاسیک» ڕەهەندی دیاری هونەر و ئەدەبیاتی سەرەتای چەرخی ڕێنسانس پێک دەهێنێ. چەرخی ڕێنسانس بە بزاوتێکی نوێ لە بواری بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتە ئاینییەکان بەردەوام بوو کە بە «بزاڤی ڕیفۆرمی ئایینی» ناوبانگی دەرکردووە. بزاڤی ڕیفۆرمی ئایینی بەش بەحاڵی خۆی گۆڕانێکی گەورە بوو لە شێوازی ئایینداری و هەڵسوکەوتی ئایینی مەسیحییەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا کە کاریگەریی هەمەلایەنەی لەسەر چۆنێتی تێڕوانینی خەڵک بۆ سەرەکیترین دیاردەکانی ژیانی مرۆیی و لەوانەش جیهانی سیاسەت بەجێ هێشت.

لە درێژەی ئەم وەرچەرخانانەدا، ئایینزایەکی نوێ بە ناوی ئایینزای پرۆتیستان سەری هەڵدا کە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەی کە لە مەعنەویات و شێوازی تێڕوانینی بڕوادارانی مەسیحیدا دروستی کرد. ئەوانی بەرەو ڕێڕەوێکی نوێ لە چالاکییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان پاڵ پێوەنا. یەکێک لەو دەرەنجامانەی کە ئەم بزاڤ و وەرچەرخانە لە تێڕوانینی خەڵکی ئەوروپا و ئەمریکادا دروستی کرد ئەوەبوو کە کەشوهەوای گشتی کۆمەڵگا ئەوروپییەکانی ئامادە کرد بۆ پەسەندکردنی ئەو شتەی کە بە بنەما و ڕەفتارەکانی ژیانی دیموکراتی و بنیاتنانی ئەو سیستەمە ڕامیارییەی کە بە دیموکراسی ناسراوە.

ئەگەر سیستەمی سەرمایەداری بووە هۆی گۆڕینی پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا هاودەنگ لەگەڵ ئەودا بزاڤی پرۆتیستانی پێکهاتە زەینییەکانی خەڵکی تووشی گۆڕان کرد و هەموو ئەمانەش زەمینەکەیان بۆ سەرهەڵدانی ئۆرگانەکان و بنیاتە نوێیە ڕامیارییەکان خۆش کرد، ئەو ئۆرگان و بنیاتانەی کە فۆرمیان بە جیهانی ڕامیاری چەرخی نوێ بەخشی و هزرڤانە مەزنە ڕامیارییەکان (کە بە نۆرەی خۆیان لە وەرچەرخانی ئەم ژیانە ڕامیارییەدا ڕۆڵیان هەبووە) لە کەشوهەوایەکی لەم جۆرەی ژیانی ئابووری، هزری و ئایینی تیۆرییەکانی خۆیانیان دادەڕشت و داهێنانیان دەکرد.

لە باسەکانی خوارەوەدا سەیرێکی گرنگترینی ئەو ڕەوتانە دەکەین کە فۆرمیان بە بنەماکانی چەرخی نوێ بەخشیوە.

### ڕێنسانس

زاراوەی ڕێنسانس بۆ سەردەمێک لە مێژووی ئەوروپا دەگەڕێتەوە کە تێیدا سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست کۆتایی پێ دێت و سەردەمێکی نوێ لە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی دەست پێدەکات. نووسەرانی سەدەی (١٩) زاراوەی زایینی دووبارەیان بۆ ئەم چەرخە بەکارهێناوە.

چەرخی ڕێنسانس هاوکات بوو لەگەڵ لەناوچوونی ئۆرگانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا. شارەکان خۆیان لە کۆت و بەندی سیستەمی فیۆدالی ڕزگار دەکرد و لە هەندێ ناوچەشدا تەنانەت دەستیان بۆ زەوی و زاری فیۆدالەکان درێژ دەکرد. لە شارەکانی ئیتالیا، کە لەڕێنسانساندا پێشڕەو بوون، هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی بەرچاوی بازرگانی دەرەکی خاوەن بانک و سەرمایەدارانی نوێ گەشەیان دەکرد کە جێگای خاوەن پیشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیان دەگرتەوە. لە هەموو جێگایەک پێوەندییەکی نوێ لە بواری ژیانی ئابووریدا پەرەی دەسەند.

بازرگانان، بانکداران و سەرمایەداران لە هەموو جێگایەک خۆیان دەخزاندە ناو ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئابووری و ڕامیاری. ئۆرگانە کەلیساییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەهۆی زێدەخوازی دامودەزگای پاپا و زێدەڕۆیی لە ڕازاندنەوە و تەشریفات و پلەو پایەی ڕۆحانی خۆیان لەدەستدا بوو. ڕۆشنبیرانی نوێ کە بە زۆری لە چینی ناوەنجی و چینەکانی خوارەوە بوون لە کەلیسا دوور دەکەوتنەوە. هزر و زانست لە پاوانکردنی کەلیسا دەردەچوو. لە هەموو جێگایەک یاخیبوون بەرامبەر بە دەسەڵاتخوازیی و ژیانی پارێزکارانە سەری هەڵدابوو. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو چەرخەی کە بە ڕێنسانس دەست پێدەکات گەڕانەوە بوو بۆ نەریتە هزری و فەرهەنگییەکانی سەردەمی کۆن کە بۆ یەکەمجار هیومانیستە ئیتالییەکان و لەوانەش شاعیری بەناوبانگی ئەم چەرخە (پترارک) خوازیاری ژیاندنەوەی

بوون. ئەم بزاوتە کە سەرەتا لە ئیتالیا (بەهۆی پێشڕەوایەتی لە گەشەپێدانی بازرگانی، پێوەندییە نوێیەکان و گەشەکردنی چینی نوێی بۆرژوازی) دەستی پێکرد بوو بەرەو ناوچەکانی دیکەی ئەورووپا ڕەگی داکوتا. ژول میشیلە مێژوونووسی بەناوبانگی فەرەنسا لە ساڵی (١٨٨٥) بەرگی حەوتەمی کتێبەکەی بە دووبارە زایینی (ڕێنسانس) ناو ناوە و لە هەڵسەنگاندنی خۆیدا بۆ ڕەوتی مێژووی گشتی مرۆڤ شوناس و خەسڵەتێکی تایبەتی بۆ ئەم سەردەمە دەستنیشان کردووە. میشیلە ڕێنسانس بە خاڵی بەرامبەر سەدەکانی ناوەڕاست پێناسە دەکات و باس لە هەندێ پرس دەکات کە ڕەهەندی نوێ یا مۆدێرنی مێژوو دروست دەکەن و دەبێ بە ڕەگەزی دووبارە زایین لە قەڵەمیان بدەین. میشیلە سەدەکانی ناوەڕاست وەک سەردەمێک ناودەبات کە تێیدا زانست و سروشتی مرۆیی لە بیرکرابوون و مرۆڤ لە ئازادی خۆی بێبەش کرابوو. بەپێی بۆچوونی میشیلە گەشەکردنی زانستی نوێ بە هەوڵی کەسانێکی وەک کۆپرنیک و گالیلۆ، سەرهەڵدانی پرۆتستانیزم، یا چاکسازی ئایینی لەلایەن کەسانێکی وەک مارتین لۆثەر و جان کالڤین و بزاڤی نوێی هونەری بەکاری کەسانێکی وەک لیۆناردۆ داڤینچی و ڕافایل و نوێگەرایی ئەدەبی بە کاری کەسانێکی وەک پترارک و دانتە، وایان کرد کە مرۆڤ بەرەو ڕێڕەوێکی نوێی وەرچەرخان هەنگاوی بنێ و جارێکی تر ڕۆحی خۆی بدۆزێتەوە، میشیلە بزاڤی «دۆزینەوەی مرۆڤ و دۆزینەوەی جیهان»ی بە «جەوهەری ڕۆحی مۆدێرن» لێکدایەوە کە جووڵەی سەرەکی چەرخی ڕێنسانسی پێک دەهێنا.

ئەو تۆژینەوانەی کە زانایانی دیکە لە بارەی چەرخی ڕێنسانسەوە ئەنجامیان داوە هەندێ ڕەهەندی وەک «کامڵبوونی چەمکی ستاک» «ژیاندنەوەی چەرخی کۆن» و سەیرکردنی «دەوڵەت وەک دەستکردی مرۆڤ» یان بە ڕوخسارە دیارەکانی دیکەی بزاڤی ڕێنسانس لە قەڵەم داوە.

سێ ڕەوتی سەرەکی لە مێژووی ئەورووپا بە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕێنسانس دادەنرێن. ئەم سێ ڕەوتە بریتین لە هیۆمانیزم، چاکسازی ئایینی و شۆڕشی زانستی. بۆ تۆژینەوە لە هزری ڕامیاری چەرخی نوێ سەرەتا دەبێ لەگەڵ ئەم سێ ڕەوتەدا ئاشنابین.

### هیۆمانیزم

هیۆمانیزم بزاڤێکی فەرهەنگی بوو کە بە گەڕانەوە بۆ تێڕوانینی زانایانی چەرخی کلاسیکی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە مرۆڤ بووە دەستپێکی گۆشەنیگایەکی نوێ لەسەر مرۆڤ کە لەبەرامبەر تێگەیشتنی سەدەکانی ناوەڕاست لەسەر مرۆڤ ڕاوەستا. ئایینی مەسیحییەت لە سەدەکانی ناوەڕاست بەهۆی دیدگای دۆگمایانەی خۆی لە سنووردارکردنی چوارچێوەی دەسەڵات و ئازادی مرۆڤ لە بەرامبەر حەوزەی خوداییدا و سەیرکردنی وەکو قوربانی «یەکەمین گوناه» جێگایەکی زۆر تەسکی بۆ مرۆڤ لەم جیهانەدا دەستنیشان کردبوو.

فەلسەفەی سکولاستیکیش بەهۆی تۆژینەوەی لە بارەی مرۆڤەوە لە چوارچێوەی پێناسەی ڕشتە گشتییەکاندا بە شێوەیەکی تەواو ئابستراکت (ئینتزاعی) مەعریفەی پێوەندیدار بە مرۆڤ کردبووە بابەتێکی بێ ڕۆح. هیۆمانیزم کاردانەوەیەک بوو لە بەرامبەر هزرە دۆگماکانی سەدەکانی ناوەڕاست و تێگەیشتنێکی تازەبوو لە مرۆڤ وەک بوونەوەرێک کە نەک قوربانی «یەکەمین گوناه» نییە، بەڵکو خوازیاری پەرەپێدانی ئازادییە سروشتییەکانی خۆیەتی. هیۆمانیزم وەک ڕووکردنە هونەر، ئەدەبیات و هزرەکانی چەرخی کلاسیک لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا (سەردەمی یۆنان و ڕۆم) بە شیعری (پترارک)ەوە دەستی پێکرد و لە هزرەکانی (ئاراسموس)دا بە بەرزترین شێوە ڕەنگی دایەوە. تێگەیشتنی هیۆمانیستی لە مرۆڤ لە سەردەمی پترارک شاعیر و زانای سەدەی چواردەیەمی ئیتالیا دەستی پێکرد. پترارک بە پێچەوانەی نەریتی سەدەکانی ناوەڕاست لە بری ڕێسا پێوەندیدارەکان بە بیروبۆچوونی سکولاستیک خەریکی لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە بوو لە بارەی ڕەفتاری مرۆڤ بەو جۆرەی کە لەواقیعدا هەیە.

ئەو مرۆڤی بە بوونەوەرێک وێنا کرد کە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی بگاتە ژیانێکی باشتر، بەڵام هەوا و هەوەسی چەند لایەنە، هەر لە حەزی خودخوازانەی زەمینی و نائومێدییەوە بگرە هەتا ئارەزووی گەورەیی و نەمری، ئەوی بەسەر چەند بەشێکدا دابەش کردووە. بەگشتی هیۆمانیستەکان لە پلەو پایەی وتاربێژ، شاعیر، مێژوونووس و زانای ئەخلاق مرۆڤیان بە بوونەوەرێک دەبینی کە بە ویست و کرداری خۆی جوانییەکان و چارەنووسی زەمینی خۆی دەخوڵقێنێ. هیۆمانیستەکان پتر پشتیان بە ڕەهەندی غەریزی و سۆزی مرۆڤ دەبەست تا ڕەهەندی عەقڵانی ئەو. عەقڵ بەو هەموو گرنگییەکەی کە هەیەتی بازنەی دەسەڵاتی سنووردارە و نەدەتوانێ بەسەر هەواو ئارەزووەکاندا زاڵ بێت و نە دەتوانێ بەسەر دژواری تێگەیشتن لە نهێنییەکانی نەمریدا زاڵ بێت.

تێگەیشتنی هیۆمانیستی لە مرۆڤ ڕەنگدانەوەی بەشداریکردنی مێژوویی خەڵکی خوێندەواری شارنشین بوو لە چینی ڕەشۆکی (عەوام) لە ژیانی فەرهەنگیدا، ئەو بوارەی کە لەمەوپێش لە بنەڕەتدا لەژێر کاریگەریی قوتابخانە و ئاکادیمییە کەلیساییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە ئەرستۆکراتییەکاندا بوو. سیستەمی پەروەردە و فێرکردن

بەرە بەرە لەژێر دەسەڵاتی دێر و کەلیساکان هاتە دەرەوە، بەم حاڵەش هەموو هیۆمانیستەکان لە لایەنگرانی سکۆلاریزم (نەریتگەرایی) نەبوون. هەندێ ڕەوتی تازە لە مەسیحییەتیش بە تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان ڕوویان کردە هیۆمانیزم و تەنانەت هەوڵی ژیاندنەوەی هونەر و ئەدەبی چەرخی کۆنیان دەدا. هەر بۆیە هەندێ کەس باسیان لە بزاڤی «هیۆمانیزمی مەسیحی» کردووە.

هیۆمانیزمی مەسیحی تێکەڵەیەک بوو لە «فەلسەفەی مەسیح بە لێکدانەوەی ئاراسمۆس و فەلسەفەی ئەخلاقی یۆنان و ڕۆحی کۆن» هیۆمانیستە مەسیحییەکان لە جیاتی خوداناسی (تیۆلۆژی) لەسەر ئەخلاق و لەبری ڕواڵەتە ئاینییەکان، جەختیان لەسەر باوەڕی دەروونی دەکردەوە. هیۆمانیزمی مەسیحی لەژێر ڕێبەرایەتی ئاراسمۆس بووە بەرنامەیەکی چاکسازی بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی. ئاراسمۆس وتاربێژ و زانایەکی کۆتایی سەدەی پازدەیەم و سەرەتای سەدەی شازدەیەم بوو لە کەلیسای ڕۆتێردام کە ڕەخنەی لە فەلسەفەی سکولاستیک گرت و ڕووی کردە ژیاندنەوەی نەریتە فەرهەنگییەکانی چەرخی کلاسیک. چاکسازیخوازانی ئایینی و پرۆتیستانەکان کە لە بەشی داهاتوودا باسیان لێوە دەکەین هەرچەندە هێرشیان دەکردە سەر ئەو شتانەی کە بە ڕەهەندی کوفر ئامێزی بزاڤی هیۆمانیزم ناویان لێ دەبرد، بەڵام وەک هیۆمانیستە نەریتگەراکان (سکۆلار) هەوڵی ژیاندنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کلاسیکیان دەدا و بە پێویستییەکی بڕواداری ڕاستەقینەیان لە قەڵەم دەدا. بە گشتی هیۆمانیزم لە سیستەمی ژیانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیدا مرۆڤتەوەری کردە جێگری خودا تەوەری سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست.

### چاکسازی ئایینی و پرۆتیستانیزم

لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمی زایینی لە ئەورووپای باکووری بزاڤێک بۆ کاردانەوە بەرامبەر بە بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمەکانی کەلیسای کاسۆلیکی ڕۆحی دەستی پێکرد کە پاش پەرەسەندن لەناو بەشێکی بەرفراوانی خەڵکی مەسیحی و کامڵکردنی فێرکراوەکانی خۆی ئایینزای پرۆتستانی وەک یەکێک لە سێ ئایینزای گەورەی مەسیحییەت بنیات نا. ئەم بزاڤە کە بە پرۆتیستانیزم ناودەبرێت لە هەموو جێگایەک کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و ڕامیاری خەڵک دانا.

وشەی «پرۆتیستان» سەرەتا لەلایەن نەیارانی ئەم ڕەوتە بۆ ئەوان بە کاردەهات، بەڵام پاشان بوو بە زاراوەیەکی باو. لایەنگرانی ئەم ڕەوتە زاراوەی «بزاڤی چاکسازی ئایینی» بە چاکتر دەزانن. مارتین لۆثەر و جان کالڤین بە دوو کەس لە ڕێبەرانی سەرەکی ئەم بزاڤە دادەنرێن. لە ساڵی (١٥١٧) مارتین لۆثەر کە بە خۆی قەشە بوو، ڕاگەیاندراوێکی (٩٥) خاڵی لەبەردەم کەلیسای ویتنبرگ هەڵواسی کە لە بارەی ڕێ و ڕەسمی لێخۆشبوونی گوناهەکان و هەندێ پرسی باو لە کەلیسای ڕۆم بوو کە تێیدا باس لەوە کرابوو کە کرداری دەرەکی وەک ڕێ و ڕەسمی کڕینی لێخۆشبوونی گوناهەکان (کە لە چوارچێوەی کەلیسای کاسۆلیکدا باوبوو) ناتوانێ جێگای ئەو تەوبەیە بگرێتەوە کە لە ناخی دڵەوە هەڵقوڵاوە، چونکە تیۆری لێخۆشبوونی گوناهەکان پێوەندی بە دەسەڵاتی پاپاوە هەبوو هەر بۆیە ئەو ڕەخنە و ناڕەزاییە لە ڕاستیدا هەموو لایەنەکانی دەسەڵاتی پاپای دەبردە ژێر نیشانەی پرسیارەوە. ئەڵمانییەکان کە زۆر بە توندی نارازی بوون بەرامبەر بە دەست تێوەردانی پاپا لە وڵاتەکەیاندا بۆ پشتگیریکردنی لە لۆثەر ڕاپەڕین و ئەم بزاوتەیان لەگەڵ بزاڤی ناسیۆنالیزمدا تێکەڵ کرد.

– چاکسازیخوازە ئاینییە سەرەتاییەکان دەیانویست کەلیسا ساکارتر بکەنەوە و لەو ناپاکییانە پاکی بکەنەوە کە گیرۆدەی ببوو. لایەنە دیارەکانی ئەم بزاڤانە، کە خۆیان بازنەیەکی بەربلاویان دەگرتەوە، بریتی بوون لە جەختکردنەوە لەسەر ئینجیل تەوەری لە بری بە تەوەر کردنی کەلیسای ڕۆم، بڕوامەند بوون بە پرەنسیپی «ڕۆحانی بوونی هەر بڕوادارێکی مەسیحی» لە بری مەرجەعییەتی فەرمی، پشت بەستن بە هەڵسوکەوتی بڕوادارانی پشت بەستووبە ڕێنومایی خوداوەند لەبری مەرجەعیەتە ئۆرگانیزە کراوەکان و سەر ئەنجام (ویژدانی ئازاد)ی بڕواداری مەسیحی.

هەرچەندە بزاڤی چاکسازی لە شێوازی پەتی خۆیدا ڕابوونێکی ئایینی بوو هەر لەسەرەتاوە هەندێ ڕەهەند و دەرەنجامی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و ئابووری گرنگیشی لەخۆ گرتبوو کە وەرچەرخانی بنەڕەتی لە گەلێک لە بوارەکانی ژیاندا دروست کرد. ریفۆرمخوازە سەرەتاییەکان لەوانەش مارتین لۆثەر لە قۆناغی یەکەمیدا لەگەڵ پرسە وتاربێژییەکان بەرەوڕوو بوون. تێگەیشتنی مارتین لۆثەر لە قووڵترین واتای ئینجیل کاریگەرییەکی سەقامگیری لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبوو. یەکێک لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی لۆثەر، هەروەک کە نامیلکەکەی بە ناونیشانی «ئازادی مەسیحی»دا هاتووە، ئەمەیە کەباوەڕی ئایینی دەبێ لەسەر ئەوین بنیات نرابێت. ئەوینی مرۆڤ وەک ئەوینی خوداوەند نابێ بە شایستەیی لایەنی ئەوین مەرجدار بکرێت.

بە بۆچوونی لۆثەر هەموو ڕاستییەکان پێوەندییان بە مەیدانی خواوەندەوە هەیە. کەلیسا بۆ چاکەی مەعنەوی و دەوڵەت بۆ چاکەی مادی مرۆڤ دروست بووە. کەوابوو

بواره عورفییەکانی ژیان وەک بنەماڵە، هاوسەرێتی و دەوڵەتیش هەموویان بەشێکن لە سیستەمی خوداوەندی. ئەم سیستەمانە ئەگەرچی لە ڕووی مێژووییەوە تووشی کامڵبوون و لە ڕووی پێکهاتەییەوە دووچاری گەشەکردن دەبن، بەڵام سەرچاوەکەیان خوداییە و بە فەرمانی خودایی دەجووڵێنەوە، ئەم دیدگایە بە واتای تێپەڕبوونە لە هەڵسەنگاندنی نێگەتیڤ بەرامبەر ئۆرگانە نائاینییەکان بەرەو هەڵسەنگاندنێکی پۆزەتیڤ لەم ئۆرگانانە بەو جۆرەی کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا باو بوو. هەروەک لە بەرگی یەکەمدا ئاماژەی پێکرا، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئۆرگانگەلێکی وەک هاوسەرێتی و دەسەڵاتی دەوڵەت بەو سنوورانە لە قەڵەم دەدران کە بەهۆی «یەکەمین گوناه»ەوە سەپێنراون، بەڵام لۆثەر ئەم ئۆرگانانەی وەک ئامرازی ئەوینی خوداوەند ناساند و تێڕوانینی پۆزەتیڤی لەسەریان دروست کرد.

بە بۆچوونی لۆثەر سیستەمی یاسای سروشتی بە بناغەی هەموو دەسەڵاتە نا ئایینییەکان و لەوانەش دەسەڵاتدارانی نا مەسیحی دادەنرێت، چونکە گرووپە مرۆییەکان ملکەچی فەرمانی خوداین، هەر بۆیە یاسا باشەکانی ئەوان ناتوانێ دژ بە ویستی خوداوەند بێت. بۆچوونی لۆثەر لە مەڕ کۆمەڵگا و فەرهەنگی مرۆیی دیالیکتیکییە. فەرهەنگی و کۆمەڵگا لەلایەکەوە نەریتێکی خودایین و لەلایەکی ترەوە نەریتێکی خۆیین. لەو ڕووەوە بە نەریتێکی خودایی دادەنرێت کە کرداری ئەفراندن هەمیشە کردارێکی تایبەتە بە خوداوەند کە ئەفرێنەر و دەسەڵاتدار و پارێزەری هەموو شتێکە و لەلایەکی ترەوە نەریتێکی خۆیین لەو ڕووەوە کە بەرهەمی کرداری ئازاد، عەقڵانی و بەرپرسانەی تاکی مرۆیین. بڕوادارانی مەسیحن کە بە پاڵنەری ئەوین دەکەونە جموجوڵ دەبێ بەشداری لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا بکەن و بە ئاراستەی چاکەی مرۆڤ چاکسازی تێدا بکەن.

ڕەخنەی لۆثەر لە مەسیحییەت بەو جۆرەی کە لە کەلیسای کاسۆلیکدا ڕەنگی دابووەوە، پێی لەسەر ئەم داخوازییە دادەگرت کە تاکی بڕوادار لە سەرپەرشتکاری ئەو ئۆرگانە جۆراوجۆرانە بە تایبەتی کەلیسای ڕۆم و کۆت و بەندە کلاسیکییەکان ڕزگار بکات. بەم جۆرە کارەکەی ئەو کارێکی ئازادیبەخش بوو. ئەم پەیامەش بووە هۆی کامڵبوونی ئەو تێگەیشتنە لە ئومەت کە تەنیا بە پێوەندییەکی بڕوادارانە و ئەوین بۆ خوداوەند لێک گرێ دراون، بەڵام ئەم هزرە لە چاو ئەو واقیعە ڕامیارییانەی کە لە ئارادابوون، هەڵوێستێکی شەرمنانەی هەبوو. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێک لە هزری ئایینی لە ڕووی پێوەندی بڕواداران لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵگادا. هزری کالڤین بۆ نەهێشتنی ئەم کەموکوڕییە و چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە سەری هەڵدا.

کالڤین لە بەرامبەر پێکهاتە و نەریتەکانی کەلیسای کاسۆلیک، کە لۆثەر لە بەرامبەریدا ڕاپەڕیبوو و ناچار بە پاشەکشەی کردبوو، هەوڵی دا بیروباوەڕە جێگرەوەکان سەقامگیر بکات. لە کالڤینیزم مەسیحییەت ئیدی تەنیا هاوبەشییەکی مەعنەوی بڕواداران نییە لەگەڵ خوداوەنددا بەڵکو ئاینێکی کۆمەڵایەتییە. کالڤین لەو باوەڕەدا بوو کە مەسیحییەت بەبێ سەقامگیربوونی بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانێ یەکگرتوویی و یەکپارچەیی گرووپی بڕواداران دابین بکات. لایەنگرانی کالڤین لەو باوەڕەدا بوون کەلیسای لۆثەری بەهۆی بێ لایەنی لە کاروباری ڕامیاریدا دەرفەتی زیان لێکەوتنیان هەیە. بەم جۆرە ئەوان هزری ڕامیارییان بە ئاراستەی بەشداری چالاکی بڕواداران پاڵ پێوەنا لە بواری کرداری ڕامیاری و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو جیهانەی کە لە ئارادایە بە ئاراستەی جیهانێکی ئیدیال.

تیۆری کالڤین تیۆرییەکی پۆزەتیڤی ڕەخساند بۆ بۆرژوازی لە حاڵی گەشەکردنی و چالاکییە ڕامیارییەکان لە تێڕوانینیاندا بەرامبەر بە جیهان، لە تیۆری کالڤین جیهانی سیاسەت، جیهانێکی سەربەخۆیە کە تێیدا مرۆڤ خەریکی ڕێکخستنی کاروباری گشتی خۆیەتی. واتای ئەم وتەیە لە هەمان کاتدا جیاوازی جیهانی ئایینی و جیهانی سیاسەتە. هەروەک ماکس فیبەر، کۆمەڵناسی گەورەی ئەڵمانی لە کتێبەکەی خۆیدا بەناونیشانی پرۆتیستانیزم و ڕۆحی سەرمایەداریدا باسی لێوە دەکات، پرۆتیستانیزم کاریگەری هەبووە لە گەشەکردنی سەرمایەداری لە ڕۆژئاوادا. مەبەست لە (ڕۆحی سەرمایە) کە ماکس فیبەر باسی لێوە دەکات بڕوا بوونە بە هەوڵی بێوچان، پارێزگاری، دوورکەوتنەوە لە چێژخوازی و بەرەڵڵاییە کە لە هزری کالڤیندا ڕەنگی داوەتەوە. کالڤین ستایشی (نەزیلە ئابوورییەکان)ی وەک هەوڵی بێوچان، دەست پێوەگرتن و دوورکەوتنەوە لە زێدەڕۆیی کردووە و ئەم تایبەتمەندییانەش کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی سەرمایەداریدا هەبووە. کالڤین تەنانەت قەدەغەکردنی ڕەهای تەوراتی لەمەڕ ڕیبا پێشێل کرد و ئەو جۆرە ڕیبایەی پەسەند کە زیان بە هەژاران نەگەیەنێت. بەم جۆرە کالڤین فەرمانە ئاینییەکانی خستە خزمەت پێداویستییەکانی کۆمەڵگای بازرگانی مۆدێرن.

پرۆتیستانیزم هەروا پشتیوانی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتە ڕەهاکان بوو کە لە سەدەکانی شازدە و حەڤدە لە ئەورووپا دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو و کاری لەناوبردنی سیستەمی فیۆدالی، گەشەکردنی سەرمایەداری و نفووزی چینی بۆرژوایان بۆ پلەکانی دەسەڵات خێراتر کرد. پرۆتیستانەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژایەتی پاپا، پاشاکانیان بە هاوپەیمانی سروشتی خۆیان لە قەڵەم دەدا.

## شۆڕشی زانستی

شۆڕشی زانستی بە ڕەهەندێکی گرنگی دیکەی ڕێنسانس دادەنرێت. هەندێک لە ڕاڤەکاران ئەو وەرچەرخانەی کە شۆڕشی زانستی لە تێڕوانینی خەڵکیدا دروستی کرد زۆر بە گرنگتر لە بزاڤی چاکسازی ئایینی هەڵدەسەنگێنن. دەگوترێ بە درێژایی ئەو سەردەمەی کە بەبلاوبوونەوەی کتێبی سووڕانی فەلەکەکان لە نووسینی (کوپرنیک)ەوە دەست پێدەکات و هەتا کتێبی بنەماکان لە نووسینی نیوتۆن درێژدەبێتەوە (١٤٥٣-١٦٨٧) وەرچەرخانێکی گەورە لە هەموو بنەماکانی ژیانی هزری و فەرهەنگی ڕۆژئاوادا ڕوویان دا. بەهۆی ئەو وەرچەرخانەی کە لە فەرهەنگی ڕۆژئاوادا ڕووی دا، زانست شێواز و تێڕوانینی زانستی وەک هێزی سەرەکی ڕێنماییکەری ژیانی مەیدانی بە تیۆلۆژی و ئەدەبیات چۆڵ کرد.

لە سەدەی حەڤدەیەم زانستی نوێ بووە هۆی ئەوە کە ئایینی مەسیحییەت لە بواری ژیانی مادییەوە بەرەو بواری ئەخلاقی تایبەتی پاشگەزبێتەوە. زانستی نوێ تەنانەت بووە هۆی گۆڕینی تێگەیشتنی فەیلەسووفەکان لە جیهان و هەندێ ئامرازی نوێی خستە بەر دەستی تیۆرداڕێژانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری (لە ناساندنی هزری ڕامیاری تۆماس هۆبز، بیرمەندی گەورەی سەدەی (١٧) لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوەی پتر دەخەینە ڕوو). زانستی نوێ تێڕوانینی مرۆڤی بەرامبەر بە نەریتەکان گۆڕی و ئەم دەرفەتەی بۆ مرۆڤ ڕەخساند تا سەربەخۆبوونی خۆی لە ڕابردوو بگەیەنێت. یەکێکی دیکە لە ئەنجامەکانی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی زانستی نوێ ئەوە بوو کە ئەمەی بۆ مرۆڤ سەلماند کە چاکسازیکردنی هەلومەرجی ژیان تەنیا بە گۆڕانکاری لەناوەوەی مرۆڤ نایەتە دی، بەڵکو پێوەندی بە گۆڕانی ژیانی دەرەکی و سیستەمی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریشەوە هەیە.

## ماکیاڤیللی

### دەست پێکەری ڕەوتێکی نوێ لە هزری ڕامیاریدا

### کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی

ماکیاڤیللی (١٤٦٩-١٥٢٧) سیاسەتمەدار، تیۆرداڕێژ و نووسەر و شاعیری گەورەی چەرخی ڕێنسانسی ئیتالیا لە شاری فلۆرانس لە دایک بووە. بنەماڵەکەی بە بنەماڵەیەکی ناسراوی ڕامیاری و دێرین دەژمێردرێ. باوکی ماڵ و سامانێکی زۆری نەبوو، بە پیشەی پارێزەری و دادنووسی ژیانی بەڕێوە دەبرد، بنەماڵەکەیان موڵکدارێکی ناوەنجی بوو و هەربۆیە نە بە چینی ئەرستۆکرات لە قەڵەم دەدراو نە بە خەڵکی ڕەشۆکی. بەم حاڵەش ماکیاڤیللی توانی خوێندنێکی وەها بکات کە بیخاتە ڕیزی دەستەبژێری شاری خود موختاری فلۆرانسەوە. لەو سەردەمەدا لە کۆماری فلۆرانس تەنیا چینێکی بەرزی کۆمەڵایەتی دەیتوانی لە خوێندنی بالاّو لەوانەش فێربوونی زمانی لاتینی سوودمەند بێت و ماکیاڤیللیش یەک لەو کەسانە بوو. فلۆرانس شارێکی بازرگانی بوو، خوێندنی زۆربەی خەڵکیش لە ئاست بەڕێوەبردنی کاروباری بازرگانیدا بوو.

ماکیاڤیللی بە پێی هەلومەرجی سەردەم کەوتە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی ڕێنسانس و پەروەردەی هیۆمانیستی (قوتابخانەی ڕەسەنایەتی مرۆڤ). وایپێدەچێت ماکیاڤیللی بەشداری لەو وانە زانکۆییانەدا کردبێت کە لەو سەردەمەدا بە پێچەوانەی نەریتی سەدەکانی ناوەڕاست تەژی بوو لە ڕۆحی هیۆمانیستی. لە تەمەنی (٢٩) ساڵیدا چووە ناو سیاسەت و لە پۆستەکانی سکرتێری دیوان، دیپلۆمات و بەڕێوەبردنی کاروباری سەربازیی فلۆرانس بە ئیش و کاری حکومییەوە خەریک بوو، بۆ ماوەی (١٤) ساڵ وەک بەرپرسێکی بەرزی حکومی و دیپلۆمات، گەلێک ئەزموونی کۆکردەوە. بۆ وێنە لە دەربارەکانی فەرەنسا، سویسراو ئەڵمانیا ئەرکی دیبلۆماسی پێ سپێردرا.

لە ساڵی (١٥١٢) دوا بەدوای یەکێک لەو هەوراز و نشێوە بەردەوامانەی فلۆرانس و هاتنە سەرکاری بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا بەناوی (مدیچی) بەتۆمەتی بەشداری لە پیلان داڕشتن دژ بە بنەماڵەی مدیچی لەسەر کار لابرا و زیندانی کرا. لە زینداندا ڕووبەڕووی گەلێک ئەشکەنجەی قورس بووەوە، بەڵام وادیارە توانی لەبەرامبەر ئەو ئەشکەنجە ترسناکانە، دان بە خۆیدا بگرێت و مل بۆ ئەوادانپیانانە سەپێنراوانە کەچ نەکات کە وەک تۆمەتبارەکانی دیکە دەبووە هۆی لە سێدارەدانی. پاش بەربوونی لە زیندانی بەرەو تاراوگە دوورخرایەوە و ڕۆیشتە مەزراکەی خۆی لە دەرەوەی فلۆرانس و بە نووسینی کتێبەوە خەریک بوو. کتێبەکانی لە بواری تیۆری ڕامیاری و سەربازی بریتین لە: (میر، وتارەکان، مێژووی فلۆرانس (ناتەواوە)، هونەری جەنگ) ماکیاڤیللی شاعیر و نووسەریش بوو. کتێبەکانی چیرۆک و تەنزی ماندراگولا و بلفاکور لە ڕیزی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەودان.

ئەوپرسە سەرەکییەی کە زەینی ماکیاڤیللی بەخۆیەوە خەریک کردبوو، جۆری حکومەتی شیاو بوو بۆ فلۆرانس و ڕزگارکردنی ئیتالیا بوو لەو ڕەوشە کارەساتبارەی کە لەو سەردەمەدا بەدەستییەوە دەیناڵاند. ئیتالیا لەو سەردەمەدا تووشی پرشوبلاوی و پشێوی و دەستتێوەردانی سەربازی وڵاتانی دراوسێ ببوو.

# بریقەی زیوێک

کەریم دەشتی

ئەو ڕۆژە هێشتاکە زارم بۆنی زرومبات و شیری خاوی لێدەهات
هێشتاکەش هەر وام دەزانی ئەستێرە چەند
وشییە مەرجانێکی زەردن
بە ئاسمانەوە لکێنراون
هاکا ئەستێرەیەک وەری و کەوتە نێو کۆشی منەوە
شەوان کە تێنوومان دەبوو
لە گەردەنی باریک و ساردی شەربەیێ
قوم قوم ئاوی جۆگەلەکانی بەهەشتمان دەخواردەوە
کاتێ کە بانیشمان دەڕشاند
بۆنی خاک مەستی دەکردین
کە ئاسمان هۆن هۆن دەگریا
پێمان وابوو ئەوە ئاسمان کون بووە
ئاوی چاوی خوداوەندە کە هەڵدەڕژێ
سەدای هەڵڕژانی ئاو لە سولاوکە ژەنگینەکان
فێری گوێگرتنی کردین
نەوا بوو هەڵدەڕژا بۆمان کۆ نەدەکرایەوە
ئێوارانیش کە خۆر دەبوو بە تۆپەڵێکی سوور
پێمان وابوو ئیدی دەگەڕێتەوە ناو هەناوی خاک
ئاسمانیش کلاوێکی شینە لەسەر زەوی چەسپیوە
ئەو ڕۆژە هێشتاکە زمانم
بۆنی خۆڵی بەر پێی باڵندەکانی لێدەهات
کە چوومە پۆل تۆف و زریانێکی تووش سروشتی سپی کردبوو
هێشتاکە سپێدە بۆنی عەتری ناولەپی شەوی لێدەهات
کەوێ لە ڕەنگی تاوێری چیا و
دەنووکی لە جوانیی شەبەنگی سەد ڕەنگی هەتاو
باڵی لە هەیبەتی ڕەندێ
تووکی لە شەوقی هەزار چەشنی خوناو
ڕێی کەوتبووە ناو پۆلەکەم
چی کتێبی دەستم هەبوو لە چەمکی زانست بەتاڵ بوو
کتێبی چی... تا کەو هەبێ
ڕەبی ئاگری گشت دونیا لە جەستەی کتێب بەر بێ
دەرگام داخست
من پێم وابوو تاجی هەرچی مەملەکەتی دونیایە
هەمووی لەسەر شانی منی تەنهادایە
دڵم هێندە بە خورپە لێی دەدا
دەتگوت دەیەوێ دەرپەڕێ
هێندە بەدوای کەودا ڕام کرد



ئێستاش بە هیلاکیی ئەو ڕاکردنە دەژیم
کە گرتم دڵی کەوەکەش
هێندە بە خورپە لێی دەدا دەتگوت دەیەوێ دەرپەڕێ
ئێمە لەو نەخشە وردەدا.. دوودڵ بووین.. دڵ
دڵی من و دڵی تەتەرێکی چیا
کە لەو سپێدە ساردەدا قەدەر بەیەکی هێنابووین
کتێبی چی... قەڵەمی چی... مامۆستای چی...
کە کەوم لە باخەڵدا بێ
ڕەبی هەرچی قەڵەم هەیە لە دەستان کوێرایی دابێ
کە کەو وەک کەوکەوی سارا بۆ من هاتبێتە ژوان
ڕەبی هەرچی مامۆستایە هیچی لەبیر نەمینێت و ببێتەوە شوان
من ئێستاکە ئایندەم بەدەست کەوتووە..
ڕام کرد.. ڕام کرد... ئێستاش بە هیلاکیی ئەو ڕاکردنەوەیە دەژیم
دەتگوت، بەرەو جۆگەلەکانی هەنگوینی بەهەشت دەچووم
کە گەیشتم دەرگام لەسەر خۆم و ئایندەم کلیل دا
من و کەو تەنهاترین دوو دۆستی یەکتر نەناسی دونیا بووین
بەرهەڵای فەزای ژوورم کرد...
ئاخر منی منداڵ
کە هێشتا بۆنی شیری خاو لە زارم دێ
چووزانم کەو باڵی هەیە.. باڵ...
ئەو هەمیشە جێگەی دامێنی چیایە
منیش پەروەردەی باخی شار
نەمدەزانی بەتەنها کلاوڕۆژنەیێ...
بەسە بۆ ئەو لە دەستی من نەجاتی بێ
ڕزگاری بێ لە تەنهایی و ساردوسڕی
تێر نەبووبووم لە جوانیی ئەو
کە وەک فریشتەیێ سپی
لە شەققەی باڵی دا فڕی
ڕام کرد.. ڕام کرد.. ڕام کرد
ئێستاش بە هیلاکیی ئەو ڕاکردنەوەیە دەژیم
ڕوو لە چیا.. تۆف.. باران...
ڕوو لە بەفری باریوی کۆساران
فڕی.. فڕی.. هەتا لە چاوانم ون بوو
ئێستاش من هەر سەیری ئەو کەوەی خۆم دەکەم
دوای چل ساڵان.. هێشتا سەدای خورپەی دڵی
لەناو سینەم لێدەدات و نابڕێتەوە
ئێستاش ئاسەواری پێیە چکۆلەکانی
لەسەر پێستی زاکیرەما هەر ماوە و ناسڕێتەوە
هەر کات سەیری چیا بکەم
من ئەوم بەبیر دێتەوە...
ئەی فریشتەی خودا ئێستا لە کوێی؟
وەرە.. دەی جارێکی دی ڕامچڵەکێنە
تەپوتۆزی پیریەتیم لێ بتەکێنە.


# لاوێک بە مریشکەوە

عەباس عەبدوڵڵا یووسف

فۆتۆگراف نییە
بەڕاستییە
فۆتۆگرافیش بێ
بە دڵی ڕۆژئاواییێک دەبێ
لاوێک ڕاوەستاوە، مریشکێکی لە باوەش گرتووە
ژنێتی؟
دەزگیرانێتی؟
دۆستێتی؟
خوشکێتی؟
خوشکەزایەتی؟
کچە مام و کیژە خاڵێتی؟
یا لە ڕەگەزی مێیانەوە، نەوەی ئەوانەیە؟
کورتەک و شەرواڵەکەی
دەستووری گوندانییەکی ناو شارە
لە جیاتی پشدێن، قایشێکی پانی بەستووە
چەفیەی لە مل ئاڵاندووە و یەخەی نەختێ دیارە
کەتافیەی سەر جووت شانیشی، چەتەیی و چاپووکی
دەنوێنن
بۆ شەڕ، مەچەکی هەڵبداتەوە
ماکێک دیارە، خۆی بە جگەرەیەک داخی کردووە

لە گەرماوی گشتیدا، باسکی هەڵبداتەوە
بە وتەی (ئاخ زەمانە) خاڵکوت کراوە
خۆی ڕەق ڕاگرتووە، تەماشای پێشە خۆی دەکات
هەر دەڵێ لە بۆ وێنەی کامیرا خۆی ئامادە کردووە
مریشکەکەش
کڕ و بێدەنگ، تەماشای هەمان جێ دەکات
بە هەمان گومانەکەی من، دەپرسی:
ئەم لاوە...
دەبێ چی من بێ؟
قرتە قرتێک دەکات، لێی تێگەیشتم
جنێوێکی دا، (ئەم سەگبابە لاتە، منی ڕفاندووە و
ئاشەوانیش نییە!)
خۆدوێنی دەکات:
دەبا بە مردنی خۆمان بمرین، بۆ هەر دەبێ
بە دەمی دەعبا، بە تیغەی مرۆڤ بکوژرێین
قرتە قرتێک دەکات:
بەسە کەویاتی و کۆیلاتی... ئازادی... ئازادی،
کیویاتی خۆشترە.. چاکترە
من و لاوەکە لێی تێگەیشتین و
خۆمان نەبیس و نەدی کرد، خۆمان نەناس کرد

تێبینی:
* خوێنەر ئازادە، بەس بێسوود نییە، بۆی بڵێین، لە ناو مێژووی مریشکی کوردیدا، مریشکی سەر بە ئاش و ئاشەوان تێر دانن.
* کەوی =ماڵی.
* خۆدوێنی = مۆنۆلۆگ.
* نەبیس = نابیستوو.



# ئەو كوكوختیانەی بوون بە بەفر

زانا خەلیل
(بیلەفیلد - ئەڵمانیا)

لە ناو بوولێڵی زەمەنێكی ئەرژەنگدا ڕاچڵەكیم.
ڕابووم و
شەمعەی زاكیرەمم داگیرساند
پۆلێ كوكوختی بە سەریدا هەڵكورمابوون.
هاتەوە بیرم جارێ قەدەر قەرەجانە
پێی گوتبووم:



لە هەموو ئەوانەدا تەنیا یەكێك بخوڵقێنە.
من چیم كرد..؟
بێگومان پاش داگیرساندنی جگەرەیێ
درێژیی پرچی تاووسێكی ئێزدی و
شەرمنیی پرچی مامزێكی فارسم تێكەڵاو كرد..
خەندەی «ئەننا» و فرمێسكەكانی «هەتاو»م
تێكەڵاو كرد..
دڵی سۆزانییەكی قەرەج و
سۆزی ژنە ئەفریقییەكی ڕەوەندم تێكەڵاو كرد..
سینەی «ئەڤۆ» و
سمتی ڕەقی «لێنا» و
بەژنی ماینێكی توركمانم تێكەڵاو كرد..
برۆنزیەتی گلێنەكانی «ڕووپاك»م هێنا و
لەگەڵ ڕەشاتی برژانگەكانی قەلەڕەشێكی بریندارم
تێكەڵاو كرد
لە هەموو ئەوانەیش سەیرتر
گەرمایی جەستەی كوكوختییەكی ناسیار و
بەفرینیی پێستی «ئۆلگا»م تێكەڵاو كرد..
من هەموو ڕەنگەكانم تێكەڵاوكرد.
فەرمانی قەدەرم هێنایە جێ و
لەو هەموو كوكوختییەدا
بە تەنیا كوكوختییەكم خوڵقاند و
بەشێكی پەراسووی خۆمم پێ دروست كرد.
جگەرەكەم تەواو بوو.. نوستم.
سپێدە ڕابووم.
ئەو كوكوختییەی كە بڕیار بوو هەرگیز
هێلانەی سینەم جێ نەهێڵێ
وەكو كلووی بەفر
بە پێچەوانەی بەفر
ڕوو لە ئاسمان هەڵدەكشا
هەر هەڵكشا و هەر هەڵكشا
تا لەبەر چاودا ونبوو..
زەمەن هات و چوو
ڕۆژێ ئەو كوكوختییەم دیتەوە
ببوو بە بەفر
لە ناو چوارچێوەی شیعرێكی بێڕەنگدا.

# فریشتەکانی بەفر

عوسمان محەمەد هەورامی
(سلێمانی)

**بێ دەربەست و زۆر بێ پەروا**
**خۆتانئاسا**
**ڕاست و دروست چاک سەلمانتان**
**وەک تیری گۆشەنیگاتان**
**نیشانپێکە**
**دەستتان ڕاست و**
**دەستوبردتان ڕێکوپێکە،**
**دڵتان پاکە**
**بە ڕووبەری واتای پاکی**
**تۆپەڵتان وەک دڵتان تاکە**
**گەشتی ناو بەفر و بارانتان**
**جوانە هەروەک گەشەی جوانتان؛**
**چریکەی دەروونتان گوڵزارە**
**گیانتان مەلی گەردنزەردی**
**سەرچڵەپۆپەی بەفرانبارە،**
**خۆملاسدانتان**
**لەناو لانەی**
**سپی سپیی ورشەدارا**
**ناسکترین ڕوانگەیە**
**سڵەمینەوەی گەش و سرکتان**
**چەپکەگوڵی سەیرانگەیە،**
**دەست و پەنجەی ورشەی ڕەنگین**
**هەر بە وێنەی**
**نیگای شیرینی زۆر شیرین**
**دەهەنگێوێ،**
**بە پڕووشەی**
**پەلکەزێڕینەی پەخشانتان**
**سەر لە شەیدایان دەشێوێ.**

**ئێوە کیژۆڵە بەفرینەن**
**واتای شیرینی ئەم ژینەن،**
**پەرچووی ناسک و نیانتان نوان**
**وەک کارمامزی دیدەی گەشتان**
**بەفری ئەزمڕ و گۆیژەتان**
**بە تینی دڵ تواندەوە**
**مێردەزمەی**
**داخ و خەمی دێرینەتان**
**لەسەر دوندان ڕەواندەوە..**
**چیاتان کردە بەختەباران**
**بەسەر هەموو دڵدارانا**
**هەموو شار و دەوروبەرتان**
**بە گوڵەڕەنگینەی بەفرینتان**
**شاباش کرد و**
**شادیی گیانتان دابەش کرد و**
**هەمووان لە خەندەی سروشتا**
**لە توێی جوانترین سەیر و گەشتا**
**بە جارێ مەست و نگرۆ بوون،**
**بەختی سپییان بەرز فڕی**
**بۆ ناو بەستەی کۆڕی گەردوون**

ئێوارەی (٢٠٠٤/٢/٢٢) و بە درێژایی شەویش بەفرێکی زۆر باری، دەشت و بنار و کێوەکان داپۆشران.. بەیانی خۆشی کردەوە. لەگەڵ چێشتەنگاودا گشت شەیدایانی بەفر و سروشت کشان بۆ گۆیژە و ئەزمڕ. لە شەڕەبەفردا کیژان و ژنان گەلێک چالاکتر بوون.. ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بە هەموویان.

# ڕۆژە ڕەش

**حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**

«لاپەڕەیەک لە پەڕاوی بیرەوەرییەکانی شایەتمانێکی تەق و ڕەق، هەر ئەمەندە و هیچی دی..»


ئێستاش لەوەی کە ئەم نامەیەم پێگەیشتووە، واقم وڕبووە و سەرم سووڕماوە، ئەو نامەیەی کە ئەو دێڕەی ناو کەوانەی سەرەوە عینوانی ئەو بوو؛ ئاخە بۆچی بۆ من؟..! ئەو نامەیە دەڵێم، بۆچی دەبێ نامەیەکی ئاوا بۆ من بنێرن؟ بۆچی دەبێ منیان بەرپرس و مولتەزەم کردبێ تا ئەو نامەیە بڵاوکەمەوە؟ ئەویش چی؟ ویراستاری و پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیشیان خستبێتە ئەستۆی من! ئاخە تۆغا من و پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵە و پەڵە؟

دەبا لێگەڕێین، من وزەی ویراستاری و پێداچوونەوەی هیچ دەقێکم نییە، ئەویش دەقێکی وا کەس نەزانێ نووسەرەکەی کێیە! من دیسانەکەش دەڵێم ئەو دەقەی وا بەدوای ئەم تێبینییەدا دەیخوێننەوە، نووسەرەکەی من نیم. ئێوەش وا باشترە بە نووسراوەی منی نەناسن. لە ڕاستیدا وەرن با من و ئێوە، یانی منی نووسەر و ئێوەی خوێنەر؛ مەرج و بڕیارێک ببەستین، یانی چۆنی بڵێم..! وەرن بابڵێم.. یان با وای دانێین کە ئەم چیرۆکە، چیرۆکی نووسەرێکی نەناسراوە و حوسێن شێربەگی تەنیا زوور و زەحمەتی بە چاپ گەیاندنەکەی کێشاوە!

ئەه ئیدی ماندوو بووم، بەسسە، چەنەوەری بەسە، وەرن با پێکەوە دەقەکە بخوێنینەوە!

..! «ڕاست لە کاتژمێر چواری ئێوارەدا لە دەوری مەیانەکە بووم. یان وردتر بم و بڵێم تا کاتژمێری چواری ئێوارە چوار کەڕەتم دەوری مەیانەکە دابوو، تەنانەت لە هەر کام لەو چوار شەقامەشدا کە دەگەنە مەیانەکە یان لە مەیانەکە جیا دەبنەوە، پیاسەکەم کردبوو و کەلێن و قوژبنم پشکنیبوو. ئەوا ئیدی شارەزام مەیانەکەم کە تەی کرد، لادەمە کام شەقام و لەو شەقامەشدا بڕۆمە ناو کامە کۆڵانەوە و لەو کۆڵانەشدا دەقولبابی کام دەرگا بژەنم. یانی چما ڕاستیتان بوێ، لە پاش ئەم گشتە ساڵە گەڕان و بەدووودا گەڕان و تێکۆشانە، بەتایبەت ئەم پانزە بیست ساڵەی ئەم دواییانە بە شوێن کابرای دۆستمدا- ئەو کابرایەی هەڤاڵ و دۆستی منیش و ئێوەشە!

زۆر بە ڕێکەوت دۆزیمەوە- خۆی نا؛- شوێن پێگەی- لە ڕۆژنامەی بەنێوبانگی ڕۆژدا. وێڕای بڕێک تێفکرین و لێکۆڵینەوە یان دەتوانم بڵێم لە پاش پرس و جۆی زۆر زۆردا گەیشتمە ئەم متمانەیە: «ئای.. دۆزیمەوە... دۆزیمەوە...!»*



«هاکا جەماوەر گەیشتە سەرەتای شەقامەکە، جەندەرمە پەنجەیان نا سەر

پەلەپیتکە و تەقاندیان! (بەرەو حەوا). جەماوەر وێستا و مقۆ مقۆی گەڕانەوە هەستا، ئەم بوو چووە پێشەوە، بەسەر جەندەرمەیدا نەڕاند و ڕێگەی جەماوەری کردەوە و سێلاو ڕژایە شەقامەوە..

که بڕیارنامەکەی (ڕێبەرانی چەپ) هات، پەنجا بەرگی فۆتۆکۆپی کرد و هەر بەرگەی بردە دایرەیەک و دایە دەست سەرۆکی دایرەکان و وتی بە ئیمزا و مۆری هەموو فەرمانبەران و کاربەدەستانی بگەیەنن! ئەی ئەو ڕۆژەی مۆڵگەی پاسەوانی شارەکە گەمارۆ درا؟..

زۆری دەرگای مۆڵگەکە ژەنی، کە نەیانکردەوە، مژولیایشێکی** بۆ پاسەوانانی ناوەوە کرد، بە دەرگا و دیواردا سەرکەوت و لەو دیوڕا ئاوەژوو بۆوە، دەرگای لە جەماوەر کردەوە و مۆڵگە گیرا..»

بەڕاستی لە سالانی لافاو و تۆفانە بەسام و بەشکۆکەدا پیاوێکی مەزنی کامڵ و لەوە پێشتر مرۆڤێکی لە مرۆڤایەتیدا بێ وێنە و هەمیشە هەڤاڵێکی تەواوی لێقەوماوان بوو.... ئاخ بڵێی خۆی بێ؟ بڵێی خودی خۆیم دۆزیبێتەوە؟

ئەوە ئێستا لە پاش پانزە بیست ساڵ دووری دیدار و پرسیار و بەدوواداگەڕان، دەڵێی دۆزیومەتەوە. ئەویش زۆر بە ڕێکەوت و هەڵکەوت. لە لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕۆژنامەی فرەتیراژی ئێوارەدا بانگەوازی فرۆشتنی بینایەکیان ڕاگەیاندبوو، وێڕای ئادرێس و ژمارە تەلەفۆن و ناوی خاوەنەکەی. ناوی خۆی بوو، پاش زۆر گومان و سەرسوورمان ژمارەکەم گرت، خۆی هەڵی نەگرت، بەڵام ئەو کەسەی هەڵیگرتبوو وتی: «وایە، خۆیەتی.. بەڵێ ئەوە...».

ئەوا بەڕێوەم و دەچم بۆ لای ئەو. کاتژمێرەکە ڕاست چوار نیشان دەدا. لە مەیانەکەوە بەرێ دەکەوم. (کام مەیان)؟ نا، نا، ئیزنم بدەن ناوی مەیانەکە لای خۆم بێ، لەم مەیانەوە هەنگاو دەنێمە شەقامێکەوە کە بەرەو خۆرئاوا دەڕوا. ناوی شەقامەکە؟ نا، ئەوە نەبوو، هیچ پێم خۆش نییە ئاشکرای کەم، یانی بۆ ئاشکراکردن نابێ! بیست سی هەنگاوێک بە دەستە ڕاستی شەقامەکەدا دەچمە پێشێ و بای دەدەمەوە بۆ کۆڵانی... دیسانیش نا، نا، نا. ئاشکراکردنی ئادرێس و پێ و شوێنێک بەم ئاشکراییە هیچ باش نییە. باش نییە؟

هەر زۆریش خراپە خراپ! باشتر وایە نێوی کۆڵانی سفر**، ئەرێ کۆڵانی سفر*** ئاوا باشترە، بۆ منیش و ئێوەش و بۆ هەمووانیش. ئەوا هەمیسان لەبەری ڕاستی کۆڵانەکەدا، دەرگایەکی ئاسنین و ژەنگاوی لە هەمبەرمدا قووت دەبێتەوە! سەرنجێکی ئەمسەراو سەری دەدەم. دیوار گڵێنە و دوور و درێژ و بڵند و کۆنە و لە زۆر شوێندا ها ئێستا بڕووخێ و ها ساتێکی دیکە. دەرگاکەش بە ڕواڵەت ئاسنینە، بەڵام ژەنگاوی و کۆن و بڵند و لەق و لۆق. بە مەجبووری لە هەمبەر دەرگادا ڕادەوێستم دەقولبابەکەی دەژەنم! سەیرە! دەرگای ئاسن و دەقولباب؟ ڕواڵەتی ئاسنە، ئەگینا ڕەنگە لە دەرگای دار و تەختەش ئاساییتر بێ!! بەبێ زەنگ و بەبێ ئایفۆنە. زۆر سەیرە، چووزانم، لەو سەردەمەدا بیرا بیر دەرگای دانەدەخرا. دەرگای ئاوەڵای بینایەکی پیرۆز بوو کە بەعام ڕوومان تێدەکرد. نەک ئەم بینایە، ئەو بینا بیناکەی ئەو عەیام... چووزانم ئەوا چەند چەلانم دەرگا ژەند و کەس نەهات، یەکەم کەڕەت و دووهەم و سێیەم و... ئەوەش چوارەم کەڕەت... نا، نا کەس نایە، بەڵام قەیناکە! هەمیسان دەیژەنمەوە، خۆفی «چاو و گوێ»کان نەماوە، چەند ساڵێکە ئەم خۆفە کەم بۆتەوە، یانی ئاوا ڕاست و دروستترە! بڵێین هەر نەماوە، وا نییە، بەڵام لە چاو سالانی پێشوو زۆر کەمتر بۆتەوە، لەیەک دوو درز و قەڵەشتی دەرگاکەوە سەیرێکی ژوورەوە دەکەم: ژووری چۆڵ و هۆڵ، چۆلەکە کوژ بەدەرەوە نییە. ساڵی سالان، یانی ئەو عەیام، هەر کوێ ئەوی لێبایە، هەڵڵا و زەنا زەنا دەگەیشتە ئاسمان! ئەی بەس بۆ وای لێهاتووە؟ بۆ وایە؟

دەیجا خۆ هەر ناگەڕێمەوە، پێلەقەیەک بە دەرگادا دەکوتم و بە شوێنیدا پاڵێکی پێوەدەنێم. دەرگا بێدەنگ ئاوەڵا دەبێ، دەڵێی هەرگیز دانەخراوە و داخراو نەبوو! لە دەرگای ئاوەڵاوە دەڕۆمە ژوورەوە. حەسارێکی گەورەی دارستان ئاسا و چۆڵ و بێ خاوەن؟! کووچە باغێکی چنار و شۆڕەبی دەگرمەبەر و دەڕۆمە بەرەوە. لە دەرەوە وەرزێکی دیکە بوو، بەڵام ئەوا لێرە پایزە. لێرە و لەوێ گەڵادار و گوڵ و گیای زەرد و ئیشک وەریوەتە سەر تەختی عەرز و کزەبایەک ئێرە و ئەوێیان پێدەکا. وا دەردەکەوێ ئەم حەسار و باغ و دارستان و کووچە باغ و بانووانە هەمووی بەبێ باغەوان و بەبێ خاوەنە، ئەگینا ئەم حەسارە گەورە و ئاوا وێران و ئەم گشتە دار و باغ و گوڵ و سەوزەیە و ئاوا زەرد و لاواز و ئیشک و وەریو! هەروا بەو بانووانەدا دەڕۆمە پێشەوە. زۆر سەیرە، ماڵ ماڵی ئەوبێت و ئەمە حاڵ و باڵی بێ؟

ماڵی ئەو و لەم دۆخەدا؟ جا تۆغا ئەم حەسارە گەورە و ئەم باغ و دارستانە مەزنە، بێت و خاوەنی هەبێ، ئەمە ڕۆژ و ڕۆژگاری دەبێ؟ جا تۆغا حەیف، حەیف و خەسار نییە؟ ئەی ئەو گشتە دروشمە بوو بە چی؟ ئەو و ئاوا بێ مویالات؟ ئاخە خۆ ئەوی، سالان کانگای ژین و ژیان

بوو!

بڵێی نەخۆشی نەبێ؟ وەڵڵا ڕەنگە نەخۆش و کەلەلا و پەککەوتە بێ، ئەگینا ملک و ماشی ئەو و ئاو؟

بە بانووانەکەدا دەڕۆم بۆ و سەر، لەوسەری بانووواندا سێبەری کەسێک یان تارماییەک بۆ ساتێک بەرچاو دەکەوێ. هەروەکو سەرقاڵی سەیران و سەیاحەت بم بە بانوواندا تێپەڕ دەبم، ئەو گەڵا وەربوانەی ژێر لاقم ناڵە ناڵ و هاوار و بڕۆیانە، دەگەمە ئەو سەری کووچە باغ و کەس دیار نییە، ئەی ئەو سێبەرە و ئەو تارماییە؟... ڕەشکە و پێشکەبوو؟.. خۆف؟!

بەڵام ئەوەتانێ بینایەکی گەورە! بە مێعماری کلاسیک و سووننەتییەوە.

ئەهـ دیسانەکەش...

چەندەمان گەمە بەم وشانە کردووە، یان با بڵێم بەم وشانەوە چەندمان گەمە کردووە! ئیدی خەریکە مانای قەدیمی و ڕاستی خۆیان دەدۆڕێنن، لەو مانایە دوور دەکەونەوە، بێبەش دەبن، ڕەنگ بزر دەبن، ئەهـ.. بەسە، بەڵام ئەم بینایە.. زۆر سەیرە. بینایەکی ئاوا بە جەستە و ڕواڵەت گەورە و مەزن و کلاسیک و لێرە لەنێوەڕاستی شاردا؟ لەم شار و ئەو شار و لە هەموو وڵاتدا حازر و بزر و بەرچاو و تەنانەت پیرۆز و ئەوا لەم ساتەوەختەدا دوورەچاو و فەرێدراو و کەس لێی نەپرسێ، تەنانەت بیکەنە هەراجی و دیسانیش دوو تمەن نەکات!!

تەنانەت خاوەنەکەشیان خزمەتیان نەکەن و ئەوەتانێ کۆن و تۆزاوی و لاڕووخاو و هەر بینا.. با بردی!

بالوولێکی سەیر بە دەوری بینادا دەخولێتەوە، گڤە گڤی گەردەلوول پیاو دەتۆقێنێ، تۆز و خۆڵێکی سەیر و سەمەرە وڵاتی داگرتووە و لەسەر هەموو شتێ نیشتووە، بڵێی ئەم بالوولە بیناکە تەفر و توونا نەکات؟ یان ئەم تۆز و خۆڵە... ڕەنگە ئەم تۆز و خۆڵە بینا و حەسار و دار و درەخت و باغ و بانووان داپۆشێ و بیبێتە گڵەبانی ناشتن یان... دەورێکی تەواو بە دەوری بینادا دەگەڕێم. چوار دەرگای هاموشۆ بۆ ناو بیناکە بەرچاودەکەوێ و هەر دەرگایەی بەرەو کووچەباغ و بانووانی خۆیەتی و لە هەر چوار لای بانووراندا هەر باس و خواسێکە و هەر بارودۆخ و هەل و مەرجێک.

ئەوا دەبێ بزانم بە کام دەرگادا دەتوانم بڕۆمە ژوور، یان دەبێ بزانم دەرگای هاموشۆ کامەیانە؟

دەورێکی دیکەش بە دەوری بینادا دەگەڕێم و هەموو دەرگاکان تاقی دەکەمەوە. زۆر سەیرە، هەموویان داخراون و ئەوەندەی دەرگا دەژەنم، کەس بە دەنگی دەرگاژەنەوە نایە. دەرگا بە ڕواڵەت هەمووی لە ئاسن، بەڵام گشت ژەنگاوی و داڕزاو، بە توێژ و توێخی ژەنگ و ئاسن و ڕەنگەوە، ئەی کەوایە و خەریکە لەبەر بێ خاوەنی تێدا دەچن، ئەی بۆ داخراون؟ بڵێی داخرابن؟ زنجیریان پێوەیە، قفڵیان پێوەیە، پێوەدراون، دەیانژەنم کەس بە دەنگمەوە نایە. تەنانەت لەوە دەچێ ئەم بینا و دەرگایانە زۆر زۆر قایم بووبن! ئەی ئێستاکە؟ دەبێ دەورێکی دیکەش بە دەوری بینادا سووڕ بخۆم و یەک بە یەکی دەرگای تاقی کەمەوە. ئەوەتانێ ئەمە یەکەم دەرگا و «تەق، تەق، تەق، تەق» جارێک و دووان و سیان و چوار... نا دەڕۆمە بەر دووهەم دەرگا و دەیژەنم: «تەق، تەق، تەق، تەق» ئەم پاو ئەو پا دەکەم و تا لەتوانامدایە بە قایمتر دەرگا دەژەنم، بەڵام کەڵکی نییە. ئەمەش سێیەم دەرگا: «تەق، تەق، تەق، تەق» زۆر قایم و خێرا خێرا و زۆر بە تووڕەیی دەرگا دەژەنم و... بەداخەوە، دەنگەکە بەرزە، بیناو حەساریش دەنگدانەوەی دەرگاژەندنیان لێوە دێ و... بەداخەوە...

ئەمێستاش ئەوا چوارەم دەرگا: «تەق، تەق، تەق، تەق» بەڵام... بەداخەوە وەک ئەوانی دیکە... سەردەنێم بە شووشەی قورماوی و تۆز و خۆڵاوی خەفەنگی دەرگاوە، لە ناوەوەی بینا دەڕوانم: بینا گەورەیە و خاوەن هەشتی و کاریدۆر، بەڵام چۆڵ و هۆڵ و نیوەتاریک. بڵێی ئەمە خەون نەبێ؟

کابۆس چی؟ ڕەشکە و پێشکەیەکی درێژخایەن چی؟ وەڵڵا ڕەنگە کابۆسی ناو خەونێکی دوور و درێژ و ئەفسووناوی بێ.. بە پووڵێکی ئاسنین و بە بەردێکی خۆشدەست، دەرگا و شووشەی خەفەنگی دەرگا دەژەنم و لە کاریدۆر و هەشتی بینا دەڕوانم.. ئاخ.. بۆچی؟... نا!.. ئەرێ؟ ئەرێ ئەرێ دەڵێی تاوماییەک هات و ڕۆیی... ئەوا دیسانیش... ئەو ون بۆوە... ئەها ئەها... ئەرێ.. ڕاست وایە، جاروبار تارمایی تاپۆیەک شتێک دێ و دەڕوا.. بزر دەبێ و دەردەکەوێ، بزر دەبێ!.. دیسانەکەش بە بەردە خۆشدەستەکە لەو قفڵ و زنجیرە بەر دەبن کە دەرگاکە و چوارچێوەکەیان پێکەوە قفڵ داوە. ئەوا زنجیرە پەرەنگ پەرەنگ و هاڵقە هاڵقە هەڵوەری و داکەوتە سەر عەرزی.

پاڵ بە دەرگاوە دەنێم و دەرگا بەسەر گازەرەی پشتدا دەکەوێ. هاکا دەرگا دەکرێتەوە، بۆن دڕن و بۆگەن و بۆ نم و بۆی گەنین و ڕزین و ترشاو بە لێشاو شاڵاو دێنن. بۆ ساتێک وەکو گێژ بم دەحەپەسێم. بۆنێکی چەور و خەست و ترشاو خۆ بە لووتمدا دەکا. دەبێ نەگەڕێمەوە، دەبێ بزانم لە ناوەدا چ باسە!

هەنگاو دەنێمە سەر سەرای بیناوە، لە دیوار و

ساپیتکە و لە تەختی عەرزی سەرسەرا وردەدەبمەوە. دیوار بە سەدان و هەزارەها هێڵ و خەت و مەتی پێدا هاتووە، شتی لەسەر نووسراوە، نیوی ئەم و ئەوی پێوەیە، لە بڕێ شوێن ئاماژە بە ڕووداوێک، ئاژاوەیەک، هەڵاو زەنایەک کراوە. کاتت بێ و لەسەرەخۆ و بە وزە بیانخوێنیەوە و مێژوویەکت بۆ دەگێڕنەوە، مێژووی هەر چوار قوڕنەی ئەم بینا کۆن و لاڕووخاوە، بەڵام جارێ کاتی ئەمە نییە. هەروا بە سەر سەرادا دەگەڕێم. دیوار ڕەنگەکەی گەڵا گەڵا بووە و هەڵوەریوە، گەچی دیوار جێ جێ زگی داوە و جێ جێ کەوتۆتە تەختی عەرزی، ڕەنگی دیواریش زەرد و چەور و چڵکن بووە. چوار کاریدۆر و سەرسەرا دەگەنە هەشتییەک، یان با بڵێین چوار سەرسەرا لە هەشتییەک جیا دەبنەوە و هەر چواریان یەک چەشن و لەسەر بارودۆخ و ئارا و قارایەکن. دەنگی هەنگاوەکانی من تەنیا دەنگی نێو کاریدۆر و سەرسەرایە. دێم و دەچم و چاو دەگێڕم و هەست ڕادەگرم. نا، بێدەنگییە و بێدەنگی. دەنگدانەوەی دەنگی هەنگاوەکانم تەنیا دەنگە و بەس!

جێ جێ لەبن دیوار و تەرمی مارمێلکە.، قالۆنچە، پەپوولە، زەردەواڵە، مێش هەنگوین، کرم، زەروو و... بەرچاو دەکەوێ! بڵێ چۆڵ و هۆڵ؟... نا، نا، ئەوا لە یەکێ لە ژوورەکانی لای ڕۆژهەڵاتی بیناوە غەڵبە غەڵبێکم هاتە گوێ. بەرەو غەڵبە غەڵبەکە دەچم. ئەوا دەرگای ئەو ژوورە کراوە و سێبەرێک خزا نێو کاریدۆرەکەی، بەڵام زۆر زوو خۆی کردەوە بە ژوورەکەدا. بێت و زیندەوەرێک لەم بینایەدا بێ، لەو ژوورەدایە! خێرا خۆم دەگەیەنمەوە هەمان دەرگا و دەرگا دەژەنم. «تەق تەق تەق تەق». چوار کەڕەت، ئەو وەڵامێک لە ئارادا نییە... بەڵام نا، من گێژم. گێژی لەمنەوەیە! دەبێ ئیدی سەرەندەری بارودۆخەکەم کردبێ، لەم بینایەدا نە وەڵامدەرێک هەیە و نە کەس بە دەنگی کەسەوە دێ، نە کەس بە پێی ژەنینی دەرگاوە دێ و نە کەس دەرگا لە کەس دەکاتەوە، خۆت کارا و پاڵ بە دەرگاوە بنێ، وەژوور کەوە. ڕەنگە نەریتی ئێرە وابێ، یان وای لێهاتبێ. پاڵ بە دەرگاوە دەنێم و خۆ دەکەم بە ژوورەکەدا. دیوەخانێکی زەلام و زەبەن چەند دەرک و پەنجەرە تێدا، هەر بە دەستووری کاریدۆرەکان. ڕەنگ و گەچی دیوار، کۆن و وەریو و چەور و چڵکن و هەمیسان خەت خەتی و پڕ لە نووسراوە و نێو و باس و خواس و... ئەو ئەمە یەکەم شتە؛ کە خۆم بە ژوورەکەدا دەکەم بەرچاوم دەکەوێ و ناخ و مۆخم دەهەژێنێ... دیمانەت بە خێرا دەڕوێش، گاسنیشمان نییە بیخەینە ژێر پێت، ئەم دەوڵەت سەرا و ئەم زاتە پانزە ساڵ زیاترە چاوەڕوانی تۆن!

دەنگی خۆیەتی، بڕێک گڕتر و نەرمتر، بڕێ نەک زۆر دەنا هەروا گەرم و گوڕ و بە گوڕ و تین.- ژنێکی مژۆڵک و برۆ تاشراو، بە مژۆڵک و برۆی دەسکرد و لێوی سوورکراوەوە دێتە پشتەسەری و بەرەو ڕووی من ڕادەوێستێ-

بەڵام کە سەر وەردەسووڕێنم و خاوەن دەنگ دەبینم: ئای مەخابن... بە داخەوە؛ تیرەکەم بەردی پێکاوە.. چما بە ڕواڵەت و قەڵافەت بێ، لە ڕاستیدا ڕواڵەت و قەڵافەتی ساڵی ساڵانی نەماوە. کورد وتەنی (ئەم دوو جەستەیە تەمەنی پێنج قرانیان جیاوازی هەیە) یانی خوایان یەکە و بەس! هەر هیچ لێی نایە. یانی لەگەڵ حەسێب و کتێبی مندا یەک ناگرنەوە.. بڵێی ئەو بێ؟... ئەو کەسەی پانزە، بیست ساڵە بە شوێنیدا وێڵم؟...!

کابرایەکی لەڕو لاوازی ڕیشنی بە ساڵاچووی چەور و چڵکن دێتە ژوورێ و دەچێ لە شانی ئەودا لەسەر کەناپەکە دادەنیشێ- هیچ ئەم ڕواڵەت و قەڵافەتەم لە خەونی شەوانیش بە زەیندا نەدەهات، ئەویش لەم، مووی سەر بە قەرا قژەسەری ژنان، ڕدێن، ڕدێنی سۆفی و سەربەداران و تالیبان!- دەرگای شانی ڕاستی دەکرێتەوە، ئەو کابرا ڕیشنە قاو دەکەن وا لە شانی ئەودا دانیشتووە، ئەویش هەڵدەستێ و دەڕوا- چاو لە چاو دەبڕم: نە دەروێشم و نە شێخی، ئەمانە هەموو «با» بردنی...

- های لە ئەقڵت، های لە ئەقڵت... ئەم ڕۆژگارە ڕاست ڕۆژ و ڕۆژگاری موراد و مورید و شێخ و دەروێشە... جا چۆن ئەمەت نەزانیوە؟... های لە ئەقڵت- لە دەرگای شانی چەپیەوە قلیانێکی گەشاوەی بۆ دێنن- پێی دەڵێم: بەڵێ بەڵێ... بەڵام لە چاوی تۆڕا وادیارە ئەویش لەم ساتەوەختەدا... بەڵام بۆ من و لە چاوی من ڕا؟... هەرگیز، هەرگیز، من هەر کەللە ویشکەکەی جاری جارانم...

- چەند دۆستی ژنی لە چەشنی ئەو ژنەی پشت سەری دێنە ژوورێ، لە پشت سەریەوە، بەسەر شان و ملیدا خوار دەبنەوە، لەگەڵ ئەودا و لەگەڵ ژنەی پێشوودا دەیکەنە چپەچپ و سرتەسرت و بڕێ حیلک و هۆڕ و... ژنان هەموو بە حیلک و هۆڕ لێدەدەن و دەڕۆن. برۆی تاق و واز دەکا و: شاڵلا بە ڕاستت نییە.. زۆر توند و خێرا خێرا دەڕۆی، هێواش پاڵەوان هێواش. هوشیاربە نەکەوی.. وەرە، وەرە شانی شێخی خۆت دانیشە، گیانی من و گیانی خۆت... بەبێ فێڵ و فەرەج دا بڵێ بزانم،... دووکەڵ یان ئەڵکۆڵ؟

– دوو سێ کابرای بە ڕواڵەت مامڵەچی بە قاقا و پاڵەپەستۆ و جەفەنگ دێنە ژوور و دەچن لە شانیدا دادەنیشن–

– بەڵام خۆ، من پێم کوتی، چەند جاری بڵێم؟ من هێشتا هەمان کەللە ویشکەکەی جاری جارانم، نە ئەم و نە ئەو، هیچیان هیچیان.

– چرای ئەم خانەقایە مەکوژێنەوە دەروێش، خۆ تۆ هەڤاڵێکی خراپ نەبووی، موریدێکی باش بە باش.... منت بمرم تێکی مەدە، ئەو زەمان گوزەشت پاڵەوان.. بێ فێڵ و فەرەج.. دەوری بەسەر چوو، درۆ بوو، درۆ، منداڵی بوو «با» بردی، خەون بوو، نەفامی بوو... چوزانم هەڵە بوو، لارێ بووین..

– دوو جەحێڵی مل ئەستووری پاڵەوان ئاسا دێنە ژوور و لەگەڵیدا دەیکەنە چپە و سرتە و برێ جار قاقا و حیلکە و هۆڕ و دوایە دەڕۆن– دەی منت بمرم سەعاتێک نەشئەی دووکەڵ یا مەستی مەی؟

–تۆ؟ خۆتی، ئەم قسانە لە تۆ دەبیستم؟ لە یادت نەماوە چت دەکوت و چت دەکرد؟ ئێستاش ئاوا، بەڵام من؟ نا، نا، من هێشتا هەمان ساویلکەکەی ساڵی ساڵان و کەللە ویشکەکەی جاری جارانم. خۆت دەزانی نە تانکم شکاندووە، نە تەیارەم لە ئاسمانەوە بەرداوەتەوە، نە سەیارەم ئاگر داوە.. ئێستاش بابۆڵەیەک نان و پەنیر و چای شیرینێک و دیدار و دواندنی دۆستێک دەمباتە تەشقی ئاسمان و نەشئە و سەرمەستم دەکات... نا، نا، نە دووکەڵ و نە ئەلکۆل...

– ئەوە من نیم دەروێش! کێ بە شێت دەزانی؟ گیانی ئەم شێخەت بەزمەکەمان لێ تێک مەدە، دە بڵێ دەی کامیان...

– ڕوو دەکاتەوە کابراکانی میوانی: ببوورن توخوا! چیتان پێ خۆشە؟.. ها؟... نانا،... زیندە باد، دەی تۆش...

– باش وایە بۆ ئاخر کەڕەت بە چاوتیدا دەمەوە، من هێشتا هەر هەمان حەمە ساویلکەی ساڵی ساڵانم، ئەمڕۆش هەر بە هەوای ئەوێ ساڵان ڕووم تێکردی.. بەڵام بەداخەوە، دەڵێی لە هەڵەدام... یانی من نا، تو لە هەڵەدای، دەنا من ئێستاش هەر خۆمم، خودی خۆم... ئاخ بە داخەوە.. لە پێوەندی نێوان من و تۆدا چ دووکەڵێک و چ ئەلکۆلێک؟ من هێشتا هەر ئەویندارم... نە ڕیش و پەشم و کەشکۆڵ و دار عەسا و تەورزین.. ئاشتی چی و کەشکی چی؟ من هێشتا وەک ساڵی ساڵانم نە چالاکی شاخ و داخ و نە گریلای نێو شار، ڕووناکبیرێکی سەرقاڵی قاڵمە قاڵم و خوێندنەوە و نووسین و گەڕان..

لەماوەی ئەم دەمەتەقەیەدا، هاموشۆ و هاتن و ڕۆیشتن و دانیشتن و هەستان و قسە و باسی دەروێش و مورید و دۆست و دێوناسی خۆی و مامڵەچی و حوکمدان بە ئەم و ئەو، بە تەلەفۆن و نووسین و زارەکی و ڕاسپاردن و... تەواوبوونی نییە و... هاموشۆیەکی زۆر و غەڵبە غەڵب و قاقا و سرتە و چپە و...

پێیدەڵێم: بۆ ئاخر قسە لێت دەپرسم: تۆ و ئەم دەور و دووکانە؟ تۆ و ماڵت ئاوا وێران و باخت ئاوا خەزان لێدراو بێ؟ تۆ و...؟! بەبێ سێ و دوو وەڵامم دەداتەوە: دەبا باخ «با» بیبا و ماڵ لەوەش کاولتر بێ و هەر نەبێ نەبێ... جا ماڵ چییە؟... دونیا ماڵی منە!

ئەم ماڵ نا، ؟ ئەو ماڵ... لە ڕۆژهەڵات نا، لە ڕۆژئاوا... ئەی بۆ دامناوە بۆ فرۆش؟ بۆ هەراجی دەکەم؟ دەڕۆم... بۆ ڕۆژئاوا...

دەبا لێگەڕێین، من هەر بەسەر پێوەم و بەرەو ڕووی شێخ! شێخیش بەسەر کەناپەکەیدا پان بۆتەوە، کەناپەیەکی گەورە و هەڵمساو... لەوانەیە لە نێویدا لە چاو ون بێ... زۆر سەیرە.. باوەڕ بکەم نەکەم؟ ئەو کەشکۆڵ و دارعەسا و تەورزینەی پشت سەری بە دیواردا هەڵواسراوە، ئەو ڕدێن و تووکەسەرەی.. ئەو کار و کردە و قسە و باس و بیروباوەڕەی دەربڕی!! یانی ئەوەو...!!

ئەو بۆنە گڵاوەش هەر دێ، بۆنێکی خەست، شرین، ترشاو، بۆنێکی چەور و چلیک... بە لێشاو... بە لێشاو... لاقەکانم دەخورێن!

مێروولە پێیاندا هەڵدەگەڕێن، خواردەمەوە بیانخورێنم، چەند مێروولە تەرمی پەپوولە گەنیوێک بەدوای خۆیاندا دەکێشن، چەند مێش و مەگەز لەتەرمی پەپوولەیەکی دیکە هاڵاون.. هێڵنج دەدەم، ڕیخۆڵەکانم کەوتوونەتە جموجۆڵ.. خەریکن یەکدی بخۆن، دڵم تێکەڵ دێ... دڵم لە ژێرڕا دێ.. خەریکە برشێمەوە.. تفێک دەکەمەوە و دەگەڕێمەوە. لە کاربدۆر چاو لە کاسەی دەست و چاوشۆردن دەگێڕم، کاردیدۆری نسێ و تاریک و لاڕووخاو و دیوار خەت خەتی، ها بینا داڕووخا.. خۆم بۆ ڕاناگیرێ و پەرۆش دەکەم... بەسەر عەرز و دار و دیواردا دەرشێمەوە، هەر بە پێوە.. دەڕۆم و دەرشێمەوە، بەسەر هەموو شتێکدا، بەسەر دیوارەکاندا، بەسەر هەموو خەتەکان و نووسراوەکاندا. دەنگی میاوە میاوی پشیلە مێودێ، دەنگی سەگوەڕ دێ، دەنگی وزەوزی مێش و مەگەز بۆگەنی تەرمی..

لە بینا دەردەپەڕم و دیسانەکە کووچەباغێ، داری چنار و شۆڕەبی گەڵازەرد و سوور و گەڵا وەربوە. بە بانووانی

حەسار و دارستاندا تیپەڕ دەبم و کرتە کرت و ناڵە ناڵی شوول و گەڵا لەژێر کەوشەکانمدا.. دەڵێی نەفرینم دەکەن... دەڵێی نەفرینی هەمووان دەکەن... لە چەند شوێن دەرشێمەوە. لە درگاوە دەردەپەڕمە کۆڵان، هێدی و هێمن، لەسەر شێرە ئاوەکەی ناو کۆڵان، ئاوێک بەسەر و چاومدا دەکەم و سێ چوار قلـپیش دەخۆمەوە، بڕێک دێمەوە خۆ، شنەیەک دێ و دەچێ. بە شوێنی خۆمدا دەگەڕێمەوە، لە دەرگاکەوە دەچمەوە ژووری، نەبینایەک دیارە و نە کووچەباغ و دار و درەختێک لە گۆڕێدایە. هەر گەڵای هەڵوەریو و پەڕەی گوڵە هەڵوەریوە و سەوزەیە «با» دەیانڕفێنێ و ئەم لاو ئەولایان پێدەکا. هەر گڤە گڤی بایە و تۆز و خۆڵ و گەڵاڕێزان و سۆزی سەرمایە و...

هیچی دیکەم وەبەرچاو نایە! مەگەم هەردێکی کاکی بە کاکی و هەزار بە هەزار و بالوول و گڤە گڤی با و تۆز و خۆڵێکی خەست و هەوایەکی سارد و سڕ.... گڤە گڤی گەردەلوول.. میاوەمیاوی پشیلە مێو، لوورەی گەلەگورگ، سەگوەڕێکی بێ بڕانەوە تۆز و خوڵێکی خەست و پتەو و شینکی یان پەمەیی و.. بۆگەن... بۆگەن... لێشاوی بۆگەن...»

«ئەمە دەقی سڕومڕی نووسراوەکە بوو، نووسراوەیەک چیرۆک ئاسا و چیرۆک نا!!!- منیش بە نۆرەی خۆم لەبەردەم مێژوودا سوێند دەخۆم و ئەڵبەت لەسەر دەستی ئێوەش بە شایەتمانی هەر هەمووتان و مێژووش- سوێند دەخۆم کە هیچم لەو نووسراوەیە کەم و زیاد نەکردووە، دەستم تێوەرنەداوە و.. ڕاست و دروست بوون و درۆ و دەلەسە و چەند و چۆن ڕاڤە و شیکاری و شرۆڤەی لەسەر ئێوە..»

* «ئای دۆزیمەوە.. دۆزیمەوە..»= هاوار و زەنای ئارەشمیدۆس لە کاتی لێ حاڵی بوون لە یاسای کێشی مادە لەنێو ئاودا.

** مژولیایش= سوخەنڕانی و خوتبە و قسەکردن بۆ جەماوەرێک.

*** سفر= کتێب، کتێبی گەورە. پێنج بەشی سەرەتای تەوراتی پیرۆز (ئەسفاری خەمسە).

**** سفر= گێڕانەوە، ڕیوایەت. وشەیەکی تەورات و ئینجیلی پیرۆزە.

# پارک

**سەلام مەنمی**
**(سلێمانی)**

(١)

«سبەینێ هاتوچۆ لە شاردا قەدەغەیە»

لەسەرخۆ ڕێگای پارکی ئازادی-م گرتە بەر لەگەڵ گەیشتنمدا خەیاڵێکی جادوویی و نامۆ لای ڕێگای لێبڕیمەوەو کێوێکی سەرکەشی خستە نێوانمانەوەو لەناو شەپۆل و گێژاوی چیرۆکێکی پڕ لە ناسۆری ساڵی ١٩٦٣دا ونی کردم، وا ئەو چیرۆکە ئەفسووناوییەتان بۆ دەگێڕمەوەو دەڵێم: [هێشتا دنیا تاریک بوو دۆست و دوژمن لێک جیانەدەکرانەوە، ئەم ئاگاداریبیە:- سبەینێ هاتوچۆ لە شاردا قەدەغەیە- یەک لە دوای یەک پەردەی گوێی شاری دەدڕی، مێشکی سڕ دەکرد، تانەی دەخستە سەرچاو دەستی گۆج و قاچی ئیفلیج دەکرد، هیوا و ورە چاڵە مشتە دەبوون، مردنی دەباران..

پیاوێکی بەساڵاچوو ناوی:- زەینەڵ- دەرگەزێن-ی بوو، لە بارەی ئەوڕۆژە تووشەوە وتی:

- دەمێکە ڕەشبگیر دەستی ڕاست و قاچی چەپی ئەم شارەیەو بەرزدەخورێ و بەرگی مەڕەو ددانی گورگە و بەکلکی دەخورێ، بەرۆکی بەرنادات، درەختەکانی هەڵدەکرووزێنێ، گۆڕستانی خستۆتە زەهاک، بەندیخانە و ئەسپێ و کێچ پێشوازی لە مرۆڤەکان دەکەن تینوێتی بە خوێنیان دەشکێن...

بەڵێ مۆتەکەکان لاپرسەنی دەستیان نایە بینی شارو چۆکیان لەسەر دڵی دادا، ئاوێتەی چارەنووسی سەگوەڕ بوو، پیرو لاویان ئاژەڵی دایە.. بەر شەقەی قەڵماسک، شەقام و کۆڵانەکان ڕەنگی مردوویان لێنیشت، خوم شێوا، تەمومژ ڕووی شاریان شێوان، نیشانەکانی پرسیارو سەرسوڕمان دەروونیان تەنی و گڵەبانیان کرد.. لەژێر باری گراندا دەیوت:- بۆچی دەبێ ڕەشەبا هەمیشە یارو یاوەری من بێ و هێلانەی باڵندەکانم بڕووخێنێ و سەرگەردان بن..؟!- سبەینێ هاتوچۆ قەدەغەیە-یش، شاری دەردەژە و بێزار کرد، کووچەو کۆڵانی بەترس و دڵەڕاوکێ و مردن بەرچێن داچان، کڵافەی شینی خستە نێوانەوە.. هۆڵە و ڕاق و خۆڵە مڕاوییەکانی- حامییە- بەڕەیان لەژێر هەڵدەتەکانن و بەرەو هەڵدێرەکانیان دەیانپێچانەوە، جەمەلۆنی سەرهۆڵەکان ئاگریان دەباران و زەهاکیان خستە مۆریان و ترس..

بەندەشیان تەپانە ناو هۆڵێکی درێژی ناو چاو مۆنی داخ لە دڵی دووکەڵاوییەوە تاوان لە ناوچەوانی تەرزەیی دەباری.. مرۆڤەکانیش وەک لیژنەی دار بەسەر یەکا کەوتبوون یەکی دووسێ بست زەوییان داگیر کردبوو، کەم کەس قاچی خۆی دەناسییەوە، پرسیار و نیشانەکانی سەرسوڕمان هەتابوو دیوارە ئێسک قورسەکانی هۆڵەکەیان دادەپۆشی.. سووچێک نەبوو کوروشکەی تیا بکەم، یاساوڵەکەیش هەر خێسەی لێدەکردم:

- دانیشە..



– له کوێ..؟!
دەنگێک بانگی کردم..
سەیری ئەملاو ئەولای خۆم کرد..
دەنگەکــــە دووبـاره بۆوه بەڵام له دەنگەکــــەی تر نەدەچوو..
– ئەوانه، حــســێن و کــاوس–ی هاوڕێمن.. لەگــەڵ ئەواندا بشمرم خۆشه..

له دووبست زەویدا جێی خـۆم کـردەوه.. بەڵام گـەرمی هۆڵەکـه له ئەندازه بەدەر بوو، بۆنی مـردنی لێـدەهات، تۆفـان و وەیشـوومـه له ناوچەوانیـان دەباری و نەخـشی ڕوویان تێکچوو بوو.. قـول و قـاچم فێری ئەو دانیشـتنه نەبوون، هەستامه سەرپێ و لەجێی خۆمدا وەستام، زۆرم له بەندەکـان ناسی و سـەرم سـوڕمـا! دەبێ چ یاسـایەک هەندێ له مـانەی بۆ ئێره پەلکێش کردبێ..؟!– سبەینێ هاتوچۆ له شاردا قەدەغەیه– گەمارۆی هۆڵەکانیشی دا.. هەتابوو گەرمـا فـەرشی ئاگری له هۆڵەکەدا ڕادەخست، خەم و مۆریان و چڵک ئاوێتەی یەکتر بووبوون و پشـتی ناوکەڕێژ دەکردن..

بەیانییـان سەموونێکی ڕەق و تەقیان دەداینێ، دەبوایه ددانی بەرداشی بیهـاڕیایه! ئێوارانیش سلێقاو و سەموونه ڕەقەکـه، سلێـقاوەکه زۆربەمـانی شۆر کـردبوو سک وەک هەور دەی گـرمـان.. لەوپەڕی هۆڵەکـەوه دوو تەنەکـەی ژەنگاویـان دانابوو، بۆنیـان سـەرداری بێ سـەردەکرد، کـه بەرەو تەنەکـەکـان دەڕۆیشـتین مـردنمان بە چاوی خـۆمـان دەبینی، لەگەڵ خرسا دەیانخستینه جەواڵەوه، ئەسپێ و کێچ به دەموچاو و لاجانگەوه ڕێچکەیان دەبەست، ئەوه باسی دیوی ناوەوه ناکرێ وەک تەتەڵه میـران به قـول و قاچ و قۆڵ و پشت و سکیاندا هەڵدەگەڕان و گەمرەیان بەستـبوو.. ئێـوارەو ئێـواره بۆسـەر ئاو دەریان دەکـردین، چاومــان ڕێشکەو پێــشکەی دەکــردو لەترمــان دەدا.. خەومان به ڕووناکییەوه دەبینی وەک کەڵەشێری برسی خــــەو بەخــــەرمــــانی ئاو بردووەوه دەبینـێ له ڕێ بەندکراوەکانی ناو هۆڵەکانی ترمان دەبینی وەک ئێـمه داریان بۆ کرابوو ئاو لایدابوون مرۆڤی وایان تیابوو هیچ یاسایەک بەندی نەدەکرد.. له مـانەیش سـەیرتر ئەوەبوو: هـەر ڕۆژ نا ڕۆژێ زەلامــــێک خــــۆی بەنـاو هۆڵـه چەمووشەکەدا دەکرد و پەنجەی دەخسته سەر زەلامێک و دەیانبـرده دەرەوه، هاتنەوەی نەبوو، هەتا دەچووه دەرەوه زاڵه تەرەکی دەکــردین... ڕۆژێ کــابرایەکی گــرتکی دەمـوچاو پرۆپووشـاوی لیک بەدەمـیـا هاتبـووه خـوارێ ئەتوت کەره و کاڵەکی خواردووه.. هاته هۆڵەکەوه، ئەوه سـەیر بوو کـەسـمـانی نەدەناسی، کـوێرانه ئامـاژەی بۆ –ناله– شــێت کــرد و بەپاڵ بردیانه دەرەوه، ئەویش پێدەکەنی و ئەیوت:
– بۆ لای دایکم..؟! جگەرەم بۆ دەکڕێ...

(٢)

هۆڵەکه سیخناخ و ڕەشپۆش و ماری بێ ئینجازه بوو، بۆنی مردن و خوێنی لێدەهات مرۆڤی وایان دەهێنا سەرت دەئاوســـاو دەتوت:– ئەمــــه بەڕیشی چ یاســـایەک ڕەوایه..؟! ئەمانەو ئێره..؟! ئاگاداربیه شوومەکەیش:– سـبـەینێ هاتوچۆ له شـاردا قـەدەغـەیه– نووسـابوو به مێشکمانەوەو لێمان دوور نەدەکەوتەوه، بۆن وبەرامەی تەنەکـەکـان ملی مرۆڤیـان دەشکان بەشێوەیەک له باتی جارێک سەد خۆزگەمان به– ناله– شێت دەخواست و نه زەوی قــووتی دەداین نه ئاســمــان هەڵی دەکـێـشــاین– لەولایشـەوه ڕادوێی دەسـتی مـۆتەکـەکـان مـرۆڤـایەتی و دیموکراتی و مافی مرۆڤی گوڵباران دەکرد، وەک دەڵێن:– دارەکەی سەرکەل پردەکەی گاڕان– وا هەست دەکەی لەم وڵاتـەدا خـــــوێـن له لـوتـی منداڵـێـک نەهـاتـووه، مێشـوولەیەک ملی لار نەبۆتەوه، ژیان و ئاینده ملوانکەی مرۆڤی ئەم خاکەن..

(حسێن)ی هاوڕێم مرۆڤێکی بەویقار و لەسەرخۆ بوو به چرپه پێی وتم:
– مــەگــەر ســەربەســتی و دیموکــراتی لەســەر لێــواری تەنەکەکان نووسرابێت..؟!
بۆ لێرەدا شێت و ژیر لێک جیا دەکرێنەوه..؟!
(کـاوس)یش مرۆڤـێکی خـانەدانی سمێڵ تاشراو بوو هەڵیدایەو وتی:
– دیموکــراتی و ســـەربەســـتی بێنه ئێـــره له کـــوێ دانیشن..؟!
– مەگەر لەسەر پشتی ئەسپێ و تەنەکەکان..
– یا شێخ ئێمه– سابوونکەرانین ئێستا چی خۆشه..؟
– خەیاڵ پڵاوەو شەق له کەندەڵان هەڵدەدەیت.. ئەگەر دەمی شـــۆڤڵ نەمـــانـێـــژێ... ڕادوێکه دەنگی لێ هەڵبـڕی:– مـیـزانیـیـەی ئەمـسـاڵ دوو قـاتی سـاڵانەو گرێدانی بازرگانی و پرۆژەکان زیاد دەکەن..
– یا شـێخ ئەسپێ و چڵک و ترس و ئارەق و مـردن و بۆنی تەنەکەکان له زاوزێدان.. خواخوامانه کاتی چوونه دەرەوه بێ و هەوایەک هەڵمژین و خۆمان پیس نەکەین.. وا بۆ جگەرەیەک پەڕ دەردەکەم..
– بەرخ هەر له کۆزا نابێ.

(٣)

دەنگێک پەردەی گـوێی هۆڵەکـەی دڕی [ر ع ف]یان

ساردکردەوە، لای خۆمەوە وتم: خۆ لەم هۆڵەدا بوو، بەڵام تەمومژ لەسەر دەموچاوی نەنیشتبوو، مێشێکی میوان نەبوو، دنیـــــا لای ئەو چاتۆڵ بوو. ئەم شـــــارە دووپشکەڕەشەیە، زوو دوژمنی خۆی دەناسێ، کە خوا غەزەبی لە دارگرت دەیکاتە چەقەنەی ئاش.. دوژمنیش بە دەستی خەڵک مار دەگرێ..

دەنگێکی تر خۆی هاویشتە هۆڵەکەوە [دادگایی و لێکۆڵینەوەی بەندەکانە] ئەو دەنگەیش مشتومڕی بەرپاکرد، هەندێکمان دەمانوت:

– ئەمجارە بۆ گۆڕستانە، ئەمانەو یاسا..؟! کەرووما جوومی؟!

هەندێکیش دەیانوت: ئەمە جەنگێکی دەروونییەو ئەزانن بێدەسەڵاتین.. ترس و لەرز یەکجاری بەرۆکی ئەوانەی گرتبوو کە پێناسەیان پێنەبوو.. چەند کەسێکیان بانگ کرد، کابرایەکی داڵگۆشتی شان خواری لووت بەرانی بانگی کردم.. لەگەڵ دوو پاسەواندا چوومە ژوورێکەوە دوو ئەفسەر دانیشتبوون، لەسەر کورسییەکی بەتاڵ بەرانبەریان دانیشتم، ئەفسەرێکی سوور و سپی لووت خوراو ڕووی تێکردم.

– کارت...؟

– خوێنکاری زانکۆی بەغداد کۆلیژی «شەریعە» پۆلی دوو..

– پێوەندیت بە یاخیبووانەوە..؟

– دوێنێ تاقیکردنەوەی سەری ساڵم تەواو کردووە..

– کەسیان لێدەناسی..؟

– لە دەڤەری ئێمە نین..

ئەفسەری دووەم ئەسمەرێکی سمێڵ ڕەش بوو ناوی– موئەیەد– بوو هەموو جارێ دەهات بۆ بەشی ناوخۆیی بۆلای– محەممەد عەلی– هاوڕێم.. ڕووی تێکردم.

– تۆ هاوڕێکەی– محەممەد عەلی– نیت..؟

– بەڵێ.. جەنابیشت دەناسم..

کەوتەوە قسەو وتی:

– ئەمانە ڕۆشنبیرن لە یاخیبووەکانەوە نزیکن..

[وام دەزانی یارمەتیم دەدات کەچی چاڵم بۆ هەڵدەکەنێت..؟]

ئەفسەرە سووروسپییەکە پێی وتم:

– هیچت لەسەر نییە بچۆرە دەرەوە..

(موئەیەد) وتی: بۆ گوندەکەتان دەڕۆیتەوە..

– بەڵێ، با لەخزمەتتابین..

– سەرم بە فەتارەت نادەیت..

– من کەفیل..

– نەموت لە یاخی بووەکانەوە نزیکی..

(٤)

لە ناو شەپۆلی خەیاڵە جەنجاڵەکەدا قوتارم بوو، نیگام کەوتە کێڵانی دیمەنەکانی –پارکی ئازادی– کە خۆی لە خۆیدا پارکی سەر سوڕمان بوو، لای خۆمەوە وتم: [جاران ئێمە لەسەر چەرخ و فەلەکی شەق و شڕ، یان گوریسێکمان بە درەختێکەوە دەبەست و جۆلانەمان پێدەکرد، جاری وا هەبوو بەردەبووینەوەو سەرو لووتمان دەشکان.. بەڵام فریشتەو بەرخۆڵەکانی ئەمڕۆ، ئەمڕۆ لەسەر چەرخ و فەلەکێک یاری دەکەن بە خەویش نەماندیوە، ئاخر کەی منداڵی ئێمە ئۆتۆمبیلی فڕیوەو ئەژدیهاو زریان و بەلەمی پێکدادان و بەلەمی ئاوی و گرایدایزەر و چەتری ڕەنگاوڕەنگ و شەمەندەفەری سەوزی دیبوو..؟! سەیریان کە ئەڵێی بەدەم شەماڵ و پەپوولەو بارانەوە پێدەکەنن، باڵندەی باڵ سەوزن و ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکەن و چیرۆک و ڕازو نیازی خۆیان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە، بە ڕاستی چیرۆکی منداڵی ئێمە پیت و ڕستە و وشەکانی بە ناسۆر و ئەشکەنجە و تاریکی و دۆزەخ و دەردەژەیی گورزەهۆن کرابوون..

چاوی پاڵەوانەکانی هەڵکۆڵرابوون، قاچیان پەیژەن بوو، دەستیان کەڵەمەیی چەمەرەقێ درابوون، پێش ئەوەی ئێرە ناوی پارکی ئازادی– لێبنرێت ئێستانی پاڵەوانی ئەو چیرۆکە لافاو دەری خستبوون، زۆریشی بردبوون و تێکەڵ بە لیتەو بەرد و دار بووبوون، ئێستا جگەر گۆشەکانیان دەناسنەوەو بەخێرهاتنیان لێ دەکەن و لەگەڵیان هەڵدەپەڕن و سەد تف و نەعلەت لە دوژمن دەکەن، ئێستاقانەکان بە جگەرگۆشەکان دەڵێن: ئەوکاتەمان پێخۆشە کە سەرمان لێدەدەن و پێمان لێمەبرن، بۆ ئێوە وا دەزانن ئەم شوێنە ئەوەتەی هەیە هەر پارکی ئازادی و سەیرانگاو سەهەن بووە..؟! ڕۆژێ لە ڕۆژان سەری بە هەور و تەم نەگیراوەو ئاسمانی هەر سامال بووەو بە هەتاو گۆش کراوەو ئەتک و ئەنفال و کیمیاباران و ترس و بیمی بەخۆیەوە نەدیوەو ئاگادارییە شوومەکە: [سبەینێ هاتوچۆ لەشاردا قەدەغەیە] بەربای گوێتان نەکەوتووە.. بەڵێ لەوەو پێش ئێرە گۆڕستانی بێ گۆڕو گۆڕیچە و کێل و کفن و یاسین و تەلقین بووە، گۆڕ هەڵکەنەکان دەمی شۆڤڵ و بلدۆزەر بوون ئەم ئاوازە دڵگیرانەی ئێستا دەبیستن فیشکەی مارو زیکەی مشک و جرج و لرمەی ڕەشاش و تۆپ و فڕۆکەخانە بوون، منداڵی سکی دایکیش ئۆقرەی لەبەر برابوو..

٢٠٠٢/٥/١١

# ڕوخسارمانگ

**جاک لەندەن**
**لە سویدییەوە: حەکیم کاکەوەیس**
**(سوید)**

ڕوخساری جۆن کلێڤەرهاوس مانگی چواردە شەوەی وەبیر دەهێنایەوە. دڵنیام ئەو بابەتە ڕوخسارە دەناسنەوە: نێوان ئێسکی هەردوو ڕوومەت فراوانە و چەنەگە و تەوێڵ بە ڕوومەتەوە نووساون و وێکڕا بازنەیەک پێکدەهێنن و لووتیش وەک پنتکە هەویرێک بە بنمیچدا درابێ، ئاوها پان بۆتەوە و بە نارێکی کەوتۆتە ناوەندی ئەو بازنەیەوە. ڕەنگە بەهۆی ئەو ڕوخسارە لە مانگچووەوە بووبێ، ئەوەندەم ڕق لێی بێ و لێم ببێ بە کەرتە نینۆکی ناو چاو و نەمدەزانی بوونی ئەو کابرایە چ کەلکێکی هەیە. ڕەنگیشە دایکم ئەو نەخۆشییەی بووبێ کە پێی دەڵێن نەخۆشی مانگ و لە ساتەوەختێکی نەگبەتیدا تەماشایەکی کابرای مانگی کردبێ و ئێدی ئەو نەخۆشییەی بۆ من هێشتبێتەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زۆرم ڕق لە جۆن بوو. هۆیەکەش ئەوە نییە ئازاری دابم یا خراپەی بۆم بووبێ، نا، مەسەلەکە ئەوانە نەبوو. ڕقەکەم زۆر لەوە قووڵتر بوو و بابەتێکی سەیری لە باسکردن نەهاتوو بوو. جۆرێ بوو کە بە وشە باس ناکرێ. هەر یەکێ لە ئێمە، جارێ لە جاران لە ژیانماندا تووشی شتێکی وا دەبین. بۆ یەکەم جار کەسێک دەبینین. کەسێک، کە ئاگامان لە بوونی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا کە تووشی دەبین، دەڵێین: «حەزم بە چارەی ئەو کابرایە نییە!». بۆچی ئەو کەسەمان پێ هەرس ناکرێ؟. ئا ئەمەمان پێ شی ناکرێتەوە و دەزانین هەر لە خۆڕا وایە. ڕقمان بەرانبەری تێدا دروست بووە و تەواو. مەسەلەی ڕقی منیش بەرانبەر جۆن کلێڤەرهاوس ئاوها بوو. کەسێکی وەک ئەو چ مافێکی ئەوەی هەیە بەختەوەر بێت؟ لەسەر ئەوەشەوە گەشبین بێت!. هەمیشە لەوپەڕی زەوقدا بوو و بەردەوام پێدەکەنی. هەموو شتێک لەبەر چاوی، ئەو بابەتە بوو کە بەدڵی بێ. نەعلەتی لێ بێ!. ئەه کە دەمدی هەمیشە ئارامە، چەند دەچەوسامەوە و ئازارم پێ دەگەیشت! هەر کەسێکی تر پێکەنیبا گوێم لێ نەبوو. تەنانەت خۆشم، تا تووشی جۆن کلێڤەر هاوس نەببووم، پێدەکەنیم، پێکەنینەکەی!. هیچ شتێکی دنیا هێندەی پێکەنینەکەی بێزاری نەدەکردم. هەمیشە بە دوامەوە بوو و دەسبەرداری خەیاڵم نەدەبوو. پێکەنینێکی بە گرمەگرمی دێوئاسابوو. لە خەون و لە بێداریمدا دەسبەردارم نەدەبوو. وەک مەورەد عەسەبەکانی دەڕنین و دایدەیتاشین لەگەڵ گزنگدا بە دەشتاییەکاندا دەهات و خەوە خۆشەکانی لێ تێکدەدام. لە گەرمای بێزارکەری نیوەڕواندا، ئەو دەمانەی هەموو گەڵاکان لوول دەخۆن و پەلەوەرەکان خۆیان دەپەستنە قووڵایی دارستانەکانەوە و هەموو سروشت وەنەوز دەدا، ها..ها.. و هوو.. هوو..ی ئەو، بەرەو بۆشاییەکانی



ئاسمان بەرزدەبووەوە و بەرەنگاری خودی خۆریش دەبووەوە. بە شەوانیش، ئەو قاقایەی کە بەرگەی نەدەگیرا، لە گۆشەی دیوارەکانەوە، لەو جێیەوە کە بەرەو ماڵەکەی خۆی شۆڕ دەبووەوە، دەهات. لە خەوی خۆش بە ئاگای دەهێنامەوە و ئێدی خەوم دەزڕا. ئەمدیو ئەودیوم دەکرد و لە ڕقاندا چنگم وا توند دەکرد، نینۆکەکانم لە ناولەپم گیر دەبوون. شەوێکیان زۆر بە وریایی چووم ئاژەڵەکانیم بەرەڵاکردنە ناو دەغڵەکانی. کەچی بەیانی هەمان پێکەنینم گوێ لێ بووەوە. لە کاتێکدا ئاژەڵەکانی لەناو دەغڵودانەکەی دەردەکردن، دەیگوت: «دەی قەیدی نییە! ناکرێ پیاو ڕق لەم حەیوانە قوڕبەسەرانە هەڵگرێ لەبەر ئەوەی تاقیبی لەوەڕی چاک دەکەن!» سەگێکی هەبو ناوی لێ نابوو مارس. سەگێکی زل و چاکی دوو ڕەگ بوو. ڕەگێکی تاژی و ئەوی تر (سەگەخوێن) بوو و شێوەی بە هەردوو ڕەگەزەکە دەچوو. مارس وەک بەرازی دەستەمۆ هەمیشە لەگەڵیدا بوو، بەڵام من بەخۆ کەوتم و ڕۆژێکیان بۆم هەڵکەوت و دوورم خستەوە. بە پارچە گۆشتێک و هێندێ ژەهر کۆتاییم پێی هێنا. ئەمەش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر جۆن کلێڤەرهاوس نەبوو. پێکەنینەکەی وەک جاری جاران بەرز و لەناخەوە بوو. ڕوخساریشی وەک جاران بە مانگی چواردە شەوە دەچوو. ئەوجا فیشەکە شێتەم خستە ناو دەغڵ و لۆدەکانیەوە. ئەو ڕۆژە یەکشەم بوو و وەک جاری جاران بە پێکەنین و خۆشییەوە تێپەڕی.

که لە جادەکە پەڕییەوە گوتم: «کێوە دەچیت؟».

– دەچمە دوای سوورەماسی، ئەوەی گوت و ڕوخساری وەک مانگ درەوشایەوە. گوتی: لە ئاستی سوورەماسیدا جۆرە لاوازییەکم هەیە. مەراقمە.

لەگەڵ پیاوێکی وادا چی دەکرێت؟. هەموو کشتوکاڵەکەی سووتابوو و دەمزانی لە کۆمپانیای مسۆگەریدا تۆمار نەکراوە و بەوە دەچوو ئەو زستانە برسی بێ، بە دڵخۆشی و ئارامییەوە دەچووە ڕاوەماسی چونکە لاوازی بەرانبەریان هەبوو و مەراقی بوو!. ئەگەر یەک تۆزقاڵ پەژارەی پێوە دیار بووایە یا ڕوخسارە گێلەکەی کەمتر بە مانگ چووبا و جددیتر بوایە، لێی خۆش دەبووم و لەگەڵ بوونیدا ڕادەهاتم، بەڵام شتی وەهای لێ بەدی نەدەکرا.

قەشمەریم پێ کرد. گێلانە بزەی دەکرد و چاوی تێ بڕیم و بە سەرسامییەوە گوتی: «شەڕێکم لەگەڵتدا هەیە؟.. بۆ؟». ئەوەی پرسی و دەستی کرد بە پێکەنین. لەسەری ڕۆیی: «تۆ زۆر خۆشی!. هیی.. هیی. دەبیتە بزمارێکی تابووتەکەم! ها.. ها.. ها.. ئوووها!.. هیی...هیی...هیی...

لەگەڵ پیاوێکی وادا چی بکەم؟. هەرس نەدەکرا نا. ئەی خودایە چەندم ڕق لێی بوو!. لەسەر ئەوەشەوە ئەم ناوە- کلێڤەرهاوس!. تەماشای ئەم ناوە!. شتێکی پووچ نییە؟. کلێڤەرهاوس!. ئەی خودایە!. بۆچی کلێڤەرهاوس؟!. جار لە دوای جار ئەو پرسیارەم لە خۆ دەکرد. هیچم لە دژی ناوێکی وەک سمیت یا براون یا جۆنزدا نەبوو، بەڵام کلێڤەرهاوس! ئێ! ئێوە خۆتان پێتان چۆنە؟. لەبەر خۆتانەوە بیڵێن: کلێڤەرهاوس!. گوێ لە زرینگانەوە ناخۆشەکەی بگرن. کلێڤەرهاوس!. پیاوێک ئەوە ناوی بێ، مافی ژیانی هەیە؟. ئەمە پرسیارە!. ئێستا ئێوە دەڵێن: «نا». منیش گوتم: «نا».

کە دەغڵەکانی و لۆدەکانی بوون بە دووکەڵ، دڵنیابووم خۆی ناگرێتەوە. لەبەر ئەوە، بیرێکی فێڵبازانەی پتەوم بۆ هات کە سامانەکەی بکڕم. خۆم نەچوومە پێشەوە، بەڵکو لە ڕێی وەکیلێکەوە. ناچارم کرد ماڵەکەی و ئاژەڵەکانی، لە ماوەیەکی کورتدا، (ئەوەندەی یاسا مەودا دەدا) بگوێزێتەوە. ئەوجا چووم بزانم لەمەیاندا چۆنە. بیست ساڵ دەبوو لەوێ دەژیا. کەچی دیتم بەچاوی فراوانی وەک پیاڵەوە و بزەی پان کە هەموو ئەو ڕوخسارەی گرتبۆوە کە وەک مانگ دەدرەوشایەوە، بە پیرمەوە هات.

– ها، ها، ها! کوڕەکەی منیش فێڵبازە! بیستووتە؟ ئێستا بۆت دەگێڕمەوە. چووبووە دەم ڕووبارەکە و یاری کردبوو. لەو کاتەدا لمی لێواری ئاوەکە هەرەسی هێنابوو و بەربۆوە ناو ئاوەکەوە و هەموو گیانی تەڕ ببوو. هاواری کرد: باوە! ماسییەکی گەورە کلکێکی پێدا کێشام و خستمیە ناو ئاوەکەوە.

لە قسان بووەوە و چاوەڕوان بوو منیش بەشداری سەرسوڕمانەکەی بکەم، بەڵام بە کورتی و گردەبڕ گوتم: «هیچ فێڵبازییەک لەوەدا نابینم». کە ئەوەم گوت، هەستم کرد تووڕە دیارم. بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کردم و یەکسەر بزە لەعنەتییەکەی دەرکەوتەوە و وردە وردە کشا تا ڕوخساری وەک مانگی چواردەی ئەیلوول درەوشایەوە. لە ئەنجامدا کردیە پێکەنین: ها.. ها... ئەوە فێڵبازییە! پێت وانییە. هیی... هی... هیی.. هوو..هوو.. هوو.. پێی وانییە! گوێت لێ بێ. ماسییەکی گەورە..

بەڵام من وەرچەرخام و ڕێی خۆمم گرتە بەر. ئێدی جام پڕ ببوو. نەمدەتوانی چی دی دوای بخەم، بیرم لێ کردەوە

كـه دەبێ كـۆتایی پێ بهـێنم. نەعلەتی لێ بێ! دنیـا لەدەستی دەحەسێمەوە. من بە هەورازەكەدا سەردەكەوتم و گوێم لە قاقای بوو.

دڵم بەوە خۆش بوو كـە دەتوانم كـارتی خـۆم بە چاكی بەكاربێنم. كە بڕیاریشم دا جۆن كلێڤەرهاوس لەناوبەرم، وای بفـەوتێنم كـە دوایی بیری لێ بكەمـەوە شـەرمـەزار نەبم. ڕقم لە تۆڵە و كاری دڕندانەیە. قێزم لەوە دەبێتەوە كـە مـشت بوەشـێنم- ئۆف كـە قـێـزەونە. حـەزم لە بەكـارهێنانی فـیشـەك و خـەنجـەریش نییە و پێم خـۆش نییـە جـۆن كلێـڤـەرهاوس (ئۆف لەو ناوە ناحـەزە!) بە كوتەك بكوژم. مەسەلە هەر ئەوە نەبوو كە بە ڕێكوپێكی كارەكە ئەنجام بدەم بەڵكو ئەوەش بوو كەس گومانی بۆم نەچێ.

بۆ ئەو ئەنجامە، بیرم لە سەرە داوەكـان دەكردەوە دوای یەك حـەفـتـە بیـركـردنەوەی چڕوپڕ پلانەكـەم هەڵێنجـا. یەكسـەر دەستەبەكار بووم و تووتكە سەگێكی دەڵێ پێنج مـانگانی لەو بابەتەم كـڕی، كـە پەلەوەری ڕاوكـراو بۆ ڕاوچی دەهێننەوە. هەمـوو كـاتی خـۆم بۆ ڕاهێنانی ئەو سەگە تەرخان كرد. هەر كەسێ بە سەرمدا هاتبا، دیارە وای دەزانی ڕاهێـنانی هێـنانەوەی داری پێ دەكـــەم. سەگەكەم، كە ناوم لێ نا (بیلۆنە) فێركرد كە دار لەناو ئاوەوە بهـێنێـتـەوە، بەڵام هەر هێنانەوە نا، بەڵكو بێ ئەوەی یاری پێ بكا یا بوەڕێ بیهـێنێـتـەوە. دیارە بە لامەوە ئەوە گرنگ بوو كە چەند دەكرێ زوو بیهێنێتەوە بێ ئەوەی خـۆی بە شـتی ترەوە خـەریك بكا. یەكێ لە ڕاهێنانەكـان ئەوە بـوو من بەوپەڕی خـێـرایی ڕابكەم و ئەویش بە دارەكـەی دەمـیـەوە دوام بكەوێ تا دەمگاتێ. سەگێكی ژیر بوو و ئەوەندەی حەز لە ڕاهێنانەكـان بوو، وای كرد هەست بە ڕەزامەندی بكەم.

كە گەیشـتمە ئەو ئەنجـامە، لە دەرفەتێكدا (بیلۆنا)م دایە جـۆن كلێڤـەر هاوس. دەمزانی چی دەكـەم، چونكە لایەنێكی لاوازی شـارەزا بووم كـە نـایاسـاییـەكی بچكۆڵەی تێـدا بوو و بەوپەڕی نهـێنیـیـەوە جـاروبار ئەنجامی دەدا و نەیدەتوانی دەسبەرداری بێ.

كە سەری پەتەكەم دایە دەستی، گوتی: «نا، بە ڕاستت نییـە!». دەمی داپچڕی و ڕوخسـارە نەفـرەتیـیـەكـەی درەوشایەوە. ئەوجا لەسەری ڕۆیی: «من.. نازانم بۆچی پێم وابوو كـە حەز لە چارەم ناكەیت. شتێكی كۆمیدی نییـە ئەوها بە هەڵەی بنەڕەتیـدا بچم؟» ڕەنگە لە بیری ئەوەدا بووبێ كە دەست بە زگیەوە بگرێ تا لەپێكەنیندا شەق نەبا. لەنێوان دوو هێرشی پێكەنیندا گوتی: «ناوی چییە؟».

لە وەڵامدا گوتم: بیلۆنە.

- هیی... هیی... ناوێكی سەیرە.

ددانەكانم بە چیرەوە بردن. بەختەوەرییەكەی هەرەسی پێ دەهێنام، مراندمەوە:

- بیلۆنە. وەك ڕەنگە بزانیت، هاوسەری ئەستێرەی مارس بوو.

لە هەمـان چاوترووكـاندا تیـشكی مـانگ لەسـەر ڕوخسـاری پەرەی سـەند. لە ئەنجـامـدا بە دەنگی بەرز گوتی:

- مـارس سەگەكەی ترم بوو. ئێ، ئێ. كـەوابێ ئەمە ئێستا بێوەژنە.

چەندم پێ كرا، بە پەلە وەرچەرخام و ڕۆیشتم و دەنگی (هیی..هیی..) لەدوامەوە دەهات.

ئەو حەفتەیە بەسەرچوو. ڕۆژی شەممە پێم گوت: ڕۆژی دووشەم سەفەر دەكەی. وانییە؟.

سـەری ئەرێتی ڕاوەشـاند و پێكەنی. گوتم: «كـەوا بێ كۆتایی بە سوورە مـاسی هات. ئەو سـوورە مـاسـیـیـانەی جۆرە لاوازییەكت بەرانبەریان هەیە».

بەهیچ جۆرێك پەی بە مەبەستەكەم نەبرد.

- هـا، نـازانم. ئـەوەی گـــــوت و لـە پـێـكـەنـیـنـدا هەڵبـەزایەوە. ئەوجا لەسـەری ڕۆیی: سبـەی بەیانی زوو دەچم هەوڵێكی چاك دەدەم.

كە گەڕامەوە، دوو هێندەی تر لە پلانەكەم دڵنیا بووم و دڵی خۆمم خۆش كرد.

بـەیـانـی ڕۆژی داهـاتـو، دیـتـم ڕەت بـوو. تـۆڕێـك و كیسـەیەكی چندراوی بە دەستەوە بوون و (بیلۆنە)شی بە دواوە بوو. دەمزانی بە تەمای كوێیە. منیش لاڕێیـەكم بە كێڵگەكاندا گرت و بە ناو پنچكەكاندا بەرەو لووتكەی شاخەكە سەركەوتم. بە ملەی شاخەكەدا نیو میل ڕۆیشتم و هەوڵیشم دەدا نەبیندرێم تا گەیشتمە نێوان چیایەكان كە بە جێی دانیـشتنی بینەرانی شـانۆ دەچوو. چۆمـەكـە بەوێدا بە خێرایی شۆڕ دەبووەوە تا دەگـەیشتـە خوارێ و لەوێش لە گـۆمـاوێكدا ئارام دەبوو و دەتگوت دەیەوێ هەناسەی حەسانەوەی بە بەردا بێتەوە. ئا ئەلەوێ هەمـوو جـارێ ڕاوەمـاسی دەكـرد. لەنێـوان تاوێرەكـاندا، لە جێیـەكـەوە كە ئەوەی چاوەڕوانی ڕوودانی بووم لێـمـەوە دیار بێ، دانیشتم و سەبیلەكەم پێ كرد.

زۆری پێ نەچوو، جـــۆن كلێـــڤـــەرهاوس وردە وردە سەركـەوت تا گـەیشتـە ئارامگەی چۆمـەكە. بیلۆنەش بە دەوریدا دەخـولایەوە و پێـدەچوو هەردووكـیـان كـەیفـیـان

سازبێ. حەپەحەپی تیژ و کورتی بیلۆنە تێکەڵاوی منگەمنگە قووڵ و درێژەکانی کلێڤەرهاوس دەبوون. کە گەیشتە گۆماوەکە، تۆڕەکەی و کیسەکەی دانان و شتێکی لە گیرفانی دواوەی دەرهێنا کە بە مۆمێکی زۆر گەورە و ئەستوور دەچوو، بەڵام من دەمزانی ئەوە بارووت بوو، چونکە ئاوها سوورەماسی ڕاوەدەکرد. فتیلەکەی بادایە ناو تۆڕی بارووتەکەوە. ئەوجا فتیلەکەی داگیرساند و هاویشتیە ناو گۆماوەکەوە.

بیلۆنە، یەکسەر بازی دایە ناو ئاوەکەوە تا بۆمباکە بهێنێتەوە. خەریک بوو لە خۆشیاندا هاوار بکەم. کلێڤەرهاوس بە توندی لێی قیڕاند، بەڵام بێ سوود بوو. سەگەکەی دایە بەر بەرد و خۆڵ، بەڵام سەگەکە، کە بۆمباکەی بە دەمەوە بوو، بە ئارامیی مەلەی دەکرد و بەرەو وشکان دەهات. کتوپڕ تێگەیشت لە چ مەترسییەکدایە. تا هێزی تێدا بوو قووچاندی. وەک پلانم بۆی دانابوو. سەگەکە گەیشتە وشکان و کەوتە دوای. ئەها! هەر ماڵی ئەوە بوو تەماشا بکەیت!. وەک پێشتر گوتم، گۆماوەکە لە جێیەکی وەک جێی بینەرانی شانۆ هەڵکەوتبوو. پیاو دەیتوانی بەرەو خوار و بەرەو ژوور، لە ڕێی بەکارهێنانی بەردە تەختەکانەوە کە لە ئاوەکەوە سەریان دەرهێنابوو، لە چۆمەکە بپەڕێتەوە. کلێڤەرهاوس و بیلۆنەش بە شێوەی زیگزاک، لە بەردێکەوە بۆ بەردێکی تر بازیاندەدا. قەت لەو باوەڕەدا نەبووم پیاوێکی ئاوها ناقۆڵا بتوانێ بەو خێراییە ڕابکات. بەڵێ ڕایدەکرد، بەڵام بیلۆنە کە بەدوایەوە بوو، لێی بردەوە. ئیدی کتوپڕ، ڕێک لەو کاتەدا کە پێی گەیشت و قەپۆزی لە ئاستی چۆکیدا بوو، بڵاچەیەکی دا. دووکەڵێک بەرز بووەوە و گرمەیەکی بێ ڕەزا هات. ئیدی دوای چاوتروکانێک، لەو جێیەدا کە پیاوێک و سەگێکی لێ بوون، چاڵێکی گەورە نەبێ، هیچی تر دیار نەما.

«مردن لە ڕووداوێکی ڕاوەماسی نایاساییدا». پشکنەری یاسایی لە کاتی تەماشاکردنی تەرمەکەدا، ئەوەی ڕاگەیاند. لەبەر ئەوە. کەم شانازی ناکەم کە توانیم بەشێوەیەکی ئاوها ڕێکوپێک جۆن کلێڤەرهاوس لە کۆڵ بکەمەوە. بەفێڵ نەبوو، دڕندانە نەبوو و هیچ شێوەیەک نەبوو کە پێی شەرمەزار بم. چی دی پێکەنینە نەفرەتییەکەی لەناو شاخەکاندا دەنگ ناداتەوە. هەرگیز ڕوخسارە قەڵەوە لە مانگ چووەکەی دەرناکەوێ تا ئازارم بدات. ئێستا بە ئارامی و هێمنی ڕۆژگارم تێدەپەڕن و خەوی شەوانیشم ئارام و خۆشە.

**سەرچاوە:** کۆچیرۆکی ڕوخسارمانگ، چاپی پەخشخانەی نوردن – مالمێ – سود، ١٩٤١

# پرسیار لە ماهیەتی شانۆی کوردی

## باسێکە سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکردنی شانۆ لە کوردستاندا تا پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١)

گۆران عەلی کەریم
(سلێمانی)

(٢ - ٢)

من سێ هێڵ دەستنیشان دەکەم، سێ هێڵی جیاواز کە لەوکاتەی شانۆی کوردیدا ئامادەبییان هەبووە قسەی لەسەر دەکەم تا بتوانم ئەم باسەم زیاتر پێ دەوڵەمەند بکەم ئەوانیش:

١- شانۆی (ئاهەنگسازی) لای (ئەحمەد سالار)

٢- شانۆی (واقعی) ڕیالیزمی لای (کامەران ڕەئووف) کە دەکرێ بەشێک لە بەرهەمەکانی کامەران بە ڕیالیزمی جادوویی ناوبەرین.

٣- شانۆی (ئەزموونگەری) لای (شەماڵ عومەر و نیگار حەسیب قەرەداغی و میدیا ڕەئووف بێگەرد و دانا ڕەئووف) و ئەو دەستەیەی بەو شێوەیە کاریان دەکرد.

بەرلەوەی دەست بکەم بە شیکردنەوەی ئەم سێ هێڵە جیاوازەی (حەفتاکان و هەشتاکان) دەتوانم بڵێم ئیتر من قسە لەناو ساڵانی (هەشتاکان)دا دەکەم، چونکە ئەو بەرهەمانەی لەسەر ئەم سێ هێڵە بینیومن یان خوێندوومەتەوە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی (هەشتاکان) ڕەنگە کەسی تریش هەبێ کاریان کردبێ، بەڵام هیچیان هێندەی ئەم سێ هێڵە قورساییان لەسەر ڕەوتی شانۆی هەشتاکان دروست نەکردووە کە دواجار هەندێکیان کاریگەرییەکەیان درێژ دەبێتەوە و بۆ ساڵانی نەوەتەکان.

١- ئەزموونی (ئەحمەد سالار) لەناو شانۆی (ئاهەنگسازی)و کارەکانی تری دا: ئەحمەد سالار یەکێکە لەو شانۆکارانەی کە توانی لە هەردوو دەیەی حەفتا و هەشتاکاندا بوونی خۆی لەناو شانۆی کوردیدا بسەلمێنێ، سالار چ وەک دەرهێنەر و چ وەک ئەکتەر و نووسەر بەردەوام کاری کردووە، دەتوانین بڵێین قۆناغێکی زۆر سەرکەوتووی شانۆی ئەوکات دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونەکانی (سالار) وەناکرێت کاتێک باسی ڕابردووی شانۆی کوردی دەکرێت یەکەم کەس ناوی ئەو نەهێنرێت، چونکە کەسێکە لە ڕووی پراکتیکییەوە هەنگاوی باشی ناوە... ئەگەر قسەکەم زیادە ڕۆیی تێیدا نەبێ دەتوانم بڵێم یەکەم شانۆکاری کورد بووە کە بەرهەمەکانی فۆرمێکی زانستی وەرگرتووە توانیویەتی لەناو بەرهەمەکاندا پەیڕەوی هەندێ تایبەتمەندێتی شانۆ بکات چ لە ڕووی هەڵبژاردنی دەقە جیهانییەکانیەوە چ لە ڕووی هێڵی کارکردنی دەرهێنانیەوە یان لە بەکارهێنانی ئەکتەرەکانیدا کە گرنگی دەخستە سەر ڕێبازی ستانسلافسکی. دەبێ ئەوە بڵێم کە (ئەحمەد سالار) دوو قۆناغی کارکردنی هەبووە کە جێی وەستان و بۆ قسەکردنن. یەکەمیان ئەو بەرهەمانەی کە لەناو شانۆی جیهانیدا کاری کردووە، دووەمیان شانۆی (ئاهەنگ سازی). کە من لە پێشدا مەبەستم خاڵی یەکەمیانە. پاش گەڕانەوەی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بەشی شانۆی (سالار) هەوڵیدا بەشێوازی ئەکادیمی و لەسەر ڕێبازی شانۆکارانی جیهانی کار بکات چەندین نمایشی

پێشکەش کرد کە هەمموویان وەرگیرابوون لە دەقی جیهانییەوە بۆ نموونە وەک (عطیل)ی شکسپیر و چەندین بەرهەمی تر، بەڵام دوای چەندین کاری تری نمایش کرد کە دەقی جیهانی بوون و بە فۆرمێکی کوردی نمایشی دەکرد و چی لە ڕووی جل و بەرگەوە یان لە ڕووی ناوی کەسایەتییەکانەوە، بەم هەنگاوەی وای کرد کە بتوانێ ناوەرۆکی بابەتە جیهانییەکان بە کۆمەڵگای کوردی بگەیەنێ، بەڵام کێشەی لەبەردەم ئەکتەر و بینەردا دروست کرد، ئەکتەرەکان هەوڵیان دەدا لە ڕووی سیمایەکی کوردییەوە کار بکەن و بەردەوام هەوڵی لاساییکردنەوەیان دەدا نەک خەیاڵ و کاری داهێنراو، بینەریش بەوە ڕاهات کە شانۆیەک ببینێ کە ئاسان بێت و فۆرمی کوردی بێت لێرەوە بینەرێک دروست بوو کە شانۆ وەک کارێکی ئاسان و ساکار سەیر بکات، چونکە چی تر ئەو بینەرە خۆی ماندوو ناکات و ناگەڕێ بە شوێنی چەمک و مانای شاراوەدا، کەواتە (سالار) چەند لە ڕووی نزیکبوونەوەی بینەر بۆ شانۆ هەوڵیدا ئەوەندەش زەرەری لە ئایندەی شانۆ دا لە ڕووی بینەرەوە، چونکە شانۆ لەنێو هەموو کولتوورێکدا زمانێکی جیهانی هەیە و هەرگیز کورت ناکرێتەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، ئەم شێوازەی ئەزموونی (سالار) دەتوانین بڵێین کە ئەزموونێکی ماوەیی بوو پاشان نەیتوانی هێڵی خۆی درێژ بکاتەوە بۆ ناو ئایندەی شانۆی کوردی، بەشێکی تری شانۆی (ئەحمەد سالار) شانۆی ئاهەنگسازییە، ئەم شێوازە کارکردنەی پێوەندییەکی توندو تۆڵی هەیە بە ڕۆحی (سالار) خۆیەوە، چونکە کاتێک دەستی بەم شێوازی کارکردنە کرد ئەوەتا تا ئێستا هەر لەو بوارەدا کار دەکات، زۆربەی ئەو دەق و نووسین و لێکۆڵینەوانەشی کە لەسەر (سالار) هەن زیاتر پێوەندییان هەیە بەم قۆناغی کارکردنەوەیەوە، چی دەقیشی نووسیوە تا ئێستا ماون و خوێنەر دەتوانێ بیخوێنێتەوە و بە باشی ئاگاداری فکری کارکردنی بێت. دەکرێ ئەوەش بڵێم کە ئەم شێوازە کارکردنەی (ئەحمەد سالار) لە شانۆی (ئاهەنگسازی) مەغریبییەوە وەرگیراوە کە پێشڕەوەکەی (عەبدولکەریم برشید)ی نووسەرە، بەڵام (سالار) هەوڵیدا ئەم شێوازە بگوازێتەوە ناو شانۆی کوردی و کاری لەسەر بکات کە بە بڕوای من کارێکی تەندروستە هەر کەسێک بیەوێ سوود لە هێڵی کارکردنی کەسێکی تر وەربگرێت و بیکاتە سەرچاوەی کارکردنی خۆی. کاتێک ئەزموونی (ئاهەنگسازی) هاتە لای (سالار) هەوڵیدا کە چۆن سوود لە ڕووداو و چیرۆکە کوردییەکان وەربگرێت و کۆیان بکاتەوە و دەقی



شانۆییان لێ پێک بهێنێ بۆ نموونە وەک (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی- کاتێک هەڵۆ بەرز دەفرێ... تاد) کارکردن لەناو ئەو چیرۆک و ڕووداوانەدا وای کرد کە دەستنیشانی شێوازی کارکردنی شانۆییەکەی بکات و ئەکتەرەکانیش بزانن لەناو چی کارکردنی شانۆییەکدان و بینەریش بزانێ کە ئەم شێوازە شانۆی (سالار)ە. بۆ نموونە لە ڕووی هێڵی دەرهێنانەوە (کوتلەکان) بەو شێوازەی کە شانۆییەکەی داوای دەکرد بەسەر پانتایی شانۆدا بڵاوی دەکردەوە کە چەند هێڵێکی دەستنیشان و دیاریکراو بوون یان لە ڕووی دابەشکردنی ئەکتەرەکان بەناو شانۆدا، ئەو موفرەدانەی کە سالار کاری پێدەکرد سەرجەمی موفرەدە و ئێکسسواری کەلەپووری کوردی بوو وەک جاجم و گۆچان و دەف و چرا و جل و بەرگ و.. تاد. کە ئەمانە خاسیەتی شانۆکەی (سالار) بوون کە دەتوانم بڵێم ئەحمەد سالار توانی لەو ئاستەی کارکردنیدا ئامادەیی خۆی زۆر باش دەستنیشان بکات کە ئیتر دەزانێ چۆن لەمەودای کارکردنیدا دەجووڵێتەوە و ئەو پێداویستانەی چین کە بەکاری دەهێنێ تا بتوانێ مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ بینەرەکەیدا دروست بکات، بەڵام لەناو ئەم شێوازی کارکردنەیدا (ئەحمەد سالار) کەموکوڕی ئاستی گوتارێکی فکری بوو.. چونکە ئەو هەمیشە کاری لەناو ڕووداوەکاندا کردووە وەک مێژوو

نەیتوانیوە پرسیار لە خودی ئەو ڕووداوانە بکات یان مێژوو بخاتە بەردەم پرسیارەوە بۆیە دەبینین لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا ئەم شێوازە کارکردنەی (سالار) ناتوانێ ئاراستەی قورسایی بمێنێ، بەتایبەت لەپاش ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) بینەری ئەو شانۆییەی (ئەحمەد سالار) زۆر کەم دەبێتەوە.

٢- کامەران ڕەئووف وەک تەکنیک لەناو شانۆی کوردیدا:- زۆر قورسە ئەگەر باسی شانۆی کوردی بکەین قورسایی ئەو ئەکتەرە سەر سەختەمان لە یاد بچێ کە هیچ بینەرێک نەبووە لە بەردەمیدا تووشی سەرسوڕمانی نەکات. ئەو ئەکتەرەی توانی مێژوویەکی پڕ لە شکۆ بۆ خۆی دیاری بکات، کامەران ڕەئووف دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا بەشی شانۆیە، هەرچەندە (کامەران) زۆربەی کارەکانی لە دەرهێنانی خۆی بووە، بەڵام زیاتر وەک ئەکتەرێکی سەرکەوتوو ناسراوە، بەڵام دەبێ ئەو حەقیقەتە بزانین کە ئەو بە دەر لە ئەکتەر دەرهێنەریش بووە، سەرجەم شانۆکاران و بینەرانی (کامەران ڕەئووف) بە کەسێک ناودەبەن کە لەناو شانۆی ڕیالیزمیدا کاری کردووە یان ئەو بابەتانەی کە من لە سەرم خوێندۆتەوە وەک کەسێکی ڕیالیزمی ناسراوە، بەڵام زیاتر کاریگەربووە بە شانۆی ڕیالیزمی جادوویی و کاریگەری دەرهێنەری جیهانی (ڤاختانگوف)ی بەسەرەوە بووە، بۆ نموونە ئەم قسەیەی من لە هەریەک لە نمایشەکانی (گەشتەکەی حەسەن- کۆشک سروودی خۆشەویستی- وێرانە..تاد) دەردەکەوێت. ڕاستە ئەو لە نمایشەکانی (گۆرانی چایکاو شالیر و..) چەند نمایشێکی تریدا کاریگەری (ستانسلافسکی) بەسەرەوە بووە، بەڵام زیاتر کارەکانی لەناو ڕێبازی (ڤاختانکوف)دا بووە، چونکە زۆرجار لەناو کارەکانیدا خەیاڵ و فەنتازیا تێدا ئامادە بووە، (کامەران) زۆرجار لە کارەکانیدا دەچووە دەرەوەی ڕیالیزمییەت، (کامەران) تەنیا شانۆکارێ بووە لە مێژووی شانۆی کوردیدا کە بەشێوەیەکی زانستی گرنگی خستبێتە سەر ڕێبازێکی شانۆیی و کاری کردبێت، دەبێ ئەوە بزانین ئەوەی (کامەران) کردوویەتی لاساییکردنەوە نەبووە، بەڵکو هەناسەیەکی زیندووی شانۆیی بووە لە ڕووی داهێنانەوە. یەکێک لە گرفتەکانی شانۆمان ئەوەیە کە بەهیچ جۆرێ شانۆکاران هەوڵ نادەن سوود لە قوتابخانەیەکی شانۆی جیهانی وەربگرن.. چونکە شانۆی کوردی خاوەنی هیچ مێژوویەکی ئەفرێنەرانە نییە تا شانۆکاران گرنگی بخەنە سەر، بۆیە دەبێ هەمیشە باگراوندێک هەبێت تا شانۆکاری کورد پشتی پێببەستێ- کامەرانیش ئەو شانۆکارە بووە کە توانی سوود لە شانۆی جیهانی وەربگرێت و بینەرانیش لە هۆشیاری نمایشەکەی تێبگەن، چونکە یەکێک بوو لەو کەسانەی کە دەیتوانی لە ماوەی زەمەنی نمایشەکانیدا بینەر ڕابگرێ لەبەردەم شانۆکەیدا و نەشهێڵێ هەروا بە ئاسانی لە هۆڵەکە بچێتە دەرەوە چونکە بەردەوام تووشی گومان و قەلەقی دەکردن، چونکە ئەو بەرهەمانەی کە دەیانبینی ڕاست بوو نەک درۆیەک بێت شانۆیی پێی هەڵسابێت. شانۆ بەردەوام لە ڕاستیمان نزیک دەخاتەوە ئەوەش کە کاری تێدا دەکات دەبێ ڕووبەڕووی ڕاستی ببێتەوە. زۆربەی ئەو دەقانەی کە (کامەران) کاری تێدا دەکرد دەقی جیهانی بوون کە ئەمەش خاڵێکی تری سەرکەوتنی نمایشەکانی بوو چونکە ئێمە نووسەری شانۆییمان نییە نووسەرانێک کە توانیبێتیان سەرجەم مەوداکانی شانۆیان داگیرکردبێ لە دیالۆگ و فکر و سیماکانی تری شانۆ وەک (کارە ئەکتەر و شوێن و کات و گوتاری دەق) و...تاد. دەکرێ بڵێین ناساندنی شانۆ بەشێوازی زانستی لای (کامەران ڕەئووف)ەوە دەست پێدەکات هەر لە پاش ئەمیشەوە بوو کە چەندین ئەکتەری تر دروست بوون تا بتوانن وەک ئەکتەر کاربکەن. ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ئەو خاڵەی کە (ئەحمەد سالار) شانۆکانی دەگۆڕی بۆ فۆرمی کوردی کە پێم وایە چەند کەسێکی تریش ئەم کارەیان کردووە ناوی کارەئەکتەرەکان بۆ کوردی و جل و بەرگ و دیکۆر و... تاد بۆ کوردی بەڵام (کامەران) توانی بە هەمان خاسیەت و سیمای دەقەوە نمایش بکات و بەبێ دەستکاری فۆرمی بیانی بۆ کوردی و بینەریش لێی تێبگات و هیچ گرفتێکیان نەبێ لەگەڵ نمایشدا، بێگومان (کامەران) زۆرجار دەسکاری دارشتنەوەی دەقەکانی کردووە، بەڵام نەی کورداندووە کە هەندێ کەس ئەو کارەی کردووە، بەڵکو ئەو بابەتەکانی وەک خۆی پێشکەش کردووە، بە بڕوای من ئەم شێوازە کارکردنە دروستترین ڕێگەیە بۆ شانۆیەک کە بتوانی ئاستێکی تایبەتی خۆی لە کارکردندا دەستنیشان بکات، ئەو ئاستەش ئەو شێوازە بێت کە دەرهێنەرەکە خۆی یان ستافەکە دەیانەوێ کاری تێدا بکەن. دەتوانم بڵێم کە گرفتێک تووشی (کامەران) هاتووە پێم وایە ئەم گرفتە تووشی سەرجەم نمایشە شانۆییەکان بووە، ئەویش چۆن نمایش گوتاری خۆی ئاراستەی دونیا دەکات؟ کە بە ڕاستی ئەمە پرسیارێکە شانۆکاران لە ڕابردوودا نەیانتوانیوە لە بەرهەمەکانیاندا ڕەچاوی بکەن، بەڵام هەوڵێکی جدی (کامەران) هەیە کە توانیویەتی گوتارێکی فکری خۆی ئاراستەی مرۆڤایەتی بکات

ئەویش شـــانۆی (وێرانە)یەتی کـــە ئەم نمایشـــەی لە ناوەڕاسـتی ساڵانی نەوەتەکـاندا نمایش کـرد، بەڵام ئەم باسەی من تایبەتە بە شانۆی کوردی تا بەر لە ڕاپەڕین.

٣- گـرووپی شـانۆی ئەزمـوونگەری: گـرووپی شـانۆی ئەزمـوونگەری ئەو گـرووپەن کـە لە دەیەی هەشـتـاکـاندا دەست بەکـاربوون بەتایبـەت دەکـرێ بڵـێین ئەم گـرووپە لەدوای ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دروست بوون بە تایبەت لە پاش گـەڕانەوەیان لە ئەکـادیمیـای هونەرە جوانەکـانی بەغدا، پێشڕەوی گرووپی شانۆی ئەزموونگەر (شەماڵ عومەر)ە شانۆی ئەزموونگەری وەک (تیپ) ناسرابوون، بەڵام من وشـەی گـرووپ بەکـاردەهێنم، چونکە گـرووپ کـۆکـراوەترە، بەدەر لە شـەمـاڵ عـومـەر هەریەک لە شانۆکاران (نیگار حەسیب قەرەداغی و دانا ڕەئووف و مـیدیا ڕەئووف) و چەند کـەسێکی تری تێدابووە، بەڵام چالاکـتـرین کـەسی ئەم گـرووپە ئەم ناوانەن، کـە دەڵـێم چالاکترین کەسن مەبەست لە کارەکانیانە. خوێنەر دەبێ ئەوە بزانێ کە لەم نووسـینەدا نامـەوێ وەک زۆربەی ئەو نووسـینانەی کـــە هەن بە تەنیـــا ناوڕێز بکەم، بەڵکو دەمەوێ بە تەنیا قسە لەو نمایشانە بکەم کە قورسایی خۆی لەناو شانۆی کوردیدا دەستنیشـان کردووە، چونکە زۆرجار لە نووسینی ڕەخنەییدا ئەوکەسانەی کە بەناوی ڕەخنەگرەوە شتـیان نووسیوە و لە پاشیـان جێ مـاوە بە تەنیا ناوڕێز کراوە کە بۆ ئایندەی شانۆ هیچ گرنگییەکی نییە. یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەم گرووپە بۆ من نەبوونی ئارشـیـفـیانە کە بە داخەوە لەبەردەم ئارشـیـفی بینراوییاندا زۆر کـــزم، چونکە نەمـــتـــوانیـــوە زۆربەی نمایشەکانیان ببینم، بۆیە ڕەنگە نەتوانم زۆر بە قووڵ قسە لەسـەر ئەو گرووپە بکەم و زۆرترین سـەرچاوەم نووسین و بڵاوکـــراوەکـــان بـووە لە ناو ئەو ئەزمـــوونانەدا لەگـــەڵ چاوپێکەوتنێکم لەگـــەڵ (نیـگـار حـــەســـیـب)دا چەند پرسـیـارێکیشم لەسـەر ئەم گرووپە کردووە لەگەڵ هەندێ شـانۆکـاری کـورد و چەند مـامـۆسـتـایەکم لە ئەکـادیمیـای هونەرە جـوانەکـانی بەغـدا، بەپێی ئەو سـەرچاوانەی کـە لەســـەر ئەم گـــرووپە کـــۆمکردوونەتەوە چەند هێـــڵـــێکی لەکارکردنیان ئاشکر ا دەکەم. ئەگەر تا بەر لە دەرکەوتنی گـرووپی شانۆی ئەزمـوونگەری سـەیر بکەین نمایشـەکـان بەشێوەیەکی گـشتی کـاریگەرییەکی شانۆی ڕیالیزمیـان بەسەرەوە بووە، بەڵام ئەم گرووپە لە هەنگاوی جیدییاندا هەوڵـیان دا ئەو پانتاییە باوانەی شانۆ تێک بشکێنن و بگەڕێن بە شوێن پانتایی نوێدا. هەنگاوێکی جدی کە شـانۆی ئەزمـوونگەری هێنایە ناو شـانۆی کـوردییـەوە کـارکـردن بوو لە مـەسـاحـەیەکی تری بینینی شـانۆدا بە



تایبـەت لەناو پانتـایی شـانۆدا و گـۆڕانی شـێـوازی باونواندنی ئەکـتـەر و دانانی مـوفـرەدە لە بری دیکۆر و کارکردنی بە ئاماژەکانی ڕووناکی و تێکشکاندنی هێڵە واقعی و باوەکانی دەرهێنان و جووڵەکان لەسەر شانۆ. ئەمـانەی کـە وەک نموونەی گـۆڕانی ئەو شـانۆیە باسم کـردوون هەر چەمکەی جێی باسێکی تایبەتە، بەڵام من بەشێوەیەکی گشتی قسە لەناو ئەزموونی ئەو شانۆیەدا دەکەم. ئەکتەر لەم شانۆیەدا پێچەوانەی ئەو فۆرمە باوە دەبینرا کە تا ئەوکـات بینەری شانۆی کـوردی تەنیـا بە جۆری ڕیالیزمی چاوی ڕاهاتبوو کە لە ساتی بەرکەوتەی ئەو شانۆیەدا لەگەڵ بینەردا بینەر هەوڵیدا بیربکاتەوە و ببێـتە بەشداربوویەکی فکری لەناو کـارەکـاندا، چونکە ئەگەر تا بەر لەمان بینەر تەنیا بەشداربوویەکی هەستی و ســـۆزی بـوایە ئەوا شـــانۆی ئەزمـــوونگەری بینەری ڕووبەڕووی بیـرکـردنەوە و گـەڕان دەکـرد بۆ دۆزینەوەی مانای نوێ لە پشتی ئاماژەکانی نمایشەوە. دروستبوونی جۆری شانۆی ئەزموونگەری خۆی لە خۆیدا دروستبوونی هێڵێکی نوێ بوو لەناو شانۆی کوردیدا. هەندێک پێیان وایە کە شانۆی ئەزموونگەری وەرگرتنی یان کارتێکردنی شانۆی (وێنە)یە بەسەر ئەو گرووپەوە کە شانۆی (وێنە-صـــورة) پێشڕەوەکـەی (د. صلاح قصب)ە، بەڵام من بۆچوونێکی ترم هەیە بۆ وەرگرتنی ستایلی ئەو کارە یان

ئەویش سوود وەرگرتنە لە هەردوو دەرهێنەری جیهانی (پیتر بروک) و (گروتوفسکی). وەک لە پێشتردا باسم کرد لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ بنەمایەکی زانستیمان نییە شتێکی ئاساییە ئەگەر سوود وەربگرین لە ڕێبازێک یان قوتابخانەیەکی شانۆیی، ئەمەش بەو واتایە نییە کە ئەگەر هاتوو لێکچوون لەنێوان نمایشێک و جۆرە ستایلێکدا نەبوو ئیتر ئەو کارە زانستی نییە بە پێچەوانەوە من باس لە سوود وەرگرتن دەکەم، چونکە شتێکی ئاساییە لە زۆربەی ستایلە نوێیەکان یان قوتابخانە نوێیەکان سوود لە ئەزموون و کارەکانی پێش خۆیان وەردەگرن، ئەگەر (کامەران ڕەئووف) لەسەر بنەمای ستایلی (ستانسلافسکی) و (ڤاختانکوف) کاری کردبێ ئەوا بە بڕوای من گرووپی شانۆی ئەزموونگەری سوودیان لە ستایلی (پیتر بروک) و (گروتوفسکی) وەرگرتووە. ئەو ڕاهێنانانەی کە (گروتوفسکی) و (پیتربروک) دەیکەن بۆ ئەکتەر و جوولە یان لەسەر شانۆ و باسکردنیان لە پانتایی نوێدا زیاتر کاریگەری بەسەر شانۆی ئەزموونگەرییەوە هەبووە. بەم شێوەیە دەتوانم بڵێم ئەوان لەنێوان ئەو دوو ستایلەدا شێوازێکی کارکردنیان دروست کردووە کە لەوکاتەدا قورساییەکی گەورەی هەبووە بۆ ناو شانۆی کوردی. لەو بڕوایەشدام کە زیندووترین جۆری کارکردن کە کاریگەری خۆی بەسەر نەوەی دوای خۆیەوە بەجێ هێشتبێ (شانۆی ئەزموونگەری) بووە، چونکە لە پاش ڕاپەڕینیش زۆر کەسە کە کاریان دەکرد درێژکراوەی هێڵی کارکردنی شانۆی ئەزموونگەری بوون.

بە بڕوای من ئەو سێ هێڵەی کە باسم کردن دەکرێ وەڵامی پرسیارەکەم کەم تا زۆر دابێتەوە کە ئایا ئێمە خاوەنی چی شانۆیەکین لە ڕابردوودا و خاوەنی چی شانۆیەکی کوردین؟ یان ئەو بابەتانەی تر کە خستوومنەتە ڕوو ڕەنگە هەندێک حەقیقەتی ناخۆشم لەسەر پیرۆز ڕاگرتنی شانۆ لە کۆندا باس کردبێ، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە نابێ کەس لەسەر وەهم بژی ئەگەر ئێمە لە کۆندا ئارشیفمان هەبووایە دەکرێ ئەم قەڵەقەی من زووتر چارەسەر بکرایە، بەڵام پێم وایە هەر هەوڵێک بۆ بابەتێکی لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی شانۆ لە کوردستاندا بدرێ لەناو چوارچێوەی کارێکی تایبەتی کەسێتیدا دەمێنێتەوە بێگومان ئەوەی کە خستوومەتە ڕوو بۆچوونی تایبەتی خۆمە سەبارەت بە مێژووی بوونی شانۆی کوردی دەکرێ کەسانێکی تر هەبێ کە بتوانن چەند هێڵێکی تری شانۆمان لە ڕابردوودا دەست نیشان بکەن. ئەوەی جێی نیگەرانییە لە نەوەی ڕابردوو بگرە لە ئێستای شانۆش ئایا بۆ هیچ کەسێک لە شانۆکارەکانمان نەیانتوانیوە لە نووسینێکدا باسی ئەزموونەکانی خۆیان بکەن، کارەساتێکی گەورەیە کە چەندین ساڵە شانۆکاران بە هیوای ڕەخنەگرێکن بێتوو چی خەونیانە بەدی بێنێ، ئەگەر خاوەن ئەزموونکارەکان خۆیان هەوڵ بۆ بنەمای تیۆری خۆیان نەدەن ئەوا پێم وانییە وا بە زوویی ڕەخنەگرێک بێتە ناو باوەشی ئەم شانۆیەمانەوە، چونکە لە ماوەی ساڵی (١٩١٩)وە هەتا ئێستا کە من ئەم نووسینەی تێدا دەنووسم (٢٠٠٤) تەنیا یەک ڕەخنەگر لەناو شانۆی کوردیدا دروست نەبووە، ئایا دەکرێ چەندی تر شانۆکاران چاوەڕوانی ئەو پاڵەوانە بە ڕەحمە بکەن و نمایشەکان بە زیندوویی بهێڵێتەوە، بەڵام بە بڕوای من تەنیا شتێک کە نمایشەکان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە ئەوەیە کە هەموو کاتێک لە پاش نمایشەکەیان خۆیان قسە لەسەر بونیادی نمایشەکەیان بکەن هەروەکو چۆن ئێمە کاتی شانۆی (لەخوا بپارێرەوە دڵت بکا بە بەرد) کردمان. لەپاش ئەو پۆلێنکردنەی من بۆ شانۆ لە ڕابردوودا پرسیارێک لە دایک دەبێ کە ناکرێ فەرامۆش بکرێت، ئایا تا چەندە شانۆی کوردی لەو کاتانەی کە باسم کردوون زیندوو ماوەتەوە؟ ئایا شانۆ توانیویەتی گوتارێکی جدی لە ناو پرۆسە عەقڵییەکاندا دروست بکات؟.. کاتێک باس لە پرۆسە عەقڵییەکان دەکەم بێگومان باس لە ئامادەبوونی گوتارێکی فکری دەکەم، چونکە هەموو کارێکی عەقڵی، فکر بەرهەم دەهێنێ فکریش ئاڕاستەیەک بۆ خۆی دەستنیشان دەکات تا کارە ئەفرێنەرەکانی خۆی دیاری بکات ئەویش ئامادەبوونی گوتارە، هەر ئەم گوتارە فکرییەشە دەبێتە مێژووی مرۆڤایەتی و دەکرێ ئەو گوتارە لە نەوەیەکەوە بگوازرێتەو و بۆ نەوەیەکی تر، واتا ئەو نامەیەی کە نمایشێک دەیگەیەنێتە بینەرەکەی دەبێت هەڵگری پرسیارێکی جدی بێت تا بینەر بتوانێ لەبەردەمیدا هەڵوێست وەربگرێت و کەشفی مانایەکی تازەی تیا بکات. بەپێی ئەم حاڵەتە دەکرێ بڵێم شانۆی کوردی لەو ماوەیەی کە دەگاتە پێش ڕاپەڕین شانۆیەکە لەناو فۆرمدا کاری کردووە و نەیتوانیوە پرسیار لە پاش خۆی بەجێ بهێڵێ، ئەگەر ئێمە لە شیعردا نموونەکانی وەک (مەحوی و نالی و گۆران و شێرکۆ بێکەس)مان هەبێ کە توانیویانە چ لە ڕووی فۆرمەوە چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە ئامادەییان هەبێ لە ناو فکری ڕۆشنبیری کوردیدا، ئەوا کێن ئەو شانۆکارانەی کە لەناو فکری ڕۆشنبیری کوردیدا ئامادەییان هەیە و ڕۆشنبیریان بۆ دەوڵەمەندکردنی تێزەکانیان پەنایان بۆ دەبەن، بۆ نموونە ئەگەر سەیری

کەسێکی وەک (ئەنتونین ئارتۆ) بکەین لە ناو ڕۆشنبیری ئەوروپیدا جێگەیەکی گەورە داگیر دەکات و وەک نموونەی فکری سوودی لێ وەردەگیرێت. بۆ نموونە ڕۆشنبیرێکی گەورەی وەک (جاک دریدا) لە کتێبی (نووسین و جیاوازی)دا بە درێژی قسە لەسەر (ئارتۆ) دەکات، بەڵام کوان ئەو دەقانەی کە نووسراون و ئاماژە بە فکری شانۆیی دەکات؟ کێن ئەو شانۆکارانەی کە توانیویانە مەترسییان بۆ ناو فکری ڕۆشنبیری کوردی هەبووبێ، بێجگە لە دیوە سیاسییەکەی نەبێ کە ئەویش کارێکی حەماسی بووە، بۆیە دەبینین شانۆی حەفتاکان و هەشتاکانیش بەبێ بوونی پرسیارێکی فەلسەفی لە بەردەمی بینەردا دەمێننەوە، لەپاش خۆیان ئەوەندەی پانتایی (ئیستاتیکی) لە زهنی بینەردا بەجێ دەهێڵن، هێندە گوتارێکی فکری بەجێ ناهێڵێ. بەپێی ئەو بۆچوونانەی خۆم گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە بڵێم شانۆی کوردی لەو ڕابردووەی کە باسم کردووە بێجگە لە هەنگاوێکی بچووکی سەرەتایی نەیتوانیوە پێ بنێتە ناو بازنەیەکی ئەفرێنەرانەوە، ئەو ڕابردووەش بە پێش ڕاپەڕین ناو دەبەم قۆناغی دووەمی شانۆش بەپاش ڕاپەڕین ناودەبەم، چونکە دەبێ ئەوە بزانرێ کە کورد لە پاش ڕاپەڕینی (١٩٩١) کوردی کوردستانی باشوور هەنگاوێکی نوێی لە زۆر بواردا بەخۆوە دی، شانۆش کەوتە ناو قۆناغێکی تری ئەم سەردەمەوە، کەواتە دەتوانم بڵێم تا ئێستا شانۆی کوردی بەدوو قۆناغدا تێپەڕیوە قۆناغی یەکەمیان لە ساڵی (١٩١٩)وە تا ساڵی (١٩٩١) قۆناغی دووەمیش لە پاش ساڵی (١٩٩١)وە دەست پێدەکات کە ئەم قۆناغەیان زۆر تازەیە. هەرچەندە لە زۆر چاوپێکەوتن و مێزگرد و نووسیندا باسی ئەو دوو قۆناغە کراوە، بەڵام تا ئێستا پرسیار لەسەر جەوهەری ئەو دوو قۆناغە نەکراوە کە ئایا جیاوازیەکانیان چییە؟ ئایا ئەمە تەنیا پێوەندی بەو ڕاپەڕینە سیاسییەوە هەبووە کە گەلی کورد لە کوردستانی باشووردا لە ساڵی (١٩٩١) پێی هەستا؟ ئایا ئەم گۆڕانکارییە سیاسییە چی کاریگەرییەکی لەسەر شانۆی کوردی کرد؟ ئایا چۆن دەکرێ بتوانین ئەم دوو قۆناغە لە یەکتری جیابکەینەوە؟ بێگومان قۆناغی دووەم پێویستی بە باسێکی تایبەت هەیە کە لە پرۆژەمدا وایە قسە لەسەر ئەو ئەزموونانەش بکەم لە ئایندەدا. من قسە کردنم لەسەر قۆناغی یەکەم کۆتایی پێهات. هەوڵ دەدەم بگەڕێم بە شوێن ئەو پرسیارانەی کە وا دەکەن نمایشە شانۆییەکانی ئەو دوو قۆناغە جیابکەنەوە.

# ڕەنگە ئاوییەکانی ئوسمان قادر

تێڕوانینی: حەمە هاشم

کارە هونەرییەکانی شێوەکار (ئوسمان قادر) لە ڕووی پێکهاتە و گوزارشت و ڕەگەزەکانەوە، بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش دەبن، ئەم بەشانەش هەریەکەیان بۆخۆی خەسڵەتێکی تایبەتی تری هەیە لەوەی دیکە و هەریەک گوزارشت لە زەمەنێکی دیاریکراوی ژیانی هونەرمەند دەکەن، ئەم سێ بەشە لە ڕووی فۆرمەوە، بەم شێوەیە نمایش دەبن بەشی یەکەمی کاری ئەکادیمی و واقیعییە، بەشی دووەم بریتییە لە کاری دەربڕین خوازی (تەعبیری). بەشی سێیەمیش کە کارکردنی ئێستای هونەرمەند دەگرێتەوە، شێوازی (ئەبستراکت)ە.. ئەم پەیژە هەمە چەشنەی کارکردن لە ئەنجامی کامڵبوون و قووڵبوونەوەیە لە سیما سەرەکییەکانی ئیستاتیکا کە هونەرمەند لەو ماوەیەدا بەسەریاندا ڕەت بووە، سیما و جەوهەرە تۆخەکانی جوانناسی، کە بریتین لە تێبینیکردنی پێوەندی نێوان شتەکان و ئەو ڕواڵەتە بینراوانەی کە چاو دەیان بینێ و گۆڕینیان تا دەگەنە سەر پانتایی فۆڕمەکان، تا لەوێڕا ئامانجەکانی خۆیان بپێکن و لە بەشی یەکەمی کارکردنی هونەرمەند هەست بە توانستێکی ئەکادیمی باڵا دەکەین کە لە ڕواڵەت و لە تەکنیکی کارەکانیدا بەکاری هێناون، لەم قۆناغەدا بە ڕەنگی ڕۆنی و ئاوی و هێڵکاری کاری کردووە، کە هەر لە بینینی یەکەممان بۆ کارەکانی ئەم هەستەمان لەلا دروست دەبێت، کە ئەو چەندە گونجان و تەبایی ڕەنگ و هێڵەکانی لەلا مەبەستە.

لەم قۆناغەدا هونەرمەند کاری زۆری لەسەر ژیان و گوزەرانی ژنی کورد کردووە و لە کاری ڕۆژانە و منداڵ بەخێوکردن و بژێوی پەیداکردندا ڕەسمی کردوون و هەڵبەت ئەو دیمەنانە زۆر بە کاریگەری هەستی بزاوندووە و نزیکی کردۆتەوە لەو ئەوینەی کە هەوڵ بدات تەعبیر بکات لەو ماندوویێتی و ڕامانە پڕ لە میهرەبانیەی کە ژنی کورد دەربارەی ژیان و دونیا هەیەتی هەربۆیە دوا بەدوای قۆناغی ئەکادیمییەت ڕووی کردۆتە کاری تەعبیری و بەشێوەیەکی ڕەها گوزارشتی لە بەرهەمە هونەرییەکانی کردووە. لە کارە ئەکادیمییەکانی هونەرمەند پێدەچێت لە کاری (ئاوی) سەرکەوتووتر بێت و بوێرانەتر بەرهەمەکانی بە ئەنجام گەیاندووە. بەتایبەتی لە دانانی ئەو ڕەنگە ئاڵ و والایانەی کە لە جل و بەرگی ژنەکاندا دەردەکەوێ، جگە لەوەی هارمۆنیەتێکی جوانی سازکردووە لە نێوان ئەو پێوەندییەی کە لە ڕەنگە گەرمەکان لەگەڵ ساردەکاندا بۆ یەکتریان دروستکردووە، چاو لە بینینی کۆنتراست بوونی ڕەنگ و دانانی لە تەنیشت یەکەوە هیچ هیلاکییەکی تووش نایەت کە ئەمەش بۆ خۆی مایەی توانست و هێزێکی زۆری هونەرییە لە هونەری (وەتەرکەلەر) واتە ڕەسمکردن بە ڕەنگی ئاوی.

ئەمە و لە بەرهەمە (هێڵکارییەکان)یدا لەم قۆناغە، هێز و توانستی هیچی کەمتر نییە لەو هونەرەی کە لە بەرهەمێکی ئاویدا نمایشی دەکات.

کارە هێڵکارییەکانی لە ڕووی جووڵە و خێرایی هێڵەوە جوانبەخشی تەواو لەخۆیاندا کۆدەکەنەوە و ڕوانینمان بەرەو لای خۆیان پەلکێش دەکەن، جووڵە و خێرایی هێڵ بەبێ لەدەستدانی هاوسەنگییەکانی ئەناتۆم (تشریح) لە هێڵکاریدا کارێکی هێندە سانا نییە ئەگەر هونەرمەند خاوەن مارەسەکردنێکی زۆر و وریاییەکی



ئەوتۆ نەبێت لە زانستی (ئەناتۆم).. چونکە هێڵکاری بۆ خۆی سەرەتایەکی سەرەکییە لە دروستبوونی ئاستە زانستییەکانی هونەری وێنەکێشان و زانستەکانی ئەناتۆم. بۆ هونەرێک لە ڕێسا و سیستەمە هاوکێشە بۆ دارێژراوەکانی جوانی و واقیعەت نزیک بێتەوە، سەرجەم ئەو وابەستەبوونانە لە هونەری (ئوسمان قادر)دا بەدی دەکرێن و سەرنجەکانمان دەکەونە سەری لەو قۆناغە سەرەتاییەی کە هونەری ئەکادیمییە، دەتوانین لە پۆلێنکردندا ئەم جۆرە کارکردنانەی هونەرمەند بۆ ساڵەکانی (١٩٧٦) تا ساڵانی (١٩٩٠)، یان کۆتایی هەشتاکان بگەڕێنینەوە، کە ئەو کاتانە هونەرمەند هەم وەکو قوتابیەکی هونەرەجوانەکان، هەم وەک خولیاخوازێکی زانستی ڕەسمکردن دەستی پێکردووە.

لە قۆناغی دووەمی کارەکانی هونەرمەند هەست بە گەورەبوون و نزیکبوونەوەیەکی بەرچاو دەکەین لە جۆری کارکردنی، کە دەخزێتە باوەشی دەربڕینگەرییەوە، یان بڵێین (تەعبیریەت)ەوە، ئەم گەورەبوونەش هەڵبەت بەبێ بنەما و بناغە نەبووە، بەڵکو هونەرمەند هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی کارکردنیەوە، نزیکی و حەزلێکردنێکی بۆ ئەو هونەرە نیشان داوە تەنانەت لە ڕەسمکردنی ئەکادیمیانەی، ئەو کوتلە و فیگەرانەی کە لە هێڵکارییەکانیدا ڕەنگدەداتەوە بە تایبەتی و تابلۆ ئاوی و زەیتییەکانیشی، بەتایبەتی هێڵکاری تابلۆیەکی کە گوزارشت لە ڕاپەڕین دەکات و دەرخستنی ئەو دەموچاو و دەربڕینی ئەو هێز و ڕقەی کە لە پشت دەموچاوەکانەوە هەست پێ دەکرێت، ئەم کارانە دەشێ بە سەرەتایەک بۆ چوونە نێو ئاقارەکانی ڕێبازی تەعبیریەت لەلای هونەرمەند ناوزەد بکەین... هەر دوا بەدوای ئەمەش کارەکانی کامڵتر نیشان دەدات و هەم لە ڕووی ناوەڕۆک و دەربڕینەوە، هەم لە ڕووە تەکنیکەیەوە کە کەرەستەی دیکە و جۆر و ستایلی تازە دێنێتە ئاراوە تا ئەو ڕادەیەی کاریگەرییەکی تەواو لە ڕووی ڕامانە ئیستاتیکیەکانیشەوە دەخەملێنێت.

لە ستایلدا تایبەتمەندییەکی بینراو (مەئلوف) لەو کارانەیدا بەدی دەکەین کە ئەو یەکەمین کەس نابێت لەسەر قەراخی ئەو جۆری کارکردنانە هەنگاو بنێ، بەڵکو کۆمەڵێ هونەرمەندی دیکەش لە جیهاندا نزیکییەکی تەواو بەدی دەکەین لەگەڵ کارەکانیاندا، گەورە پیشاندان و زلکردنی دەست و قۆڵ و قاچی مرۆڤەکان، ئەگەرچی لە ناوەڕۆکدا کاریگەری گوزارشت ئامێز لە خۆکۆدەکەنەوە، بەڵام لە ڕواڵەتدا بایەخی زۆر لەسەر ڕوانینمان جێ ناهێڵن، چونکە هونەرمەندانی دیکە هەن بە تایبەتی هەندێ لە هونەرمەندی عێراقی و عەرەبی لەوانە (سەلاح جەیاد) کە بە پێشڕەوی ئەو ستایلەی دەزانین و کارەکانی ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر نەک هەر هونەری عیراقی بەڵکو سەرتاپای هونەری عەرەبیش بەجێ هێشتووە.

لە هێڵکارییە گوزارشت ئامێزەکانی ئەم قۆناغەی (ئوسمان قادر)دا نیگەرانی و ترس و مردن، زۆرینەی پانتاییەکانمان بۆ داگیردەکەن، مردن بەشێکی زۆری کارەکانە، مردنێک کە هەمیشە لە ململانێیەکی زەحمەتدایە لەگەڵ ژیاندا، ململانێی ڕەش و سپی و جوان و قێزەون، ئەم دەربڕینانە لە قووڵایی هەستەکانی هونەرمەندەوە دەڕژێنە سەر کاغەزە سپیەکان و دەبنە چەندین چیرۆکی پڕ لە لوغز و بەهاداری هونەری.

ئەم جۆری کارکردنانە گەشە دەکەن و هەنگاو دەنێن بەرەو خۆ ڕامالین و نزیکبوونەوە لە (ئەبستراکت)، بەڵام هونەرێکی (ئەبستراکت)ی تەعبیری، کە هێشتا وروژمەکانی دەربڕین بە سەریانەوە زاڵە، ئەمەش لە قۆناغی سێیەم و ئێستای کارکردنی هونەرمەند دەردەکەوێت، کە تێیدا بە هەوڵ و ڕوانینێکی قووڵتر، پێوەندییە ئیستاتیکیەکان مەزەندە دەکات و بەرکەوتنی ڕەنگەکان دەخاتە هاوسەنگییەوە، گرنگیدان بە ڕەنگی وەنەوشەیی و پرتەقاڵی سوورباو پێگەیەکی قورس لەسەر فۆرمەکاندا دادەمەزرێنێت و بە هەندێ فیگەر و کوتلەی ڕەنگاوڕەنگی دیکە، پێکهاتە زانستییەکانی بینینمان بۆ جوانتر دەکەن، لەم قۆناغەدا وردتر و هۆشیارانەتر بایەخ بە (ڕەنگ و هێڵ و بۆشایی) دراوە و پێوەندییەکانی نێوان هێڵ و ڕەنگ گونجاوانەتر خراونەتە نێو بۆتەی بۆشاییەکانەوە تالەکایە تەکنیکیەکەیەوە هەنگاو بەرەو بەها جوان بەخشییەکان بهاوێ و لەوێڕا



گوزارشتەکانیشمان لەو نێوەندی ڕەنگ و هێڵ و بۆشاییەدا بۆ مەیسەر بکات..

ئەوەی جێگای سەرنجیشە لەو کارە ئەبستراکتییانەی هونەرمەند ڕوانگە هیچ ڕۆڵێک نابینێت، هەم وەکو ڕەنگ، هەم وەک هێڵ و قورسایی و بارستەکانی کوتلە و فیگەرەکان، بۆیە دەبینین، زۆربەی کات ڕەنگە گەرمەکان دەکەونە دوای ڕەنگە ساردەکان و ڕەنگی ساردی تۆخ زیاتر نزیکن لە چاوی بینەرەوە، بەمەش هەموو ڕێبەندە ڕوانگە ئامێزەکان تێکدەشکێنێت، هونەرمەند لەم حاڵەتەشدا مەبەستدارانە ئەم کارەی کردووە و لە خزمەت ڕۆحی ئیستاتیکی و دەربڕینخوازی بەرهەمەکانیدا بەم جۆرە ڕەنگەکانی داناوە، کە مایەی سەرسامییە و کەم لە هونەرمەندان درک بەو حاڵەتە نا هاوسەنگییە دەکەن، کە لە دانانی جۆری ڕەنگ و هێڵەکاندا دەخەملێت بۆ کەسی بینەر. شایانی باسە هونەرمەند (ئوسمان قادر) لە ساڵی (١٩٦٢) لە شارس سلێمانی لە دایک بووە و لە ساڵی (١٩٨٥) پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، هەروەها بەشداری کردووە لە کۆمەڵێ پێشانگای هاوبەش لە کوردستان و دەرەوە و تاکو ئێستا نۆ پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە، کە دواهەمین پێشانگای بەناوی (بیرەوەرییەکانی ئوسمان قادر) بوو لە (٢٠٠٤/١٢/٢) لە هۆڵی شێوەکاری مۆزەخانەی (ئەمنە سوورەکە) لە سلێمانی کردییەوە، ئێستا هونەرمەند سەرقاڵی کاری هونەرییە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا.

# با مێژووی کورد به ڕاستی بنووسرێتەوە

## «هێندێ بۆچوون لەسەر وتووێژێک»

ئەحمەد شەریفی
(مەهاباد)

کاک ئازاد عەبدولواحید، سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان وتووێژێکی لەگەڵ کاک حەمەدەمین هەورامانی ئەنجام داوە کە لە ڕامانی ژمارە (٧٧) ساڵی (٧) تشرینی دووەمی (٢٠٠٢)دا بڵاوکراوەتەوە. کاک حەمەدەمین هێندێ قسەو باسی هێناوەتە گۆڕێ کە دەمەوێ هێندێ تێبینی خۆمیان لەسەر دەربڕم.

کاک حەمەدەمین پاش دیاردە بۆ کار و خەباتی ئەدەبی و چاندی، دەپەڕژێتە سەر گواستنەوەی لە دەورانی گەنجیدا بۆ هاوار و دەفەرموون:

ئەم گواستنەوەیەم بۆ ئەوێ، بوو بەخێر و پیت و فەڕ بۆ من، چونکە هاوارم باش ناسی کە مرۆڤی بێ وەی و خزمەتگوزارن. هەروەها ڕەوشتی دینەکەیان فێر بووم و دەستم کرد بە نووسینی کتێبی کاکەیی.. بەهەرحاڵ لە ساڵی حەفتاکاندا ئەم نووسینەم بەچاپ گەیاند، کە ژمارەیان دە هەزار نوسخە بوو. ئەو کتێبە لە ماوەی چوار مانگدا دانەی لە بازاڕدا نەما. (ڕامان (٧٧ لاپەڕە ٦٥).

ئەگەرچی کاک حەمەدەمین نافەرموون لە چ ساڵێکدا ڕاگوێزی هاوار کراون، بەڵام وەک لە قسەکانی دەردەکەوێ پێش ساڵانی (٧٠)کان بووە و دەڵێن: «دەستم کرد بە نووسینەوەی کتێبی کاکەیی، تا حەڤدە ساڵی ئەم کتێبە کاکەییەم داناو زاتم نەبوو دەریخەم».

ئەگەر ئەم (١٧) ساڵە لە حەفتاکان کەم کەینەوە، کاک حەمەدەمین دەبێ لە پەنجاکاندا «کاکەیی» نووسیبێ.

لەو بارەوە من چەند سەرنجێکم هەیە:

١- کتێبی کاکەیی نووسراوەیەکی سەربەخۆ نییە و ئەنگۆ زۆر بە خراپیش کردووتانەتە کوردی. پاشان باسی دەکەم.

٢- دەفەرموون لە حەفتاکاندا چاپتان کردووە، بەڵام لە لاپەڕەی «٢»دا نووسراوە لە ساڵی (١٩٨٤) لە چاپخانەی (الحوادث)ی بەغدا چاپ بووە.

٣- لەلاپەڕەی چواردا «ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی) لە (١٩٨٤/٨/٣٠)دا کورتە سەرەتایەکی بۆ نووسیوە.

٤- دەنووسن ئەو کتێبە لە ماوەی چوار مانگدا (دەبێ چوار مانگی حەفتاکان بێ) دانەی لە بازاڕدا نەما، بەڵام ئەمن لە هاوینی (١٩٩٩) لە سلێمانی کتێبەکەم دی و کڕیم.

٥- دەنووسن تیراژەکەی دە هەزار دانە بووە. بە پیرو پێغەمبەر هەتا ئێستا لە هیچ پارچەیەکی کوردستانێ کتێبێک چاپ نەبووە تیراژەکەی دە هەزار نوسخە بێ.

٦- چۆن کتێبێکی کە لە حەفتاکاندا چاپ کرابێ (لە ساڵی حەفتاکاندا ئەم نووسینەم بەچاپ گەیاند.) کەڵکی لە وتاری شەهیدی نەمر مامۆستا ڕۆژبەیانی (بندینجین- مندلی- فی التاریخ قدیما و حدیثا) وەرگرتووە کە

لەبەرگی (٧)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق- دەستەی کورد چاپی (١٩٨٠) وەرگرتووە؟. بڕوانە کاکەیی لاپەڕە(٢٩٥).

٧- کاکەیی کە لە حەفتاکاندا چاپ کرابێ چۆن کەڵکت لە کتێبی (پێشبینییەکانی عێل بەگی جاف، چاپی دوکتور سەدیق بۆرەکەیی، تاران ١٣٦٠/-١٩٧٩/٨) وەرگرتووە؟

٨- کاک حەمەدەمین دەنووسن: «ئەوەی هاوارم بەکوردی نووسی. لە ساڵی (١٩٥٥) و دەوروبەری دەستم پێکرد و (٢٠) جار زیاتر ئاڵوگۆڕم پێکرد..» و پاشان دەفەرموون، یەکەم شت فۆنەتیکی کوردی بوو وەک ئەلفوبێ، لەو کاتەدا کەس خەریکی ئەو کارە نەبوو، کەسیش باسی فۆنەتیکی نەکردبوو. ڕامان لاپەڕە«٦٦» ژ(٧٧).

بەداخەوە کاک حەمەدەمین نازانێ کە زمانی کوردی فۆنەتیکی ناوێ، چونکە کاتێ کوردی بە لاتین بنووسرێ هەموو دەنگەکانی دەنووسرێ. جگە لەوەش بە دەیان ساڵ پێش ئەوەی کاک حەمەدەمین دە فکرو بیری فۆنەتیکی کوردیدابێ، بنەماڵەی وەرجاوەندی بەدرخانیەکان ئەو کارەیان ئەنجام دابوو. جەلادەت بەدرخان لە ساڵی (١٩٣٣) لە گۆڤاری Hawar و لە (١٩٤٢) Ro-nahi و کامەران بەدرخان لە ساڵی (١٩٤٣) Ro-januی پێ وەشاندبوون، بەڵام ئەو فۆنەتیکەش کە خوێنەر دە کتێبی کاکەییدا دەبینی، فۆنەتیکی کوردی نییە، بەڵکو فۆنەتیکی فارسییە کە کاک ماشەڵڵای سووری دەقی ئەسڵی و سەرەکی کتێبی کاکەیی پێ نووسیوە و پاشتر دیاردەی بۆ دەکەم.

٩- کاک حەمە پاشان، واز لە ئاینزای کاکەیی دێنێ و باسی وڵات و سەرزەوی ماد دەکا و بە جۆرێک باسی مێژوو دەکا کە پیاو سەری سوڕدەمێنێ. گۆیا زەردەشت گوتوویەتی «گا» مەکوژن و مەکوژنەوە. لەم فەرمایشانەی کاک حەمە دەردەکەوێ کە بەڕێزیان کەمترین موتالیعەیان لەسەر ئایینی زەردەشت و کۆنە دینەکانی کورد نییە، کاک حەمە سەد بریا سەرنجێکی دابایە کتێبی دینە کۆنەکانی کوردی بەهەشتی مامۆستا تۆفیق وەهبی، جا دەیزانی «گا» نەکوژی فەرمانی ئایینزای میترایسمە و پێوەندییەکی بە زەردەشتی هەژارەوە نییە.

کاک حەمە بەمەشەوە ناوەستێ و دیاردە دەکەنە سەر «کرۆکی مادیش، ناوچەی هەورامان، لوڕستان» کە گۆیا بەشێکە لە ئوورومییە. بەڕاستی مرۆ نازانێ بێژێ چە؟. ئاخر کاکی برا، کەنگێ و لە چ تاریخ و نووسراوەیەکدا، هەورامان، بەشێک لە ئوورومییە بووە؟. لانی کەم سەرنجی مێژوویی مادی «دیاکۆنۆف»تان دابا هەتا سنوورەکانی مادتان زانیبایە. ڕاستە کە مادی گچکە و مادی گەورە، سەرانسەری کوردستان دەگرنەوە، بەڵام هەورامان هەرگیز و هەرگیز سەر بە ئوورومییە نەبووە.

کاک حەمەدەمین واز لە ماد و هەورامان دێنن و ئەمجارە دەبنە پسپۆڕی مێژووی ئەدەبی کوردی و دەڵێن: «تا (٥٠) ساڵ لەمەوپێش یەک کەس بە سۆرانی شیعری نەگوتووە. (ڕامان ژ(٧٧) ل٦٨) بێگومان نالی و سالم و مەحوی و حەریق و وەفایی و... هەموویان مێرمناڵی (٥٠) ساڵ لەمەوبەرن.!

باسی دەریای ئازەر دەکەن. (ڕامان «٧٧». ل٦٨). دەریایەکی کە هەرگیز نەبووە و لە هیچ نەخشەیەکی ئێران، کوردستان، ڕۆژهەڵات و دنیادا ناوی نییە.

کاک حەمە پاشان دەفەرموون: (ئەوەی ئەمن بەناوی گوڵزاری هەورامان ئامادەم کردووە. «ل٦٩»). «ئەو دەقانەیە کە بەزمانی پەهلەوی نووسراون. ڕازی کۆن هەیە لەناو ئەوانەدا، حەیدەر و سنەوبەر هەیە کە ڕازێکی شیعری زۆر کۆنە و وشەی زۆر ڕەسەنی تێدایە کە تەنانەت لە هەورامانیشدا بەکار نایەت»، (ڕامان ژ«٧٧»، ل«٦٩»).

زۆرم پێ سەیرە کە کاک حەمەدەمین هەورامانی بەم



شێوەیە باسی چامە و مەنزومەی حەیدەر و سنەوبەر دەکا. منی کوردی موکریانی هەورامانی نەزان هیچ ڕازێکی کۆن و وشەی نامۆی بە قەولی وان ڕەسەنم لە «حەیدەر و سنەوبەر»دا نەدی کە پێشاندەری بیروبۆچوونەکانی مامۆستا حەمەدەمین بن.

کاک حەمەدەمین لەو وتووێژەدا، پاشان دەپەرژێتە سەر قەواڵەگەلی کۆنی هەورامان و هێندێ زانیاری ناڕاست دەدا.

سەد بریا کاکی برا، سەرنجێکی کتێبی «لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری» زانای هێژا دوکتۆر جەمال ڕەشیدی دابا و ئەمجار قسەی لەسەر قەواڵە کۆنەکانی هەورامان کردبایە و جا دەیزانی کوندە لە کوێ دڕاوە و دۆ لە کوێ ڕژاوە.

کاک حەمەدەمینی پسپۆڕ لە هەموو زمانە کۆنەکانی ئارییایی و ئێرانیدا، واز لە دەورانی ئەشکانی و قەواڵە کۆنی هەورامی دێنێ و دەپەرژێتە سەر دەورانی ساسانی: «حەکایەتی ڕۆستەم و زۆراب کە حەکایەتێکی ئاوێستایی ئایینی زەمانی ساسانیەکانە کۆکراوەتەوە، هەمووی بەشێوەی هەورامانی کوردییە. لە ئەورووپا دەقەکەیم لەبەردەستە و تەرجەمەم کردووە، ڕامان «٧٧» ل«٧٠».

کاکی برا، ڕۆستەم و زۆراب، یا سۆهراب حەکایەت نییە و ئوستوورەیە، ئەو دەقەی تۆش دەفەرمووی حەکایەتێکی دوورو درێژی هەیە. ئەزی بێسەواد و نزیکەی بە «٢٠» ساڵ لە ساڵەیلی دەیەی (٥٠)ی هەتاویدا، لە کرماشان ژیاوم، دۆستێکی کوردپەروەری ئاوێستا زانم هەبوو بەناوی دوکتۆر عیمادەدینی دەوڵەتشایی(١) ماوەیەکی یەجگار زۆر بوو لەسەر ئاوێستا توێژەوانی دەکرد. لە ساڵی (١٣٦٣)ی هەتاویدا کتێبێکی بەناوی «جغرافیای غرب ایران، یا کوەهای ناشناختە اوستا/ جوغرافیای ڕۆژئاوای ئێران، یا کێوەیلی نەناسراوی ئاوێستا» بڵاوکردەوە. لەم کتێبە گرنگەدا، باسی هەموو کەژوکۆی ئاوێستا دەکا کە لە کوردستاندان و خزمەتێکی گەورەی بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کرد. ئەو ڕەحمەتییە نزیکەی (٣٥)ساڵ خوێندنەوە و توێژەوانی لەسەر ئاوێستا و زمانی کوردی کرد و چەندین بەرهەمی گرینگی لەم بارەوە هەیە، هەتا ئەو جێگەی ئەز زان بم لە ساڵی (١٣٧١)ی هەتاوی، ساڵێک پێش مردنی، دەقی کوردی، ئاوێستایی و ئینگلیزی ڕۆستەم و زۆرابی، لەلایەن کوڕە گەورەکەیەوە، کاک بارامی دەوڵەتشاییەوە لە ئەمریکا چاپ و بڵاوکرایەوە. پاشان هەمان دەق لە ئێران لە ساڵی (١٣٧٧) لەتاران سەرلەنوێ لەلایەن شاپووری کوڕیەوە چاپ کرایەوە. هیوامە کاک حەمەدەمین ڕۆستەم و سۆهرابەکەی ڕەحمەتی عیمادەدینی دەوڵەتشاییش نەکاتە هینەکەی کاک ماشەڵڵای سووری و بەناوی خۆی بیچاپێنێ.

کاک حەمەدەمین لە بەشێکی تری وتووێژەکەی لەگەڵ کاک ئازاد دا دەڵێ: کە گۆیا فەرهەنگی «ئێریەن ڤاچیان»ی ئامادەکردووە و دەبێژێ: «کارێکی درێژخایەنی زانایانە. من کە وشەی کوردی کۆن دادەڕێژم، لە ماوەی چەند ساڵێکدا هەندێکم ئامادە کردووە و فەرهەنگێکە داومەتە وەزارەتی ڕۆشنبیری کە کارێکە تووشم هات و ئومێدەوارم چاپ بێت.»

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، بەڕێز کاک حەمەدەمین فڕی بەسەر فەرهەنگی بە قەولی وی «ئێریەن ڤاچ» وە نییە. فەرهەنگی «ایرانویچ» نزیکەی «٤٠» ساڵ لەمەوبەر، خوداڵێخۆشبوو دوکتۆر بارامی فەرەوەشی مامۆستای زمانی پەهلەوی زانستگەی تاران نووسیویە و لەلایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی زانکۆی تارانەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هیوامە وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان ئەم ڕاستییە لەپێش چاوبگرێ و بە وشیارییەوە چاپی بکا و نەبێتە نەقڵ و نەزیلەی کاکەیی کە پاشان باسی دەکەم.

کاک هەورامانی لە بەشێکی تری وتووێژەکەیدا، واز لە زمانەوانی و «وشەی کوردی کۆن داڕژان» دێنێ و دەچێتە سەر باس کردنی مێژوو و سەبارەت بە پەلاماری سوپای ئەسکەندەر کە سەرانسەری ئێرانی بە کوردستانەوە گرت دەفەرموون: «هەورامانیش کە وەختی خۆی باسمان کردووە کە بەهۆی دەربەندەکانی دزلی و کلاوێ و کۆسەی هەجیج و دەربەندێکی دیکەی سوپای ئەسکەندەری مەکدۆنی نەیتوانیوە بچێتە هەورامان». (ڕامان٧٧ ل٧١)

هەزار بریا، کاک حەمەدەمین سەرنجی چەند مێژوویەکی وەک «تاریخ ایران باستان، مشیرالدولە پیرنیا/ مێژووی کۆنی ئێران»، مێژووی هێرۆدۆت، مێژووی ئێران کە (٥) نووسەری گەورەی سۆڤیەتی بەرێ نووسیویانە و کەریمی کەشاوەرز کردوویەتە فارسی، دەدا هەتا زان بێ چۆن سوپای ئەسکەندەر هەموو ئێرانی تەنانەت بە کوردستانیشەوە داگیر کردووە. خوداڵێخۆشبوو ئایەتووڵڵا مەردووخ دەنووسێ.: پاش تێکچوونی حکوومەتی هەخامەنشی، ئەسکەندەری مەکدونی بە سەر سەرانسەری ئێراندا زاڵ بوو. ناوچەگەلی کوردەواری ماد، کوردەوان،

کـورتی و گـوتیش کـەوتنە ژێر دەسـەڵاتی سـوپای یۆنان (تاریخ مردوخ جلد ا، ص ۳۱، چاپ تهران، ۱۳۵۳).

بەڵام پاش ئەو هەمـوو باسـوگـۆیە، با بێـینەوە سـەر مەبەستی سەرەکی و کتێبە کاکەییەکەی کاک حەمەدەمین کە مەبەستی سەرەکی باسەکەمانە، لە ساڵی (١٣٤٤)ی هەتاوی (١٩٦٥ز) کـــاک مـــاشـــەڵڵای ســـووری خوێندکارێکی کرماشانی کتێبێک بەناوی سروده های یارسان، چاپ دەکا، سەبارەت بە بیروباوەڕ و بۆچوونی ئەهلی حـەق (یارسـان، کـاکـەیی، یاری، عـەلی و ئیلاهی..) کە سەرجەم ناوەرۆکەکەی بەم جۆرەیە:

١- سەرەتا و ڕاڤەی کتێبەکە بە فارسی، ل(١-١٩).

٢- باوەڕمـەندی ئەو ئاینزایە سەبارەت بە خـولّقـانی جـیـهـان، ئاسـمـان و زەوی، ئادەم و حـەوا و پیـران و ڕێبەرانی ئاینزاکە، ل(٢٠-٧١).

ئەم کتێبە سەرجەم (٢١) بەشە، بە شیعر و پەخشانی کوردییە و وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و شیعرەکانی سـەرەڕای ئەوەی بە ئەلفـوبێی فـارسی نووسـراون کـراونە فـۆنەتیکی لاتینی تایبـەتی فـارسـیش، وشـە چەتوون و نامۆکانیشی لاپەڕە بە لاپەڕە ژێرنووس کردووە و مانای فارسی لێداوەتەوە.

٣- بەشی سێیـەم کە بەشی سەرەکی کـتێبـەکـەیە بەم جۆرەیە:

ئەلف: چامـە شیـعـرێکی خـان ئەڵمـاس سـەبارەت بە خولّقانی جیهان و هەستی و بوونەوە. ل(٧٣-٨٨).

ب: چامە شیعـرێکی پیرعـالی قـەڵەندەر سـەبارەت بە گۆڕان (تطور). (٨٩-١٠٣).

ج: چامە شیعرێکی سوڵتانی سەهاک و پیرمیکاییل، ل(١٠٣-١١٢).

د: چامـە شـیـعـرێکی خـۆ سپـاردن و گـوێزشکاندن. ل(١١٣-١١٧).

ح: چامە شیعرێکی  قوربانی کردن، ل(١١٨-١٣٤).

ت: چامـە شـیـعـرێکی پەسـەند و سـتـایشی داوود، ل(١٣٥-١٤٤).

ل: چامە شیعرێکی ئەوەڵ ئاخریار، ل(١٤٥-١٤٧).

ک: چامـە شـیـعـرێکی سـتـایش و پەسـەندی یادگـار، ل(١٤٨-١٤٩).

ل: چامـە شـیـعـرێکی سـتـایش و پەسندی جـەم، ل(١٥٣-١٦١).

سەرجەمی هەموو ئەو شیعرو چامانە، بە زمانی کوردی و ئەلفـوبێی فـارسی و تەرجـومـەی فـارسی و فـۆنەتیکی تایبەتی زمانی فارسی نووسراونەوە.

٤- بەشی فارسی کتێبەکەی کاک ماشەڵڵای سووری:

ئەلف: باوەڕمـەندی بە خـولّقـانی جیـهـانی هەسـتی، ل(١٦٤-١٦٦).

ب: ناوی خـواو حـەوت یاریکاری (حـەوتەوانە) بە گـوێرەی دەفـتـەر و دیوانی «سـەرەنجام» و «پردیوەری»، ل١٦٦-١٦٧.

پ: ناوەیلی خـواو حـەوتەوانە بە گـوێرەی دەفـتـەری بنەماڵەی شا هەیاسی، ل(٩-١٦٨).

ت: کۆڕی یاران (بەییا و بەس)، ل(١٧٠).

ج: خۆ سپاردن، ل(١٧٠-١٧٢).

چ: خولّقانی مرۆڤ، ل(١٧٣).

ح: ئەهریمەن (شەیتان)، ل(١٧٤-١٧٥).

خ: دوونادوون (تناسخ)، ل(١٧٤-١٨٤).


د: شەجەر و ناوەیلی خاوەندگار، ل(١٥٨-١٨٤).

ڕ: لـە دایک بـوونـی ســـوڵـتـــان ســـەهـاک، ل(١٨٧-١٩٠).

ز: ڕۆژوو و جێژنی خاوەندگار، ل(١٩٠-١٩١).

ژ: شارپ (سمێڵ)، ل١٩٢.

س: قوربانی، ل(١٩٢).



ش:جەم (جەمخانە)، ل(١٩٣).
ع: سڕینەوەی چەپەڵی، ل(١٩٤).
غ: نەریتی غوسڵ کردن، ل(١٩٤-١٩٨).
ف: ڕووگە (قیبلە)، ل(١٩٨).
ق: نەریتی مردووناشتن و غوسڵی، ل(١٩٩-٢٠٠).
ک: چامەی تەڵقینی مردوو، ل(٢٠١-٢٠٧).
گ: ناوی فریشتەگەل، ل(٢٠٨-٢٠٩).

ئەم کتێبە دەکەوێتە دەست کاکە حەمەدەمین هەورامانی و کارێکی بەسەر دێنێ مەگەر با بە دەواری شڕ و سەرما بە هەتیوی کردبێ و دێ لەگەڵ دەفتەری «ڕمووزی یارسی» سەیدی هێژاو زانا «ئەفزەڵی شا ئیبراهیمی» خەڵکی سەحنەی کرماشان تێکەڵیان دەکا و سەرەتایەکی بۆ دەنووسێ و دەبێتە کتێبی کاکەیی و بە فەرمایشی خۆی لە حەفتاکاندا، لە دە هەزار نوسخەدا گۆیا چاپی کردووە.

کاک حەمەدەمین دەڵێ: هەروەها ڕەوشتی دینەکەیان فێر بووم کە دیارە مەبەستی ڕەوشتی کاکەییە. (ڕامان ژ«٧٧». ل٦٥)، بەڵام منی خوێنەر لە سەرانسەری کتێبی (٣٠٤) لاپەڕەیی کاکەییدا تەنانەت لاپەڕەیەکم سەبارەت بە ڕەوشتی دینی کاکەییەکان نەدی. تەنانەت کاک حەمەدەمین نانووسێ کاکەیی کێن، هاوار لە کوێ هەڵکەوتووە، ئەو وەخت چەند ماڵ بووە؟ پیر و پیاوە گەورەکانیان کێن؟ شێوەی ئاخەفتنیان چلۆنە؟ لە سەرانسەری کتێبی (٣٠٤) لاپەڕەیی کاکەیی-دا، لاپەڕەیەکم سەبارەت بە هاوار تێدا نەدی.

جگە لەم قسە و باسانە کە کاک حەمەدەمین، کتێبەکەی «سروودی یارسانی» ماشەڵڵای سووری بەناوی خۆی بە سەرەتایەکەوە لە چاپ داوە، کە فۆنەتیکەکەی کاک سووری وەرگێڕاوەتە سەر ئەلفوبێی کوردیش تووشی هەڵەی سەیر بووە. بۆ وێنە ماشەڵڵای سووری لە لاپەڕەی (١٤٥)دا، ستایش و پەسەندی ئەوەڵ یاردەکا. (بە ڕێنووسی خۆی دەینووسمەوە):

١- اول آخریار
٢- بوانام ثنای اول آخریار
٧- یک لمعه نوری وانام خور

1- Aval Axer yar.
2- Bovanam thanay avel axer yar.
7- Yek lom'a nure veranam xowar.

کاک حەمە بە قەولی خۆی تراسسلیترەیشینی بەم جۆرە لێ کردووە:

١- ئەڤەل ئاخریار
٢- بۆڤانەم ثەنای ئەڤەل ئاخر یار
٧- یەک لومەع نووری ڤەرانام خۆوەر. کاکەیی، ل(٢٣٦).

زۆرم پێ سەیرە کە چۆن دەبێ کاک حەمەدەمین هەورامانی، بە قەولی خۆی زمانزان و خەڵکی هەورامان، نەزانێ کە لە زاراوەکانی هەورامی، لەکی کەلهوڕی، لوڕی و بنزاراوە گەلی تری کوردستانی باشووردا دەنگە-پیتی (ڤ)ێ نییە، ؟ کاک ماشەڵڵای سووری بێ ئەوەی خۆ بە مامۆستا و زمانزان و پسپۆڕ دانێ، هەم کوردییەکەی ئەگەرچی بە ئەلفوبێی فارسییە و هەم فۆنەتیکەکەی کە ئەویش تایبەتی زمانی فارسییە، دەقەکانی ڕاست و دروست نووسیون، بەڵام کاک حەمەدەمین کە ڕاگوێزی کاکەیی کردوون هەمووی شێواندوون و نەیزانیوە کە پیتی (V) دە فۆنەتیکی فارسیدا دەنگی (و)ێ دەدا. سەرەڕای ئەوەش کاک حەمەدەمین کە هێندەی خۆ پێ زمانزان و زماننناسە دەبوو زان بێ کە لانی کەم دە زاراوەی گۆرانی یا هەورامیدا دەنگە پیتی (ڤ) نییە.

کاک حەمەدەمین دەدوایین بەشی کاکەییەکەیدا باسی مەکۆ و جێگا پیرۆزەکانی ئەهلی هەق دەکا، ل(٢٥٥)، بەڵام چ باسێک؟

کاک حەمەدەمین هەروەک لە وتووێژەکەیدا، لەگەڵ کاک ئازاد، دەبێژێ کە هاتۆتە کوردستانی ئێران و ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە و بۆ خۆشم چەند جار و ڕا لە سنەو کرماشان و پاوە بە خزمەتیان گەییوم و زۆریش قسە و باسمان پێکەوە کردووە، بەڵام ئەوکات کاکەییە گۆرینم نەدیبوو هەتا لەو بارەوە قسەیەکی لەگەڵ بکەم و بۆ خۆشی باسی نەدەکرد، بەڵام بەداخەوە ئەو برادەرە، کاتێ باسی جێگا پیرۆزەکانی ئەهلی هەق دەکا دیسان تووشی هەڵە بووە، سەیرە کاک حەمە ئەو ماوەیەی لە کوردستانی ئێران و بە تایبەت لە پاوە بوو سەفەرێکی مەکۆ پیرۆزەکانی ئەهلی هەقی نەکردووە هەتا بزانێ چەندەی هەڵە کردووە و پاشان وەک وتارێک بڵاوی کاتەوە و هەڵەگەلی خۆی پێ ڕاست کاتەوە.؟ نەکا قسەی پیاوان یەک بێ؟ با بزانین چۆن باسی جێگا پیرۆزەکانی ئەهلی هەق دەکا.؟

١- پەردیوەر:

شاری پەردیوەر کۆنە. دروست کردنی بۆ دەمی سوڵتان خۆی دەگەڕێتەوە.

بە قەبری سوڵتان سەهاکی بەرزنجەی ڕێبەری کاکەیی و یاری و ئەهلی هەق قەت قەت نە تەنیا لە هەورامان

بەڵکو لە هیچ ئوستان و جێگایەکی کوردستان و ئێراندا، نە کۆن و نە نوێ، هەرگیز شارێک بەناوی پەردیوەر نەبووە.

واژۆ (تلفظ)ی وشەکە پردیوەر و بە مانای ئەوبەری پردێ. لە ساڵگەلی لاویدا دێتە گوندی شێخانی هەورامان و سەرەنجام لە تەمەنی (١٣٤)ساڵیدا دەمرێ و وەفات دەکا.

پردیوەر، پردێک بووە کە تووڵە مێو لەسەر رووباری سیروان بۆ هات و چۆی شێخانی دروست کراوە. یانی لای ڕۆژهەڵاتی چۆمی سیروان پردیوەر بووە و لای ڕۆژئاواشی گوند و ئاوایی شێخان بووە، ئاوایی شێخان چونکە گڵکۆی پاکی حەزرەتی سوڵتان سەهاک و بە دەیان پیر و ڕێبەری کاکی دیاری ئەهلی هەقی لێیە پیرۆزترین جێگە و مەکۆی پەیڕەوانی ئەم ئاینزایەیە، لە دەورانی شەڕی سەدامی گوڕ بەگۆڕ، زیاتر لە (٣٠) جار شێخان بۆردومان کرا و کەوتە بەر ڕەهێڵەی تۆپ و مووشەکی بەعسییەکانەوە.

١- کاک حەمە لەلاپەڕەی (٢٥٦)دا باسی تەشار دەکا. ئەمن پێم سەیرە کە کاک حەمەدەمین ماوەیەکی زۆر لە پاوە ماوەتەوە، بۆ دەبێ هەیاران جارێک لە جاران نەچووبێتە شێخان و قومێک لە ئاوی تەشار بنۆشێ و بشزانی داخۆ شێخان لەکوێیە و تەشار چلۆنە و کۆنە قەبرستانی نێوان شێخان و تەشاری بینیبایە کە گڵکۆی سەدان پیری ژیر، وێژەر و کەلام چڕی لێیە.

بەداخێکی زۆرەوە لەو بەشەش لە کتێبەکەیدا باسی شێخان قیبلەو ڕووگەی یاران و گۆڕی مووسا و پیر بنیامین و پیرانی کەرەندو سەرپێلی زەهاو و سەحنە و جەیحوون ئاواو بە تایبەت گۆڕی پیرۆزی بابا یادگار ناکا کە مەولەوی کاتێ دەچێتە سەر گۆڕی هاواری دەکاتێ:

**خەیلێ مەلوولم یا پیر هیمەتێ**

مەولەوی نە بە هیوا بوو کتێبی خەڵکی بەناوی خۆی چاپ کا و نە مێژووی هەورامان بنووسێ، بەڵام کاتێ دەچێتە سەر گڵکۆی پیرۆزی بابا یادگار بە شیعرێکی (١٨) بەیتی هانای بۆ دەبا:

**دیدەم (ڕێژاوە) ڕووخسارەم (زەردە)ن**
**ج داخ «یاران» «پیران»ەم کەردەن**

کورت و کرمانجی بیبڕمەوە، کاکەییەکەی کاک حەمەدەمین دەبێ دوو سێ بەرامبەری خۆی وتار لەسەر بنووسرێ و ساغ کرێتەوە کە کام شیعر و چامەی لە کتێبی ماشەڵڵای سووری و کامی تری لە کاک ئەفزەڵی شا ئیبراهیمی وەرگرتووە و بۆ وای لێکردوون کە وەک دۆ و دۆشاو تێکەڵ کردن وایە.

سەرەنجام کاک حەمەدەمین لە وتووێژەکەدا دەفەرموون مێژووی هەورامانیان نووسیوە. بە ڕاستی ئەگەر مێژووی هەورامانەکەشیان وەک کاکەییەکە بێ، سەد هەزار بریا چاپ نەکرابا، با پتر لەوەی مێژووی کورد چەواشە نەکرێ. لە کۆتاییدا بە بەیتە شیعرێکی فیردەوسی. عەرزی کاک حەمە دەکەم کە چلۆن ئەسکەندەر هەورامانی داگیرکردووە:

**شاه سکندر بهرکس غضب درگشود**
**اشاره به زندان اورامان نمود**

**پەراوێز:**

١- دوکتور عیمادەدینی دەوڵەتشاهی لەتەمەنی (٨٢) ساڵیدا، لە ڕۆژی (١٣٧٠/٦/١٦)ی هەتاوی (١٩٩١) لە کارولینای باکوری ئەمریکا، دڵی پڕ لە کوڵی بۆ کوردستان وێستا و کۆچی دوایی کرد و پاشان ڕاگوێزی ئێران کرا و لە گۆڕستانی (نو)یی شاری قوم تەسلیم بەخاک کرا.

کاک عیمادەدین کە لە ساڵی (١٢٨٨)ی هەتاوی/ (١٩٠٩) لە شاری کرماشان لەدایک ببوو، هۆگرییەکی زۆری بە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی هەبوو و هەموو بەشەکانی ئاوێستای کۆکردبۆوە لە شێوەی سەرەکی گۆرانی نزیک بە زاراوەی کرماشانی، خوا بکا کاک دوکتۆر کاوە و دوکتۆر شاپووری کوڕی لە بەرەوە چاپیان کەن با نەکەونە دەس کەسەیلی کە وەناو خۆیان چاپی بکەن.

# یۆکۆ
# فرستادەی مەلەکووتی بەفر و ئەڤین و جوانییە


لێدوانی: هاشم سەڕاج

**ڕەوغەنی دیدەم ڕژایە سەر کیتابی خەططی خۆم**
**چاو لە ئێشی ئەو سپی، نووریش بەسەر ئەودا سەقەط**
**«نالی»**

«یۆکۆ کە لەبەرە بەیانی ساڵڕۆژی لە دایکبوونیدا لەگەڵ باوکیدا لە ڕۆخی ڕووبارەکە پیاسەیان دەکرد وتی:

– باوکە، من ئەمەوێ ببم بە شاعیر.

گرژییەک کەوتە نێوچەوانی ڕاهیبەوە کە بە ئاشکرا نیشانەی نائومێدییەکی قووڵ بوو، خۆر تیشکی خۆی بەسەر شەپۆلەکاندا پەخش کردبوو، ماسییەک بەلای دارغانەکاندا خزاو لەژێر پردێکی داریندا لە چاو ون بوو.. شاعیری پیشە نییە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ کات بەسەربردن شیعر لە ئاو ئەچێت، لەم ڕووبارە.. یۆکۆ بە هێمنی سەری دانەواند و نیگای سەر سامی خۆی ئاراستەی ڕوونی ئاوەکە کرد، پاشان ڕووی کردە باوکی و وتی ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە من ئەمەوێ بیکەم فێری ئەوەبم چۆن تەماشای تێپەڕینی زەمان بکەم لاپەڕە ١٤-١٥» [ڕاهیبەکە پرسی، شیعر چییە؟ یۆکۆ وەڵامی دایەوە، شیعر نهێنییەکە بەڵام باوک کوڕەکەی خۆی فێری گرنگی ئیمان و ڕێزگرتن لە هێزی توخمەکان و خۆشەویستی سروشت کردبوو، هەروەها فێری هونەری نووسینی هایکۆ» ، بەڵام «یۆکۆ ئاکینا»ی تەمەن حەڤدە ساڵ پاش ئەوەی سەرپێچی لە خواستی باوکی و نەریتی کۆمەڵگاکەی ئەکات و نایەوێ ببێت بە ڕاهیب یان سامۆرای» ڕێگای شاعیری لە ژیاندا بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. یۆکۆ هەر لە سەرەتاوە وەک پاڵەوانێکی عارف کۆمەڵێک سیفات و خەسڵەتی پەیامبەرانی تیا ڕسکاوە و بەرجەستە کراوە ئەم خەسڵەتانەیش هێدی هێدی لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ڕووداو و حاڵەت و ئەزموون و تاقیکردنەوە و باڵابوونی پلەکانی ڕۆح و مەشقی تێڕامان و شکۆمەندبوونی دەروون و دایسانی چرکەساتەکانی عیشق بە دیار دەکەون و ڕوون و ئاشکرادەبن.. یۆکۆ نێراو و فرستادەی مەلەکووتی سەڵتەنەتی میهر و سەودایی و ئەڤین و بەفر و شیعر و جوانییە.. ئەو پاڵەوانێکی خانەدان و خانەزا و دڵ و دەروون لێوانلێوی ڕێز و شکۆ و سەنگینی و کەمدوویی و تەنیایی و پشکۆکانی بەندەوارییە.. یۆکۆی تەمەن حەڤدە ساڵ لە سەرەتاوە شەیدا و پەرۆشی ژمارە حەوت و هایکۆی حەڤدە حونجەیی و هەڵوەدای بڕگەی



گۆکردنی «om»ە لە لەفزی پیرۆزی «AUM»دا لەیرە بە پێویستی نازانم لە خەسڵەتە پاک و جوانەکانی ژمارە«٧»ی موقەددەس بدوێم، چونکە عارف و موتەسەووفەکان نووسراوێکی زۆریان لە مەڕ ئەم ژمارە پیرۆزە نووسیوە و بەتایبەتی شێخی مەزن «محیەدین»ی «ابن عربي» و هەروەها لە «کۆمێدیای خوداوەندی» دانتی ئەلێجیری»شدا بە تێروتەسەلی باس لە خەون سیفات و خەسڵەتە پاک و جوانەکانی ڕۆحی یەزدانی دەکرێ..

یۆکۆ.. لە ئەزەلەوە لە پرشنگ و نوورەکانی ڕوخساری باوک و سۆز و میهرەبانی پاکیزە دابڕاوە و ئەمێستا نیشتەجێی زێد و زاگە و مەفتەنێکی غەمگینە و بەردەوام هەست بە ئاگری حەسرەتێک دەکات پڕپەتی لە خەفەت و کەسەرو لەززەتێکی سووتێنەر هەڵوەدای دۆزینەوەی گورزە ڕووناکییەکی پەتی و پالاوتەیە... پێوبستە لە ڕێگای گەشتەکانی ویساڵ و نهێنییەکانی شیعر و عیشق و جوانی بەم ڕۆحە ئاگراوییە بگات «یۆکۆ لەژێر تریفەی مانگدا لە هەورەکان دەڕوانێ هەر بۆیە تا بەرەبەیان نەگەڕایەوە»

یۆکۆ کە چاوی بە کیژۆڵەکە دەکەوێ کە لە کانییەکە ئاوی هەڵدەگۆزا.. هالاوی لەوحی جوانی ڕوخسار و جەستە ئاگرێکی وا لە دڵ و دەروونی بەردەدا و دەگەڵ هەڵدانی هایکۆیەکی «سوزوکی»دا یەکەمین چرکەساتی پێشبینی و دیدار و دیدەنی و شەیدایی دەرکەوتنی نووری بالا لە کەشوهەوایەکی تەژی لەسەر سوڕمان و سەرسامیدا خۆی دەنوێنێ..

**چەند ساردبوو**
**کاتێ گەلا سپییەکەم**
**ئەخستە سەر لێوم**
«سوزوکی»

زەماوەندی عیشق و بەفر و شیعر و جوانی و خەڵوەتی تەنیایی و.. لەوحی- طور-ی یەکەمین وشە [بەفر پێنج تایبەتمەندی هەیە:

**سپییە هەروەک شیعری پاک**
**سرووشت دەبەستێ و دایدەپۆشێ**

کەواتە هەر دیمەنێک دەکا بە نەخشێک- وەکو نووسینیش هەمیشە لە گۆڕاندایە، بۆیە بۆ بەرجەستەکردنی وشەی «بەفر»، هەزاران ڕێ هەیە، خلیسکە، کەواتە لە سەما دەچێت، لەنێو بەفریشدا هەموومان دەبینە سەماکار و وەکو تەنافبازەکان هاوسەنگی خۆمان دەپارێزین».

دەبێت بە ئاو، کەواتە لە ئاواز دەچێت] یۆکۆ عاشقی هونەری هایکۆ و بەفر و ژمارە حەوتی ڕۆحی یەزدانە..

یۆکۆ «حەوت ژمارەیەکی سیحراوییە، هەم هاوسەنگی چوارگۆشەی هەیە و هەم هەڵپەسێرراوی سێگۆشە..» پێوستە بە ڕێگەی نهێنییەکانی شیعر و ئاگری ئەڤین و جوانی، گەشتە پەرێشانیەکانی ڕۆح تەواو بکا و کەچی ئەو خۆی بارستێکە لە ڕۆحێکی سەرکەش و یاخی.. ئەو پاژ و بەشێکی ڕاستەقینەی ئەو سێیانی و «ثالوث»ە ئەڤینییەی شیعرە.. دەبێ ئێوارە وەختانێک لە ناکاو چەشنی یوسفی ماهی کەنعان کراسەکەی بەری هەڵداتە سەر دەم و چاوی «یاقوب»ی نابیناو کەنەفت و زورهان. یۆکۆ کۆمەڵێک سیفاتی پەیامبەرانی پێش خۆی تیایە، لە سەفەرە شیعرییەکەیدا کە بەسەر کێو و چیای بەفرین هەڵدەگەڕێ و دەگاتە لووتکە و (حەوت) شەو لەوێ خەریکی مەشقەکانی تێرامان و بیرکردنەوەیە لەجوانیەکانی «بوون». ئەو یەسووعە «موسا»یە.. لەوێ کردگار بە پەنجە نوورانییەکانی خۆی وشەی پیرۆزی «بەفر» لەسەر فەزای لەوحی ئاوریشمیندا تۆمار دەکا.... یۆکۆ ئازیزترین فرزەندی میهری بالایە و ئەو بوو «قدیس ئاوگستین»ی ئەگنۆستیکی لە شەوی باوێزانەکەدا لە پەنا گابەردە درەخشانەکەدا دالدەدا و ئەنجا کتێبی «مەملەکەتی خودا»ی پێ نووسی، بەلام یۆکۆ لە کەرنەڤالی لەززەتەکانی جەستەدا پالەوانێکی ئەپیکۆرییە و بایەخێکی هێجگار زۆر بە ڕۆڵی جەستە دەدات و هەوڵ دەدا گەورەترین و زۆرترین چێژی هەست و لەززەت لە جەستەی کیژۆڵەی لای کانییەکە وەربگرێ [.. کیژۆڵەکە تامی خۆشی عیشقی پێدەبەخشێ و یۆکۆ لەگەڵیدا میهرەبان بوو، بەمجۆرە تا بەیان لەگەڵ یەکدا خەوتن..

**ئای چەند گەرمە**
**پێستی ژن**
**ئەو پێستەی کە دایئەپۆشین]**
«سوت جو»

دەشێ هێما کردنێک بێ بۆ «مەریەمی مەجدەلیە».. کە تا دوایین چرکە سات و تا پەنای بەردی گۆڕ و کاتی پیواری و تەجەللاش لەگەڵیدا بوو، یۆکۆ لە زستانی ئەو

ساڵەدا حەفتا و حەوت هایکۆی نووسی، یەک لە یەک سپیتر و جوانتر.. دوا دێڕەکانی ئەمانەبوون:

**بەفری پاکیزە**
**گوزەرێک لە بێدەنگی و**
**جوانی**
**خرچە خرچی بەفر**
**لەژێر پێدا**
**زیکزیکەیەکی زستانی.**

هایکۆکان بۆ ڕۆحی شاعیر کۆمەڵێک ڕێگان کە بەرەو لای خودا دەچن بەرەو میهری باڵا و نووری سپی فریشتەکان... بەڵام ئەو مامۆستا شاعیرەی کە ئافرەتە لاوەکەی لەگەڵدابوو بە یۆکۆی گوت... ئەی بۆچی بەفر؟ لەبەر ئەوەی بەفر و شیعر و جواننووسی و نیگارکێشان و سەما و مۆسیقا، هەموو ئەمانە لە یەک کاتدا دروست دەبن، بەڵام شیعرەکانت بێرەنگن... سەفەری ڕۆح رووە و مەفتەن و مەملەکەتی نوور و ڕەنگ و نەخشەکانی قودرەت و گەشتەکانی خود و تێکەڵبوون بە جیهانە ڕۆحانیەکانی ڕۆمانەکانی «هیرمان هیسە».. گەشتێ رووە و خود، سیدهاتا، کنۆلب، گەمەی تۆپە شووشەیییەکان، دومیان...تاد بەفر نوقڵێتێکی ئەڤیندارانەی خودایییە و گەرانێکی بێ هەدادانە بەدوای دەسگیرکردنی نەغمەکانی وشەی پیرۆزی «ئۆم»..

یۆکۆی حەڤدە ساڵ- لە سەرەتاوە خاوەنی گیانێکی جەزبەداری پڕ ئەڤینە و بەهرەیەکی تەلیسمی هەمدەم ئۆقرەی لێ بڕیوە.. یۆکۆ بە چەمکی ئەفلاتوونی- دەروونی لێوانلێوە لە- ئیرۆس- کە تاسەی خۆشەویستیە تاسەی گەرانەوەیە بۆ ماڵی ڕاستەقینەی ڕۆح] «دڵی پڕ لە پریشکی ئاگرەکە».

توانەوەی ڕۆح لەنێو لێکسیکی وشەکانی دڵ و لەبەر گوڵشەنی پەرژینەکانی باغی «نیرڤانا»دا «لای بوودییەکان... ئەگەر ڕۆح لە یاسای دۆنایدۆن رزگاری بێت ئەوا دەچێتە ناو «نیرڤانا».. نیرڤانا. تەنیا ڕۆح دەیناسێت، چونکە لەوەوە هاتووە بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە» «نیرڤانا» دوایین پلەی بە هەشت و خوایەتی بوودایە، لە نیرڤانادا بەرزتر و پیرۆزتر نییە»

**لەم بێشەڵانە پڕ لە بەفرەدا**
**ئەگەر بمرم**
**منیش ئەبمە بوودایییەکی بەفرین**
«چاوسوبی»

لەسەرەتاوە ئەم هایکۆیە لەنێو ڕۆح و دڵ و دەروونی «یۆکۆ»دا بەرجەستە دەبێ.. کە پەیوەستە بە هەڵدەدابوونی بە جیهانی ئاڵۆز و جوانی شیعر و ئەڤین هاوکات تاسە و پێشبینی کردنیەتی بە دۆزینەوەی خوداوەندێکی نێو ئەمارەتی نیرڤانای ڕەنگەکانی پیتی شیعر و نەخشە قودرەتیەکانی نیگارکێشان- کە «سوزوکی»یە «باوکی یۆکۆ.. ڕاهیبێکی شینتۆ بوو، نیشتەجێی هۆکایدۆ بوو، کوڕەکەی خۆی فێری گرنگی ئیمان و ڕێزگرتن لە هێزی توخمەکان و خۆشەویستی سروشت کرد، هەروەها فێری هونەری نووسینی «هایکۆ»یشی کرد، قدیس ئۆگستین دەڵێ «مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕۆحانیە، کە خاوەنی لەشێکی مادییە، بەو ڕۆحە دەتوانێ درک بەخودا بکات و بیناسێت»... هەروەها سپینۆزا خودای لە هەموو بوونێکدا دەبینێ لە هەموو بوونێکیشدا خودا دەیبینێ] ئەی کە (بوودا) کە لەتەهی ڕۆحەوە ئەم ڕستەیەکی هەڵدا «تەمەنی هەموو شتێک کەمخایەنە»... یۆکۆ خۆی لە تۆڤ و تۆرەمەی مەلەکووتە و رووەو ڕێگا سەخت و دژوارەکەی «نۆڤالیس» هەنگاو دەهاوێژێ.. کە ڕێگا پڕ نهێنییەکە بەرەو ناوەوە دەڕوات ئاخر شیعرەکانت بێرەنگن پێویستە سەردانی «سوزوکی» نیگارکێش بکەی «کێ وای گۆ.. کێ؟»

«لەحزەیەک چییە دوامەکەوە، لەبەر ئەوەی سوزوکی تەمەنی زۆرە و خۆری تەمەنی ڕوو لە ئاوابوونە».

بە پێویستی نازانم لە ڕووی چۆنیەتی شێواز و داڕشتن و تەکنیکی ئەم کورتە ڕۆمانە بدوێم، چونکە کاک «ئازاد بەرزنجی» لەو پێشکییەی کە لە ڕێی ئینتەرنێتەوە وەری گێڕاوە زۆر بە وردی لە هونەری تێکەڵکردنی شێوازی هایکۆ و زمانی شیعرییەت دەدوێ، من لێرەوە دەستخۆشی و دڵخۆشی لە کاک ئازاد دەکەم کە بەو زمانە لێوانلێو لە شیعرییەتە ئەو توحفە و شاکارە داهێنەرانە وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، وەرگێڕانی سەرکەوتوو هەم خوێندنەوەیە و هەم ئەفراندن و هەم دووبارە ئافەریدەکردن! تا دێ یۆکۆ لەنێو دنیای ئاگرەکانی ئیرۆتیکدا دەتلێتەوە و بە هەستێکی سۆفیزمی تاسەی «ئیرۆس»ی ئەفلاتوونی دڵ و دەروونی دەخرۆشێنێ..

«ئەو شەوە یۆکۆ لەگەڵ کیژۆڵەی کانیەکەدا نوقمی دڵداری بوون «لەگەڵ [مەریەمی مەجدەلیە» لەنێو بەفردا و لەژێر چلوورەی کریستاڵئاسای دارگێلاسەکاندا پێکەوە خەوتن و تا سەحەر حەوت جار لە چێژی یەکتر

بەرخورداربوون» یۆکۆ باوەڕی تەواوی بە عیشق و شیعرە ئەگەر مۆرفیمە حەشیشییەکانی ئاخاوتن لەنێو کاستالیاکانی عیشق و جوانیدا نەتوێتەوە تێکستی شیعری چلۆن بە مۆنادەکانی ڕۆح «نەفخ» دەکرێ. شیعر هەڵگری باکگراوندێکە لە نەغمەکانی ئەڤین و ڕۆح و جوانی.. عیشق خەتەرناکترین تلیاکی لەززەت بە فۆنیمەکانی زمانی شیعر دەبەخشێ..

یۆکۆ بەرەو دیداری میحرابگەهی سوزوکی بەڕێ دەکەوێ.. لەوێ لەپاڵ گابەردەکەی «ئۆگستین»دا کە ڕۆحی خۆبەتی و لەو شەوە تەڕ و تووشەی باوبۆران و بەفر و زریانەدا کە لەسەفەردایە.. فرزەندەی سەرگەردان لە دیمەنی بەفرینی پاکیزە دەڕوانێ... «ئەوەی بینی ژنێک بوو، لەکاتێکدا ئەو خۆی لەژێر گاشە بەردەکەدا ماتدابوو، ژنەکە لەبەر دەمیدا بوو، لە خەون دەچوو، ژنێکی لاو ڕووت و سپی ڕوخسار لەناو بەفردا خەوتبوو، لەڕاستیدا ئەو نەخەوتبوو، بەڵکو مردبوو تابووتەکەشی وەک شووشە ناسک بوو یۆکۆ یەکسەر کەوتە داوی عیشقی ئەم غەریبە ڕوو جوانەوە.. عیشقی گەڕانەوە بۆ نێو ئامێزی گەرم و میهرەبانی عیشق و سۆزی ئەبەدیانە وەسفی (بەفر) واتە بەفری تەنافباز هەمان دنیای وەسفی تەرمی «ئوڤیلیا»ی «ئارسەر ڕامبۆ»یە ئۆڤێلیا بە جلی زبوینی بووکێنی تێکەڵ بە گەڵاکانی پایز سەر ئاو کەوتووە... پاشان هەمیسان لە تەقسەکانی پێشبینی و ئەزموونەکانی چاو نووقاندندا کە سوزوکی و... یۆکۆ ئەنجامی دەدەن.. هێما بە پێوەندییەکانی ڕەنگ و ڕووناکی و پیتەکانی شیعر دەکرێ، کە لایەنێکی گرنگی شێواندنی هەستی و بەخشینی ڕەنگە بە پیتەکان لە جیهانی بەرفرەوانی خەیاڵگەی شیعری ڕامبۆدا..

«ژنە لاوەکە لەنێو داوی سەهۆڵەکەدا لە خەیاڵێکی نامادەی «ئەفنومی» ئەچوو، پرچەکان ئاڵتوونیەکی کاڵ، چاوی شین و بەستوو، ڕوخسارێکی سپی وەک بەفر..» یۆکۆ هیچی نەدەزانی، بەڵام لە یەک شت دڵنیابوو ئەویش ئەوەبوو کە ئەم پیر دەبێت دنیا جێدێڵێت، بەڵام ئەم ڕوخسارە جوانە خەوتووەی ناو ئەم بەفرە هەرگیز پیرنابێت و تەنانەت دوای مەرگیشی و تا ئەبەد خۆشەویستی بۆ ئەم ژنە لەوێدا دەمێنێتەوە.. شەپۆلێکی ئاگرین لە وەسوەسەونەهلیست سەر لەبەری دەروونی داگیر دەکات و فەرمایشتە پیرۆزەکانی «بوودا»ی بیردێتەوە کە تەمەنی بوونەوەرەکانی سەر ڕووی زەمین کەمخایەنن و هاوکات دیمەنی تەرمی «بەفری تەنافباز»

یا پاکیزەی بەفرین... هێما پێکردنێکی حەسرەتناکە بۆ کردەی بەرجەستەکردنی جوانی «پاڵاوتە و پەتی» لەنێو لەوحەکانی ڕۆح و هونەردا... کە لەوێ جیلوەو تەجللی دەکاو.. هەرگیزاوهەرگیز شاڵاوە دڕندەکانی زەمەن پێی ناوەستێ..ئەم هاوکێشە ئیستێتیکیە یەکسەر ڕووە و فەلسەفەی «هیگل»مان دەبا و چەندین شاکاری ئیبداعیشمان بیردەخاتەوە لەوانە.. «سۆنێتەکانی شکسپیر» و «مەزموورەکانی داوود» و «نەشیدەکانی سلێمان» و «ترجمان الأشواق و شێخ محی الدین ابن عربي» وێنەی دوریان گرای ئوسکار وایلد» و «مردن لە ڤینیسیادا»ی توماس مان و غەزەلە جوانشوناسیەکانی مەلای جزیری و تێکستە ئێستەتیکیەکانی نالی و....تاد. دوور نییە جوانی «بەیاتریس»ی کۆمێدیای خوداوەندی دانتی بێ، [یۆکۆ وەکو نیشانە خاچێکی لەسەر ئارامگای ژنەکە چەقاند] گەڕانەوە بۆ نێو ئامێزی گەرمی عیشق و سۆز و دوایین سەفەرەکانی خۆدۆزینەوە میهر و سەودایی و ئەڤین یۆکۆ خەریکە لە پلەی باڵایی ڕۆحدا دەگاتە ئاستەکانی «نێرڤانا»کانی شیعر «لای کانییەکی بەستووەوە لە هۆش خۆی چوو، جوتیارێکی بەساڵاچوو فنجانێک «ساکی» بۆ هێنا.. یۆکۆ چاوی کردەوە و سەیرێکی کابراکەی کرد و قومێکی لە فنجانەکەدا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو لە پیرەمێردەکەی پرسی ئەو ژنە کێیە؟ دیسان لەنێو بازووەکانی پیرەمێردەکەدا لەهۆش خۆی چووەوە».. لە بەرانبەر سوزوکی دانیشت... سوزوکی وتی [باشە تۆ کێیت و چیت لە من دەوێ؟ من یۆکۆم شاعیری بەفرم شیعرەکانم جوانن، بەڵام بەداخەوە زۆر سپین، مامۆستا فێری نیگارکێشان و ڕەنگەکانم بکە.. سوزوکی زەردەخەنەیەک لەسەر لێوی نەخش بوو، پرسی زۆر چاکە تۆش دەتوانیت سەبارەت بە بەفر شت فێری من بکەیت» سوزوکی داوای لە یۆکۆکرد چاوی بنووقێنێت و ڕەنک بهێنێتە بەرچاوی خۆی..

«ڕەنگ شتێک نییە لە ئێمە جیابێت، ڕەنگ لەناو ناخماندایە، بە تەنیا ڕووناکی لە دەرەوەی ئێمەدایە» «ڕووناکی لە ناخی ئێمەدایە، بە تەنیا ڕەنگ لە دەرەوەدایە» «چاوت بنووقێنە و پێم بڵێ چی ئەبینیت» مامۆستا ڕووناکی سپی بەفر ئەبینم... سوزوکی گەورەترین هونەرمەندە لەسەرتاسەری ژاپۆندا، ئەو هەموو شتێک لە بارەی نیگارکێشان و شیعر و جواننووسی و سەماوە دەزانێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو

ئەگەر عاشقی ژنێک نەبوایە هونەرەکەی ئاوەها نەدەگەیشتە لووتکە..» ئەوەی عاشق نەبێ چۆن دەتوانێ شیعر بنووسێ.. چلۆن دەتوانێ توخمە زیندانیەکانی زمان لەنێو ئاگایی و نا ئاگایی و مەفتەنەکانی ئەڤین و جوانیدا بتوێنێتەوە شیعر بەرهەمی «شێتایەتی ئەڤین»ە کە نەغمەکانی دڵ تێکەڵ بە نەشئەکانی حەرف دەکاو تەنکە ئاگرێکی لەنجەدار بە کۆنسێرتەکانی دەق دەبەخشێ شیعر عیشقێکی شێتانەی ئیرۆسە کە «هێزێکی ڕۆحیە» و شەیدای جوانییە ئەو هەستە ڕۆحیەش هەستێکی خوداوەندانەی شێتانەیە]. سوزوکی عاشقی ژنێک بوو، ژنێکی تەنافباز گەرچی لە باڵندەیەک دەچێت کە لە ئاسماندا کەوتبێتە داوەوە.. ئەو ژنە ناوی بەفر بوو، لەکلووە بەفر دەچوو، بەڵام «یەهووزا»کان «بەفر» یان لەنێوبرد..سوزوکی لەناو قووڵایی تاریکیدا توانی وێنەی سپێتی بکێشێت و سپێتی پەتی بدۆزێتەوە ئەو لەوە تێگەیشت کە لە بنەڕەتدا ڕۆشنایی ڕاستەقینە و ڕەنگی ڕاستەقینە پێوەندییان بە جوانی ڕۆحەوە هەیە».

«ئەو بەچوونە ناو دەڤەری وێنە کێشانی ژنە ونبووەکەیەوە، گەیشتە هونەری ڕەها.. سوزوکی لە دوایین پلەی «نێرڤانا» دایە و ئەو بەفرینترین خوداوەندێکی بوودایییە.. یۆکۆ کە هەواڵی تەرمی بەفرینی... «بەفر»ی پێ ڕادەگەیەنێ:

– تۆ ئەو شتانە لە کوێوە ئەزانیت؟ بە ڕاستی تۆ کێیت؟

پەیامێکی دنیای مردووانیت؟ کەس نازانێ ئەو لەکوێیە.. دەمێکە ئەو کەژوکێوانە ئەویان لەمن سەندۆتەوە.

– نەخێر! ئەو کەژوکێوەی کە ئەوی لەتۆ سەندۆتەوە وا بۆتی گەڕاندەوە.

– کوڕی خۆم ئەو چوونە چ سوودێکی بۆ من هەیە هاوسەرەکەم ئارامە و نابێ ئەو ئارامییەی لێ تێک بدەم... سوزوکی یۆکۆی جێهێشت و لەنێو باخەکەدا سەرگەردانی تەماشای گوڵەکان بوو..

سوزوکی.. تۆ تەنیا کاتێک ئەبیت بە شاعیرێکی تەواو کە هەموو زانیارییەکانت سەبارەت بە نیگارکێشان و مۆسیقا و جواننووسی و سەما لەیەک شوێندا کۆ بکەیتەوە هەڵبەت هونەرێکی دیکەش هەیە کە لە هەموو ئەم هونەرانە بۆ تۆ سوود بەخشترە و ئەویش هونەری تەنافبازییە!..

یۆکۆ زەردەخەنەیەکی هاتێ.. سوزوکی شیعر چ نییە جگە لە هەنگاونان بەسەر تەنافێک جوانیدا، تەنافێک جوانی، یان چیرۆکێک کە لەسەر لەوحێکی ئاوریشمین نووسراوەتەوە چاکی ئەم خوێندنەوەیە یارییەکە هەمدەمی ترپەکانی دڵ و وڕێنەکانی ڕۆح و زەینە کە هەوڵ و کۆششێکە لەپێناو تێکەڵبوون بە فۆرمەکانی حەسرەت، مرۆڤیش ئەوکاتە سەربەست و ئازادە و دڵخۆشە کە خەریکی کایە و یارییەکانە، یارییەکی لەززەتدار لەنێو مەودا خەتەرناک و مەرزە یاساغەکانی تێکستی واڵا و ئاوەڵادا،. گەمەی بەیدەسکردن و دواندنی دەلالە پیوار و ناز پەروەرەکانی کردەی هەڵدانی نووسین لەودیو ماسکی بونیادی قووڵی تێکستدا کە لە کەرنەڤاڵێکی جەزبەی باخوسیانەدا–دڵ– دەکەوێتە بەر گزنگی خۆرکەوتنی دەقێکی مەزەدار و بە وڕێنەی مانا نەگوتراوەکان سەرمەست و پەرێشان لە سۆزە و نارە نار دەدا، ئەی پرشنگی خۆری عیشوەگەر لەم کەیوانی فەزای ئەڤینی ئەبەد و ئەزەلەدا چەپکێ کلیلی ڕاڤەمان پێببەخشە دڵ مەست و حەیران و پەرێشانە، تا لەبەر قاپی عیشق و جوانیدا، ئێمەی بەلەنگاز و پارسا لەشەبەنگی مانا نەگوتراوەکانی سەودایی بگەڕێین، ئاخر تێکستی واڵای خەتەرناک و عەترناک و ئەڤینناک ڕاز و نهێنییەکانی سەرلەبەری گەردوون دەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ و بە وێنەی ڕوخساری جوانی «بەفر» و ڕێمان و ئەقاقیا هێند بەهێمنی گەشە و نما دەکا تا ئاوێزانی پانتاییەکانی «بوون» و مەرجانەکانی ڕشتەی جوانپەرستی دەبێ. کۆژیتۆی شیعری ئاوەڵا هەردەم بە بلیسەی «جوانی پەتی» سەرمەست و غەمگین و ڕۆحپەرێشانە، چونکە ئەهلی تەریقەت– ئەم گەمەی خوێندنەوەیە پاژێکە لە لەنجەی خورپەکانی دڵ و وڕێنەکانی زەین و ڕۆح دەیهەوێ جۆرێک لە «واتا» بەکردەی سەرەڕۆی نووسین ببەخشێ ئەگەرنا «ژۆژ باتای» کە هاودەنگە دەگەڵ «ژاک دریدا» پێکڤە هاوار دەکەن و ئێژن «واتا بوونی نییە» یا بە چەمکی نیچە.. «کە چیدی شتێک بۆ گوتن نەماوە» چونکە «وشەکان شتێکی دیکەی جگە لە خۆیان دەرنابڕن»! لەیرە لە فەزای ئەم تێکستە کراوەیەدا، کردەی شیعر هەڵوەدای دۆزینەوی تەرمی «بەفر»ە «بەفر» لە کۆشک و تەلارە ڕۆشنەکانی «مەلەکووت»دا خەیکی وازییەکانی سەردەمی کچێنی و منداڵی بوو.. یەهوزاکان بەناهەق فریویان داو لە تەشق و حەلحەلەی تەنافی ئیلاهییەوە هەڵیان داشت و ڕووە و چاڵە بەفرەکانی

خــەفــەت هەڵدێرا و لە بەفــرســتــانێکی ســەرابی و زەمــهــەریرخــانەیەکی ســپی ســپــیــدا تێکەڵ بە هەڵم و تەمتومانە زیوینەکانی ئەبەد بووە.. یۆکۆ چەشنی شێخی تەریقــەت ڕابەرایەتی پیــرێکی ســەرگــەردانی ڕێگا خەتەرناکەکانی هونەر دەکا.

پیرێکی شەیدا و سەرلێشێواوی مەفتەنەکانی عیشق و ڕۆح و جوانی بە وێنەی دانتی و فــەرجلیــۆ.. بە هەویای ویســـــاڵی «بەیاتریس» نــەک هەر بیگەیەنێـــتـــە زەمهــەریدگەکانی دۆزەخ، بەڵکو قۆناخــەکانی پاقژگە و فــیــردەوســیــشی پێ ببــڕێ و تا ســەردانی لاکــێــشــە و چوارگــۆشــە پڕ نوورەکــانی ژمــارە «حــەوت»ی پیــرۆز و گــەشــتی ســیــانەی مــەحــەببــەت تەواوکــەن و بگاتە چلــەپۆپەکــانی وەجد و فــەناو پلەی باڵابــوونی شــیــعــر و عــیشق و جوانی و شێوازە جیاوازەکانی گوتن و دەربڕین لە خەیاڵگەی هایکۆکانی «یۆکۆ»شدا ئاوێزانی سپێتی ڕەنووە بەفرەکانی ئەزەل بێ ئەزەل.

**سەرچاوە:**

ناوی کتێب: بەفر

نووسینی: ماکێنس فێرمین

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی

وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.

هایکۆ: ژانرە شیعرێکی ژاپۆنییە کە لە چەند دێڕێکی کەمدا و لە تابلۆیەکی شیعری جواندا، برووسکەئاسا هێدمەیەکمان لا دروست دەکا.

هایکۆ: جۆرە شیعرێکی سوننەتی ژاپۆنی کورتی چڕوپڕ و مەغزادارە.

هایکۆ: شــیــعــرێکی ژاپۆنی سێ بەیتی حــەڤــدە حونجەییە، نە زیاتر و نە کەمتر.

سامورای: بە جەنگاوەرە دێرینەکانی ئیمپراتۆریای ژاپۆنیان وتووە.

ساکی: جۆرە شەرابێکی ژاپۆنییە کە لە ئاوی برنج ئامادە دەکرێ.

ئەو شیعرەی کە لە ئاسمانەوە دێتە خوارێ ناوێکی هەیە ناوێک کە سپێتییەکەی مرۆ سەرسام دەکا بەفر.

[هەمان سەرچاوە]

# عەلی فەتاح دزەیی شاعیر و نووسەر و تێکۆشەر

لێدوانی: جەلال سنجاوی

عـەلی فـەتاح دزەیی، شـاعـیر و نـووسەر و تێکۆشـەر، کـتێـبێکی قـەوارە گـەورەی (٣٠٤) لاپەڕەیە و وەک لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و ئەکـادیمی، بە هەوڵ و کـۆششی مـامـۆسـتـا (بەکـر شـاکـر کـاروانی) و لە کـۆتایی سـاڵی (٢٠٠٤) لە چاپخـانەی ڕۆشنبـیـری و لە هەولێری پایتـەخت چاپ کـراوە و کەلێنێکی بەتاڵی لە کتێبخانەی کوردی پڕکردۆتەوە.

نووسەر بەر لە ئەنجامدانی ئەم شاکارە دانسقەیە، ڕەزامەندی بنەماڵەکەی شاعیری وەرگرتووە تاکو دڵنیابێت لە بارەی هەماهەنگی و یارمەتیدانی لە هەمـوو بوارێکی باسـەکە، چونکە ناوبراو کـەسایەتیـیـەکی دیار و بەرچاوی شـاری هەولێـر و ناوچەکـەیە و هەوڵ و خـەبات و تێکۆشـانیـشی لە ڕووی سیـاسیـیـەوە بۆ پێشکەوتن و هوشیـارکـردنەوەی گـەلەکەی بووە، دیارە ئەدەبەکەشی هەر بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشـەکـییـەک و سێ بەش و ئەنجـامـێک پێکهـاتووە لەگەڵ دیاریکردنی ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێوەرگیراوە و وێڕای دۆست و برادەر و خزمـانی نزیک بە شاعیـر کە زانیاری ناوازەیان درکاندووە و پتر لێکۆڵینەوەکەیان دەوڵەمەند و گشتگیر کردووە. هەرچەندە لێکۆڵینەوەکەش لە کەمـوکورتی بەدەر نییـە، بەڵام جێی خـۆیەتی بڵێین تا ئێستا گەورەترین لێکۆڵینەوەیە لە ژیان و بەرهەمی (عـەلی فـەتاح دزەیی). لێرەدا نووسـەر لە ل٧ی پێشـەکی کـتێبەکە ئاماژە بەوە دەدات کە: «ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا هەوڵدانێکە بۆ ناساندنی شاعیر بە جیهانە پان و بەرینەکەی ئەدەبی کوردی، هەرچەندە ئەم کارەش لە کـەمـوکورتی بەدەر نییـە، لەگـەڵ ئەوەشدا هیـوادارم توانیبێتم ڕووناکی بخەمە سەر هەندێ لایەنی شاراوەی ژیان و بەرهەمی ئەو شاعیر و نووسەرەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ خزمەتی ئەدەبی کوردی و گەلەکە و شارەکەی کردووە...».

لە بەشی یەکـەمی کـتێـبـەکـەدا، هەوڵ دراوە ئاوڕێک لە ژیانی شـاعـیـر بدرێتـەوە و باری کـۆمـەڵایەتی و سیـاسی و ڕۆشنبـیـری دەربخـرێت و ئەو بارودۆخ و گـوزەرانیـیـەی تێیـدا ژیاوە و کـاریان لە ڕێڕەوی ژیان و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیدا کردووە بخرێنە ڕوو.

ئاشکرایە عەلی فەتاح ئاغای حەوێز ئاغای دزەیی، لە ساڵی (١٩٢٨) لە گـوندی دووسـەرەی سـەر بە ناحیـەی قـوشتـەپە، هاتۆتە دنیـاوە و قـۆناغی خـوێندنی سـەرەتایی لە گـوندی (قـازیخـانە) و قـۆناغی دوانـاوەندیشی لە هەولێـر تەواو کـردووە و لە سـاڵی (١٩٥٨) کـۆلێژی مـافی لە دیمەشق تەواو



کردووە و لەژیاندا چەند وەزیفەی دیوە، لە ساڵی (١٩٧٤) دەستی لە کاری وەزیفی کێشاوەتەوە و پێوەندی بە شۆڕشی کورد کردووە. لە نسکۆی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە وەزیفە و لە (١٩٨٣) خانەنشین کراوە و لە ساڵی (١٩٩٢) بە نەخۆشی شێرپەنجەی قورگ گیانی پاکی سپاردووە و دیوانێکی شیعری لەپاش بەجێ ماوە بەناوی (خرۆشان و ڕامان).

عەلی فەتاح دزەیی، شاعیرێکی نوێکار و بەهرەدار و هەست ناسکی کورد بووە و ڕێبازێکی نوێی بۆخۆی گرتۆتە بەر و بەمەش چەپکێک هۆنراوەی وەک ئەزموونێکی سەرکەوتووی شیعری نوێی کوردی خستۆتە بەردەم شیعر دۆستانی نەتەوەکەی لەلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی و جوانی سروشتی کوردستان خاوەنی دەنگێکی زوڵاڵ و جیاوازە لە پانتایی دەشتی هەولێر و هەرێمەکە، نووسەر ئەزموونی شیعری کاک (عەلی) بەسەر سێ قۆناغ دابەش دەکات، هەروەکو مامۆستا کەریم شارەزاش پشتگیری ئەم ڕایە دەکات کە شاعیر لە ساڵی (١٩٤٦)دا یەکەمین ئەزموونی شیعری ئەنجام داوە تاکو ساڵی (١٩٥٣) کە چووە بۆ دیمەشق بۆ تەواوکردنی خوێندنی حقوق. لەم قۆناغەدا پتر مەیلی داوە بە شیعری سیاسی و نیشتمانپەروەری، نووسەری ئەم کتێبە دانسقەیە دەڵێ: «لە ماوەی ساڵانی (١٩٤٥-١٩٤٦)دا بۆ یەکەمجار ڕێکخستنی سیاسی بەشێوەیەکی ئاشکرا و لە قاڵبی حزبی جیاجیا لە عیراق سەری هەڵدا و شاعیریش وەک ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبانەی لەناوچەکە دروست بووبوون، بەشداری لە خەباتی سیاسیدا کردووە و هەڵوێستی پێویستی بۆ ڕووداوەکان وەرگرتووە، لە گۆڕینی باری ژیانی کورد بەرەو ڕزگاری و سەربەخۆیی...» ل«٧٣».

زۆربەی شیعرەکانی کاک (عەلی) لەم قۆناغەدا نارەزایی دەربڕینە لە دژی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق و شانازی کردنیشە بە دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان کە بنکە و پایتەختەکەی شاری مەهابادی دەلال بوو، کاتی خۆی ئەم شیعرانە لە گۆڤاری (هەتاو) بلاوکراونەتەوە. عەلی فەتاح دزەیی، شاعیر و ڕۆشنبیرێکی بوێر و چاونەترس بوو، بەشداری لە نەهامەتەکانی گەلەکەی دەکرد و لە چەندین خۆپیشاندان ونارەزایی دەربڕینی سەر شەقامی هەولێر ڕۆڵێکی سەرکردانەی تێدا بینیوە، چونکە: «هەمیشە و هەردەم خۆی بە ڕۆڵەیەکی هەژاری ژێردەستە زانیوە، لەگەڵ ئەوەی کورە ئاغاش بووە» ل«٧٨» بۆیە زۆر ژیانی بەندیخانەی بینیوە، بەڵام کۆڵی پێ نەداوە.

شاعیر لە بەندیخانەکانی (بەغدا و کوت و کەرکووک) بە گەلێک شاعیرە پایە بەرزەکانی کورد ئاشنا بووە وەک (گۆران، دیلان، هەردی، دلزار، کاکەی فەللاح، کامەران موکری) شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێ: «لە ساڵی (١٩٥١) ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەو شاعیرە مەزنەی کورد (واتە گۆران) لە بەندیخانەی کەرکووک دەستی پێکرد، چەند مانگێک لەو بەندیخانەیە پێکەوە بووین، زۆربەی کاتی ڕۆژ و شەومان بەگفتوگۆ لە بارەی شیعری کوردییەوە دەبردە سەر»... ل«١٧٤».

قۆناغی دووەمی شیعریشی لەوێوە دەست پێدەکات پاش ئەوەی ژیانی نوێی لەوڵاتی سوریادا دەست پێکرد و تێکەڵاو بوو لەگەڵ قوتابیانی زانکۆی دیمەشق و شاعیران و ڕۆشنفکرانی کورد لە سوریا، ئەمەش بووە وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانی شاعیر، چونکە بەهۆی پێوەندیکردنی شاعیر بە کوردەکانی سوریا و شارەزابوونی لەمێژووی ئەو بنەماڵانە و خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری ئەوان، زیاتر بەلای کوردایەتی و خزمەتکردنی کوردستاندا کەوتووە، وەکو خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: «زۆر لە لام گرانە، سەردەمی ئەو چەند ساڵانەی ژیانم لە دیمەشق دەستنیشان بکەم بێ ئەوەی یادێکی گەرمی ئەو کوردە دڵسۆزانە بکەمەوە کە هەتا مردن شانازی بە دیتن و ناسینیان دەکەم. کەسانی وەک: (ڕەوشەن خانم بەدرخان و دکتۆر نوورەدین زازا و قەدری بەگ جەمیل پاشا و مەمدوح سەلیم و حەسەن ئاغای حاجۆ ئاغا و ئاپۆ عوسمان سەبری و هەردوو شاعیری هێژا قەدری جان و جگەرخوێن کە سەربردەی ژیانی هەر یەکێکیان لاپەڕەیەکی گەشە لە داستانی خەباتی نەتەوەییمان و دەرگایەکی داخراوی مێژووی میللەتەکەمانیان بۆ دەکردەوە و تەوژم و گوڕێکی تازەیان بە هەستی نەتەوایەتیم دەبەخشی). ل«٥٦».

بۆیە لە ساڵی (١٩٥٧) قوتابییە کوردەکانی عیراق و سوریا ڕێکخراوێکی قوتابیان لەشاری دیمەشق دامەزراند بەناوی: (یەکێتی قوتابیانی کورد لە زانکۆی دیمەشق) و عەلی فەتاح دزەییش هەڵبژێردرا بەسەرۆکی ئەم یەکێتییە.

قۆناغی سێیەمی شیعرەکانی کاک (عەلی) لە بەرپابوونی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) دەست پێدەکات کە ئەم شۆڕشە ڕزگارکەرە جۆرە ئازادی و

سەربەستییەکی هێنایە ئاراوە چ بە نووسین چ بە کردەوە لەلایەن زۆر لە نووسەران و شاعیران و نیشتمانپەروەران بە ئاهەنگ و خۆشی پێشوازی لێکرا، شاعیریش یەکێک بووە لەو کەسانەی لەناو ڕوداوەکە و لەگەڵ بارودۆخی سەردەمەکەدا دەژیا و کارتێکردنیان لەسەر یەکتریدا هەبووە، بۆیە بە (گەڕانەوەی شاعیر بۆ ناو خاکی وڵات بە کۆمەڵێک بیروباوەڕی کوردانە و نیشتمانپەروەرانە، بۆ ناو ڕووداوە سیاسییەکان لە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرچەرخانێکی تری خەباتی سیاسی شاعیرە کە وەک کادیرێکی پڕ چەکی ڕۆشنبیری هەوڵ بدات لەم بوارەدا خزمەت بە گەل و میللەتەکەی خۆی بگەیەنێت). ل«٥٩».

بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولی مەزن لە (١١/٩/١٩٦١) و بەردەوامبوونی تا ساڵی (١٩٧٠)، شاعیر دەخاتە ناو تاقیکردنەوەیەکی مەیدانی خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئیداری کە تا کۆتایی هاتنی ئەم شۆڕشە، شاعیر بەردەوام بووە لەناو ڕیزی پارتی و شۆڕشدا.

نووسەر لە ل«٦٧»، دێتە سەر باسکردنی بەشی دووەم کە بریتییە لە شاعیر و شیعرەکانی و بابەتەکانی شیعر وەک بابەتی سیاسی و بیری نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی و بابەتی کۆمەڵایەتی و دڵداری و لاواندنەوە و پیاهەڵدانی سروشت و جوانی ئافرەت، هەروەها باسێکی تایبەتی ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ کێش و سەروای شیعرەکانی و هەوڵ دراوە ئەو جۆر و شێوازانە دەستنیشان بکرێن کە شاعیر لە داڕشتنی قاڵبە شیعرییەکانیدا ڕەچاوی کردوون، جگە لەمەش بەراوردێکی تایبەت کراوە لەسەر کاریگەری ئەو شاعیرانەی کە کاریان لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی (عەلی فەتاح دزەیی)دا کردووە وەک شاعیرانی کلاسیک یان نوێخوازان.

بە نیسبەت شاعیرە کلاسیکییەکان (مەلا خەلیل سنجاوی- موخلیس) زۆر کاریگەری لەسەر شیعرەکانی عەلی فەتاح دزەییەوە هەیە، چونکە «شاعیر هەر لە سەرەتای هەرەتی لاوێتیدا پێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لەگەڵ موخلیسدا پەیدا کردووە و لەسەر دەستی ئەو فێری دانان و نووسینی شیعر دەبێ و بە مامۆستای خۆی زانیوە»ل«١٦٧».

وێڕای ئەمەش هەریەک لە شاعیران (نالی و وەفایی و شێخ ڕەزا و گۆران و قەدری جان و هەردی و بابەتاهیری هەمەدانی و سەعدی شیرازی و جەلالەدینی ڕۆمی) کەم و زۆر کاریگەرییان بەسەر شیعرەکانی کاک (عەلی) هەیە و بە گوێرەی قۆناغەکانی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری شاعیر.

بەشی سێیەمی ئەم کتێبە تایبەتە بە بەرهەمەکانی تری شاعیر کە تێیدا هەوڵ دراوە بوارەکانی تری ئەدەبی جگە لە شیعر نووسین بەسەر بکرێتەوە و ئەو لایەنانە دەستنیشان بکرێن کە شاعیر لە ڕێگەیاندا وەک نووسەرێک خزمەتی گەل و میللەت و ئەدەبەکەی کردووە وەک: بواری وەرگێڕان و مێژووی کورد و ئەو ڕەگەزە ئەدەبییانەی بنچینەی ئەدەبی کوردی پێکدەهێنن و ڕۆژگاری ئەمڕۆی گوڵزاری ئەدەبی کوردی پێویستییان پێی بووە.

لەم سەر و بەندەدا عەلی فەتاح دزەیی شاعیر و نووسەر دوو شاکاری بایەخداری پێشکەش بەمیللەتەکەی کردووە ئەوانیش: مەم و زین لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنە و نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدێیی کە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە. جگە لە دەیان بابەتی بە پێز لەمەڕ مێژووی نەتەوەیی کورد لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوی کردوونەتەوە.

ئەم کتێبە گرانبەهایە کۆتایی دێت بە پاشکۆکان کە بریتین لە کار و وەزیفەکانی شاعیر بە درێژایی ژیانی وەزیفی و لەگەڵ (١٤) وێنەی شاعیر کە لە بەندیخانە و سوریا و لوبنان گرتوویەتی و چەند نامەیەکی تایبەتیش کە بەدەستخەتی شاعیر نووسراون و کۆپی کراون.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە، مامۆستا (بەکر شاکر کاروانی) بڕوانامەی ماستەری لەسەر شیعرەکانی (عەلی فەتاح دزەیی) وەرگرت کە بەسەرپەرشتی دکتۆر ئیبراهیم ئەحمەد شوان پێشکەش بە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کرا.

### قوربانی خالیدی:

## دایکم خاوەنی شێوازی گۆرانیی تایبەتی خۆیەتی



**کەیمنەی لانکەی هونەر تەنیا بەهۆی دەنگی زولاڵی (برایانی کەیمنەیی)یەوە ناوبانگی دەرنەکردووە، ئەو لانکە دێرینەیە هەمیشە و هەردەم ڕاژەنراوە و پاش ئەوانیش زۆر ڕۆڵەی هونەرمەندی پێگەیاندووە کە زۆربەشیان بەرهەمی خەرمانی هونەریی بنەماڵەی (عوسمان هەورامی)ن و لەو خێزانە سەریان هەڵداوە و لەو سەرچاوەیە گۆش کراون و پێگەیشتوون. (قوربانی)یش وەک دەسپەروەردەی دایکێکی هونەرمەند و شاژنێکی بەهرەمەندی کورد لە هەورامانی لهۆندا، یەکێکە لە ڕۆڵەکانی ئەو بنەماڵە هونەرپەروەرە. گەرووەیەکی زێڕین، چریکەیەکی ڕەسەنی ئاهوورایی، هەناسەیەکی قوولی ئاهوورامانی و پشوویەکی درێژی هونەرمەندانە کە شیاوی سیاچەمانەی دێرین و پیرۆزی کورد بێت. ئەمانە هەموو سەروەت و سامان و ماڵ و حاڵی (قوربانی)ین و لە داری دنیا جگە لەوانە و دڵێکی ساف و تەژی لە خۆشەویستی، هیچی دیکەی پاشەکەوت نەکردووە. دەکرا قوربانی خوێندەوارێکی ڕۆشنبیر و هونەرمەندێکی چاوکراوەی داهێنەری لێ دەربهاتبا، بەڵام ئەو بووە قوربانیی هەژاری و دەسکورتی و بێدەرەتانی و لەگەڵ ئەوەشدا لە چریکەی ڕەسەنی ئاهوورایـیدا لە هەموو کەس دەوڵەمەندتر و سەرتەڵ و سەربەرزترە. با بزانین خۆی چیمان بۆ باس دەکات.**

* با خوێنەران باشتر بتناسن؟

– ناوم قوربانی خالیدی کوڕی تۆفیق ساڵی(١٩٦٠) لە گوندی کەیمنەی هەورامانی لهۆن لەدایک بووم و ئێستا لە کانی دیناری لای مەریواندا گیرساومەتەوە.

* ئایا باشتر نەبوو ناوی دایکیشت بهێنابا؟ تا ئەو جێیەی من ئاگاداربم دایکت دەنگخۆشێکی بەهرەمەندی هەورامان بوو، بەڵام باوکت نا؟

– ڕاستە... دایکم (فەرخی) یەکێک بووە لە گۆرانیبێژە دیارەکانی کەیمنە و تەنانەت خۆی خاوەنی گۆرانیی تایبەتی خۆی بووە، واتە توانای داهێنانی لە ئاستێکی بەرزدا بووە و جێ پەنجەی هێشتاش لە دنیای گۆرانیدا هەرماوە و دیار و بەرچاوە، بەڵام من کە لە سەرەتاوە ناوم نەبرد لەبەر دوو هۆ بوو: یەکەمیان ئێمە ڕاهاتووین بەهێنانی ناوی باوک، نەک دایک، واتە بەو جۆرە دەناسرێینەوە، دووەم دەمزانی کە تۆ خۆت پرسیاری دایکم دەکەیت، بۆیە ناوهێنان و باسکردنیم دانا بۆ کاتی پرسیارەکەی تۆ.

* دایکت ئێستا پیر و بە تەمەنە. ئایا دەتوانێ گۆرانی بڵێت؟

– وەڵامی ئەمەیان لای خۆتە، حەز دەکەم خۆت وەڵامی پرسیارەکەی خۆت بدەیتەوە.

* زۆر پیر بووە و تەندروستیی خراپە و توانای چڕینی نەماوە، بەڵام جاروبار بەتەنیایی و ئەگەر دڵنیا بێ کەسی لە دەوروبەردا نییە بۆخۆی دەکەوێتە وره و لایەلایە دەڵێتەوە، گەرچی هێز و بڕشتی هەناسە و گەرووی نەماوە، بەڵام سۆزی دەنگی هێشتاش کاریگەریی تایبەتی خۆی هەیە، کێشەکە لەوەدایە هەر کە هەستی کرد کەسێکی لێ نزیکە ئەوا بێدەنگ دەبێت و تاقە وشەیەکیش ناڵێت، ئیتر ئەو کەسە گەر تەنانەت من و تۆش بین... زۆرجار خۆم لێیی داگرتووە و زۆرجاریش داوام لێکردووە، کەچی هیچ کات ئامادە نەبووە گۆرانییەکم بۆ بڵێت، یا تەنانەت سۆزێکم بۆ بکات.

– دایکم وەک خۆت گوتت زۆر پیرە و بیناییشی نەماوە و ئەمەیان زۆرتر ئازاری دەدات، بەهەرحاڵ من حەقی خۆمە شانازی بەوە بکەم کە پەروەردەی شاژنێکی بەهرەمەندی وەک ئەوم و بەم شێوەیە پێی گەیاندووم.

* ئایا ڕاستەوخۆ لە دایکتەوە فێری گۆرانی بوویت؟ بەگشتی چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی هونەریت داناوە؟

– من لەسەر دەستی دایکم و لە ئامێز و لە زاری ئەوەوە ئاشنای گۆرانی بووم و پاشان مامەکانیشم ڕۆڵیان هەبووە لەپێگەیاندنمدا. دایکم نەک هەر مامۆستای من، بەڵکو مامۆستای ڕاستەقینەی مام عوسمانیش بووە و

زۆرجار چۆنییەتیی چڕین و دەربڕکردنی شیعرەکان و ئیقاعی گۆرانییەکانی فێر کردووە. بۆ منیش، دیارە مامۆستایەکی کارامە بووە و هەر ئەویش گۆرانیی پێ ناساندووم، گەر ئەو نەبووبا پێم وانییە بمتوانیبا بەم شێوەیەی ئێستام سیاچەمانە بچڕم. پاشان من کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی دەنگی دایکم و مام عوسمان و ئەو کاریگەرییەش لە کارەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە، تەنانەت زۆرجار (پێشتر) لاسایی دەنگی دایکم کردۆتەوە و حەزم کردووە هەروەکو خۆی گۆرانی بڵێم.

* پێموایە هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەوەندە هۆگر و شەیدای گۆرانیی (ئایشێ ڕۆ)یت؟

– ئەو گۆرانییە هی دایکمە، واتە دایکم دایهێناوە، سیاچەمانەیەکی زۆر سەرکەش و سەخت و ئاستەمە و لە هەمان کاتیشدا کاریگەرییەکی دەروونیی بێ سنوور دەکاتە سەر نەستی بیسەر و تەنانەت خودی گۆرانیبێژەکەش، ئێمە سیاچەمانەیەکی دیکەمان هەیە، بەناوی (ئایشێ وەی)، دایکم هاتووە لەسەر بنەمای ئەم سیاچەمانەیە، سیاچەمانەیەکی (بەرزەچڕ)ی نوێی داهێناوە و ناوی لێناوە (ئایشێ ڕۆ) کە جگە لەوەی بەرزەچڕە زۆر لە سیاچەمانەکەی دیکە سەخت و سەرکەشتریشە... من لەوەتی ئەو گۆرانییەم لە دایکم بیستووە هۆگری بووم و هەمیشە لەدڵی خۆمدا و بۆخۆم دەیڵێمەوە، بەڵام بە شیعری خۆم، چونکە ئەوی ڕاستی بێت شیعرەکانی دایکم لەبیر نەماون. لەوانەیە هۆگریی من بەو گۆرانییە بگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییە کە دەنگی دایکم بەسەر منی هەبووە و هەروەها خاڵی سەرەکیی لاسایی کردنەوەکانمە بۆ دەنگی ئەو...

«گەرمای شارەزوور» ئایشێ ڕۆ... هۆ «سەردای نەمەنە وەتوخا لەیل» جا «بدیە پەی تەختی» هۆ ئایشێ ڕۆ... دێ «هەڵای تەمەنە وەتوخا لەیل بەرزی تەخت پەی چێش» هۆ ئایشێ ڕۆ... دەی «سفیدیت پۆشان وەتوخا لەیل» ئینجا «یاران ئارەزووی» هۆباوانم... دەی «دیدەنی تۆشان وەتوخا لەیل کێ بەرو تاقەت» قیبلە گیان... ئاخ «تا فەسڵی وەهار وەگیان لەیل گوڵان بەربەیان» هۆسەوزێ گیان... جا «هەزار بەهەزار وەتوخا لەیل بەشکم زووبە زوو» هۆئایشێ ڕۆ... دەی «شەماڵ باوەرۆ وەتوخا لەیل چەنی فەرشی سەوز».. ئازیز گیان... با «سفیدی بەرۆ وەتوخا لەیل».

* پێتوایە دایکت تاقە ئافرەتی بەهرەمەندی بواری هونەر بووبێت لە کاتی خۆی لە هەوراماندا؟

– نا... دایکم بە تەنیا نەبووە، هەورامان زۆری وەک دایکمی پێگەیاندوون، ئەو شارستانییەتە دێرینەیەمان زۆری بایەخ بە ئافرەت داوە و ئافرەت لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری و...تاد، ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، تەنانەت وەک سەرکردەی سیاسی و سەربازیش ئێمە ئافرەتی ناودارمان لە هەوراماندا هەن. دایکم چەند هاوڕێ و هەڤاڵ و دەستە خوشکێکی هەبوون کە هاوتەمەنی خۆی و وەک خۆیشی بەهرەمەند بوون، بۆ وێنە دەتوانم ئاماژە بە (ئامۆژن مریەمی دایکی مام عوسمان و فەرخی ناوێکی دیکە و بەیزا و... تاد) بکەم کەدەنگیان خۆش بووە و وەک هونەرمەندی گۆرانیبێژ ناسراون و لەگەڵ پیاوانیش و لە کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنەکانیشدا گۆرانیان گوتووە.

* چۆن دەڕوانیتە سیاچەمانە و گۆرانی بەگشتی؟

– من گۆرانی بەگشتی و سیاچەمانە بەتایبەتی بە خاڵێکی هەرە گرینگ لە مێژووی خۆمان دەزانم و وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی سەیری دەکەم، ئەوی ڕاستی بێت ئێمە پەیامی زۆرمان هەبووە کە لە ڕێگەی سیاچەمانەوە دەرمان بڕیوە و گەیاندوومانە، گۆرانی بەشێکە لە ژیان و شارستانێتی ئێمە و دەکرێ بەهۆیەوە پێناسەی خۆمان بکەین... وەک ئاوێنەیەکی باڵا نوێن چۆنییەتیی کار و کردەوە و سیستەمی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەمان پیشان دەدات و یەک لەو شتە هەرە مەزن و پیرۆزانەیە کە بەهۆیەوە زیندووین و زیندوویش دەمێنینەوە بە مەرجێک خزمەتی زۆرتری بکەین و بیپارێزین و گەشەی زۆرتری پێبدەین، دەبێ کەسانی وەک خۆت تەفسیر و خوێندنەوەی نوێ بۆ سیاچەمانەی دێرین بهێننە پێشەوە و زۆرتر و باشتر بە گەلانی دیکەی بناسێنن.

من نازانم سیاچەمانە کەی و چۆن داهێنراوە و ئەوەیان بۆ خۆت جێ دێڵم، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە لەوەتی خۆم ناسیوە لەگەڵیدا ژیاوم و وەک بەشێک لە مێژووی خۆم ناسیوە و هەوڵیشم داوە بۆ پاراستن و بەرەو پێش بردنی.

* ئەی پێتوایە کێ دایهێناوە؟

– ئەوەشیان هەر نازانم و با بمێنێتەوە بۆ خۆت، بەڵام دواتر هەبوون کەسانێکی بەهرەمەند کە توانیویانە زیادەیەکی بخەنەسەر و داهێنان بکەن، بۆ نموونە دەزانین کەسانی وەک مام حەکیم و ڕەشەغوڵام و حاجی یاقۆ و ئەحمەدی نازدارێ و نەسرولێ و دایکم و دایکی مام عوسمان و خودی مام عوسمان و مام حەمە حسێن و جەمیل و فەتحوڵڵا و...تاد هەریەکە و گۆرانی تایبەتی خۆیان هەبووە، لەم جیلەی ئێستاشماندا هەر کەسانی بەهرەمەند بەرچاو دەکەون و گەر بەراوردێک بکەین دەبینین خەرمانی گۆرانیمان ئەمڕۆ دەوڵەمەندترە. بۆچوونێکیش هەیە کە ئاماژە بە یۆسۆ ئاسکە دەکات وەک سەرەتایەک بۆ سیاچەمانە، بەڵام ئەوەیان ئەقڵ نایگرێت و تۆ خۆیشت ئەوەت لە نووسراوەکانتدا ڕوون کردۆتەوە و من لەسەری ناڕۆم. هەر ئەوەندە دەڵێم کە سیاچەمانە زۆر لەوە دێرینترە کە سەرەتایەکی بۆ دابنرێت و لەوەش مەزنتر و قووڵترە کە بیدەینە پاڵ کەسێکەوە، بەڵکو دەبێ بە موڵکی نەتەوەیەکی بزانین کە لە سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانییەوە لەگەڵی هاتۆتە ئاراوە.

* پێشتر ئاماژەت بە (شیعری خۆت) کرد. ئایا بۆ

هەموو گۆرانییەکان هەر هی خۆت بەکاردێنی... پاشان ئایا تۆ خۆت داهێنانت هەبووە؟

– شیعری شاعیرەکانمان دەڵێمەوە و زۆریش گرینگی بە لایەنی فۆلکلۆر دەدەم و هی خۆم زۆر کەمن... من شاعیر نیم، بەڵام جار جار هەستێکی خۆم لە سۆزێکدا دەردەبڕم. پاشان من داهێنان و گۆرانیی تایبەتی خۆم نییە و هەر ئەوانەی پێشوو دەڵێمەوە. داهێنان توانا و بەهرەیەکی زۆری دەوێت کە بەداخەوە من ئەو بەهرە و توانایەم نییە.

* زۆرتر حەز لە کامە گۆرانی دەکەیت و زۆرتریش لەگەڵ کامە گۆرانیبێژ بەشداریی گۆرانیت کردووە؟

– سێ بەزمم لە هەموویان پێ خۆشترە: (ئایشێ ڕۆ)ی دایکم و (کەلەپەی کەلا)ی مام حەمە حسێن و بەزمەکەی حاجی یاقۆ کە ناونیشانی نییە و هەر بەناوی خودی گۆرانیبێژەکەوە ناسراوە کە مامی عوسمانە. ئەو سێ بەزمە زۆر سەرکەش و ڕەسەن و دڵگیرن و نوقمی حەز و چێژم دەکەن. بۆ گۆرانیی (دوو قۆڵی)یش، لەگەڵ زۆربەی زۆری گۆرانیبێژەکاندا گوتوومە، وەک: مام حەمە حسێن (بۆ یەکەم جار لە سەرەتای دەست پێکردنم)، عەلی گولپی و شەفیع و عەتا زەلمی و سەباح و ڕۆستەم و تۆفێق و سدیق خالیدی و ئەشرەف و ئەمین دەمەیەوی و عەلی دەمەیەوی و زۆر کەسی تر... بەڵام هێشتاش نەمتوانیوە (لە ڕووم نەهاتووە) لەگەڵ مام عوسمان گۆرانی بڵێم کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێز و مەزنایەتییەی کە من بۆ ئەو قایلم و جگە لەوەی ئامۆزامە و بە مامە بانگی دەکەم، بە مامۆستای مەزنی خۆشمی دەزانم و بۆیەش ئەو جورئەت و جەسارەتەم لە خۆمدا نەدیوە لەگەڵی گۆرانی بڵێم.

* نەمپرسی بۆ بواری خوێندنت؟

– قۆناغی سەرەتاییم تەواو کرد، بەڵام وازم لێهێنا، چونکە بە تەمەن لەوان گەورەتر بووم و زوویش ژنیان بۆ هێنام و چوومە ژێر باری قورسی ژیان و بەرپرسایەتی، قورئانیشم خەتم کردووە کە وەک ئاگاداری فەقێی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا (فەتاح)ی باوکت بووم. ئێستا ئەوەندە هەیە کە بتوانم بنووسم و بخوێنمەوە.

* چیت هەیە باسمان نەکردبێت؟

– ئەوەی هەبوو باس کرا، جگە لە ئاوارەیی ئێمە نەبێت. من هیچم نییە بیڵێم، جگە لەوەی سەرکەوتن بۆ تۆ و ئەم پڕۆژە بەنرخەت و هەرواش بۆ هەموو هونەرمەندێکی ڕەسەن و دڵسۆزی ئەم وڵاتە بە ئاوات بخوازم.

**ئا: جەلیل عەباسی**



## شێرکۆ عەباس:

# زۆر جار بەناوی خۆماڵی بوونەوە هونەری مەزن دەکوژرێت

**شێرکۆ عەباس یەکێکە لەو گەنجە شێوەکارانەی کە خاوەن ئەزموون و تایبەتمەندییەکی دیارە لەناو شێوەکارە هاوڕێکانیدا، بەردەوام لە نێوەندەکەدا دەبینرێت و جێگەی ئاماژە بۆکردنە، جگە لە کاری هونەری و پڕۆژەکانی، خاوەن ڕۆشنبیرییەکی گەورە و بەرفراوانیشە لە هونەری شێوەکاریدا و کاتێک گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەیت هەست بەوە دەکەیت کە ئەو بە پاڵپشتێکی گەورەوە ئەزموون دەکات و زۆر لە داهێنانیشدا متمانەی بە خۆیەتی و بەردەوامیش لە ئەزموونەکانیدا شتی ناباو و نامەئلووف دەخوڵقێنێ، کارەکانی پرسیار و گفتوگۆی زۆر لەنێو هونەرمەندە لاوەکاندا دەخوڵقێنێ، دوای گفتوگۆی چەند جارە بڕیارمان دا دواجار دەقی ئەو گفتوگۆیە لە گۆڤاری ڕاماندا بڵاوبکەینەوە، کە تایبەتە بە کاری (ئینستالەیشن) کە ئەزموونێکە ئەو سەرقاڵە پێوەی و کاری لەسەر دەکات.**

* با سەرەتا لەوێوە دەست پێبکەین (ئینستالەیشن) چییە و دەتەوێت لەوێوە بەرەو کوێ بڕۆیت؟

– ئینستالەیشن وەک لە توێژینەوە و نووسینە شێوەکاریەکاندا باسی لێوە دەکرێت بەشێکی گرنگی هونەری شێوەکاری هاوچەرخە و بەشێوەیەکی بەرفراوان کاری لەسەر دەکرێت و بارگاوی کراوە بە بیرۆکە و بە بەردەوامی، لە پشت فرۆمەوە بیرۆکەیەک ئامادەیە دەشکرێت ئەو بیرۆکەیە بە شێوازێک بگاتە ئەو بینەرەی

که تاماشای بەرهەمە هونەریەکە دەکات، بەپێی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریان، لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام ئەمڕۆ لە دنیای شێوەکاریی جیهانیدا زۆر هونەرمەند بەو شێوازە کاردەکات و لای ئێمەش لەسەرەتاکانیداین، ئەم شێوازە لەکارکردن زیاتر نمایش دەکرێت بە هۆی کوتلەو ئەو کەرەستانەی کە هونەرمەند دیاریان دەکات و بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە فەزایەکی دیاری کراودا نمایش دەکرێت.

* بەڵام لەم ئاستەدا هەست ناکەیت ئەمە خۆ دزینەوەبێت لە تەکنیک و ئیستێتیکای تابلۆ و ڕەنگ؟

– بە پێچەوانەوە ئەمەش بەشێکە لە هونەر و هونەری شێوەکاری لەبیرشمان نەچێت ئەم هونەرەش پڕە لە تەکنیک و ئیستێتیکا، بەڵام تەکنیکێک لەناوخۆیدا دروست دەبێت، دەشێت لێرە و لەم ئەزموونەدا فڵچە نەبێت، یان ڕەنگ نەبێت، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا کەرەستە هەیە ئەو کەرەستانەی کە ڕەنگە بە قووڵاییەکی گەورەوە لەم هونەرەدا بیانەوێت مومارەسەی چاوی بینەر بکەن، ئەمەیش بۆ خۆی بنەمای هەیە و وەک هەر هونەرێکی تر، بەڵام ئەوەی گرفتە ڕەنگە ئەوەبێت کە ئەم هونەرە لای ئێمە تازەبێت هەموو شتێکی تازەش بەدڵنیاییەوە وەرگرتنی ئاسان نەبێت.

* بەڵام بیرت نەچێت لە هونەری شێوەکاریشدا هەمان شت هەیە؟

– بەڵام جیاوازیەکی گەورە هەیە، بۆ نموونە تۆ کاتێک وێنەی ئینجانەیەک دەکێشیت زۆر جیاوازترە لەوەی کە تۆ ئینجانەیەک بە واقعی لەناو کارێکی هونەریدا ببینیت، ئەوی کە دەبێت ئاگاداری بین ئەم جۆرە هونەرە کارکردنە لەناو بۆشایی شوێنێک ئەمەش بەشێکی سەرەکی ئەم هونەرەیە.

* بەڵام تۆ خۆت هەست ناکەیت ئەمە پێویستی بە ئەزموون و مێژوویەکی دووردرێژ هەبێت؟

– من وای نابینم کە دەبێت تەمەنت بگاتە ئەمەندەساڵ ئینجا بتوانیت ئەم کارە بکەیت، وەک هەموو هونەرەکانی تر دەست پێدەکەیت ئەوکاتە دەتوانیت لەم بوارەدا ببیتە خاوەن ئەزموونی خۆت، دواجار ئەمە پەیوەستە بەوەی تۆ چەند لەکایە هونەریەکدا دەتوانیت پشکت هەبێت لە خوڵقاندنی بەرهەمی هونەری سەرکەوتوو، یان چەند ڕۆشنبیریت هەبێت لەلایەنی هونەریی، خۆ ڕەنگە هونەرمەندێک هەبێت چەند ئەزموونی تاقی بکاتەوە ئەوسا بگاتە ئەم فۆرمە لەکارکردن، من بۆ خۆم یەکێک بووم لەوانە کە چەندین ئەزموون و شێوازم تاقی کردەوە بەپێی خۆم کارم لەو ئەزموونانەدا کرد ئەوسا گەیشتمە ئەم ئەزموونە هونەریەی کە نمایشی بکەم بۆ بینەران، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە تۆ چۆن دەتوانیت فێر بیت؟ چۆن سوود لەو ئەزموونانەی پێشوەختت وەرگریت.

* بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەمانەی کە باسی دەکەیت هەمووی لە تابلۆشدا هەیە، ئەو جیاوازیەمان بۆ



دەربخە؟

– باسم کرد پێشتر بێگومان لە تابلۆشدا زۆرێک لەو شتانە دووبارە دەبێتەوە، هەروەک چۆن (ئەپستراکت) هەیە، کە تابلۆیە بە هەمان شێوەش (پۆپ ئارت)یش هەیە کە دیسانەوە هەندێک مادەی تر بەکاردەهێنن، هەروەک چۆن دادایییەکان کە دنیایەک مادەی تریان بەکارهێناوە لە ئیشکردندا، بۆیە ئێمە ناتوانین بەهیچیان بڵێین ئەمە لەوەیان چاکترە، بەڵکو هەریەکەیان بۆ خۆیان مقاومە و توانستی هونەریی تایبەتیان هەیە و لە هەمان کاتیشدا لە چێژیشدا هەریەکەیان بۆ خۆی سەربەخۆیە. هەروەهاش هەر یەکێکیان زەروورەی سەردەمی خۆیان دروستی کردوون.

* بەڵام دواتر لەمانادا ڕەنگە مانای گشتی هەبێت، ئەو مانایانەی دەیبەخشیت بەو ئەزموونانە مانایەکی گشتین و بەدەرن لەمانایەکی تەوقیتی وا کە بتوانین لە دەرەوەی ئەودا خوێندنەوەی دژ و ناتەبا بکەین؟

– من نازانم بە دەقیقی ئەوە چۆن دەکەوێتەوە، بەڵام من کاتێک ئەزموونێک نمایش دەکەم و ناوی دەنێم (ماڵێک بێ دیوار) ڕەنگە ناونیشانی کتێبێک هەبێت، یان ببێت بە ماڵێک بێ دیوار، بەڵام بیرت نەچێت بە تەکنیکێکی ئەدەبی و زمانەوانییەوە نەک هونەری ئەم دوو حاڵەتەش زۆر جیاوازن، کە تۆ فۆرمێکی هونەری ببینیت، یان مانایەکی ئەدەبی بخوێنیتەوە، یان پارچە مۆسیقایەک لە ڕێگەی ئاوازەکەیەوە، یان لە ڕێگەی ئەو تەکنیکەی لەناو دەنگەوە دروستی دەکات، بەمن دەڵێت ئەم فۆرمە، یان ئەو ناونیشانە چۆن دەگاتە تۆ، دیارە ئەمە جیاوازیەکانیشە کە من باوەڕی تەواوم پێیەتی کە هەریەکەمان مەفهومێکی پێبێت، بەڵام بە جیاوازی خۆیەوە باسی لێوەبکەین.

* ئەی چی دەڵێیت بەو دەستەواژەیەی کە زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئینستالەیشن هونەرێکی ڕێکەوتە؟

– ڕەنگە من لەگەڵ ئەو دەستەواژەیەدا نەبم، منیش زۆرجار ئەم قسەیەی تۆم گوێ لێبووە، گوایە ئەم کارانە لەحزەیەکی ساتەوەختی و ڕێکەوتە، چونکە ئەمە کاری داهێنانە داهێنانیش ڕێکەوت نییە، بەڵکو زەمینەیەک

هەیە بۆ داهێنان، ئەم زەمینەیەش پێویستە، بۆ نموونە گەر ئینتەرنێت و هۆکارەکانی پێوەندی نەبایە من نەمدەتوانی ئینستالەیشن بناسم و بەرهەمی نوێی ئەم کارە ببینم، هەرچەندە من ئەوە نالێم کە ئەمە داهێنانێکی گەورەیە و پێشتر کەس نەیکردوە، بەڵام مەسەلەی ڕێکەوت نابینم ڕەنگە تۆ لە کاتی ئیشکردنی تابلۆدا بە ڕێکەوت ڕەنگێک دابنێیت، یان تەکنیکێک بە ڕێکەوت بیکەیت و ئستغلالی بکەیت، بەڵام تۆ کاتێک کوتلەیەکی گەورە، یان کەرەستەیەک بەشێوازێکی بەرفراوان لە جوگرافیایەکی دیاریکراودابنێیت، ڕێکەوت لەکوێدایە؟

* ئەی تا چەند هەست دەکەیت ڕەخنەی شێوەکاری توانیبێتی ڕەوتی ئەم فۆرمە لە کارکردن بەرەو پێش بەرێت، کە ئەم هونەرە زۆر بە کەمی قسەی لەسەر دەکرێت، جگە لەوەش هونەری شێوەکاریش بە هەمان شێوە کەمترین پشکی لە ڕەخنەی هونەریدا هەیە؟

– سەبارەت بە مێژووی هونەری شێوەکاریی کوردی من پێموایە پێویستمان بەوەیە کە هەوڵێکی بەرفراوان بدەین بۆ بینینی ڕابردوو ئەو هەوڵانەی کە لە ڕابردوودا دراون ئێمە بە شێوازێکی تر قسەیان لەسەر بکەین، چونکە ئەوە دەزانین لە ڕابردوودا هەوڵی جوان هەبووە لە هەمان کاتیشدا هەوڵی لاوازیش هەبووە، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بتوانین ئەمانە لە یەکتری جیابکەینەوە، بۆیە ڕەخنەی شێوەکاری خۆی تاڕادەیەک لاوازە، ئەوە بە دڵنیاییەوە، چونکە ئینستالەیشن لەبەر ئەوەی هونەرێکی تازەیە بۆیە هەندێ کەس هەرناشزانن بنەما و شێوازی کارکردنی چۆنە.

* تۆ بۆ ئەوە نایگێڕیتەوە کە لەناو ئەو نەوە نوێیەی شێوەکاریدا دەستەواژەی یەکتر قبووڵنەکردن دەستەواژەیەکی زاڵە؟

– من بۆ خۆم بۆچوونم بۆ ئەو مەسەلەیە وانییە، چونکە کەسی وا هەبووە من وەک لایەنی کۆمەڵایەتی ڕەنگە پێم قبووڵ نەبووبێت، بەڵام وەک هونەر کاری جوانی کردووە، ئێمە پێویستە هونەر و لایەنی کۆمەڵایەتی لە یەکتر جودا بکەینەوە، ڕەنگە لەناو گەنجەکانیشدا ئەوە هەبێت، بەڵام ئەوە خۆی لێی بەرپرسە، ئەوە دەکەوێتە سەر هۆشیاری و ڕۆشنبیری خۆی، من چاک دەزانم هەندێ کەس هەیە ئەمە هەر بە هونەر نازانێت، بەڵام هەموو کەس سەربەستە لە بۆچوونەکانی خۆیدا.

* ئەی سەبارەت بەو فۆرمانەی کە پێش خۆت شێوەکاران کاریان لەسەر کردووە چ وەک ئسلوب چ وەک ئیشکردن تا چەند هەوڵی شارەزابوون دەدەیت لێیان؟

– من وەک برادەرەکانیشم زۆر ئاگادارن یەکێکم لەو کەسانەی کە زۆر پێوەندی بە جیلی ڕابردووەوە دەکەم بۆ ئەوەی بە ئاگام لەو کۆششانەی پێشتر کردوویانە، وەک ئاگادارن پێشتر چەند گرووپێکی شێوەکاری لەم شارەدا هەبووە، لەوانە (گرووپی هاوڕێیانی شێوەکار، دەستەی تەم، گرووپی هەشت شێوەکار) ئەمانە هەمووی زەرووڕەتی کارن و پێویستیان بە خوێندنەوە هەیە، ئەوسا دەتوانین بزانین چیمان کردووە، دواجاریش وەزیفەی ڕەخنە دەردەکەوێت بێ بوونی ئەمانە ناتوانین باس لە بوونی ڕەوتی هونەریی سەرکەوتوو بکەین.

* باسی گرووپت کرد ئەی چەند باوەڕت بە گرووپ هەیە لەوکارەدا کە تۆ ماوەیەکە سەرقاڵیت تێیدا؟

– دیارە من کە کارێک دەکەم پێش هەموو شتێک بەدوای بەرژەوەندیی هونەریی خۆمدا دەگەڕێم. چۆن کارەکەم پیشان دەم لەگەڵ کێدا نیشانی دەم؟ بە چ شێوەیەک نیشانی بدەم؟ دیارە کاتێک کارێک سەرکەوتوو دەبێت بگاتە بینەری تایبەتی خۆی، کارێکی وا هەیە بچووکیشە، بەڵام هەست دەکەم سروشتی ئەوکارە وا پێویست دەکات لەگەڵ چەند کەسێکدا بە ئەنجامی بگەیەنم، کاری واش هەیە سروشتەکەی وایە و ناچارت دەکات بە تەنیا بیت، کەواتە سروشتی کارەکەت ئەوەت بەسەردا فەرز دەکات لەگەڵ گرووپ بیت، یان بە جیا کار بکەیت.

* لەو پڕۆژە ئینستالەیشنانەی کە بینیومانن هەست بە بوونی ململانێ و دژ دەکەین لەنێوان مادە هونەریەکاندا چەمکی دژ لای تۆ چ مانایەکی هەیە؟

– ئەگەر تۆ مەبەستت لە دژ (نەوت و سنەوبەرە) ئەوانە دژ نین، ئەوەیە بۆ ئەوانە وەک دوو مادە یەکتر قبووڵ نەکەن، چونکە بە بڕوای من ئەوانە لە ژیاندا دژی یەک نین، لەبەر ئەوەی هەردووکیان زەرورەتی ژیانن، یەکەمیان بۆ نموونە گەرمی دەداتێ دووەمیان هەوام بۆ پاک دەکاتەوە، بۆیە من دەمەوێت جارێکی دیالۆگ لەنێوانیاندا بخوڵقێنم نەک دژایەتی لەدوا پڕۆژەشمدا ئەو ئەزموونەم تاقی کردەوە، کە ئەو دوو مادەیە وا کەوتوونەتەوە کە ناکۆکی هەیە لەنێوانیاندا، وەک ڕەگە مێژوویەکەش سەیری کەین، من تەنیا گفتوگۆ لەنێوانیاندا دروست دەکەم، تۆ ئەگەر سەیری سنەوبەر بکەیت وەک سروشت و نەوت وەک بەرهەمێکی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ دنیایەک گرفت لەنێوانیاندا هەیە، من بەو چاوەوە سەیری سنەوبەر و نەوتم کردوە، بەڵام لای من گرنگ لایلۆن و شووشەکەیە، کە لای من جۆری بیرکردنەوەکەیە، چونکە ئەگەر نەوت و سنەوبەرەکە لە دەرەوەی یەکتر بن دەمێننەوە، ئەگەر بەیەکەوەبن دەسووتێن، بەڵام تەرکیبەی لایلۆن و شووشەکە گرنگەکە بیانگونجێنم بەیەکەوە، یەکێکی تر لەو شتانەی پاڵی پێوەنام کاربکەم لەسەر ئەم مەسەلەیە (نەوت)ەکەیە کە ئەمڕۆ ئێمە لە گرفتەکانی خۆمانەوە سەیری دەکەین، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە ئەگەر بە ڕقەوە سەیری نەوت بکەین ئەوا دواکەوتووترین میللەت دەبین، چونکە گەروا بوو ئەوا سادە دەبینەوە و دەبینە میللەتێکی دواکەوتوو، چۆن بتوانین ئەو مادانە بەشکڵێکی نوێ تەوزیف کەینەوە.

* ئەی چەند ئەمانە پەیوەستن بە حاڵەتی سایکۆلۆژی خۆتەوە؟

– تاڕادەیەکی زۆر، چونکە مرۆڤ، تۆ، ئێمەین بەرهەمەکان دروست دەکەین، کەواتە ئێمەشین لەناو

بەرهەمەکانمان ئامادەین، هەموو بەرهەمێکی هونەریی بمانەوێت، یان نا ڕەنگدانەوەی هونەرمەندەکەی پێوە دیارە، چونکە بەرهەمی خەیاڵدانی ئەوە، ئەم کارانەش بە هەمان شێوە وان، من وای دەبینم ئەم شتانەش بە موتابەعە گەشە دەکەن و بە بەردەوامیش بیرکردنەوەی هونەرمەند لەسەر بەرهەمەکان قووڵتر دەبێتەوە، ئەوەش زیاتر پەیوەستە بە کەلتوورەکەمەوە، من هەمیشە وەک تاکێک ئەم گرفتانەم هەبووە و بیرم لێکردووەتەوە، بەڵام ئەمانە هەمووی لە سایکۆلۆژی مندا ماونەتەوە و ڕەنگە لەکات و قۆناغی جیاوازدا بێنە بەرهەم.

* لەمەوە بۆم دەردەکەوێت کە پرۆسەی کاری هونەری لای تۆ سەرەتا تیۆریە ئەوسا پراکتیکی، پێچەوانەی کاری تر کە پرۆسەی پراکتیکی ئەوسا تیۆری و ڕەخنەیی؟

– ئەو ڕایەت جوانە، بەڵام لای من زۆرجار بەیەکەوە لە دایک دەبن، بەڵام هەندێ جار لە زیهنمدایە و دواتر دەچێتە سەر وەرەقە و سکێچ و هەندێ جار ڕەنگ و تەکوینات تەواو دەکەم ئەوسا دەبێتە بەرهەمێک بۆ پیشاندان، بەڵام ئەو شتەی تۆ باست کرد زۆر ڕاستە و بریا زووتر لەسەری بڕۆشتینایە.

* ئەم کارانە ناچنە چوارچێوەی ناسنامەیەک کە ناسنامەی نەتەوەیی بن وەک ئەوەی دەڵێن ئەمە کارێکی کوردییە، یان عەرەبی، یان.. تاد؟

– ڕەنگە قسەکردن لەسەر ئەم لایەنە تۆزێ گرفتی تێدابێت، بە بۆچوونی من گرنگ نییە لە چ ئاستێک ئیش دەکەیت، هێندەی ئەوە گرنگە چ پێشکەش دەکەیت، ڕەنگە ئاسایی بێت لەوە بکەیت، یان شتێکی ترە، بەڵام بەبۆچوونی من گرفت لەوێدایە بە تەواوەتی خۆت نەبەستیتەوە بەو شتەوە، بۆ نموونە هونەرمەندێکی هیندی هەیە ئیشی ئینستالەیشن دەکات ئەو کار بە بەهارات دەکات، ئەم هونەرمەندە یەکێکە لە هونەرمەندە زۆر ناودارەکان، لە جیهاندا بە بەهارات ئیش دەکات، کە هی کولتووری ئەوە و ڕەگێکی کولتووری هەیە لە مێژووی ئەودا، بەڵام لە هەمانکاتدا شتێکی ئینسانییە. ئەو بە تەنیا خۆی نەبەستووەتەوە بەو کولتوورەوە بەڵکو لەو کولتوورەوە شتێکی جوانی دۆزیوەتەوە، بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە هونەرمەندێک وتی جامانە، یان لباد هینی منە و ناسنامەی منە ئیدی تا مردن دەبێت تۆ ئەوە دروست کەیت، چونکە خۆت دادەخەیت بە ڕووی هەموو شتێکدا، ئێمە دەبێت لەهونەردا دەرگاکان بکەینەوە بە ڕووی خۆماندا نەک دەرگاکان داخەین، بەداخەوە دەڵێم زۆرجار بەناوی میللی بوون، یان خۆماڵی بوون هونەری مەزن دەکوژرێت و لە داهێنان دووردەکەوینەوە.

**ئا: کامەران سوبحان**
**(سلێمانی)**



# یەکەمین پێشانگەی فۆتۆگرافی ساڵانەی کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان

کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری پارێزگای هەولێر، یەکەمین پێشانگەی فۆتۆگرافی ساڵانەی لە شاری کەرکووکی دڵی کوردستان لە هۆڵی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی کەرکووک لە ماوەی (٢-٣/٣/٢٠٠٥) سازدا. ئەمە یەکەمین چالاکی هونەری ئەو کۆمەڵەیەیە دوای دامەزراندنی، بۆ ئاشنا کردنی هونەرمەندە فۆتۆگرافییەکانی هەولێر و شارەکانی تر بە هونەرمەندانی شاری کەرکووک، ئەم پێشانگەیەی لێ کەوتەوە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری (١٩٩١)، کە پێشتر هونەرمەندە کوردەکانی ئەو شارە لە زۆر لایەنی هونەری و ئازادی دەربڕین لەو جۆرە کارانە بێبەش بوون، هەروەها ئەمە بەسەرەتایەک دادەنرێ بۆ کۆکردنەوەی گشت وێنەگرانی ئەو دەڤەرە لە دەورەی ئەو کۆمەڵە، هەنگاو دەنرێ بۆ کردنەوەی لقی کۆمەڵەش لە کەرکووک.

ئەم پێشانگە هاوبەشە نزیکەی (١٩) هونەرمەندی فۆتۆگرافی بەشدارییان تێدا کردبوو، بە بابەتی جۆراجۆر، واتە هیچ تەوەرەیەکی دیاریکراو دانەنرابوو بۆ بەشداربووان، ئازادانە بە بابەتی هەمەڕەنگ بەشدارییان تێدا کرد.

زیاتر لە (٨٠) تابلۆی فۆتۆگرافی ڕەنگاوڕەنگ بە قەبارەی نیوشیت (٣٠×٤٠)سم گرتبووە خۆ، وێنەگرانی پرۆفیشناڵ و ئارەزومەند بەیەکەوە بە ئاستی جیاجیاش بەرهەمەکانیان خستبووە ڕوو.

جێی سەرنجە بۆ یەکەمجار ڕەگەزی ئافرەتیش شوێن پەنجەی خۆی لەنێو پێشانگاکەدا دیاری کرد، ئەویش خاتو ژیان میرانی بوو کە بە چوار تابلۆی زۆر قەشەنگ

کە لەمیانیاندا دارە شەکران بوو هەروەها ئەوانی تر وێنەی سروشتی ڕەنگینی کوردستان بوون، لە میانی هونەرمەندەکانی تر فارس سەعدی بەتابلۆیەکی دوکانی پەنچەرچی و محەمەد بەکر بە تابلۆی شەڕەکەو، شیرزاد گەردی بەتابلۆیەکی ئەبستراکت، ئەبوبەکر بێتواتەیی بە تابلۆی فۆلکلۆری کوردی وەک هەمیشە بەو بابەتانە ناسراوە، جیهانگیر گەردی وێنەی قەڵای هەولێری بەشەو بەشێوازێکی جیاواز لە فۆتۆکەی کاک دەشتی سلێمان بە گرتەیەکی پانۆرامایی بەشدار بووبوو، کاک ئیبراهیم خەلیل وەک وێنەگرێکی ڕۆژنامەنووسی بە چەند گرتەیەکی مرۆڤ و ژیان لە میانیاندا منداڵێکی کەم ئەندام لە بەردەم دەرگای قوتابخانەیەک ئاخی سارد هەڵدەکێشێ. هەروەها هونەرمەندانی تریش سەردار خدر، محەمەد نەبی، بەکر نەبی، دەشتی سلێمان، دکتۆر نەوزاد، هەندرێن و سەمیر ئاکرەیی و چەند هونەرمەندێکی تر بە چەندین وێنەی جۆراوجۆر زۆربەیان سروشت و ژینگەی کوردستان بوون.

لە ئاکامی ئەم پێشانگەیەدا لیژنەیەکی هونەری بە سەرۆکایەتی هونەرمەند مستەفا شەکەوت عەبدال (جان) و ئەندامێتی محەمەد بەکر (ئۆسکار)، راجۆ زرار سدیق (شەهرا زاد) سێ تابلۆی سەرکەوتویان لەنێو بەرهەمە بەشداربووەکان هەڵبژارد بۆ خەڵاتی زێڕین و زیوی و برۆنزی، دوای ڕەچاوکردنی لایەنی هونەری هەر گرتەیەک و بابەت و جۆری چاپ و خاوێنی گەورە کردنی وێنەکە، تابلۆی دارە شەکران لە زستاندا کە هی وێنەگر خاتوو ژیان میرانی بوو خەڵاتی زێڕینی بە دەست هێنا، گرتەی دوکانی پەنچەرچی وێنەگر فارس سەعدی خەڵاتی زیوی بەدەست هێناو وێنەی ئەبستراکتی وێنەگر شێرزاد گەردی خەڵاتی برۆنزی بەدەست هێنا. ئەمە و دەستەی باڵای کۆمەڵەش شەش خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشی بە شەش هونەرمەند لە میانیاندا جیهانگیر گەردی (بۆ وێنەکەی کە قەڵای هەولێر لەشەودا) بوو، وێنەگری ڕۆژنامەنووس ئیبراهیم خەلیل (بۆ وێنەکەی کە منداڵێکی کەم ئەندام لەبەردەم قوتابخانەیەک وەستا بوو) ئەوانی تریش درا بە هونەرمەند وشیار ئەحمەد ئەسوەد بۆ ڕۆڵی بەرچاوی لەسەرخستنی پێشانگەکە، هونەرمەندان زەردەشت ئەحمەد، عومەر کەریم ساڵح، سیروان چاوبەخاڵ.

جێی خۆشحاڵییە کە پێشانگەکە لەلایەن هونەرمەند (سەلاح داودە) کرایەوە بە وتنی سروودی ئەی ڕەقیب و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لەنێو هۆڵی پێشانگەکە.

**ب. هەوراز**
**(کەرکوک)**




## شەشەمین پێشانگەی فەتاح محەمەد فەتاح

ڕۆژی (٢/٢٦-٢٠٠٥/٣/١) لە هۆڵی گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی شەشەمین پێشانگەی هونەرمەند (فەتاح محەمەد) کرایەوە، لەم پێشانگەیەدا هونەرمەند لە ئەزموونێکی نوێدا بە دوای فۆرمێک لە تەکنیک و ستایلدا گەڕابوو، کە بیەوێت لەو فۆرمەدا حیکایەتێکی وەهمی دروست بکات، حیکایەتەکانی ئەو لەم پێشانگەیەدا بۆنی نیگەرانی و بۆنی چیرۆکێکی درێژخایەنیان لێدێت، کە لەناویدا مێژوویەکی دوور و درێژ هەیە، ئەو مێژووەش، ڕەنگە مێژووی مرۆڤ بێت بە هەموو کۆسپ و لەمپەرەکانیەوە..

هونەرمەند لەم پێشانگایەیدا (٣٣) تابلۆی نمایش کردبوو لەگەڵ (١٢) کاری سیرامیکی و پەیکەرسازی کە ئێمە لێرەدا دەتوانین بە دوو ڕوئیای جیاواز ئەو کارانە ببینین کە کارە (نەحت)یەکان زیاتر ڕەهەندێکی ڕەمزی و گوزارشتیان هەبوو کە هونەرمەند هەوڵی دابوو زیاتر لەڕێی کەرەستە بەکارهاتووەکانی ژیانی ڕۆژانەوە ئەو گوزارشتانە بکات، هەموو گوزارشتەکانیش لە چوارچێوەی کوتلە و شکڵی جۆراوجۆردا دەبینرایەوە.

کارەکانی تریشی کە (٣٣) تابلۆ بوو بە کەرەستە و ستایلی جۆراوجۆر کاری کردبوو کە زیاتر (پاستێل و قەڵەمی بۆیە و زەیت) بوو بابەتی شێوە تابلۆکانی ئەو پڕن لەو حیکایەتانەی کە مرۆڤ خولقێنەریەتی، بۆیە لە باگراوندی کارکردنی هونەرمەندا دوو شت زۆر بە ڕوونی هەست پێدەکەین: یەکەمیان گوزارشتی تەکنیک و فەزای

تابلۆکـانە کـە بەهۆی فـیگەر و ڕەنگ و مـەسـاحـەوە دروسـتی کـردوون و دەیەوێت خـۆی لە قـەرەی زۆر لایەن بدات و پەلیان بۆ بهاوێژێت.

دووەمـیـان: پێـوەندی تابلۆکـان، کـەوا دەزانیت هەر تابلۆیەک تەواوکـەری ئەوی ترە یان هێـلـێکی سـتـوونی یەک بەدوایەکدا ئەم تەواوکەری حیکایەتی ئەو..

لە مـەسـاحـەی هونەری تابلۆکـاندا بەدەر لە فـیـگەر و تەکنیک دەبینین ڕەنگ لای هونەرمەند تەنیا وەزیفەیەکی ئیستێتیکی نییە، بەڵکو ئەو دەیەوێت بەهۆیەوە بڕوات بۆ نێو کێشە جەدەلییەکانی بوون و کێشمەکێشی نێوان (مـرۆڤ، خـود) کـە ئەمـیـان ئاسـۆییـانە کـار دەکـات و ئاسۆییانەش دەگاتە بینەر..

جگە لەمــانە فــیگەری مــرۆڤ فــیگەرێکی بالآیە و لەزۆرێک لە تابلۆکـاندا ئامـادەییـەکی قـورسی هەیە کـە زۆرجـار مـرۆڤ تەنیـا لە تابلۆکـانی ئەم هونەرمـەندەدا ڕوخـسـارێکی مـەلموسی نییـە، بەڵکو ڕوخـسـارێکی یۆتۆپیـانەی هەیە لەنێـو خـەون و ئەندێشـەیەکی میـتافیـزیکیدا ڕەنگە ئەم ڕەگەزەش دیسانەوە هونەرمەند لەبەردەم خەیاڵدانێکی گەورەدا بوەستێنێتەوە، کە دواجار پێوەندی نێوان ئەو خەیاڵدانە و ئەزموونی کارکردنی ئەو تابلۆیانە بەرهەم هاتبێت..

هونەرمەند لە ئەزموونێکدا پێی وایە: [کە ئەم ڕەگەزە دیارترین ڕەگـەزە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێـوان هونەرمـەند و تابلۆ، چونکە بێ ئەم ڕەگـەزە هونەرمــەند ناتوانێت ئیـحسـاس و هەسـتەکـانی لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا بەرجـەسـتـەکـات، هەر بۆیە لە دایکبـوونی تابلۆ ڕاستگۆترین چرکەی هونەرمەندە].


سـەبارەت بەست و حـاڵەتە نەسـتییـەکـان هونەرمـەند لەنێو تابلۆکانیدا هەوڵی بەرجەستەکردنی سەرجەم ئەو حـاڵەتە نادیار و نەسـتـیـیـانەی داوە کـە ڕەنگە لە چرکەساتێکی ناهۆشیاریدا بەرهەم هاتبن.

لە فۆڵدەری پێشانگەکەدا هونەرمەند (فەتاح محەمەد) وا خۆی بە بینەرانی دەناسێنێت:

* (١٩٩٧-٢٠٠٠) پێنج پێـشـانگەی تایبـەتی کردۆتەوە.
* بەشداری خولەکانی گەلەری دهۆکی کردووە.
* بەشداری خولەکانی گـەلەری کوردسـتانی لەهەولێر کردووە.
* بەشـداری پێنج پێـشـانگەی هاوبەشی تیـپی کوردستانی کردووە.
* بەشداری پێشانگەیەکی بنکەی ڕۆشنبیری کلدانی کردووە.
* بەشـداری پێشـانگەی هاوبەشی هونەرمـەندانی لە ئەڵمانیا کردووە.
* ئەندامی تیپی هونەری کوردستانە.

**ئارێز ئازاد**
**(سلێمانی)**

## چرۆ عوسمان
## لە مەملەکەتی چراکاندا




ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/٢٣ بۆ مــاوەی چەند ڕۆژێـک لە هۆڵی گـەلەری (تا لـەیادمـان نـەچێت - ئەمنە سوورەکـە) هونەرمـەندی شێـوەکـار «چرۆ عـوسمـان» پێشانگایەکی (installation)ی کردەوە بە ناونیشانی «مەملەکەتی چراکـان» ئەم ئەزموونەی چرۆی شێـوەکـار پەیبـردن بوو بە پانتـاییـەکی تر لە کـارکـردن، ئەویش کـاری (installation)ە کـە لەناو هۆڵی گـەلەرییـەکـەدا هونەرمـەند چەند چرایەکی لەیەک ڕەنگ و یەک قـەبارە و یەک سـتـوون هەڵواسـیـبـوو، بەشـێـوازێک توانیـبـووی یەکانگیر بێت لەو ئەندازەیەی کە لەنێو هۆڵەکەدا نمایشی کردبوو.

حـاڵەتێکی تر چرۆ وەک هونەرمـەندێکی سـیـرامـیکی بەشێوازێکی سـەرنجڕاکێش توانیـویەتی ئەو قـیاسـاتانە دیاری بکات کە بۆ کارێکی هونەری پێویستە بەتایبەتی لە دروسـتکردن و هەڵبـژاردنی بابەت و کـەرەسـتـەی کـارکـردن، کـە ڕەنگە بۆ نەوەی خـۆی شـتـێـکی نوێی کردبێت، بەشێوازێک ئەو فۆرمەلە کارکردن، بەتایبەتی دروستکردن و دیاریکردنی جۆری کارکردن خەریکە دەبێتە نەریتێکی باوی کارکردنی شێوەکارە لاوەکان.

دیارترین ڕەگـەزێک کـە لە هەڵبـژاردنی ئەو بابەتەی هونەرمـەندا لەوەوە خۆی دەبینێتەوە کە وەزیفـەی چرایە

لای هونەرمەند کە ئەو پێی وایە ئەرکی ئەم کەرەستەیە نەهێشتنی تاریکییە لە شوێنێکی دیاریکراودا کە ئەم جارێکی تر لە پشت دیاریکردنی ئەو مانایەوە دەیەوێت ئەرکێکی جیاوازتری پێ ببەخشێتەوە.

چرۆ عوسمان ساڵی **١٩٧٩** لە دایک بووە و ئێستا قوتابی «بەشی سیرامیک»ە لە کۆلیژی هونەری زانکۆی سلێمانی، جگە لەم ئەزموونەی پێشتریش وەک قوتابی بەشدارییەکی چالاکی هەبووە لە ئەزموونەکانی نێو زانکۆدا و بەردەوام وەک خولیایەکی بەردەوام بەدوای بەرهەم و کەرەستەی نوێدا دەگەڕێت نمایشکردنی هونەرییانە، کە ئەم ئەزموونە دیارترین هەوڵەکانی هونەرمەندە.

**ڕەهێڵ عەلی**
**(سلێمانی)**




## هونەرمەند زەهرا محەمەد سالح:

# گول جوانییێ دگەهینیت و نیشانا ڤیانێ یە

**ڤەکرنا پێشانگەهێن کارێن دەستی، کارەکێ پیرۆزە و پشتەڤانیە بۆ بزاڤا هونەری. ژ بەر هندێ ل باژێرێ دهۆکێ ل دوماهیا مەها کانوونا دوویێ (٢٠٠٥)ێ، ریڤەبەریا رەوشەنبیری و هونەری ل دهۆک پێشانگەها (سیرامیکێ سار) بۆ هونەرمەند (زەهرا محەمەد سالح) ڤەکر ل هۆلا شەهید سەلمان.**

**کارێن هاتینە بەرچاڤکرن، کارێن دەستی بووینە کو ژ چەند کەرستەیان دهێنە دروست کرن. هونەرمەند (زەهرا) ل سالا (١٩٧٧) ل باژێرێ (کاشان) ژدایکبوویە. خواندنا خۆ هەتا ئامادەیی ل ئێرانێ بدوماهیک ئینایە. سالا (٢٠٠٢)ێ پەیمانگەها تەکنیکی ل دهۆک ب داوی ئینا و نوکە وەک هاریکارا پزیشکی ل بنگەهێ زارۆکێن پەککەفتی کار دکەت.**

* چەوان فێری کاری ڤی جۆرێ هونەری بوویی؟
– ئەز ل مال فێربووم ب هاریکاریا خویشکا خۆ.

* کی پشتەڤان بوو؟
– خێزانا من هەردەم پشتەڤان بووینە.

* وەک خواندن و بەری نوکە پێشانگەه؟
– من ئەڤ هونەرە نەخواندییە و ئەڤە یەکەمین پێشانگەهە.

* سیرامیکێ سار ژ چ کەرستە دهێتە چێکرن؟
– ژ کەرستێن نشا، غریی، وازەلین، گلیسیرین، رەنگێن زەیتی.

* گول ل جەم تە چ دگەهینیت؟
– گول نیشانا ڤیانێ یە بۆ هەر کەسەکی.

* گولا سۆر کو دپێشانگەهێ بەرچاڤ دبیت؟
– گول جوانییێ دگەهینیت و گولا سۆر سەرنجا مرۆڤی رادکێشیت.

* پەیڤا دوماهیێ؟
– سوپاسیا وان کەسان دکەم یێن ب کارێن مە رازی بووین و بۆ خۆ کرین، سوپاسیا ژ دل بۆ سەندیکا هونەرمەندان و ریڤەبەریا رەوشەنبیری و هونەری.

**پ: دهوک**




## فیستەڤالا سادق بەهائەددین ئامێدی هاتە گێڕان

ل رۆژا (٣-٢٠٠٥/٣/٤) رێڤەبەریا رەوشەنبیری و هونەری ل دهۆکێ، فیستەڤالا رێزگرتنێ بۆ نڤیسەر (سادق بەهائەدین ئامێدی) گێرا.

د رونیشتنا ئێکێ پەیڤێن وەزارەتا رەوشەنبیری و کارگێریا پارێزگەهێ و رێڤەبەریا رەوشەنبیری هاتنە خواندن و پارچە موسیقەیەک ژ لایێ هونەرمەند جەمال محەمەد ئەدیب ڤە هاتە پێشکێشکرن.

پاش درونیشتنا دوویێ دا، هێژا د. بەدرخان سندی لدۆر کەسایەتی و کارتێکرن یا ئامێدی ئاخفت و ژ چەند لایانڤە دانیاسین. لدەمژمێر (٣)ێ ئێڤارێ ژی سمینارەک بۆ عەبدولوەهاب خالد لدۆر رەنگڤەدانا زمانڤانیا سادق بەهائەدین پێشکێش کر.

روژا دووێ، سمینارا ئێکی ژ لایێ د. مەسعود کتانی ڤە هاتە گێڕان و لدۆر گهورینا کاغەز و نامەیا دناڤبەرا خۆ و ئامێدی دا ئاخفت. پاش دانێ ئێڤارێ سمینارەک لدۆر ژیان و بەرهەمێ نڤیسەری ژلایێ محەمەد عەبدوللا ئامێدی ڤە هاتە پێشکێشکرن.

لدوماهیێ ژی خەلات ل سەر کەسانێن پشکدار و بنەمالا رەحمەتی (ئامێدی) هاتنە بەلاڤکرن.

**پ: دهوک**

---



## سالار مەجید لە ئەزموونێکی نوێدا

سالار مەجید کاکەیی یەکێکە لە شێوەکارە دیارەکانی ڕەوتی هونەری شێوەکاری و دوای سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی وڵات و گەڕانەوەی یەکجاری بۆ نیشتمان لە یەکەم ئەزموونی هونەریدا ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/١٨ پێشانگایەکی تایبەتی و ناباوی لە پشت شاخی ئەزمەڕ لە سلێمانی و لە ناوچەی سەرسیر کردەوە.

ئەم پێشانگایە تایبەت بوو بە ڕۆحی سپی هونەرمەندی کۆچکردوو «سەروەت ئەنوەر سەوز». پێشانگاکە (٢٠) تابلۆی لەخۆ گرتبوو لەسەر (٢٣م) قوماشی حەریری سپی کە وەک گوزارشتێک بۆ سونبولی ئەو هونەرمەندە ڕۆح سپییە، پێشانگاکەش لەسەر ڕووپەری بەفری سەر شاخی ئەزمەڕ و سەرسیر سرووتێکی پاکیزە و قەشەنگی دروست کردبوو، کە هەموویان سەرتاپا ببوونە کوتلەیەکی سپی وەک ناخی پیاوە سپییەکە.

سەبارەت بە بیرۆکەی ئەم پێشانگە ناباوە سالار مەجید وتی: «بەحاڵەتێکی کتوپڕ بوو. شەوێک هات بەخەیاڵمدا تەلەفۆنم بۆ هونەرمەند «سامان کەریم» کرد و ئەم بیرۆکەیەم لا باس کرد، ئەویش زۆری پێخۆش بوو».

سەبارەت بە شوێنی کردنەوەی پێشانگاکەش سالار مەجید هەروەها وتی: «ئەو شوێنە دوورە دەستەی شار کێڵگەیەکی پڕ لە مین بووە و لە ساڵانی ڕابردوودا هەر دوو هونەرمەند سەروەت سەوز و سامان کەریم کاتێک لە ڕێکخراوێکی بیانیدا بوون لەم کێڵگەیەدا سەرقاڵی مین هەڵگرتنەوە بوون.»

سامان کەریمی هونەرمەندیش وەک هاوەڵێکی زۆر نزیکی سەروەت سەوز دەڵێت: «لەو ڕۆژگارەدا کە ئێمە

سەرقاڵی مین هەڵگرتنەوە بووین لەگەڵ سەروەت سەوزدا، هەمیشە دەموت تۆ بڵێی کەسێک هەست بکات ئێستا دوو هونەرمەند لەم شاخەدا خەریکی مین هەڵگرتنەوەن؟ بەڵام ئێستا سالار مەجید یادەوەری ئێمەی زیندوو کردەوە و پێشانگایەکی لەم شوێنەدا کردەوە.»

پێشانگاکەش لە شێوەی فیلمێکی دێکۆمێنتی وێنەگیراو، ماوەی نمایشی تابلۆکان کاتژمێرێکی خایاند.

ئەو ٢٣ تابلۆیەش بەتەکنیک و ستایلی جۆراوجۆری هونەرمەند کێشرابوون.

**ئا: کامەران عەلی**
**(سلێمانی)**



## عەیشەشان

عەیشەشان لە ساڵی (١٩٣٨ز) لە شاری دیاربەکر (ئامەد)ی پایتەختی کوردستانی باکوور لە بنەماڵەیەکی وڵاتپارێز و کورد پەروەر لە دایک بووە، هەروەکو خۆی بۆمان باس دەکات و دەڵێت: «ئەز ل دیاربەکر هاتیمە دنێ، لور مەزن بووم، یانی زاروکا دیاربەکری مە». باوکی ناوی (عوسمان)ە لە عەشیرەتی (جبرا- جبران- جبرانلی)یە، دایکیشی ناوی (حەجی خانم)ە و لە بنەماڵەی (حەجی موسابەگی) ئەرزەڕۆمێیەو لە دەڤەرەکەدا بەناوودەنگ بوونە. باوکی زانایەکی ئایینی بووە، دەنگێکی خۆشی هەبووە، دەنگبێژیش بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی زانایەکی ئایینی بووە دەنگی خۆی تۆمار نەکردووە و بە گوناهی زانیوە.

عەیشەشانی کچی، بەهرەی ستران و گۆرانی لەو و دەوروبەری فێربووە، لەساڵی (١٩٥٨ز) چوویتە بازاڕێ (عەنتاب- دیلۆک)ێ لەوێ بۆ یەکەم جار گۆرانی بە زمانی تورکی گۆتییە، باوک و برای زۆر پێیان ناخۆش بووە، پاشان چوویتە (ئەستەنبوڵ)ێ بە تورکی و کوردی گۆرانی گۆتییە. گۆرانییەکانیشی بەزۆری فۆلکلۆرو کلاسیکین وەکو: لێ لێ بێ ماڵ، جەمبەلیێ، میرێ حەکاری، یا


عائشه شان

ئەوەتە ئەو سترانانەن کە ئاوێنەی ژیانی (عەیشەشان)، ژیان و بەختی ڕەشی وی پیشان دەدەن، وەکو ئەز عەیشەشانم- قەدەرێ یار- کە لەسەر ژیانی خۆیدا گۆتییە- دەردێ هەوییێ..

هەندێک لە سترانەکانیشی سیاسی و وەڵاتپارێز و شۆڕشگێڕین لەوانە نەورۆز- دیاربەکر- وەرن وەرن پێشمەرگەنە کەواتە عەیشەشان دەستی ستران و هەڵبەست دانانی هەبووە.

لە ساڵی (١٩٧٨ز) هاتۆتە باشووری کوردستان، لە شارەکانی دهۆک- هەولێر- بەغدا- گۆرانی وتووە بەتایبەتی لەگەڵ خوالێخۆشبووان مەحەمەد عارفێ جزیری، عیسا بەرواری، تەحسین تەها، لەساڵی (١٩٨٢ز) کوردستانی بەجێ هێشتووەو چووەتە ئەڵمانیا لەگەڵ (شەهناز)ی کچیدا، لەوێ (شەهناز)ی کچی کۆچی دوایی دەکات، عەیشەشان بە بێکەسی دەمێنێتەوە، مردنی (شەهناز) کارێکی زۆر گەورەی کردۆتە سەر دڵ و دەروونی دایکی، عەیشەشان ماوەیەک وازی لە هونەر هێنا، پاشان لەبەر بێکەسی و تەنیایی دووبارە گەڕاوەتەوە کوردستان و لەیەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری (ئیزمیر) لە (١٨)ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٩٦ز) کۆچی دوایی کردووە، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی (عەیشەشان)ی هونەرمەند.

ئەمەش ناوی هەندێک لە (بەستە)کانیەتی:

١- هەبجیدا بجیدا. ٢- گرێ سیرا ب سیرا. ٣- لێ لێ وەسۆ. ٤- مامر مامر. ٥- جەمیلە. ٦- کراسێ تە مەلەسە. ٧- خوم خومێ تۆریڤانا. ٨- خەزالێ و هێلی و مێلی. ٩- ئەمان نەمان کۆچەرێ. ١٠- لێ لێ خەپشێ. ١١- خەزال خەزال. ١٢- لۆرکێ لۆرکێ.

لاوکەکانیشی بابێ شوکری، بابێ سەیرانێ، بێریڤانێ، دایکێ قوربان، ئەزخەزالم، لێ لێ بێ ماڵ، لاوکێ هەی لۆر هاوار دەلال... تاد.

ئەمەش یەکێکە لە گۆرانیەکانی (عەیشەشان)ی نەمر

که له دانانی خۆیەتی:

**دیللانێ ها دیللانێ**
**دیللانێ ها دیللانێ، دیللانامە کوردانا**
**کوڕنۆ وەرن دەعوەتێ، کچنۆ وەرن دەعوەتێ**
**ئەڤ دەعوامە حەمیانا ، ئەڤ دەردێ مە حەمیانا**
**کەسک و سۆرو زەرلێخن، پاعنیا صولێ ل عەردێ خن**
**دەردێ دلێ من تێخن، کوللێ دلێ من تێخن**
**دیللانێ ها دیللانێ، دیللانامە کوردانا**
**کچنۆ وەرن دیللانێ، کوڕنۆ وەرن دیللانێ**
**ئەڤ دەعوامە حەمیانا ، ئەڤ دەردێ مە حەمیانا**
**عەیشەشان کەت گۆڤەندێ، عەیشەشان کەت گۆڤەندێ**
**دەردو دیلان و قەندێ، دەردو دیلان و قەندێ**
**کەس بدەردم نزانێ، کەس بحالم نزانێ**
**ب حەسرەتە مە ب چەندێ، ب حەسرەتە مە ب چەندێ**
**دیللانێ ها دیللانێ، دیللانامە کوردانا**
**کوڕنۆ وەرن دەعوەتێ، کچنۆ وەرن دەعوەتێ**
**ئەڤ دەعوا مە حەمیانا ، ئەڤ دەردێ مە حەمیانا**

**ئا : هوشیار عەبدوڵڵا**

**سەرچاوەکان:**

(١) گۆڤاری سەرهەڵدان ژمارە (١٦).

(٢) چەند شریتێکی عەیشەشانی هونەرمەند و ئێسگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا.

# لیۆناردۆ داڤینشی لە ڕۆمانێکدا

ڕۆمانی (شیفرەی داڤینشی) لەلایەن ئەدیبی ئەمەریکی (دان براون) نووسراوە، ڕۆمانێکە بەرەو ئاکاری جوایەزبوون دەچێت، ڕۆمانێکە و ورووژاندن و واڵاکردنی شاراوەکانە. تەلیسمەکان ئاشکرا دەکات و، ململانێیەکی تێدایە لەنێوان هێماکانی مەسیحیەت و بت پەرستیدا، لەگەڵ ئەوەی ڕۆمانێکە موژدە بەخشی ئاینی نییە، نووسەر لەم ڕۆمانەدا دەیەوێت خوێنەر بە ڕاستییەکی مێژوویی خەریک بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا لەنێو یەک مەبەستدا، لەنێو چێژ و وروژاندنی ئەدەبی دەیەوێت چەندین بابەت ئاشکرا بکات، ڕۆمانەکە دیدگایەکی کودەتا ئامێزی مێژوویی لەخۆدا بەرجەستە کردووە دەربارەی ئەو مەسەلانە پەیوەستە بە مێژووی مەسیحییەت و ژیانی خودی مەسیح، هەربۆیەش ڕەخنەگری بەریتانی (مارک لۆسۆن) ئەم ڕۆمانەی بەوە پێناسە کردووە کە (چەنەبازییەکی دلڕفێنە، جگە لەو سێ ڕەخنەگری دیکەی ئەوروپی سێ کتێبیان دەربارەی ئەم ڕۆمانە نووسیوە کە هەریەکەیان بابەت و ناونیشانێکی جوایەزی هەیە، کە هەریەک لە کتێبی (ڕاستی و باگراوندی شیفرەی داڤینشی) و (دۆزینەوەی شیفرەی داڤینشی) و (ڕاستی و خەیاڵ لە شیفرەی داڤینشیدا)، لە لوبناندا ئەم ڕۆمانە لە لایەن دەزگای ئاسایشی لوبنانی قەدەغە کرا کە چاپە ئینگلیزییەکەی بخوێندرێتەوە ڕێگەش نەدرا کە وەرگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی و فەڕەنسی، ئەمەش بەهۆی فشار و تووڕەیی نێوەندی کاسۆلیکی ڕاگەیاندن بوو کە ڕێنمایی قەدەغە کردنی ئەم ڕۆمانەی دەرکرد، هەڵوێستی کڵێسای کاسۆلیکی لە لوبناندا زۆر پرسیار هەڵدەگرێت، لە کاتێکدا کە کڵێساکانی ڕۆژئاوا و تەنانەت (ڤاتیکانیش) بڕیاری قەدەغە کردنی ئەم ڕۆمانەیان دەرنەکردووە، دیارە پانتایی سیاسی و ڕۆشنبیری ڕەنگدانەوەی ئەو کەشە جیاوازەی شارستانییە لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، چونکە لە ئەوروپادا ئەو بوارە نادرێ کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دژ بە ئازادییەکان بکرێت ئەوەش ئازادی دەربڕین و ئازادی بڕوا دەگرێتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا تەنانەت لە لوبناندا پەراوێزێک لە ئازادی هەیە، بەڵام بڕیاری قەدەغەکردن دەردەچێت بۆ کتێب و بڵاوکراوەکان، لە ماوەی چەند مانگێکدا جیهان تووشی ڕاچڵەکین بوو بەهۆی ئەم ڕۆمانەوە، ڕۆمانەکە وەرگێڕدراوەتە سەر (٥٠) زمان، چاپە ئینگلیزییەکەی (١٠) ملیۆن دانەی لێ چاپکراوە و فرۆشراوە. (دان براونی) نووسەری ڕۆمانەکە، شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، چونکە مێژوویەکی ئەدەبی وای نییە، ناوبراو لە ساڵی (١٩٦٥) لە دایک بووە، سەرەتا مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە لە قوتابخانە ئەمەریکیەکان تاوەکو ساڵی (١٩٩٦)، پاشان وازی لە مامۆستایەتی هێناوە ژیانی ئەدەبی هەڵبژارد بەر لە ڕۆمانی (شیفرەی داڤینشی) سێ ڕۆمانی دیکەی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام زۆر دەنگۆی نەبووە و زیاتر ڕۆمانەکانی پۆلیسی بووە، سەرەتای بیرۆکەی ڕۆمانی (شیفرەی داڤینشی) بەوە دەستی پێ کرد کە نووسەری ڕۆمانەکە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لە هونەردا کرد، لە زانکۆی ئەشبیلیە لە ئیسپانیا، لەوەدا هەندێک لە تەلیسمەکانی تابلۆکانی (داڤینشی) فێربوو ئاشکرا بوو، لە ڕۆمانەکەدا کاریگەری هاوسەری نووسەر دەردەکەوێت کە هونەرمەندی شێوکارییە و مێژوونووسی هونەرە، چونکە نووسەری ڕۆمان ئاوێتەبوونێکی لەنێوان مێژووی هونەر و ئەفسانەکان دروست کردووە،

خوێندنەوەی ئیستێتیكی پڕ چێژی بۆ كلێساكانی پاریس و ڕۆماو كارە هونەرییەكانی داڤینشی كردووە، لەلایەكی دیكەوە نووسەر، لە زۆر زانیاری لە بەشی تۆژینەوەی تابلۆكان و بەڕێوەبردنی بەڵگەنامەكان لە مۆزەخانەی (لۆڤەر) و كۆمەڵەی لەندەن بۆ تۆماركردنە هونەرییەكان كردووە، هەروەها سوودی لە بەڵگەنامەكانی دێری (ویستیمینستێر) و یەكێتی زانایانی ئەمەریكا، وەرگرتووە، ئەمە جگە لەوەی سوودی لە كتێبی پڕ لە گومانی (خوێنی پیرۆز، پەیمانەی پیرۆز) وەرگرتووە.

هەر لە بەرایی ڕۆمانەكەدا نووسەر ئاماژە بە چەند ڕاستییەك دەكات ئەوانیش: كۆمەڵەی (سێون) ئایینی، كۆمەڵەیەكی ئەوروپی بووە و لە ساڵی (١٠٠٩)دا دامەزراوە، لە ساڵی (١٩٧٥)دا كتێبخانەی پاریس چەند دەستنووسێكی نهێنی دۆزییەوە بەنێوی بەڵگەنامە نهێنییەكان) هەندێك ناوی ئەندامانی كۆمەڵەی (سێونی) تێدایە لەوانە (لیۆناردۆ داڤینشی) و (ڤیكتۆر هۆگۆ)، پێناسەكردنی سەرجەم كارە هونەرییەكان و بیناسازییەكان و بەڵگەنامەییەكان و سرووتە نهێنییەكانی ناواخنی ڕۆمانەكە و گوزارشت كردنێكی ورد و ڕاستەقینەیە، دێینەوە نێو كەشی مۆزەخانەی لۆڤەر، لە چیرۆكێكی پۆلیسیدا و بە تاوانی كوشتنی سەپەرشتكاری مۆزەخانەی لۆڤەر (ئەلفیم سۆنێر) ڕۆمانەكە دەست پێدەكات، كە یەكێك بووە لە ئەندامە دیارەكانی كۆمەڵەی (سێونی) ئایینی نهێنی، كە نامەیەكی لە پشتەوەی تابلۆی مۆنالیزای داڤینشی بۆ نەوەیەكی خۆی جێهێشت كە كچێكە و ناوی (سۆفیا)یە كە پسپۆڕی زانستی شفرەكانە.

تێیدا باسی لە هەموو هێما نهێنییەكانی لانی خۆی كردبوو لە نامەكەدا داوای لێكردووە كە، داوای هاوكاری لە (پرۆفیسۆر) (لانجگدۆن) بكات كە شارەزای بواری شیفرەكانە، كە مامۆستای زانستی ئاماژە و هێما لاهووتییەكان بووە لە زانكۆی هارڤارد، لەنێو گەرمەی كاروانی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی شیفرەكاندا، لەوەدا ئەوە ئاشكرا دەبێت كە نهێنییەكەی كۆمەڵەی (سێون) پارێزگارییان لێكردووە، كە ئێستاكە لەگەڵ بەڵگەنامەكاندا هەیە دەربارەی (دەستنووسەكانی دەریای مردوو) و (پرۆتۆكۆڵەكانی حەكیمە جوولەكەكان). نووسەری ڕۆمان دەیەوێت بانگەیەنێتە ئەوەی كە، پیاوانی(ڤاتیكان) مێژووی مەسیحیان قەڵپ كردووە و هەموو گەواهی و بەڵگەنامەكانی مرۆڤایەتی ئەویان سڕیوەتەوە. هەروەها نووسەر باس لە ڕۆڵی ڤاتیكان دەكات سەبارەت بە هەدەربردنی ڕۆڵی ئافرەت، كە جیهانی لە بتپەرستی مێینەوە بەرەو مەسحییەتی پیاوسالاری برد، بەمەش بانگەشەی ئەوەیان كرد كە مێینەی پیرۆزیان كردە ئەهریمەن و هەموو ئاسەوارەكانی خواوەندی مێینەیان سڕیەوە لە ئایینی تازەدا، یەكانگیری سروشتی نێوان پیاو و ئافرەتی لە كردەیەكی پیرۆزەوە كردە كردەیەكی ناپەسەند، ئەمەش هاوسەنگی ژیانی لەنگ كرد، (مێینەی پیرۆز) بڕوایەكی گەوهەریی (كۆمەڵەی سێون) بوو، بۆ ئەم بیرۆكەیە نووسەری ڕۆمانەكە، خوێندنەوەیەكی ئیستاتیكیمان بۆ دەخاتە بەرچاو دەربارەی تابلۆی (مۆنالیزا)، كە ڕەنگدانەوەی بڕوای داڤینشی بەهاوسەنگی نێوان نێرو و مێ نیشان دەدات، بەپێی ڕای پسپۆڕان (مۆنالیزا) كە نە پیاوە و نە ئافرەتە، بەڵكو تێكەڵبوونێكی نێوان هەردوو ڕەگەزە، لە شیكردنەوەی ڕەنگی تابلۆكەدا بەهۆی كۆمپیوتەر و شیكردنەوەی وێنەی داڤینشی خۆی لێكچوونێك لەنێوان هەردوو ڕوخساری دەم و چاودا هەیە، لەمەدا نووسەر تابلۆكە بە مێژووی هونەر دەبەستێتەوە و بڕواكانی داڤینشی نیشان دەدات، باس لە خواوەندی (ئامونی) فیرعەونیەكان دەكات كە خواوەندی بە پیت بوو لەشێوەی پیاودا بووە و سەری بەرخی هەبووە.

هەروەها خواوەندی مێینە كە (ئەنیریس) هێمای زەوی بە پیت بووە كە بەنووسینی وێنەیی دەنووسرا (لینزا) بەمەش هەردووكیان تێكەڵ كراون و بۆتە (مۆنالیزا)، كە داڤینشی بەپێی ڕای نووسەری ڕۆمان، یەكانگیری پیرۆزی نێوان نێرو مێدا بووە، لەوانەیە یەكێك لە نهێنییەكانی داڤینشی و بزەخەندەكەی (مۆنالیزا)ی شاراوە بێت، داڤینشی هونەرمەندێك بووە كە ڕەفتار و سایكۆلۆژیەتی نامۆی هەبووە زۆر تەرمی مردووانی دەرهێناوە بۆ ئەوەی بنەمای توێكاری لەلای مرۆڤدا بدۆزێتەوە، یاداشتنامەیەكی هەبووە پارێزگاری لێكردووە بەشێوەیەكی زۆر سەیر نووسراوەتەوە، بڕوای بەوە هەبووە كە زانستی كیمیای هەبووە، كە دەتوانێ مادەی قوڕقوشم بكات بە زێڕ، بڕوای بەوە هەبووە كە توانای دواخستنی مردنی هەبووە، لەگەڵ ئەوەی چەندەها تابلۆی ئایینی و مەسیحیانەی كێشاوە، لەگەڵ ئەوەی سروشتێكی گیانی بەسەریدا زاڵ بووە، بەڵام لە ناكۆكی بەردەوامدا بووە لەگەڵ كلێسا. تابلۆی ئایینی كێشاوە لە هەمان كاتدا تابلۆكانی زۆر لە هێما و دەستەواژەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، كە بڕوای زۆر تایبەتی خۆی بووە، وەك ئەندامێكی كۆمەڵەی (سێونی) ئایینی كە دوور بووە لە مەسیحیەت، لەسەر دیواری كلێسای (سانتا ماریا) لە شاری میلانۆی ئیتاڵیا داڤینشی تابلۆ ئەفسانەییەكەی خۆی وێنەكردووە كە تابلۆی (دوا خوانە)، كە زۆر نهێنی و تاپۆی تایبەت بە بڕواكانی خۆی هەڵگرتووە، (دان براونی) ڕۆماننووس هەوڵیداوە بە خوێندنەوە و لێڕوانینە هێدمەییەكانی زۆر لە شیفرەكان بكاتەوە و ئاشكرایان بكات و هێڵ و فۆرمەكانی ناواخنی تابلۆ ئاشكرا بكات.

**و/ سەفەر عەلی**

**سەرچاوە:**
ڕۆژنامەی (المدی) ژمارە(٢٧٩)ی ساڵی (٢٠٠٤).

# ڕوونکردنەوەیەک

لە چاوپێکەوتنە تێروتەسەلەکەی گۆڤاری ڕامان کە لەگەڵم کراوە لە ژمارە (٩٢)دا بڵاوکرایەوە گفتوگۆیەکەمان لەسەر ئامێری تۆمارکردن تۆمارکرابوو، بەداخەوە چەند کەموکورتییەکی تێدا هاتووە ئەم خاڵانەی خوارەوە گرنگترینی کەموکورتییەکانە:

١- ڕامان دەپرسێ: پێمان باشە لە سەرەتاوە باسی ئەوە بکەیت چۆن خۆت لە ناو هونەردا دۆزییەوە؟

- وەڵامی پرسیارەکەم بەم شێوەیە دراوەتەوە:

دیارە من هەر لە منداڵییەوە زەوق و سەلیقەیەکی ڕەسم کردنم هەبووە، ئەمەش لەوکاتەدا لێم دیار بووە، کە لە ساڵی (١٩٤٨) لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم و لە شاری کۆیێ لەگەڵ مامم ژیانم بەسەر دەبرد. کوڕی مامەکەم کە ناوی عەبدولکەریم ڕەئووف بوو ئەوکاتە تازە لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی بەغدا دەرچوو بوو، کە وێنەکانم پیشان دەدا دەستخۆشی لێ دەکردم و بۆ هاندانی من هەر جارەی وێنەیەکم پیشان دەدا (٥٠) فلسی پێ دەدام و منیش هەر کاتێک حەزم چووبایە پارە جگە لە ڕۆژانەکەم وێنەیەکم دەکێشا و پیشانی ئەوم دەدا.

٢- هەروەها هاتووە: «مامۆستا قاسم ناجی مامۆستا و هونەرمەند وانەی وێنەی پێ دەگوتین ئەویش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە هاندانم».

- لە ڕاستیدا ئەو مامۆستایەی لە چاوپێکەوتنەکە باسم کردووە مامۆستا جواد ڕەسووڵ ناجی بوو لە سانەوی هەولێری ئەو سەردەمە ساڵی (١٩٤٩) و ساڵانی دوایی تا ساڵی (١٩٥٢) وانەی وێنەی پێ دەگوتین.

٣- لە هەمان لاپەرە(٤٠)ی ڕامان دەپرسێ: (باشە چ ساڵێک بوو و بۆچی لەکۆیێ بوون و لە هەولێر نەبوون..؟

- وەڵامەکەم وانووسراوە: پاش ئەوەی لە ساڵی (١٩٤٧-١٩٤٨) دایک و باوکم کۆچی دواییان کرد....تاد)

- ڕاستییەکەی لە ساڵی (١٩٣٨) دایک و باوکم کۆچی دواییان کرد.

٤- پرسیاری ڕامان: پێش ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ هەولێر پێمان باشە بزانین کەشوهەوای هونەری و هێما دیارەکانی هونەری ئەو وەختەی کۆیە چۆن و کێ بوون؟

- لە وەڵامدا هاتووە کە مامۆستا جابر پیرداود لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی بەهرەدار تابلۆیەکی کێشا...تاد.

- مامۆستا جابر قوتابی وێنەکێشی لە قوتابخانە نەبوو، لەگەڵ قوتابیان وێنەی نەکێشاوە، هیچ پێشانگەشی لەکۆیێ نمایش نەکردووە، بگرە هەر لە هەموو ژیانی خۆی پێشانگەی نمایش نەکردووە، لە ساڵی (١٩٤٨) کە لە کۆیێ چەند ڕەسمێکی کێشاوە لەسەر قوماش بوون وەک لافیتە لە ڕێپێوانێکی هێمنانەدا جەماوەر بەرەو شوێنی ئاهەنگی نەورۆز لە تاتوکان بەرزیان کردبووەوە.

٥- لەسەرەتای لاپەڕە(٤١) دێڕی پێنجەم ناوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هاتووە... ڕاستییەکەشی یەکێتی گشتی قوتابیانە.

٦- لەلاپەڕە (٤٢) ستوونی دووەم دێڕی (١٩) هاتووە: کە مامۆستایان جابر پیرداود و دانیاڵ قەساب هەردووکیان هاوتەمەنی یەکبوون، ڕاستییەکەی ئەوەیە. مامۆستا جابر قوتابی مامۆستا دانیاڵ قەساب بووە.

٧- لەلاپەڕە(٤٣) لە پرسیاری ڕامان هاتووە: کێ بوون ئەوانەی لەسەر ڕێوشوێنی دانیاڵ قەساب دەڕۆیشتن؟

- لە وەڵامدا ناوی مامۆستا فەریق سەید جەمیل و موزەفەر ناوێک هاتووە، من ڕام وا نییە کە ئەم بەڕێزانە لەسەر ڕێوشوێنی دانیال قەساب ڕۆیشتبن، چونکە کەسێکم نەبیستووە بەناوی مزەفەر لە هەولێر.

٨- هەر لەلاپەڕە(٤٣) بڕگەیەک بە پیتی گەورە نووسراوە: خۆم بە هونەرمەندێکی پڕ کەموکوڕی دەزانم، باوەڕیش ناکەم لە داهاتوودا زیاترم پێ بکرێ...! مرۆڤ نییە بێ کەموکوڕی بێت، بەڵام بە هیچ جۆرێک دەستبەرداری هەوڵی بەرەو پێش چوون نادەم، هیچ کاتێک ڕەشبین نیم، چونکە لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنە لەلاپەڕە(٥٤) گوتوومە: من کابرایەکی بێ کەموکوڕی نیم و هێشتا زۆرم ماوە پێ بگەم، بەڵام باوەڕناکەم تەمەن ڕێ بدات واتە بگەمە ئەو شتەی کە حەزم لێی بوو.

٩- لە لاپەڕە(٤٤) دێڕی (١٥) ناوی مخالیف جادر هاتووە کە ڕاستییەکەی (خالید ئەلجادر).

١٠- لە هەمان لاپەڕە(٤٤) هاتووە لە دێڕی (٢٠) دەربارەی پێشانگاکانی بەغدا (جێی ئاماژە بۆکردنە هەر پێشانگایەکی کە لە بەغدا دەکرایەوە دوو سێ کەس بەشداربیان تێدا دەکرد...! من وتوومە هەر پێشانگەیەک لەو سەردەمەدا لە بەغدا دەکرایەوە چەندین هونەرمەند بەشداربیان تێدا دەکرد.

١١- لەلاپەڕە(٤٥) دێڕی (٩) هاتووە: دەیانگوت ئەمە گۆڕی تورک و پاکستانیانە! کەچی ڕاستییەکەی دەیانگوت: (ئەمە گۆڕی پەیمانی تورکی پاکستانی)یە.. لە کۆتایی وام پێ باش بوو ئەم ڕوونکردنەوەیە پێشکەش بکەم، چونکە ئەم زانیارییە هونەری و مێژووییانە گەر بە هەڵە پێشکەش بکرێن لە داهاتوودا کاردانەوەیەکی دەبێ، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی لێکۆڵینەوە لە مێژووی هونەری کوردیدا دەکەن.

لەگەڵ ڕێز و سوپاسی بێ پایانم بۆ گۆڤار و کارمەندانی ڕامانی خۆشەویست کە سەلماندوویەتی دڵسۆزی ڕۆشنبیریی کوردیمانە.

**سلێمان شاکر**
**هەولێر- ٢٠٠٥/٢/٢١**

# وەی جان (*)

## گوتنی: شەریفە شەرۆ (* *)

وەی جان، وەی جان، وەی جان.
ناچمە (پۆرسینا)، شەوتی گوندێ مالا وەندا، دێ بلا دایک و بابێ من خێر بکەن، خێر نەبینن، وەزێ نەدامە کوڕەکێ چاردە سالی، ل عەینێ من دا، وەزێ، سۆتم، حەلاندم، هاوێتمە ناو ئاگرێ دەولەمەندا.
دمەگری، مەگری، شەمامێ مەلۆرینە،
ڕۆندکا چاوا، ل سەر ڕوومەتی سۆری سۆرگولیدا نەبارینە.
خودایێ مە یەکە، ڕەبێ مە ل ژووری، زۆر کەریمە.
وەی جان، وەی جان، ناچمە پۆرسینا شەوتی لە دەوێ کەندێ.
بڕەکا کچان و هەڤالا چوونە کانیکا بەرێ مالا، بۆ سەیرو سەفایێ، وێ دەشکێنن ژخۆڕا، بنی قەندی.
دێ بلا دایک و بابێ من خێر بکەن، خێر نەبینن، وەزێ نەدامە خورتەکە ل عەینی من دا، وەزێ دامە پیسە مێرەکی شندوکی مێرا، ئێواری، هەتا سبەینێ سینگ و مەمکی من هەتکاند.
دمەگری، مەگری، مەلۆرینە، شەمامێ، ڕوندکا چاوا ل سەر ڕوومەتێ سۆری سۆرگولیدا، نەبارینە.
ڕەبێ مە یەکە، خالقێ لە ژووری، زۆر کەریمە، دمگری، مەگری، شەمامێ مەلۆرینە.

**فەرهەنگۆک:**
١- پۆرسین: شارێکە لە کوردستانی باکووردا.
٢- مەلۆرینە: مەگریێ بە کوڵ.
٣- ڕۆندک: فرمێسک.
٤- قەند: قەندی شەکر.
٥- خورت: جاحێڵ، تۆلاز.
٦- پیسە مێری شندوکی: مێردە گولە، مرۆڤی ژی نەهاتی.

* ئەو لاوکە باسی دڵداری کوڕ و کچێک دەکات کە بۆ یەکتر نابن، باوکی کچە، کچەکەی دەداتە پیرەمێردێکی بە ساڵاچوو، ئیدی دڵدارەکەی داوای لێدەکا نەگریێ و دوارۆژ هەر بۆ یەکتر دەبن، ئافرەتی کورد وەک کۆیلە مامەڵەی لەگەڵ کراوەو هیچ مافێکی نەبووە، هەر لەسەر لانک مارەبڕ کراوە، یان باوک یان برا ژنبەژنی پێ کردووە، تەنیا لە لاوک و گۆرانیدا ئافرەتی کورد بەرگری لە خۆ کردووە و ڕەزامەندی نیشان نەداوە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بەدواوە بووە.

* * هونەرمەند شەریفە شەرۆ: ناوی (شیرین)ە و کچی (بێبۆ)ی کوڕی (کەلۆ)یە، لە خێڵی (هەرکی)یە، لە ساڵی (١٨٩٥) لە دایک بووەو لە ساڵی (١٩٥٧) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات مردووە، شیرین جلی پیاوانی پۆشیوەو چەک هەڵگری ئەحمەد خانی هەرکی بووە، کە دوو ژنی هێناوە کوێستان و گەرمیانی کردووە، کەبتان های لە کتێبی (سنتان في کردستان) دەڵێ: شەریفە ژن جلی پیاوانەی لەبەر دەکرد و چەک هەڵگربوو، خەنجەری لەبەر پشت بوو.

**ئا: جەلال مەلا حەسەن خۆشناو**

**سەرچاوەکان:**
١- مەجید نورالدین ئاغا هەرکی.
٢- سنتان في کردستان ج٢. تألیف (آر- هـي) ترجمة: فؤاد جمیل، سنة ١٩١٨ - ١٩٢٠

# ئەنتی شیعر؟!



د. موحسین ئەحمەد عومەر

... دەمێکە ئەم دیاردەیە وەک کێشەیەکی شارستانی بیرو ئەندێشەی منی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، لە ڕێگای شیعرەوە، لە نیگای شیعر- کۆمەڵ-ەوە خوێندنەوەیەک بکەم لە یەک کاتدا بۆ شیعر بگونجێ لە هەمان کاتدا بۆ خوێندنەوەی کێشە کۆمەلایەتی و شارستانییەکانی کۆمەڵ بسازێ.

یەکەمین پرسیار لەم بارەیەوە بکرێ ئەوەیە: بۆ تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ فۆرمی شیعر لەناو کولتوور و ڕۆشنبیری کوردیی یەکەمین فۆرمی نووسینە؟ ئایا شیعر دەشێ ببێتە مانۆڕێکی زیندووی شارستانی، مرۆڤ پێیەوە بچێتە قۆناغێکی دیکە؟

بۆ ژانری دیکە سەرهەڵنادەن؟ بۆ ڕۆمان بە لێشاو جێگای شیعر ناگرێتەوە؟ یان بۆ لێکۆڵینەوە و ڕەخنە نابووژێنەوە؟ ئایا ئەمانە هەموو پرسیار نین، هەڵبەت دەیان پرسیاری دیکەش هەیە. دەپرسم: ئەوەی لەم سەردەمەدا حەزی لە شیعر نووسینە، فۆرمێکی دیکە نییە ڕووی تێ بکا، بۆ نموونە، سینەما، شانۆ، ئۆپێرا، شێوەکاری بە هەموو لقەکانییەوە.

لەو باوەڕەدا ئەم پرسیارانە دەمانبەنەوە لایەکی دیکە، وامان لێ دەکەن بە جۆرێکی دیکە وەلام بدەینەوە کە کۆمەڵی ئێمە، هێشتا شیعر تێیدا یەکەمین فۆرمی نووسینە، کۆمەڵێکی زۆر میللی و فۆلکلۆری و مێلۆدییە، هێشتا ئاڵۆز نەبووە، کۆمەڵێکی زۆر ساویلکە و ڕۆمانسییە، پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان تێکنەشکاون تا جارێکی دیکە لەسەر تەرزێکی دیکە دروست ببنەوە، شیعر سەرەنجام دووچاری نشووستی و قات و قڕی نەهاتووە، تا لە سەردەمێکی دیکەی مۆدێرن سەر دەربهێنێتەوە. شاعیرانی کورد ئێستاش لەناو کێشەی دەرباری بابان و سۆران دەژین، دووچاری هەمان غەریبی نالی و حاجی قادر بوونە، بێگومان ئەو سەردەمە و ئێستاش لەناو پێکهاتەی کۆمەڵگای کورد دەدۆزرێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی لە سلێمانی (بابان) دەیان و سەدان شاعیر هەن، فۆرمی شیعر هێشتا هەمان فۆرمی بالادەستە، لە هەولێر (سۆران) دەیان و سەدان شاعیر هەن و فۆرمی شیعر یەکەمین فۆرمی نووسینە، ئەگینا ئەگەر ئێمە لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی سەردەمی بابان و سۆران دەرچووبین، بۆ ئەمڕۆ وەک بەڵگەیەک بۆ ئەم دەرچوونە، ڕۆماننووسێک، شانۆنووسێک، سینەماکارێک، بیناسازێک پەیدا نابێ ئەم هەموو شاعیرە ڕامالێ و لە بن پێی خۆی بیانهاڕێ، هەڵبەت بە داهێنان بیانهاڕێ و سەرەنجام بچینە ناو کەش و هەوایەکی پڕ لە نوێخوازی و تازە و جۆربەجۆر و لە جۆرەکانی ئەدەب و هونەر بەتایبەتی و کولتووری تازە بەگشتی.

بانگی شاعیرەکان دەکەم بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەشێوەیەکی مۆدێرن لە دایک ببنەوە، بێن لە ناوەندی شار بەکۆمەڵ شیعرەکانیان بسووتێنن، لە دەورەی شایی و سەما بگێڕن، بۆ ئەوەی هەریەکەیان دواتر بە خۆیان و قامکە شیعرێکی جوان بگەڕێنەوە ماڵ.